

نووسینی: خالید هەرکی
سەدەی بیستەم
لە سێ هەزار ڕووداودا

# سەدەی بیستەم

## لە سێ هەزار ڕووداودا

خالید هەرکی

ناوی کتێب : سەدەی بیستەم لە سێ هەزار ڕووداودا

نووسەر : خالید هەرکی

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم : ٢٠٢٠

چاپخانەی : دەرەوەی هەرێم

ژمارەی سپاردنی : ٨٧٢ ساڵی ٢٠٢٠

پێشکەشە

بە رۆحی پاکی هاورێی زیندانیم شەهید ( **مامۆستا جەمیل رەنجبەر** )

## پێڕسک

--------------------


پێشکەش ................................................................................. ٤

پێڕسک ................................................................................. ٥

پێشەکی ................................................................................. ٦

١٩٠٠-١٩٠٩ ................................................................................. ٨

١٩١٠-١٩١٩ ................................................................................. ٤٥

١٩٢٠-١٩٢٩ ................................................................................. ١١٨

١٩٣٠-١٩٣٩ ................................................................................. ١٧٠

١٩٤٠-١٩٤٩ ................................................................................. ٢٠٥

١٩٥٠-١٩٥٩ ................................................................................. ٢٧٥

١٩٦٠-١٩٦٩ ................................................................................. ٣١١

١٩٧٠- ١٩٧٩ ................................................................................. ٣٥٩

١٩٨٠-١٩٨٩ ................................................................................. ٤١٢

١٩٩٠-١٩٩٩ ................................................................................. ٤٥٨

سەرچاوەکانی سودیان لێوەرگیراوە ................................................................................. ٥٣١

بیوگرافیای نووسەر ................................................................................. ٥٣٣

بەرهەمەکانی نووسەر ................................................................................. ٥٣٥

# پێشەکی

دونیای بێ جولەو چالاکی، گۆرستانێکە، ئەم هەسارەی ئێمەی لەسەر دەژین هەر لە کۆنەوە بێ رووداوو جولە نەبووە، هەندێک لەم جولانە بەبەرنامە دارێژراون هەندێکیشیان بە قەدەر هاتون، ئەگەر بە دڵمان بوبێ یا نا، لە هەر رووداوێک لایەنێک سودمەند و لایەنێک زیان پێکەوتوو بووە، بەتایبەت رووداوەکانی گرژی و ململانێ کە زیانی گیانیی لێکەوتۆتەوە، ئەم سەدەی رابردوە کە سەدەی بیستەم بوو لەم رووداوە جیهانیانە بێبەش نەبووە خۆشبەختانە سەرەتای سەرهەڵدانی ئامێری تازە و تۆری هۆکارەکانی پەیوەندی و گەیاندن بووە، هەر بۆیە بەشێکی زۆر لەم رووداوانە تۆمار و بە دۆکۆمێنت کراون، لێ مخابن وەکو نەریتی کۆن گێڕانەوەی مێژوو بێلایەن نەبووە، ئەوەی گێرایتەوە یا تۆماری کردووە زیاتر ئەو لایەنانەی باس لێوە کردووە کە بۆئەو پرشنگدارن ئەگەر بەهاراتی زیاتریشی پێوە نەکردبێ. کەوایە بۆ بەدواداچون لە راستی رووداوەکان پێویستیمان بە فرە سەرچاوەییە تا دوای تاوتوێ و لەبژینگدان بە بڕوای خۆمان راستیەکان هەلێنجین و لەیەکیان بئاوێرینەوە. ئەگەر هەلە نەبم زۆربەی رووداوەکان لە پێناو ئامانجی دەستکەوتی ماددی بووە، بۆ هەر رووداوێک مەبەستێکی ئابوریی لە پشتەوە بووە، بۆیە زاناکان لەسەر کارو چالاکیەکانی مرۆڤ گوتەی بەجێیان هەبووە مارکس دەڵێ : (هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ ئامانجێکی ی ئابوریی لەپشتە.)

دیسان جەنەرال شارل دی گۆلی شۆڕشگێڕ و سەرۆکی فرەنسای دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەڵێ: (بۆ گەڕان بەدوای هۆکارەکانی شەڕ لە بەرمیلەکانی باروتدا مەگەڕێ، لە کەندوی گەنما بگەڕێ.) جا خوێنەری ئازیز ئەمەی لەم پەرتوکە دەیخەمە دەست تۆی ئازیز پێم وایە کە کتێبخانەی کوردی پێوییستیەکی زۆری بەم سەرچاوانە هەیە. لەهەمان کاتدا خوێندنەوەی یەک کتێبی لەم بابەتە زانیاری بەقەدەر دەیان کتێبت پێدەبەخشی، بەنمونە کاتێک ئاماژە بە رووداوێک دەدەم دەڵێم( لەم رۆژەدا  سولتان محەمەدی پێنجەم خدێوی عەباس حلمي بەوالیي میسر دامەزراند) . (تەنها یەک دێر بەلام دەیان زانیاری، زانیاریی ئەوەت پێدەدا کە لەم سال رۆژە سولتانی عوسمانیەکان محەمەد بووە، ئەو دەسەلاتی دانانی پادشای لە میسر هەبووە ، دەستەواژەی والیي گۆراوە بە خدێوی(دەستەواژەی خدێوی کە پێشتر بە والی ناودەبردرا  بۆیەکەمین جار لە ١٨٦٦ سولتان عەبدولعەزیز بەکاری هێنا) ، لەهەمان کاتدا خدێوی عەباس بۆتە پادشای میسر لەم رۆژە، وێرای ئەوەی دەسەلاتەکانی سولتان و پادشای میسر و دۆخی ناوچەکە لەم دێرە نوسینەت بۆ دەردەکەوێ. ئەمە جگە لە بەدواداچونی بابەتەکە کە گەلێک شتی شاراوەی لێ بەدی دەکەین.

بەڵێ خوێنەری ئازیز ٣٠٠٠ سێ هەزار دێر یا ناونیشانی زانیاری لەم کتێبە لەسەر رووداوەکانی سەرتاسەری دوونیا دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێ سەرەتای ئەم سەدە سەرەتای خەباتی کوردی چۆن دەست پێدەکا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە شەڕێکی مالوێران بوو چ نەخشەیەک دەستکاری کراوەو گۆڕدراوە لەسەر

چ بنەمایەک ئەم گۆرانکاریانە کراوە ئەمانە دەرگایەکن تیایدا بچیتە ناو ژوورە شاراوەکانی کاراکتەری گۆرانکاریەکان، لەم رووداوە مەزنە پێنج ئیمپراتۆریەت دەروخێن دەسەلات و سامانەکانیان دابەش سەر براوەکان دەکرێ، هاوکێشەکان لار و لاسەنگ دەبن، ئەوەندە ناخایەنێ جەنگێکی تری مالوێرانکەر جەنگی دووەمی جیهانی دێت کە لەهی یەکەم کاولکارترە تەنها زیانی گیانی ئەوەی تا ئێستا دانی پێدانراوە ٦٠٠٠٠٠٠٠ شەست ملیۆن کەس بونەتە قوربانی وێرای خاپور و کاول بوونی ژێرخانی ئابوریی و لاتانی ئەوروپی بەتایبەت و دونیا بەگشتی. دواتر شەڕی سارد دێت کە لە شەڕی مەیدانی کەمتر نابێ ، ململانێی نێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەلات بە رابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت و رۆژئاوا بە رابەرایەتی ئەمریکا. هەر لەگەڵ ئەم رووداوانە بزاوی کوردی لە جولە نەکەوتووە ، لە باکور و باشوور لە رۆژهەلات و رۆژئاوا و هەندەران راپەڕین و شۆڕشی چەکداری وهەوڵەکانی دبلۆماسی. بەلام هەموویان نەزۆک و بێ دەستکەوتی هەمیشەیی بوونە، تا دەگاتە هەرەسی بلۆکی رۆژهەلات و هەلوەشانەوەی یەکیتی سۆڤیەت و هاتنەکای سیستەمێکی نوێی دونیا ناسراو بە شەڕی سارد کە بە کوێخایەتی ئەمریکا تەواو دەبێ.

مێژوو بۆ گەلان، بۆ تاک و بۆ کۆمەلگا وانەو ئەزمونە، لە سەروی هەمووشیانەوە بۆ حزب و رێکخراوە سیاسیەکانی نەتەوە ژێردەست و سەردەستەکان. دەلێن مێژوو دووبارە دەبێتەوە ، دەقاو دەق لەگەڵ ئەم دەستەواژەم بەلام بە رووت و وشکیەکەی نا، بە تێکهەلکێشان و رەچاوکردنی دۆخی سەردەمیانە و وەرگرتنی ئەزمونی گەلان و بەهەند وەرگرتنی بەرژەوەندیی زلهێزەکان بە هەلسەنگاندنی رۆژگار و جیۆپۆلەتیک کە هەمیشە بەرژەوەندیە ئابوری و ئاستی چەکی قورس بۆ ولاتان فاکتەری سەرەکیی بەلاداکردنی تای تەرازوو بوونە. بۆ نەتەوە بندەستەکان یەکریزی وسودوەرگرتن لە ئەزمونی گەلانی رزگار بوو بخالی یەکلا کەرەوەن.


نووسەر

خالید هەرکی ٢٠٢٠/٩/٢٠

١٩٠٠/١/١



هێزەکانی ئینگلیز لە کۆلسبیرگ **Colsberg** لە ترانسڤال **Transvaal** ی باشوری ئەفریکا بەگژ جوتیارەکاندا دەچنەوە زیانێکی زۆریان لێدەدەن ، بە ناوی شەڕی جوتیارەکان دەناسرێ، بەلام جوتیارەکان لە تۆلەی خۆیاندا لە ٢٩ی هەمان مانگ گورزێکی مەزنتریان لێدەوەشێنن.




١٩٠٠/١/٢

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جون های John Milton Hay سیاسەتی کرانەوە بەروی بازرگانی چیندا رادەگەیەنێ، ناوبراو زیاتر لە نیو سەدە کەسێکی کارا بووە لە سیاسەتی ئەمریکی و سکرتێری ئەبراهام لنکۆلنی سەرۆکی ئیەمریکا بوو.

١٩٠٠/١/٦

جەنگی بوێری دووەم ، بوێریەکان هێرش دەکەنە سەر شاری لید سمیث نزیکەی هەزار کوژراوی لێدەکەوێتەوە.



١٩٠٠/١/٨

بیست و پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا ویلیام مکنلی **William McKinley**، ئالاسکا دەخاتە ژێر فەرمانی سەربازیی ئەمریکاوە.

١٩٠٠/١/٢٧

هەلگیرسانی شۆڕشی بۆکسوانەکان یا بزوتنەوەی ( یهیتوان) لە چین ، بزوتنەوەیەکی دژی ئیمپراتۆر و کریستیانی و دەستێوەردانی بێگانە بووە. ئەم بزوتنەوە لە سەردەمی حوکمڕانی خانەوادەی (چینگ) سەری هەڵدابوو.

١٩٠٠/٢/٧

پارتی کاری بەریتانی **Labour Party** دادەمەزرێ .

١٩٠٠/٢/١٤

هێزەکانی بەریتانی لە میانی جەنگی دووەمی بویری ( جەنگی جوتیاران) لە ئەفریکا هێرش دەکەنە سەر دەولەتی (ئۆرنجی ئازاد) لە باشوری ئەفریکا.

١٩٠٠/٢/٢٣

راپەڕینی جوتیارانی باشوری ئەفریکا لە شاری (**Spion cop**) دژی داگیرکاری بەریتانی بۆ ناچار کردنی لە کشانەوەی لە هەرێمەکەیان.

١٩٠٠/٥/١

سولتان عەبدولحەمیدی دووەم لە فەرمانێکدا لەگەڵ ئەلمانیەکان رێک دەکەون لەسەر دروستکردنی هێلی شەمەندەفەری حیجاز بۆمەبەستی سەربازی و گەیاندنی حاجیانی بۆ ماڵی خودا.

١٩٠٠/٥/١٧

هێزەکانی بەریتانی شاری مافی کینگ (**Mafie king**) لە باشوری ئەفریکا داگیردەکەن.

١٩٠٠/٥/٢٠

ئەنجامدانی خولی دووەمی ئولومپیاد **Olympiad** ١٩٠٠ لە پاریسی پایتەختی فرەنسا.

١٩٠٠/٥/٣١



راپەڕینی نەتەوایەتی لە چین بەناوی ( بوکسەر ئۆپستاد **Boxer Rebellion)** واتە (شەرکەری یاخی) دژی داگیرکاری رۆژئاوا دەست پێدەکا. هەروەها بە یاخی بوونی مولکدارەکانیش دێتە ناسین.

١٩٠٠/٦/١٤




دورگەی هاوای دەبێتە بەشێک لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. هاوای دورگەیەکە لە باشوری ئەمریکای باکور لە زەریای باسیفیک (زەریای ئارام) لەگەڵ ئالاسکا دوو ویلایەتی ئەمریکین کە سنورەکانیان بە ئەمریکاوە نەنوساوە و ژمارەی دانیشتوانی ئێستا دەگاتە یەک ملیۆن کەس.

١٩٠٠/٦/١٩



کۆماریستەکانی ئەمریکا تیودور روسڤێلت **Theodore Roosevelt** بۆ پۆستی بیست و شەشەمین سەرۆکایەتی ئەمریکا کاندید دەکەن. ناوبراو زانا و سیاسەتمەدارێکی بەتوانای ئەمریکا بوو، لەسەردەمی ئەو ئەمریکا پێشوەچونێکی زۆری بەخۆیەوە بینی هەر بۆیە بۆ دوو خول دەبێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

١٩٠٠/٦/٢٠

شۆڕشی مولکدارەکانی چین ، مولکدارەکان لە نزیک پەکین ٢٠٠٠٠ بیست هەزار مولکداریان کۆکردەوە ژمارەیەکی زۆری ئەوروپیە داگیرکەرەکانیان وکشتن لەنێویاندا بالوێزی ئەلمانیا هەبوو.



١٩٠٠/٦/٢٤

ڕاپەڕینی بۆکسەر ئەپستاد **Boxer Rebellion** ( شەرکەری یاخی) ڕاپەڕینی مولکدارەکان بوو کە بۆچەندین جاربوو هێرشیان کردە سەرجەم بالوێزخانەکانی ولاتان لە پکین.




١٩٠٠/٧/٩

پادشای بەریتانیا فیکتۆریای سێیەم **Victoria III** مەرسومنامەیێک دەردەکا بە یەکخستنی کۆلۆنیەکانی بەریتانی لە ئوسترالیا لە ژێر ئۆرگانی کۆمنویلسی ئوسترالی کە هەموویان لە ژێر ئەم چەترە بە حکومەتێکی فیدرالی ببەسترێنەوە.



١٩٠٠/٧/٢٩

پادشای ئیتالیا ئۆمبیرتۆی یەکەم **Umberto Ranieri Carlo Emanuele** بەدەستی گایتانو بریشی دەکوژرێ ، ناوبراو بەهۆی هەلوێست و پشتگیریی لە کوشتاری باڤا بکاریس لە میلانۆوە لای خەلک خۆشەویست نەبوو.




١٩٠٠/٨/٢٥

فريدريک نيتشه **Friedrich Nietzsche** زانا و فەيلەسوف و شاعيرى ئەڵمانى كۆچى دوايى دەكا.

١٩٠٠/١٠/١٤



سيگموند فرويد **Freud Sigmund** كتابى (لێكدانەوەى خەونەكان) بە چاپ دەگەيەنێ. فرۆيد لە ٦ى مايسى ١٨٥٦ لەدايک دەبێ و لە ٢٣ى سەپتەمبەرى ١٩٣٩ كۆچى دوايى دەكا .

١٩٠٠/١٠/٢٦

بەريتانيا جارێكى ديكەش هێرش دەكاتەوە سەر ترانسفال **Transvaal** لە ئەفريكا.


١٩٠٠/١١/٣٠

ئۆسكار فيلد **Oscar Fild** كۆچى دوايى دەكا .

١٩٠٠/١٢/١٠

يەكەم خەلاتى نۆبل راگەيەندرا.




۱۹۰۱/۱/۱

ئوستراليا لە نێو کۆمنویلسی بەریتانی سەربەخۆیی خۆی وەدەست دێنی بە مانەوەی لەژێر تاجی بەریتانی و دادوەرێکی مەدەنیی بەریتانی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کارەکانیان دەکات. ئەمەش پێی دەوترێ پێکهێنانی (کۆمنوێلسی ئوسترالی Commonwealth of Australia) لە کۆنفیدرالیەتی پێنج کۆلۆنیی بەریتانی پێک دەهات.



۱۹۰۱/۱/۲

بەستنی کۆنگرەی جولەکەکان لە باسل لە سویسرا بەمەبەستی دامەزراندنی سەندوق جولەکە بۆ کۆکردنەوەی پارەو پول بۆ کڕینی زەویی عەرەبەکان لە فەلەستین و خستنە سەر سامانی گشتیی نەتەوەیی جولەکە.





۱۹۰۱/۲/۲۰

نوسەری بەناوبانگی روسی تۆلستۆی **Leon Tolstoi** لەسەر بیرو بۆچونەکانی بەبڕیاری کەلیسا لە بلاوکردنەوەی نوسین بێبەش کرا .

۱۹۰۱/۱/۲۲

دوای مردنی پادشای بەریتانیا (فکتۆریا) ئەدواردی حەوتەمی کوری دەبێتە پاشای بەریتانیا.



١٩٠١/٢/٢٨

لەدایکبوونی لاینەس پۆلینگ ( **Linus Pauling**) کیمیاناس، بایۆکیمیاناس، چالاکوانی ئاشتی، نووسەر و مامۆستای ئەمریکی. زیاتر لە ١,٢٠٠ وتار و کتێبی بڵاوکردۆتەوە، کە ٨٥٠یان پەیوەندیدارن بە بابەتە زانستییەکان. گۆڤاری نیو ساینتیست ئەوی بە یەکێک لە ٢٠ گەورەترین زاناکانی هەموو دونیا داناوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕیزبەندیکرابوو لە پلەی شازدەمی گرنگترین زانایانی مێژوو بووە. پۆلینگ یەکێکە لە دۆزەرەوانی بواری کیمیای کوانتەم (**Quantum chemistry**) و ژیناسیی گەردیلەیی (**Molecular biology**).ناوبراو لە ئابی ١٩٩٤ کۆچی دوایی دەکا.



١٩٠١/٣/٦

هەوڵی کوشتنی پادشای پرۆسیا (ڤیلهیلمی دووەم **Friedrich Wilhelm Viktor Albert von Preußen**) دەدرێ لە شاری بریمنی ئەلمانیا.




١٩٠١/٣/٢٥

شا عەبدولعەزیز کوری عەبدولرەحمان کوری فەیسەلی ئال سعود ، دامەزرێنەری پادشا نشینی عەرەبیی سعودی دەست بەسەر ریازدا دەگرێ.

**١٩٠١/٤/٢٠**

کردنەوەی یەکەمین دانیشگای تایبەت بە ژنان لە ژاپۆن.




**١٩٠١/٤/٢٢**

بڵاوکردنەوەی شێوازی نوسینی بریلی ژاپۆنی بۆ نابینایان. بریل خۆی دانایەکی فرەنسییە بەناوی (لویس برایل **Louis Braille**) شێوازی نوسینی ئەلف و بێی بۆ نابینایان داناوە .




**١٩٠١/٥/٢٢**

خدێوی عەباس خدێویی میسر بریاری لێبوردن بۆ فەرماندەی شۆڕشی (ئەلعەرابی) ئەحمەد ئەلعەرابی دەردەکا بگەڕێتەوە میسر کە دژی خدێوی تۆفیق شۆڕشی هەلگیرساندبوو، دوای گەرانەوەی لە ١٩١١/٩/٢١ لە تەمەنی حەفتا ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا.

**١٩٠١/٥/٢٧**


ئەدیسۆن کۆمپانیایەک دادەمەزرێنێ بۆ پەرەپێدانی بارکردنی پاتری (شحن).



**١٩٠١/٦/١٢**

لەلایەن زانای فرەنسی هنری بیکریل **Henri Bequerel** ەوە تیشکی یۆرانیۆم دەدۆزرێتەوە.





### ١٩٠١/٦/٢٤

پابلۆ پیکاسۆ Pablo Picasso لەم رۆژە بەهۆی نمایش کردنی تابلۆیەکیەوە ناوبانگ دەردەکا.

### ١٩٠١/٨/٤

بۆ یەکەمین جار زێر لە باشوری ئەفریکا دەدۆزرێتەوە.



### ١٩٠١/٨/٢٢

دامەزراندنی کۆمپانیای کادیلاک **Cadillac** بۆ ئۆتۆمبێل دروستکردن لە ئەمریکا.

کۆمپانیای کادیلاک ئێستا سەربە کۆمپانیای جەنەرال مۆتۆرزە **General Motors** کە لە ١٩٠٨ دامەزراوە زیاتر لە ٥٠ دەولەت و هەرێم بە رێگەپێدراوی دەفرۆشرێ.



### ١٩٠١/٩/٦

لیون چولجوز تەقە لە ویلیام مککنلی William McKinley سەرۆکی ئەمریکا دەکا لە پیشانگایەکی نێودەولەتی لە نیویۆرک. ناوبراو دوای هەشت رۆژ بەو هۆکارەوە گیان لەدەست دەدا.



١٩٠١/٩/١٤

تیودور روسڤلت Theodore Roosveltدەبێتە سە رۆکی ئەمریکا دوای ئەوەی ویلیام مککنلی William Mckinley لە ٩ی سەپتەمبەر لە هەولێکی تیرۆرکردنیدا بریندار دەبێ و دواتر گیان لەدەست دەدا.

١٩٠١/١١/٨

لە ئەنجامی وەرگێڕانی ئینجیل بۆسەر شێوە زمانی خۆجێی بەگژیەکداچونێکی خوێناوی لە یۆنان روودەدا.

١٩٠١/١٢/١٠

بۆ یەکەمین جار دەست بە دابەشکردنی خەلاتی نۆبل بۆ ئاشتی دەکرێ. ئەویش لە پشکی (هنری دونات) لە سویسرا و (فریدریک باسی ) لە فرەنسا بوو.



١٩٠١/١٢/١٢

مارکۆنی Guglielmo Giovanni Maria ناسراو بە Marconi داهێنانی رادیۆی بەسەرکەوتویی ئەنجامدا.

١٩٠٢/١/٥

عەبدولعەزیز ئال سعود شاری ریاز لە ژێر دەسەلاتی ئال رەشید دەردێنێ.

١٩٠٢/١/٧

بەریتانیا رێککەوتنێک لەگەڵ میرنشینی شاریقە واژۆ دەکا تایبەت بە پاراستنی ئەو ولاتە لە مەترسیەکانی دەرەکی و ناوەخۆ.

١٩٠٢/١/٧

دوای تەواو بوونی جەنگی بۆکسەر ئۆپستاند (بۆکسوانەکان) قەیسەری چین دەگەڕێتەوە پەکین.

١٩٠٢/١/١٣



عەبدولعەزیز بن عەبدولڕەحمان ئال سعود دوای ئەوەی لە شەری ریاز سەردەکەوێ لەم رۆژەدا دەولەتی سعودیەی سێیەم رادەگەیەنێ و خۆی دەبێتە یەکەم پادشای عەرەبیی سعودیەی نوێ و چواردەمین حوکمدار لە خانەوادەی ئال سعود ، لە ١٨٧٦/١/١٥ لە ریاز لە دایک دەبێ لە تەمەنی پانزە سالییدا لەگەڵ خانەوادەی بۆ قەتەر کۆچ دەکەن دواتر بۆ بەحرین و دواتریش بۆ کوێت .



١٩٠٢/١/١٥

لەدایک بوونی شاعیری ناوداری تورک نازم حیکمەت لە سالۆنیک لە سەردەمی حوکمی عوسمانی .

نازم حیکمەت شاعیرێکی چەپ بوو بەو هۆیەوە لە سەردەمی حوکمی کەمال ئەتاتورک ڕووبەڕووی زیندان دەبێتەوە.

١٩٠٢/١/١٨

دوای هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان مەملەکەتی نەجد و حیجاز، شاری ڕیاز کەوتە دەست هێزەکانی (عەبدولعەزیز ئال سعود)، کە دوای ئەوە هەردوو مەملەکەتەکەی یەکخست و عەرەبستانی سعودییەی دروستکرد، خۆیشی بووە پاشای ئەو وڵاتە.

١٩٠٢/١/٣٠

ژاپۆن و بەریتانیا واژۆ لەسەر رێککەوتنی ئاشتەوایی دەکەن لە نێوان خۆیاندا. بەناوی رێککەوتنی ئەنگلۆ ژاپۆنی. بەو هۆیەوە پێگەی بەریتانیا لەسەر روسیای قەیسەری بەهێز دەبێ.

١٩٠٢/٢/٤

کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقیی تورکی لە پاریس کۆنگرەی خۆیان بەناوی( کۆنگرەی ئازادیخوازانی عوسمانی) دەبەستێ، لەو کۆنگرە هەموو رکابەرانی سولتان عەبدولحەمیدی دووەمیان کۆکردبۆوە . ژمارەیەک بڕیاریان دەرکرد یەکێک لەو بڕیارانە داوایان کرد دەولەتی عوسمانی دەبێ ئیدارەی سەربەخۆ لە هەموو ناوچە و شارەکان لەسەر بنەمای نەتەوی دامەزرێنێ ، ئەو کۆنگرە بەئامادەبونی (٤٧) نوێنەر دەبەسترێ لە نوێنەرانی نەتەوەی تورك، عەرەب، یۆنان، ئەرمەنو.. کوردیش بەشدرا دەبێ ، عەبدولڕەحمان بەدرخان، سەرنوسەری رۆژنامەی کوردستان، نوێنەری کورد بووە.

١٩٠٢/٢/١١

خۆپیشاندان لە بەلژیک ، داوای مافی ژنان دەکەن بۆ بەشداری پێکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان ، پۆلیسی ئەو ولاتە خۆپیشاندەران سەرکوت دەکات.

١٩٠٢/٣/٦

دامەزراندنی یانەی ریال مەدریدی وەرزشی لە ئیسپانیا ( تیپی مەدریدی پادشایی بۆ تۆپی پێ) لەم رۆژەدا لەلایەن (جولیان بلاسیوش) ەوە دامەزراوە، ٣٤ جار لە خولی ئیسپانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو لە خولی پالەوانێتی ئەوروپاش ١٣ جار . لە دامەزراندنیدا ناوی (یانەی مەدرید بۆ تۆپی پێ ) بوو .



١٩٠٢/٣/١٣

مۆسیکژەنی میسری محەمەد عەبدولوەهاب لەم رۆژە لەدایک دەبێ.

**١٩٠٢/٤/٢**

بۆیەکەمین جار لە بواری سینەمایی فلمی سینەما لە پاریس پەخش دەکرێ .



**١٩٠٢/٤/٢**

کوشتنی وەزیری ناوەخۆی تساری(قەیسەر)ی روسی دیمتری سیپیاگین **Dmitry Sipyagin** لە سان پتروسبورگ.



**١٩٠٢/٤/٥**

ستالین **Jozef Stalin** دەستگیر دەکرێ و بۆ سیبیریا دوور دەخرێتەوە.

**١٩٠٢/٤/١٤**

دەرچوونی دوا ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە ژنێفی سویسرا بە ژمارەی ٣١

**١٩٠٢/٥/٢٠**

کوبا کە ماوەی سێ ساڵ دەبوو لە ژێر داگیرکاری ئیسپانیاوە دەکەوێتە ژێر داگیرکاری ئەمریکا ، لەم رۆژەدا لەژێر داگیرکاری ئەمریکا رزگاری دەبێ و سەربەخۆیی رادەگەیەنێ.

## ١٩٠٢/٥/٣١

کۆتایی جەنگی بویریی دووەم کە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی بەریتانی و دەولەتی بویری و کۆماری باشوری ئەفریکا و کۆماری برتقالی ئازاد بوو بە سەرکەوتنی سوپای بەریتانی تەواو بوو ، ئەم شەڕە لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٩ دەستی پێکردبوو.


## ١٩٠٢/٦/١٤



کۆچی دوایی عەبدولرەحمان ئەلکەواکبی . کەواکبی لە ساڵی ١٨٥٤ لە شاری حەلەب لە سوریا لەدایک ببوو ناوبراو یەکێک بوو لە پێشەنگانی هزری نەتەوەیی عەرەبی لە سەردەمی خۆیدا بە کتابی ( خەسلەتی ستەمکاری و ململانێی کۆیلایەتی) ناوبانگی دەرکرد، کە لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی سەدە بوو.

## ١٩٠٢/٧/٢

کۆتایی هاتن بە شەڕی نێوان فلیپین و ئەمریکا ، کەلە ٤ی حوزەیرانی ١٨٩٩ دەستی پێکردبوو.



## ١٩٠٢/٩/٢٩

کۆچی دوایی رۆماننوس و رۆژنامەنوس و ئەدیبی فرەنسی ئەمیل زۆلا **Emile Zola**

## ١٩٠٢/١٢/٢٤

فەرماندەی شۆڕشگێرەکانی شاری فاس (بو حەمرا) هێزەکانی عوسمانی ناچار دەکەن لەو شارە بچنە دەر.




١٩٠٣/١/١٢

لەدایک بوونی داهێنەری بۆمبی ناوەکی ئیگور کورچاتوف **Igor Kurchatov**، زانای فیزیکی سۆڤیەتی ی بەناوبانگ و بە باوکی بۆمبی ناوەکی دەناسرێ.



١٩٠٣/٢/١٧

لەدایک بوونی نوسەر و روناکبیری ئێرانی سادق هیدایەت.




١٩٠٣/٢/٢٣

ئەمریکا دورگەی گوانتانامۆ لە کوبا بۆ هەتاهەتایی بەکرێ دەگرێ.

١٩٠٣/٢/٢٣

ئەمریکا و کوبا رێک دەکەون لەسەر پێدانی مافی بونی بنکەی سەربازی ئەمریکی لە دورگەی گوانتانامۆ، دیارە ئەمەش لەگەڵ دەستوری ئەوسای کوبا ناکۆک نابێ.



## ١٩٠٣/٣/٥

ئەلمانیا و تورکیا ڕێککەوتنێک مۆردەکەن بۆ دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان ئەستەنبۆل و بەغدا لەلایەن کۆمپانیا ئەلمانیەکانەوە.



## ١٩٠٣/٣/١٤

لەدایک بوونی مەلا مستەفای بارزانی، مستەفا کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم لە گوندی بارزان لە دایک بووە، هێشتا تەمەنی منداڵ بووە کاتێک سووپای تورکەکان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا هێرشیان کردۆتە سەر ناوچەی بارزان لەنێوان ساڵی ١٩٠٦ - ١٩٠٧ کۆمەڵێک لە خەڵکی بارزانیان دەستبەسەر کردووە و بردویانن بۆ شاری موسڵ و مستەفا بارزانیش لەگەڵ دایکی لە ناو ئەو گیراوانەی بارزانییەکاندا بووە، کە بۆ ماوەی ٩ مانگ لە زیندانەکانی موسڵدا بوون، سەردەمێکی زۆر رابەرایەتی بزوتنەوەی کوردی لە باشور و بەشداریش لە بزوتنەوەی کوردی لە کۆماری مەهاباد دەکات . سەرۆک و دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کلوردستان بوو. هەلگیرسێنەری شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ بوو تا نسکۆی ١٩٧٥ . لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئەمریکا کۆچی دوایی دەکا .

## ١٩٠٣/٤/٢٤

بەریتانیا رازی نابێ ئەلمانیا درێژە بە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر بدات لە باشوری بەغدا و بەرەوە باشوری ولات درێژ بێتەوە.

**١٩٠٣/٥/١١**

بەریتانیا پەیماننامەیەکی دۆستایەتی لەگەڵ دوبەی واژۆ دەکا.

**١٩٠٣/٦/١٦**

دامەزراندنی کۆمپانیای کۆکا کۆلا.

**١٩٠٣/٨/٢**

راپەرینی ئیلیندن- بریو براجینییەی مەکەدۆنی دژی حوکمی عوسمانی لەو ولاتە .



**١٩٠٣/٨/٢٣**

بەستنی کۆنگرەی شەشەمی زایۆنیزم، لەو کۆنگرە هیرتزل **Theodor Herzl** دەولەتی جولەکە رادەگەیەنێ.

**١٩٠٣/٩/٨**

تورکەکان لە مەکەدونیا کوشتاریەکی مەزن ئەنجام دەدەن، بەهەزاران لە بولگاریەکان دەکوژن کە بە ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار هاولاتی مەزندە دەکرا ، هەمویان ژن و منداڵ و کەسانی سڤیل بوون.

**١٩٠٣/١٠/١٩**

لە بەریتانیا حزبێکی سیاسیی تایبەت بە ژنان بەناوی حزبی سۆسیالیستی سیاسیی ژنان دادەمەزرێ.



۱۹۰۳/۱۰/۲۰

دیاری کردنی سنوری ئالاسکا.

۱۹۰۳/۱۱/۳

پەنەما سەربەخۆیی وەردەگرێ و دەبێتە کۆماری پەنەمای سەربەخۆ ،پایتەختی پەنەما سیستی دەبێ.

۱۹۰۳/۱۱/۷

پارتی کاری سۆسیالیستی دیموکراسیی روسی بەسەر دوو باڵی بۆلشەفی و مەنشەفیدا دابەش دەبێ (زۆرینە و کەمینە).

۱۹۰۳/۱۲/۵

بەریتانیا پەیماننامەیەک لەگەڵ هەر حەوت میرنشینە عەرەبیەکە واژۆ دەکا.

۱۹۰۳/۱۲/۱۸

ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەمریکا وپەنەما.



۱۹۰٤/۱/۱۱

بەریتانیا هێرش دەکاتە سەر هێزی دەروێشانی سەربە فەرماندەی سومالی محمد عبدالله.

**١٩٠٤/١/١١**

ئەلمانیا شۆڕشی (هیریرۆ) لە رۆژئاوای باشوری ئەفریکا سەرکوت دەکا و دایدەمرکێنێ.




**١٩٠٤/٢/٨**

دەرکەوتنی نیشانەکانی هەلگیرسانی جەنگی نێوان روسیا و ژاپۆن دوای ئەوەی روسیا بە نەخشە و پلانی ژاپۆن رازی نابێ لەسەر دابەش کردنی مەنشوریا و کۆریا.




**١٩٠٤/٢/٢٣**

ئەمریکا لە بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) $ دە ملیۆن دۆلار مافی کۆنترۆلی تەنگەئاوی پەنەما وەدەست دێنێ.

**١٩٠٤/٢/٢٨**


هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان روسیا و ژاپۆن.

**١٩٠٤/٤/٨**

بەریتانیا و فرەنسا بە نیانی رێککەوتنی (**Intinte-cordiale**) لەسەر دابەشکردنی دەسەلاتەکانیان لە نیشتمانی عەرەبی واژۆ دەکەن.

**١٩٠٤/٤/١٣**

ژاپۆن ژێردەریایەکی (غەواسە) روسی بەناوی ( **Petropaflofst**) تێک دەشکێنێ.





١٩٠٤/٤/٢٣

ئەمریکا مافی خاوەندارێتی کەنالی پەنەما لە فرەنسا وەردەگرێ.

١٩٠٤/٥/١

سوپای ژاپۆن لە ( سی نی ژوا) سوپای روسی تێک دەشکێنێ.




١٩٠٤/٥/٤

دەستکرا بە هەلکەندنی کەنالی پەنەما.



١٩٠٤/٥/١١

تورکەکان لەسەردەمی حوکمرانی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم لە کۆکوژیەکی ئەرمەنیەکاندا ٩٠٠ هاولاتیی سڤیلی ئەرمەنی دەکوژن.

١٩٠٤/٥/٢١

دامەزراندنی یەکێتی تۆپی پێی نێودەولەتی (ڤیفا) **FIFA** لە پاریس. ( **Fédération Internationale de Football Association** بە ئینگلیزیەکەی دەبێتە **International Federation of Association**

**Football**. بە هەوڵی هیرشمانی هۆلەندی و رۆبیر گیرانی فرەنسی و بە ئامادە بوونی نوێنەرانی حەوت وڵات لە وڵاتانی ئەوروپی.

١٩٠٤/٦/٤

موبایەعەکردنی ئیمام یەحیا وەکو ئیمامی ٦٥ ە مینی یەمەن و عەبدولا پاشاش وەکو والیی دەوڵەتی عوسمانی لە یەمەن دیاری دەکرێ.

١٩٠٤/٦/١٥

شەڕی (بەکیر ) لە نێوان میری نەجد عەبدول عەزیز ئالسعود و میری حائل عەبدولعەزیز ئەلمتعب ئەلرەشید ، ئەنجامەکەی بە سەرکەوتنی ئال سعود دێت.

١٩٠٤/٦/١٦

کوشتنی حاکمی گشتیی فینلەندا (نیکۆلای بوبریکوف **Nikolay Lavnovich Bobrikov**) بەدەستی یاریدەدەری ئەمینداری سەندوق ئویگن شاومان.



١٩٠٤/٧/٢

کۆچی دوایی چیرۆکنوس و شانۆنوس و روناکبیری روسی ئەنتۆن بافۆفیچ چیخوف **Anton Tsjechov**. ناوبراو لە ١٨٦٠/١/٢٩ لە تاگانروگ لەدایک بووە، کە بەندەرێکی جوانە لەسەر دەریای ئازوف لە باشوری روسیا، باوکی باقل چیخوف کورە کۆیلەیەک بوو.

١٩٠٤/٧/١٢

لەدایک بوونی شاعیری شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی چیلی پابلۆ نیرۆدا **Pablo-Neruda**، پابلۆ لە شاری پاڕاڵ لە وڵاتی شیل، پابلۆ باوکی کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر و دایکیشی مامۆستای قوتابخانە بووە و مانگێک



دوای لە دایکبوونی پابلۆ ، نیرۆدا کۆچی دوایی دەکات، لە ساڵی ١٩١٩ دا خەڵاتی شیعر لە فێستیڤاڵی گوڵان دەیدرێتێ. تا لە ساڵی ١٩٢٠ پابلۆ نیرۆدا ناوبانگ دەردەکا و خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی بەهاری تێموکۆی پێدەدرێت. لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢١ دا دەچێتە سانتیاگۆی پایتەخت بۆ خوێندنی زانستی پەروەردە بە زمانی فەرەنسی تا ببێتە مامۆستا. لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بە شیعری (شیعری فیستیڤاڵ)خەڵاتی یەکەم لە فێستیڤاڵی بەهار کە یەکێتی قوتابیانی شیلی سازیدابوو، وەردەگرێ، پابلۆ نیرۆدا لە بیست و سێی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٣ بە شێرپەنجەی پرۆستات ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و شیعر و کۆمۆنیزم و خەبات لە پێناو ڕزگاری مرۆڤایەتی بە یەکجاری جێدەهێڵێت. دوای مردنی کتابەکانیان سوتاندن.

**١٩٠٤/٧/٢٨**

کوژرانی وەزیری ناوەخۆی روسی فیاچیسلاڤ ڤون پلیف **Vyacheslav von Plehve** لە سان پتروسبورگ.

**١٩٠٤/٨/٢٠**

بلاو بوونەوەی پەتای (تاعون) لە هەولێر کە رۆژانە زیاتر لە پەنجا کەس گیانی لەدەست دەدا.

**١٩٠٤/١٢/١٢**



شاعیری بەناوبانگی عەرەب مەحمود سامی ئەلبارودی لە تەمەنی ٦٥ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا بارودی لە ١٨٣٩ لە قاهیرە لەدایک ببو.

**١٩٠٥/١/٢**

روسیا شاری پورت ئەرثول لە ئوسترالیا رادەستی ژاپۆن دەکات.

**١٩٠٥/١/٢**

واژۆکردنی ڕێککەوتنی پۆرتسمۆث لە نێوان ژاپۆن و روسیا بە میانگێڕی تیودور رۆسڤلت ی سەرۆکی ئەمریکا بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوانیان.

١٩٠٥/١/٥



عوسمان سەبری تێکۆشەری کورد لەم رۆژەدا لەگوندی (نارنجیەی ئادیمان)ی باکوری کوردستان لەدایك بووە، کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە، لەپتەوکردنی بیری نەتەوەیی لەلای خەڵکی باکوری کوردستان.

١٩٠٥/١/٩



پاسەوانانی کۆشکی زستانیی ئیمپراتۆری روسی تەقە لەو خۆپیشاندەرانە دەکەن کە لەبەر دەرگای کۆشک کۆبونەوە پێیان وابو بەنیازی کودەتا هاتوون.

١٩٠٥/١/١٩

بەسەرپەرشتی باوکە گابۆن رێپێوانێکی کرێکاری رێکخرا بۆ بەردەم کۆشکی زستانیی قەیسەر لە پتروسبورگ بۆ پێدانی یاداشتێک بە داواکاریەکانی هاولاتیانی روسی.

١٩٠٥/١/٢٢

دەستپێکی شۆڕشی یەکەمی بۆرژوای روسی هەرچەندە قەیسەر هەندێک چاکسازیی ئەنجام دان لەوانە دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە گەڵی روسی بەلام دواجار شۆڕشەکە شکست دێنێ.

١٩٠٥/١/٢٢



هێزەکانی قەیسەری روس بۆ جاری دووەم لە پترسبورگ خۆپیشاندەران گولەباران دەکەن و ژمارەیەکی زۆریان لێ دەکوژن لەکاتێکا ئەوان بە شێوازێکی ئاشتیانە خۆپیشاندانیان دەکرد.



١٩٠٥/٢/١٧

کوژرانی شازادەی روسی ئەلیکساندەرۆڤیچ Nikolai II Alexanderovich Romanov(نیکۆلای دووەم Nicholas II) لە مۆسکۆ.

١٩٠٥/٢/١٩

ئازەربایجانیەکان لە باکۆ هێرشێکی دوو رۆژیی توند دەکەنە سەر ئەرمەنیەکان و ژمارەیەکی زۆریان لێ دەکوژن لە ئاست ئەو کۆکوژیە دەسەلاتدارانی روسی بێدەنگی دەنوێنن و بەهانای ئەرمەنەکانەوە ناچن.

١٩٠٥/٤/٤

بومەلەرزەیەکی بەهێز شاری (کانگرا)ی هندستانی هەژاند، بەهۆیەوە زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستدا و دەیان هەزاری تریش برینداربوون، زۆربەی شارەکەش بەیەکجاری خاپور بوو.

١٩٠٥/٥/١٦

گواستنەوەی یەکەمین پەخشی تەلەفزیۆنی لە رێگای مانگی دەستکرد لەلایەن ئەمریکاوە.

١٩٠٥/٥/٢٧

لە میانی جەنگی نێوان روسیا و ژاپۆن لە شەڕی (تەنگەئاوی تسوشیما )ی بەرانبەر بە کەنارەکانی کۆریا کەشتیگەلی ژاپۆنی کەشتیگەلی روسی تێک دەشکێنێ کە بریتی دەبن لە ٣٢ فرۆکە ی جەنگی بە کەشتیەکانیانەوە و بەدیل گرتنی سەرجەم کەشتیەکانی دیکە بە سەرنشینەکانیەوە ، ئەم شەڕە بە شەڕی (تسوشیما) هاتە ناسین.



**١٩٠٥/٥/٢٧**

لە ژاپۆن لە شاری ( سو شی ما) کەشتیگەلێکی روسی تێکدەشکێندرێ.

**١٩٠٥/٦/٧**

پەرلەمانی نۆروێژ سەربەخۆیی وولاتەکەی رادەگەیەنێ و کۆتایی بە یەکێتی لەگەڵ سوێد دێنێ.

**١٩٠٥/٦/٢١**

لە دایکبوونی فەیلەسوفی فرەنسی ( ژان پۆل سارتەر **Jean Paul Sartre** ) لە پاریس لە بنەمالەیەکی بۆرژوای فرەنسی.



**١٩٠٥/٧/١١**

کەسایەتی ئایینی و بانگخوازی ئیسلامی و نوسەری ناوداری گەلی میسرو جیهانی ئیسلامی، ئیمام (محەمەد عەبدە) کۆچی دوایی کردووە.

**١٩٠٥/٨/٦**

لە روسیا بۆ یەکەمین جار ئەنجومەنی یاسادانان بەناوی ( ئەنجومەنی دوما **State Duma**) دادەمەزرێ. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لەو سەردەم هەندێکیان بە هەڵبژاردن و هەندێکیان بە دامەزراندن لەلایەن قەسیەرەوە دەبووn.

**١٩٠٥/٨/١٧**

تورک بە یارمەتی سوارەی حەمیدی هێرش دەکەنە سەر ناوچەی لاهیجانی باکوری کوردستان بەبیانوی کۆکردنەوەی باج لە خەلکی ئەو ناوچە.

**١٩٠٥/٩/٥**

کۆتایی جەنگی نێوان ژاپۆن و روسیا, کە لە ٨ی شوباتی ١٩٠٤ ەوە دەستی پێکردبوو.

**١٩٠٥/٩/٢٤**

سوێد ڕەزامەندی لەسەر سەربەخۆ بوونی نەرویژ دەدات.



**١٩٠٥/١٠/٣٠**

دوای سەرکوتکردنی نارەزاتیەکانی هەژار و کرێکارانی روسی و شکست هێنانی روسیا لە شەڕی دژ بە ژاپۆن، قەیسەری روسی لەو رۆژە بە ناچاری لە بەیاننامەیەکدا جۆرێک لە دەسەلاتەکان بە پەرلەمان (دوما **State Duma**) دەدا و لەسەر ئەو بنەمایە دوما دادەمەزرێ.

**١٩٠٥/١١/١٢**

نەرویژ راپرسیەک دەکا لەسەر دیاری کردنی سیستەمی حوکمرانی لە نێوان کۆماری و پادشایەتی ، لە ئەنجام دەنگدەرانی یاوەری پادشایی زیاتر دەبن.

**١٩٠٥/١١/١٧**

ژاپۆن رێککەوتنێک لەگەڵ کۆریا واژۆ دەکا بەناوی پاراستنی پادشایەتی جوسونی کۆری( کە خانەوادەیەکی حوکمرانی کۆریا بوو) ، ئەمەش دەبێتە رێخۆشکەر بۆ داگیرکاری ژاپۆن بۆ نیمچەدورگەی کوریا لە ١٩١٠ تا ١٩٤٥ ئەم داگیرکاریە درێژەی دەبێ .

**١٩٠٥/١١/٢٢**

کوژرانی کۆنە وەزیری جەنگی روسی فیکتۆر ساخارۆف**Victor Sakharov**.

**١٩٠٦/٢/٢٨**

سەرەتای شۆڕشی خەلکی یەمەن دژی داگیرکاری عوسمانی.

**١٩٠٦/٣/٢١**

دامەزراندنی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی لە پاریس.

**١٩٠٦/٤/٨**

رێککەوتنی (ئەلجەزیرە) لە مەغریب کۆتایی بە شەڕی کریستەکانی لەو ولاتە هێنا.

**١٩٠٦/٤/١٨**


بومەلەرزەیەکی مەزن لە سان فرانسیسکۆ  بە هێزی ٨.٢٥ بوە هۆی کەوتنەوەی ئاگر و کاولکاریەکی زۆر، لە ئەنجام ٣٠٠٠ سێ هەزار کەس گیان لەدەست دەدا جگە لە زیانی مالی.

**١٩٠٦/٥/١٠**

یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانی روسی (دوما **Duma**) دوای شۆڕشی ١٩٠٥.

**١٩٠٦/٥/٢٥**

شانۆنوسی بەناوبانگی نەرویژی هنریک ئیپسن  Henrik Ibsenکۆچی دوایی کرد.




**١٩٠٦/٦/٣**

پاشای بەلژیکا (لیوپولدی دووەم **Leapold II**) مولکیەتی کۆنگۆ لە رۆژئاوای ئەفریکا بەسەر خۆیدا تاپۆ دەکا .

**١٩٠٦/٦/٥**

هێزەکانی بەریتانی هەلمەتێکی بەناو تەمبێکردن دەکەنە سەر خێلەکانی سودان، ژمارەی ٣٥٠ کەسیان لێ دەکوژن.

۱۹۰٦/۷/۲۲

(هاکونی حەوتەم Haakon VII ) دەبێتە پادشای نەرویژ. بەناوی کارلی میری دانمار هاتە ناسین، یەکەم پادشای نەرویژ دەبێ لەدوای جیابوونەوەی لە یەکیەتی سوێدی.



۱۹۰٦/۸/۱

لەسەر فەرمانی والیی بەغدا دەولەتی عوسمانی  هێرش دەکاتە سەر لورستان.

۱۹۰٦/۹/۱۸

گەردەلولێکی بەهێز لە هۆنگ کۆنگ دەبێتە هۆی لەناوچوونی دە هەزار ۱۰۰۰۰ کەس.




۱۹۰٦/۱۰/۳

لەم رۆژەدا هێمای SOS  کرایە هێمای بەهاناوە هاتن، بەلام تا ۱۹۰۸ بەکار نەهات.



۱۹۰٦/۱۱/۳

سەرەتای جێهێشتنی هێزەکانی تورکی لە ناوچەی قوسێمی سعودی لەسەر دەست و فشاری عەبدولعەزیز کوڕی عەبدولرەحمان کوڕی فەیسەل ئالسعود.

١٩٠٧/٣/١٥

بۆ یەکەمین جار حکومەتی فینلەندا ماف بە ژن دەدات بەشداری لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکاندا بکەن ، بەم شێوە فینلەندا دەبێتە یەکەمین ولات کە ئەم مافەی بە ژن دابێ.

١٩٠٧/٣/٢٢

مهاتما گاندی لە ئەفریکا کەمپینێک بۆ پشتگیری ولاتەکەی پێکدێنی.

١٩٠٧/٣/٢٤

سوپای فرەنسی بە فەرماندەیی لیوتی دەگاتە ناو شاری وجدە لە مەغریب.



١٩٠٧/٤/٢٧

هێنانە خواری سولتان عەبدولحەمیدی دووەم، سولتانی عوسمانی لەژێر فشاری ئیتحاد و تەرەق.





١٩٠٧/٥/١

ساکیش تویودSakichi Toyoda ئامێری رستن و چنین دادەهێنێ.

١٩٠٧/٦/١٦

پەرلەمانی روسی **State Duma** هەڵدەوەشێتەوە.

١٩٠٧/٦/١٧


كوژرانی حاکمی گشتیی فینلەندا نیکۆلای دوبریکوف **Nicholai Dobrikov** لە هلسنکی.

١٩٠٧/٨/٤

لە کازەبلانکای مەغریب فرەنسیەکان هێرش دەکەنە سەر جەماوەری خۆپیشاندەر بەو هۆیەوە زیانێکی زۆریان لێدەدەن.

١٩٠٧/٨/٥

بەهۆی کوژرانی چوار فرەنسی لە دار ئەلبەیزاء دوو کەشتیی جەنگیی فرەنسی بە خەستی ئەم شارە تۆپباران دەکەن.



Edward VII　　Nicholas II of Russia

١٩٠٧/٨/٣١

ڕێککەوتن لەنێواتن گەورەترین قەیسەری روسیی (نیکۆلای دووەم**Nicholas II** )و شانشینی بەریتانیی (ئەدواردی حەوتەم **Edward VII**) لەسەر سنوردانان بۆ ئەڤغانستان.

١٩٠٧/٩/٢٥


ستالین **Jozef Stalin** بە ئەندامی لیژنەی باکۆ هاتە هەلبژاردن.

١٩٠٧/٩/٢٦

بۆ یەکەمین جار ولاتی نیوزلەندا دەخرێتە سەر نەخشەی جیهانی.

١٩٠٧/١٠/١٤

واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان ئیمپراتۆری روسی نیکۆلای دووەم **Nicholas II** و ئیمپراتۆری ژاپۆن میجی ئیرا **Meiji era** بە کۆتایی هێنانی شەری نێوان ئەو دوو ولاتە.



١٩٠٧/١٠/١٨

کۆنگرەی لاهای دەبەسترێ، ئەم کۆنگرە تایبەتە بە واژۆکردنی رێککەوتنێک لە نێوان دەولەتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ولاتان بە رێگەی ئاشتیانە.



١٩٠٧/١٠/٢٢

دامەزراندنی حزبی نیشتمانیی میسری بە سەرۆکایەتی موستەفا کامل.

١٩٠٧/١١/١٤

بۆیەکەمین جار فرۆکەی هیلیکۆپتەر بە سەرکەوتویی لە ئاسمان دەسورێتەوە، ئەم داهێنانە لەلایەن داهێنەری فرەنسی (بۆل کۆرتەر)ەوە ئەنجام دەدرێ.

١٩٠٧/١١/١٦

ئوکلاهۆما وەکو ویلایەتی ٤٦ مین دەبێتە بەشێک لە ئەمریکا .

١٩٠٨/٢/٣

داگیرکردنی شاری مەهاباد لەلایەن تورکەکانەوە بەلام دوای سێ هەفتە خۆیان چۆلی دەکەن.



١٩٠٨/٢/١

كوشتنی پاشای ئیسپانیا کارلۆسی یەکەم Carlos I o Martirizado لە لشبۆنای پۆرتوگال. لەلایەن ناحەزانی سیاسیی بەهۆی سیاسەتی لەگەڵ ئینگلیزەکان لەسەر کۆلۆنیاکانی پۆرتوگالی.

١٩٠٨/٧/٦

شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای خەندان لە ١٨٦٥ تا ١٩٥١ ژیاوە هاوکارێکی باشی میرەکانی بابان بووە، بالوێزی عوسمانیەکان بوو لە سوێد لە ١٨٩٨ تا ١٩٠٨ لەلای ئەوروپیەکان مایەی سەرنج بوە بەهۆی زیرەکی و وشیارییەوە، لەم رۆژە وەکو بالوێزی دەولەتی عوسمانی لە سوێد دەست لەکار دەکێشێتەوە و دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ کارکردن لەسەر دۆزی کورد کە جێپەنجەی دیار بووە.

١٩٠٨/٧/٢٣

کودەتای کۆمەلەی ئیتحادیەکان لە تورکیا بەهۆیەوە تورکیا دەبێتە دەولەتێکی پادشانشینی دەستوری.




١٩٠٨/٧/٢٦

دامەزراندنی دەزگای نوسینگەی لێکۆلینەوەی فیدرالیی ئەمریکی FBI .



١٩٠٨/٨/٥

شەریف پاشا کەساتیەکی کوردی باکور ئەوکات بالوێزی دەولەتی عوسمانی بوو لە سوێد لەلایەن پادشای سوێد خەلات دەکرێ.

١٩٠٨/٨/١٢

دروست کردنی یەکەم ئۆتۆمبێلی مارکەی فۆردFord .

١٩٠٨/٨/١٧

دامەزراندنی لقی کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی لە سلێمانی لەلایەن ئاغا فەتحوللا چەلەبییەوە.

١٩٨٠/٩/٢٥

دامەزراندنی کۆمەڵەی بەرزی پێشکەوتنی کوردی لە ئەستەنبۆل لەسەر دەستی (میر ئەمین عەلی بەدرخان و جەنەرال شەریف پاشا و سەید عەبدولقادر و داماد ئەحمەد و زولکەفەل پاشا و هەندێکی تریش).

١٩٠٨/٩/٢٩

کۆنگرەی نێودەولەتی بۆ پاراستنی مندالان لە لوسرن لە سویسرا بڕیار دەدا کارپێکردنی مندالان بە شەو لە تەمەنی ١٤ ساڵ بەرەو خوار، قەدەغەبێ.

١٩٠٨/١٠/٥

بولگاریا سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ و لەژێر چەپۆکی دەولەتی عوسمانی رزگاری دەبێ.

١٩٠٨/١٠/٦

نەمسا بۆسنە و هرزەگۆڤین داگیر دەکا.



١٩٠٨/١١/١

سولتان عەبدولحەمیدی دووەم ئەلشەریف حوسێن بە میری مەکە دادەنێ.

١٩٠٨/١١/٩

دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (کورد) لەلایەن تۆفیق بەگەوە لە ئەستەنبۆل ، سەرنوسەرەکەی ئەحمەد جەمیل پاشا، ئەم رۆژنامە ئۆرگانی کۆمەڵەی بەرزی پێشکەوتنی کورد بوو.

١٩٠٨/١١/١٥

شازادە (پو یی) لەتەمەنی دووساڵییدا دەچێتە شوێن باوکی (کوانگ سو) وەکو تساریی چین.



١٩٠٩/١/٢٨

وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکای داگیرکەر لە کوبا کە لە ئەنجامی شەڕی نێوان ئەوان و ئیسپانیا لە ١٨٩٨ داگیری کردبوو.




١٩٠٩/٢/٨

سولتان عەبدولحەمیدی دووەم سولتانی عوسمانیەکان لەلایەن تورکە ئیتحادیەکانەوە لەسەر دەسەلات لادەبردرێ.



١٩٠٩/٣/٣١

دەست بە دروستکردنی کەشتیی تایتانیک TITANIC دەکرێ.

١٩٠٩/٤/٦

گەڕۆکی ئەمریکی روبەرت بیری **Robert Edwin Peary** دەگاتە لوتکەی بەستوی باکوری.

١٩٠٩/٤/١٣

چەند یەکەیێکی سەربازیی سوپای عوسمانیی سەربە (ئیتحاد و تەرەقی) ماندەگرن لە دژی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم کە دەبێتە مایەی لەسەرکار لابردنی لە ٤/٢٧ی هەمان ساڵ.



١٩٠٩/٤/٢٣

تورکەکان لەسەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم کۆکوژی ئەرمەنەکان دەکەن لە شاری سیلیسیا لەم ئۆپەراسیۆنە بە هەزاران هاولاتیی سڤیل دەکوژن.

١٩٠٩/٤/٢٧

دوای ئەوەی تورکیای فەتات سولتان عەبدولحەمیدی دووەم لە تەختی سولتانی دێننە خوار سولتان محەمەدی پێنجەم بەناوی سولتان رەشاد دەسەلات دەگرێتە دەست.

١٩٠٩/٥/٢٥

هێزەکانی فەرەنسی باشوری مەغریب داگیر دەکەن.


۱۹۰۹/۷/۹

سەرەتای جەنگی ملیلیەی دووەم کە لە ۱۹۱۰ کۆتایی پێدێ، ئەم جەنگە لە مەغریب لە شاری ملیلیە بوو لەسەر سەلماندنی ناسنامەی شارەکە، لە راستیشدا ئەو شەڕە لە نێوان هاولاتیانی شار و سوپای ئیسپانیدا بوو.



۱۹۰۹/۷/۱٦

سولتان ئەحمەد میرزا قاجاری لە تەمەنی ۱۲ساڵی دەبێتە شای ئێران.



۱۹۰۹/۹/۱۲

لەدایک بوونی کوردناس و زانای مەزنی کوردی سۆڤیەت قەناتی کوردۆ لە گوندی سوسزی ناوچەی قانزمای هەرێمی قارس لە باکوری کوردستان کە ئەوکات سەربەدەولەتی عوسمانی بوو.

۱۹۰۹/۱۰/۳

دوای روداوەکانی ناسراو بە (هەفتەی خوێناوی) ، حوکمی لەسێدارەدان بەسەر بیرمەن فرانسیسک فیریر دا جێبەجێ دەکرێ لە بەرشەلۆنا.

١٩٠٩/١٠/١٥

دەرکردنی گۆڤاری (مەشروتە) بە زمانی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن بزوتنەوەی مەشروتەوە.



١٩٠٩/١٠/٢٦

نیشتمانپەروەری کۆری ئان جانک لە شاری هاربین لە چین وەکو دەربرینی نارەزایی لە پیدانی کۆریا بە ژاپۆن تەقە لە سەرۆک وەزیرانی پیشوی ژاپۆن (دە هیرۆ یومی )دەکا و دەیکوژێ.

١٩٠٩/١٢/٦


یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (بەیت ئەلنەهرێن) لە بەغدا دەرچوو، زمانحالی حزبی ئادی و هاوپەیمانی ( حزب الحریە والائتلاف) بوو.

١٩٠٩/١٢/١٦

موحافزخوازەکان لە نیکەراگوا بە فشاری خۆپیشاندان (خوسیە زۆرایا) ی لیبرالیست لە دەسەلات دادەبەزێنن و لە شوێن ئەو د. خوسیە مادریس دادەنێن.

## ١٩١٠/١/١٠

دامەزراندنی کۆمەلەی هیوا لە کوردستان.




## ١٩١٠/١/١٣

کۆچی دوایی شاعیری کورد شێخ ڕەزای تالەبانی.



## ١٩١٠/٢/٩

دامەزراندنی کۆمەڵەی هێڤی لە ئەستەنبۆل.



## ١٩١٠/٢/٢٠

کوشتنی پتروس غالیی سەرۆک وەزیرانی میسر بەدەستی ئیبراهیم ئەلوەردانی بە بیانوی ئەوەی ناوبراو لە ١٨٩٩/١/١٩ لەگەڵ سودان ڕێککەوتنی واژۆ کردووە کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ولاتەکەی بووە، خۆی یەکەمین سەرۆک وەزیرانی بوە لە ڕەگەزی میسری.

١٩١٠/٣/٨

فرۆکەوانی فرەنسی لە رەگەزی ژن (ریمون دی لاروش) یەکەمین فرۆکەوانی ژنە لەم رۆژەدا بڕوانامەی فرۆکەوانیی پێدەدرێ.

١٩١٠/٣/١٠

نەهێشتنی سیستەمی کۆیلایەتی لە چین.



١٩١٠/٥/٤

دامەزراندنی هێزی دەریاوانیی کەنەدی کە بەشێکە لە هێزی چەکداری کەنەدی .




١٩١٠/٥/٦

دوای مردنی پادشا ئەدواردی حەوتەم **Edward VII**، جورجی پێنجەم **George V** دەبێتە پادشای پادشانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) .

١٩١٠/٥/١٣

جێبەجێ کردنی بریاری ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی کە ساڵی پار لە ١٩٠٩ دەریکرد سەبارەت بە دامەزراندنی یەکێتی باشوری ئەفریکا بە پێێ ئەو مەرسومنامە هەریەک لە کۆلۆنیی (الراس **Cape Town** و ناتال و هەردوو دەولەتی ئۆرەنج و ترانسفال) سەر بە دەسەلاتی بەریتانی دەبن بۆ ئەو سێ دەولەتەش هەریەک لە شارەکانی بریتوریا و شاری الراس و (کاپ تاون **Cape Town**) دەبنە پایتەختی یاسادانان، بلومفونتینیش دەبێتە پایتەختی دادوەری، دیارە ئەم شێوە دەولەتە لە سەرووەریی کەم کراوەتەوە چونکە سەربە بەریتانیاوە دەبێ هەر بەپێێ ئەو مەرسومنامە زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە زمانی زکماکیان بێبەش دەبن چونکە زمانی

ئینگلیزی و هۆلەندی کرانە زمانی فەرمیی ولات بەمەش سەرەتای چاندنی تۆی رەگەزپەرستی لەو دەولەتە دەست پێدەکا.

**١٩١٠/٥/٣١**

باشوری ئەفریکا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و لە هەمان کاتیشدا پارتی نیشتمانیی ئەفریکی دادەمەزرێ.

**١٩١٠/٦/٢٤**

ژاپۆن بە هاوکاری و رەزامەندی خجانەوادەی (جونسوی) پادشایەتی کۆریا داگیر دەکا.

**١٩١٠/٦/٣٠**

دامەزراندنی یەکێتیی باشوری ئەفریکیUnion of South Africa . کە ئێستا بە کۆماری باشوری ئەفریکا دێتە ناسین، ئەم یەکێتیە پێکهاتبوو لەم دەولەتۆکانە کیپ تاون،، ناتال، ترانسفال و دەولەتی ئۆرەنجی ئازاد، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش رێگە بە یەکێتی ئەفریکا درا کۆلۆنیەکانی ئەلمانیش ببات بەرێوە کە کەوتبوونە باشور و رۆژئاوای ئەفریکا بە ئینتدابی کۆمەڵەی گەلان.



**١٩١٠/٧/١**

فلۆرانس نایتنگل **Florence Nightingale** چالاکوان و چاکسازێکی کۆمەلایەتیی ئینگلزی بوو لەتەمەنی ٩٤ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا.

**١٩١٠/٨/١٤**

کەوتنەوەی ئاگر لە پیشانگای نێودەولەتی لە برۆکسل بەهۆیەوە پیشانگاکانی بەریتانیا و فەرەنسا بە تەواوەتی خاپور بوون.

١٩١٠/٨/٢٢

دوای ئەوەی ژاپۆن كۆریا داگیردەكا. هەردووكیان رێككەوتننامەیەک واژۆ دەكەن. بە پێی ئەو رێككەوتننامە ژاپۆن كۆریا لە هێرشی دەرەكی دەپارێزێ و خانەوادەی پادشایەتی جونسوش دەپارێزێ تا لەسەر حوكم بمێننەوە ئەم رێككەوتنەش بوە مایەی ئەوەی ژاپۆن كۆریا داگیربكا.



١٩١٠/٨/٢٨

مۆنتنگرۆ (چیای رەش) Montenegro لەژێر فەرمانرەوایی نیكۆلاسی یەكەم Nicholas I of Montenegro سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩١٠/٨/٢٩

سون جوگ ئیمپراتۆری كۆریا دەست لەكار دەكێشێتەوە و سیستەمی پادشایەتیش هەڵدەوەشێنێتەوە.

١٩١٠/٨/٢٩

بەپێی رێككەوتنێكی بەزۆر لە نێوان كۆریای و ژاپۆن، كۆریا سەروەری خۆی لەدەست دەداو بە فەرمی دەكەوێتە ژێر دەسەلاتی ژاپۆنەوە.

١٩١٠/٩/١٠

نوسەری ناوداری روسی فەیلەسوف لیۆ تولستۆی Leo Tolstoy كۆچی دوایی دەكا.


١٩١٠/١٠/٥



شۆڕشی ٥ی ئۆكتۆبەر لە پۆرتوگال كە بوە هۆی هەلوەشاندنەوەی رژێمی پادشایەتی و هاتنە كای سیستەمی كۆماری لەو ولاتە.

١٩١٠/١٠/٥

پۆرتوگال دەبێتە كۆماری و پادشا مانویلی دووەم Manuel II رادەكاتە بەریتانیا.



١٩١٠/١٠/١١

سەرۆکی ئەمریکا تیودور رۆسڤیلت **Theodore Roosevelt** یەکەم سەرۆک دەبێ ماوەی چوار خولەک سواری ئەو فرۆکە دەبێ کە برایانی رایت **Wright brothers** لە ویلایەتی میزوری دروستیان کردبوو.



١٩١٠/١٠/١٩

لەدایک بوونی هونەرمەندی مەزنی عەرەب فەرید ئەترەش .



١٩١٠/١٠/٣٠

هنری دونانت **Jean-Henri Dunant** دامەزرێنەری رێکخراوی خاچی سوری نێودەولەتی لەتەمەنی ٨٢ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا.

١٩١١/١/١٨

بۆ یەکەمین جار نیشتنەوەی فرۆکە لەسەر پشتی کەشتیی فرۆکەهەڵگر بە سەرکەوتویی ئەنجام دەدرێ، ئەمەش دەبێتە دەرگایەک بۆ بەکار هێنانی کەشتیەکان بۆ گواستنەوەی فرۆکە جەنگیەکان لە ناو دەریا و کارکردن بۆ دروست کردنی ئەم جۆرە کەشتیانە.

## ١٩١١/٣/٨

بۆ یەکەمین جار لە نیوۆرک پەنجەمۆر بەکارهات بۆ دۆزینەوە و ئاشکەرا کردنی تاوان و چەندین مەبەستی دیکەی لێکۆڵینەوە و پشکنین.

## ١٩١١/٥/٢

هێزێکی زۆری سوپای فەرەنسا گەیشتنە ناو خاکی مەراکش، بەمەبەستی دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشەی کە لەدژی داگیرکاری فەرەنسی زۆربەی شارەکانی مەراکشی گرتبووەوە.

دوای مانەوە و هەڵمەتی هێرشبردن سەرجەم شۆڕشەکانیان دامرکاندنەوە. ئەمەش بە سەرکوتکردن و کوشتن و کاولکارییەکی زۆر کۆتایی دێت.



## ١٩١١/٥/٢٥

دکتاتۆری مەکسیک پۆرفیریۆ دیاز **Porfirio Diaz** دەست لە پۆستەکەی هەڵدەگرێ .





## ١٩١١/٨/٢٢

دزینی تابلۆی مۆنالیزا کە لە دەستکردی شێوەکاری بەناوبانگی ئیتالی هونەرمەند لیوناردۆ داڤنشی بوو.

## ١٩١١/٩/٢٩

سەرەتای جەنگی ئیتالیا و عوسمانیەکان کە لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩١٢ کۆتایی پێدێت.

١٩١١/١٠/٤

ئیتالیا دەولەتی عوسمانی لە تەرابلوسی رۆژئاوا وەدەر دەنێ و خۆی داگیری دەکا، بەم داگیرکاریەی شەڕی ئیتالیا و لیبیا رادەگەیەنێ.



١٩١١/١٠/٥

ئیمامی یەمەن یەحیا حەمیدەدین بروسکە بۆ دەولەتی عوسمانی لێدەدا کە ئامادەیە بە هەزار سەربازەوە لەژێر ئالای دەولەتی عوسمانی دژی ئیتالیا لە تەرابلوسی رۆژئاوا بجەنگن.




١٩١١/١٠/٩

کۆتایی ناکۆکیەکانی نێوان یەمەن و عوسمانیەکان .

١٩١١/١٠/٩

دەستپێکردنی شۆڕش لە چین.



١٩١١/١٠/١٣

سەرەتای داگیر کردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیاوە، هێزەکانی ئیتالی لە کەنارەکانی لیبیا دادەبەزن.

١٩١١/١٠/٢١

واژۆکردنی رێککەوتننامەیەک لە نێوان حکومەتی ئێران و تورکیا لەسەر سنوری نێوانیان کە پارچەکردنی کوردستان بووە.

١٩١١/١١/١

یەکەمین بۆمب لە فرۆکەوە هاوێژرێ بە فرۆکەی ئیتالی بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی دژی سوپای هاوپەیمانان.

١٩١١/١١/٣

ئۆتۆمبێلی شۆفرۆلێت دەکەوێتە بازارەوە بە فۆرمی تی فۆرد.

١٩١١/١١/٤

فەرنسا و ئەلمانیا لەسەر دابەش کردنی بەرژەوەندیەکانیان لە کۆنگۆ و مەغریب رێک دەکەون لەسەر ئەوەی فرەنسا دان بە بەرژەوەندیەکانی ئەلمانیادا بنێ لە کۆنگۆ لە بەرانبەردا ئەلمانیا دان بە بەرژەوەندیەکانی فرەنسادا بنێ لە مەغریب ، دوای ئەوەی لە رێگەی سوپای داگیرکاریی مەغربەوە فرەنسا دەتوانێ دەنگە نارازیەکان کپ بکات.

١٩١١/١١/٦

سولتانی نەجد عەبدولعەزیز بن سعود بروسکەیەک بۆ دەولەتی عوسمانی لێدەدا وەکو پشتگیری و ئامادەیی خۆیان دەردەبرێ کە لەژێر ئالای دەولەتی عوسمانی ئامادەن بجەنگن دژی سوپای ئیتالی لە تەرابلوسی رۆژئاوا.

١٩١١/١٢/١٤

گەریدەی دۆزەرەوەی نەرویژی روال أموندسن **Roald Amundsen** لەگەڵ چوار لە یاوەرانی بۆ یەکەمین جار دەگەنە جەمسەری باشور.

١٩١١/١٢/٢٢

یەکەم خوێندنگای نیزامی لە کوێت بەناوی خوێندنگای موبارەکە دەکرێتەوە.



۱۹۱۲/۱/۱

به سەرۆكایەتی(سون یات سن Sun Yat sen ) كۆماری چین رادەگەیەندرێ، بەلام بەمە كۆتایی بە ناكۆكیە ناوەخۆییەكان نایە.

۱۹۱۲/۱/٥

دامەزراندنی یانەی زەمالكی میسری كە لەژێر ناوی كۆشكی نیل لەسەر دەستی پادشای بەلژیكی جۆرج مرزباخ دامەزرا.




۱۹۱۲/۱/٦

نیو مەكسیكۆ New Mexico دەبێتە ویلایەتی ٤٧ مین لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.



۱۹۱۲/۱/۸

دامەزراندنی كۆنگرەی نیشتمانی ئەفریكی لە باشوری ئەفریكاكە حزبێكی سیاسیی باشوری ئەفریكایە و ئێستا حوكمرانی ئەو ولاتە دەكات . هەرچەندە لە باشوری ئەفریكا رەشپێستەكان لە %٧٥ ی دانیشتوان پێكدێنن بەلام تا ۱۹۹٤ رێگە پێدراو نەبوون حوكم بگرنە دەست. ئەم حزبە خۆی بە چەپ دەزانێ.



١٩١٢/١/١٢

لە پراگ لینین جیا بوونەوەی بۆلشەفیی لە مەنشەفی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی پارتی کاری سۆسیالیستی دیموکراتی روسی لە ١٩٠٣ لەسەر دەستی لینین دادەمەزرێ بەهۆی ناکۆکی بیرکردنەوە و بۆچونەکانی بەسەر دوو باڵی بۆلشەفیک واتە زۆرینە و مەنشەفیک واتە کەمینەدا دابەش ببوو ئەمە کاری کردبوە سەر یەکێتی پەیام و بیرکردنەوەکانیان تا لەم رۆژە لینین هەردوو باڵەکەی لەیەک جیا کردەوە.

١٩١٢/١/١٨

دەرچونی ژمارەی یەکی رۆژنامەی (ماف) لەلایەن نوسەری کورد مەعروف چیاووک لە بەغدا.




١٩١٢/٢/١٤

ئەریزۆنا Arizona دەبێتە ویلایەتی ٤٨ ەمین ویلایەتی ئەمریکی.

١٩١٢/٢/١٨



دامەزراندی کۆمەڵەی چاکسازی- بەسرە (البصره للاصلاحیه) بە سەرۆکایەتی طالب ئەلنەقیب . ناوی تەواوی تالیب پاشای کوڕی سەید رەجەب کوری سەید محەمەد سەعید کوڕی تالیب کوری دەروێشی روفاعیی ئەلحوسێنی بە رەچەلەک دەگەڕێنەوە سەر ئەحمەدی کوری عەلیی کوری یەحیای روفاعی خاوەنی رێبازی روفاعیی سەربە ئیمام حوسێن .



١٩١٢/٣/١

یەکەم خۆهەڵدانی بە پەرەشوت لە مێژوو لەم رۆژە رویدا کاتێک کابتنێکی سوپای ئەمریکی بەناوی ( ئەلبیرت بیری) لە بەرزایی ١٥٠٠ پێ بە فرۆکەی دوو روو خۆی لەسەر پادگای جیفرسون فرێدەداتە خوارەوە.

١٩١٢/٣/١٢

دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی لە چین بە سەرۆکایەتی سون یات سین **Sun Yat-sen**.

١٩١٢/٤/١٤





کەشتیی تایتانیک کە کەشتیی گەشتیارە دەولەمەندەکان بوو لە زەریای ئەتلەس خۆی دەکێشێ بە چیایەکی شەختین (بەستوو) و دوای سێ کاتژمێر نقوم دەبێ. ئەم کەشتیە ٢٣٤٠ کەسی هەلگرتبوو دوای بەریەککەوتنی بەو چیایە شەختەییە تەنها ٧٠٠ کەسی لێ نەجاتی بوو ئەوانیتر گیانیان لەدەست دا.

١٩١٢/٤/٢٤





یەکەم ژمارەی رۆژنامەی براڤدا کە دەرچوو زمانحالی بۆلشەڤیەکانی روسیا بوو.

١٩١٢/٥/٢٠

توركەکان پەلاماری دوو گوندی کوردان دەدەن لە رۆژهەلاتی کوردستان کە گوندەکانی ناوچەی قوتوریان بوون بەلام هێزەکانی سمکۆی شکاک بەرپەرچیان دەدەنەوە و بەرەو پاش راویان دەنێن.

**١٩١٢/٥/٢٩**

بولگاریا و یۆنان لە دژی دەولەتی عوسمانی رێککەوتنێک واژۆ دەکەن.

١٩١٢/٧/٦

لە ستۆکهۆلم دەست بە پێنجەم خولی یاریی ئۆلمپیاد دەکرێ.

**١٩١٢/٧/١٢**

دەولەتی عوسمانی رازی دەبێ لەگەڵ ئیتالیا لەسەر پرسی لیبیا لە لۆزان دانیشێ و رێککەوتن واژۆ بکەن.



١٩١٢/٧/١٥

یوشی هیتۆ **Yoshihito** دەبێتە ١٢٣ یەمین قەیسەری ژاپۆن بەناوی قەیسەر تایشۆ **Keizer Taisho**.

**١٩١٢/٩/١٥**

ئەکتەری کۆمیدیی میسری ئیسماعیل یاسین لەدایک بووە، ناوبراو لە شاری سویس لەدایک دەبێ ژیانێکی ناسەقامگیری هەبووە بۆیە خوێندنی تەواو نەکردووە ، لە ٢٤ی ئایاری ١٩٧٢ بە نەخۆشی دڵوەستان کۆچی دوایی دەکا.

**١٩١٢/١٠/٨**

سەرەتای جەنگی بەلکانیی یەکەم لە نێوان دەولەتی تورکی عوسمانی لەلایەک و سربیا و بولگاریا لەلایەک، ئەم جەنگە لە ٣٠ی ئایاری ١٩١٣ کۆتایی دێت.

**١٩١٢/١٠/١٨**

ئەو شەڕەی نێوان عوسمانیەکان و ئیتالیەکان لە ٢٩ی سەپتەمبەری ١٩١١ دەستی پێکردبوو. کۆتایی پێدێ .

**١٩١٢/١٠/٢٥**


لە نزیک زندیشتە شەڕ لە نێوان هێزە کوردیەکان و روسەکان روویدا.

١٩١٢/١١/٥

ودرۆ ویلسۆ **Woodrow wilson** بە سەرۆکی ئەمریکا دێتە هەڵبژاردن .

**١٩١٢/١١/٢٨**

ئەلبانیا سەربەخۆیی خۆی لە ژێر داگیرکاری دەولەتی عوسمانی راگەیاند یەکەم سەرۆکی (ئەحمەد زۆگۆ) بوو کە دەرەبەگێکی ستەمکار بوو.



**١٩١٢/١٢/٧**

دۆزینەوەی پەیکەری نەفەرتینی پادشای فیرەعەونیەکان و هاوسەری ئەخناتونی فیرعەون لە ناوچەی تەل ئەلعمرانە لە ئەلمینای میسر، نەفەرتینی دەگوترێ جوانترین ژنی ئەو سەردەم بووە گوایە بەرەگەز کورد بووە.

**١٩١٢/١٢/٢٠**

ئەوروپا دان بە سەربەخۆیی ئەلبانیادا دەنێ.

**١٩١٢/١٢/٢٦**

دەرچونی یەکەم ژمارەی (بانگی کورد) لەلایەن خانەوادەی بەدرخانییەکان.

**١٩١٢/١٢/٢٨**

بۆ یەکەمین جار ترام لە سان فرانسیسکۆ دەبینرێ.



## ١٩١٣/١/٢٣

ژمارەیەک لە ئەندامانی (ئیتحاد و تەرەقی)ی تورکی بە سەرۆکایەتی ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا، دەرگای محمد رشادی سولتانی عوسمانی دەگرن تا مەحمود پاشا بە سەدری ئەعزەم (سەرۆک وەزیران) دابمەزرێنێ.

## ١٩١٣/٢/٤

لەدایک بوونی رۆزا لویس پارکس ( **Rosa Louise Parks**) کە بە ناوی ڕۆزا لویس ماکولی دەناسرێ، کەسایەتی چالاکوانی مافەکانی مرۆڤی بە ڕەچەڵەک ئەفریقی ئەمریکییە.



لە ڕێکەوتی ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥، لە مۆنتۆگمری سەر بە ویلایەتی ئەلەباما پارکس داوای شۆفێری پاسێکی (جەیمس بلیک) ی ڕەت کردەوە بە دەست هەڵگرتن لە کورسی دانیشتنەکەی لە "بەشی ڕەش پێستەکان" دا بۆ کەسێکی سپی پێست بەهۆی پڕ بوونی بەشی سپی پێستەکانەوە. پارکس یەکەم کەس نەبوو بۆ بەگژداچوونەوەی ڕەگەزپەرستی بەڵام ئەوە بوو دوای ئەم بەگژداچوونەوە و بەرهەڵستی کردنەی یاساکانی جیاکردنەوەی رەگەز پەرستی لە ویلایەتی ئەلەباما بووە هۆی گرنگی پێدانێکی زۆر بە پارکس لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی.

## ١٩١٣/٢/٢٨

تالیب ئەلنەقیب دامەزراندنی کۆمەلەی بەسرای چاکسازیرادەگەیەنێ کە داوای لامەرکەزیی دەکرد، ئەم کۆمەلە لەگەڵ بزوتنەوە رزگاریخوازیەکانی دەرەوەی ئێراق لە پەیوەندیدا بوو.



## ١٩١٣/٣/١٨

پاشای یۆنان جۆرجی یەکەم **George I of Greece** لە سالۆنیک تیرۆر دەکرێ و کورەکەی قوستەنتین جێی دەگرێتەوە.

**١٩١٣/٥/٢٥**

ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیا بریار لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ئیرلەندا دەدا.

**١٩١٣/٥/٣٠**

تورکیا بە مەرجی ئاشتی لەگەل دەولەتانی بەلکانی رازی دەبێ و لە لۆندۆن رێککەوتنێک واژۆ دەکەن، بەپێی ئەو رێککەوتنە تورکیا رازی دەبێ لە هەموو خاکی ئەوروپا کە داگیری کردووە بکشێتەوە جگە لە بەشێکی کەم نەبێ.

**١٩١٣/٥/٣٠**


کۆتایی جەنگی بەلکانیی یەکەم کە لە ١٩١٢/١٠/٨ دەستی پێکردبوو.

**١٩١٣/٦/٦**

لە شاری ئەستەنبوڵ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هەتاوی کورد) بڵاوکرایەوە، ئەم گۆڤارە بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی (هێڤی کورد) بوو گۆڤارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی مانگانە بووە و بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی بابەتی بڵاوکردووەتەوە.

**١٩١٣/٦/١٠**

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی رۆژی کورد لە باکوری کوردستان دەردەکرێ.




**١٩١٣/٦/٢٩**

هەڵگیرسانی شەڕی بەلکانی دووەم لە نێوان بولگاریا لەلایەک و دەولەتی تورکی عوسمانی وسربیا و یونان و رۆمانیا ومۆنتنگرۆ لەلایەک هەلگیرسا لەسەر هەرێمی (مەکەدۆنیای باکور) کە بولگاریا نیازی وابوو لە سربیای دابڕێنێ و بیخاتە سەر خاکی خۆی، ئەم شەڕە دوای ٤٥ رۆژ بە رێککەوتنی بۆخاریست لە ١٠ی ئاب کۆتایی هات.

١٩١٣/٧/١٢

یەکەمین خوێندنگای کوردی لە کوردستانی مەزن لە شاری خوی لە رۆژهەلاتی کوردستان لەسەردەستی سەرکردە سمکۆی شکاک کراوەتەوە هەریەک لە نەمران عبدالرزاق بەدرخان و چیرکۆف لە کردنەوەی یارمەتیان داوە.

١٩١٣/٧/٢٩

رێککەوتنی ئەنگلۆ تورکی لەسەر دیاری کردنی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ئینگلیزی و تورکی بەپێێ ئەو رێککەوتنە رازی دەبن لەسەر ناوچە و هەرێمەکانی نیمچە بیابانی عەرەبی و رازی بوونی تورکیا لەسەر نەخشەی بەنەفسەجی تایبەت بە سنورەکانی نێوان دەولەتانی عەرەبی کە دەکەونە ژێر رکێفی ئینگلیزیەوە.

١٩١٣/٧/٣١

جەنگی بەلکانی دووەم دەست پێدەکا بە هێرشی بولگاریا بۆسەر سربیا و داگیری دەکا.



١٩١٣/٩/٢٩

رودۆلف دیسل **Rudolf Diesel** داهێنەری مۆتۆری دیسل لەتەمەنی ٥٥ سالٌییدا کۆچی دوایی دەکا .دیسال لە ١٨ی ئاداری ١٨٥٨ لە پریسی ولاتی فگرەنسا لەدایک بووە، پیشەی ئەندازیاری میکانیکی ی ئەلمانی بووە خۆی داهێنەری ئامءرێ دیسل بوو.




١٩١٣/١٠/٢٧

حاکمی کوێت موبارەک ئەلسەباح مافی دەرکردنی نەوت بە بەریتانیا دەدا.

**١٩١٣/١١/٣**

ئەمریكا یاسای باجی داهات دەخاتە بواری جێبەجێكردن .

**١٩١٣/١١/٦**

مهاتما گاندی لە باشوری ئەفریكا دەستگیر دەكرێ لەوكاتەی لە رێپێوانێكی نارەزایی كرێكارانی كانزاكان بەشداریی دەكرد.

١٩١٣/١١/١٤

دامەزراندنی كۆمەلەی رۆشنبیری كوردستان لە شاری خوی لەلایەن عەبدولرەزاق بەدرخانەوە.

**١٩١٣/١٢/٢٣**

دامەزراندنی بانكی ناوەندیی ئەمریكی .

**١٩١٤/٢/٨**

یەكەم ژمارەی گۆڤاری (دەنگی كورد) لە ئەستەنبۆل لەلایەن مامۆستا جەمال بابانەوە بلاو كرایەوە.

**١٩١٤/٣/٦**

لەدایك بوونی ئیبراهیم ئەحمەد ڕووناكبیر و نووسەر و خەباتكار، ئیبراهیم ئەحمەد خەڵكی سلێمانی و باشووری كوردستان بووە. لە ڕۆژنامەكانی ژیان، خەبات، كوردستان كاری نووسینی كردووە. لە ساڵی ١٩٦٤ ئەوكاتەی سەرۆكی مەكتەبی سیاسیی پارتی بووە لێی جیا بۆتەوە. لەكاتێكا خۆی یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق . لە ١٨ی نیسانی ٢٠٠٠ كۆچی دوایی دەكا.

**١٩١٤/٤/٤**

كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی ی نەژادپەرستی تورك، كۆبوونەوەیەكی فراوانی سازكرد، بەمەبەستی پیلان دانان بۆ سەركوتكردنی شۆڕشی كورد لە باكوری كوردستان.

**١٩١٤/٥/٧**

یەكەم كەشتی لە تەنگەئاوی (كەنالی) پەنەما دەپەڕێتەوە.

### ١٩١٤/٥/٢٥

بەریتانیا حوکمی خۆجێیی بۆ ئیرلەندا پەسند دەکا.

### ١٩١٤/٥/٢٩

کەشتیی نەوت گوێزەرەوەی سوێدی (ستورلاند) بەهۆی تەم و مژەوە خۆی دەکێشێ بە کەشتیەکی جەنگیی بەریتانی (ئیمپراتۆری ئیرلەندا) لە ئەنجام ٩٠٠ کەس لە ئاو نقوم دەبن.

### ١٩١٤/٦/٢٨




تیرۆر کردنی شازادەی نەمسا و مەجەر فرانز فردیناند Franz Ferdinand بە دەستی سربی ( گافریلو پرینسیپ Gavrilo Princip) ، کە بوە هۆی هەلگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی.



### ١٩١٤/٧/٢٨

دوای کوژرانی شازادەی ئیمپراتۆری نەمساو مەجەر فرانز فردیناند Franz Ferdinand لە سربیا بە دەستی، ( گافریلو پرینسیپ Gavrilo Princip) ئیمپراتۆری نەمسا شەڕ دژی شانشینی سربیا رادەگەیەنێ بەمە دەبێتە دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی.

**١٩١٤/٧/٣١**

لە جەنگی یەکەمی جیهانی هێزەکانی ئەڵمانی گەمارۆی میرنشینی لۆکسەمبورگ دەدەن و هۆشداریش دەدەنە بەلژیکا.

**١٩١٤/٨/٢**

هێزەکانی ئەڵمانی بە پێی نەخشەی شلیفن لۆکسمبورگ داگیر دەکا.

**١٩١٤/٨/٢**

بە رابەرایەتی ئەنوەر پادشای وەزیری جەنگ، تورکیا پەیماننامەیەکی بەرگری دژی روسیا لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا کرد ، ئەم پەیماننامەیە تەنها دوای یەک رۆژ لە راگەیدنی جەنگ لەلایەن ئەڵمانیاوە دێت. بەم واژۆیە تورکیا دەکەوێتە بەرەی جەنگی (محوەر) کە ئیتالیا و ئەڵمانیا و ژاپۆن بوون.

**١٩١٤/٨/٢**

بەهۆی هەلگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تورکیای عوسمانی فەرمانی سەفەر بەگلگ دەردەکا واتا نەفیر عام، بەپێ ئەو فەرمانە هەرکەسەی بتوانێ چەک هەلگرێ دەبێ خۆی ئامادەی چەکهەلگرتن بکا.

**١٩١٤/٨/٥**

لە جەنگی یەکەمی جیهانی هێزەکانی ئەڵمانی لە شەڕی لیچ هێزەکانی بەلژیک دەبەزێنن.

**١٩١٤/٨/١١**

حکومەتی عوسمانی مافی هاتنەژورەوەی بە هەردوو کەشتیە ئەڵمانیەکە دا کە گەیشتنە بەندەری عوسمانی بەهۆی ئەوەی لەدەست کەشتیەکانی بەریتانی رایانکردبوو.

**١٩١٤/٨/١٥**

کەنالی پەنەما کە کەوتۆتە نێوان زەریای پاسیفیک (هێمن) و ئەتلەس لەم رۆژە بە فەرمی دەکرێتەوە.

**١٩١٤/٨/١٦**

لە شەڕی سرپی هێزەکانی سربی شکست بە هێزەکانی نەمسا و هەنگاریا دێنن ئەم شەڕە تا سێ رۆژ دەخایەنێ، ئەمە یەکەمین سەرکەوتنی دەولەتانی هاوپەیمانان دەبێ لە جەنگی یەکەمی جیهانی.



١٩١٤/٨/٢٩

فەرماندەی یەکی روسی بەناوی ئەلکسەندەر سامسونوف **Alexander Samsonov** بەهۆی شکستی هێزەکەی بەرانبەر بە هێزی ئەلمانی لە شەڕی (تاننبورگ) لە جەنگی یەکەمی جیهانی خۆی دەکوژێ. سوپاکەی ئەلکسەندەر لە کۆی ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار سەرباز تەنها ١٠٠٠٠ دە هەزار سەرباز دەتوانن خۆیان دەرباز کەن ئەوانیتر هەمووی تیادەچن بەهۆی گەورەیی ئەم شکستە کە دلنیایە تساری شکستەکە دەخاتە ئەستۆی ئەو بەو هۆیەوە خۆی دەکوژێ ولە ١٩١٦ ئەلمانیا بە میانگێڕی خاچی سوری نێودەولەتیەوە لاشەکەی رادەستی هاوسەری دەکاتەوە.



١٩١٤/٩/١٩

دوای ئەوەی ئینگلیز خدێوی عەباس حلمی لە پۆستی سولتانی لادەبەن حوسێن کاملی کوری خدێوی ئیسماعیل دەکەنە سولتانی میسر و میسریش دەکەنە پارێزراوی بەردەستی ئینگلیز ئەم هەنگاوە کۆتایی بە دەسەلاتەکانی دەولەتی عوسمانیی لە میسر هێنا.

١٩١٤/١٠/٩


لە جەنگی یەکەمی جیهانی گەمارۆی شاری ئەنتڤێرپنی **Antwerpen** بەلژیکی دەدرێ و بەو هۆیەوە هێزەکانی ئەلمانی دەتوانن ئەو شارە بگرن ، لەو کاتەوە دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئەلمانیەوە.

١٩١٤/١٠/١٧

دەولەتی عوسمانی لەمیانی جەنگی یەکەمی جیهانی شەڕ دژی بولگاریا و عەرەب رادەگەیەنێ . بولگاریا لە بەرەی هاوپەیمانانداا بوو، هەرچی عەرەبەکانیش بوون بە هاندانی ئینگلیز دژی عوسمانیەکان راپەڕین و توانیان لە ژێر داگیرکاری ئەو دەرچن.

**١٩١٤/١٠/٢٩**

کەشتیگەلی عوسمانی هێرش دەکاتە سەر بەندەری نوفوروسیسک ، لەوکاتەوە روسیا بریاری شەر لە دژی دەولەتی عوسمانی دەدا لە جەنگی یەکەمی جیهانی.




**١٩١٤/١١/١**

ناوی شاری پترسبۆرگ **Sit Petersburg** گۆڕدرا بۆ **Petrograd** پتروگراد کە دواتر دەگۆڕدرێ بۆ **Linin Grad** لینینگراد.

**١٩١٤/١١/٥**

بەریتانیا بە هاوکاری فرەنسا قوبرس داگیر دەکا و باری شەڕ لەگەڵ دەولەتی عوسمانی رادەگەیەنێ.

**١٩١٤/١١/١٢**

ئێران بێلایەنی خۆی لە جەنگی یەکەمی جیهانی رادەگەیەنێ.

**١٩١٤/١١/١٥**

روسیا و بەریتانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی شەڕ دژی تورکیا رادەگەیەنن.

**١٩١٤/١١/٢١**

لەدایک بوونی عەبدولکەریم قاسم رابەر و فەرماندەی شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ لە ئێراق.

**١٩١٤/١١/٢٢**

بەسرا لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەکەوێتە دەست ئینگلیزەوە.

١٩١٤/١١/٢٣

بەهۆی شلەژانی و تێکچونی باری ئابوری و سەربازییەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانی، تورکیا بانگی جیهاد دژی هاوپەیمانان رادەگەیەنێ.

١٩١٤/١٢/١١

شەڕی دورگەی فۆکلاند تیایدا چوار لە کەشتیگەلی جەنگیی ئەڵمانی ژێرئاو دەکرێن.

١٩١٤/١٢/١٤

شۆڕشگێڕی بەناوبانگ شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەزیندانی موسل لە سێدارە دەدرێ، دەولەتی عوسمانی کاتێک لە ١٩١٣ سلیمان نەزیف دەکاتە والیی موسل ئەویش هێزێک دەنێرێتە بارزان بۆ دەستگیرکردنی شێخ عەبدولسەلام بەلام شێخ دەزانێ هێزەکەی نابەرانبەرە بۆیە روو لە رۆژهەلاتی کوردستان دەکاو دەبێتە میوانی سەید تەهای نەهری لە گوندی راژان ، دواتر دوو قۆلی لەگەڵ سمکۆی شکاک روو لە جۆرجیا دەکەن نوێنەری روسیا دەبینن تا بیانپارێزێ ، ئەویش گفتیان پێدەدا بەلام لەگەرانەوە



بە گوندی گەنگەچین دادێن سۆفی عەبدولای گەورەی گوند داوای لێدەکا کە میوانی بن ئەویش لەڕوی نایە داواکەی بشکێنێ، بەگوێی دەکا کەچی بەشەو شێخ و هەردوو یاوەرەکەی قۆلبەست دەکاو دەیداتە دەست تورکەکان ئەوانیش دەیبەن بۆ زیندانی موسل لە دادگایەکی شکلیدا حوکمی سێدارەی بەسەردا دەسەپێنن و جێبەجێی دەکەن.

١٩١٤/١٢/١٨

بەریتانیا پارێزی سەر میسر رادەگەیەنێ و بەم شێوە کۆتایی بە داگیرکاری عوسمانیەکان لەسەر میسر دێت.

### ١٩١٤/١٢/٢٥

هێزەکانی ئەڵمانیا و بەریتانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەرەی ڕۆژئاوای شەڕ بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵ بە شێوەیەکی کاتی تەقە دەوەستێنن .

### ١٩١٥/١/١٢

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا ئەو پرۆژە ڕەت دەکاتەوە کە داوای پێدانی مافی دەنگدان بە ژنانی دەکرد.




### ١٩١٥/١/١٣


لۆردی یەکەم لە ئەدمیراڵی دەریاوانی بەریتانی (ونستون چرچل) لە جەنگی دووەمی جیهانی نەخشەی هێرشی سەر تەنگەئاوی دەردەنیلی عوسمانی دەخاتە ڕوو.

### ١٩١٥/١/١٤

دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕوسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانی، هێزەکانی تورکە عوسمانیەکان هێرشێکی بەربلاو دەکەنە ئەو ناوچانە کۆکوژیەکی مەزن لە ئەرمەن و ئاشوری و کوردەکان ئەنجام دەدەن.

### ١٩١٥/١/١٥


دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە شاری ڕواندز لەلایەن نوسەری کورد حوسێن حوزنی موکریانییەوە.، دواتر ئەم چاپخانە دەگواسترێتەوە شاری هەولێر.



### ١٩١٥/١/١٩

لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانی سوپای ئەڵمانیا لەڕێگەی باڵۆنی هەواییەوە، کە بە (زبلین **Zipline**) ناسرابوو، شاری یارموسی بەریتانیای بۆردومان

کرد، ئەوەش بەیەکەم هێرشی ئاسمانی دادەنرێت لەمێژوودا.



۱۹۱۵/۱/۲۵

گراهام بیل **Alexander Graham Bell** یەکەمین پەیوەندیی تەلەفۆنی لە ئەمریکای باکور بە سەرکەوتویی ئەنجام دەدا.

۱۹۱۵/۱/۳۱

لەمیانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا و بۆ یەکەمجار لەمێژوودا، سوپای ئەڵمانیا گازی ژەهراویی لەدژی هێزەکانی ڕوسیای بەکارهێنا.

۱۹۱۵/۲/۱۹



شەڕی( گالیبولی) کە تورکەکان بە شەڕی (چنگ قەلعە) ناوی دەبەن لەمیانی جەنگی یەکەمی جیهانی هاوپەیمانان هێرش دەکەنە سەر نیمچە دورگەی گالیبۆلی لە تەنگەئاوی دەردەنیل بەمەبەستی داگیردکردنی ئەستەنبۆل بەلام شکست دێنن لەم شەڕە کە هێزەکانی فرەنسی و بەریتانی و ئوسترالی و نیوزلەندی بەشدار دەبن زیاتر لە ۵۵۰۰۰و پەنجاو پێنج هەزار سەربازی هاوپەیمان و ۹۰۰۰۰ نەوەد هەزار سەربازی عوسمانی دەکوژرێن.

۱۹۱۵/۳/۱٤

بە یارمەتیی هێزەکانی روسی ئەرمەنەکان هێرش دەکەنە سەر گوند و شارەکانی کوردان لە بایەزید و وان و تاوچەکانی رەواندز و خانەقینیش، لەم هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆری کورد دەکوژرێن و گوند و شارەکانیان خاپور دەکرێن. هەر لەم هەڵمەتە ئەرمەنەکان کە هەلاتوی ناو هێزەکانی عوسمانی بوون حکومەتێکی کاتی لە وان دادەمەزرێنن.

### ١٩١٥/٤/٢

کۆبونەوەی قوستەنتینیە لە نێوان دەولەتانی ویفاق یا هاوپەیمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ دابەش کردنی مومتەلەکاتی دەولەتی عوسمانی کە لەسەر لێواری لەناوچوندا بوو.

### ١٩١٥/٤/١٨

لە جەنگی یەکەمی جیهانی فرۆکەیەکی فەرەنسی دەکەوێتە خوارەوە و فرۆکەوانەکەش (رۆلان گاردی) بە دیلی دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئەلمانیەوە.

### ١٩١٥/٤/٢٤

کۆکوژی ئەرمەنەکان لە تورکیا ، عوسمانیەکان بە هۆی هاوکاری ئەرمەنەکان لەگەڵ روس و بەریتانیەکان ژمارەی ٢٥٠ کەسایەتیی ئەرمەنی بنبزر کرد کە هەموویان رۆشنبیر و نووسەر و بازرگان و ئەندامی پەرلەمان و پیاوماقووڵی ئەرمەن بوون،، دواتر لە درێژەی ئەم کارانە نەتەوەی سریان و ئاشوریەکانیش دەگرێتەوە کە پێی دەوترا کۆکوژی (سیفو).



### ١٩١٥/٤/٢٤

ئەلمانیا گازی خەردەل لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەلژیکا لە شاری یبرس بەکار دێنێ.

### ١٩١٥/٥/١١

داگیرکردنی شاری ورمێ لە رۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن روسەکانەوە.

**١٩١٥/٥/١٥**

تیپی ٣ی قوزاقی روسی بە فەرماندەیی زابایکالیسکی کوشتاریەکی مەزنی لە شاری مەهاباد ئەنجامدا.

**١٩١٥/٥/١٥**

بەستنی کۆبونەوەی رۆژهەلاتناسی رووسی، لەم کۆبوونەوە مینۆرسکیی مێژوونوسی روسی وتارێک لەسەر جوگرافیای کوردستان پێشکەش دەکا.

**١٩١٥/٥/١٩**

لەمیانی جەنگی یەکەمی جیهانی، روسیا شاری شنۆ لە رۆژهەلاتی کوردستان داگیر دەکا. لە هەموو هێرشەکانی روسیا بۆسەر پارچەکانی کوردستان ئەرمەنەکان و ئاشورییەکان هاوکاریان بوون.

**١٩١٥/٥/٢٣**

دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی نەمسا و مەجەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی دژی ئیتالیا شەڕ رادەگەیەنێ، لە کاردانەوەی ئەمەدا ئیتالیا لە دژی ئەلمانیا دەچێتە ریز هاوپەیمانان.

**١٩١٥/٥/٢٥**

روسەکان شاری ورمێ و دەوروبەری بەتەواوەتی داگیر دەکەن.



**١٩١٥/٥/٢٨**

لەم رۆژە هێزەکانی سوپای ڕوسی هێرشیان کردە سەر شاری مەهاباد خۆرهەڵاتی کوردستان و داگیریانکرد.

**١٩١٥/٧/١٠**

کۆکوژی ئەرمەنەکان لەسەر دەستی عوسمانیەکان و جاشە کوردەکان کە بە سوارەی حەمیدی دەهاتنە ناسین لەژێر بیانوی ئاینی ئەم تاوانەیان پێ ئەنجام دان، لە باکوری کوردستان و بەتەواوەتیش لە موشێ.

هەرچەندە کوردە نیشتمانپەروەرەکان ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئەرمەنیەکانیان پاراست و لە ماڵەکانی خۆیان یا لە گوندەکانیان بە ناوی نهێنی حەشار دابوون.

١٩١٥/٨/٣٠

لە جەنگی یەکەمی جیهانی ئەڵمانەکان دەتوانن شاری برێست لیتوفسکی **Brest Litovsk** سۆڤیەتی داگیر بکەن.



١٩١٥/١٢/٩

دۆزەرەوەی نەخۆشیی زهایمەر(لەبیرچونەوە) کۆچی دواییکرد. ئەلویس زهایمەر لە بریسلاو لە ١٤ی تەموزی ١٨٦٤ لەدایک بوە.

١٩١٥/١٢/٢٠

جەنگی گالیپۆلی لە تەنگەئاوی دەردەنیل لەنێوان تورکەکان و هاوپەیمانان دەستی پێکردبوو، کۆتایی پێهات.

١٩١٦/١/٣

پەیماننامەی سایکس بیکۆ لە نێوان بەریتانیا و فرەنسا بە رەزامەندی روسیا بۆ ریککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەلاتەکانیان لە رۆژئاوای ئاسیا، ئەمەش دوای ئەوەی دەولەتی عوسمانی گلۆری دەکەوێتە لێژ و باری لار دەبێ. هەریەک لە ( بەریتانیا وفەرەنسا وڕوسیای قەیسەری ) بەنهێنی کار لەسەر رێککەوتنی سایکس – پیکۆ (**Mark saykes _ Georges Picot**، دەکەن ، لەم میانە کوردستانیان دابەشکرد بەسەر چوار بەشی سەرەکی هەر بەشێکیان لکاند بەیەکێک لەدەوڵەتەکانی : سوریا وعێراق وتورکیا و ئێران و بەشێکی بچوکیش بەر ویلایەتەکانی سۆڤیەتی دەکەوێ ، لەساڵی ١٩١٧ شۆڕشی بەلشەفییەکان لەڕوسیا ئەو ڕێککەوتنەی ئاشکرا کرد ، ئەمەش بوو بەهۆی لەدەستدانی بەشێکی زۆری ئەو زەوییانەی کوردستان کەبڕیاربوو بدرێت بەڕوسیا و لەئاکامدا لکێندرا بەتورکیاوە ، بەوەش بەشێکی بچوک مایەوە ولکێندرا بەڕوسیاوە، حوکمی ئۆتۆمی درا بەو بەشەی یەکێتیی سۆڤییەت و ناونرا کوردستانی سوور و بەڕێز گۆسیف

گاجییف "حسێن گاجییف" وەک سەرۆکی ئەو هەرێمە هەڵبژێردرا و"لاچین" کرا بەپایتەختی ئەو هەرێمە ، چەند شارێکی دیکەی وەک شارەکانی کلیباجان، کوباتلی ، زانغیلان ، جلیلابسکی ، لکێندران بەو هەرێمەوە




. دواتر شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا ، تورکەکان پەنایان بردە بەر ستالین تاوەکو کوردستانی سوور لەناوبەرێت گوایە کوردەکانی دیکە چاویان لێدەکەن وبەردەوام لەگەڵ تورکەکاندا دەجەنگن بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ، لە ئەنجامدا وەڵامی داخوازییەکانیانی دانەوە و ستالین دەستیکرد بە لەناوبردنی کوردستانی سورو پەرتەوازەی کردن بەسەر ویلایەتەکانی کازاخستان و ئازەربایجان و گورجستان و ئۆزبەکستانیدا دابەش کردن و هەرێمەکەی لە ناوبردن ئەم هەڵمەتەی لەناو بردنە بە دوو قۆناغ ئەنجامدا ، لەساڵی ١٩٣٠ دا ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی لەنێوان هەریەک لە ئێران وتورکیا ویەکێتی سۆڤییەتدا کرا بەمەبەستی دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئاگری دا و جولانەوە نەتوەوایەتیەکانی داهاتوی کلورد.

## ١٩١٦/٣/١٧

ئیتالیا دەچێتە ناو ڕێککەوتنی سایکس بیکۆوە کە لە نێوان بەریتانیا و فرەنسا و روسیا واژۆ کراوە.

## ١٩١٦/٣/٢٥

لەدایک بوونی شاعیری کورد شێخ محەمەد ئەمینی بیارە ناسراو بە (کاردۆخی).


## ١٩١٦/٤/٢٤

ئیرلەندیەکان دژی دەسەلاتدارانی بەریتانی رادەپەڕن بەلام دەسەلاتدارانی بەریتانی بە توندی سەرکوتیان دەکەن و ژمارەی ٤٦٠ کەسیان لێ دەکوژن.





## ١٩١٦/٥/٥

ئەمریكا دۆمنیكا Dominica داگیر دەكا . دۆمنیكا دورگەیەكە كەوتۆتە دەریای كاریبی، بچوكترین دورگەكانی ئەنتیلە ، ئەم دورگە بە گركان ناوی دەركردووە.



## ١٩١٦/٥/٨

كۆكوژی كوردەكان لە رواندز لەكاتی داگیركردنی لەلایەن هێزەكانی روسی و بە بەشداری چەتەكانی ئەرمەنی و ئاشوری، لەم كۆكوژیە ٥٠٠٠ ژن و مندالی كورد كۆكوژ كران و لەئەشكەوتەكان زیندە بەچالكران.




## ١٩١٦/٥/١٦

واژۆكردنی رێككەوتننامەی سایكس بیكۆ **Sykes–Picot Agreement** بە نهێنی لە نێوان بەریتانیا و فرەنسا و بە رەزامەندی روسیا كە بۆ مەبەستی دابەشكردنی میراتی عوسمانیەكان بوو چونكە دڵنیا بوون لەوەی سەركەوتنیان نزیك بۆتەوە. دیارە لەم رێككەوتنە گورزێكی مەزن بەر كوردستان دەكەوێ بەو هۆیەوە كوردستان دابەشی سەر ولاتان دەكەن.

## ١٩١٦/٦/٣

شاری مەدینەی سعودیە دەبێتە مەیدانی بەیەكدادانی نێوان تورك و عەرەب.

١٩١٦/٦/٣

لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانی روسیای قەیسەری خانەقین داگیر دەکا بۆ ئەوەی شوێنێکی ستراتیژی بگرێ و دوای شەڕیش سودی دابەشکردنی دەستکەوتی لێبکات، خانەقینی داگیرکرد و هەتا شۆڕشی ئۆکتۆبەر (١٩١٧) لێی مایەوە.

١٩١٦/٦/٥

لە مەکە عەرەبەکان دژی تورکە عوسمانیەکان رادەپەڕن بە سەرۆکایەتی حاکمی مەکە حوسێن کوری عەلی.

١٩١٦/٦/١٠

دوای پێدانی پەیمان لەلایەن بەریتانیاوە بۆ سەربەخۆ بوون، ولاتی شام و دورگەی عەرەبی دژی تورکە عوسمانیەکان شۆڕش هەڵدەگیرسێنن، ئەمەش ناونرا شۆڕی عەرەبیی مەزن.

١٩١٦/٦/١٠

لە جەنگی یەکەمی جیهانی شاری مەدینە گەمارۆ دەدرێ بۆ ماوەی دوو ساڵ و حەوت مانگ واتە تا ١٩١٩/١/١٠ چونکە ئەوکات مەدینە لەژێر دەستی عوسمانیەکاندا بوو.



١٩١٦/٦/١٠

راگەیاندنی شۆڕش دژی داگیرکاری عوسمانی لە مەکە بە فەرماندەیی ئەلشەریف بن حوسێن بن عەلی.

١٩١٦/٧/٩

ئەرجەنتین لە ژێر دەستی ئیسپانیا رزگاری دەبێ و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩١٦/٨/٢٨

ئەڵمانیا لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانی باری جەنگ لەسەر رۆمانیا رادەگەیەنێ. بەم هۆیەوە رۆمانیاش دەکەوێتە بەرەی هاوپەیمانان.

١٩١٦/٨/٣٠

حکومەتی ئەمریکی یاسای( جونز ) دەردەکا کە بەپێ ئەو یاسایە سەربەخۆیی بە فلپین دەدا.



١٩١٦/٩/١٥

بۆ یەکەمینجار لەلایەن هێزەکانی بەریتانیەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانی تانک بەکار دێت.

١٩١٦/٩/٢١

فەرماندەیی سەرەکیی سوپای دەوڵەتی عوسمانی کە لەشاری تائیفی سعودییە بوو، خۆی ڕادەستی هێزە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتانی عەرەبی کرد، بەوەش ئیستانبوڵ کۆنترۆڵی وڵاتانی عەرەبیی بەیەکجاری لەدەستدا.

١٩١٦/١١/٣

ئەنجامدانی پەیماننامەیەک لەسەر دامەزراندنی میرنشینی قەتەر

١٩١٦/١١/٧

جانیت رانکین یەکەمین ژن دەبێ ببێتە ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی .

١٩١٦/١٢/١٦

قەشە گریگۆری راسپۆتین **Grigori Raspoeten** پێشبینیی دەکرد کە بەدەستی خانەدانە روسەکان بکوژرێ چونکە ئەوان پێیان وابوو گریگۆری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خانەوادەی پادشاکانیان هەیە.


١٩١٦/١٢/١٩

شەڕی فەردان  لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان فرەنسیەکان و ئەلمانەکان ، فرەنسیەکان هێرشی ئەلمانەکان رادەگرن و هێرشی پێچەوانە دەست پێدەکەن.



١٩١٦/١٢/٢٥

لەدایک بوونی ئەحمەد بن بیلای سەرۆکی جەزائیر. لە دامەزراندنی بەرەی رزگاری جەزائیر لە ١٩٥٤ بەشدار دەبێ و وەکو یەکەم سەرۆککۆمار لە ١٩٦٣/١٠/١٥ وە بوو بە سەرۆکی کۆماری جەزائیر تا لە ١٩ی ١٩٦٥/٦ بە کودەتایەک هەواری بۆمدیان کە ئەوکات وەزیری بەرگری بوو لەسەر کاری لادەبا و زیندانیی دەکا دوای ئازادکردنی بۆ فرەنسا دووری دەخاتەوە .



١٩١٦/١٢/٣٠

گریگوری راسپۆتین **Grigori Raspoeten** کەسایەتیی رۆحیی روسیا و کۆشکی قەیسەر بەتایبەتی لەسەردەستی دوو لە ئەندامانی بنەماڵەی قەیسەر دەکوژرێ، پێشتر قەیسەری ئاگادار کردبۆوە کە ئەگەر ئەو بکوژرێ لە ماوەیەکی کورتدا سەرجەم بنەماڵەکەیان بەدەستی گەل دەکوژرێن دیارە دوای کوشتنی راسپۆتین پێشبینیەکەی راست دەرچوو بە دوای ١٩ مانگ قەیسەرو ئەندامانی بنەماڵەی دەکوژرێن.




## ١٩١٧/٣/١١

هێزی بەریتانی وەکو بەشێک لە هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەنە ناو بەغدا و داگیری دەکەن.

## ١٩١٧/٣/١٥

دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانی دەگەنە ناو بەغدا سوپای تورکی رادەکاتە خانەقین، گوایە خەلیل پاشا درێغیی لە هەلکەندنی چالەکاندا کردوە وەکو سەنگەر لە کوتەوە تا دەگاتە بەغدا بۆیە بە ئاسانی هێزەکانی هاوپەیمانان بەغدا دەگرن.



## ١٩١٧/٣/١٥

دوایین تساریی (قەیسەر)ی روسی نیکۆلاسی دووەم **Nicholaas II** دەست لە پۆستەکەی هەڵدەگرێ.

## ١٩١٧/٤/٢

کۆنگرێسی ئەمریکی رەزامەندی دەدا ئەمریکا دژی ئەلمانیا لە جەگی یەکەمی جیهانی بجەنگێ.

## ١٩١٧/٤/٦

دوای رەزامەندی کۆنگرێس ئەمریکا بە فەرمی بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەکا.

## ١٩١٧/٤/١٦

دوای مانگێک لە لادانی قەیسەری روسی نیکۆلای دووەم **Nicholaas II** لەسەر دەمی شۆڕشی بۆلشەفی فلادیمێر ئیلیچ لینین لە دورخراوەییەوە دەگەڕێتەوە پتروگراد کە ئەوسا پایتەختی روسیا بوو بۆ گرتنەدەست و سەرپەرشتی کردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بۆلشەفی.

## ١٩١٧/٦/٩

رۆماننوسی بەناوبانگی میسری یوسف ئەلسباعی لە دایک بوو . وێڕای ئەوەی دەرچوی کۆلێژی سەربازی بوو بەلام ئەدیبێکی بەتوانا بوو. یەکێک لە رۆمانە بەناوبانگەکانی (عقلی و قلبی) بوو.

## ١٩١٧/٧/٢

لە جەنگی یەکەمی جیهانی یۆنان باری شەڕ دژی ئیسپانیا رادەگەیەنێ.



## ١٩١٧/٧/٦

هێزەکانی عەرەبی بە فەرماندەیی لۆرانس ئەدواردی **Thomas Edward Lawrence** ئەفسەری بەریتانی دەست دەگرن بەسەر بەندەری عەقەبە کە لە دەست هێزەکانی تورک دا بوو.

## ١٩١٧/٧/١٧

یەکەمین کۆنگرەی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە گوندی (بیندار) دەبەسترێ بە ئامادەبونی نوێنەرانی بەریتانیا و ئێران و روسیا کە ٢٠٠٠ کەسایەتی کورد تێیدا بەشدار دەبن.



۱۹۱۷/۷/۱۷

جۆرجی پێنجەم George V پادشای بەریتانیا  کە لە لۆندۆن لە ۱۸٦٥ لەدایک ببوو تا ۱۹۳٦/۱/۲۰ ژیاوە نازناوی خانەوادەکەیان دەگۆڕێ لە  ساکس - کوبرگەوە Saxe-Coburg بۆ ویندسور Windsor.

۱۹۱۷/۹/٤

بەسەرپەرشتی (زاخار یچینکۆ) لەشاری سنە (۲۷) سەرەك خێڵی کورد، کۆنگرەیان بەست بۆ لێکتێگەیشتنی سەرانی کورد و روسیا،. لەم کۆنگرە لەدوا ساڵی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بوو کە باشوری رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکردبوو، هەرچەندە گرنگ بوو، بەڵام مەخابن، بڕیارەکانی و پەسەندی روسیاش، کاریان پێنەکرا.

۱۹۱۷/۹/۱٤

دوای ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا هەڵدەگیرسێ و سەردەکەوێ لەم رۆژە سیستەمی کۆماری لە یەکێتی سۆڤیەت دێتە راگەیاندن.



۱۹۱۷/۱۰/۸

لیون ترۆتسکی Lion trotski بە سەرۆکی ئەنجومەنی سۆڤیەتی پتروگراد دێتە هەڵبژاردن.

۱۹۱۷/۱۰/۹

شازادە فواد دوای مردنی براکەی حوسێن کامل دەبێتە سولتانی میسر.



### ١٩١٧/١٠/١٩

بەریتانیەکان بە فەرماندەیی ئەدمون ئەلنبی **Edmund Henry Hynman Allenby** قودس داگیر دەکا.

### ١٩١٧/١٠/٢٢

ستالین لە بەردەم لیژنەی جێبەجێکردنی سۆڤیەت پرۆژەی سەربەخۆیی فینلەندا رادەگەیەنێ.




### ١٩١٧/١٠/٢٤


دەستپێکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسی بەسەرۆکایەتی فلادیمێر لینین ، بە شۆڕسی شۆڕشی بۆلشەڤی دژی قەیسەری دەهاتە ناسین کە بە فەلسەفەو هزری مارکسیزم دەبردرا بەڕێوە .



### ١٩١٧/١١/٢

پەیمانی بلفۆردBalfour Declaration  کە لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (جیمس بلفۆرد **Arthur James Balfour,**) درا تیایدا پەیمانێک بە جوەکان دەدرێ کە نیشتمانێکیان بۆ دروست کەن.





November 2nd, 1917.

Dear Lord Rothschild,

I have much pleasure in conveying to you, on behalf of His Majesty's Government, the following declaration of sympathy with Jewish Zionist aspirations which has been submitted to, and approved by, the Cabinet

'His Majesty's Government view with favour the establishment in Palestine of a national home for the Jewish people, and will use their best endeavours to facilitate the achievement of this object, it being clearly understood that nothing shall be done which may prejudice the civil and religious rights of existing non-Jewish communities in Palestine, or the rights and political status enjoyed by Jews in any other country'

I should be grateful if you would bring this declaration to the knowledge of the Zionist Federation.




### ١٩١٧/١١/٧

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بۆلشەڤی بەسەرۆکایەتی لینین، دوای ئەوەی بۆلشەفیەکان تساری روسیا دەروخێنن و یەکێتی سۆڤیەت دادەمەزرێنن. لەو رۆژەوە بۆلشەفیەکان دەست بەسەر دەسەلاتی روسیادا دەگرن.

### ١٩١٧/١١/١٩

کۆمەلەی (تعالیی کوردستان) لە باکوری کوردستان لەژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان دامەزرا.

### ١٩١٧/١٢/٦

فینلەندا سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێ.

### ١٩١٧/١٢/١٥

حکومەتی نوێی روسیا (یەکێتی سۆڤیەت) لە بڕیارێکدا هەموو بڕیارەکانی سەردەمی قەیسەری ئەوانەی دەربارەی تورکیا و ئێران دەرکراون هەڵوەشاندەوە.

### ١٩١٧/١٢/٢٢

لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی روسیا دانوستان لەگەڵ ئەڵمانیادا دەکا.

### ١٩١٨/١/١

دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بە زمانی کوردی کە لە لایەن سوپای بریتانیا لە عێراق دەردەکرا. لە ماوەی شەڕی جیهانیی یەکەم کاتێک کە بریتانیا شەڕی لەگەڵ ئیمپراتۆری عوسمانی دەکرد ئەم رۆژنامەی دەردەکرد. ڕۆژنامەکە لەماوەی ١٩١٨–١٩١٩دا ٦٦ ژمارەی لێدەرکرا؛ ئەفسەری بریتانی ناسراو بە مێجەر سۆن سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو و بە یارمەتیی شاعیری کورد شوکری فەتحی دەردەکرا.

### ١٩١٨/١/١

دادوەری گشتیی بەریتانی لە ئێراق ئارنولد ویلسون بە فرۆکە دەگاتە سلێمانی و لەگەڵ شێخ مەحمودو چەند کەساتیەک کۆدەبێتەوە بۆ هێور کردنەوەی دۆخی کوردستان.

### ١٩١٨/١/٦


دەستپێکی شەڕی ناوەخۆی روسی، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، سوپای سپی بەرەنگاری سوپای سور دەبێتەوە و ئارەزوی گەراندنەوەی رژێمی کۆنیان هەبوو بەلام بە توندی سەرکوت دەکرێن، بەو هۆیەوە شەڕی ناوەخۆ دروست دەبێ ماوەی سێ ساڵ دەخایەنێ ، سەرەتا قەوقازیەکان دژی بۆلشەفیەکان دەوەستنەوە و سوپای تایبەتی خۆیان دروست دەکەن و دەست بەسەر شاری ستالینگرادا دەگرن ، خۆی ئەم شەڕە بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێ:

قۆناغی یەکەم /

لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ەوە دەست پێدەکات تا نۆڤەمبەری ١٩١٨ کە ململانێ و ناکۆکی لە نێوان هەردوو لایەنی بۆلشەفی و سوپای سپی دروست دەبێ، لایەنی دەرەکی بۆ ناوبژیوان دێنە ناویان بەلام بێسود دەبێ .

قۆناغی دووەم /

لە نۆڤەمبەری ١٩١٨ ەوە دەست پێدەکات تا ئاداری ١٩٢٠ لەم قۆناغە شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوە لە نێوان پاسەوانی سپی و سوپای سور بە توندی ڕوودەدا بێ ئەوەی هیچ لایەنەکی دەرەکی بێنە ناوبژیوانیان ، کۆتاییەکەی بە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی هات لەم قۆناغەشدا بۆلشەفیەکان دەستیان بەسەر زۆربەی خاکی سۆڤیەتدا گرت.



قۆناغی سێیەم/

لە ئاداری ١٩٢٠ ەوە دەست پێدەکات تا ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ لەم قۆناغە شەڕ لە نێوان هەردوو باڵ یا ئۆردوگاکەی سپی و سور بەردەوام دەبێ.

شەڕەکان لە پایتەخت دوور دەکەونەوە کۆتاییان بە سەرکەوتنی سوپای سوور دێت.

١٩١٨/١/٨

چواردە بنەماکەی ودرۆ ویلسونی Woodrow Wilsonسەرۆکی ئەمریکا تایبەت بە مافی گەلان و پەیوەندیە نێودەولەتیەکان کە خۆیان لەم چواردە خالە بینیەوە :

١/ پەیوەندیە نێودەولەتیەکان لەسەر بنەمای پاراستنی ئارامی گشتی دەبەسترێن.

٢/ مسۆگەرکردنی ئازادی دەریاوانی لە دەریاکانی دەرەوەی ئاوی هەرێمی لە سەردەمی شەڕ و ئاشتیدا، جگە لەو کاتانەی لە ڕێککەوتنە نێودەولەتیەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و لەسەری ڕێک دەکەون.

٣/ نەهێشتنی بەربەستە ئابوریەکان بەپێی توانا و فەراهام کردنی یەکسانی لە نێوان دەولەتە هاوکارەکان لە پێناو پاراستنی ئارامی.

٤/ بە رێژەیەک چەکدارکردن کەم بکرێتەوە کە بتوانن ئاسایشی ناوەخۆ بپارێزن.

٥/ بەرێوەبردنێکی دادپەروەر بۆ کۆلۆنیەکان دابمەزرێن بە شێوەیەک بەرژەوەندی دانیشتوانەکەی بپاریزێ.

٦/ خاکی روسیا بە هەموو شێوەیەک بۆ حکومەتەکەی جێبهێلدری و هاوکاری لەگەڵ هەر حکومەتێکی روسی بکرێ کە دێتە سەر حوکم.


٧/ خاکی بەلژیک جێبهێلدرێ و ئاوەدان بکرێتەوە.

٨/ خاکی فەرەنسا جێبهێلدرێ و ئەلزاس و لۆرینی بۆ بگێردرێتەوە و ئەوەی لە ئەنجامی شەرەکان کاول کراوە بۆی چاکب کرێتەوە.

٩/ چاو بە سنورەکانی ئیتالیادا بخشێندرێتەوە بەشێوەیەک هەموو رەگەزی ئیتالی بکەوێتە ناو سنورەکانیەوە.

١٠/ئەو نەتەوانەی دەکەونە ژێر فەرمانرەوایی ئیمپراتۆریەتی نەمسایی مافی چارەی خۆنوسیان پێبدرێ.

١١/ خاکی سربیا و رۆمانیا مۆنتنگرۆ جێبهێلدرێ، دەروازەیەکی دەریایی بە سربیا بدرێ و پەیوەندیی باش لەگەڵ دەولەتانی بەلکان لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و مێژویی ببەسترێ و ئازادی سیاسی و ئابوریان بۆ دەستەبەر بکرێ.



١٢/ سەروەری پارچەکانی تورکیا مسۆگەر بکرێ، ئەوگەلانەی تورکیش نین مافی چارەی خۆنوسیان پێبدرێ. ئازادی هاتوچۆی هەموو کەشتیەکان لە تەنگەئاوەکانی هەبێ.

١٣/ژیاندنەوەی دەولەتی پۆلەندی بە مەرجێک هەموو رەگەزی پۆلەندی بگرێتە خۆ.

١٤/ دامەزراندنی کۆمەلەی نەتەوەکان و حزبی کۆمۆنیستی هەلبژێردراو ئازاد بکرێ.

**١٩١٨/١/١٨**

کۆمەلەی دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت یەکەمین کۆبونەوەی خۆی دەبەستێ.



١٩١٨/١/١٨

مێجەر نوئێل **Edward William Charles Noel** نوێنەری ئینگلیز لەعێراق، گەیشتە شاری سلێمانیو لەوتارێکدا ئەوەی ئاشکراکرد، کە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای مەزن دان بە (شێخ مەحمودی حەفید)دا دەنێت، وەکو فەرمانڕەوای باشوری کوردستان.

١٩١٨/١/١٩

دروست بونی شەڕی ناوەخۆ لە فینلەندا لە نێوان سوپای سوور و سوپای سپی.

١٩١٨/١/١٩

کۆمەلەی دامەزراندنی روسی بڕیار لەسەر دامەزراندنی کۆماری روسیی یەکگرتوی دیموکراسی دەدا بەلام دواتر بۆلشەڤیەکان لە هەمان رۆژ هەڵی دەوەشێننەوە.

١٩١٨/١/٢٥

ئۆکرانیەکان سەربەخۆیی خۆیان لە روسیای بۆلشەڤ رادەگەیەنن.



١٩١٨/١/٢٧

شەڕی ناوەخۆ لە فینلەندا دەستپێدەکا.



۱۹۱۸/۱/۲۸

دامەزراندنی سوپای سووری سۆڤیەتی **Красная Армия** کە ترۆتسکی ئەندازیاری دامەزراندنی بوو،مەبستی سەرەکی لەم سوپایە بۆ پاراستنی سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە هێرشەکانی دراوسێ ئەوروپیەکانی ، ژمارەیەکی زۆری سەربازانی سوپای قەیسەری لەخۆ گرتبو و دواتر دەبێتە سوپایەک لە ئاست سوپاکانی هەموو دونیا بەتوانا و بەهێز.

۱۹۱۸/۲/٦

ئەنجومەنی لیتوانیا جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆیان لە روسیا رادەگەیەنن.

۱۹۱۸/۲/۸

کۆچی دوایی سولتان عەبدولحەمید سولتانی عوسمانی، کە سولتانێکی بێوێنە لە ستەمکاری و زولم کردن بوو بەتایبەت بۆ کوردەکان بەهۆیەوە دیموگرافیای کوردستان تێکدەدرێ و هاولاتیانی پەرش و بلاو دەکرێن و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ دەربەدەر و پەراگەندە دەبن.



۱۹۱۸/۲/۱۰

ناشتنی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم ، لە سەردەمی حوکمرانییدا کە لە ۳۱ی ئابی ۱۸۷٦ ەوە دەیگێڕا چەند چاکسازیەک رویان دابوو بەلام رۆژئاواییەکان بە سولتانی سوور ناویان دەبرد وەکو پێناسەکردنی بە خوێنڕێژ بەهۆی کوشتاری ئەرمەنەکانەوە کە ئەو ئەنجامی دابوو.

١٩١٨/٢/١٤

یەکێتی سۆڤیەت کار بە رۆژژمێری میلادی یا گریگۆری دەکا.

١٩١٨/٢/١٥

نزیکەی هەزار سەربازی (جیلو) دادەبەزنە نێو شاری ورمێ داوای سەرانە و مالیان لەو خەلکە دەکرد، بەهۆیەوە چەندین خەلکی سڤیلیان کوشت. هەر لەم رۆژانەدا رووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئەوان و سوپای ئێرانی روودەدا.

١٩١٨/٢/١٦

لیتوانیا لە دەولەتانی بەلتیک لە باکوری ئەوروپا لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەروبەندی تەواو بوونی بۆ یەکەمین جار سەربەخۆیی رادەگەیەنێ ، لیتوانیا سەرەتا لەلایەن روسیا داگیر دەکرێ و دواتریش لەلایەن دەولەتی نازیی ئەلمانی.



١٩١٨/٢/٢٠

یونس رەئوف مەحمود ناسراو بە دڵدار خاوەنی سرودی ئەیرەقیب. لەم رۆژە لە کۆیە لەدایک دەبێ لێ مخابن تەمەنی کورت دەبێ لە ٣٠مین ساڵی تەمەنیدا کۆچی دوایی دەکا، لە ١٩٤٨/١١/١٢ و لە هەولێر دەنێژرێ .

١٩١٨/٢/٢١

بەرپا بوونی گەورەترین شەرو گێچەل لەنێوان کورد و کریستیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت شاری ورمێ بە فیتی داگیرکەرانی تورک و فارس، لەم میانە ژمارەیەکی بێئەندازە لە کوردەکان دەکوژرێ کە بە سەدان هەزار مەزندەدەکرا. ئەم شەڕە وێرای ئەوەی کۆنسولەکانی روسی و فەرەنسی ویستیان میانگێریی تێدا بکەن بەلام ماوەی ١٥٥ رۆژ درێژەی دەبێ بە زیانێکی گیانی و مالیی یەکجار زۆرەوە.

**١٩١٨/٢/٢٢**

فەرماندەکانی ورمێ گفتوگۆ لەگەل کۆنسۆلی روسیا و بەرپرسانی پزیشکیی فرەنسی دەکەن لەسەر هێورکردنەوەی دۆخی شار کە سوپای (جیلو) نائارامیی خولقاندبوو بەلام بێ سود بوو .

١٩١٨/٢/٢٣

فەلەکانی ورمێ بارەگای سوپای قوقازەکانیان لە گەرەکێکی شاری ورمێ دایە بەر هاون چەند کەسێکیان لێ کوشتن دواتر رایانکرد.

١٩١٨/٢/٢٤

دوای حەوت سەدە لە داگیرکاری ئەمرۆ ئستونیا سەربەخۆیی خۆی لە داگیرکاری روسیا راگەیاند.

**١٩١٨/٣/١**

سەرەتای شەری نێوان روسیا و فینلەندا کە لە ١٩٢٠/١٠/١٤ دەستی پێکردبوو، لەم رۆژە کۆتایی دێ.

١٩١٨/٣/٣

ئەنجامدانی پەیماننامەی (بریست لیتوفسک **Brest Litovsk**) . تایبەت بە وەستانی شەڕ لە نێوان سۆڤیەت و ئەلمانیا کە لینین رەزامەندیی لەسەر داوە نارەزایی هەندێک لایەنی سۆڤیەتیی لێکەوتەوە گوایە سازشی کردوە:

دەقی پەیماننامەکە دەلێ:

١_ دەست لە دەولەتۆکەکانی بەلتیک وفینلەندا و پۆلەندا هەلدەگیرێ.

٢_ لە ئۆکرانیا بکشێنەوە و دان بە پەیماننامەکەی ئەلمانیا بنرێ.

٣_ دەست لە ئەردوهان وقارس و باتۆم هەلبگیرێ بۆ بەرژەوەندی تورکیا.


٤_ رێگە بە بلاو کردنەوەی پرۆپاگەندە نەدرێ.

بەم شێوەیە روسیا لە جەنگ چوەدەر، دوای ئەوەی روبەرێکی زۆری ئەو خاکانەی لەدەست دان کە لە ژێر دەسەلاتی دابوون.



١٩١٨/٣/٣

دوای ئەو زیانە زۆرەی لەسەردەستی کریستەکان لە کوردانی رۆژهەلات کەوت لە کۆنەشاری رۆژهەلاتی کوردستان سمکۆی شکاک بە بەرنامەیەک دەتوانێ مار شەمعون و ١٥٠ لە چەکدارەکانی بکوژێ کە پیلانی داگیرکردنی کوردستانی هەبوو بە دامەزراندنی دەولەتێکی کریستی لەسەر خاکی کوردستان بە هاوکاری داگیرکارانی ئیمپریالیزم. بە کوشتنی مار شەمعون نێوانی کورد و فەلە تێک دەچێ. هەرچەندە پێشتریش باش نەبووە.




١٩١٨/٣/١٢

دوای ئەوەی ٢١٥ ساڵ سانت پتروس بورگ پایتەختی روسیا بوو ئێستا مۆسکۆ کرا بە پایتەختی ئەو ولاتە.

١٩١٨/٣/١٩

کوشتنی کاپتن مارشال حاکمی سیاسیی نەجەف تیایدا کۆمەلەی رابونی ئیسلامی (جمعیه النهضه الاسلامیه) تۆمەتبار کرا.

١٩١٨/٣/٢٣

ئەلمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ یەکەمینجار بە هاونی (برتا) پاریس بۆردومان دەکا.

١٩١٨/٣/٢٥

دامەزراندنی کۆماری بیلەروسیای میللی کە دواتر دەبێتە کۆماری بیلەروسیا.

١٩١٨/٣/٢٦

لەئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی خالکی شاری ورمێ و سوپای قەوقاز ئاماری کوژراوانی کورد دەگاتە ٤٠٠ کوژراو .



**١٩١٨/٤/١**

دامەزراندنی سوپای ئاسمانیی پادشایەتی بەریتانیی.

**١٩١٨/٤/٢**

سوپای بەریتانی دەگاتە ناو فەلەستین و داگیری دەکا.

**١٩١٨/٤/٧**

بەر لە واژۆکردنی رێککەوتنی مودروس لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانان، ئینگلیز هەول دەدا ویلایەتی موسل بگرێ بۆیە لەم رۆژە کەرکوک و هەولێر دەگرێ، تورکیاش بۆ ئەوەی ویلایەتی موسلی لەدەست نەچی بە پیلان هاوکاری شێخ مەحمود دەکا.

**١٩١٨/٤/٢٨**


لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانی هێزەکانی ئینگلیز شاری توزخورماتوو داگیر دەکەن.

**١٩١٨/٥/٨**

نیکەراگوا لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانی شەر لەسەر نەمسا و ئەلمانیا و هەنگاریا رادەگەیەنێ.

**١٩١٨/٥/١١**

دامەزراندنی کۆماری باکوری قەوقازی شاخاوی.




## ١٩١٨/٥/٢٦

کۆماری قەوقازی دیموکراسیی یەکگرتوو هەڵدەوەشێتەوە و جۆرجیا بەناوی کۆماری جۆرجیای دیموکراسی سەربەخۆیی و جیابونەوەی خۆی رادەگەیەنێ.

## ١٩١٨/٥/٢٨

ئەرمینیا و ئازەربایجان بەناوەکانی کۆماری ئەرمینیای دیموکرات و کۆماری ئازەربایجانی دیموکرات سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیەنن.

## ١٩١٨/٦/١٥

شەڕی ناوەخۆی فینلەندا کۆتایی دێت.

## ١٩١٨/٦/١٦

حکومەتی ئەمریکی یاسایەک دەردەکا کە هەرکەسێک رەخنە لە حکومەت بگرێ زیندانی دەکرێ.

## ١٩١٨/٦/٢٣

دامەزراندنی کۆمەڵەی کورد بەناوی (کوردستان تەعالی جەمعیەتی )لە شاری ئەسیتانەی ژێر دەسەلاتی عوسمانی.



## ١٩١٨/٧/٤

محەمەدی شەشەم دەبێتە سولتانی عوسمانی لە شوێن محەمەدی پێنجەم رەشادی برای.

۱۹۱۸/۷/۱۰

بەریتانیەکان راستەوخۆ لەرێگەی نیشتنەوەی فرۆکەیەکی بەریتانی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە شاری ورمێ بە کریستیەکان رادەگەیەنن کە بە هیوای یارمەتیەکانی بەریتانیا نەبن لە شەرکردنیان لەگەڵ کوردا.

۱۹۱۸/۷/۱٦

گولەبارانکردنی قەیسەری روسی نیکۆلای دووەم Nicholas IIخۆی و ئەلیکسەندرا فیودورو فنای هاوسەری و مندالەکانی هەریەک لە ئولگا و تاتیانا و ماریا و اناستاسیا و ئەلکسیا و خزمەتچیەکانیان، لە نێو ماڵی ئیباتییف لە ییکاتیرینبرگ لە روسیا، بەم شێوە کۆتایی بە حوکمرانی خانەوادەی رۆمانۆف دێت کە ماوەی سێ سەدە حوکم دەکەن.









ئەناستاسیا ۱۹۰۱/٦/٥ ئۆلگارا ی دایک ۱۸۹٥/۱۱/۱٥

تاتیانا ۱۸۹۷/٥/۲٥

ماریا ۱۸۹۹/٦/۱٤

ئەلێکسی ۱۹۰٤/۸/۱٥



١٩١٨/٧/١٨

لەدایكبوونی خەباتگێڕی ئەفریكی (نیلسون ماندیللا) هەر لەم ڕۆژەدا ولە ساڵی ١٩٩٨ واتە هەشتا سال دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ گراسام ماچیل **Graça Machel-Mandela** دەكات.چونكە لەگەڵ هاوسەری یەكەمی جیادەبێتەوە گوایە ئەوكاتەی ماندیلا لە زیندان بووە ئەم ناپاكیی لەگەڵدا كردووە بۆیە لەیەک جیا دەبنەوە.

١٩١٨/٨/١

سەرەتای شەری پۆلۆنیا و ئۆكرانیا .

١٩١٨/٨/١

دوای كوشتارێكی زۆر و شەرێكی نەپساوەی ١٥٥ ڕۆژی لە نێوان كورد و كریستەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان لەم ڕۆژە لەسەر وەستانی شەڕ ڕێک دەكەون.

١٩١٨/٨/٢

یەكەمین مانگرتنی گشتی لە ڤانكۆڤەری كەنەدی .



١٩١٨/٨/٣٠

لینین لەلایەن فانیا كاپلانەوە **Fanny Kaplan** ڕووبەڕووی هەولێكی كوشتن دەبێتەوە ، بەدیدی ناوبراو لینین ناپاكیی لە سۆسیالیزم كردووە بە مۆركردنی ڕێككەوتنی بریست لیتوفسک بۆیە هەولی لەناوبردنی داوە ناوبراو ژنە شۆرشگێڕێكی روسی بوو لە ١٨٩٠ لەدایک ببو تا ٣ی سەپتەمبەری ١٩١٨ ژیاوە كە لە ئەنجامی ئەو هەولەیدا دوای دەستگیركردنی گولەباران دەكرێ.

١٩١٨/٩/٢٩

له باكورى عه‌مان به ده‌یان هه‌زار سه‌ربازی تورک خۆیان راده‌ستی هێزه‌کانی به‌ریتانی ده‌که‌ن.

١٩١٨/٩/٣٠

مه‌لیک فه‌یسه‌ل به سه‌رۆکایه‌تی  هێزێکی ئینگلیز و عه‌ره‌بی ده‌گاته ناو سوریا تا وه‌کو به پاشای ئه‌و ولاته دابندرێ به‌لام ته‌نها سالێک و نیو ده‌مێنێته‌وه وه‌ده‌ری ده‌نێن.



١٩١٨/١٠/٣

مه‌لیک فه‌یسه‌ل کوری حوسێن یه‌که‌م حکومه‌ت له دیمه‌شق داده‌مه‌زرێنێ که تا ١٩٢٠/١/٢٦ به‌رده‌وام ده‌بێ ، دوای ئه‌وه‌ی سوریا به‌ر فره‌نسا ده‌که‌وێ سوریه‌کان و فره‌نسیه‌کان له‌سه‌ر ئه‌وه رێکده‌که‌ون که شا فه‌یسه‌ل له‌سه‌ر حوکمرانی سوریا وه‌لابنێن ، به‌و هۆیه‌وه دوای دورخستنه‌وه‌یان ئینگلیزه‌کان ده‌یکه‌نه پادشای ئێراق.

١٩١٨/١٠/٥

حکومه‌تی بۆلشه‌ڤی روسی بریاریدا سه‌رجه‌م رێککه‌وتنه‌کانی له‌گه‌ڵ ده‌وله‌تی عوسمانی هه‌لوه‌شێنێته‌وه.

١٩١٨/٨/٥

به پشتیوانی به‌ریتانیا و فره‌نسا ده‌وله‌تی سوری داده‌مه‌زرێ

١٩١٨/١٠/٧

له جه‌نگی یه‌که‌می جیهانی هێزه‌کانی هاوپه‌یمانان به‌یروت له ژێر داگیرکاری عوسمانیه‌کان ده‌رده‌هێنن.

١٩١٨/١٠/١٤

ده‌وله‌تی عوسمانی خۆی راده‌ستی هێزه‌کانی هاوپه‌یمانان ده‌کات و ئالای سپی هه‌ڵده‌گرێ.

١٩١٨/١٠/٢٨

چیکسلۆڤاکیا سەربەخۆیی خۆی لە ئیمپراتۆریەتی نەمساومەجەر رادەگەیەنێ . کە بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەو ئیمپراتۆریەتە هەڵدەوەشێتەوە.

١٩١٨/١٠/٢٩

ولاتی کرواتیا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و دواتریش لەگەڵ ولاتانی دیکە چیای رەش و سربیا و سلوڤینیا دەولەتی یوگسلافیا پێک دێنن.

١٩١٨/١٠/٣٠

ئاگربەستی مۆدروسArmistice of Mudros  لە نێوان دەولەتی عوسمانی و ولاتانی هاوپەیمان لە جەنگی یەکەمی جیهانی واژۆکرا، ئەم رێککەوتنە لەسەر پشتی کەشتیەک لە بەندەری مودروس لە دورگەی لیمنوسی یۆنانی واژۆ دەکرێ، لە لایەن تورکیاوە وەزیری کاروباری دەریاوانی (رەئووف ئوریای بەگ) لەلایەن بەریتانیاوە ئەمیرال( سەمەرسەت ئەرثەر گوف) ،بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە هێزە هاوپەیمانەکان زۆربەی ناوچە گرنگ و ستراتیجییەکانی دەوڵەتی عوسمانییان داگیر کرد و لەدەست دەمایەوە… پاشان سوپای بەریتانیا لە ١٥ی تشرینی دووەمدا (واتە ١٦ رۆژ دوای ئیمزاکردنی رێکەوتننامەکە)، ویلایەتی مووسڵی داگیر کرد.

ئەم شکست و داگیرکاریە، بووە مایەی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکی زۆر لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیای ئێستادا. سەرباری خۆپیشاندان و جووڵانەوەی جەماوەریی بەرفراوان لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبۆل، کۆمەڵێک رێکخراوی بەرگریش پێک هاتن کە بە "جەمعییەی مودافەعەی حقوق: کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکان" دەناسران. لەم دۆخەدا مستەفا کەمال کە ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای عوسمانی بوو، بە رەزامەندیی سوڵتان محەمەدی شەشەم خۆی گەیاندە ناوچەی ئەنادۆڵ و باکووری کوردستان. پەیوەندیی بە ئەفسەر و کەسایەتییە خاوەن پێگە و دەسەڵاتەکانەوە کرد، زۆربەیانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە و جووڵانەوەیەکی دژی "داگیرکاری" و بە ئامانجی وەدەرنانی هاوپەیمانان و هێزەکانی یۆنان دەست پێکرد، دواتر لە ئەدەبیاتی تورکیای هاوچەرخدا بە "کورتولوش ساواشی: شەڕی رزگاری" ناسرا. لەکاتێکدا کە سوڵتان محەمەدی شەشەم لە ئەستەنبۆل لەژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بوو و هیچ دەسەڵاتێکی راستەقینەی نەبوو، رۆژ بە رۆژ بزووتنەوەکەی مستەفا کەمال گەورەترو بەهێزتر دەبوو. تا لە ٤ تا ١٢ی ئەیلولی ١٩١٩ لەگەڵ هەوادارانی کۆنگرەیەک دەبەستن بۆ دیاری کردنی ئامانجەکانی بزوتنەوەکەیان.. مەرجەکانی رێککەوتن ئەمانە دەبن:



١/ بلاوه پێکردنی سوپای عوسمانی و دانانی چاودێری لەسەر تەلەگراف و رادیۆ و راگەیاندنەکانی دەولەتی عوسمانی.

٢/ داگیر کردنی تەنگەئاوەکانی دەردەنیل و بسفۆرد و ڕیگە پێدان بە هاتوچۆی کەشتیە جەنگیەکانی دەولەتانی هاوپەیمانان.

٣/ هێزەکانی دەولەتی عوسمانی لە یەمەن و حیجاز خۆیان رادەستی هێزەکانی هاوپەیمانان بکەن.

٤/ هێزەکانی عوسمانی لە ئێران و ناوچەکانی قەوقاز بکشێنەوە.

٥/ داگیرکردنی باتوم و باکۆ لەلایەن هاوپەیمانان لەگەل دەستکراوەییان بە داگیرکردنی هەر شوێنێکی ستارتیژ لە نێو دەولەتی عوسمانی دەستی بەسەردا بگرن.

٦/ ئازاد کردنی دیلەکانی هاوپەیمانان بەبێ بەرانبەر بە ئازاد کردنی دیلەکانی دەولەتی عوسمانی.

١٩١٨/١١/١

سەرەتای جەنگی نێوان رۆمانیا و هەنگاریا کە تا ١٩٢٠/٣/١ درێژەی دەبێ.




١٩١٨/١١/١

شاری هەولێر کە سەربە ویلایەتی موسل بوو لە قەزاوە دەکرێتە پارێزگا و ئەحمەد ئەفەندی عوسمان وەکو کوردێک دەبێتە یەکەم موتەسەریفی (پارێزگار)ی ئەو شارە.

١٩١٨/١١/٣

لە جەنگی یەکەمی جیهانی  ئیمپراتۆریەتی نەمساو مەجەر خۆی رادەستی ئیتالیا دەکا.

١٩١٨/١١/٣

دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی پۆلەندا سەربەخۆیی خۆی لە ژێردەستی یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩١٨/١١/٧

دوای رێککەوتنی مودروس بەریتانیا پەلاماری ویلایەتی موسل دەدا و بە تەواوەتی داگیری دەکا.



١٩١٨/١١/٩

قەیسەر (تساری) رایخی دووەم یا (پادشای پروسیا **King of Prussia**)، ویلهلمی دووەم (**Wilhelm II. (Deutsches Reich**) دوای شکستهێنانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەست لە پادشایەتی هەڵدەگرێ و ئەلمانیا دەکا بە کۆماری و پەنا بۆ هۆلەندا دەبا لێی بژێ.

١٩١٨/١١/١١

جەنگی یەکەمی جیهانی بە واژۆکردنی شەڕوەستان لە نێوان ئەلمانیا و هاوپەیمانان کۆتایی هات.




١٩١٨/١١/١٣

حکومەتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت پەیمانی بریست لیتوفیسک **Treaty of Brest-Litovsk** رەت دەکاتەوە کە لەگەڵ دەولەتانی محوەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی واژۆیان کردبوو.



**١٩١٨/١١/١٣**

هێزەکانی هاوپەیمانان قوستەنتینیەی پایتەختی دەولەتی عوسمانی داگیر دەکەن.



١٩١٨/١١/١٤

تۆماس ماساریک **Tomas Masaryk** دەبێتە یەکەمین سەرۆککۆماری چیکوسلۆڤاکیا.

١٩١٨/١١/٧

دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی ژین لە سلێمانی.

**١٩١٨/١١/١٨**

هەردوو حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیا لەبەیاننامەیەکدا ئاماژەیان بەوەدا، نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، کە دۆڕاوی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، دەتوانن ببنە خاوەن قەوارەی سەربەخۆی خۆیان، لەنێویشیاندا نەتەوەی کورد، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ پەیماننامەی سیڤەر.

١٩١٨/١١/٢٦

شاری هەولێر لەلایەن سوپای بەریتانی و هاوپەیمانانی بەبێ هیچ بەرگرییەک داگیر دەکرێ.

**١٩١٨/١٢/١**

جەنگی فرەنسا و تورکیا لە ١٩٢١/١٠/١ کۆتایی دێ.

**١٩١٨/١٢/١**

شەری رزگاری سەربەخۆیی لیتوانیا دەستی پێکرد و لە ١٩١٩/٨/١ کۆتایی دێ.



١٩١٨/١٢/١٥

کۆنگرەی نێودەولەتیی جوەکان یەکەمین کۆنگرەی خۆیان لە ئەمریکا دەبەستن.

١٩١٨/١٢/٢٥

لەدایک بوونی محمد ئەنوەر ئەلسادات سەرۆکی میسر.



١٩١٩/١/١

راپەڕینی سپارتاکۆس لە بەرلین دواتر دەبێتە هەولێک بۆ شۆڕشی کۆمۆنیستی.

١٩١٩/١/١

دوای ئەوەی بڕیار دەدرێ هەولێر بکرێتە متەسەرفیە(پارێزگا) لەم رۆژە ئەم بڕیارە کاری پێدەکرێ .




١٩١٩/١/٥

دامەزراندنی پارتی نازیی ئەلمانی National Socialist German Workers' Party.

١٩١٩/١/٦

تیۆدرۆ ڕۆزفڵت (Teodore Roosevelt) ی بیست و شەشەمین سەرۆکی ئەمریکا، لەتەمەنی ٦٠ شەست سالییداکۆچی دوایی کردووە.

١٩١٩/١/١١

رۆمانیا هەرێمی ترانسلفانیا کە سەربە ئیمپراتۆریەتی نەمسا و مەجەر بوو دەیخاتە سەر خاکەکانی خۆیەوە.



**١٩١٩/١/١٥**

لە دەرهاوێشتەی راپەڕینی سپارتاکۆس کوشتنی رۆزا لوکسمبورگ **Rosa Luxemburg** و کارل لیبکنشتی لێکەوتەوە.

١٩١٩/١/١٥

دامەزراندنی کۆمەلەی گەلان لە لایەن ولاتانی هاوپەیمان لە کۆنگرەی پاریس.




١٩١٩/١/١٦

هاوپەیمانانی جەنگی یەکەمی جیهانی داوا لە هۆلەندا دەکەن ویلهیلمی دووەم قەیسەری پروسیا رادەستیان بکات کە پێشتر پەنای بۆ هۆلەندا هێنابوو دوای ئەوەی دەست لەکار دەکێشێتەوە. بەلام هۆلەندا رازی نابێ.

**١٩١٩/١/١٨**

بە بەستنی کۆنگرەی پاریس کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهانی هێنرا لەم کۆنگرە شەریف پاشا وەکو نوێنەری کورد بەشداری دەکا.

LEAGUE OF NATIONS

SOCIETE DES NATIONS

**١٩١٩/١/٢٥**

دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان( کۆربەندی گەلان، عصبە الامم).

**١٩١٩/١/٢٨**

بەهۆی شکست هێنانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی، تورکیا دەست لە مومتەلەکانی دەولەتی عوسمانی و زۆربەی خاکی تورکیا هەڵدەگرێ.

**١٩١٩/٢/٣**

هێزەکانی روسیا ئۆکرانیا داگیر دەکەن.

**١٩١٩/٢/٦**

شەریف پاشای خەندان لەگەل کلیمەنسۆی سەرۆک وەزیرانی فرەنسا و سەرۆکی کۆنگرەی پاریس بۆ ئاشتی لەسەر پرسی کورد کۆدەبێتەوە.

**١٩١٩/٢/٦**

بۆلشەڤیەکان دەست بەسەر کیفی پایتەختی ئۆکرانیادا دەگرن.

**١٩١٩/٢/١٤**

بۆلشەڤیک دەست بەسەر ئستونیادا دەگرن.

**١٩١٩/٢/١٦**

کۆچی دوایی سەرهەنگ مارک سایکس **Mark syks** کە بە نەخشە و پلانی ئەو و جۆرج بیکۆ رێککەوتنی سایکس بیکۆ ئەنجام دەدرێ و دەبێتە مایەی دابەش بوونی کوردستان.

ژیاننامەی مارک سایکس **Mark syks**

مارک سایکس **Mark syks** لەخێزانێکی دەوڵەمەندی دەرەبەگی رژێمی پاشایەتی شانشینی ئینگلیز لە ١٨٧٩/٣/١٦ لە شاری لەندەن لەدایکبووە، کەسێکی سیاسی و دیبلۆماسی و نوسەر و گەڕیدە و دۆزەرەوی جوگرافی و رۆماننوسی بەریتانییە، لەمنداڵیەوە دایک و باوکی لێک جیابونەتەوە و لەنێوان دایک و باوکی ماوەیەک لە لەندەن و ماوەیەکیش لە یۆرکشایەری رۆژهەڵاتی بەریتانیا هاتوچۆی کردووە.

مارک سایکس **Mark syks** چویتە سەر ڕێچکەی کاسۆلیکی دایکی و لەگەڵ باوکیشی زۆر شوێنان گەڕاوە وەک (ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و هیند و میسر و کاریبی و مەکسیک و کەنەدا و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا پەیوەندی بەریزەکانی سوپای وولاتەکەیەوە کردووە .

لەساڵی ١٨٧٩ لە کەتیبەی یۆرکشایەری پیادە بووە بەسەرباز.

کۆلیژی سانت جونزی زانکۆی کامبریدجی بەریتانی تەواو کردووە.

لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا (٤) پەرتوکی لەسەر بواری سەربازی و گەڕانەکانی دەرکردووە.

لەیەکێک لەپەرتوکەکانی باسی هۆزەکانی کوردی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان دەکات.

ئەندامی حزبی پارێزگارانی بەریتانیا بووە.

بەشداری جەنگی دووەمی بویری باشوری ئەفریقیا١٨٩٩-١٩٠٢ وجەنگی جیهانی یەکەم١٩١٤-١٩١٨ی کردووە لە ریز سوپای وولاتەکەی.

ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا بووە لەماوەی١٩١١-١٩١٨بۆ جاری دووەم هەڵبژێردراوەتەوە بە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا.

نوێنەری بەریتانیا بووە لە گفتوگۆکانی دابەشکردنی(کوردستان و ڕۆژهەلاتی عەرەبی و ئەنادۆڵ) لە نێوان (بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا) لەساڵی ١٩١٦دا، کەدواتر واژۆی لەسەر ڕێکەوتنامەی (سایکس-بیکۆ)دا کرد .

هەندێک سەرچاوەش باس لەرۆلی ئە و سەرهەنگە دەرەبەگە دەکەن لە بەڵێنی بلفۆری ئینگلیز و دامەزراندنی قەوارەی جولەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



بۆ بەشداریکردنی (کۆنگرەی ئاشتی١٩١٩ی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی) دەچێتە پاریسی فەرەنسا، لەتەمەنی (٣٩) ساڵیدا لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆ لەشاری پاریس لەژوورەکەی خۆیدا لە هۆتێل بە نەخۆشی هەلامەتی ئیسپانی گیان لەدەست دەدات .



## ١٩١٩/٢/٢٨

ئەمان اللە خان دەبێتە پادشای ئەفغانستان.

## ١٩١٩/٣/٨



کاربەدەستانی بەریتانیا سەعد زەغلول و هاورێیانی دەستگیر دەکەن و بۆ دورگەی مالتایان دور دەخەنەوە، لەو کاتەوە قۆناغی جۆش و خرۆشی میسریەکان دەست پێدەکا کە ئەنجامەکەی بە پێدانی سەربەخۆیی لەلایەن ئینگلیزەوە دەگا لە ٢٨ شوباتی ١٩٢٢.

## ١٩١٩/٣/١٤

دامەزراندنی کۆمۆنیستی نێودەولەتی (کۆمنترن).

## ١٩١٩/٣/١٩

هەڵگیرسانی شۆڕشی میسری دژی داگیرکەری ئینگلیزی.

## ١٩١٩/٣/٢١

شەریف پادشا دوو یاداشت و دوو نەخشەی کوردستانی بۆ کۆنگرەی ئاشتەوایی لە فرەنسا ئامادە کرد یەکێکیان لە ١٩١٩/٣/٢١ئەویتریان لە ١٩٢٠/٣/١و داوای لە ئامادەکارانی کۆنگرەش کرد لیژنەیەک بۆ

دیاری کردنی سنورەکان پێکبهێنن بە پشت بەستن بە بنەماکانی مافی نەتەوەکان، ئەمەو لە یاداشتێکیان ئاماژەی بەوە دابوو کە پارچە کردنی کوردستان خزمەت بە ئاسایشی ناوچەکە ناکا، ئەمەش وەکو وشیارکردنەوەیەک دێت .

ئەوەتا تا ئەمرۆش بەهۆی پارچە بوون و دابەشکردنی کوردستان ناوچەکە ئارامیی بەخۆوە نەبینیوە .

لە یاداشتەکەی تریان ئاماژەی بەوە دابوو کە تورکەکان بە ئاشکەرا لەگەل سەربەخۆیی ئێمەدان و بە دراوسێتیمان خۆشحالن لەکاتێکا واش نەبوو .

سەرۆکی ئەو کۆنگرە جۆرج کلیمەنسۆی **Georges Clemenceau** سەرۆک وەزیرانی فرەنسا بوو، شەریف پادشا داوای لێکرد فشار بخاتە سەر ئەسیتانە دەست لە چەوساندنەوەی کوردەکان هەلگرێ و چیتر راوەدوی چالاکوانانی کورد نەنێ، دەڵێ لەو کاتەی لایەنگرانی (اتحاد و ترقی) هاتونەتە سەر حوکم زولم و راوەدونانی کوردان زیادی کردوە .




لە ژێر کاریگەری ئەم نامانەی شەریف پاشا کلیمەنسو لە کۆنگرە بە ئاشکەرا رادەگەیەنێ کە تورکیا لەو ئاستەدا نیە خاوەندارێتی میلەتانی ناتورک بکات .

**١٩١٩/٣/٢٢**

شەریف پاشا وەکو سەرۆکی شاندی کوردی بەشداری لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەکات و داخوازیەکانی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی دەخاتە روو.

ژیاننامەی شەریف پاشا:

(شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای کوڕی حوسێن پاشای ئەحمەد ئاغای خەندانە). باوکی شەریف پاشا کەسایەتییەکی ناودار بووە، چەندین پۆست و پایەی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی هەبووە و دواهەمینیان سەرۆکی شوورای دەوڵەت بووە.

شەریف پاشا، ساڵی ١٨٦٥ لە دایک بووە، لە سلێمانی چۆتە خوێندنگەی خواجەکان، لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید هاوپۆل بووە و دەرسی خوێندووە. لەوێ فێری زمانەکانی تورکی ، عەرەبی، فارسی بووە، پاشان چۆتە ئەستەنبۆل و فێری زمانەکانی یۆنانی، ئیتاڵی، فەرەنسی بووە.

لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلەی فەریق وەردەگرێت .

دواتر لە قوتابخانەی سەربازی (سانت-سیر) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، ساڵی ١٨٨٩ پلەی ژەنەراڵی وەردەگرێت.

ساڵی ١٨٩٠ خێزان پێکەوەدەنێت، هاوسەرەکەی کچی عەباس حیلمی و ئامۆزای مەلیک فاروقی پاشای میسر بووە.

ساڵی ١٨٩٨ دەنێردرێتە سوید و دەکرێتە نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە سوید بە پلەی (باڵوێزی فەقولعادە)، لەوێ دەبێتە دۆستی شای سوید، هەر لە سویدیش فێری زمانی سویدی و ئینگلیزی دەبێت.

لەو ماوەی لە سوید دەبێت، دوو خەلاتی شاهانە وەردەگرێت (نیشانەی شمشێر، ئەستێرەی باکوور).

ساڵی ١٩٠٠ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی دەکات و ناوی نهێنی رێکخراوەیی (کوردە) دەبێت.

هەر لە سوید، سەرەتای ناکۆکی لە نێوان ژەنەراڵ شەریف پاشا و دەوڵەتی عوسمانی دەردەکەوێت. بەهۆی ئەوەی ژەنەراڵ شەریف پاشا، داکۆکی لە ئیتیحاد و تەرەقییەکان دەکات و پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستێ. بەهۆی پێگەی بەرزی باوکییەوە سوڵتانی عوسمانی چاوپۆشی لەم کارەی ژەنەراڵ دەکات.دوای گرتنە دەستی دەسەلات لە لایەن ئیتحادییەکانەوە.

لە ساڵی ١٩٠٨ ژەنەراڵ شەریف پاشا دەگەڕێتەوە ئەستەنبۆل. لە ئەستەنبۆل بەهاوکاری چەند کەسایەتییەکی کورد (ئەمین عالی بەدرخان، شێخ عەبدولقادری شەمزینی، چەندین کەسی تر) یەکەم کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسی کوردی بەناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) دادەمەزرێنن و رۆژنامەیەکیش بەناوی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) بڵاودەکەنەوە، کە پیرەمێردی شاعیر، سەرنووسەری دەبێت.

بەهۆی تاکرەوی و دیکتاتۆری ئیتیحاد و تەرەقییەکان، کۆمەڵە کوردییەکەی ژەنەراڵ شەریف پاشا و رۆشنبیرەکانی دیکەی کورد دادەخرێت و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان شەریف پاشا و ئیتیحادییەکان.

بەوهۆیەوە ساڵی ١٩٠٩ دەچێتە پاریس. لەوێ پارتێکی نەیار دژی دەوڵەتی ئیتیحاد و تەرەقییەکان، بەناوی (حیزبی رادیکاڵی عوسمانی) دادەمەزرێنی، گۆڤارێک بەناوی مەشرووتیەت، بڵاو دەکاتەوە.

لەو ساڵانەی لە پاریس دەژی، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ سیاسەتکار و ناوەندە جیهانییەکانی ئەو سەردەمە دابمەزرێنێ و لە دۆزی کورد ئاگاداریان بکاتەوە.

سەرەتا هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا مافەکانی کورد بەدەست بهێنێ و بۆ ئەو پرسە تێ دەکۆشێت.

لە سەرەتاکانی دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، هەوڵ دەدات پەیوەندەی لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزی بەریتانیا ببەستێ و لە بارودۆخ و خواستەکانی کورد ئاگاداریان بکاتەوە. نامە دەنێرێ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و پێیان دەڵێ: کورد هاوکاری هاوپەیمانەکان دەکات، بەمەرجێ شتێک بۆ کورد دابین بکەن. ئەم نامەیە یەکەم کاری دیپلۆماسی نەتەوەیی بووە، کە جیاوازبووە لە کارەکانی پێشووی ژەنەڕاڵ کە زیاتر مەیلی بەلای چاکسازی و مافی کورد، لە نێو دەوڵەتی عوسمانییدا دەچوو. پێش تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بەریتانیا دەیەوێت لەگەڵ کورددا وتووێژ بکا، بۆ ئەو مەبەستەش سێر بیرسی کۆکس ی نوێنەری بەریتانیا، لە شاری مارسیلیای فەرەنسی چاوی بە ژەنەڕاڵ شەریف پاشا دەکەوێت.

ژەنەڕاڵ ئەمە بە هەلێک دەزانێت و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، وەک داواکاری کوردان و پێشنیار دەیخاتە بەردەم کۆکس.

ساڵی ١٩١٨ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا بەهۆی خوێندنەوەی مێژووی کورد و نووسینی کوردناسەکان، لە کەسێکی پان عوسمانیزمەوە وەردەچەرخێ بەرەو کەسایەتییەکی نەتەوەیی کورد و بیری کوردایەتی دەکەوێتە مێشکیەوە.

هەر لەو دەمەدا پەیوەندەی دەکات بە سەرکردەکانی ئەو دەمی کورد (شێخ مەحموود، سمکۆی شکاک، سەید تەهای نەهری) و لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە راوێژیان لەگەڵ دەکات.

لە ساڵی ١٩١٨ دوای تەواوبوونی جەنگ، هەوڵە دیبلۆماسییەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە و دوو نامە دەنێرێ بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا.

لە نامەکاندا ئاماژە بە زوڵم و زۆری تورکەکان دەکات و دەڵێ نامانەوێ لەگەڵیاندا بژین، داوای دەوڵەتی کوردی دەکات و رایدەگەیەنێت کە بەهۆی بیری خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردییەوە ئەستەمە سەرۆکێک هەڵبژێردرێت، چونکە هەر خێڵێک سەرۆک خێڵەکەی خۆی لەوانی تر پێ گەورەترە.

ئەم تایبەتمەندیانەش لە خودی ژەنەڕاڵدا هەبووە، هەروەها دەڵێت: بۆ ئەوەی ئەو کێشانە ڕوونەدات ئامادەیە سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتە بەئەستۆ بگرێت. بەڵام بەداخەوە ئەو نامانە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە و لە لایەن بەریتانیاوە بایەخێکی پێ نەدراوە.

لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی، ژەنەڕاڵ دەست دەکاتەوە بە چالاکی دیپلۆماسی و لە ٦-٢-١٩١٩ لە پاریسەوە نامەیەک بۆ سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی دەنێرێت، لەبارەی داواکاری و خواستەکانی کورد. شەریف پاشا خۆی بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسە ئامادە دەکات، کە چارەنووسی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات.

شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵای نەهری، لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان، بەناوی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) لە ئەستەنبۆل، لە ڕێگای کۆمیسارىای ئەمریکی و ئینگلیزی و فەڕەنسییەوە لە ئەستەنبۆل، ڕایدەگەیەنن کە شەریف پاشا بۆی هەیە لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان ببێتە نوێنەری داخوازییەکانی گەلی کورد. لە هەمانکاتدا نامەشیان لەم بارەیەوە بۆ ئەنجوومەنی کۆنفرانسەکە نووسیووە.

لە هەمانکاتدا لە باشووری کوردستان، شێخ مەحموودی مەزبەتەیەکی بە خەڵک و عەشایەری کورد مۆرکرد. بەگوێرەی ئەمە، شەریف پاشا کرا بە نوێنەری کوردەکان لە (کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس) بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی میللەتی کورد.

یاداشتەکە بە قەڵەمی ڕەفیق حیلمی، لە شاری سلێمانی نووسراوە بە بەر چاوی مێجەر نوئێلەوە. کە هاوکات نامەیەکیشی لەگەڵدا بووە و بە ڕەشید زەکی کابان و سەید ئەحمەد بەرزنجی، ڕەوانەی پاریس کراوە، بەڵام ئینگلیزەکان لە حەلەب ڕێگەیان لەو دوو نوێنەرە گرت و نەیانهێشت نامەکە بگاتە کۆنفرانسەکە لە پاریس.

ئەمە جگە لەوەی پێشووتریش پەیوەندی بەستووە لەگەڵ سمکۆی شکاک و شێخ مەحمود و سەید تەهای نەهری و سەرکردە چەکدارەکانی کوردەوە و راوێژی پێکردوون دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

هەروەها جگە لەوان ڕێکخراوە سیاسییە کوردیەکانی وەک (تەعاون و تەرەقی کورد، هیوا، تەشکیلاتی ئیتجتماعی، فیرقەی دیموکراتی کورد، جەمیعەی ئیستقلالی کوردستان) نامەی پشتیگری و نوێنەرایەتیان نارد بۆ شەریف پاشا، تا وەکو نوێنەری کوردان تێبکۆشێ لە پێناو مافەکانی کورد.

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی لەو دەمەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان کوردانی چوارپارچەی کوردستان، یەکدەنگ و هاو هەڵوێست بوون لەبارەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش شەریف پاشایان کردۆتە نوێنەری خۆیان! یاخود ئەگەر ئەوانیش بیری سەربەخۆیی خوازیان نەبووبێت، بەڵام ژەنەراڵ شەریف پاشایان وەک نوێنەری خۆیان دەستنیشان کردووە ، شەریف پاشاش بەناوی کوردەوە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کوردەکان کردووە.

هەروەها شەریف پاشا، لە دووکاتی جیاوازدا لەگەڵ سێر بیرسی کۆکس، نوێنەری بەریتانیا لە فەڕەنسا کۆدەبێتەوە و بیری دەخاتەوە کە پێویستە بەریتانیا، لە داخوازییەکانی کورد بکۆڵێتەوە.

پاشان لە ٢٢-٣-١٩١٩ بەناونیشانی سەرۆک وەفدی کوردان، بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی دەکات، کە لە پاریس بەڕێوەچوو. تێیدا یاداشتنامەیەک لەبارەی داخوازییەکانی میللەتی کوردەوە پێشکەشی کۆنفرانسەکە دەکات. لە ناوەڕۆکی یاداشتنامەکەیدا وێڕای ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز و خاوەن مێژوو و کولتوور دەناسێنێ، ئاماژە بە شارە کوردییەکان و مێژووی کوردەکان دەکات. هاوکات لە چوارچێوەی یاداشتنامەکەیدا نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵدا بووە. ئەو نەخشەیەی کە ژەنەراڵ شەریف پاشا کێشاویەتی و پێشکەشی کۆنفرانسی ئاشتی کردووە.

لە نێوان مانگی حەوت و دەی ساڵی ١٩١٩ ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، دوو نامە دەنێرێت بۆ بەلفۆڕی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و تێیدا داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکات. پێشنیار دەکات کە سەرەتا ئەو دەوڵەتە بە نهێنی ئامادە بکرێت و پاشان بخرێتە بەردەم کۆنگرەی گەلان.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، نامەیەک بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا دەنووسێت، تێیدا ڕەزامەندی دەنوێنێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەسەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، بەڵام نوێنەری سامی لە بەغداد ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێ کوردان خێڵەکین و هەستی خێڵەکییان هەیە نەک نەتەوەیی.

لەوکات ناکۆکی لە نێوان ژەنەڕاڵ شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادری نەهری دروست دەبێت، بەوەی شێخ داوای ئۆتۆنۆمی دەکات و بروسکە دەکات بۆ کۆنگرەی ئاشتی، هەرچی شەریف پاشایە داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دەکات. پاشان بەهۆی هەوڵەکانی ژەنەراڵ شەریف پاشا و داخوازی کوردەکانەوە، لە ڕێکەوتنامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠، بەگوێرەی مادەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی وەک مافی کورد، دیاری دەکرێت و دەوڵەتی تورکیاش بەمە ڕازی دەبێت.

لە باشووری کوردستانیش شۆڕشی شێخ مەحموود، سەر هەڵدەدات و دژی ئینگلیز دەوەستێ، هاوکات نوێنەرانی شارەکانی (ئورفە، وان، بەتلیس، مەلاتیا، دەرسیم، دیاربەکر) باکووری کوردستان لە ڕێگەی

نوێنەرەکانیانەوە رایدەگەیەنن نایەوێ لە تورکیا جیا ببنەوە! بەمەش خەونی دەوڵەتەکەی ژەنەراڵ شەریف پاشا لەگۆڕ دەنرێ و رێکەوتنامەی لۆزانیش ئەمە دەچەسپێنێت.

دوای ئەوەش ژەنەراڵ شەریف پاشا، لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەردەوام دەبێت و چەندین دیدار ئەنجام دەدات و چەندین نامە بۆ سەرکردە و باڵوێزخانەکان دەنێرێ. لەوانە، دووجار نامە بۆ مۆسۆلینی سەرۆکی ئیتاڵیا دەنێرێ، لە بارەی پرسی کوردەوە.




دواجار ژەنەراڵ شەریف پاشا بێ ئومێد دەبێت و واز لە کاری دیپلۆماسی دەهێنێت و لەگەڵ کەریمەی کچی و زاوا ئیتاڵیەکەی دەچێت بۆ ئیتاڵیا و لەگەڵ ئەوان دەژی.

ساڵی ١٩٥١ هەر لە ماڵی کەریمەی کچی، لە شاری ناپۆلی ئیتاڵیا. لە تەمەنی ٨٦ ساڵی مردووە و تەرمەکەیان بۆ میسر گواستۆتەوە.



## ١٩١٩/٣/٢٣

لە میلانۆی ئیتالیا (بنیتو موسولینی **Benito Mussolini**) بزوتنەوەی سیاسیی فاشیزم دادەمەزرێنێ.

## ١٩١٩/٤/٦

شۆڕشی مەهاتما گاندی لە هیند دەست پێدەکا.

## ١٩١٩/٤/١٠

حاکمی بەریتانی لە زاخۆ لەلایەن کۆمەلەی محمدی کوژرا ، کۆمەلەی محەمەدی کوردێکی ئامێدی محەمەد سالح ئامێدی رابەرایەتی ئەم بزوتنەوە چەکداریەی دەکرد،

١٩١٩/٤/١٨

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هاوپەیمانانی جەنگی یەکەمی جیهانی ، بە فەرمی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕادەگەیەندرێ. ئەم کۆمەڵە کە دواتر نەتەوە یەکگرتوەکان شوێنی دەگرێتەوە سەرەتا سەرۆکی ئەمریکا ودرو ویلسون پێشنیاری دامەزراندنی دەکات بەڵام دواتر ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی ڕەزامەندی نادەن ئەمریکا تێیدا ببێتە ئەندام.

١٩١٩/٤/١٨

ڕێککەوتنێک لە نێوان برینگەر ووالتەر لۆنگ نوێنەرانی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ دابەشکردنی نەوتی کوردستان بەسەر خۆیاندا.



١٩١٩/٤/٢٤

لە باشوری کوردستان لەسەر دەستی پیاوانی عەشیرەتی گۆییان کاپتنی ئینگلیزی (پیرسن) دەکوژرێ.

١٩١٩/٥/٣

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی شەڕ لە نێوان بەریتانیا لەلایەک و ئەفغانستان و هیندستان لەلایەک دەست پێدەکا.

١٩١٩/٥/١٥

شێخ مەحمود ئینگلیزی لە سلێمانی وەدەر دەنێ .

١٩١٩/٥/١٥

هێزەکانی یۆنانی لە شاری ئەزمیری تورکی دابەزین.



١٩١٩/٥/١٩

کەمال ئەتاتورک لە سامسۆن کەناری دەریای ڕەشی ئەنادۆڵ دادەبەزێ . ئەم دابەزینە لای تورکەکان وەکو جەنگی سەربەخۆیی تورکیا دێتە ئەژمار.

١٩١٩/٥/٢٣

شەڕێکی گەورە لەناوچەی تاسڵوجەی سەر بەشاری سلێمانی، لەنێوان شۆڕشگێڕەکانی کورد و سوپای ئینگلیز دا ڕوویدا، کە لەئەنجامدا شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتن و زەبرێکی کوشندەیان لەهێزەکانی داگیرکەری ئینگلیز وەشاند.

١٩١٩/٥/٢٣

یەکەم بەیاننامەی حکومەتی شێخ مەحموودی حەفید لەبارەی شەڕی بازیانی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و سوپای ئینگلیز بڵاوکرایەوە.

١٩١٩/٦/١

کۆشکی سولتانی عوسمانی بانگێشتی شاندێکی کوردی دەکات بۆ دانوستان و پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بەو مەرجەی لە نێو دەولەتی عوسمانیدا بمێننەوە بەلام ئەو پەیمانەی نەگەیاندە جێ . شاندەکەی کوردی بریتی بوون لە :شێخ عەبدولقادر شەمزینی،ئەمین عەلی بەدرخان، شاندی تورکیش پێکهاتبوو لە شێخ ئەلئیسلام ئیبراهیم ئەفەندی، و ئەحمەد بوقاق وەزیری کار، عەونی پاشا وەزیری جەنگ.

١٩١٩/٦/٦

دوای ئەوەی نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبوو لەم ڕۆژە بە یەکجارەکی فینلەندا سەربەخۆیی خۆی لە ژێردەستی ڕوسیا ڕادەگەیەنێ کە ماوەی زیاتر لە دوو سەدە لە ژێردەستی ئەودا بوو.

١٩١٩/٦/١٨

بریاری لەسێدارەدانی شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیزەوە دەد رێ، بەلام جێبەجێ نەکراو بۆ هیند دوریان خستەوە.

١٩١٩/٦/١٨

شەڕی دەربەندی بازیان کە شێخ مەحمود خۆی فەرماندەیی دەکرد و شەڕی بەناوبانگی دەربەندی بازیان لەنێوان هێزەکانی کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید - حوکمداری کوردستان و هێزەکانی ئینگلیز بە سەرکردایەتی فرایزەر، لە دەربەندی بازیان ڕوویدا و شەڕەکەش بەناوی شوێنەکەوە ناونراوە. شەڕەکە بە فەرماندەیی خۆی دەبێ و هەر لەوێش بریندار دەبێ. هۆکارەکانیش:

١- کاتێک شێخ مەحمود بۆی ڕوون بۆوە کە ئینگلیزەکان مەبەستیان نیە سنووری دەسەڵاتەکەی دیاری بکەن و پاشان وەکو حوکمدار دەسەلاتەکانی پێبدەن.

٢- ئینگلیز لەژێرەوە کەوتبووە دژایەتی شێخ مەحمود و هانی عەشیرەتەکانی کەرکوک و گەرمیان ئەدا ڕازی نەبن بەچوونە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود.

لە مانگی ئاياری ١٩١٩ شێخ ئینگلیزەکانی لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری زیندانی کرد و بۆ پشتیوانی کردنی خۆی ٣٠٠ چەکداری بە سەرکردایەتی مەحمودخانی دزڵی، بانگێشت کردە سلێمانی.

سەرەتا لەڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ ئینگلیزەکان شەڕی تاسڵوجە بوو لەکۆتایی هەمان مانگدا، کە توانیان ئینگلیزەکان تێکبشکێنن و بەرەو تاسڵوجە پاشەکشەیان پێ بکەن و پاشانیش بەرەو کەرکوک کشانەوە.



دواتر شێخ مەحمود و هێزەکەی دەربەندی بازیانیان گرت ئینگلیزەکانیش لە کەرکوکەوە هێزیان هێنا و لە ڕۆژی ١٧ی حوزەیران گەیشتنە بەردەم هێزەکانی کورد.

شەڕ بەردەوام دەبێ دواتر هێزەکانی شێخ دەشکێن دوای ئەوەی شێخ بە بریندار بەدیل دەگیرێ.

١٩١٩/٦/٢٣

بەستنی کۆنگرەی ئەرزرۆم لە دەستەی رابەرایەتیی سێ ئەندامی کورد هەبوون:

١/ شێخ فەوزی. ٢/ سەعدوللا بەگ. ٣/ حاجی موسا بەگ میرزادە.

ئەمەش سەرکەوتنیکی مەزن بوو بۆ کوردانی باکوور دواتر لە دامەزراندنی پەرلەمانی تورکیا ٧٢ ئەندامی کورد هاتنە هەلبژاردن، بۆیە کەمالیستەکان پێی نارەحەت دەبن دوای ئەوە دەکەونە گیانی کوردەکان لە دێرسیم و شوێنەکانی دیکە.

١٩١٩/٦/٢٨

دامەزراندنی رێکخراوی کاری نێودەولەتی وەکو نماینده‌یەکی فەرمی سەربە کۆمەڵەی نەتەوەکان.

١٩١٩/٦/٢٨

لەلایەن هاوپەیمانان و ئەلمانیا واژۆ لەسەر بریارەکانی کۆنگرەی ڤێرسای دەکرێ وەکو کۆنگرەی ئاشتیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

١٩١٩/٧/١٥

راپەڕینی شاری ئامێدی و خەلکی بەرواری بە سەرۆکایەتی شێخ شەعبان ئاغا دژی داگیرکاری ئینگلیز و کوشتنی فەرماندەی سیاسیی ئینگلیزی ماکدۆنالد و فەرماندەی پۆلیس.

١٩١٩/٧/٣١

دامەزراندنی کۆماری فایمار لە ئەلمانیا.

١٩١٩/٨/٥

کەمال ئەتاتورک دەست بە هەلگیرساندنی شۆڕش دەکات دژی حوکمرانانی عوسمانی.

١٩١٩/٨/٦

داگیرکردنی شاری ئامێدی لەلایەن سوپای داگیرکاری ئینگلیزەوە'

١٩١٩/٨/٩

واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان ئێران و ئینگلیز بە ناوی ڕێککەوتنی ئەنگلۆ-ئێرانی.

١٩١٩/٨/١٩

ئەفغانستان سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێ لە ژێردەستی بەریتانیا ئازاد دەبێ.

١٩١٩/٨/٢١

بەلژیکا ڕایدەگەیەنێ کە بۆرۆندی لەلایەن خۆیەوە ئینتداب کراوە.

١٩١٩/٨/٢٥

یەکەم هێڵی ئاسمانی بۆ گواستنەوەی گەشتیارانی سڤیل لە نێوان پاریس و لۆندۆن ڕێکخرا، دوای تەواوبونی جەنگی یەکەمی جیهانی فرۆکە جەنگیەکان کاری سەربازی و هێرشبردنیان نامێنێ بۆیە بە دەستکاریەکی کەمەوە فرۆکە جەنگیەکان بۆ مەبەستی گواستنەوەی گەشتیاران جۆرکران.

١٩١٩/٩/١٠

واژۆکردنی ڕێککەوتنی (سان جرمان) **Saint-Germain**لە نێوان نەمسا و هاوپەیمانان تایبەت بە مسۆگەر کردنی مافی کەمە نەتەوایەتیەکان.

١٩١٩/١٠/٢

ودرۆ ویلسۆنی **Woodrow Wilson** سەرۆکی ئەمریکا توشی نەخۆشیی مێشک وەستان دەبێ بەهۆیەوە نیو جەستەی ئفلیج دەبێ.

١٩١٩/١٠/٤

هێزەکانی کوردی لە ناوچەی ئاکرێ هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ئینگلیز و دەتوانن کۆلۆنێل بێل و کاپتن سکۆت لە نزیک گوندی پیرە کەپرە بکوژن.

١٩١٩/١٠/٧

دامەزراندنی کۆمپانیای فرۆکەوانیی هۆلەندی **KLM** کە لە کۆنترین کۆمپانیای فرۆکەوانییەکانە.

١٩١٩/١٠/١٤

کۆنگرەی پاریس لە ١٤ تا ١٨ی مانگ درێژەی دەبێ لە نێوان لایەنە سەرکەوتوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی گوایە بۆ پاراستنی مافی کەمە لەنەتەوەکان بوو وەکو کورد و ئەرمەن تا لە چەوسانەوەیان رزگارکەن.

١٩١٩/١٠/٢٠


کۆنگرێسی ئەمریکی یاسایەک دەردەکا بە قەدەغە کردنی هەموو خواردنەوەیەکی مەستکردن لە ئەمریکا.

١٩١٩/١٠/٢٢

ناردنی نامەی شەریف پاشا و سەید عبدالقادر بۆ کۆمەلەی گەلان بۆ داخوازی مافەکانی گەلی کورد.


١٩١٩/١١/١

دوای ئەوەی هەولێر کرایە متەسەرفیە (پارێزگا) یەکەمین پارێزگار **(W.R.H)** بووە. دوای ئەوە ئەحمەد عوسمان لە ١٩٢٣ دەبێتە یەکەمین پارێزگاری کورد لە هەولێر.



١٩١٩/١١/١٠

لەدایک بوونی (میخائیل تیموفیڤیچ کلاشنکۆف **Mikhail Timofeyevich Kalashnikov** دروستکەری چەکی کلاشینکۆف لە گوندێکی روسی، سەرەتای کاری لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر لە کازاخستان دەستپێدەکا هەر لەوێش فێری پیشەی میکانیکی دەبێ، ئەمەش دەبێتە سەرەتای کاری میکانیکیی.



١٩١٩/١١/١٤

شۆڕشگێڕەکانی هەردوو ناوچەی زێبار و بارزان هێرشێکی گەورەیان کردە بنکەی بارەگاکانی ئینگلیز لەشارۆچکەی ئاکرێ، دوای شەڕێکی قورس، توانییان شارۆچکەکە لەدەستی ئینگلیزەکان ڕزگار بکەن.

١٩١٩/١١/٢٠

لەپەراوێزی کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس، نوێنەرانی کورد و ئەرمەن لەسەر داخوازیەکانیان رێککەوتن کە بەیەکەوە یاداش بدەن و داوای مافەکانی هەردوو گەلی بندەست بکەن، بەڵام مەخابن لەوێش کورد بێبەش کرا.

١٩١٩/١١/٢٥

ئەلبێرت ئەنشتاین **Albert Einstein** بیردۆزەکەی لەسەر رێژەیی گشتی بۆ یەکەمین جار لە ئەکادمیای پروسیا بۆ زانست پێشکەش دەکا.



١٩١٩/١١/٢٦

دەرچونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (بەیان) لە شاری سلێمانی.

١٩١٩/١١/٢٨

نانسی ئەستور Nancy Witcher Astor کە دووەم ژنە دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی بەلام یەکەم ژنە شوێنەکەی خۆی لە ئەندامێتی ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی (پەرلەمان ) بگرێت. یەکەم ژن کە دەبێتە ئەندام کۆنستانس مارکیفیژ **Constance Georgine Markievicz** بوو لە حزبی (شین فین) بەلام ئامادە نەبوو شوێنەکەی خۆی بگرێت بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ بیرورای حزبەکەی.






١٩١٩/١٢/٦

هێزەكانی بەریتانیا لە  ناوچەی ئاكرێ بە فەرماندەیی(كیرك) هێرش دەكەنە سەر هۆزی سورچی و شەڕێكی سەخت لە نێوانیاندا روو دەدا لەئەنجام هێزەكانی بەریتانیا شكست دێنن و ژمارەیەكی زۆریان لێ دەكوژرێ لە تۆلەی ئەو شكستە هێزەكانی بەریتانی بۆردومانی ناوچەكانیان دەكەن. هێزەكانی سورچی بە فەرمانده‌یی شێخ رەجەب دەبێ.

١٩٢٠/١/١٠

یەکەم کۆبوونەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عوسبەت ئەلئومەم) ئەنجامدرا، تێیدا پەیماننامەی ڤێرسای لەنێوان وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکەدا مۆرکرا و کۆتایی جەنگ ڕاگەیەندراو نەخشەی نوێی سیاسی بۆ وڵاتانی جیهان کێشرا.

١٩٢٠/١/١٦

قەدەغە کردنی مادە ئەلکحولیەکان لە ئەمریکا.

١٩٢٠/١/١٨

شاعیری چەوساوەکانی کورد ئەحمەد مستەفا ناسراو بە (دلزار) لە شاری کۆیە لەدایک دەبێ.

١٩٢٠/١/١٩

ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا دژی بەئەندام بوونی ئەمریکا لە کۆمەلەی نەتەوەکان دەنگ دەدا. لە کاتێکا دامەزراندنی ئەم کۆمەلە لە پێشنیاری سەرۆکی ئەمریکا بوە.

١٩٢٠/١/٢٣

دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی جارێکیتر داوا لە هۆلەندا دەکرێ قەیسەری ئەلمانی ( ویلهیلم ی دووەم ) رادەستی هاوپەیمانان بکرێ کە پەنای بۆ هۆلەندا بردبوو بەلام هۆلەندا داواکەیان رەت دەکاتەوە.



١٩٢٠/٢/١١

مەلیک فاروق دوایین پادشای میسر لەم رۆژە لەدایک دەبێ.

١٩٢٠/٢/١٣

کۆمەڵەی نەتەوەکان دان بە بێلایەنی سویسرادا دەنێ.

١٩٢٠/٢/٢٨

یەکەم ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن لەشاری سلێمانی کەوتە بازاڕەوە، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو.

١٩٢٠/٣/١

سەرەتای شەڕی نێوان سوریا و فەرەنسا ، درێژەی دەبێ تا ١٩٢٠/٧/٢٥

١٩٢٠/٣/٣

بەرەی هاوپەیمانان کە براوەی جەنگی یەکەمی جیهان بوون بڕیاریاندا عێراق بخرێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیەوە.

١٩٢٠/٣/٨



کۆنگرێسی سوریی گشتی لە دیمەشق دەبەسترێ تیایدا پادشا نشینی سوریی عەرەبی رادەگەیەندرێ و فەیسەڵی کوری ئەلشەریفی حوسێنیش دەکرێتە پادشای ئەو ولاتە بەلام تەمەنی پاشایەتیی کورت دەبێ ، دور دەخرێتەوە و لە ئێراق دەکرێتە پاشا.

١٩٢٠/٤/١


دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای یەکەم لە کوێت، لە ١٢ ئەندام پێکدەهات کە بە رێگەی دامەزراندن دادەنران، ئەمەش دەبێتە یەکەمین ئەنجومەنی شورا لە کوێت. ئەم ئەنجومەنە بەهۆی مردنی شێخ سالم مبارک ئەلسەباحەوە پێکهێندرا کە دوای ئەو ئەوان ولات ببەن بەرێوە.

١٩٢٠/٤/١٩

بەستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بالای هاوپەیمانان لە سان ریمۆ لە ئیتالیا لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئەمریکا بۆ دابەش کردنی ناوچەکانی ژێردەسەلاتیان.

١٩٢٠/٤/٢٣

دامەزراندنی ئەنجومەنی تورکی لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک و سەرزەنشتی سولتان محەمەدی پێنجەم دەکا و دەستورێکی کاتیش رادەگەیەنێ.



١٩٢٠/٤/٢٥

کۆنگرەی (سان ڕیمۆ) لە ئیتالیا کە لە بەریتانیا و فرەنسا و ئیتالیا پێکهاتبوو لە ١٩ی مانگەوە دەبەسترێ و لەم رۆژەدا کۆتایی پێدێ، واژۆکردن لەسەر پەیماننامەی سان ریمۆ تایبەت بە دیاری کردنی دەسەلاتەکانی بەریتانیاو فرەنسا لە رۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەب و تاووتوێکردنی ڕەوشی سیاسیی جیهان بوو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەر لەو کۆنگرە ئینتدابی ئێراقیان بە بەریتانیا سپارد .

١٩٢٠/٤/٢٥

ئەنجومەنی باڵای وڵاتانی هاوپەیمانان کە براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی بوون بڕیاریدا، ئینتدابی فەلەستین و ئێراق بدرێتە بەریتانیا و لوبنان و سوریاش بدرێتە فەرەنسا، بەوەش باشورو خۆرئاوای کوردستان چوونە ژێر دەستی فەرەنسا و بەریتانیا و سنورێکی دەستکردیان بۆ جیاکردنەوەی باشورو باکورو رۆژئاوای کوردستان کێشا.

١٩٢٠/٤/٢٧



دامەزراندنی کۆمەلەی گەلان (عصبە الامم) دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لەپێناو رێگەگرتن لە جەنگێکی دیکەی جیهانی رێکخراوێکی نێودەولەتی بەناوی کۆمەڵەی گەلان دادەمەزری، بەلام ئەم هەولەیان سەرکەوتوو نابێ و کۆمەلە ناتوانێ رێگە لە جەنگێکی تری جیهانی بگرێ، بۆیە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کۆمەلەی گەلان هەڵدەوەشێندرێتەوە لە شوێن ئەو نەتەوە یەکگرتوەکان دادەمەزرێ کە تا ئەمرۆ لە کارەکانی بەردەوامە.

١٩٢٠/٤/٢٩

دەرچونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی پێشکەوتن.

لەدوای دورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هندستان-١٩١٩ و گرتنەدەستی دەسەڵات لە شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، حاکمی شار مێجەرسۆن (ڕۆژنامەی پێشکەوتن)ی بە زمانی کوردی دەرکرد، رۆژنامەکە هەفتەی جارێک و سەرەتا بەقەبارەی ٤ لاپەڕە و لەدواتریشدا بە ٦ لاپەڕە دەردەچووە. پێشکەوتن سەرجەم ١٤٤ ژمارەی لێدەرکراوە و دوا ژمارەشی لەڕۆژی ٢٩/٦/١٩٢٢ دەرچووە.

١٩٢٠/٥/٣

بەریتانیا بریاری ئینتدابی بەسەر ئێراقدا سەپاند.

١٩٢٠/٥/١٨

شەڕ ی (حمیز) لە نێوان شێخ سالم ئەلسەباح بە فەرماندەیی دعیج بن سەلمان ئەلسەباح و (ئیخوانیەکان) بە فەرماندەیی فەیسەل بن سولتان ئەلدەرویش لە حمیضی باکوری گوندی ئەلعلیا بەڕێوەچوو.

١٩٢٠/٥/٢٠

یانەی (سەرکەوتن) لە بەغداد دامەزرا یانەیەکی رۆشنبیری بوو رۆڵی رێکخراوێکی سیاسیشی دەبینی کاریگەرییەکی باشی هەبوو لە جۆشدانی خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان .




١٩٢٠/٦/٤

سنورەکانی ئەوروپای رۆژهەلاتی دوای پەیماننامەی تریانۆن Trianon گۆڕانکاریان بەسەردا دێ.

١٩٢٠/٦/١٣

حاکمی ئەلبانیا ئەسعەد پاشا توبانی لە پاریس بەدەستی عەونی روستەمی تیرۆر دەکرێ.

١٩٢٠/٦/١٤

لە کوێت دوای شەڕی حمیز شورەی سێیەمی بۆ دروست دەکرێ.

١٩٢٠/٦/٢٥


لاهای(دەنهاخ)ی هۆڵەندا بە بارەگای هەمیشەیی دادگای دادپەروەری نێودەولەتی دیاری کرا. ئەم دادگایە بۆ تۆمەتبارانی تاوانە نییودەولەتیەکان دامەزراوە لەوانە تاوانی کۆکوژی.

١٩٢٠/٦/٢٧

بەریتانیا رۆلی سەرەکیی گێڕا لە بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئیراق بۆ عەرەب، بەبێ ئەوەی رەچاوی مافی کورد و کەمینەکانی دیکە بکا.

١٩٢٠/٦/٣٠

لە دژی بەریتانیەکان لە باشوری ئێراق شۆڕشێک هەلدەگیرسێ بە (ثورە عشرین) دێتە ناسین ،هەرچەندە هۆکاری هەلگیرسانی ئەو شۆڕشە ستەم و زولمەکانی ئینگلیز بوون بەلام هۆکاری راستەوخۆی هەلگیرسان ئەوەبوو کە ئینگلیزەکان شێخی هۆزی (ئەلزەوالم)ی شێخ (عناد ئەبو ئەلجنون) زیندانی کرد ، بەو هۆیەوە خەلک و کەس و کاری شێخ رادەپەڕن و کلپەی ئاگرەکە مەزن دەبێ و هۆزی شەمەڕیش بە توندی دێنە سەر هێلەکە لە نێویان سەرۆکی هۆزەکە شێخ زاری بن مەحمود ئەلزەوبعی تا هەموو شوێنەکان دەگرێتەوە هەرچەندە ئینگلیز زۆر بێ بەزەییانە ئەو راپەڕینەسەرکوت دەکات بەلام کاریگەری و ئاسەواری هەر دەمێنی.



١٩٢٠/٧/٩

یۆنان بە هاوکاری بۆرسەی بەریتانی هێرش دەکاتە سەر بەشی ئاسیایی لە تورکیا .

١٩٢٠/٧/١٩

بەستنی دووەم کۆنگرەی کومنترن ( ئینترناسیونالی کۆمۆنیست) لە سانت پترس بورگ و مۆسکۆ کە تا ٧ی ئاب درێژەی دەبێ.



ئامانجی ئەم کۆنگرە بریتی بوو لە ڕێکخراوبوون لە پێناو تێکۆشان بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی جیهانی، لەم کۆنگرە، ٢١٧ نوێنەر، ٦٧ ڕێکخراو و حیزب، لە ٤٠ وڵاتی جیاواز بەشدار دەبن.

یەکێک لە باسەکانی ناو کۆنگرە مشتومڕو دیالۆگ بوو لە سەر شۆڕشی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالی لە سەرانسەری جیهان لەوانە لە ئێراق، ئیرلەندا، هیندستان، میسر، سوریا و مەغریب .

١٩٢٠/٧/٢٤

شەڕی میسلون لەنێوان سوریەکان و سوپای فرەنسی دژی ئینتدابی فرەنسی کە لەو ڕۆژەوە دەستی پێدەکرد.

١٩٢٠/٧/٢٤

هێزەکانی فرەنسی دیمەشق داگیر دەکەن و شا فەیسەل لەسەر تەختی پادشایەتی دادەبەزێنن. کە دواتر ئینگلیز شا فەیسەلی یەکەم دەهێننە ئێراق و لەوێ دەیکەن بە پادشای ئێراق.

١٩٢٠/٨/١

دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی بەریتانی .

١٩٢٠/٨/١

شا فەیسەل کوری حوسێن بۆ دواجار سوریا جێ دەهێلی و دوای ئەوە دەکرێتە پادشای ئێراق.

١٩٢٠/٨/١٠

حکومەتی تورکی رایدەگەیەنێ کە دەسەلاتی داگیرکاریی لەسەر فەلەستیندا نەماو کەوتە ژێر ئینتدابی بەریتانیەوە.

١٩٢٠/٨/١٠

واژۆکردنی پەیماننامەی سیڤەر  لە نێوان تورکیا و هێزی هاوپەیمانان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەپێێ ئەو پەیماننامە تورکەکان لە ٨٠٪ خاکە داگیرکراوەکان لەدەست دەدا.



دەقی ئەو پەیماننامەیە سەربەخۆیی بە حیجاز و ئەرمینیا و کوردستان دەدا و سنوری نێوان سوریا و ئێراقیشی دیاری کرد ، دەربارەی کورد و کوردستان لە پەیمانی سیڤەر دا:-

لە ناو مادەکانی ناوەڕۆکی پەیمانی سیڤەر دا (٣) ماددەی بۆ بارودۆخی کوردستان تەرخانکردبوو، کە ئەوانیش ماددەکانی (٦٢، ٦٣ و ٦٤) بوون.

ماددەی ٦٢ تایبەت بوو بە کاری ئەو لێژنەی بەریتانی و فەرەنسی و ئیتاڵییەوە، کە دێنە ناوچەکە بۆ دیایکردنی سنووری ئەو ناوچەیەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، تا بگەن بە مافی ئۆتۆنۆمی خۆیان، ماددەی ٦٣یش ئاماژە بە رازیبوونی دەوڵەتی عوسمانی دەکات بەو ئەنجامەی لیژنەکە پێی دەگات، و هەرچی ماددەی ٦٤یشە باسی ئایندەی ئەو ناوچەیە دەکات، کە بەپێی ماددەی ٦٢ دیاریکراوە، بەوەی ئەگەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دوای ساڵێک خواستی جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانی هەبێت، دەتوانن داواکاری بۆ ئەو مەبەستە بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز بکەنەوە.



١٩٢٠/٨/١٢

هێزە کوردیەکانی ناوچەی رواندز هێرش دەکەنە سەر سوپای ئینگلیز و دەتوانن فەرماندەی ئینگلیزی کاپتن هێیی بریندار بکەن.

١٩٢٠/٨/٢٦

هەمواری نۆزدەمینی دەستوری ئەمریکا کە رێگەی بە ژن دا لە هەڵبژاردنەکان بەشدار بێ و دەنگ بدا بۆیە ئەم رۆژە لە ئەمریکا بە رۆژی یەکسانی ژن و پیاو هاتە ناسین.

١٩٢٠/٩/١

لوبنان دروست دەکرێ، لە ئەنجامی دابەش کردنی مومتەلەکاتەکانی دەولەتی عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لوبنان لە کۆکردنەوەی چەند ناوچەیەکی وەکو چیای لوبنان و بەعلەبەک و هەرمل و باشور، لوبنانیان لێ دروست کرد و خستیانە ژێر ئینتدابی فرەنسیەوە.

١٩٢٠/٩/٨

لە شاری کۆیە گەمارۆی هێزەکانی ئینگلیز دەدرێ بەوهۆیەوە ئینگگلیزەکان ئەو ناوچە جێدەهێلن.

١٩٢٠/٩/١٥

هێزەکانی عەشیرەتی سورچی بەرەنگاری سوپای داگیرکەری ئینگلیز لە ناوچەی زێی گەورە دەبنەوە بەلام بەهۆی نابەرانبەری هێزەکانەوە زیانێکی زۆر بە کوردەکان دەکەوێ.

١٩٢٠/١٠/١٠

سمکۆی شکاک دەسەلات لە ناوچەکانی ورمێ و سەلماس و باشوری خوی دەگرێتە دەست و لە بەهاری ١٩٢٢ مەهابادیش رزگار دەکا لە رۆژهەلاتی کوردستان . بە گەیشتنی سەید تەها بۆ لاجان و ورمێ ئەوەندەیتر دۆخەکەی ناسکتر کرد.

ناوبراو داوای کوردستانی سەربەخۆی دەکرد. پرۆسەیەکی بانگەشەی لەنێو کوردەکانی رۆژهەلات دەبردبەرێوە .

هەر بەم بۆنەوەیەوە لە هەلمەتی هەماهەنگیدا بوو لەلایەکی دیکەشەوە سمکۆ پەیوەندیی بە شیخ مەحمود و کوردانی باشوری کوردستان و باکوریەوە هەبوو کە خۆشی لە پارچەی رۆژهەلاتی کوردستان دەبێ.

١٩٢٠/١٠/٢٥



دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی ئێراقیی کاتی بەسەرۆکایەتی عەبدولرەحمان ئەلنەقیب لەلایەن مەندوبی سامی بەریتانی (برسی کۆکس)ەوە.

برسی کۆکەس لەگەڵ دامەزراندنی قەوارەی کوردستاندا نەبوو بۆیە لە دامەزراندنی حکومەتی ئێراق سور و بە پەلە بوو.

١٩٢٠/١٠/٢٧

راپەڕینی برایم خانی دەلۆ لە کفری دژی داگیرکاری بەریتانیی .

١٩٢٠/١١/١٥

یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەلەی نەتەوەکان لە ژنیف دەبەسترێ.

١٩٢٠/١١/١٦

دوای سێ ساڵ لە شەڕی ناوخۆی روسی لەم بەرواره کۆتایی بەو شەڕە ناوەخۆییە دێت.

١٩٢٠/١١/٢١

لە ئیرلەندا سوپای ئیرلەندی لە یەکەمین( یەکشەمی خوێناوی) ١٤ سەربازی بەریتانی دەکوژێ.

١٩٢٠/١١/٢٥

دامەزراندنی یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولرەحمان ئەلنەقیب بە راوێژ لەگەڵ دەسەلاتدارانی داگیرکاری بەریتانی، ئەم ئەنجومەنە تا ١٩٢١/٨/٢٣ بەردەوام دەبن بریتی بوون لە :

١/ حەسەن پاچەچی وەزیری داد.

٢/ موستەفا ئالوسی وەزیری ئەوقاف.

٣/ جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری .

٤/ عەبدول لەتیف مەندیل وەزیری بازرگانی.

٥/ عزەت کەرکوکی وەزیری تەندروستی و زانستی .

٦/ محەمەد عەلی فازل وەزیری سامانەکان.

٧/ تالیب ئەلنەقیب وەزیری ناوەخۆ.

٨/ ساسۆن حسقیل وەزیری دارایی.

١٩٢٠/١٢/٣

بەپێی رێککەوتنی (ئەلیکسەندەر پۆل) تورکیا هەردوو پارێزگای قارس و ئەردەهان دەخاتە پال خۆی.

١٩٢٠/١٢/١٠

ودرۆ ویلسون ی **woodrow wilson** سەرۆکی پێشوی ئەمریکا (١٨٥٦-١٩٢٤) خەلاتی نۆبل بۆ ئاشتی وەردەگرێ.

١٩٢٠/١٢/١٣

کۆمەڵەی نەتەوەکان بریار لەسەر دامەزراندنی دەزگای هەمیشەیی دادوەری نێودەولەتی دەدا.



١٩٢١/١/٦

دامەزراندنی سوپای ئێراقی ، ئەرکی دامەزراندنیان بە جەعفەر عەسکەری سپارد کە بەرەگەز کورد بوو.

(فەوجی ئیمام موسا الکازم یەکەم فەوجی سوپای ئێراقی)

١٩٢١/١/٢٢

کۆمەلەی زایونیزم لە ولاتی نێوان دوو رووبار ماوەی یەک ساڵ بەئاشکەرا کار دەکا.

١٩٢١/٢/٢١

کودەتای (حوت) لە ئێران کە رەزاشای هێنایە سەر حوکم بە پشتگیری سیاسیی سەید زیای تەباتەبائی.

١٩٢١/٢/٢٢

بەستنی کۆنگرەی رۆژهەلاتی ناوەراست لە قاهیرە بەسەرۆکایەتی نوێنەری بەریتانیا (کیرزن) تیایدا هیند پێشنیاری کۆنفیدرالیی بۆ کوردستان کردبوو.

١٩٢١/٢/٢٦

پەیمانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئێران ، دوای کودەتای رەزاشادێت، بەپێ ئەو رێککەوتنە ئێران پەیمان دەدا کە مافی ئیمتیاز بە لایەنی سێیەم نەدا جگە لە یەکێتی سۆڤیەت.

١٩٢١/٣/٥

یەکەم کۆمەڵەی جولەکە لە (عێراق) لەلایەن (ئەهرۆم ساسۆن ئەلیاهۆ) دامەزرا.

١٩٢١/٣/٨

شۆڕشی نوری دەرسیمی لە باکوری کوردستان هەڵدەگیرسێ.

١٩٢١/٣/١٤

کەمالیستەکان لە ئەنکەرە بڕیاری سەرتاسەری دژی کوردەکان دەدەن.

١٩٢١/٣/١٦

ڕێککەوتنێ لە نێوار یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا بۆ پێدانی هاوکاری بە تورکیا هەر لەم ڕێککەوتنە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لە قەوقاس درا بە تورکیا.

١٩٢١/٣/٢١

لینین سەرۆکی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستی (کۆمنترن) نامەیەک بۆ سەرکردەکانی شۆڕشی ١٩٢٠ ی ئێراقی دەنێری، تیایدا دەنوسێ ئێوە بەتەنیا نین ئەم ڕێکخراوە مەبەستی (ئینترناسیونالی کۆمۆنیستی) کە خاوەنی دەیان ملیۆن کرێکارە لە بەریتانیا و سۆڤیەت و فرەنسا و ئەلمانیا ئەمرۆ پشتیوانی ئێوەن. (لەکاتێکا شێخ مەحمودی حەفید دوو نامە لەو سەردەم بۆ لینین دەنێری بەلام وەلامی نادرێتەوە کە تا ئێستا نەزانراوە هۆکارەکەی چی بوو).

١٩٢١/٣/٢١

یەکێتی سۆڤێت پەیماننامەیەکی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا مۆرکرد، کە تێیدا بەشێکی زۆر لەخاکی کوردستانی بندەستی سۆڤێتی وەکو (قارس و ئەردەهان) درانە دەست حوکمڕانیی تورکەکان.

١٩٢١/٣/٢٣

شێخ ئەحمد ئەلجابر ئەلسەباح دەبێتە میری کوێت.



١٩٢١/٣/٢٩

سەعد زەغلول و هاورێیانی لە دورخراوەیی دەگەڕێنەوە ولات(میسر).



١٩٢١/٤/١٣

لەدایک بوونی شاعیری مەزنی کورد عەبدولرەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە هەژار لە شاری مەهابادی رۆژهەلاتی کوردستان یەکێکە لە نووسەرە مەرە گەورە و هەڵبەستوان و وەرگێڕ بووە، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی ئەدەبیە. هەژار برا گەورەی سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ناوبراو لە کەرەجی ئێران لە ١٩٩١/٢/٢١ کۆچی دوایی کردوە.

١٩٢١/٥/٨

هەلوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لە سوێد.

١٩٢١/٦/٨



سۆهارتۆی سەرۆکی ئەندەنوسیا لەدایک بوو بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکی لەیەکتری ژیانی لە نێوان ئەم و ئەو و خزمان دەباتە سەر تا لە یەکێک لە بانکەکان دادەمەزرێ و دەچێتە خزمەتی سەربازی سوپای هۆلەندیی داگیرکەر.

١٩٢١/٦/٢٣

بەستنی کۆنگرەی ئەرزەرۆم، لە کۆمیتەی بەرێوەبردن سێ ئەندامی کوردی تێکەوت :

١/ شێخ فەوزی

٢/ سەعدوڵلا بەگ.

٣/ حاجی موسا بەگ میرزادە. هەڵبژێردران.

١٩٢١/٦/٢٥

بەستنی کۆنگرەی قودس کە تیایدا داوای کۆتایی هاتنی ئینتدابی بەریتانی کرا.

١٩٢١/٦/٢٩

ئەمیر فەیسەل لەدایکبووی سعودیە دوای ئەوەی بە یاداشتێک لە ٢٣ی حوزەیران ئاگادار کراوەتەوە کە دەکرێتە شای ئێراق لەم رۆژە دەگاتە بەغدا.



١٩٢١/٧/١

دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی چینی .

١٩٢١/٧/١٠

هەرێمی مەنگۆلیا لەئیمپراتۆریەتی چین جیابووەوە و وەکو وڵاتێکی خاوەن سەروەری، سەربەخۆی ڕاگەیاند.

١٩٢١/٧/١١

ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق بانگێشتی شازادە فەیسەل کوری حوسێن دەکەن ببێتە پادشای ئێراق بەو مەرجەی پابەندی حکومەتێکی دەستوریی نوێنەرایەتیی دیموکراتی دەستور بێ.

١٩٢١/٧/١٢



شۆڕشی لادێ لە مەغریب بە فەرماندەیی عەبدولکەریم ئەلخیتابی دژی داگیرکاری ئیسپانی، ناوبراو ریزەکانی هۆز و تیرەکانی مەغریب یەکدەخا لە دژی داگیرکاری و شۆڕش رادەگەیەنێ.

١٩٢١/٧/٢١

ڕێککەوتنی بەردەوام لە نێوان ڕژێمی تورکیاو بەلشەفیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە پێدانی چەند ناوچەیەک لە خاکی کوردستان لە قارس و ئەردەهان بە ڕژێمی تورکیا.

١٩٢١/٧/٢٩

هیتلەر سەرۆکایەتی حزبی کرێکارانی نەتەوەیی سۆشیالیستی ئەڵمانی دەکا.

١٩٢١/٨/٥

موستەفا کەمال ئەتاتورک دەبێتە سەرۆکی تورکیا.

١٩٢١/٨/١٤

دامەزراندنی پارتی نیشتمانی ئێراق (الحزب الوطنی العراقی) بەسەرۆکایەتی عەبدولرەحمان ئەلنەقیب و جەعفەر ئەبو تمن.

١٩٢١/٨/١٥

یەکەمین پارێزگاری کەرکوک فەتاح پادشای کەسایەتی و روناکبیری کورد بوو کە قەزاکانی دوبز و حەویجەو توزخورماتوشی بەسەرەوە بوو.

١٩٢١/٨/١٨

بەرێوەچوونی گشتپرسییەک لە ئێراق لەسەر وەرگرتنی رەزامەندی بە دانانی فەیسەڵی کوری حوسێن وەکو پادشای ئێراق.

١٩٢١/٨/٢٣

راگەیاندنی رژێمی پادشایەتی لە ئێراق و کردنی فەیسەل کوری ئەلشەریف حوسێن بە پادشای ئێراق.




١٩٢١/٨/٢٣

فەیسەل کوری حوسێن کە کرا بە پادشای ئێراق لەم رۆژە یەکەم گوتاری خۆی پێشکەش بە گەلی ئێراق کرد.

١٩٢١/٩/١

یەکەم خوێندنگا(قوتابخانە) ی حکومی لە عەنکاوە بە هەوڵی مەتران ئستیفان دەکرێتەوە.

١٩٢١/١٠/٤

كۆمەلەی نەتەوەكان رەزامەندی نادات هاوكاری یەكێتی سۆڤیەت بكەن بۆ رووبەروو بوونەوەی برسێتی و قات و قری كە توشی بوە ، هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە كە كۆمۆنیستەكان لەم ولاتە دەسەلاتیان گرتۆتە دەست.

١٩٢١/١٠/٦

سمكۆی شكاك لە رۆژهەلاتی كوردستان شاری ورمێ و مەهاباد ئازاد دەكا و دەسەلاتی رەزاشای لێ وەدەر دەنێ. لەم هێرشەدا كە ٥٥٠ سەربازی داگیركەری لێ جێنیشكرابوو ٢٢٠ یا دەكوژرێن.

١٩٢١/١٠/٢٠

فرەنسا وتوركیا رێككەوتنێك واژۆ دەكەن بۆ كۆتایی هاتن بە ناكۆكیەكانیان لەسەر سوریا و دیاری كردنی سنورەكانی نێوان سوریا و توركیا بەپێی ئەو رێككەوتنە فرەنسا دەستبەرداری باكوری سوریا دەبێ بۆ توركیا لەكاتێكا ئەم بەرو ئەوبەری سنوری سوریا و توركیا كوردستانی داگیركراوە.

١٩٢١/١١/٧

بینیتو مۆسۆلینیی **Benito mussolini** ی فاشست پێشناوی (دوچێ) بۆ خۆی دادەنێ ئەم پێشناوە لە شێوەی فوهرەری ئەلمانی تەنها بۆ خۆ مەزن كردنەبۆ ئەوەی وەكو ئیمپراتۆری ئیتالیا بێتە بەرچاو.



١٩٢١/١١/٢٠

لەدایك بوونی گۆرانیبێژی مەزنی كورد حەسەن زیرەك لە رۆژهەلاتی كوردستان و لە شاری بۆكان.

١٩٢١/١١/٢٣

دەسەلاتدارانی ئینگلیز سەعد زەغلول و هاورێیانی دەستگیر دەكەن و بۆ دورگەی سیشیل دوریان دەخەنەوە.

١٩٢١/١٢/١٥

هێزەکانی رەزاشای کودەتاچی بە هاوکاری سەرۆک هۆز ئەمیر ئەرشەد و خالۆ قوربان و جەندرمە شاری مەهاباد کە رزگار ژکرابوو لەدەست شۆڕشگێران دەردێنن بەلام دوای چەند رۆژێکی کەم شۆڕشگێڕەکان دەتوانن رزگاری کەنەوەو هەردووک سەرۆک کۆهە بەکرێگیراوەکەش بە سزای گەل بگەیەنن.

**١٩٢٢/١/١٥**

کۆماری ئیرلەندا لەم رۆژە هاتە راگەیاندن.

**١٩٢٢/٢/٦**

واژۆکردن لەسەر پەیماننامەی واشنتۆنی دەریایی بۆ سنوردار کردنی چەکداربونی دەریاوانیی هەریەک لە ولاتانی ئەمریکا و ژاپۆن و فرەنسا وبریتانیا و ئیتالیا.

**١٩٢٢/٢/٢١**

بەریتانیا بەرپرسیارێتی خۆی لەسەر پاراستنی میسر لادەبا کە لە ١٩١٤ گرتبویە ئەستۆ.

**١٩٢٢/٢/٢٨**

بەریتانیا بە فەرمی دان بە سەربەخۆیی میسردا دەنێ .

**١٩٢٢/٣/١٢**

ئەرمینیا و گورجستان و ئازەربایجان بەیەکەوە کۆماری ئەوبەری قەوقازی سۆڤیەتیی سۆسیالیست پێکدێنن.



**١٩٢٢/٣/١٥**

دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی میسر فوادی یەکەمی کوری خدێوی ئیسماعیل سیستەمی حوکمران دەگۆڕێ لە سەلتەنەوە بۆ پادشانشین. پاشناوی خۆیشی لە سولتانەوە دەکاتە پادشا فوادی یەکەم.

١٩٢٢/٤/١

شارۆچکەی دهۆک دەبێتە قەزا و یەکەم قایمقام فەتاح بەگ بوو.

١٩٢٢/٤/٣

ستالین بە ئەمینداری کۆمیتەی ناوەندیی حزب دادەمەزرێ.

١٩٢٢/٧/٢

لەم رۆژە حکومەتی ئێراقی بڕیاری مافی دامەزراندنی رێکخراوەکان دەدا، بەلام هەرکە حکومەت دەکەوێتە سەرپێ ئەم مافە لە هاولاتیان زەوت و مەرجدار دەکرێ.

١٩٢٢/٧/١١

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیا سەرۆک وەزیران چرچل پشتگیریەکانی بۆ مافی گەلی کورد لە کوردستان دووپات دەکاتەوە.

١٩٢٢/٧/٢١

دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (کۆمەلەی جەمعیەتی کوردستان) لەلایەن جەنەرال موستەفا پاشا و بانگی کورد رۆژنامەی ئەو کۆمەلە بوو، یەک رۆژ دوای دامەزراندنی ئینگلیز ناچار دەبێ شێخ مەحمود لە دورخراوەیی لە هیند بگێڕێتەوە کوردستان. ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵەی جمعیتی کوردستان:-

بە مەبەستی دووبارە رێکخستنەوە و خۆ سازدان بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان بوو. پاش راگەیاندنی دامەزراندنی کۆمەڵە مستەفا پاشای یاملکی بە سەرۆکی کۆمەڵە و چەند ئەندامێکی تر، وەکو دەستەی دامەزرێنەر هەڵبژێردران لەوانە:

- رەفیق حلمی.

- ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ.

- فایەق بەگی مارف بەگ.

- شێخ عەلی سەرکار.

- شێخ محەمەدی گولانی.

- سالح ئەفەنی قەفتان.


بانگ کردستان

- سدیق ئەفەنی عەلەکە

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) وەکو زمانحاڵی کۆمەڵەکە لە بەرواری ٢/٨/١٩٢٢ دا دەرکردەکرێ.

١٩٢٢/٧/٢٥

شەڕی شەکرباز کە هێزەکانی سمکۆ لە دژی داگیرکاری سوپای ئێران جەنگین بەلام بەهۆی نابەرانبەری هێزەکان سمکۆ دەشکێ و دەبێتە وەرچەرخانێکی نەرێنی بۆ سوپاکەی سمکۆ .

١٩٢٢/٧/٢٧


بەر لە کۆنگرەی لۆزان و دوای کۆنگرەی سیڤەر چرچل نامەیەک بۆ دەسەلاتدارانی ئێراق دەنێرێ تیایدا داوادەکا مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردی باشور بدرێ.

١٩٢٢/٨/٢

کۆچی دوایی ئەلیکسەندەر گراهام بیل **Alexander Graham Bell**، لە شاری نۆڤا سکوشیا لە کەنەدا، یەکێک بووە لە زانا ناودارەکانی جیهان لە بواری دەنگدا، داهێنەر و ئەندازیار بووە، خاوەنی دروستکردن و داهێنانی تەلەفۆن بوو، ناوبراو لە ٣ی ئایاری ١٨٤٧ لە شاری ئەدنبرە لە ئێرلەندا لە دایکبووە.

١٩٢٢/٨/٢

ژمارە یەکی ڕۆژنامەی (بانگ کوردستان ) لەلایەن کۆمەلەی جەمعیەتی کوردستانەوە دەردەکرێ.



١٩٢٢/٨/٢٢


لە ئیرلەندا سەرۆکی (شین فین) **Sinn Fein** میکایل کۆلین **Michail Collins** لە شەڕی ناوەخۆ بە گولە تیرۆر دەکرێ.

١٩٢٢/٩/٣

دامەزراندنی حزبی ئازادیی ئێراق (الحزب الحر العراقی) بەسەرۆکایەتی مەحمود عەبدولرەحمان ئەلنەقیب) ناوبراو سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزراندنی پاشایەتیی ئێراق و یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئێراق بوو.

١٩٢٢/٩/١٤

یەکەم کۆنگرەی کوردی لەشاری سلێمانی و لەسایەی حکومەتی (شێخ مەحمودی حەفید)دا بەڕێوەچوو، کە تێیدا لایەنە کوردییەکان پشتیوانی خۆیان بۆ مەلیکی کوردستان دەربڕی.



١٩٢٢/٩/٣٠

شافەیسەل یەکەم کابینەی حکومی ئێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولرەحمان ئەلنەقیب پێکدێنێ بەلام تەنها مانگێک و نیو درێژەی دەبێ.

١٩٢٢/١٠/١٠

شێخ مەحمود یەکەمین کابینەی حکومەت پێک دێنێ کە لە(٨) وەزیر پێکهاتبوو

١/ مستەفا پاشای یامولکی (وەزیری مەعاریف).

٢/ سەرهەنگ ساڵح زەکی (وەزیری بەرگری).

٣/ کەریم عەلەکە (مەسیحی- وەزیری دارایی).

٤/ شێخ محەمەد غەریب (وەزیری ناوخۆ).

٥/ ئەحمەد بەگ فەتاح (وەزیری ئابوری).

٦/ حەمەی ئاورەحمان ئاغا (وەزیری نافیعە).

٧/ حاجی مەلا سەعید (وەزیری دادپەروەری).

١٩٢٢/١٠/١١

کۆتایی جەنگی نێوان تورکیا و یۆنان بە ڕێککەوتنی(مۆدانیا **Mudanya**) کە لە ١٥ی ئایاری ١٩١٩ دەستی پێکردبوو. بە پێی ئەو ڕێککەوتنە یۆنان لە خاکی باکوری کوردستان دەکشێتەوەو رادەستی تورکیای دەکا.

١٩٢٢/١٠/١١

لە ئیتالیا بە شێوەیەکی فەرمی بینیتۆ مۆسۆلینی **Benito Mussolini** و حزبی فاشیزم دەسەلات دەگرنە دەست.

١٩٢٢/١٠/٢٣

یەکەم هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقی کە شێخ مەحمود دژی وەستایەوە.

١٩٢٢/١١/١

بە شێوەیەکی سیاسی دەولەتی عوسمانی کۆتایی هات.

١٩٢٢/١١/٦

پادشای بەریتانیا جۆرجی پێنجەم رایدەگەیەنێ کە ئیرلەندا دەولەتێکی ئازادە نەک سەربەخۆ دواتر بەشە باکوریەکەی لەگەڵدا نیە ، ئەو پارچەی بەشێکە لە دەولەتانی کۆمنویلث.



١٩٢٢/١١/٩

یەکەمین وتاری شێخ مەحمود دوای گەرانەوەی لە دورخراوەییدا وتاری ژمارەی یەکی بوو کە ئاراستەی گەلی کوردی کرد.

١٩٢٢/١١/١٠

دووەم بەیاننامە و بڕیاری شێخ مەحمود دوای گەرانەوەی بۆ سلێمانی لە دورخراوەییدا، دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەت بوو .

١٩٢٢/١١/١٠

شا فەیسەلی یەکەم پادشای ئێراق رێککەوتنێک لەگەل بەریتانیا واژۆ دەکا بۆ ماوەی بیست ساڵ، تیایدا بەریتانیا گفت بە ئێراق دەدا بیکا بە ئەندامی کۆمەلەی نەتەوەکان لە بەرانبەردا شا فەیسەل پەیمان دەدا کە لە هەموو کارەکانی راوێژ بە بەریتانیا بکا و بەبێ ئەو هیچ هەنگاوێک نەنێ بەتایبەت ئەو کارانەی کاردەکەنە سەر ئابوری بەریتانیا.

١٩٢٢/١١/١٢

(سمايل خانی شکاك) سمکۆ ، ڕابەری شۆڕشی کوردو (ئەدمۆنز)ی نوێنەری حکومەتی ئینگلیز کۆبوونەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە.

١٩٢٢/١١/١٥

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لەشاری سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، کە تەنها ٥١ ژمارەی لێدەرچووە و گرنگیی بەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەدا.

١٩٢٢/١١/١٥

لە بەریتانیا بۆ یەکەمین جار کۆمپانیای ئیزگەی بەریتانی پەخشی (**BBC** ) دەست پێدەکا.

١٩٢٢/١١/٣٠

شافەیسەلی یەکەم پادشای ئێراق کابینەی دووەمی حکومەت بە سەرۆکایەتی عەبدولموحسین ئەلسەعدون پێکدێنێ و نوری سەعید دەکاتە جێگری وەزارەتی بەرگری بەلام دواتر جێگیری دەکا بە وەزیری بەرگری ئەم کابینەش تەنها سالێک تەمەنی دەبێ.

١٩٢٢/١٢/٢

واژۆکردنی پرۆتۆکۆڵی (عەقیر) تایبەت بە دیاری کردنی سنوری نێوان ئێراق و کوێت و دەسەلاتی نەجد.

١٩٢٢/١٢/٣٠

ڕاگەیاندنی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتیی سۆسیالیزم، پێکهاتوو لە چوار کۆمار.

١٩٢٣/١/١٠

ژمارە چواری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان بڵاوکرایەوە.

١٩٢٣/١/٢٧

لە شاری مونشن **Munchen** بۆ یەکەمینجار نازیەکان دەسەلات دەگرنە دەست.

١٩٢٣/٢/١٦

دۆزینەوەی گۆڕستانی (توت عنخ ئامون) لە ئەقسر ی ولاتی میسر لەلایەن شوێنەوارناس (هاوارد کارتەر)ەوە.

١٩٢٣/٢/٢٤

کۆچی دوایی میجەر سۆن، ناوی تەواوی یلی بانیستەر سۆن ( **Major Ely Bannister Soane**، ئەفسەری سیاسیی سوپای بریتانیا و نووسەر و زمانناس.

ژیاننامەی میجەر سۆن :

میجەر سۆن ساڵی ١٩٠٢ وەک کارمەندێکی بانک دەنێررێت بۆ ئێران و لەوێ زمانی فارسی فێر دەبێت.

لە ساڵی ١٩٠٥ بە ساختە موسڵمانبوونی ڕادەگەیەنێت.

لە ١٩٠٧ کاری بانک بەجێ دەهێڵێت و وەک گەشتیار بە ناوچەکەدا دەگەڕێت.


لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فێری کوردی دەبێت و لە ساڵی ١٩٠٩ بە شێوەی بازرگانێکی فارس و بەناوی «غولام حوسێن شیرازی»ەوە دەچێت بۆ مەڵەبجە و پتر لە شەش مانگ لە ماڵی وەسمان پاشادا.

لەم بەسەرهاتانەی کتێبێک بە ناوێ «گەشتێکی شاراوە بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان» دەنووسێت.

میجەر سۆن لەم سەینوو بەینە خۆی بە باش فێری زمانی کوردیش بووە و چەند کتێبی فێرکاریشی بۆ زمانی کوردی نووسیوە. دوای ئەوەی کە ڕاستییەکەی دەردەکەوێت بەنهێنی کوردستان بەجێ دەهێڵێت.

لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیی (١٩١٤-١٩١٨) لەگەڵ سوپای ئینگیزدا دەگەڕێتەوە بۆ عێراق.

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ەوە هەتا ١٩١٩/١/٢٧ بە یارمەتیی شوکری فەزلیەوە توانی ٦٧ ژمارە لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بڵاو بکاتەوە.




لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢١ و لە کاتی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید، ئەفسەری سیاسیی سوپای بریتانی بووە لە باکووری ئێراق .

ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە بۆ بریتانیا و لەوێ دەمێنێتەوە تا لەم ڕۆژە کۆچی دوایی دەکات.

١٩٢٣/٢/٢٨

يەکەم ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن لەشاری سلێمانی کەوتە بازاڕەوە، ئەم گۆڤارە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو.

١٩٢٣/٣/٣


دوایین ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لەشاری سلێمانی بڵاوکرایەوە.

١٩٢٣/٣/٨

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (بانگی حەق) لە ئەشکەوتی جاسەنە لەلایەن شێخ مەحمودەوە بڵاوکرایەوە.

١٩٢٣/٣/٢١

لەدایکبوونی شاعیری عەرەبیی سوری نەزار ئەلقەبانی.( شاعیر نابێ بیر لە کوشتن بکاتەوە)




١٩٢٣/٣/٢٤

سیستەمی حوکمرانی لە یونان دەبێتە کۆماری.

١٩٢٣/٥/١٦

داگیرکردنەوەی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکان و شێخ مەحمود و هێزەکەی بەرەو چیاکان هەڵکشان.

١٩٢٣/٥/٢٠


ئەشکەوتی جاسەنە کە شێخ مەحمود کردبویە بارەگای خۆی و ڕۆژنامەکانی لێ دەردەچوو لەلایەن ئینگلیزەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ.

١٩٢٣/٦/٨

شێخ مەحمود نامەیەک بۆ لینین دەنێرێ، ئەمەش دووەمین نامەی دەبێ. کە وەلامیان نییە.

١٩٢٣/٧/١

پەرلەمانی کەنەدی بە شێوەیەکی کاتی کۆچی چینیەکان بۆ ولاتەکەیان رادەگرن.




١٩٢٣/٧/٧

لینین بڕیار لەسەر دامەزراندنی کوردستانی سور دەدا که به کوردستانی لاچینیش دەهاته ناسین، بەلام له سیەکان لەژێر فشار و داوای تورکەکان ستالین هانی ئازەربایجان دەدا تا ئەم قەواره هەڵوەشێننەوه و کوردەکانیش پەرتەوازەی ولاتانی دراوسێ دەکا.

١٩٢٣/٧/٧

لەناو بردنی حوکمرانیی شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیزەوە.

١٩٢٣/٧/١٠

سەرۆکی ئیتالیا بنیتو موسۆلینی بڕیارێک دەردەکا سەرجەم حزبەکان له کاری حزبی قەدەغه دەکات جگه له حزبی فاشیی خۆی نەبێ لەگەڵ وەستاندنی کاری پەرلەمانی.

١٩٢٣/٧/١١

شێخ مەحمودی حەفید، بارەگا و هێزەکانی لەناوچەی (پیران)ی سەر بەناوچەی قەرەداغەوە گواستەوە بۆ ناو شاری سلێمانی.

١٩٢٣/٧/١١

حکومەتی ئێراق بریارێک دەردەکا که زمانی عەرەبی بەسەر کوردەکانی ئێراقدا له ناوچه کوردیەکان نەسەپێنن و مافی ئاینی و سڤیلیشیان بپارێزن.

١٩٢٣/٧/٢٤

واژۆ کردنی پەیماننامەی لۆزان که لەسەر دۆخی تورکیا و هەلوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر بوو. بزووتنەوەی کەمالی دوای سەرکەوتنەکانی و دامەزراندنی ڕژێمی نوێی کۆماری له ناو خاکی تورکیا دا هەوڵی خۆسەپاندنی ئەدا لەسەر کایەی سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و چەند هۆکارێکیش بوونه هاندەر بۆ بەستنی پەیمانی لۆزان و جێگرتنەوەی پەیمانی سیڤەر له نێوان دەسەڵاتدارانی تورکیای کەمالی و هاوپەیمانەکاندا .

لەو هۆکارانە:-

١- سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کەمالییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا لە سەر پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنقەرە.

٢- بەستنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان تورکیا و یەکێتی سۆڤێت هەرچەندە ئەمە لە بەرژەوەندی وڵاتانی هاوپەیمانانی نەیاری سۆڤێت نەبوو.

٣- لە ناو وڵاتانی هاوپەیمانیشدا هەر یەکە لە وڵاتانی فەڕەنسا و ئیتاڵیا لە هەمان ماوەدا دانیاننا بە کەمالێکاندا و پەیوەندیان لەگەڵ بەست، وەکو نەیارێتییەک بەرامبەر بە بەریتانیا.

٤- دەرکەوتنی ئەمریکاش وەکو ڕکابەرێکی تری بەریتانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، کە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ کارتی نەوتی دەستی تورکەکان دەکەن کە گوایا نەوتی ولایەتی موسڵ ئەدەن بە کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەبەرامبەر پشتگیری کردنیان لە کۆنگرەدا.

شایانی باسە: کۆنگرە کۆبوونەوەکانی لە دوو خوولی جیاوازدا ئەنجامدا:

یەکەمیان لە کۆتای ساڵی ١٩٢٢ تا سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ و دووەمیشیان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٣ تا سەرەنجام لەم ڕۆژەدا مۆر کردنی پەیمانی لۆزان کۆتای هات.

ناوەڕۆکی پەیمانی لۆزان:



پەیمانی لۆزان سەرەڕای جێگرەوەی پەیمانی سیڤەر، دانی بە هەموو سەروەرییەکانی کەمالییەکاندا نا لەسەر خاکی تورکیا، هەروەها دەربارەی مافی نەتەوە نا تورکەکانی ناو دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکیاش پەیمانەکە جگە لە چەند مادەیەکی تایبەت بە مافی زمان و کەلتور و ئازادی ئاینی کەمینە نەتەوەکانی ناو تورکیا کە تورکیا هیچیانی جێبەجێ نەکرد، وەکو مادەکانی (٣٩ و ٤٠) دا، هیچ مافێکی بۆ نەتەوەکانی ناو تورکیا و لەوانیشدا نەتەوەی کورد تێیدا نەبوو.

١٩٢٣/٨/١٣

کۆنگرەی نیشتمانی لە تورکیا بڕیار دەدا کەمال ئەتاتورک ببێتە سەرۆکی حکومەت ئەمەش وەکو دوا هەنگاوەکانی لادانی سولتانی عوسمانی دێت.

١٩٢٣/٩/١


بەهۆی بومەلەرزەیەکی بەهێزەوە کە شارەکانی تۆکیۆو یۆکۆهامای ژاپۆنی گرتەوە، زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستدا و دوو ملیۆن هاوڵاتیش ئاوارە بوون.

١٩٢٣/٩/١٠

دەولەتی ئیرلەندا دوای خەباتی چەکداریی، بەریتانیا دانی پێدادەنێ وەکو ئیرلەندای سەربەخۆ.

١٩٢٣/٩/٢٣

دامەزراندنی پۆلیسی (ئینتەرپۆل) لە پایتەختی نەمسا (ڤیەننا).




١٩٢٣/٩/٢٣

ڕۆژنامەنوس و ئەدیبی میسری محەمەد حەسەنێن هەیکەل لەدایک بووە ، ناوبراو سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئەهرامی قاهری بووە بەناوبانگترین ڕۆژنامەی عەرەبی.

١٩٢٣/١٠/١٣

گواستنەوەی پایتەختی تورکیا لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ئەنکەرە چونکە ئەستمبوڵ پایتەختی عوسمانیەکان بووە.


١٩٢٣/١٠/١٥



لەدایک بوونی نوسەری بەناوبانگی کورد یەشار کەمال لە گوندی گوکچەلی لە باکوری کوردستان . سەرەتای ژیانی سیاسی بە هزری چەپ دەست پێدەکا . لەتەمەنی ١٧ سالییدا دەگیرێ و دواتریش لە ١٩٩٥ بە تۆمەتی هاوکاری و بلاوکردنەوەی هزری سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ڕژێمی تورکیا دووبارە دەستگیر دەکرێ .

بەرهەمەکانی تا ئێستا بۆ ٤٠ زمانی جۆراو جۆر وەرگێڕدراون، هەلگری چەندین خەلاتی لۆکالی و نێودەولەتیی ئەدەبییە و بەهۆی بەرهەمە نایابەکانیەوە لە ١٩٧٣ کاندید دەکرێ بۆ خەلاتی نۆبل .

ناوبراو دوو جار هاوسەرگیریی کردووە جارێکیان لەگەڵ کچە جوولەکەیەک بەناوی  سیلدا سێرێرۆ لە ١٩٥٢دووەمیان لەگە/ڵ عایشە بابان لە ٢٠٠٢، لە تەمەنی ٩١ ساڵییدا و لە ٢٠١٥/٢/٢٨ کۆچی دوایی دەکا.



١٩٢٣/١٠/١٦

لە بومەلەرزەیەکدا کە شاری تۆکیۆی هەژاند ژمارەی ٢ ملیۆن کەس بێ شوێن و ئاوارە بوون لەگەڵ مردنی نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ سێسەد هەزار کەس.




١٩٢٣/١٠/٢٩

کۆماری تورکیا لەسەر کەلاوەی دەولەتی عوسمانی رادەگەیەندرێ و کەمال ئەتاتورک دەبێتە یەکەم سەرۆکی.



١٩٢٣/١١/٢٤

شەهید کردنی جەمال عیرفان ، ناوی تەواوی ناوبراو جەمال عیرفانی کوری مەلا عەبدوللا ی مەلا رەسولی کاژاوێ لە ١٨٨١ لە گەرەکی کانێسکانی سلێمانی لەدایک بووە، ناوبراو ئەفسەرێکی پێشکەوتوو ونوسەرێکی بیری چەپی کوردی بووە.



١٩٢٣/١١/٢٦

شا فەیسەل کابینەی سێیەمی حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی جەعفەر عەسکەری پێکدێنێ، ئەم کابینە تا ١٩٢٤/٨/٢ درێژەی دەبێ.

١٩٢٤/١/١٢

یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە میسر ئەنجام دەدرێ.


١٩٢٤/١/١٣

لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانیی میسری حزبی وەفد بە یەکەم دەردەچێ.



١٩٢٤/١/٢١

فلادیمێر ئلیتش لینین **Vladimir Lenin** کۆچی دوایی دەکا ، لینین لە ٢٢ی نیسانی ١٨٧٠ لە شاری سیمبرسک کە ئەمڕۆ بە (ئولیانوفسک) دێتە ناسین لەدایک بووە.



١٩٢٤/١/٢٢

پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حزبی کاری بەریتانی بەسەرۆکایەتی رامز ماکدۆنالد **Ramsay MacDonald**.

١٩٢٤/١/٢٢


دوای مردنی لینین ئەنجومەنێکی شۆڕش لە (ستالین **Jozef Stalin** و کامنیێف **Leo Kamenev** و زینۆڤییێف **Grigoriy Zinoviev**)پێک دێت بۆ بەڕێوە بردنی حزب و حکومەت بە شێوەیەکی کاتی.

١٩٢٤/١/٢٨

سەعد زەغلول یەکەمین کابینەی میللیی حکومەتی میسر پێکدێنێ.

١٩٢٤/٢/٣

کۆچی دوایی ٣٤ ەمین سەرۆکی ئەمریکا تۆماس ودرۆ ویلسون **Thomas Woodrow Wilson** لە تەمەنی ٦٧ ساڵییدا لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرۆکی ئەمریکا دەبێ و لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان دەستی باڵای هەبووە بەڵام دواتر کۆنگرێسی ئەمریکی رازی نابێ ئەمریکا ببێتە ئەندام لەو ئەنجومەنە.



ولسۆن بە ١٤ بنەماکەی٨ی یەنیوەریی ١٩١٨ وە ناوبانگی دەرکرد کە تیایدا داوای ئاشتیی جیهانی و چارەسەری کێشەکانی گەلان دەکاو لە بەندی ١٣ دا باس لە مافی چارەی خۆنوسینی گەلانی ژێر دەستی پارچەکانی تورکیا دەکا کە مافی چارەی خۆنوسینیان هەبێ .

هەرچەندە ئەم ماددەیە کوردی دەگرتەوە بەڵام بە هۆی لێکدانەوەی دووفاق و بەرژەوەندی زلهێزەکان و پێداگری کەمال ئەتاتورکەوە کورد لەم برگە بێبەش دەکرێ .

١٩٢٤/٢/٧

حکومەتی فاشی کە بینیتو موسۆلینی **Benito Mussolini** سەرۆکایەتیی دەکا پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دروست دەکا.



١٩٢٤/٣/٣

کۆتایی هاتن بە دەسەلاتی خەلافەتی عوسمانی لە تورکیا و دوایین خەلیفەشیان عەبدول مەجیدی دووەم خۆی و سەرجەم خانەوادەکەیان لە تورکیا وەدەر نران.

**١٩٢٤/٣/٣**

حکومەتی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) بڕیاریدا، سەرجەم قوتابخانە و فێرگە و یانە کوردییەکان لەتورکیا دابخرێن، دواتریش زمان و پۆشینی بەرگی کوردیی قەدەغەکرد.

**١٩٢٤/٣/٢٧**

کردنەوەی دانیشتنی ئەنجومەنی دامەزراندنی ئێراق.




**١٩٢٤/٤/١**

ئەدۆڵف هیتلەر **Adolf Hitler** بە ٥ ساڵ زیندانی سزا درا بە تاوانی ناپاکیی مەزن، بەڵام تەنها ٩ مانگ زیندانی کرا.

**١٩٢٤/٤/٢٧**

نەمسا سیستەمی کۆماری رادەگەیەنێ و دەبێتە کۆماری نەمسا.



**١٩٢٤/٥/٢٤**

شاعیر و گوتارنوسی میسری موستەفا لوتفی مەنفەلوتی کۆچی دوایی کرد.

**١٩٢٤/٥/٢٥**

لەم رۆژەدا، هێزی ئاسمانی بەریتانیا، بۆردومانی سلێمانیو هەڵەبجەی کرد.



**١٩٢٤/٦/٣**

نوسەری چیکی فرانز کافکا **Franz Kafka** لەتەمەنی ٤٠ چل ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا.

١٩٢٤/٦/٧

هێزەکانی ئێران مەلبەندی لورستان بۆردومان دەکەن و شۆڕشەکەیان بە ماوەی ٢٩ ڕۆژ هێرش و بۆمباران دادەمرکێننەوە و ژمارەیەکی یەکجار زۆریشیان لێ ڕادەگوازنەوە بۆ خوراسانی باکوری ئێران ، ئەم هێرش و سەرکوتکاریە بە فەرمان و فەرماندەیی رەزا شا دەبێ.



١٩٢٤/٧/١

کەسایەتیی سیاسیی کورد عەزیز محەمە سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی کوردستان لە گوندی (بێرکۆت)ی نزیك شاری هەولێر لە دایك بووە، باوکی کوردێکی هەژاری جوتیاری گوندی (بێرکۆت) بووە، دایکی کچە مەلا بووە و لە ناوچەکانی وان و باش قەلاوە هاتۆتە هەولێر لە ٣١ی ئایاری ٢٠١٧لە هەولێرکۆچی دواییکرد.

١٩٢٤/٧/٥

ئۆلمپیادی هەشتەم لە پاریس دەکرێتەوە.

١٩٢٤/٧/١١

لە دەلهیی هیند ، موسلمان و هندۆسەکان دژی داگیرکاری بەریتانی ڕادەپەڕن.

١٩٢٤/٧/١٩

بەتەواوەتی سلێمانی لەلایەن دەسەلاتی ئێراق دەستی بەسەردا دەگیرێ و دەبێتە بەشێک لە ئێراق.



١٩٢٤/٨/٢


پێکهێنانی کابینەی چوارەمی حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی یاسین ئەلهاشمی ، تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٢٥/٦/٢١ دەبێ.

١٩٢٤/٩/٤

راپەڕینی کوردانی باکور لە (بیت شەباب) دەست پێدەکا وەکو بەشێک لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.

١٩٢٤/٩/٣٠

کۆمەلەی گەلان لێژنەییەک پێکدێنێ بۆ لێکۆلینەوە لەسەر سنوری نێوان ئێراق و تورکیا کە پێک هاتبوون لە سێ ئەندام (کۆلۆنێل پاولیس، کۆنت تەلەکی، وێرسن).



١٩٢٤/١٠/٣

ئینگلیز ئەلشەریف حوسێن بن عەلی ناچار دەکا پۆستی پادشایەتی ئوردنی هاشمی بۆ کورەکەی ئەلشەریف عەلی جێبێلێ و ئەویش دوردەخەنەوە بۆ قوبرس.




١٩٢٤/١٠/٢٧

دوای ئەوەی کۆمەلگای نێودەولەتی لە سیڤەر و لۆزان نەیانتوانی مافی گەلی کورد بپارێزن لەم رۆژە لە برۆکسلی ولاتی بەلژیک دادەنیشن بۆ دیاری کردنی سنوری پارچەکراوی کوردستان لە نێوان باکور و باشوردا واتە ئێراق و تورکیا

١٩٢٤/١١/١٣

پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە پرسی موسل لەلایەن کۆمەلەی نەتەوەکانەوە.

١٩٢٤/١١/٢٠

کوشتنی لیوا لی ستاک فەرماندەی سوپای میسری و حاکمی سودان بە دەستی هاولاتیەکی میسری.

١٩٢٤/١٢/١١

مەلیک فەیسەل پادشای ئێراق رەزامەندی لەسەر پەیماننامەی نێوان ئێراق و بەریتانیا دەدا.

١٩٢٤/١٢/٢٠

بۆ یەکەمین جار ئالای ئێراق لە کەرکوک هەڵدەکرێ.



١٩٢٥/١/٥

دامەزراندنی حزبی نازیی ئەلمانی. (بە ئەلمانی Nationalsozialistische Deutsche Arbeiterpartei ) بە (ئینگلیزیەکەی German National Socialist Workers' Party).

١٩٢٥/١/٦

دوای تەواو بوونی راپرسیە شکلیەکەی کۆمەلەی نەتەوەکان لەسەر چارەنوسی ویلایەتی موسل، بەفەرمی باشوری کوردستان بە ئێراقەوە دەبەسترێتەوە .

١٩٢٥/١/١٦

ستالین ,لیون ترۆتسکی لە پۆستی کۆمیساری بەرگری میللی وەلا دەنێ.



١٩٢٥/٢/٨

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە باکوری کوردستان هەڵدەگیرسێ. ئەم شۆڕشە لە ماوەیەکی کورتا زۆربەی شارەکانی باکوری کوردستان دەگرێتەوە.

١٩٢٥/٢/٢٤

لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا شاری ئەلەزگ لە تورکی داگیرکەر رزگار دەکرێ.

١٩٢٥/٢/٢٦

لە باکوری کوردستان شۆڕشگێڕەکان دوای شەڕ و هەڵمەتێکی بێ ووچان شاری خەرپوت لە تورکی داگیرکەر رزگار دەکەن.

١٩٢٥/٣/٣

بەهۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی (شێخ سەعیدی پیران)ەوە لەباکوری کوردستان، کێشە و نائارامی دەکەوێتە نێو ریزەکانی حکومەتی تیورکیا بەو هۆیەوە کابینەی حکومەتی تورکیا هەڵوەشایەوە.

ئەم هەلوەشانەوە ووزەیەک بە شۆڕشگێڕەکان دەبەخشێ.




١٩٢٥/٣/٤

بەسەرکردایەتی (شێخ سەعیدی پیران) لەدژی دەوڵەتی تورکیا، شۆڕشگێڕان هێرشیان کردە سەر سوپای تورکیا بەمەبەستی ڕزگارکردنی شاری ئامەد (دیاربەکر).

١٩٢٥/٣/٧

ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ وەك یەکەم پارێزگاری (سلێمانی) دەستبەکاربوو.

١٩٢٥/٣/١٠

لە شۆڕشی شێخ سەعیدا ناوچەکانی سلێڤان و هازرو و ئارگاوە و جۆلەمێرگ رزگار دەکرێ لە تورکی داگیرکەر.

١٩٢٥/٣/١١

دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (دیاریی کوردستان) لە بەغدا بە سەرپەرشتی سالح زەکی ساحیبقران.






١٩٢٥/٣/١٢

سون یات سەن **Sun Yat-sen** سەرۆکی کۆمینتاگ و پارتی میللی چینی لەتەمەنی ٦٩ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا

و جەنەرال چانگ کای چیکەوە Chiang Kai-shek جێگەی دەگرێتەوە



١٩٢٥/٣/١٧

یاسین ئەلهاشمی رادەسپێردرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراقی تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٣٦/١٠/٩ درێژەی دەبێ.



١٩٢٥/٣/٢٣

دوای سێ کاتژمێر لە هەڵبژاردنی سەعد زوگلول بە سەرۆک وەزیرانی میسر مەلیک فواد پەرلەمان هەلدەوەشێنێتەوە.

١٩٢٥/٤/١٥

لە شاری بدلیس ی باکوری کوردستان چوار فەرماندەی شۆڕشی شێخ سەعید لە سێدارە دەدرێن لە ناویاندا یوسف زیا کە نوێنەری بدلیس بوو لە پەرلەمانی تورکیا و سەرهەنگ پیلید هەبوون.

١٩٢٥/٤/٢٤

دوای رێکەوتنی (سان ریمۆ) فەرەنسا دەستی لە ولایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا هەڵگرت، بەپێی رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ، ولایەتی موسڵ درابووە فەرەنسا. بەڵام کە نەوت لە کەرکوك دۆزرایەوە، بەریتانیا پاشگەز بویەوە و فشاری خستە سەر فەرەنسا و ولایەتی موسڵی لێ سەندەوە بە ئالوگۆڕ.

١٩٢٥/٤/٢٥

قوبرس دەبێتە کۆلۆنیایەکی بەریتانی.

١٩٢٥/٤/٢٧

شێخ سەعیدی پیران بە یارمەتی جاشە کوردەکان دەستگیر دەکرێ.

١٩٢٥/٥/١٠

دادگایی کردنی شێخ سەعیدی پیران و هاورێیانی لە دادگای ئامەد **Şark stiklal Mahkemesi** ، وبەفەرمانی دادوەرێکی کورد لەو دادگاییە حوکمی لەسێدارە دانیان دەدرێ.

دوای ئەوەی، مستەفا کەمال ئەتاتورک هیچ گرنگییەکی بە رۆڵی کورد نەدا لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا ، شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی بە شۆڕشی چەکداری دژی داگیرکەرانی باکور کرد. شۆڕشەکەی شێخ سەعید تەنها چەند مانگێک بەردەوام بوو و بەهۆی خیانەتی ژمارەیەک سەرۆک هۆزی پارێزگای ئامەد، شێخ و هەڤاڵەکانی لەلایەن سوپای تورکیاوە دەستگیرکران. پرۆسەی دادگاییکردنەکە پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو.

ئەنجومەنێک لە ژمارەیەک دادوەر بە سەرۆکایەتی "عەلی سائب ئۆرساڤاش" پێکهێنرا و بە پێی بڕیاری ئەنجومەنەکە لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥دا نزیکەی ٢٠ شۆڕشگێر و لە ٢٩ی حوزەیرانیشدا شێخ سەعید و ٢٨ هاوڕێی دیکەی لە گۆڕەپانی "دەرێ چیێ" ناوەڕاستی ئامەد لەسێدارەدران.

جگە لەوەی لەسێدارەدانی شێخ سەعید و هاوڕێکانی بڕیارێکی سیاسی بوو، بەڵام فەرمانەکە لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک خۆیەوە درابوو و ئەو ئەرکەشیان بە دادوەرێکی کورد سپاردبوو.

چەند ڕۆژێك بەرلەوەی شێخ سەعید لەسێدارەبدرێت، چەند جارێک "عەلی سائب ئۆرساڤاش" لە زینداندا چاوی بە شێخ کەوتبوو و لەبارەی پرۆسەی دادگاییکردنەکە قسەیان کردبوو.

عەلی سائیب هەرچەندە بە ڕەگەز کورد بوو، بەڵام بەرگریکارێکی سەرسەختی کۆماری تورکیا و ئەتاتورک بوو و لە زینداندا بۆ ئەوەی وا لە شێخ سەعید بکات زانیاری لەسەر شۆڕشگێڕەکانی دیکە ئاشکرابکات، بەڵێنی بە شێخ دابوو هەوڵی ڕزگارکرندیان دەدات و پێکەوە لە چیاکانی کوردستان خەبات دەکەن.

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبارەی ڕۆژی دادگاییکردنەکەوە بڵاوکراونەتەوە "عەلی سائیب "بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژ شێخ سەعیدی دادگاییکردووە و شێخ سەعیدیش پێی ووتووە بڕیار بوو لە دادگادا کارئاسانی بکەیت، بۆچی بەڵێنەکەت نابەیتە سەر؟ عەلی سائیب دەڵێت "تۆ هۆکاری کوشتنی هەزاران تورکی و ماڵی خەڵکت وێرانکردووە، پێویستە سزاکەشت وەربگریت".

شێخ سەعیدیش دەڵێت: "لە دادگای ڕۆژی دواییدا یەکتری دەبینینەوە".

دوای ئەو قسانە عەلی سائیب بە دەنگێکی بەرزەوە بڕیاری لەسێدارەدانی شێخ و هاوڕێکانی دەخوێنێتەوە و ئەتاتورکیش لەسەر ئەو هەڵویستەی پلەکەی بەرزدەکاتەوە و دەبێتە دادوەری تایبەتی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دژی کۆماری تورکیا خەبات دەکەن.

بە پێی ئەو بەڵگانەی لەسەر ژیاننامەی "عەلی سائیب" بڵاوکراونەتەوە، نزیکەی ٩٠٠ کەسی کوردی دادگاییکردووە و سزای لەسێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی بۆ زۆربەی ئەو کەسانە دەرکردووە

کورتەیەک لە سەر کەسایەتیی عەلی سائب ئۆرساڤاش:

ناوبراو ساڵی ١٨٨٧ لە کەرکوک لەدایکبووە. باوکی خەڵکی قەزای ڕەواندزی سەر بە پارێزگای هەولێرە. دوای ئەوەی قۆناغی دواناوەندی تەواو کردووە، دەستی بە خوێندن کردووە لە "خوێندنگای سەربازی". بە پلەی ئەفسەر خوێندنی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٢٠ لە سەر داوای ئەتاتورک لە شاری ڕوحای باکوری کوردستان فەرماندەیی شەڕی سوپای تورکیای کردووە دژی فەڕەنسییەکان و سوپای فەڕەنسای تێکشکاندووە، پاشان ئەتاتورک نازناوی "ئۆرساڤاش"ی لێناوە کە بە واتای "شەڕی ئۆرفا" دێت.



بەرلەوەی وەک دادوەر دەست بە کاربێت لە باکووری کوردستان بەشداری زۆر شەڕی بەرامبەر شۆڕشگێڕە کوردەکان کردووە و وەک یەکێک لە کەمالیستە وشکەکان دەناسرێت


دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٥دا پلانی تیرۆرکردنی ئەتاتورک ئاشکرا دەبێت، عەلی سائب ئۆرساڤاشیش دەستگیردەکرێت، بەڵام دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێت و ساڵێک دوای مردنی ئەتاتورک و لە ١٩٣٩دا لە ئەنقەرە کۆچی دوایی دەکات.

١٩٢٥/٥/٢٥

ڕەزاخان لە کودەتایەکی سەربازی لە ١٩٢١دەبێتە وەزیری جەنگ، دواتر پۆستی سەرۆک وەزیران وەردەگرێ، لەم ڕۆژەشدا وەکو یەکەمین پادشای ئێران خۆی دەناسێنێ.

١٩٢٥/٦/٦

كۆمپانیای دەزگای کرایسلەری زەبەلاح تایبەت بە دروستکردنی ئۆتۆمۆبیل دامەزراوە.



١٩٢٥/٦/٢٦

حزبی پێشکەوتنی ئێراق(التقدم) لەلایەن عەبدول موحسن ئەلسەعدون دامەزرا کە دواتر دەبێتە سەرۆک وەزیران و لە کۆتاییشدا خۆی دەکوژێ.

١٩٢٥/٦/٦


پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی ئێراقی بەسەرۆکایەتی عەبدولموحسین ئەلسەعدون ئەم کابینە تا ١٩٢٦/١١/١ درێژەی دەبێ.

١٩٢٥/٦/٣٠

لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و ٤٦ لە هاورێیانی. شێخ سەعید بە یارمەتی ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەرانی دژ بە حکوومەتی کۆماری تورکیا شۆڕشی هەلگیرساند و بۆ ماوەیەکی زۆر گەمارۆی شاری ئامەدیان دا بەڵام هێزەکەیان تێکشکا و پاشان شێخ سەعید دەستگیر دەکرێ و دواتریش لە سێدارە درا.

شیخ سەعید ساڵی ١٨٦٥ لە ناوچەی پاڵوو لەدایکبووە. یەکێکە لە شێخە بەرزەکانی نەقشبەندی. لە پاش مردنی باپیرەی شیخ عەلی، باوکی ناوچەی پاڵووی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە شاری خنیس.

شێخ سەعید خوێندنی دینی لەو شارە تەواو کردوە، پایە و ڕیزی کۆمەڵایەتی شێخ و زیرەکی و لێهاتوویی و دەوڵەمەندی بۆتە هوی سەرەکی بۆ ئەوەی کۆمەڵەی سەرخۆبوون پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پتەو بە شێخ سەعیدەوە بکات .



لە کوتایی ماوینی ١٩٢٣ یوسف زیبا کە سەرۆکێکی بزوتنەوەی کورد و نائیبی کۆنی شاری بەتلیس بووە لە پەرلەمانی تورکیادا، چۆتە خنیس بۆ خزمەتی شێخ سەعید و ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی بڕیاری هەڵگیرسانی شۆرشێکی نوێ بدەن.

لە زستانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٤ سەرۆک موزەکان و ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی سەرخۆبوون کۆبونەوەی فراوانیان لە ناوچەی پاڵوو بەست کە تێیدا باس لە فراوانکردن و خۆسازدان بوو بۆ چالاکی کردن لە پێناو بزوتنەوەی نهینی و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی نوێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

١٩٢٥/٧/١٠

دامەزراندنی ئاژانسی هەولگری سۆڤیەتی لە ژێر ناوی (ئیتار تاس) TACC.

١٩٢٥/٧/١١

کۆمیتەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەکێشەی موسڵ لەڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، پێویستە ویلایەتی موسڵ بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بخرێتە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەو مەرجەی کورد ئیدارەی ناوچەکە بکات و زمانی کوردیش زمانی فەرمی بێت لەویلایەتی موسڵ.

١٩٢٥/٧/٢١

هەلگیرسانی شۆڕشی مەزنی سوری بە سەرۆکایەتی سولتان ئەلئەترەش دژی ئینتدابی فرەنسی.

١٩٢٥/٧/٢٢

شۆڕشی عەرەبستان لە مەحەممەرە بە سەرۆکایەتی غەلمان الشێخ خەزعەل کە بۆ ماوەیەک دەست بەسەر محمرەو جیزەدا دەگرێ، بەلام هێزەکانی ئێرانی بە هاوکاری بەریتانیا دەتوانن لەدەستیان دەربێننەوە.

١٩٢٥/٨/٣٠

حکومەتی ئێراق لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی بەریتانی-ئیرانی رێک دەکەون لەسەر گەران بەدوای نەوت لە ئێراق.

١٩٢٥/٩/١٦

رێککەوتننامەی هاوکاری و هاوپەیمانێتی لە نێوان بەلژیک و فرەنسا وبەریتانیا و ئەلمانیا و ئیتالیا واژۆ دەکرێ بەناوی رێککەوتنی لۆکارنۆ **Lokarno** .

١٩٢٥/١٠/٦

کۆمەلەی گەلان لە دانیشتنی ٢٧ ەمین یاندا بڕیاری دەدەن کە موسل بخرێتە سەر خاکی ئێراق.

١٩٢٥/١٠/٢٥

دامەزراندنی حزبی گەل( حزب الشعب) لەلایەن یاسین ئەلهاشمییەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

١٩٢٥/١٠/٣١

دوای ئەوەی رەزا شا توانیی بەڕەکە لە ژێرپێ ئەحمەدی قاجار شای ئێران دەربێنێ لەم رۆژە بە فەرمی خۆی دەبێتە شای ئێران.

١٩٢٥/١١/٢


لەندەن بە فەرمی دان بە رەزاشای ئێران دەنێ وەکو پادشای ئێران دوای وەلانانی ئەحمەدی قاجاری، دوو رۆژ دواتر یەکێتی سۆڤیەتیش هەمان هەنگاو دەنێ.

١٩٢٥/١٢/٢

مۆسۆلینی لە ئیتالیا لە جیات دیموکراسی، پیادەی سیستەمی فاشیزم دەکا.

١٩٢٥/١/٩

رەزاشا لە دوای وەلانانی شا ئەحمەدی قاجار بە فەرمی ئەنجومەنی دامەزراندنی ئێران دەکاتەوە. هەر دوای ئەمە بەتەواوەتی دەسەلاتەکانی ئێران دەگرێتە دەست.



١٩٢٥/١٢/١٠

خەلاتی نۆبل بۆ ئەدەب دەدرێتە جۆرج بەرنارد شۆ **George Bernard Shaw**.



١٩٢٥/١٢/١٥

بە لەناوبردنی ئەحمەد میرزای قاجاریی شای ئێران لەسەر دەستی رەزاشا حوکمی قاجارەیەکان لە ئێران دەروخێ .

١٩٢٥/١٢/١٧

پەیماننامەی دۆستایەتیی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و تورکیا واژۆ کرا،ڤ ئەم رێککەوتنە تورکیا لە دژی بەریتانیاو فرەنسای ئەنجام دا وەکو فشارێک بۆ سەر زلهێزەکانی ئەوروپا تا گوێ بە داواکاریەکانی بدەن لە سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردان لە باکوری کوردستان کە بەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هاتە ناسین .

ئەمەو بۆ چاوپۆشیکلردن لە سەرکوتکردنی شۆڕشی دروزەکان لە سوریا.

١٩٢٥/١٢/٢٦

کۆمەلەی بەرگریکردنی نیشتمانی لە ئێراق دامەزرا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد فەخریە.

١٩٢٦/١/٥

پەیماننامەیەک لە نێوان ئێراق و ئینگلیز و تورکیا دەبەسترێ تیایدا تورکیا دان بەوەدا دادەنێ کە موسل بەشێکە لە ئێراق.

١٩٢٦/١/٦

کۆمپانیای هێلی ئاسمانیی لۆفتانزای ئەلمانی **Lufthansa** دادەمەزرێ.

١٩٢٦/١/٨

شا عبدالعزیز دەکرێتە سولتانی نەجد و پادشای حیجاز.

١٩٢٦/١/٢٠

دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی گەل (الشعب) سەربە حزبی گەل لە بەغدا.

١٩٢٦/١/٢١

پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی ئێراقی بە سەرۆکایەتی رەشید عالی گەیلانی، ئەم کابینە تا ١٩٢٨/١/٨ بەردەوامیی دەبێ لەم کابینە محمد ئەمین زەکی بەرەگەز کورد پۆستی وەزارەتی کار و گواستنەوەی پێدەسپێردرێ.



١٩٢٦/١/٢٧

جون بیرد **John Logie Baird** ئامێری تەلەفزیۆن دادەهێنێ.

١٩٢٦/٤/٢٢

واژۆکردنی رێککەوتنی پاراستنی ئاسایشی هاوبەش لە نێوان ئێران و تورکیا و ئەفغانستان.

١٩٢٦/٤/٢٢

واژۆکردنی پەیمانی (دۆستایەتی و ئەمنیەت) لە نێوان دەسەلاتی تورک و ئێران، کرۆکی مەبەست و ئامانجەکانی ئەو رێککەوتنە بۆ هاوکاریکردنی نێوانیان لەسەر رێگرتن لە سەرهەڵدانی کوردان لە باکورو رۆژهەلات و رێگانەدان بە پەڕینەوەی سنورەکانیان بوو، رێککەوتنەکە لەلایەن محمد عەلی فەروغی سەرۆک وەزیرانی ئێران و مەمدوح شەوکەت بەگ بالوێزی تورکیا لە تاران واژۆ کرا.

١٩٢٦/٤/٢٧

ئێراق و سوریا رێکدەکەون لەسەر دژایەتیکردن و لەناو بردنی کەسانی کۆمۆنیست بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی یەکتر بکەن ئەگەر کەسێکی کۆمۆنیست لە سوریاوە رایکردە ئێراق ئەوا لە رێگەی بێسیمەوە یەکتری ئاگادار بکەن بۆ دەستگیر کردنی.

١٩٢٦/٥/٢٣

كۆماری لوبنان رادەگەیەندرێ و لە ٩/١ی هەمان ساڵیش شارل دەباس دەبێتە یەکەمین سەرۆککۆماری ولاتی لوبنان.

١٩٢٦/٦/١

شاعیری کورد مامۆستا (شوکری فەزلی) کۆچی دوایی کردووە.



١٩٢٦/٦/١

لەدایک بوونی ئەکتەر و هونەرمەندی هۆلیوود مارلین مۆنرۆ **Marilyn Monroe**،.

١٩٢٦/٦/٥

نەخشەکێشانی سنوری نێوان ئێراق و تورکیا و ئێران و سوریا واتە پارچەکردنی باکورو باشورو رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان.

١٩٢٦/٦/١٢

بەهۆی چارەسەر نەکردنی کێشەی سنوریی نێوان بەرازیل و دراوسێکانی لە ئەمریکای باشور بەرازیل لە کۆمەلەی نەتەوەکان دەکشێتەوە.

١٩٢٦/٦/٢٤

شکست پێبردنی هەولی کودەتا لە ئیسپانیا دژی دکتاتۆر بیمو دی ریفیرا.

١٩٢٦/٧/١٨

هێلی برۆکسل بۆ دیاری کردنی سنوری دەستکردی نێوان ئێراق و سوریا بە ئەندامێتی روسیا و ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا دیای کرا.



١٩٢٦/١٠/٢٣

ستالين هەریەک لە لیۆن ترۆتسکی Leon Trotski و گریگۆری زینۆڤیف Grigori Zinoviev ی لە بیرۆی سیاسی و لیژنەی مەرکەزیی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دەردەکا.

بەمەش وازیان لێناهێنێ دوای ئەوەی لە ولاتی وەدەریان دەنێ تیرۆریان دەکا



١٩٢٦/١٢/٦

مۆسۆلینی Benito Mussolini باج دەخاتە سەر ژیانی زگورتیایەتی، ئەو پێی وابوو سیاسەتی دیموگرافی گرنگە بۆیە پێی باش نەبوو کەس هاوسەرگیری نەکاو بە سەلتی بمێنێتەوە. دیارە ئەمەش لە روانگەی زۆربوونی رێژەی دانیشتوانەوە بووە بەمەبەستی زیاد بوونی ژمارەی سوربازان.



١٩٢٦/١٢/٢٥

هیرۆهیتۆ Hirohito لە ٢٩ی نیسانی ١٩٠١ لەدایک دەبێ و لەم رۆژەدا دەبێتە ئیمپراتۆری ژاپۆن.

١٩٢٧/١/٥

شاعیری گەورەی گەلی کورد (سلێمان نەزیفی) لەشاری ئامەد (دیاربەکر) کۆچی دوایی کرد.

١٩٢٧/١/٧

ئەنجامدانی یەکەمین پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان لۆندۆن و نیۆیۆرک.

١٩٢٧/١/٣١

شەڕێکی گەورە لەنێوان هێزەکانی تورکیا و شۆڕشگێڕانی کورددا لەناوچەی بەدلیس ڕوویدا، لەئەنجامدا شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتن و زیانێکی زۆریان لەهێزەکانی سوپای بەدەوڵەتی تورکیا دا.

١٩٢٧/٢/١٠

کۆمەڵەی دژ بە داگیرکاران و ئیمپریالیزم لە برۆکسل دادەمەزرێ بە ئامادە بونی ١٧٥ ئەندام کە نوێنەرایەتی ٣٧ دەولەتی داگیرکراویان دەکرد.

١٩٢٧/٥/٩

گواستنەوەی پایتەختی ئوسترالیا لە ملبورنەوە بۆ کانبرا.

١٩٢٧/٥/٢٠

بەریتانیا بە پێێ پەیماننامەی نەجد دان بە سعودیە و دەسەلاتی پادشاکەی عەبدولعەزیز بن سعوددا دەنێ وەکو پاشای حیجاز و نەجد.

١٩٢٧/٥/٢٢

لە بومەلەرزەیەکدا لە شاری چینین لە چین ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار کەس گیان لەدەست دەدا.

١٩٢٧/٧/١٩

بەپێێ بڕیاری ژم،ارە ١٠٩٧ ڕژێمی تورکیای داگیرکەر ڕێگە بە ڕاگواستنەوەی ١٤٠٠ خانەوادەی کوردی دەدا لە باکوری کوردستانەوە بگوازرێنەوە بۆ باکوری تورکیا لە پێناو پاکتاوکردنی رەگەزی کوردی و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە باکوری کوردستان.

١٩٢٧/٨/٢٣

کۆچی دوایی سەعد زەغلول.

ناوبراو فەرماندەی شۆڕشی ١٩١٩ ی میسری بوو رابەری ڕێنسانسی سیاسەتی میسری و



سەرۆک وەزیران و هەروەها سەرۆکی پەرلەمانیش بووە.

١٩٢٧/١٠/١

دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبون لە باکوری کوردستان بە سەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا.

١٩٢٧/١٠/٥

لەماڵی (رۆهان پاپا زیان) لە باشوری کوردستان یەکەمین دانیشتنی کۆنگرەی هاوبەشی ئەرمەن و کورد دەبەسترێ.

١٩٢٧/١٠/٦

یەکەمین فلیمی قسەکەر لە ئەمریکا نمایش دەکرێ.



١٩٢٧/١٠/١٤

دۆزینەوەی یەکەم کێلگەی نەوت لە کەرکوک.

١٩٢٧/١٠/٢٨

هەڵگیرسانی شۆڕشی ئاگری داغ بەسەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشای سەرۆکی کۆمەڵەی خۆیبون کە لە لوبنان دامەزرابوو.

لەم شۆڕشە لە رووبەروو بوونەوەیاندا لەگەڵ سوپای داگیرکەری تورک زیانەکانیان لە ماوەی ١٣ی حوزەیران تا ١٣ی تەموزی ١٩٣٠ بە هەزاران کوژراو بووە، هەروەها ١٢ فرۆکەیان لێ دەخەنەخوار و چەک و تەقەمەنیەکی زۆریان لێ دەگرن و ژمارەیەکیش لە ئەفسەرو سەربازەکانیان لێ دەست بەسەر دەکەن.

بەو شکستە حکومەتی تورک بانگی چەند لەدایک بوێک دەکات بۆ خزمەتی سەربازی و دوبارە هێرش دەکەنەوە سەر شۆڕشگێرە کوردەکان لێ دوای شەرو کوشتارێکی زۆر کوردەکان تەقەمەنیان لێ دەبرێ و کەسیش بە هانایانەوە ناچی لەو میانە لە هەرەس هێنانی پاشەکشە دەکەن بۆ دۆڵی زیلان و چیای ئاگری داغ، لەو دۆڵە دەگیرسێنەوە و گەمارۆ دەدرێن ، ئیتر تورکە رەگەزپەرستەکان کۆکوژیان دەکەن و ژمارەی ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار کەسی سڤیل لە ژن و منداڵ لەو دۆڵە بە کۆکوژی شەهید دەکرێن ئەم کۆکوژیە تا ئەمرۆش بە کۆکوژی (گەلیێ زیلان) ناو دەبردرێ.

١٩٢٧/١٢/٩

لە چین نیشتمانخوازەکان ٦٠٠ شەش سەد کۆمۆنیست لە سێدارە دەدەن.

١٩٢٨/١/١٤

پێکهێنانی کابینەی حەوتە می حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی عەبدول موحسین ئەلسەعدون ئەم کابینە تا ١٩٢٩/١/٢٠ درێژەی دەبێ.

١٩٢٨/١/١٧

پۆلیسی نهێنیی روسی ترۆتسکی دەستگیر دەکەن و لە ٣١ی هەمان مانگ بۆ ئەلما ئاتای دور دەخەنەوە.

١٩٢٨/٢/١٦

ئەفسەر و ئەدیبی کورد ئەمین زەکی بەگ کۆچی دوایی کرد.

١٩٢٨/٣/٢٨



کۆمەلەی ( اخوان المسلمین) لە میسر لەسەر دەستی (حسن ئەلبەنا) دادەمەزرێ. ئەم رێکخراوە تا ئەمرۆش چالاکیەکانیان لە رێگەی حزبی ئیسلامیی جیاجیاوە بەردەوامە بەلام لە هەر کوێیەک بن بە یئخوانیەکان دێنە ناوبرد.

١٩٢٨/٣/٢٩

لەناوچەی بایەزیدی باکوری کوردستان، شەڕێکی قورس لەنێوان سوپای تورکیاو شۆڕشگێڕانی کورددا روویدا، تێیدا شۆڕشگێڕان سوپای تورکیایان ناچارکرد، لەناوچەکە بکشێتەوە.

١٩٢٨/٣/٢٩

بۆ یەکەمین جار لە بەریتانیا ماف بە رەگەزی ژن درا کە تەمەنی لە ٢١ ساڵ کەمتر نەبێ دەتوانێ بەشداری لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکان بکات.

١٩٢٨/٤/٩

حکومەتی تورکیا یاسای جیا کردنەوەی ئاین لە دەولەت رادەگەیەنێ وتورکیا دەبێتە دەولەتێکی (علمانی).

١٩٢٨/٤/١٢

بە نارنجۆک هێرش دەکرێتە سەر سەرۆکی فاشیزم مۆسۆلینی لە شەقامێکی میلانۆی ئیتالیا لەم میانە نزیکەی ١٢ کەس لە هاولاتیانی پیادەڕۆ دەکوژرێن.



١٩٢٨/٤/٢٨

پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی ئێراقی بەسەرۆکایەتی توفیق ئەلسوێدی ڕاگەیەندرا.

١٩٢٨/٦/٩

سەرەتای پەخشی رێک و پێکی تەلەفزیۆن لە شاری نیویورک بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە رۆژێکداو هەفتەی سێ رۆژ.

١٩٢٨/٨/٩

کەمال ئەتاتورک لە ئاهەنگی گولخانەی جەماوەری حزبی گەلی کۆماری لە ئەلفابێی لاتینی ئاگادار دەکاتەوە کە مەبەستیەتی لە داهاتوو بەکاری بێنێ. ئەمەش وەکو پێشەکیەک بۆ کودەتای زمانەوانی لە تورکیا.

١٩٢٨/٨/٢٧

رێککەوتنی بریاند -کیلۆگپاکت **Briand - Kelloggpact** لە نێوان ٢٣ دەولەت لەسەر نەفرەتکردن لە جەنگ واژۆ دەکرێ، لە نێویاندا دەولەتی ئەلمانیا هەبوو.




١٩٢٨/٩/٢٣

یوگسلافیا لە هاوپەیمانی وارسۆ **Warsaw Pact** دەکشێتەوە، کە یەکێتی سۆڤیەت سەرپەرشتیی دەکا.

١٩٢٨/١١/٣

تورکیا دەست بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی دەکا لە شوێن پیتەکانی عەرەبی.

١٩٢٩/١/٧

ئەمان الله پادشای ئەفغانستان سەرپۆشینی ژنان دەسەپێنێ و جلی رۆژئاواییش قدەغە دەکا.

١٩٢٩/١/١٤

پادشای ئەفغانستان ئەمان الله خان دەست لە پادشایەتی دەکێشێتەوە.

١٩٢٩/١/٣٠

ستالین فەرمان دەردەکا بە دەرکردنی ترۆتسکی لە خاکی یەکێتی سۆڤیەت، ئەویش سەرەتا روو لە تورکیا دەکا دوای فشار خستنە سەر تورکیا ناچار دەبێ ئەوێ جێبهێلێ .

دواتر روو لە سوێد دەکا لە ژێر فشار ئەوێش جێ دەهێلی ناچار روو لە مەکسیک دەکا و لەوێ سیک دەگیرسێتەوە بەلام بەرۆکی بەرنادا تا دواتر کرێگرتەیەکی بەرەگەز ئیسپانیی بەدوادا دەنێرێ و لەوێ دەیکوژێ.

١٩٢٩/٢/١١

رێککەوتنی (لاتران) Lateran Treaty کە مۆسۆلینی دانی بە دەولەتی فاتیکان و Vatican Cityو سەربەخۆیی پاپادا دەنێ، لە بەرانبەردا مۆسلینی سەقامگیری بە حوکمرانی خۆی دەدا لە دەست ناحەزانی ناوەخۆ.

ئەم رێککەوتنە بریتی بوو لە پەیماننامە و گرێبەست، تیایدا ئیتالیا دان بە فاتیکان دەنێ وەکو دەوڵەت، کە خاوەنی دەروازەیەکە لەسەر دەریا و خاوەنی کۆشکی فاتیکانە بە هاوپێچەکانیەوە، هەروەها پاپا خاوەنی سەروەریە کەسایەتیەکی نێودەوڵەتیە وکەنیسەش مافی ئەوەی هەیە لێپێچانەوە لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە کەنیسەوە هەیە بکا بێ نارازی بوونی حکومەت، مادام مەترسی لەسەر حکومەتی ئیتالیا دروست ناکات.

ئەمەو حکومەت دوپاتی کردەوە کە دامەزراندنی قەشەکان بەدەست پاپا دەبێ بێ دەستێوەردان لەلایەن حکومەتەوە، تەنها ئەگەر هۆکاری سیاسیی بەهێز هەبوون کە زیان بە حکومەت بگەیەنن ئەوسا حکومەت دەتوانێ لاریی هەبێ.

هەروەها حکومەت بڕیاری دا ریز لە خوێندنی ئاینی بگرێ و لە خوێندنگاکان بخوێندری.

مۆسۆلینی لە بەستنی پەیماننامەو گرێبەستەکان لەگەڵ پاپا سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنا، تا مێژوونوسێکی ئینگلیزی ووتبووی :



(پاپا روناکیی و ڕەونەقێکی بە حکومەتی فاشستی دا ، کەس تائێستا نەیتوانیوە ئەم ڕەونەقەی پێ بدا، هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی مانەوەی حکومەتی فاشستی لەسەر حوکم.

گومان لەوەدانیە مانەوەی دکتاتۆر مۆسۆلینی ماوەی ٢١لەسەر حوکم لایەنی هەرە زۆری چاکەکە بۆ پشگیریەکانی پاپا ڵە مۆسۆلینی دەگەڕێنەوە) مۆسۆلینیش لەم بارەیەوە ووتبووی:

(مرۆڤ دەتوانێ لە کاتێکا ئیتالیەکی چاک بیت (مەبەستی فاشستی)، لەهەمان کاتدا کاسۆلیکێکی چاکیش بیت).

١٩٢٩/٤/٤

نوێنەرانی گەلی کورد لەئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق، یاداشتێکی ناڕەزایەتییان دایە حکومەتی ئێراق و تیایدا داوای پێدانی ماف و داخوازییەکانیان کرد بەگەلی کورد لەباشوری کوردستانی کە کەوتبوونە ژێر دەستی دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێراقی.




١٩٢٩/٤/٢٠

دامەزراندنی پۆلیسی نێودەولەتی(ئینتەرپۆل).

١٩٢٩/٤/٢٨

شا فەیسەلی یەکەم پادشای ئێراق توفیق ئەلسوێدی رادەگەیەنێ بۆ پکهێنانی کابینەی وزاری.

١٩٢٩/٦/٧

شاری فاتیکان بە فەرمی دەکرێتە دەولەتێکی سەربەخۆ بۆ پاپا.

١٩٢٩/٧/٢٨

بەستنی کۆنگرەی زایۆنیزمی جیهانی لە زیورخی سویسری . ئەم کۆنگرە تا ١١ی ئاب درێژەی دەبێ .

١٩٢٩/٨/١٤

دامەزراندنی ئاژانسی جولەکە بۆ کۆکردنەوەی پیتاک و هاوکاری بەمەبستی دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوی بۆ جوەکان.

١٩٢٩/٩/١٤

بەریتانیا بە ئێراق رادەگەیەنێ کە لاری نییە و هیچ مەرجێکیشی نیە کە ئێراق ببێتە ئەندام لە کۆمەلەی نەتەوەکان.

١٩٢٩/٩/١٩

عەبدول موحسین ئەلسەعدون کابینەی دەیەمی وزاریی ئێراقی پێکدینێ.

١٩٢٩/١٠/٣

هەریەک لە دەولەتانی سربیا و کرواتیا و سلۆڤینیا یەکدەگرن لەژێر ناوی یۆگسلافیا.

١٩٢٩/١١/١٣

حزبی کۆمۆنیستی ئەندەنوسی دژی داگیرکاری هۆلەندی شۆرش لە هەرێمی جاوەی رۆژئاوا هەڵدەگیرسێنێ.

١٩٢٩/١١/١٣

موحسین ئەلسەعدون سەرۆک وەزیرانی ئێراق خۆی کوشت، لە نامەیەکدا لە دوای خۆی جێی هێشتبوو بۆ ئەحمەدی کوری دەڵێ :



متمانەی گەلم لەدەست داوە گومان دەکەن کە لەگەڵ ئینگلیز دەستم تێکەڵ کردوە ، من هەرگیز ئەمە رەت دەکەمەوە لە داخی ئەوە کۆتایی بەژیانی خۆم دێنم.

لە بەغدا لەو کاتەوە شەقامی سەعدون بەناوی ئەو ناونراوە، یەکێک لە وەسیەتەکانی بە کورەکەی دەڵێ: هەرگیز لایەنگیری پاشای ئێراق بەرنەدەیت.



۱۹۲۹/۱۱/۱۸

بەهۆی خۆکوشتنی عەبدول موحسین ئەلسەعدونی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی پادشای ئێراق شا فەیسەل ناجی ئەلسوێدی رادەسپێرێ کابینەی وزاری پێکبێنێ.

۱۹۲۹/۱۲/۱۹

سوپای بەریتانی و ئیتالیی دەریاوانی گەمارۆی دەریایی دەخەنە سەر فەنزویلا بەهۆی نەدانی شایستەکانی دارایی کە ئامادە نەبوە بیدا.



۱۹۳۰/۱/۱

دامەزراندنی کۆمەڵەی رێگای راستی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەلراوی ( ئیبراهیم کوری محەمەد کوری عەبدوللا کوڕی رەجەب ئەلراوی). لە ساڵی( ۱۸٦۰- ۱۹٤٦) ژیاوە.

۱۹۳۰/۱/۱۳

بۆ یەکەمین جار فلمەکانی میکی ماوس دەردەچن.




۱۹۳۰/۲/۱۸

فەلەکناسی ئەمریکی کلید تۆمباو **Clyde Tombaugh**هەسارەی پلوتۆ دەدۆزێتەوە.

۱۹۳۰/۳/۸

مهاتما گاندی مانگرتنێکی گشتی رادەگەیەنێ بۆ ناچارکردنی بەریتانیەکان تا سەربەخۆیان پێبدەن.


۱۹۳۰/۳/۱۲



مەهاتما گاندی وەکو نارەزایی دەربڕین لە قۆرخکردنی خوێ لەلایەن دەسەلاتدارانی بەریتانیای داگیرکەر رێپێوانێکی ۲۰۰ میلی دەبا بەرێوە دەبا. تا ٦ی نیسان بەردەوام دەبێ، تا دەگاتە دەریای خوێ.

١٩٣٠/٣/١٩

ئێرثەر بلفۆرد  Arthur Balfourکۆچی دوایی کرد، سیاسەت مەداری بەریتانی خاوەنی پەیماننامەی بلفۆردی مێژوویی تایبەت بە دامەزراندنی نیشتمانێک بۆ جولەکەکان لە فەلستین لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا ناوی تەواوی ئەرثەر جیمس بلفۆرد.




١٩٣٠/٣/٢٣

نوری سەعید یەکەمین کابینەی وزاریی خۆی پێک دێنێ. نوری سەعید لە سەردەمی پادشایەتی لە ماوەی ٢٩ ساڵ چواردە جار دەبێتە سەرۆک وەزیران تا دواین جاریش دەبێتە سەرۆک وەزیرانی یەکێتی ئێراقیی هاشمی کە لە یەکگرتنی ئێراق و ئوردن پێکهاتبوو لێ خۆشبەختانە ئەوەندە ناخایەنێ بەهۆی کودەتای ١٤ی تەموزەوە ئەم دەکوژرێ و یەکێتیەکەش هەڵدەوەشێتەوە.


R'YA T'EZE

١٩٣٠/٣/٢٥

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی ریاتازە لە ئەرمینیا دەرچوو کە تا ئێستاش بەردەوامە.

١٩٣٠/٤/٢

هیلاسیلاسی دەبێتە ئیمپراتۆر لە حەبەشە.

١٩٣٠/٦/١١

هێرشی هاوبەشی سوپای ئێرانی و تورکی بۆ سەر شۆڕشگێرانی کورد لە چیای ئاگری داغ کە بە شۆڕشی ئاگری داغ هاتە ناسین.

١٩٣٠/٦/١٣

واژۆکردنی رێککەوتننامەی نێوان بەریتانیا ئێراق تیایدا رێگە بە بەریتانیا دەدرێ دوو بنکەی سەربازیی هەبێ لە ئێراق لە بەرانبەردا بەریتانیا دوای ماوەیەک سەربەخۆیی بە ئێراق بدات.

١٩٣٠/٦/٢٨

لە سلێمانی بە سەرۆکایەتی حەبسەی نەقیب کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد دامەزرا.

١٩٣٠/٧/١

حکومەتی بەریتانیا سەربەخۆیی بە ئێراق دەدات لە سەردەمی حوکمی مەلیک فەیسەلی یەکەم، هەرچەندە ئەم سەربەخۆییە تەنها ناو بوو لە راستی دوور بوو.

١٩٣٠/٧/١٣

دەستپێکردنی یەکەمین پاڵەوانێتی کاسی جیهانی بۆ تۆپی پێ لە ئۆرۆگوای.

١٩٣٠/٧/١٥

لەکاتی شۆڕشی دەرسیمدا، هێرشێکی چەند قۆڵی کرایە سەر هێزەکانی تورک، لەم هێرشەدا لەناوچەکانی دەرسیم، دیاربەکر، وان و شارۆچکەکانی دیکە، ٩٠٠ جەنگاوەر و هاووڵاتی کورد بونە قوربانی تورکیاش، (٢٨٠٠) سەربازیان کوژراو (١٧٠٠)یشیان بەدیل گیران.

١٩٣٠/٧/٢١

بە پیلانێکی دارێژراوی بەناوی دانوستان دەسەلاتی فارسی داگیرکەر سمکۆی شکاک کێش دەکاتە شاری شنۆ و لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی دیکە شەهید دەکرێن. لەوانە خورشید هەرکی.

سمکۆی شکاک ناوی ئیسماعیل کوڕی محەمەد پاشای کوڕی عەلی خانی کوڕی ئیسماعیل ئاغای شکاکە، لە ساڵی ١٨٧٨ لە ناوچەی پیرزنشار لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ لە دایک بووە.

دوای کۆچی دوایی باوکی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا جەعفەر ئاغای برا گەورەی بووەتە سەرۆکی عەشیرەتی شکاک، بەڵام سەرکردایەتی کردنی عەشیرەتی شکاک لە لایەن جەعفەر ئاغاوە تەنها چەند ساڵێکی کەم بووە تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٠٥ لە لایەن دەسەڵاتدارانی تەورێزەوە بە ناوی پەیمان و بە فێڵ جەعفەر ئاغا بانگهێشتی شاری تەبرێز کرا و هەر لەو شارەدا تیرۆرکرا.

لە پاش تیرۆرکردنی جەعفەر ئاغا، سمکۆی برای بووە سەرۆکی عەشیرەتی شکاک و هەر لە دەستبەکاربوونییەوە وەکو سەرۆک عەشیرەتێکی کورد دەستی کرد بە چالاکی سیاسی لەوەدا کە سمکۆی شکاک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکانی جیهاندانی - ١٩١٢ و کۆمەڵەی ئیستخلاصی کوردستان - ١٩١٣ بووە، هەروەها لەگەڵ عەبدولڕەزاق بەدرخان یەکەم خوێندنگەیان لە شاری خۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد کردووەتەوە. لە دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی - ١٩١٨

و نەمانی دەسەلاتی سوپای عوسمانی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەرەڕای نەمانی دەسەڵاتی ڕوسیای قەیسەری لەسەر ئەو ناوچانەدا، بووبووە هۆی دروستبوونی بۆشایی سیاسی لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆ سمکۆی ، کە وەکو سەرکردەیەکی سیاسی دەرکەوت و دەستی گرت بەسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێدا و دەسەڵاتێکی کوردیشی تیادا دامەزراند.

سمکۆ لە شاری ورمێ ڕۆژنامەیەکی بە ناوی ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم دەرکردووە وەکو زمانحاڵی حوکمدارییەکەی.

لەم سەردەمەی دەسەڵاتیدا سمکۆ هەستی بە مەترسی پڕوپاگەندەی ئاشورییەکان کردبوو لەسەر ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران، کە ناوچەکەیان بە درێژکراوەی ناوچەکەی ژێر دەسەلاتی دەولەتە داواکراوەکەی خۆیان دادەنا وەکو ئاشورییەکان، لەبەر ئەم هۆیە مارشەمعونی سەرکردەی ئاشورییەکانی بانگکردە بارەگاکەی خۆی بە مەبەستی گفتوگۆکردن و لە دوای دانیشتنەکە مارشەمعون و نزیکەی ١٥٠ لە پیاوەکانی کوشت، کە لە ئەنجامی ئەم کارەی سمکۆشدا ئاسورییەکان هێرشی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆ و سەروماڵی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیان تاڵان کرد.

لە پاشان ڕەزاخان لە ئێران وەکو سووپاسالار و دواتریش سەرۆک وەزیران لە ساڵی ١٩٢١ دەرکەوت و چەند جارێک هێرشی سووپایی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆی شکاک، هەرچەندە لە شەڕەکانی سەرەتادا سمکۆ سەرکەوتنی گەورەی بەرامبەر بە سووپای شای ئێران بە دەستهێنا، بەڵام لە شەڕی شەکریازیدا سمکۆ شکا و پاشەکشەی کرد بۆ باکوری کوردستان. سمکۆ پێش شکستهێنانی لە لایەن سووپای شای ئێرانەوە، پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاتدارانی تورکیای کەمالیشدا هەبوو، کە پەیوەندییەکە تەنیا لە بواری وەرگرتنی چەک و تەقەمەنیدا بووە لە دەسەڵاتدارانی کەمالی، چونکە دەسەڵاتدارانی تورکیای نوێ لەگەڵ ئێراندا لە سەر سنوور و هەندێک خاڵی ناکۆکی تر لە کێشەدابوون و سمکۆش توانیبووی لەو ناکۆکییە بە قازانجی خۆی بەکاربهێنێت.

پاشان سووپای کەمالی لە شەودا و لە ناکاو هەڵیانکوتایە سەر هێزەکەی سمکۆ و ئەویش ناچار ڕوویکردە باشووری کوردستان لەو کاتەشدا ئینگلیزەکان پێیان خۆش بوو، چونکە لەو بڕوایەدابوون ئەو ڕق و کینەی سمکۆ هەیەتی بەرامبەر بە کەمالییەکانی دەتوانێت شێخ مەحمود لە لایەنگری تورکەکان دوور بخاتەوە.

سمکۆ لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٣ گەیشتە شاری سلێمانی و لە لایەن شێخ مەحمودەوە پێشوازیەکی گەورەی لێکرا، بەڵام بە هۆی دووبارە تێکچوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیز، شاری سلێمانی لە لایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بۆردوومانکرا .



سمکۆی شکاک ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ سنوورەکانی باکوری کوردستان تا ساڵی ١٩٢٥ لە دوای لێبوردنی لە لایەن ڕەزاخانەوە گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی.

ماوەیەکی کەم بە ئارامی لە ناوچەکەی خۆی ماوەتەوە و بە هۆی کاریگەری ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە باکوری کوردستان و فشارەکانی ڕەزاشا بۆ سەر کوردستان، سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٥ز جارێکی تر دەستی کردەوە بە شۆڕش، بەڵام لەمجارەشیاندا بە هۆی هێرشی سووپای ڕەزاشاوە تووشی شکست بووەتەوە و ئاوارەی نێوان سنوورەکانی باکور، باشور و ڕۆژهەڵات بووەتەوە (لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ - ١٩٣٠ سمکۆی بەردەوام لە نێوان سنورەکاندا هاتوچۆی دەکرد) تا لە ساڵی ١٩٣٠ دووبارە بە لێبووردنێک گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەم ڕۆژەدا لە شاری شنۆ بە پلانێک لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕەزاشاوە تیرۆرکرا.

١٩٣٠/٧//٢٦

بەهۆی تەواو بوونی ماوەی ئینتدابی بەریتانی لەسەر ئێراق چەند کەساتی و ناوداری کورد یاداشتێک دەدەنە کۆمەلەی نەتەوەکان داوا دەکەن دەولەتێکی کوردی بە چاودێری و سەرپەرشتی کۆمەلەی نەتەوەکان دابمەزرێ.

١٩٣٠/٧/٢٨

لقی (کۆمەڵەی زانستی) بە سەرپەرشتی (حەپەسە خانی نەقیب) خێزانی (شێخ قادری حەفید) لە سلێمانی کرایەوە.

١٩٣٠/٩/٦



شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕوویدا، لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولدا وەفدێکی حکومەتی عێراق لایەنگری ئینگلیز هاتنە شاری سلێمانی بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی شار بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەو کاتەدا خەڵکی شار بە هەموو چین و توێژەکانییەوە لە بەردەم

سەرای شاردا کۆبوونەوە و دەستیانکرد بە خۆپیشاندان و هوتاف کێشان دژی عەرەب و سەندنی داواکارییەکانیان ، سەرەتا خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە بوو بەڵام دواتر بووە هۆی شەڕو پێکدادان،بەهۆیەوە چەندین کوژراوو بریندارى لێکەوتەوە، دواتریش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان دەستگیرکران.

١٩٣٠/٩/٢٦

شێخ ئەحمەدی بارزان نزیکەی ٥٠٠ چەکداری کورد بەهانای شۆڕشی ئاراراتی باکوری کوردستان دەگەیەنێتە مەیدانی شەڕ لەبەرانبەر ئەو هاوکاریە تورکیا نارەزایی دەداتە ئینگلیز بەلام ئەوان لەبەرانبەردا بێدەنگی دەنوێنێ هەرچەندە دواتر ناوچەی بارزان بە توندی بۆمباباران دەکا.

١٩٣٠/١٠/١

دامەزراندنی حزبی پەیمانی ئێراقی(حزب العهد العراقي) لەلایەن نوری سەعیدەوە.



١٩٣٠/١١/٢

لە ئەسیوبیا هیلا سیلاسی **Haile Selassie** تاجی ئیمپراتۆری دەنێتە سەر.



١٩٣٠/١١/٣٠

حزبی (الاخاء الوطني) لەلایەن رەشید عالی ئەلگەیلانیەوە دادەمەزرێ.

١٩٣٠/١٢/١١

کودەتای خاکا لە ئیسپانیا شکست دێنێ و ئەفسەرە بەشداربوەکانیش گولە باران دەکرێن.




١٩٣٠/١٢/١٩

لە ڤیتنام هۆشی منەHo Shi Mina دژی داگیرکاری فەرەنسی شۆڕش هەڵدەگیرسێنێ.

١٩٣١/١/٢٥

موستەفا پاشا یامولکی کۆچی دوایی کرد.

١٩٣٠/٣/٢٦

واژۆکردنی ڕێکەوتنی هاوکاری لە نێوان ئوردن و ئێراق.

١٩٣١/٤/٨

دامەزراندنی هێزی ئاسمانی ئێراق وەکو بەشێک لە سوپای ئێراق.

١٩٣١/٤/١٤

لەناوبردنی ڕژێمی پادشایەتی لە ئیسپانیا و ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری لەو ولاتە.

١٩٣١/٥/١٤



لە پێنجوین شێخ مەحمود گفتوگۆ لەگەڵ بەرزترین بەرپرسانی ئینگلیز (سیر فرانسیس همفرز)و بەرپرسانی ئێراقدا دەکات بۆ خۆرادەست کردنەوە، بۆ ڕۆژی دواتر بە یاوەری کاپتن هۆلت و پارێزگار دێنە سلێمانی.

١٩٣١/٥/٢٥

فرۆکە جەنگیەکانی ئینگلیز و سوپای ئێراق هێرش دەکەنە سەر بارزانیەکان و ناوچەکەیان بۆردومان دەکەن.

١٩٣١/٥/٣١

مەحمودخانی دیزلی بە فیتی ئێران لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستگیر دەکرێ .

١٩٣١/٨/٢٤

حکومەتی ئێراق بڕیارێک دەردەکا بە جێنیش کردنی ئاشوریەکانی بێ زەوی لە سەر خاکی کوردستانی ئێراق .

١٩٣١/٨/٣١

بەهۆی لافاوی ڕوباری (یانگری جیانگ)ی چینەوە، زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستداو سەدان هەزاری تریش ئاوارە بوون.

١٩٣١/٨/٣١

دوای خۆرادەست کردنەوەی شێخ مەحمود  بە کاربەدەستانی ئێراق و ئینگلیز ئەوانیش بۆ باشور ئێراق (ناسریە، شارۆچکەی عانە) دووری دەخەنەوە، دوای ماوەیەک ڕێگەی پێدەدەن بێتەوە بەغدا بژین.

١٩٣١/٩/١١

ئیتالیەکان سەرکردەی شۆڕشگێڕی لیبی عومەر ئەلموختار بە برینداری دەستگیر دەکەن.

١٩٣١/٩/١٦




لە سێدارەدانی شۆڕشگێڕی لیبی عومەر موختار لەلایەن هێزەکانی ئیتالی، دوای ئەوەی بە برینداری دەستگیر دەکرێ و دوای دوو ڕۆژ لەسێدارەی دەدەن، ناوبراو لە ساڵی ١٨٦١ لە گوندی جەنزوری ڕۆژهەلات کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی تبرق لە لیبیا لەدایک بووە بە بێباوکی مەزن بووە.

١٩٣١/٩/١٨

ژاپۆن مەنشوریا داگیر دەکا.

١٩٣١/٩/٢٠

کۆمەلەی گەلانی ئیسرائیلی لە بەغدا لەلایەن ١٥٠ کەسەوە دادەمەزری بە سەرۆکایەتی روبین یاقوب دەلج و لە ١٩٣٢ ئەم کۆمەڵە هەلدەوەشێتەوە.



١٩٣١/١٠/١٨

تۆماس ئەدیسۆن Thomas Edison كە دونیای رووناک كردەوە لەم رۆژەدا كۆچی دوایی دەكا ناوبراو لە١١ی شوباتی ١٨٤٧ لەدایک بووە.

١٩٣١/١٠/١٩

بۆ جاری دووەم نوری سەعید رادەسپێردرێ بۆ پێكهێنانی كابینەی وزاریی ئێراقی كە تا ١٩٣٢/١٠/٢٧ درێژەی دەبێ.

١٩٣١/١١/٢٦

شەڕی نێوان هەردوو عەشیرەتی برادۆست بە سەرۆكایەتی شێخ رەشیدی لۆلان و بارزانیەكان .

١٩٣١/١٢/٥

بە فەرمانی ستالین كاتدرائیی كریستەكان لە مۆسكۆ دەروخێندرێ.

١٩٣١/١٢/٨

هێرشی بارزانیەكان بۆسەر ئاكرێ و لەئەنجام قایمقامی ئاكرێ و چەند پۆلیسێک بەدیل دەگرن.

١٩٣٢/١/١٢

هێزی سوپای ئێراق بڕیاری پەلاماردانی ناوچەی (بارزان)ی داو پاشان ناحیەی (شێروان و مزوری باڵا و بارزانی) دامەزراند .

١٩٣٢/١/٢٣

هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئارارات لە باكوری كوردستان.

١٩٣٢/١/٢٨

بەر لە دەستپێكردنی جەنگی دووەمی جیهانی ، ژاپۆن شەنگهایی گەورە شاری چین داگیر دەكا.

١٩٣٢/١/٢٨

كۆمەڵەی نەتەوەكان لە بڕیارێكدا ئێراق بە ئەندامی خۆی قەبول دەكا بەومەرجەی مافی كەمە نەتەوایەتیەكان بپارێزێ و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی رەفتار بكا.

١٩٣٢/٢/١٠

دوای دورخستنەوەی تیمور بن فەیسەل لە حاکمی مەسقەت وعومان  سەعید تەیموری کوری دەبێتە حاکمی ئەم دوو میرنشینە.



١٩٣٢/٣/١٥

فرۆکەکانی ئینگلیزو سوپای ئێراق هێرش دەکەنە سەر ناوچەی بارزان و لەوێ جێگیر دەبن شێخ ئەحمەد ناچار دەکەن بە ٤٠٠ کەسەوە خۆی رادەستی دەسەلاتی تورکیا بکات.

١٩٣٢/٣/١٨

شەڕ لە نێوان چین و ژاپۆن کۆتایی دێت.




١٩٣٢/٤/١

دراوی ئێراق دەکەوێتە بازار. دوای داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئینگلیزەوە لە سالی ١٩٣١ بە بڕیاری ژمارە ٤٤ بڕیار لەسە دەرکردنی پارەی ئێراق و دیاری کردنی ناوەکەی دەدرێ، دوای چاپکردنی لەم رۆژە بۆ یەکەمین جار دەکەوێتە بازارەوە.

١٩٣٢/٤/٤

لەمیانی شەڕێکی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و سوپای هاوبەشی ئینگلیز و ئێراقدا، کە لەناوچەی دۆڵی ڤاژێ لەسنوری بادینان بەرپابوو، هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد زەبرێکی کوشندەیان لەهێزەکانی دوژمن وەشاند و سەدان کوژراو و بریندارایان لێکەوتەوە.

١٩٣٢/٥/١٥





یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاوار لە دیمەشق دەرچوو.

١٩٣٢/٥/١٥

تیرۆر کردنی سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن ئینوکا تسویوشی.

١٩٣٢/٥/٢٢

دادگایەکی ئەدەنەی حکومەتی تورک بڕیاری لەسێدارەدانی ٣٠ جەنگاوەری شۆڕشی ئاگری دەدا.




١٩٣٢/٥/٢٧

هنری کیسنجەر **Henry Alfred Kissenger** توێژەر و سیاسەتمەداری ئەمریکی و وەزیری دەرەوە و راوێژکاری نەتەویی . لە ئەلمانیا لە ویلایەتی باڤاریا لەدایک دەبێ.

١٩٣٢/٦/٢١

ئینگلیزی داگیرکەر بە یاوەری دەسەلاتدارانی ئێراق هێرش دەکەنە سەر ناوچەی بارزان بەو هۆیەوە شێخ بارزان خۆی و ٤٠٠ جەنگاوەر پەنا بۆ تورکیا دەبەن بەلام تورک زۆر بەنامەردانە لەم رۆژەدا ١٠ لەو جەنگاوەرانە لەسێدارە دەدا.

١٩٣٢/٦/٢٤

سەربەخۆ بوون و دەستور راگەیاندن لە تایلاند.

١٩٣٢/٧/١٣

دەرکردنی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (زاری کرمانجی) لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی لە هەولێر.

١٩٣٢/٧/١٨

مەلیک فەیسەل وەلامی نامەی محەمەد عەبدولوەهابی گۆرانیبێژی ناوداری عەرەب دەداتەوە کە دوای ئەوەی بۆ ئاهەنگێڕان دێتە بەغدا شا فەیسەل دەناسێ. دوای گەرانەوەی لە نامەیەکدا داوای لە شافەیسەل کردبوو کە دۆستێکی بەناوی فەهمی خالد عەلی هەیە بەلکو دایمەزرێنێ، بەلام شا فەیسەل سەرۆکی دیوانی پادشایەتیی راسپارد کە هەولێکی بۆ بدا ، دوای ئەوەی سەرۆکی دیوان هیچ دەرفەتێکی بۆ نەدۆزیەوە چونکە پێیان راگەیاندبوو کە میلاکاتی ئەمساڵ تەواو بوە دەبێ چاوەروان بێ بۆ ساڵی داهاتوو بەلکو دایبمەزرێنین ئیتر شا فەیسەل لە وەلامی نامەکەی محەمەد عەبدولوەهابا داوای بوردنی لێ دەکا کە نەیتوانی داواکەی بۆ جێبەجێ بکا.

١٩٣٢/٧/٢١

شیخ ئەحمەد و ژمارەیەکی زۆری بارزانیەکان خۆیان رادەستی تورکیا دەکەن، پاش ئەوەی شێخ ئەحمەد دەبەنە ئەدەنە، دواتر زیندانیی دەکەن لەگەڵ هەندێک لە پیاوەکانی بەبیانوی بەشداریيان لە شۆڕشی ئەرارات.




١٩٣٢/٩/٧

دامەزراندنی پۆلیسی تاوانەکانی نێودەولەتی( ئینتەرپۆل INTERPOL) لە ١٨٨ دەولەت و بارەگای لە لیون لە فرەنسا یە . ئەم رێکخراوە بە چوار زمان کار دەکا.

١٩٣٢/٩/٢٠

مەهاتما گاندی لە زیندانەوە مان دەگرێ وەکو نارەزایی دەربڕین لە یاسای هەلبژاردن کە مافی دەنگدانی لە هەژارەکان ستاندۆتەوە ئەم یاسایە حکومەتی بەریتانی دایىابوو.

١٩٣٢/٩/٢٣

شانشینی عەرەبیی سعودی لەسەر دەستی شا عەبولعەزیز ئالسعود یەکدەخرێ.

١٩٣٢/١٠/٣

ئێراق بە فەرمی لەژێر ئینتدابی بەریتانی دەردەچێ و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ و دەبێتە ئەندام لە کۆمەلەی نەتەوەکان، ئەمەش دوای دانوستانێکی دورو درێژ دێت لە نێوان حکومەتی ئێراق و ئینگلیز .



١٩٣٢/١٠/١٤

رابەری شیعری عەرەبیی بەرەگەز کورد شاعیر ئەحمەد شەوقی کۆچی دوایی کرد، شەوقی بە رەچەلەک کوردە بەلام خزمەتی ئەدەبی کوردی نەکردوە لە خزمەت ئەدەبی عەرەبیدا بووە، هەم شانازی و هەم شەرمەزاری.



١٩٣٢/١١/٣

شای ئێراق ناجی شەوکەت رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری ئەم کابینە تا ١٩٣٣/٣/١٨ درێژەی دەبێ.



١٩٣٢/١١/٩

نادیا یەلیلوییفا Nadezjda Alliloejeva هاوسەری ستالین لە رقی ئەودا خۆی دەکوژێ.



١٩٣٣/١/٣٠

هیتلەر دەبێتە راوێژکاری رایخی ئەلمانیی سێیەم.

١٩٣٣/٢/٢

هیتلەر راوێژکاری ئەلمانیا دوای دوو رۆژ لە گرتنەدەستی دەسەلات بڕیاری هەلوەشانەوەی رایخستاج (پەرلەمان) دەدا .

**١٩٣٣/٣/٤**

راوێژكاری نەمسا (ئینگلبرت دولفوس) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەدا و خۆی بەتەنیا حوكمڕانیی نەمسا دەكا.

**١٩٣٣/٣/٢٠**

شا فەیسەڵ پادشای ئێراق ڕەشید عالی گەیلانی دەكاتە سەرۆكی كابینەی وزاریی ئێراق كابینەكەی تا ١٩٣٣/٩/٩ درێژەی دەبێ.

**١٩٣٣/٣/٢٢**

سەرۆكی ئەمریكا فرانكلین ڕوزفلت یاسایەك واژۆ دەكا تیایدا فرۆشتنی شەراب و خواردنەوە مەستیەكان ئازاد دەكا كە پێشتر قەدەغە كرابوو.

**١٩٣٣/٣/٢٧**

ژاپۆن لە كۆمەڵەی گەلان دەكشێتەوە.



**١٩٣٣/٤/٢٦**

پۆلیسی نهێنیی ئەڵمانی (گستاپۆ **Gestapo** ) دادەمەزرێ **Rudolf Diels** ڕودولف دیلس وەكو یەكەم سەرۆكی ئەم دەزگایە دادەمەزرێ.

**١٩٣٣/٥/٢**

دوای ماوەیەكی كەم لە گەیشتنی بە لوتكەی دەسەڵات لە ئەڵمانیا هیتلەر سەرجەم سەندیكا كرێكاریەكان قەدەغە دەكات گوایە مۆڵگەی كۆمۆنیستەكانە.

**١٩٣٣/٥/**

یەكەم كۆبونەوەی كۆمەڵەی كۆنگرەی ئیسلامی (المؤتمر الاسلامی) بە سەرۆكایەتی شێخ محەمەد حوسێن ئال كاشف ئەلفتاء بەڕێوەچووو.

١٩٣٣/٦/١٦

یەکەمین کۆنگرەی ئیخوان ئەلموسلمین گرێ دەدرێ کە حسن بەنا لە ئاداری ١٩٢٨ دایمەزراندبوو.

١٩٣٣/٧/٢١

بەسەرۆکایەتی موستەفا پاشای یامولکی کۆمەڵەی کوردستان دامەزرا.

١٩٣٣/٨/٧

کۆکوژی کورد و ئاشوریەکان لە سێمێل بە هێرشی فرۆکەی ئینگلیز ، ژمارەی ٥٠٠٠ هاولاتی سڤیل دەبنە قوربانیی ئەو شالاوە.


His Holiness, Mar Eshai Shimun XXIII, Catholicos-Patriarch of the East, 1920-1975

١٩٣٣/٨/١٨

حکومەتی ئێراق رەگەزنامەی ئێراقیی لە بەتریرکی ئاشوری مار شەمعون سەندەوە و بۆ قوبرسی دور خستەوە، پێشتر مار شەمعود داوای لە حکومەتی ئێراق کردبوو کە دەسەلاتەکانی بەتریرک وێرای ئەوەی روحین دونیاییشن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە داوای دەسەلات دەکا دواتریش روداوەکانی سێمێلی بەسەردادێ دەسەلاتدارانی ئێراق ئەمە دەکەنە بیانو کە دەستی هەبێ لەو راپەرینەی ئاشوریەکانی سێمێل.

١٩٣٣/٨/٢٥

رێککەوتنی هفرا لە نێوان ئاژانسی جولەکە و ئەلمانیای نازی کە رێگە بە جوەکانی ئەلمانیا بدرێ بچنە ئیسرائیل لەبەرانبەردا دەستبەرداری هەموو مولک و سامانەکانیان ببن.

١٩٣٣/٨/٣١

بەهۆی نەخۆشکەوتنی پادشای ئێراق شا فەیسەل ئیرادەیەکی پادشایەتی دەردەکا کە شازادە غازی کوری فەیسەل لە شوێن ئەو ببێتە پادشا تا ئەوکاتەی ئەو لە سویسرا بێ.



١٩٣٣/٩/٧

مردنی شا فەیسەڵی یەکەم پادشای ئێراق لە سویسرا بە نەخۆشی، ناوبراو لە ١٩٢١ ەوە پادشای ئێراق بوو لە ٢٠ی ئایاری ١٨٨٣ لە تائیف لەدایک بووە.

١٩٣٣/٩/٨

شا غازی لەدوای مردنی شا فەیسەڵی باوکی تاجی پادشایەتی لە ئێراق دەنێتە سەر و دەبێتە پادشای ئەو ولاتە.

١٩٣٣/٩/٨

حزبی یەکگرتوی نیشتمانی (الوحده الوطنیه) لەلایەن عەلی جودت ئەلئەیوبیەوە دادەمەزرێ.

١٩٣٣/٩/٩

بۆ جارێکی تر رەشید عالی گەیلانی دەبێتەوە سەرۆکی کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراقی کە تا ١٩٣٣/١٠/٢٨ درێژەی دەبێ.

١٩٣٣/١٠/١٤

ئەلمانیای نازی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکشێتەوە.

١٩٣٣/١٠/١٦

مەلیک فاروق لە بریارێکدا کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە دادەمەزرێنێ.




١٩٣٣/١١/٩

جەمیل ئەلمەدفەعی دەکرێتە سەرۆکی کابینەی وزاریی ئێراقی ئەم کابینەش تەمەنی ١٩٣٤/٢/١٣ درێژەی دەبێ.



١٩٣٣/١١/١٢

جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆك کۆماری پێشوی ئێراق لەم رۆژە لە دایك بووە.



١٩٣٤/١/١

لیبیا دەبێتە کۆلۆنیایەکی ئیتالی.

١٩٣٤/١/١٥

لە ولاتی هیند هەرێمی بیهار و نیپال بومەلەرزەک بە پلەی ٨،٤ رودەدا دەبێتە هۆی مردنی ١٠٧٠٠ کەس دە هەزارو حەوسەد کەس.

١٩٣٤/٢/١١

ئیمام یەحیا حەمیدئەلدین لە بەرانبەر دانان بە یەمەنی باکور ، رازی دەبێ بەریتانیا بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ یەمەنی باشور داگیر بکا ، ئەم رێککەوتنە لە سەنعای پایتەختی یەمەن واژۆ کراوە.

١٩٣٤/٢/١٢

بەهۆکاری جیا شەڕی ناوەخۆی نەمسا دەست پێدەکا، لای هەر پێکهاتەیەک هۆکارێک و ئامانجێک بۆ ئەم شەڕە هەبوو.

١٩٣٤/٢/٢١

جەمیل مەدفەعی بۆ جارێکیتر دەکرێتە سەرۆکی کابینەی وزاریی ئێراقی ئەم کابینەش تەمەنی تا ١٩٣٤/٨/٢٥ بەردەوامیی دەبێ.

١٩٣٤/٢/٢٣

ليوپولدی سێيەم Leopold III تاجی پادشايەتی بەلژيک دەنێتە سەر.

١٩٣٤/٣/١٢

لە ئستونيا هەريەک لە قوستەنتين باتس و جەنەرال يوهان ليدونير كودەتايەكی سەربازی بەسەر دەسەلاتدا ئەنجام دەدەن و كاری حزبيش لە سەرجەم حزبە سياسيەكان قەدەغە دەكەن.

١٩٣٤/٣/٣١

دامەزراندنی حزبی كۆمۆنيستی ئێراق.

١٩٣٤/٥/٢٠

پەيماننامەی تائيف تايبەت بە كۆتايی هێنانی جەنگ لە نێوان سعوديەو يەمەن.

١٩٣٤/٥/٣١

فرۆكەكانی بەريتانی شاری سولێمانی بۆردومان دەكەن.



١٩٣٤/٦/١٤

يەكەمين ديداری نێوان هيتلەر و بنيتو مۆسۆلينی كە دەبێتە بەردی بناغەی هاوپەيمانيی نێوان بەرلين و رۆما بە هاوپەيمانی محوەری بەرلين/رۆما هاتە ناسين .كە جەنگی دووەمی جيهانيی پێ بردرا بەرێوە و شكستيان پێی هێنا.



١٩٣٤/٧/٢

فەرماندەی شۆڕشی مەكسيک، لازارۆ كاردێناس **Lazaro Cardenas** دەبێتە سەرۆكی مەكسيک.




١٩٣٤/٨/٢٧

شا غازی پادشای ئێراق جەودەت ئەیوبی رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاریی ئێراقی و تەمەنی ئەم کابینەش تا ١٩٣٥/٢/٢٣ درێژەی دەبێ.

١٩٣٤/٨/٢٩

دوای ئەوەی دەسەلاتی ئەلمانیا دەگرێتە دەست هیتلەر هەلمەتێکی پاکسازیی مەزن لە نێو ریزی سیاسیەکان و سوپا ئەنجام دەدا.

١٩٣٤/١٠/٢١



ماو تسی تونگ **Mao Zedong** دەست بە رێپێوانە مەزنەکە (المسیره الکبری) دەکات بە درێژایی ٦٠٠٠ میل ژمارەی ١٠٠٠٠٠ سەدهەزار هاولاتی بە ژن و مندالەوە رێپێوانێک دەکەن ماوەی ١٢ مانگ دەخایەنێ ، لەم میانە بە ٢٤ هەرێمدا تێدەپەڕن، ئامانجەکانی شۆڕش بلاو دەکەنەوە تا دەگەنە قۆناغی کۆتایی لەم سەدهەزار کەسە تەنها ٢٠٠٠٠ بیست هەزار کەسیان لێ دەردەچێ و دەگاتە قۆناغی کۆتایی.

١٩٣٤/١٢/٧

فرانکلین ی سەرۆکی ئەمریکا فەرمان بە دروست کردنی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی دەدا.

١٩٣٥/١/٣

ئیتالیا لەسەردەمی موسولینی حەبەشە داگیر دەکا.

١٩٣٥/١/١٤

بۆڕیی نەوتی نێوان موسل و بەندەری حەیفا بەیەک بەسترایەوە و کەوتە کار.

١٩٣٥/٢/٢٨

والاس کاروتەرز ماددەی نایلۆن دەدۆزێتەوە.

١٩٣٥/٣/٤

جەمیل مەدفەعی دەکرێتە سەرۆکی کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراق تەمەنی ئەم کابینەش تەنها دە رۆژ دەبێ.

١٩٣٥/٣/٢١

شای ئێران رەزا پەهلەوی لە بڕیارێکدا ناوی دەولەتی فارس دەگۆڕێ بۆ دەولەتی ئێران.

١٩٣٥/٥/٢

دەست بە دروستکردنی بەرزترین تەوەر لە دونیا کرا بەناوی(ئەمپایر ستیت) لە واشنتۆنی ئەمریکا کە لە ١٠٢ نهۆم پێک دەهات.

١٩٣٥/٥/٢

فەیسەلی دووەم پاشای عێراق لەدایك بووە، کە ساڵی ١٩٥٨ لەمیانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزدا لەسەر کورسیی دەسەڵات دوورخرایەوە و گولەباران کرا خۆی و سەرجەم خانەوادەی .

١٩٣٥/٩/٢

هێرشی سوپای ئێراق بە فەرماندەیی(حسێن فوزی) بۆ سەر شەنگار، دوای یەک مانگ شەڕ نزیکەی ٢٠٠ شەڕکەری ئێزدی دەکوژرێن و ماڵ و مولکی شەنگالیەکان خاپور دەکرێ.

١٩٣٥/٩/٣

کۆمەلەی نەتەوەکان لە بڕیارێکیاندا ئاشوریەکان لە ناوچەی خابوری سەرەوە لە سوریا کە دەکاتە رۆژئاوای کوردستان نیشتەجێ دەکەن.




١٩٣٥/٩/١٥

هیتلەر ژمارەیەک یاسای رەگەزپەرستی دەردەکا کە بە (یاساکانی نۆرنبیرگ) هاتنە ناسین لەناویاندا مافی دەنگدان و خۆپالاوتنی لە جوەکان ستاندەوە و خاچی سەراوژێری کردە دروشمی ئەلمانیا.

١٩٣٥/١٠/٢

به فەرمانی مۆسۆلینی ئیتالیا هێرش دەکاتە سەر ئەسیوبیا.

١٩٣٥/١١/٣

مەلیک جۆرجی دووەم دەگەرێتەوە یۆنان و سامان و پێگەی بۆ دەگەرێندرێتەوە.

١٩٣٥/١١/٩

هێزەکانی ژاپۆن شاری شەنگهای یەکێک لە شارە مەزنەکانی پیشەسازیی چین داگیر دەکەن.



١٩٣٥/١١/٢٠

کوشتنی عزەدین قەسام ی سوری بە دەستی هێزەکانی بەریتانی.

١٩٣٦/١/٨

شای پەهلەوی فەرمان دەدا بە نەهێشتنی سەرپۆشی ژنان..



١٩٣٦/١/٢٠

ئەدواردی هەشتەم تاجی پادشایەتی شانشینی یەکگرتوو(بەریتانیا) و دەولەتانی کۆمنویلث دەنێتە سەر ، ئەمەش دوای مردنی جۆرجی پێنجەمی باوکی دێت.

١٩٣٦/١/٢٥

کۆچی دوایی موستەفا پاشا یامولکی سیاسەتمەداری کورد، مستەفا پاشا کوڕی عزیز یامۆڵکی، لە ساڵی ١٨٦٦ لە سلێمانی لە دایک بووە.



خوێندنی سەربازی لە بەغدا و پاشان ئەستەمبوڵ خوێندووە، چەندین پلەی بەڕێوبەری و پشکنەری سەربازی لە ناوچەکانی کوردستان و ولایەتە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا وەرگرتووە، تا دوا جار دەبێتە سەرۆکی دیوانی جەنگی عورفی، لەو دادگایەدا کە بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک دانرابوو، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک دەرکرد.

پاش سەرکەوتنی مستەفا کەمال لە شۆڕشەکەی و دامەزرادنی کۆماری تورکیا، مستافا پاشای یاملکی لە ڕێگەی سوریاوە گەڕاوەتەوە بەغدا و لەوێشەوە لە ساڵی ١٩٢٠ گەیشتووەتەوە سلێمانی. لە ١٩٢٢/٧/٢١ لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تر (کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان)ی دامەزراندووە و لە دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی حەفیدیش لە هندستان و دامەزراندنی دووەمین حکومەتی کوردستان، مستەفا پاشا بووەتە وەزیری پەروەردە.



١٩٣٦/١/٢٦


هێزەکانی (فرانسیسکۆ فرانکۆ Francisco Franco به هاوکاری هێزەکانی ئیتالی بەرشەلۆنە داگیر دەکەن.

١٩٣٦/٢/١٥

هیتلەر رایگەیاند کە بڕیاریداوە ئۆتۆمبێلێکی هەرزان بەها لە ئەڵمانیا دروست بکرێ کە ناوی فولکس واگنە. هەر دوای هەفتەیەک لەو راگەیاندنە دامەزراندنی کۆمپانیای فۆلکس واگن دەرچوو کە تەیبەتە بە دروستکردنی ئۆتۆمبێل.

١٩٣٦/٤/٢٨

له میسر شا فوادی یەکەم کۆچی دوایی دەکا کە لە ١٨٦٨ لەدایک ببوو.



١٩٣٦/٥/٥


ئیتالیا ئەدیس ئەبابا داگیر دەکا.

١٩٣٦/٥/٦

مەلیک فاروق لە هەندەران (بەریتانیا) دەگەڕێتەوە میسر، پاش ئەوەی بڕیار دەدرێ بکرێتە پادشای میسر.

١٩٣٦/٥/٨

فرەنسا لە بڕیارێکدا زمانی عەرەبی لە جەزائیر بە زمانێکی بێگانە دەداتە ناسین. لە ئەنجامی کارپێکردنی ئەم بڕیارە رەگەزپەرستیانەیدا نارەزایی لێدەکەوێتەوە.



١٩٣٦/٦/١٨

رۆماننوس و رۆژنامەنوسی روسی ماکسیم گۆرکی **Maxim Gorky** کۆچی دوایی دەکا.

١٩٣٦/٧/١

بۆ یەکەمین جار رادیۆی بەغدا دەست بە پەخشی خۆی دەکات.

١٩٣٦/٧/١٧

دەستپێکردنی بزوتنەوەی نیشتمانی لە ئیسپانیا بە سەرۆکایەتی فرانسیسکۆ فرانکۆ و لەو کاتەوە شەری ناوەخۆ دەست پێدەکا.

١٩٣٦/٨/٢٦

بەریتانیا و میسر رێککەوتنێک واژۆ دەکەن کە نیمچە سەربەخۆییەک بە میسر بدرێ لە بەرانبەردا بەریتانیا دەست بەسەر تەواوی کەنالی سوێسدا بگرێ.

١٩٣٦/١٠/١

فرانسیسکۆ فرانکۆ سەرۆکایەتی حکومەتێکی نیشتمانی لە ئیسپانیا دەکا.

١٩٣٦/١٠/٢٩

لە ئێراق زەعیم بەکر سدقی لە کودەتایەکدا حکومەتی یاسین ئەلهاشمی دەروخێنێ.

١٩٣٦/١٠/٢٩

مەلیک غازی کابینەی نوێی حکومەتی ئێراقی بە حکمەت سلێمان رادەسپێرێ، کابینەکەی تەمەنی تا ١٩٣٧/٨/١٧ درێژەی دەبێ.



١٩٣٦/١١/٢

شاعیری گەورەی گەلی کورد ئەحمەد بەگی کوڕی فەتاح بەگ ناسراو بە (حەمدی) لەتەمەنی شەست ساڵیدا و لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکا، دواتریش تەرمەکەی لەگردی سەیوان بەخاک سپێردرا.

١٩٣٦/١١/١٥

دامەزراندنی کۆمەلەی چاکسازی میللی لەلایەن ژمارەیەک سیاسەت مەدار لە ناویاندا کامل الچادرچی.

١٩٣٦/١٢/٥

كۆمارەكانی ئەرمینیای سۆڤیەتیی سۆشیالیست و ئازەربایجانی سۆشیالیست و جورجیای سۆڤیەتیی سۆشیالیست و قرغیستان دەبنە بەشێک لە یەکێتی سۆڤیەت.



١٩٣٦/١٢/١١

پادشای بەریتانیا ئەدواردی هەشتەم دەست لە تاجی پادشایەتی هەڵدەگرێ بۆئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ والیس سمبسونی بەرەگەز ئەمریکیدا بکا.

١٩٣٧/١/١٢

فەرەنسا بڕیارێکی دەرکرد بە هەڵوەشانەوەی حیزبی یەکیەتی نیشتمانی موسڵمانانی باکوری ئەفریقیا کە سەرۆکەکەی مێالی الحاج بوو مەیلی شیوعیەتی هەبوو.

١٩٣٧/٢/١٩

بۆیەکەمین جار ئالای هۆڵەندا بەکار دێت.

١٩٣٧/٣/٣

شۆڕشی دەرسیم لەباکوری کوردستان دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر گەلی کورد هەڵگیرسا، ئەم شۆڕشە لەلایەن (سەید ڕەزا دەرسیمی)یەوە ڕابەرایەتی دەکرا.



١٩٣٧/٣/٣٠

ژاپۆن حکومەتیکی نوێ لە نانکینجیی پایتەختی ئەوسای چین دادەمەزرێنێ.

١٩٣٧/٤/٢٨

لەدایک بوونی دکتاتۆر سەددام حوسێن، سەرۆکی پێشوی ئێراق.



١٩٣٧/٥/٤

حكومەتی تورک بڕیار لەسەر کۆکوژیەکەی دەرسیم دەدا.

١٩٣٧/٥/١٢

خۆپیشاندان لە نەجەف و دیوانیە دژی دەسەلاتی حکومەتی پادشایەتی و ئینگلیز بەلام زۆر بەتوندی سەرکوت دەکرێن لە ماوەی دوو هەفتەی خۆپیشانداندا ٣٠٠ هاولاتی دەکوژرێن و گوندو شارەکانیش بێویژدانانە تۆپباران دەکرێن.

١٩٣٧/٦/٢٠

ڤیکتۆریا دوای کۆچی دوایی ویلیامی مامی دەبێتە پادشای بەریتانیا، ڤیکتۆریا نەوەی پادشا جۆرجی سێیەم بوو نۆ منداڵی هەبوو هەشتیان کچ بوون تەنها یەکیان نەبێ ئەدوارد کە رۆلێکی گرنگی بینی.

١٩٣٧/٧/٧

سەرەتای دووەمین جەنگی نێوان چین و ژاپۆن کە لە ٩ی ئەیلولی ١٩٤٥ کۆتایی دێت.

١٩٣٧/٧/٧

دەستپێکی شەڕی پردی مارکۆپۆلۆ ئەو شەڕەی لە نێوان نیشتمانپەروەرانی چین و ئیمپراتۆریەتی ژاپۆن روویدا بوە سەرەتای جەنگی چین و ژاپۆن لەوێوە ژاپۆن توانیی بگاتە ناو پەکین.

١٩٣٧/٧/٨

ئەنجام دانی رێککەوتنی سەعد ئاباد لە نێوان هەریەک لە ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، تورکیا و ئێران و ئێراق لەگەڵ ئەفغانستان دژی بزوتنەوە کوردیەکان.

١٩٣٧/٧/١٤

ئێراق و ئێران ریکەکوتنێک لەسەر دیاری کردنی سنوری نێوانیان واژۆ دەکەن کە دەبێتە دابەشکردنی خاکی کوردستان لە نێوان بەشەکەی رۆژهەڵات و باشوردا.

١٩٣٧/٧/١٨

دوای سەپاندنی پەیماننامەی سیڤەر ولاتانی ئیمپریالیزم کەوتنە هەولی لەیەک نزیککردنەوەی ئێران و ئێراق بۆ دژایەتی کورد لەم رۆژە ئەو پەیمانە لە نێوانیان بەسترا دەکەوێتە بواری کارکردنەوە.



١٩٣٧/٧/٢٠

مارکۆنی **Guglielmo Marconi** داهێنەری تەلەگراف و رادیۆ کۆچی دواییکرد.



١٩٣٧/٨/١١

لە پیلانێکدا بەکر سدقی لە ویستگەی شەمەندەفەری موسل دەکوژرێ کە بەرێوە بوو بۆ تورکیا دەچوو ، بەکر سدقی ئەفسەرێکی بالادەست بوو بەرەگەز کورد بوو بەلام سەرچاوەکان لەسەر هەستی کوردایەتیی ناکۆکن، هۆکاری کوشتنەکەی راپەرینەکەی سەرەوژێرکردنی حکومەتی یاسین هاشمی بوو لە ١٩٣٦/١٠/٢٩.

١٩٣٧/٨/١٧

ئیرادەی مەلەکیی ئێراقی بریارێکی دەرکرد بە پێکهێنانی کابینەی وزاریی ئێراقی بەسەرۆکایەتی جەمیل ئەلمەدفەعی ئەم کابینەش تەمەنی تا ١٩٣٨/١٢/٢٤ درێژەی دەبێ.

١٩٣٧/٩/٥

بە پیلانێکی گلاو سەید رەزا رێبەری شۆرشی دەرسیم لە ئەرزنجان دەستگیر دەکرێ بە بیانوی ئەوەی کە گوایە تورک داخوازیەکانی کوردان جێبەجێ دەکاو زیانەکانیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە بەو هۆیەوە داوا لە سەید رەزا دەکەن لە ئەرزنجان ئامادە بێ بۆ وتووێژ ئەمیش بروایان پێدەکا و دەچێتە شارەوانی ئەرزنجان ئەوانیش دەستگیری دەکەن و دواتر لە سێدارەی دەدەن.

١٩٣٧/٩/١٠

بەهۆی شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیا ئاژاوە و گێچەڵی لە دەریای سپیی ناوەراست زۆر دەبێ، لەم رۆژە کۆنگرەی لیون دەبەسترێ بۆ باسکردن لەسەر پرسی رێگری لەم دەریایە.



١٩٣٧/١١/٢

بینیتو بموسولینی Benito mussolini سەرۆکی ئیتالیا محوەری رۆما بەرلین رادەگەیەنێ ، کە لە ئیتالیاو ئەڵمانیا پێک دەهاتن بەناوی (دەولەتانی محوەر) وەکو ئامادەسازیەک بۆ جەنگی دووەمی جیهانی.



١٩٣٧/١١/١٥

سەید رەزای دەرسیم و شەش هاورێی بەدەستی کەمالیستە رەگەزپەرستەکان لە سێدارە دران و هەندێك لەسەرۆك هۆزەکانیش بەسی ساڵ زیندانیکردن حوکمدران.

١٩٣٧/١٢/٢٢

تونێلی لینکۆلن بۆ هاتوو چۆ لە نیویورک دەکرێتەوە.

١٩٣٨/١/٢٥

نوری سەعید بۆ سێیەمین جار کابینەی وزاریی لە ئێراق پێک دێنێ.

١٩٣٨/٢/١٧

یەکەمین پەخشی تەلەفزیۆنی رەنگاورەنگ لە بەریتانیا لە داهێنانی سکۆتلەندی(ج بیرد) پەخش کرا.

١٩٣٨/٣/٣

نەوت لە سعودیە دەدۆزرێتەوە.

١٩٣٨/٣/١١

ئەڵمانیا بەبێ ئاستەنگ نەمسا داگیر دەکا.

١٩٣٨/٣/١٣

دوای یەک ڕۆژ لە داگیرکردنی نەمسا لەلایەن ئەڵمانیای نازی لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەیخاتە سەر خاکی خۆی.

١٩٣٨/٤/١

یەڵماز گونای هونەرمەند و کەساتیی کوردی باکور کە ناوبانگی بە فلمی ڕێگا دەرکرد لەم ڕۆژەدا لە ئەدەنەی باکوری کوردستان لەدایک دەبێ ، باوکی بەناوی حەمید بۆتۆن جوتیارێکی هەژار و نەدار بوو ستەمی لەدەست ئاغا و دەرەبەگ چێشتوە.



گونای خاوەنی ١٧ خەلاتی جیهانییە لەسەر فلمسازی، هەر بەهۆی هەلوێستە نیشتمان]پەروەریەکانی کوردایەتیی ٢٠ ساڵ لە نێو زیندانەکانی تورک دەباتە سەر کاتێک لە ١٩٨١ بە ملەتی یەک هەفتە لە زیندان دەریدێن بە یەکجارەکی تورکیا جێدێلێ و لە فرەنسا نیشتە جێی دەبێ تا لە ١٩٨٤/٩/٩ لە پاریس بە نەخۆشی کۆچی دفوایی دەکا بەناوبانگترین فلیمەکانی ) ڕێگا، دیوار، دوژمن، مێگەل وباوک).

١٩٣٨/٤/٩

تونسیەکان دژی داگیرکاری فرەنسی رادەپەڕن ئەو ڕۆژە لای تونسیەکان بە شۆڕشی ٩ی نیسان دێتە ناسین.

١٩٣٨/٤/١٦

ئیتالیا و بەریتانیا ڕێککەوتنێک واژۆ دەکەن لەسەر ئەوەی دان بە سەربەخۆیی سعودیەو یەمەندا بنێن و دەست نەخەنە ناو کاروباری ناوەوەیان.

١٩٣٨/٦/٢٩

یەکەمین ئەنجومەنی یاسادانان لە کوێت دادەمەزرێ کە بەناوی ئەنجومەنی نەتەوە بوو، لە نێو ٢٠ کاندید ١٤ یان دێنە هەڵبژاردن.

١٩٣٨/٧/٥

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان فرەنسا و تورکیا لە ١٩٣٨/٦/٢٦ هێزەکانی تورکی دەچنە ناو لیوای ئەسکەندەرونە کە ژمارەیان لە ئاست ژمارەی هێزەکانی فرەنسی بێت لەو شارە.

١٩٣٨/٩/٢

تورکیا ناوی ئەسکەندەرونە دەگۆڕێ بۆ هاتای.

١٩٣٨/٩/٣٠

واژۆکردنی پەیمانی میونخ کە هەریەک لە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا نیفیل چامبرلن و سەرۆک وەزیرانی فرەنسا ئەدوار دلادییە بە مەرجەکانی هیتلەر و مۆسسۆلینی ڕازی دەبن.

١٩٣٨/١١/١٠



مردنی کەمال ئەتاتورک. لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا لە گەڵ دور کەوتبۆوە ئالودەی خواردنەوەی کحولیەکان ببو هەموو کاتەکانی لە کۆشکی (دولما باهاس) کە تایبەت بوو بە سولتانەکان دەبردە سەر هەر خەریکی خواردنەوە بوو بەهۆیەوە هەناوی توشی هەڵاوسان بوو لەم ڕۆژەداو لە کاتژمێری ٩ی بەیانی.کۆچی دوایی کرد .



١٩٣٨/١١/١١

عیسمەت ئینونو لە دوای کەمال ئەتاتورک دەسەڵاتی تورکیا دەگرێتە دەست.

١٩٣٨/١٢/٢٥

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراق کابینەی وزاریی نوێی پێکهێنا بەسەرۆکایەتی نوری سەعید کە تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٣٩/٤/٦ درێژ دەبێ

١٩٣٩/١/٩

ئیتالیا تەرابلس وبرقەی لیبیا دەگرێتە خۆ و رەگەزنامەی ئیتالیش بە هاولاتیانی دەدا.

١٩٣٩/١/٢٩

بەشی کوردی لە ئێزگەی بەغدا کرایەوە.

١٩٣٩/٢/٧

کۆنگرەی مێزی بازنەیی لە نێوان نوێنەرانی بەریتانیا و ئوردن و ئێراق و سعودیە و یەمەن لە کۆشکی سان جیمس لە لۆندۆن لەسەر پرسی فەلەستین بەسترا.

١٩٣٩/٣/٧



حکمەت سلێمانی کۆنە سەرۆک وەزیرانی ئێراق و پەنجا ئەفسەر بە تۆمەتی هەولی کودەتا دەستگیر دەکرێن، سەرەتا حکمت سلێمان و چەند ئەفسەرێک حوکمی لەسێدارەدانیان دەدرێ بەلام دواتر بۆیان سوک دەکرێتەوە بۆ پێنج ساڵ زیندانی.

١٩٣٩/٣/١٤

ئەلمانیا، پراگی پایتەختی چیکسلۆڤاکیا داگیر دەکا، دواتر دەست بەسەر هەموو چیکسلۆڤاکیادا دەگرێ.

١٩٣٩/٣/١٥

خوشکی مەلیک فوادی یەکەم پادشای میسر، شازادە فوزیە  شو بە جێنشینی شای ئێران محەمەد رەزا پەهلەوی دەکا دواتر لە پادشایەتی دێتە خوارو لە میسر کۆچی دوایی دەکات.

١٩٣٩/٣/١٨

هێزەکانی فەرماندەی سەربازی فرانسیسکۆ فرانکۆی ئیسپانی دەگەنە ناو پایتەختی ئیسپانیا. دوای ئەوەی لە هاوینی ١٩٣٦ فەرماندەی سەربازی فرانسیسکۆ فرانکۆ کودەتا بەسەر دەسەلاتی بەرەی میللیدا دەکا ئەم بەرە لە دیموکراتخواز و سۆسیالیستەکان پێکهاتبوو، لەوکاتەوە دەبێتە شەڕی ناوەخۆ تا لەم رۆژە فرانکۆ

دەست دەگرێ بەسەر دەسەلات و ماوەی ٣٦ ساڵ حوکمرانی ئیسپانیا دەکا ئەم سەرکەوتنەی بە هاوکاری مۆسۆلینی دەبێ، ماوەی حوکمرانیەکەی دکتاتۆری بوو .

١٩٣٩/٣/٢٨

پایتەختی ئیسپانیا مەدرید خۆی رادەستی یاخیبوەکان دەکات بە سەرۆکایەتی فرانسیسکۆ فرانکۆ کە دواتر بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ حوکمرانیەکی دکتاتۆرانە دەکا.

١٩٣٩/٤/٤

مردنی مەلیک غازی پادشای ئێراق لە ئەنجامی پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکەی بە ستونێکی کارەبایی لە بەغدا کە خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوری.



١٩٣٩/٤/٦

عەبدول ئیلاە دەبێتە پێسپێردراوی فەیسەلی دووەم کە کرابوە پادشای ئێراق لە شوێن مەلیک غازیی باوکی. بەهۆی مردنی شا غازی لە روداوێکی هاتوچۆدا کە بە سەیارەکەی خۆی دەکێشێ بە ستونێکی کارەبا گوایە لە حالەتی مەستی دابووە ، بەوهۆیەوە فەیسەلی دووەم کورە بچوکە نابالقەکەی دەبێتە شوێنگرەوەی چونکە تەمەنی نەگەیشتبوە هەژدە ساڵ عەبدول ئیلاهی خاڵی دەبێتە پێسپێردراوی.

١٩٣٩/٤/٦

ئیرادەی پادشایەتی کابینەیەکی نوێ بەسەرۆکایەتی نوری سەعید پێکدێنێ تەمەنی ئەم کابینەش تا ١٩٤٠/٢/١٨ بەردەوامی دەبێ.

١٩٣٩/٤/٧

لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی ئیتالیا ئەلبانیا داگیر دەکا.

١٩٣٩/٤/٨

کۆنسۆلی بەریتانی لە موسل ج مونک ماسون Monck Mason لەلایەن جەماوەری موسل دەکوژرێ بە گومانی ئەوەی بەریتانیا دەستی هەبوە لە کوشتنی مەلیک غازی، حکومەتی ئێراقیش لەسەر ئەم رووداوە داوای لێبوردنی لە حکومەتی بەریتانیا کرد و خۆی لێ بێبەری کرد.

١٩٣٩/٤/١٧

کۆماری گواتیمالا سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێ.

١٩٣٩/٤/٢٨

هیتلەر ئەو ڕێککەوتنە ڕەت دەکاتەوە لەگەڵ پۆلۆنیا کە لەسەر بنەمای دەستدرێژی نەکردنە سەربەک واژۆ کراوە.

١٩٣٩/٥/١٢

لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سۆڤیەتی و ژاپۆنی لە سەر سنورەکانی نێوان مەنشوکو و مەنگۆلیا ڕوو دەدا، ناسراو بە شەڕی (خالخین گول).

١٩٣٩/٥/١٧

حکومەتی بەریتانی کتابی سپی دەردەکا کە دان بە سەربەخۆیی دەولەتی فەلەستینیدا دەنی لەگەڵ دەولەتێک بۆ جوەکان و عەرەبەکان بەیەکەوە بن لەسەر ئەو خاکە. واتە چارەسەری دوو دەولەتی.

١٩٣٩/٥/٢٢

مۆسۆلینی و هیتلەر ڕێککەوتنێکی سەربازی واژۆ دەکەن بەناوی ئەلمانیا و ئیتالیا ناودەنرێ یا (هاوپەیمانی ئاسنین).

١٩٣٩/٧/٦

هیتلەر سەرجەم دامودەزگای جولەکەکانی لە ئەلمانیا داخستن.

١٩٣٩/٧/٢٢

لەدایک بوونی هونەرمەندی عەرەب وەردە ئەلجەزائریە لە پاریس لە گەرەکی لاتینی ، لە باوکێکی جەزائیری و دایکێکی لوبنانی ناوی تەواوی وەردە محەمەد ئەلفەتوکی یە.



١٩٣٩/٧/٢٦

واشنتۆن پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵ ژاپۆن هەڵدەوەشێنێتەوە.

١٩٣٩/٨/٢

ئەلبیرت ئەنشتاین **Albert Anishtain** و لیو زیلارد Leo Szilard نامەیەک بۆ سەرۆکی ئەمریکا فرانکلین رۆژفلت Franklin Delano Roosevelt in دەنێر هانی دەدەن دەست بە پرۆژەی (مانهاتن) بکا کە تایبەتە بە دروست کردنی چەکی ئەتۆمی.

١٩٣٩/٨/٢٣

ستالین و هیتلەر رێککەوتنێک واژۆ دەکەن لەسەر دابەش کردنی دەولەتانی بەلتیک و فینلەندا و پۆلۆنیا لە نێوان خۆیاندا. بەلام دواتر کە جەنگی جیهانی دەست پێدەکا ئەم رێککەوتنە پێشێل دەکرێ و سۆڤیەت دەکەوێتە بەرەی هاوپەیمانان و دژی ئەلمانیا دەجەنگێ. سەرەتای پێشێلیەکە لە هیتلەرەوە بووە کە پۆلەندا بە تەنیایی داگیر دەکا و ئەو بەشەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دانرابوو داگیری کرد.



١٩٣٩/٨/٢٧

فەرمانی دامەزراندنی هاوینە هەواری سەربەن(مەسیف، پیرمام ) لە پارێزگای هەولێر باشوری کوردستان لەم رۆژە دەردەچێ.

١٩٣٩/٨/٢٧

فڕینی یەکەم فرۆکەی موشەکهاوێژ(الطائره النفاثه).

١٩٣٩/٩/١

ئەم رۆژە بە دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی دێتە ئەژمار کە زیانی گیانی و مالیی زۆر لە سەرجەم ولاتانی دونیا کەوت مەزەندەی ٧٠ ملیۆن کەس دەکرێ کە لەو ماوە کوژرابن تەنها روسیا دانی بە بیست ملیۆن کوژراو داناوە.



١٩٣٩/٩/١

ئەلمانیای نازیست وەکو دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی هێرش دەکاتە سەر بەندەرێکی پۆلۆنی و داگیر دەکات.

١٩٣٩/٩/٥

ئەمریکا بێلایەنی خۆی لە جەنگی دووەمی جیهانی رادەگەیەنێ، بەلام دواتر بەشداری دەکا.

١٩٣٩/٩/١٧

دوای هێرشەکانی ئەلمانی بۆ پۆلۆنیا ، یەکێتی سۆڤیەت هێرش دەکاتە رۆژهەلاتی پۆلۆنیا، ئەوەی لەبەر ئەلمانیا ماوەتەوە ئەو داگیری دەکا.

١٩٣٩/٩/٢٧

لە جەنگی دووەمی جیهانی پۆلەندا بەتەواوەتی لەلایەن ئەلمانیا و یەکێتی سۆڤیەتەوە داگیر دەکرێ .

١٩٣٩/٩/٢٩

بولگاریا خۆی رادەستی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات لە جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٣٩/٩/٣٠

ئەلمانیا و یەکێتی سۆڤیەت رێککەوتنێک لەسەر دابەش کردنی پۆلۆنیا لە نێوان خۆیاندا واژۆ دەکەن.



١٩٣٩/١١/٤


یەکەم ئۆتۆمبێلی بە فێنککەرەوە (کۆندیشن) لە شیکاگۆ نمایش کرا.

١٩٣٩/١١/١٨

دوای دەستگیرکردن و حوکمدانی سەید رەزا لە سێدارەدەدرێ.

١٩٣٩/١٢/١

دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ لە باشوری کوردستان.گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤارێکی ڕامیاری، کلتوری، وێژەی و کۆمەڵایەتی بوو، مانگی جارێک لە


گەلاوێژ

گۆڤارێکی ئەدەبی وثقافی مانگی کوردی یە

ژمارە ۱ سال ۱ کانون اول ۹۳۹

خوێندەوارانی خۆشەویست!

شاری سلێمانی بڵاو بووەتەوە، یەکەم ژمارەی لە ١/١٢/١٩٣٩ دەرچووە و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنوسەرەکەشی مامۆستا عەلائەدین سەجادی بووە.

**١٩٣٩/١٢/١٤**

کۆمەڵەی نەتەوەکان بەهۆی هێرش کردنە سەر فنلەندا یەکێتی سۆڤیەت دەردەکات. ئەم جەنگە بەجەنگی زستان هاتە ناسین.

١٩٤٠/٢/٢٢

ئیرادەی پادشایەتی ئێراقی تایبەت بە پێکهێنانی کابینەی وزاریی نوێ بە سەرۆکایەتی نوری سەعید دەرکرا، ئەم کابینەش تەمەنی تا ١٩٤٠/٣/٣١ درێژەی دەبێ.

١٩٤٠/٣/٣١

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراقی بڕیاری پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی وزاری بەسەرۆکایەتی رەشید عالی گەیلانی دەردەکا ئەم کابینەش تەمەنی دەگاتە ١٩٤١/١/٣١.

١٩٤٠/٤/٩

لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵمانیا هەردوو ولاتی دانمارک و نەرویژ داگیر دەکا.

١٩٤٠/٤/١٠

ئیتالیا لە جەنگی دووەمی جیهانی تەرەفگیری ئەڵمانیا دەکا بۆیە لەم رۆژە دژی فرەنسا و بەریتانیا شەڕ رادەگەیەنێ.

١٩٤٠/٤/١٧

ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی نەرویژ داگیر دەکا.

١٩٤٠/٥/٥

ئاوارەکانی نەرویژیی جەنگی دوەمی جیهانیی لە بەریتانیا حکومەتێکی کاتی لە مەنفا پێک دەهێنن.

١٩٤٠/٥/١٠

لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵمانیا هۆڵەنداو بەلژیک داگیر دەکا.

١٩٤٠/٥/١٠

هێزەکانی ئەڵمانی بێ گوێدانە بێلایەنی دراوسێکانی هێرش دەکەنە سەر بەلژیک و نەرویژ و هۆڵەندا و لۆکسەمبورگ و داگیریان دەکا لەکاتێکا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە ئەمان بێلایەن بوون .





١٩٤٠/٥/١٠

ونستون چرچل Winston Leonard Spencer-Churchill سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانیا دەگرێتە دەست.

١٩٤٠/٥/١٥

هۆلەندا لەلایەن ئەڵمانیاوە لە جەنگی دووەمی جیهانی بەتەواوەتی داگیر دەکرێ.

١٩٤٠/٥/١٧

سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵمانیای نازی بەتەواوەتی برۆکسلی پایتەختی بەلژیک داگیر دەکا.



١٩٤٠/٥/١٧

ئەکتەری کۆمیدیی میسری عادل ئیمام لەم رۆژە لەدایک دەبێ.



١٩٤٠/٥/٢٨

لە جەنگی دووەمی جیهانی پاریس بەتەواوەتی دەکەوێتە دەست ئەڵمانیای نازی.

١٩٤٠/٦/٣

لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵمانیا لۆکسەمبورگ داگیر دەکا.

١٩٤٠/٦/٤

هێزەکانی هاوپەیمانان داونکێرک **Duinkerk** لەبەر هێرشەکانی ئەڵمانی چۆڵ دەکەن، داون کێرک بەندەرێکی بەریتانیە دەکەوێتە ژێر هەڵمەتی تۆپبارانکردنی هێزەکانی ئەڵمانی بەو ئەگەرەوە چۆڵ دەکرێ.

١٩٤٠/٦/١٦

جەنەراڵ فیلیب بیتان لە سەردەمی داگیرکاری ئەڵمانی بۆ فەرەنسا پۆستی سەرۆک وەزیران دەگرێتە ئەستۆ ناوبراو لە لایەنگرانی نازیەکانەوە جێی متمانەدەبێ، بەڵام لە بەرانبەردا شارل دیگول حکومەتی فەرەنسای ئازاد لە دەرەوە لە لۆندۆن بە هاوکاری هاوپەیمانان پێک دەهێنێ.

١٩٤٠/٦/١٧

هەرسێ دەوڵەتی بەلتیکی ئستونیا و لاتفیا و لیتوانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی دەکەونە ژێر دەستی یەکێتی سۆفیەتەوە.

١٩٤٠/٦/١٨



دوای داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازیەکانەوە و دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی بەناوی حکومەتی فەرەنسای ئازاد لەلایەن شارل دی گول **Chares de Gaulle** لە لۆندۆنەوە و بە هاوکاری هاوپەیمانان لەم رۆژە لە رادیۆکەوە مارشال دی گول لە وتارێکیدا هانی فەرەنسیەکان دەدا دژی نازیە داگیرکەرەکان بوەستنەوە.

١٩٤٠/٦/٢٦

سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی تورکیا بێلایەنی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٤٠/٦/٢٨

لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵمانیا بە هاوکاری ئیتالیا هەموو خاکی فەرەنسا داگیر دەکەن.

١٩٤٠/٧/٨

دوای ٦٢ رۆژ لە شەرێکی قورسدا نەرویژ لەلایەن ئەڵمانیاوە لە جەنگی دووەمی جیهانی داگیر دەکرێ حکومەتەکەی دەگواسترێتەوە لۆندۆن

١٩٤٠/٧/١٠

ئیتالیا لە جەنگی دووەمی جیهانی بریاری هێرش بردنە سەر بەریتانیا و فەرەنسا دەدا دەستپێکی ئەو هیرشانەش لە دورگەی مالتاوە دەست پێدەکا.

١٩٤٠/٧/١٠



دواى داگیرکردنى فرەنسا لەلايەن ئەلمانيا لە جەنگى دووەمى جيهانى ، كۆمەلەى نيشتمانى فرەنسى (پەرلەمان) بريار دەدا بە كۆتايى هاتنى كۆمارى سێيەمى فرەنسى .

دواتر حكومەتى فرەنسى بە سەرۆكايەتى فيشى و رابەرايەتى فيليپ پيتان **Philippe Pétain** كە بە خۆرادەستكردنى فرەنسا بە ئەلمانيا رازى ببون. حوكمەتى فرەنساى داگيركراو دەبەن بەرێوە.

١٩٤٠/٨/٢

دواى داگير كردنى فرەنسا لەلايەن ئەلمانيا لە جەنگى دووەمى جيهانى، دامەزراندنى حكومەتى فيشيى سەر بە نازيەكان ، لەم رۆژە ئەو حكومەتە حوكمى گولەبارانكردن بۆ جەنەرال شارل دى گول دەردەكا.

١٩٤٠/٨/١٢

ئۆپەراسيۆنى (ئيگل) لەلايەن هێزەكانى ئەلمانيەوە دەستيان پێكرد كە بەم ئۆپەراسيۆنە ئەلمانيا هێزى ئاسمانيى پادشايەتيى بەريتانيى بەجارێک خاپور كرد و زيانى زۆرى لە بەرگرى ئاسمانى بەريتانيا دا.

١٩٤٠/٨/٢١

دواى ئەوەى ترۆتسكى لە ترسى تيرۆركردن لە مەكسيک جێگير دەبێ لەوكاتەى سەرقالى نوسينەوەى ژياننامەى ستالين دەبێ لە شارى مەكسيكۆ لە مەكسيک، بە پيلانێكى دارێژراوى هەوالگرى روسى يەكێک بەناوى رامون ميركادر **Ramón Mercader** بەرەگەز ئيسپانى بەهاوكارى ئەفريكى(ديلاس ئيراس) خۆى بە رۆژنامەنوس پێ دەناسێنێ لێ دەچێتە ژوورەوە ، ترۆتسكى سەرى بەسەر نوسينەكەيدا دەبێ لە پڕ ئەم پاچێک دەنێت بەسەريداو دەيكوژێ.



دواى ئەوەى بكوژ دەستگير دەكرێ و لەلايەن حكومەتى مەكسيكەوە بە ٢٠ ساڵ حوكم دەدرێ حكومەتى روسياو مەكسيک دانوستانى

لەسەر دەکەن تا لە ١٩٦٠ تاوانبار ئازاد دەکەن و لە ١٩٦١ دوای گەڕاندنەوەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت مەدالیای پالەوانی یەکێتی سۆڤیەتی پێ دەبەخشێ.

١٩٤٠/٩/٨

لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵمانیا لینینگراد گەمارۆ دەدا ئەم گەمارۆیە تا ١٩٤٤/١/٢٧ دەکێشێ.

١٩٤٠/٩/٩

لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی حکومەتی ئیتالیا کە لەگەڵ ئەڵمانیا دەبێتە هاوپەیمان بەناوی هاوپەیمانی محوەر هێرش دەباتە سەر میسرو داگیری دەکا.

١٩٤٠/٩/١٠

فرۆکەکانی نازیی ئەڵمانی لە جەنگی دووەمی جیهانی کۆشکی پکنگهام ی ئێلیزابێثی پادشای بەریتانیا بۆردومان دەکەن.

١٩٤٠/٩/٢٧

لە جەنگی دووەمی جیهانی ژاپۆن بە فەرمی خۆی بە لایەنگری ئیتالیا و ئەڵمانیا یەکلایی کردەوە.هۆکارەکەشی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناکۆکیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لەسەر مەنشوریا هەبوو و بەرژەوەندیەکانیشی لەگەڵ ئەمریکا یەکیان نەدەگرتنەوە.

١٩٤٠/١١/٢٣

پادشا نشینی رومانیا دەچێتە پاڵ دەولەتانی محوەر، (ئەڵمانیاو ئیتالیا) لە جەنگی دووەمی جیهانی.



١٩٤٠/١٢/٢٣

چیانگ کای چیک **Chiang Kai-shek** سەرکردەی کۆمینتاگ سەرجەم رێکخراوە کۆمۆنیستیەکان لە چین قاچاخ دەکا .



١٩٤٠/١٢/٢٩

فرۆکەکانی ئەڵمانی لە جەنگی دووەمی جیهانی شاری لۆندۆن بە خەستی بۆردومان دەکەن ، لە ئەنجام دەبێتە هۆی کوشتنی ٣٦٠٠ هاولاتی و خاپورکردنی بەشێکی زۆری شارەکە.

١٩٤١/١/١٧

هێزەکانی کۆمینتاگ بە فەرمانی چیانگ کای شیک **Chiang Kai-shek** تەقە لە هێزەکانی کۆمۆنیست دەکەن ئەمەش دەبێتە دەستپێکی شەڕی ناوەخۆ لە چین.

١٩٤١/١/١٩

هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی دووەم جیهانی هێرش دەکەنە سەر کۆلۆنیەی ئەرتیریای ئیتالی.

١٩٤١/١/٢٠

سەرەتای داگیرکردنی ئەرتیریا لەلایەن ئیتالیاوە.

١٩٤١/١/٢٢

هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی شاری تبرق لیبی لەسەر کەنارەکانی دەریای ناوەراست لەدەست نازیەکان دەردێنن.



١٩٤١/٢/٤

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراق بە پێکهێنانی کابینەی وزاری بەسەرۆکایەتی تەها ئەلهاشمی دەرکرا . تەمەنی ئەم کابینەش کورت دەبێ تا ١٩٤١/٤/١.



١٩٤١/٢/١١

دامەزرێنەری ئیخوان ئەلموسلمین (حەسەن ئەلبەنا) تیرۆر دەکرێ.

١٩٤١/٣/١

ئەلمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی بولگاریا داگیردەکا.

١٩٤١/٣/٢٧

لە یوگسلافیا شۆڕش بە سەرۆکایەتی جوزیف بروز تیتۆ هەڵدەگیرسێ.

١٩٤١/٤/٣

ڕەشید عالی گەیلانی کودەتایەکی سەربازی دەکاتە سەر حکومەتەکەی تەها ئەلهاشمی و لە ئەنجام ڕاسپێردراو عەبدول ئیلاه و مەلیک فەیسەلی دووەم و نوری سەعید ترسیان لێ پەیدا دەبێ و ڕادەکەن. یەکەمیان بۆ دیوانیە مەلیکیش بۆ هەولێر بۆ ماڵی ئەحمەد چەلەبی.



ڕەشید عالی گەیلانی



شا فەیسەلی دووەم و نوری سەعید و خزمەتکارەکەی شا فەیسەل بەرەو کوردستان-هەولێر

دواتر لە ترسی کودەتاکە عەبدول ئیلاه دەچێتە بەسرا و دوای ئەوەی خۆی دەرباز دەکا لە ئێراق دەچێتە دەر، دواتر زەکی ئەمین سوپا سالاری ئێراقی بەیاننامەیەک دەردەکا ڕەشید عالی رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری.

کاتێک ئینگلیز هەست بە مەترسیەکانیان دەکەن بۆسەر بەرژەوەندیەکانیان بە پشت بەستن بە ڕێککەوتننامەی ١٩٣٠ بەهێز ئەمانی گەراندەوە و ڕەشید عالیی لەسەر پۆستەکە لادا.

١٩٤١/٤/٢٧

هێزەکانی ئەڵمانیای نازی ئەسینای پایتەختی یۆنان داگیر دەکەن لە جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤١/٥/٢

هێزەکانی ئێراق لەسەردەمی حکومەتی ڕەشید عالی گەیلانی لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیزی لە فرۆکەخانەی حەبانیە بەگژ یەکدا دەچن بە گوتەی وتەبێژی ئێراق ٢٦ فرۆکەی ئینگلیزیان خستەخوارەوە، دواتر شەر پەرە دەسەنێ بۆ بەسرەو باشوری ئێراق.

١٩٤١/٥/٥

بەگەرانەوەی ئیمپراتۆر هیلاسیلاسی سەربەخۆیی ئەسیوبیا رادەگەیەندرێ.

١٩٤١/٥/٦

ستالین کە سەرکۆماری یەکێتی سۆڤیەتی بوو دوای ئەوەی لە جەنگی دووەمی جیهانی مەترسیەکان زۆر دەبن کە ئەڵمانیا روی هێرشەکانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی دەبا. پۆستی سەرۆکی وەزیرانیش دەگرێتە دەست تا هەموو دەسەلاتەکانی جەنگ لەژێر دەستی خۆیدا بن.

١٩٤١/٥/٩

لە جەنگی دووەمی جیهانی ژێردەریا (غەواسە)ی ئەڵمانی **U** ١١٠ ی دەکەوێتە دەست هێزەکانی بەریتانی کە بەهۆیەوە دەتوانن جفرەی سوپای ئەڵمانی بکەنەوە.

١٩٤١/٥/١٦

حکومەتی رەشید عالی لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی رێککەوتنێک واژۆ دەکەن بۆئەوەی بتوانن لە دژی ئینگلیز لەسەر پێ بوەستن.



١٩٤١/٥/٢١

لە جەنگی دووەمی جیهانی ژێرئاوی (غەواسە) ئەڵمانی یونوت، کەشتیەکی ئەمریکی لە دوری ٩٥٠ کم لە کەنارەکانی بەرازیل ژێرئاو دەکا.

١٩٤١/٥/٢٣

دوای دەرچونی عەبدول ئیلاە راسپێردراوی پادشایەتی ئێراق بە پالپشتی هێزی ئینگلیز دوبارە دەگەرێتەوە ئێراق.

١٩٤١/٥/٢٧

لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی کەشتیگەلی بەریتانی لە بەرانبەر کەنارەکانی ئیرلەندا کەشتیی جەنگی ئەڵمانی تێکدەشکێنێ کە بەناوی (بسمارک) بوو لە نێو ئەو کەشتیە جەنگیەدا زیاتر لە ٢٠٠ سەربازی دەریاوانی هەبوون هەمویان لە ئاو نقوم بوون.

١٩٤١/٦/١

ئەڵمانیای نازی لە جەنگی دووەمی جیهانی یۆنان داگیر دەکا.

١٩٤١/٦/٢



دوای گەرانەوەی عەبدول ئیلاه لە راکردنیەکەیدا بەرەو دەرەوەی ولات بەهۆی کودەتا ی بزوتنەوەی رەشید عالی گەیلانیەوە ، ئیرادەی پادشایەتی بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاریی نوێی دەردەکرێ بە سەرۆکایەتی جەمیل ئەلمەدفەعی، تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٤١/٩/٢١ درێژ دەبێ .

١٩٤١/٦/٨

هێزەکانی بەریتانی و فرەنسی، سوریا داگیر دەکەن بۆ ئەوەی ولاتانی محوەری سەربە ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی نەتوانن بنکە لەو ولاتە دانێن.



١٩٤١/٦/٩

سوپای نەرویژ لە جەنگی دووەمی جیهانی بە تەواوەتی خۆی رادەستی ئەڵمانیا دەکا.

١٩٤١/٦/٢٢

ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی  بە مەزنترین سوپای نازی هێرش دەباتە سەر یەکێتی سۆڤیەت. بە دەستپێکی جەنگی نێوان ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیەت

دێته ئەژمار کە تا ٧ی ئایاری ١٩٤٥ درێژەی دەبێ واتە ئەوکاتەی ئەلمانیا لەو جەنگە دەدۆڕێ و کۆتایی بە جەنگی دووەمی جیهانی دێت.

لەکاتێکا رێککەوتنێک لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەلمانیا لە ١٩٣٩/٨/٢٣ واژۆ کرابوو لەسەر هێرش نەکردنە سەر یەکتری رێککەوتبوون. بەلام کاتێک ئەلمانیا پۆلۆنیا داگیر دەکا ئەم رێککەوتنە دەکەوێتە مەتسری و دواتیریش بونی نامێنێ هەریەکەی دەکەونە بەرەیەکی جەنگەوە.

١٩٤١/٧/٣

لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی و مەترسیەکانی لەسەر روسیا ستالین بڕیار دەدا لە بێدەنگی بێتە دەر و ئامۆژگاری بداتە گەلەکەی.

لە گوتارێکیدا باسی لە ( مەترسیە مەزنەکە) کرد رادیۆکان پەخشیان دەکرد. گوتارەکەی بە دەنگێکی نزم دەخوێندەوە، وەکو نەریتی پێشتری گوتارێکی وشک بوو نەک وەکو هی چرچل پڕبێ لە پەیمان و گەشبینی، گوتارەکەی بریتی بوو لە بانگەواز و رێنما بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن.

١٩٤١/٧/١١

کینا هان کرن والسن ،نوێنەری بەریتانیا لەعێراق هەڕەشەی لە شێخ مەحمودی حەفید کرد، لەبەرامبەر ئەوەی ڕایگەیاندبوو، باشوری کوردستان دژی دەوڵەتی عێراقو داگیرکاری بەریتانی دەجەنگێت و سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت.

١٩٤١//٧/٢٦

وەکو کاردانەوەی داگیر کردنی هیندی چینیی فرەنسی لەلایەن ژاپۆنەوە، سەرۆکی ئەمریکا فرانکلن روزفلت Franklin Delano Roosevelt in بڕیار دەدا سەرمایەکانی ژاپۆن لە بانکە ئەمریکیەکان بلۆک بکرێن. ئەمەش دەبێتە سەرەتای گرژیەکانیان.

١٩٤١/٨/١١



لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی چیرچل **Churchill** و روسفلد **Roosevelt** میساقی ئەتلەس واژۆ دەکەن . وەکو پەیماننامەیەک لە نێوان ئەمریکا و بەریتانیا، کە ئەمریکا ئەوکات بەشداریی لەو جەنگە مەزنە نەکردبوو تەنها چەک و فرۆکەکانی بە کرێ بە بەریتانیاو

هاوپەیمانان دەدا، تا ئەوکاتەی ژاپۆن هێرش دەباتە سەر هێزەکانی ئەوکات ئەمریکاش دەبێتە بەشێک لە هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤١/٨/٢٥

هێزەکانی بەریتانی و سۆڤیەتی دەچنە نا و ئێران بۆئەوەی هێزەکانی ئەڵمانیای نازیی دەستیان پێنەگاو لەم میانە هێزەکانی سۆڤیەتی رۆژهەلاتی کوردستانیش داگیر دەکا.

١٩٤١/٩/٨

سەرتای گەمارۆی نازیەکانی ئەلمانی بۆسەرشاری لینینگرادی سۆڤیەتی لەجەنگی دووەمی جیهانی

١٩٤١/٩/١٦

بە رەزامەندی ئەمریکا و بەریتانیا حەمە رەزا شا لە شوێن باوکی دەبێتە شای ئێران. لەکاتێکا تەمەنی ٢٢ ساڵی تەواونەکردبوو.



١٩٤١/٩/١٦

رەزاشای ئێران لە ولاتی ئەفریکای باشور بە جەلتەی دڵ دەمرێ دوای ئەو حەمە رەزای کوری دێتە شوێنی.

١٩٤١/٩/١٦

فەرماندەیەکی نازی ڤیلهیلم کایتل **Wilhelm Keitel** فەرمان بە سەربازەکانی دەدا لە تۆلەی هەر بریندارێک ٥٠ پەنجا کۆمۆنیست و بۆ هەر کوژراوێکیش ١٠٠ سەد کۆمۆنیست بکوژن.



١٩٤١/٩/١٩

هێزەکانی ئەلمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی کییف پایتەختی ئۆکرانیا دەگرن.

١٩٤١/٩/٢٣

لەدوای راپەرینەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە بانەو ورمێ و شارەکانی دیکە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەنتونی ئیدن **Entony Eden**یاداشتێک

دەداتە بالوێزی یەکێتی سۆڤیەت لە بەریتانیا ئیڤان مایسیک **Evan Maisk** تیایدا دەڵی هەر دەستێوەردانێک لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە لە ناوەوەی ئێران و بزاوەکانی نەتەوایەتی لەو ولاتە بۆ بەریتانیا قەبولکراو نییە.

**١٩٤١/٩/٢٧**

کۆتایی بەرگریەکانی ئیتالیا لە حەبەشە.

**١٩٤١/١٠/٩**

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراق بە پێکهێنانی کابینەی وزاری بەسەرۆکایەتی نوری سەعید دەرکرا ، ئەم کابینە تەمەنی دەگاتە ١٩٤٢/١٠/٢.

**١٩٤١/١١/٨**

دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی ژاپۆنەوە هێرش دەکرێتە سەر بیرل هاربەر،**Pearl harbor** ئەمریکا بەشداری لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دەکات.

**١٩٤١/١١/٢٥**

وەفدێکی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان دەگەنە باکۆی یەکێتی سۆڤیەت بریتی دەبن لە (قازی محەمەد لەلایەن مهابادەوە ، ئەمیر ئەسعەد و حاجی بابەشێخ لەلایەن بۆکانەوە، رەشید بەگ هەرکی و زێرۆبەگ هەرکی لەلایەن عەشیرەتی هەرکیەوە،مەحمود قاسملۆ لەلایەن ورمێوە، محەمەد سدیقی کوری تەها شەمزینی) ئەم شاندە ماوەی دە رۆژ لە باکۆ وتووێژیان لەگەل کاربەدەستانی سۆڤیئەتی لەسەر پرسی کورددا کردووە.

**١٩٤١/١٢/٧**

جەنگی بیرل هاربەر **Pearl harbor** لە جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی ژاپۆن بەردەوام دەبن لە هێرش بردنە سەر کەشتیگەلی ئەمریکی لە دورگەی هاوای وەکو دەستوەشاندنێکی خۆپارێزی بوو.



**١٩٤١/١٢/١٨**

هێزەکانی ژاپۆن لە جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر کەنارەکانی هۆنگ کۆنگ دادەبەزن و کوشتارگەیەکی دڕندانە بەرانبەر بە سوپای هۆنگ

کۆنگ ئەنجام دەدەن بۆ ترساندن و خۆوەدەستەوەدان تا رۆژی جەژنی سەری ساڵ ناچار دەبن خۆیان رادەست کەن.

١٩٤٢/١/٢

لە جەنگی دووەمی جیهانی مانیلای پایتەختی فلیپین دەکەوێتە دەست ژاپۆنەوە.

١٩٤٢/١/١١

لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی ژاپۆن هێرش دەکاتە سەر هیندی هۆڵەندی و داگیر دەکا.

١٩٤٢/١/١١

لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی ژاپۆنی کوالالامپوری مالیزی داگیر دەکەن.

١٩٤٢/١/١٣

هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانی کۆدەبنەوە بۆ دارشتنی دادگاییەکانی جەنگ و مانەفێسی سانت جیمس رادەگەیەنن .

١٩٤٢/١/١٩

بورما لەلایەن ژاپۆنەوە داگیر دەکرێ لە میانی جەنگی دووەمی جیهانیەوە.

١٩٤٢/١/٢٥

دوای ئەوەی ژاپۆن بەشێک لە خاکی چین بە تایلاند دەدا ، لە جەنگی دووەمی جیهانی تایلاند شەڕ دژی ئەمریکا رادەگەیەنێ و دەبێتە تەرەفگیری ژاپۆن.

١٩٤٢/١١/٢٦

هێزەکانی ئەمریکی کە تا ئەم کاتە بەشداریان لە جەنگی دووەمی جیهانی نەدەکرد لەم رۆژەوە هێزەکانیان دەگەنە ئیرلەندای باکور بۆ بەشداریکردن لەم جەنگە.

١٩٤٢/١/٢٩

ئەلمانیەکان لە جەنگی دووەمی جیهانی شاری بەنغازیی سەربە لیبیا داگیر دەکەن.

١٩٤٢/١/٢٩

رێککەوتنێک لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا و ئێران واژۆ دەکرێ ، رێککەوتنەکە لە ٩ ماددە و ٣ پاشکۆ پێک هاتبوو، تیایدا هەردوو دەولەتی بەریتانی و سۆڤیەتی پەیمان دەدەن یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزن و بۆ هەر پرسێک کە پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەبێ راوێژ لەگەڵ کاربەدەستانی بکەن. ئەمەش دژی کورد و ئازەریەکان بوو کە دواتر هەردووک گەلی کوردو ئازەر بوونە قوربانیی ئەو رێککەوتنە پاش ئەوەی بوونی جەنگی دووەمی جیهانی تەواو دەبێ دەولەتی ئازەربایجانی غەربی و کوردستانی رۆژهەلات لە مەهاباد سەربەخۆیی رادەگەیەنن بەلام بەهۆی پاشگەز بوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت حکومەتی ئێران داگیریان دەکاتەوەو حکومەتەکانیان هەرەس دێنن.

١٩٤٢/٢/١٥

ژاپۆن دەتوانێ سەنگافورە داگیر بکات کە لەژێر دەستی هێزەکانی بەریتانیدا بوو بە فەرماندەیی ئارثەر بیرسیفال ، لەو هێرشەدا ناوبراو رایگەیاند کە ژمارەی ٨٠٠٠٠ هەشتا هەزار سەربازی بەریتانی بەدیل کەوتنە دەست هێزەکانی ئەلمانی، ئەمەش مەزنترین ژمارەی دیلەکانی بەریتانی دەبێ لە جەنگی دووەمی جیهانی بە دیل بگیرێن.

١٩٤٢/٢/٢٨

هەر لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی ژاپۆنی پێشرەوی لە داگیرکاریدا دەکەن و لە دورگەی ئەندەنوسیا دادەبەزن.

١٩٤٢/٣/١

شکستخواردنی هێزەکانی ئەمریکی بەدەست هێزەکانی ژاپۆنی لە شەڕی دەریایی جاوە. ئەم شکستە بە مەنزترین شکستی دەریایی ئەمریکا دێتە ئەژمار.

١٩٤٢/٣/٧

هێزەکانی بەریتانی لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەسیوبیا داگیر دەکەن.

١٩٤٢/٤/٢

تەقینەوەیەک لە کانیی رەژوو لە هونکیکۆ لە مەنشوریا بەهۆیەوە ژمارەی ٥٤٩ کرێکار گیانیان لەدەستدا.

١٩٤٢/٥/١٦

سەرۆکی ئەمریکا فراکلن روزفلت **Franklin Delano Roosevelt** فەرمان بە جەنەرال ماک ئیرسەر دەدا لە فلپین بچێتە دەر بەهۆی شکست و دابەزینی ئاستی هێزی بەرگریی ئەمریکی لەو شوێنە.

١٩٤٢/٥/٢٥


ئەلمانیا هێرش دەکاتە سەر ستالینگراد و قەوقاز لە جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤٢/٥/٢٨

مەکسیک بە شداری لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دەکا دژی ئەلمانیا و ولاتانی تری محوەر.

١٩٤٢/٦/٢١

جەنەرال ئرڤین رومل لە سوپای ئەلمانی هێرش دەباتە سەر هێزەکانی بەریتانیا لە تبرق لیبی مەزنترین زیانی پێدەگەیەنێ و ئەوەی لە هێزەکەش ماوە ٣٠٠٠٠ سی هەزار سەرباز خۆیان رادەستی هێزەکانی ئەلمانی کرد .



١٩٤٢/٨/٩

هێزەکانی بەریتانی لە هیند مهاتما گاندی دەستگیری دەکەن بەهۆی راگەیاندنی بەرگری ئاشتیانە دژی داگیرکاری.


١٩٤٢/٨/١٦

دامەزراندنی کۆمەلەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف)،چەند کەسایەتییەکی رۆشنبیر و نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد لە باخی حاجی داود لە دەرەوەی شاری مەهاباد کۆبوونەیەکیان سازکرد و تیایدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان- ژێکاف-ژ.ک دامەزراند.



دەستەی دامەزرێنەرانی (ژ.ک)






١٩٤٢/١٠/٣

تەقاندنەوەی یەکەم موشەکی بالیستیی ئەڵمانی بەسەرکەوتویی ئەنجام درا کاتێک لە جەنگی دووەمی جیهانی بەروی ئینگلیزدا تەقاندیەوە.

١٩٤٢/١٠/٨

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراق بە پێکهێنانی کابینەی وزاری بەسەرۆکایەتی نوری سەعید دەردەکرێ ، کابینەکە تەمەنی تا ١٩٤٣/١٢/١٩ درێژ دەبێ.



١٩٤٢/١٠/٢٣

شەڕی( عەلەمین) لە سەر خاکی میسر کە هێزەکانی بەریتانی و کۆمنویلس بە فەرماندەیی جەنەرال مونتگمری **Mont gomery** شکستیان بە هێزەکانی ئەڵمانی هێنا، ئەم شەڕە تا ٤ی نۆڤەمبەر بەردەوامی دەبێ.

١٩٤٢/١٢/١

ئیمپراتۆری ژاپۆن بریاری شەڕکردن دژی ئەمریکا و چوونە پاڵ دەولەتانی محوەر واژۆ دەکا .

١٩٤٢/١٢/٢

یەکەم کارگەی ئەتۆمی لە دونیا لە شیکاگۆی ئەمریکی ، بە سەرپەرشتی زانای ئیتالی ئەنریکو فیرمی **Enrico Fermi** کەوتە کار.

١٩٤٢/١٢/١٨


نوێکردنەوەی پەیماننامەی سەعدئاباد لەنێوان ئێراق و ئەفغانستان و تورکیا کە لە ١٩٣٧/٧/٧ واژۆ کرابوو.

١٩٤٣/١/١

سەرەتای کشانەوەی هێزەکانی ئەڵمانی لە ستالینگراد لە جەنگی دووەمی جیهانی دوای ئەوەی ماوەی دوو ساڵ گەمارۆی دابوو.

١٩٤٣/١/٢

هێزەکانی ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی بەهۆی سەختی زستانەکەو بەفرێکی زۆرەوە لە گەمارۆی قەوقاز دەکشێنەوە.



١٩٤٣/١/٧

کۆچی دوایی نیکۆلا تیسلا **Nikola Tesla** ی داهێنەر و فیزیکمان و ئەلەکتریکمان و ئەندازیاری میکانیکی . ئەمریکیی بەرەگەز سربی ، سەرەتا لەگەڵ ئەدیسۆن کار دەکا دواتر لێی جیا دەبێتەوە کار لەسەر دابەشکردنی وزەی کارەباو بێسیم دەکا تاب دەبێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لەم بوارە.

١٩٤٣/١/١٦

لە جەنگی دووەمی جیهانی ئێراق خۆی یەکلایی دەکاتەوە و تەرەفگیری هاوپەیمانان دەبێ لە دژی ولاتانی محوەر کە ئەڵمانیا و ئیتالیا و تورکیا و ژاپۆن بوون.



١٩٤٣/١/١٨

شارل دیگول لە لەندەن سەرۆکایەتی حکومەتی فەرەنسای ئازاد دەکا.

١٩٤٣/١/٢٣

هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی دەست دەگرن بەسەر تەرابلسدا.

١٩٤٣/١/٢٤

فرانکلن روزفلتی سەرۆکی ئەمریکا و ونستون چرچلی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی لەم رۆژە کۆتایی بەکۆبوونەوەکانیان دێنن لە (دار ئەلبەیزا)ی مەغریب.

١٩٤٣/٢/٢

فەرماندەی سوپای شەشەمی ئەڵمانی لە شەری ستالین گراد و جەنگی دووەمی جیهانی خۆی رادەستی فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەتی گیۆرگی جوکوف دەکات.

١٩٤٣/٥/٣


ROJA NÛ



هەفتەنامەی **Roja nu** لەلایەن دکتۆر کامەران بەدرخانەوە لە شاری «بەیروت» بلاو دەکرێتەوە.

ئەم رۆژنامە وەک هەفتەنامەیەکی سیاسیی بڵاوکراوەتەوە. یەکەم ژمارەی لەم رۆژەدا بلاو دەبێتەوە ،هەتا ژمارە «١٢-١٣» بەرێکوپێکی رۆژانی دوشەممان دەردەچوو. پاشان بە «١٥» رۆژێک جارێک دەردەچوو، هەتا گەیشتە ژمارە «٤٩» ئەم هەفتەنامەیە بە ئەلفبێی لاتینی و بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو دەردەچوو، میر جەلادەت بەدرخان یش یارمەتی دکتۆر کامەرانی دەدا لە دەرکردنی «رۆژا نوو» دا.

١٩٤٣/٥/٥

شازادە بای بن محمد ئەلحەبیب بە پادشای تونس دادەنرێ.

١٩٤٣/٧/٥

سەرەتای شەڕی (کورسک) ئەو شارەی دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای مۆسکۆ، مەزنترین هێرشی تانک لەم شەرە رویدا تا ١٣ تەموز بە توندی دەبێ بەلام وەکو هێرش تا ٢٣ ئاب درێژەی هەبوو چەندین جار هێزەکانی ئەلمانی هێرش دەبەن و زیانی زۆر لە سوپای سۆڤیەتی دەدەن بەلام دواجار شکست دێنن، سوپای سۆڤیەتی بەدوایان دەکەوێ هەر ئەمەش دەبێتە کلیلی سەرەو ژێر بونی هزەکانی ئەلمانی و رێخۆشکەر بۆ چونە ناو بەرلین بۆ هێزەکانی سۆڤیەتی.

١٩٤٣/٧/١٢

مستەفا بارزانی و کەسوکاری، تازە لەدورخستنەوەی باشور گوێزرابونەوە سلێمانی، ئەمرۆ هەلی بۆ هەڵکەوت رابکاتە ناوچەی بارزان.



١٩٤٣/٧/٢٥

پادشای ئیتالیا مۆسۆلینیی سەرۆک وەزیران لە پۆستەکەی دوور دەخاتەوە و لە شوێن ئەو مارشال پیترۆ بادۆگلیۆ **Pietro Badoglio** دادەنێ .

١٩٤٣/٧/٢٨

مستەفا بارزانی گەیشتەوە ناوچەی بارزان دوای دروستکردنی هێزێکی چەکداری و دەستیکرد بە شۆڕش لە دژی رژێمی پاشایەتی ئێراق و بەریتانیا بەهۆی پاشگەزبوونەوەیان لە بەڵێنەکانیان.

١٩٤٣/٨/١

سەربەخۆ بونی بۆرما و پشتگیری کردنی لە هاوپەیمانان بۆ جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤٣/٨/٢٣

کۆتایی جەنگی کورسک **Kursk** ، ئەم جەنگە لە مەزنترین شەڕەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو لە نێوان هێزەکانی ئەڵمانیاو یەکێتی سۆڤیەت ، کورسک **Kursk** دەکەوێتە ٤٥٠ کم لە باشوری رۆژئاوای مۆسکۆوە.



لەلایەن ئەڵمانیاوە ئەم هێرشە بەناوی (سیتادیل)ەوە ناونرابوو .بەرنامەی نازیەکان لەم شەرە بڕکردنی هێزەکانی سۆڤیەتی و ماندوو کردنیان بوو کە پێیان وابوو دوا شەڕیان دەبێ لەگەڵ روسەکان و سوپای سور بەلام سۆڤیەتیەکان لەرێگەی هەوالگری ئینگلیزەوە هەندێک نهێنیان بەدەست گەیشتن توانیان نەخشەو بەرنامەکانیان شکست پێبێنن.

١٩٤٣/٩/٣

پیترۆ بادۆگلیۆی **Pietro Badoglio** سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا دانوستان لەگەڵ هاوپەیمانان دەکا و ئاگربەست واژۆ دەکا.

١٩٤٣/٩/٨

ئیتالیا بەبێ هیچ مەرجێک رازیە کەخۆی رادەستی هاوپەیمانان بکات لە جەنگی دووەمی جیهای.

١٩٤٣/٩/١٢

کۆماندۆکانی نازیی ئەلمانی، بینیتو مۆسۆلینی لە دورخراوەیی لە چیای جران ساسۆ لە ئیتالیا دەفرێنن و بە فرۆکەیەکی تایبەتی دەیگەیەننە میونخ لەوێ مۆسۆلینی رایدەگەیەنێ کە خۆی سەرۆکی ئیتالیای یەکگرتوە.

١٩٤٣/٩/١٣

چیانگ کای چیک Chiang Kai-shek دەبێتە سەرۆکی تایوان.

١٩٤٣/١٠/١٢

کۆچی دوایی مەلامحەمەدی کۆیە ، مەلا محەمەدی کۆیە ناسراوە بە مەلای گەورە. زانا و شاعیر و ڕاڤەکاری قورئان و چاکساز و ڕەخنەگر بووە.

کوڕی حاجی مەلا عەوڵای جەلی زادەیە، ساڵی ١٨٧٦ لە شاری کۆیە لەدایکبووە. خاوەنی فیکرێکی ڕوون و ڕۆشنبیرییێکی تەواو بووە.

دەتوانرێت بە پێشرەوی ڕۆشنبیریی دابنرێت لەنێو مەلایانی کورددا، ا ئەندامەی ئەنجوومەنی دامەزراندنی ئێراق بووە.

١٩٤٣/١١/٩

هێزەکانی سوپای ئێراق لەناوچەی مێرگەسور هێرشیان کردە سەر بارزانیەکان، بەڵام هێرشەکە تێکشکێنرا، زیانێکی زۆری گیانیو ماڵیش لەسوپای ئێراق کەوت.





١٩٤٣/١١/١٥

وەزیری ناوەخۆو فەرماندەی گشتیی پۆلیسی ئەلمانی هاینریش هیملەر Heinrich

Luitpold Himmler فەرمان دەدا کە مامەڵەکردن لەگەڵ قەرەجەکان هەمان مامەڵەی جوەکان دەبێ و لە ئۆردوگای دەستبەسەر کۆیان دەکاتەوە.

١٩٤٣/١١/١٩

نازیەکان لە ئوردوگای یانوفسکای رۆژئاوای ئۆکرانیا کۆکوژی جوەکان ئەنجام دەدەن بەهۆی ئەوەی ٦٠٠٠ شەش هەزار کەس لە ئۆردوگاکە هەولی راکردنیان دابوو هەموویان دەکوژن.



١٩٤٣/١١/٢٢

لوبنان لەژێر داگیرکاری فەرەنسا رزگاری دەبێ و بەشار ئەلخوریش دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئەو ولاتە.

١٩٤٣/١١/٢٨

کۆنگرەی تەهران لە نێوان هەرسێ سەرکردەی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی جیهانی جۆزیف ستالین و فرانکلین روزفلت و ونستون چرچل بۆ دیاری کردنی ئامانجەکانیان لە ولاتانی محوەر کە ئەلمانیا رابەراتیانی دەکرد. ئەم کۆنگرەش تا یەکی دێسەمبەر دەخایەنێ.

١٩٤٣/١٢/١

کۆتایی هاتن بە کۆنگرەی تاران بە کۆمەڵێک بڕیارەوە، کە ستالین و رۆزفلت و چرچل تێیدا بەشدارن.

١٩٤٣/١٢/٦

دەرچونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری(ستێر) لەلایەن کامەران بەدرخانەوە بە پیتی لاتینی..

١٩٤٣/١٢/١٥

پێکهێنانی کابینەی وزاریی نوێی ئێراقی بەسەرۆکایەتی نوری سەعید کە تا ١٩٤٤/٤/١٩ درێژەی دەبێ.

١٩٤٤/١/١٠

کۆبوونەوەیەك لەنێوان (مستەفا بارزانی) سەرکردەی هێزەکانی بارزانو نوێنەری دەوڵەتی ئێراقدا لەمێرگەسور ئەنجامدرا، بەمەبەستی کۆتایهێنان بەو شەڕو پێکدادانانەی کە لەنێوان هێزەکانی بارزان و سوپای ئێرقدا روویان دەدا، بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە.

١٩٤٤/١/١١

ژمارەیەک کەسایەتیی ناوداری مەغریب یاداشتێک بەرز دەکەنەوە تیایدا داوای سەربەخۆبونی مەغریب لە فرەنسا دەکەن.

١٩٤٤/١/١٢

ئەڵمانیا بەتەواوەتی لە گەمارۆدانی شاری لینینگراد دەکشێتەوە دوای ئەوەی ماوەی دوو ساڵ گەمارۆی دابوو.

١٩٤٤/١/١٥

لیژنەی راوێژکاری ئەوروپی کە لە نوێنەرانی هاوپەیمانان پێکدێت بڕیار لەسەر دابەشکردنی ئەڵمانیا دەدەن بۆ ئەڵمانیای رۆژهەلات و ئەڵمانیای رۆژئاوا یا فیدرال .

١٩٤٤/١/٢٠

هێزەکانی ئاسمانیی بەریتانی لەمیانی جەنگی دووەمی جیهانی ٢٣٠٠ تەن لە بۆمب لە بەرلین خالی دەکەن.

١٩٤٤/٢/٦

حکومەتی سعودی ئەو حاجیەی سەربڕی کە تفی لە بەردی رەش کردبوو، دوای سەربڕین سەری بەسەر نوکی شمشێرێکەوە کرد بۆ نمایشکردنی، لەسەر ئەم کارەی حکومەتی فرەنسا پەیوەندیەکانی لەگەڵ سعودیە دەپچرێنێ.

١٩٤٤/٢/١٤

لەمیانی جەنگی دووەمی جیهانی لە دژی ژاپۆن لە دورگەی جاوە شۆڕش هەڵدەگیرسێ.

١٩٤٤/٢/٢٢

حکومەتی ئێراقی بۆ هێورکردنەوەی دۆخی کوردستان میواندارێتی دوانزە کەسایەتیی کوردی کرد لە نێویاندا مستەفا بارزانی و فەتاح ئاغای هەرکی بوون. لەم سەردانەیدا بارزانی چاوی بە بالوێزی بەریتانیا دەکەوێ.

١٩٤٤/٢/٢٣

دەسەلاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت شیشانیەکان بە زۆر رادەگوازنەوە.

١٩٤٤/٦/٣

شارل دیگۆل دەبێتە سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا.



١٩٤٤/٦/٣

کابینەیەکی نوێی حکومەتی ئێراقی بەسەرۆکایەتی حەمدی پاچەچی پێکدەهێندرێ ئەم کابینە تەمەنی تا ١٩٤٤/٨/٢٨ درێژەی دەبێ.



١٩٤٤/٦/٤

هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی جیهانی دەچنە ناو رۆما و لەوێش رەت دەکەن تا فلۆرەنسا ئازاد دەکەن.

١٩٤٤/٦/٥


لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی هاوپەیمان دەتوانن رۆمای پایتەختی ئیتالیا بگرن.

١٩٤٤/٦/٦

هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی جیهانی هێز لە کەنارەکانی نۆرماندیی فەرەنسی دادەبەزێنن.

١٩٤٤/٦/٧

دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی هێز لە نۆرمەندی دادەبەزێنن یەک رۆژ دواتر واتە لەم رۆژە هێزەکانی ئەلمانیای نازی ٢٣ لە سەربازانی کەنەدی بە دیلی دەکوژن.



١٩٤٤/٦/٨

جەنەراڵ برنارد مونتگمری **Bernard Law Montgomery** دەگاتە کەنارەکانی نورمەندیی فەرەنسی بۆ فەرماندەکردنی هێزەکانی بەریتانی بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە مەزنەکەی نۆرمەندی کە بوە هۆی رزگار کرانی فەرەنسا ودواتر شکستی تەواوەتی ئەلمانیا و سەکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانان.

١٩٤٤/٦/١٧

ئایسلەندا لە ژێر داگیرکاری دانمارک رزگاری دەبێ.

١٩٤٤/٦/١٩

لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی دەریایی ئەمریکی هێرش دەکەنە سەر کەشتیگەلی ژاپۆنی لە شەڕی دەریای فلیپین کە بە ئۆپەراسیۆنی (کەلەشێر) هاتە ناسین لەم هێرشە گەورەترین سەرکەوتن ئەمریکا وەدەست دێنێ.

١٩٤٤/٧/١

لەدایک بونی نەوشیروان مستەفا ئەمین لە گەرەکی سەرشەقامی سلێمانی.رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانە و جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە٢٠١٧/٥/١٩کۆچی دوایی دەکا.

١٩٤٤/٧/١٤

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەسمەهان کۆچی دوایی دەکا ناوبراو دەکاتە خوشکی گۆرانیبێژی ناودار فەرید ئەترەش بۆیە ناوە راستەقینەکەی ئەسمەهان بەم شێوەیە( ئامال ئەترەش) ئەوان لە خانەوادەیەکی دورزیی سوریان.



١٩٤٤/٧/٢٠

رزگار بوونی هیتلەر لە هەولێکی تیرۆرکردنیدا کە ئەفسەرێکی بەناوی (کلاوس فۆن شتاوفنبیرگ **Claus von Stauffenberg**) لەکاتی کۆبونەوەی فەرماندەییان قومبلەیەک دەتەقێنێتەوە لە ئەنجام چوار لە فەرماندەکان دەکوژرێن و هیتلەر نەجاتی دەبێ.



١٩٤٤/٧/٢١

کلاوس فۆن شتاوفنبێرگ **Claus von Stauffenberg** کە رۆژی پێشتر هەولی کوشتنی هیتلەری دابوو شکستی هێنا رۆژی دواتر واتە لەم رۆژە گولەباران دەکرێ.

١٩٤٤/٨/٢١

كۆبونەوە لە نێوان نوێنەرانی بەریتانیا و ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ دانانی رەشنوسی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان.




١٩٤٤/٨/٢٤

لە جەنگی دووەمی جیهانی پاریس لەدەست نازیەکان رزگار دەکرێ دوای ئەوەی هێزی هاوپەیمان شکست بە هێزەکانی نازی دێنن .

١٩٤٤/٨/٢٦

دوای یەک رۆژ لە ئازاد کردنی پاریس لە جەنگی دووەمی جیهانی شارل دی گول لە دەرەوە دەگەرێتەوە و دەگاتە پاریس.

١٩٤٤/٨/٢٨

کابینەیەکی نوێی حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی حەمدی پاچەچی پێکدێت تەمەنی تا ١٩٤٦/١/٢٩ درێژەی دەبێ.

١٩٤٤/٨/٣٠

هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت رۆمانیا داگیر دەکەن.

١٩٤٤/٩/٥

هێزەکانی هاوپەیمانان بەلژیکا ئازاد دەکەن لە داگیرکاری ئەلمانی لە جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤٤/٩/٧

دەسەلاتدارانی بەریتانی رەزامەندی دەدەن لەسەر پێکهێنانی لیوایەک( بەتالیۆن) ێک لە سەربازانی جولەکە لە نا وسوپای بەریتانی.

١٩٤٤/٩/٩

بەریتانیا بە خەستی بە رۆکێتی ڤی٢ لەلایەن ئەلمانیا بۆردومان دەکرێ.

١٩٤٤/٩/١٢

واژۆ لەسەر (پرۆتۆکۆلی لۆندۆن) کرا کە بەرلین بۆ چوار بەش دابەش دەکا هەر بەشەی بۆ ولاتێکی هاوپەیمان.

١٩٤٤/١٠/٥

فرەنسا مافی دەنگدان بە ژن دەدا.



١٩٤٤/١٠/١٠

لە ئوردوگاکانی دەستگیرکردنی نازیەکان ٨٠٠ منداڵی قەرەجەکان لەناو دەبردرێن.




١٩٤٤/١٠/١٤

فەرماندەی ئەڵمانیی نازی ئێرڤین روومل **Erwin Johannes Eugen Rommel**دوای شکستی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان خۆی دەکوژێ.

١٩٤٤/١٠/١٨

لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی یەکێتی سۆڤیەت چیکسلۆڤاکیا داگیر دەکا.

١٩٤٤/١٠/٢٥

ژاپۆن دەست بە هێرشەکانی (کامیکاز) دەکات کە هێرشی فرۆکەوانە خۆکوژەکان بوو بە فرۆکەکانیانەوە بۆ سەر کەشتیەکانی ئەمریکی لە جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤٤/١١/٦

لەبنکەی (هانفۆردی ئەتۆمی) لەئەمریکا بۆ یەکەمجار توخمی پلۆتۆنیۆم دەرهێنراو وەکو مادەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنرا.

١٩٤٤/١١/٢٩

رزگار بوونی ئەلبانیا لەژێر داگیرکاری نازیەکان کە لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی لە ١٩٣٩ داگیرکردبوو.

١٩٤٤/١٢/١٣

سالح زەکی بەگی ساحیبقران ئەفسەرو نوسەری مەزنی کورد کۆچی دوایی دەکا.

ساحیبقران لە سەردەمی پادشایەتی پارێزگاری هەولێر بووە هەر ئەویش هاوینە هەواری سەلاحەدینی دامەزراند کە بە ناوی سەلاحەدینی کوری خۆی کرد. یەکەم ژمارەی گۆڤاری دیاریی کوردستان لە ١١ی ئاداری ١٩٢٥ دەردەکا.

١٩٤٤/١٢/١٩

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی لۆمۆندی فرەنسی دەردەکرێ.

١٩٤٥/١/٩

ئەمریکا دورگەی لوزونی فلیپینی داگیر دەکا.

١٩٤٥/١/١٧

لە میانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت دەست بەسەر وارشۆدا دەگرن.

١٩٤٥/١/٢٠

بۆ جاری چوارەم فرانکلن روسڤیلت **Franklin Delano Roosevelt** بە سەرۆکی ئەمریکا دێتە هەلبژاردن، بەم پێوەرە یەکەمین سەرۆکە بۆ چوار خول بێتەوە هەڵبژاردن.

١٩٤٥/١/٢٥

حکومەتی ئێراقی بریاری دورخستنەوەی مەلا مستەفای دا بەلام ئەو رووی لە رۆژهەلاتی کوردستان کرد و خۆی نەدا بەدەستەوە.



١٩٤٥/٢/٤

کردنەوەی کۆنگرەی یالتای دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە تیایدا هەریەک لە ستالین **Stalin** و ونستون چرچل **Wisnton Churchill** و فرانکلن رۆسڤلت Franklin

Delano Roosevel بەشدار دەبن مەبەست لەو کۆنگرە دیاری کردنی چۆنێتی خۆرادەست کردنی ئەلمانیاو دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو.

١٩٤٥/٢/١١

کۆبونەوەکانی لوتکەی بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا لە یالتا بەردەوام دەبن لە نێوان ستالین Stalin و روزفلت Franklin Delano Roosevelt in و چرچلWinston Churchill بۆ دوان لەسەر دابەشیەکانی دەرەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی و رێککەوتن لەسەر پرسی دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان کە بریارە دابمەزرێ. ئەم ئەنجومەنە جێی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەگرێتە بۆ رێگریکردن ؛لە جەنگێکیتری جیهانی. بەلام نە کۆمەلەی گەلان نە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەان دەتوانن ئامانجەکانیان بپێکن بەهۆی زاڵ بوونی بەرژەوەندیی ولاتانی زلهێز.

١٩٤٥/٢/١٤

سەرۆکی ئەمریکا فرانکلن روزفلت پێشوازی لە پادشای سعودی عبدولعەزیز ئالسعود دەکا لەسەر پشتی کەشتیی وێرانکەری ئەمریکی (کوینزی) لە (بحیرات ئەلمرە،دەریاچە تالەکان) لەم کۆبونەوە بەدواوە پەیوەندیەکانیان دەست پێدەکەن و مکوم دەبن.



١٩٤٥/٢/١٤

هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بۆردومانێکی توند دەکەنە سەر شاری دریسدنی پایتەختی هەرێمی سەکسۆنیای ئەلمانی.

١٩٤٥/٣/٧



لە جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە روباری راین دەپەڕنەوە و هێزەکانی ئەمریکیش دەچنە ناو خاکی ئەلمانیا و دەست بەسەر پردی لۆدیندورف دا دەگرن.

١٩٤٥/٣/١٦

شاعیری ناوداری ئێراقی مەعروف عبدولغەنی ئەلرەسافی کۆچی دوایی دەکات ناوبراو لە بەغدا لە ١٨٧٦ لەدایک بوە.

١٩٤٥/٣/٢٢

دامەزراندنی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی کە ئەوکات لە حەوت دەوڵەت پێکدەهات (میسر و سعودیە و یەمەن و ئێراق و ئوردن و سوریا و لوبنان).

١٩٤٥/٣/٢٦


بەر لە تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی هاوپەیمانان فرانکفۆرتی ئەڵمانیا داگیر دەکەن.

١٩٤٥/٣/٣١

دەستەیەک لە رەوشەنبیر و سەرکردەی بەشێک لە باشوری کوردستان نامەیەک ئاراستەی کۆنگرەی سێ زلهێزەکەی ئەمریکا و سۆڤیەت و ئینگلیز لە مۆسکۆ دەکەن) تیایدا داوای ناساندنی مافەکانی کوردیان کردوە نامەکە بە واژۆی نوێنەرایەتیان رەفیق حلمی بەگ نوسراوە لە نێویاندا شیخ مەحمودی حەفید و ٥٩ کەسایەتی دیکە هەن.

١٩٤٥/٤/١٢

فرانکلین روزفلت سەرۆکی ئەمریکا کۆچی دوایی دەکاو هاری ترومانی جێگری جێگای دەگرێتەوە بەم شێوە ناوبراو دەبێتە ٣٣ یەمین سەرۆکی ئەمریکا.



١٩٤٥/٤/١٢

هاری ترومان دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا لە شوێن فرانکلن روزفلت کە بەە هۆکاری نەخۆشی کۆچی دفوایی کرد.

١٩٤٥/٤/٢٣

لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی هاوپەیمانان دەگەنە روباری (بو) لە ئیتالیا.



١٩٤٥/٤/٢٥

کۆنگرەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری سان فرانسیسکۆ بەرێوە چوو تیایدا سەرجەم

ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بەشدار بوون بۆ دارشتنی دەستورێک. لەم کۆبونەوە نوێنەری ٥٠ دەولەتی دامەزرێنەر بەشدار بوون.

١٩٤٥/٤/٢٦

شەڕی بوتسن دوایین هێرشی سەرکەوتویی نازیەکان بوو بە تانک لە جەنگی دووەمی جیهانی.



١٩٤٥/٤/٢٦

دوای شکست هێنانی ئیتالیا لە جەنگی دووەمی جیهانی بینیتو موسولینی و هاوسەری لەلایەن کە لە هەوڵی راکردندا بوون بەرەو سویسرا لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە دەستگیر دەکرێن و گولەباران دەکرێ.



١٩٤٥/٤/٢٩

هیتلەر و ئیڤا براون هاوسەرگیری دەکەن و رۆژی دواتر هەردووکیان خۆیان دەکوژن.


١٩٤٥/٤/٣٠

هیتلەر و ئڤا براونی ئاشقیی، خۆیان کوشت ، چونکە دلنیا بوون لە شکستخواردنیان بەرانبەر بە هێزەکانی هاوپەیمانان کە ئەوکات لێوارێکی بەرلینیش کەوتبوە دەست هێزەکانی هاوپەیمانانەوە.



١٩٤٥/٥/١

پاول یوسف گوبلز **Paul Joseph Goebbel** وەزیری پرۆپاگەندەی نازیەکان خۆی کوشت، ئەو پێی وابوو کە ڕێکلام و پرۆپاگەندە دەبێ پشت بە درۆ ببەستێ.



١٩٤٥/٥/٢

هیزەکانی سۆڤیەتی کەوتنی بەرلین رادەگەیەنن لە جەنگی دوومیێ جیهانی.

١٩٤٥/٥/٣

هێزەکانی هاوپەیمانان لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی دەست بەسەر شاری هامبۆرگی ئەلمانیدا دەگرن

١٩٤٥/٥/٥

کەمێک بەر لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی هێزەکانی بەریتانی و کەنەدی ، هۆلەندا و دانیمارک لە داگیرکاری ئەلمانیا رزگار دەکەن.

١٩٤٥/٥/٧

ئەلمانیای نازی لە جەنگی دووەمی جیهانی بەبێ مەرج رادەستی هێزەکانی هاوپەیمانان دەبێت. بەمەش کۆتایی بە نازیسم دێت.

١٩٤٥/٥/٩

فیکتور عەمانوئیلی سێیەم پادشای ئیتالیا لە بەرژەوەندی کورەکەی ئومیرتوی دووەم دەست لە پادشایەتی دەکێشێتەوە.

١٩٤٥/٥/٩


کشانەوەی هێزەکانی ئەلمانیا لە چیکسلۆڤاکیا و راگەیاندنی کۆماری چیکسلۆڤاکیا.

١٩٤٥/٥/١٤

لە رۆژەکانی دوایینی جەنگی دووەمی جیهانی فرۆکەوانە خۆکوژەکانی ژاپۆنی هێرشی خۆکوژی دەکەنە سەر کەشتیە فرۆکەهەلگرەکانی ئەمریکی(ئینتەر پرایز).

١٩٤٥/٥/١٥

کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە یوگوسلافیا کە لە ٦ی نیسانی ١٩٤١ دەستی پێکردبوو.



١٩٤٥/٥/١٧

كۆنگرەی پۆتسدام **Potsdam Conference**، ئەم کۆنگرە دوایین کۆنگرەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو کە لەلایەن سەرکردەکانی بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا بەسترا لە شاری پۆتسدام لە نزیک بەرلین لە ئەلمانیا بە مەبەستی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و زیانەکانی، بەشداربوانی ئەم کۆنگرە هەریەک لە جوزیف ستالین لە یەکێتی سۆڤیەت و هاری ترومەن لە ئەمریکا و ونستون چرچل لە بەریتانیا) بوون.

١٩٤٥/٥/٢٤

لە ئاهەنگی سەرکەوتنەکانی جەنگی دووەمی جیهانی ستالین دان بەوە دەنێ کە حکومەتەکەی لەماوەی رابردوو چەند هەڵەیەکی مەزنی کردووە.

١٩٤٥/٦/٢٦

دوای جەنگی دوەمی جیهانی حکومەتێکی کاتی لە پۆڵەندا دادەمەزرێ.



١٩٤٥/٧/١٦

ئەمریکا بۆ یەکەمین جار بۆمبی ناوەکی دەتەقێنێتەوە لە دەریای ئەموجوردۆ لە نیو مەکسیکۆ .

١٩٤٥/٧/٢٦

حزبی پارێزگارانی بەریتانی کە حزبەکەی ونستون چرچلە لە هەڵبژاردنەکان شکست دێنێ و دەرفەتی سەرکەوتن بۆ یەکەمین جار بۆ حزبی کرێکاران دەرەخسێ تا سەرکەوێ.

١٩٤٥/٨/١

دامەزراندنی سوپای سوری و لوبنانی.

۱۹٤٥/۸/۲

کۆتایی هاتن بە کۆنگرەی بوتسدام تایبەت بە جەنگی دووەمی جیهانی.کە لە ۱۷ی تەموزەوە دەستی پێکردبوو تیایدا سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و ستالین بەشدار بوون.

۱۹٤٥/۸/۲

ئەلمانیای رۆژهەلات لە ئەلمانیای رۆژئاوا جیا دەبێتەوە.

۱۹٤٥/۸/٦

بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئێراقی دەیویست خوێندنگایەک و بنکەیەکی پۆلیس لە ناوچەی بارزان بکاتەوە، لەگەڵ هێزەکانی بارزانیان بەگژ یەکدا دەچن بۆ رۆژی دواتر کە هێرش و بۆردومانەکان توند دەبن بارزانیەکان رادەکەنە رۆژهەلاتی کوردستان. پاش ئەوەی تەواوی بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەکانی خۆیان وەدەر دەنێن.

۱۹٤٥/۸/٦

لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی ئەمریکا بۆمبێکی ناوەکی بەناوی منداڵی بچوک لە هیرۆشیمای ژاپۆن دەدا ۸۰۰۰۰ هاولاتی دەکوژێ هەر دوای سێ رۆژ بۆمبێکی دیکە بەناوی پیاوی قەلەو لە ناکازاکیش دەدا ئەمیشیان نزیکەی ٦۰۰۰۰ هەزار تا ۸۰۰۰۰ هاولاتیی کوشت. بۆ یەکەم جار بۆمبی ئەتۆم بۆ کۆمەڵکوشتنی مرۆڤ بەکار هات. ئیرادەی بەرگریی سەرسوڕهێنەری ژاپۆنیەکان لە ئۆکیناوای باشوری ژاپۆن و جەنگی خوێناوی ئەو دورگەیە لەنێوان سوپای ئەمریکا و ژاپۆن.

ئەم بۆمبە ئەمریکای گەیاندە ئەو ئەنجامەی کە جەنگ لەسەر خاکی ڕاستەقینەی ژاپۆن زۆر خوێناوی ئەبێ. جەنراڵەکانی سوپا و ڕاوێژکارەکان ئامۆژگاری سەرۆك (هاری ترومان) یان کرد بۆ شکاندنی مۆراڵی ژاپۆنیەکان و ڕێگرتن لەدرێژەکێشانی شەڕ، فەرمانی بەکارهێنانی بۆمبە ئەتۆمیە ئامادەکراوەکان بدا!!

سەعات نۆ و چارەکی سەرلەبەیانی ئەم رۆژە بە کاتی تۆکیۆ، ئەمریکا لە ڕێگەی فڕۆکەی **۲۹B** وە یەکەم بۆمبی ئەتۆمیی بەناوی **Little Boy** لەسەر شاری هێرۆشیامی ژاپۆن خستە خوارەوە.

فڕۆکەکە لە دورگەی (تینیان)ی پاسفیکەوە(نزیك گوام) بە ڕێکەوتبوو و، عەقیدی فڕۆکەوان پۆڵ تیبێتس **Paul Tibbets** فەرماندەیی ئەرکەکەی کرد و تا مردن شانازی پێوە کرد. تەوژمی بۆمبەکە نزیکەی ۱۵ هەزار تەن تی ئێن تی بوو، لە جۆری جیاکردنەوە(**fission**) بوو.







ئەم بۆمبە کە بەرهەمی شکاندن یان پەرتکردنی ناوکی گەردیلەی یۆرانیۆم٢٣٥ بوو. کێشی بۆمبەکە ٤٤٠٠ کیلۆگرام و تەنها ٦٤ کیلۆ گرام یورانیومی تیا بوو.

ساڵی ١٩٤٥، هێرۆشیما حەوتەمین شاری گەورەی ژاپۆن بوو، نزیکەی ٣٠٠ هەزار هاوڵاتی و ٤٣ هەزار سەربازیی ژاپۆنی تێدا بوو.

لەگەڵ تەقینەوەی بۆمبەکە، ڕاستەوخۆ ٨٠٠٠٠ هەشتا هەزار کەس کوژران و نزیکەی ئەوەندە و نیوی ئەو ژمارەیەش بریندار بوون.

پاش پێنج ساڵ بەهۆی سوتان و تیشکاویی بون و شێرپەنجەوە، ژمارەی کوژراوەکان گەیشتە ٢٤٠ دوو سەدو چل هەزار کەس.

١٩٤٥/٨/٧

دوای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەروبەندی تەواوبووندا دەبێ لە ڕۆژهەلاتیش کۆماری کوردستان ڕادەگەیەندرێ و لە باشوری کوردستانیش ئینگلیز کوردەکانی هەراسان کردبوو بەهۆی بۆردومانەکان و هێرشەکانی سوپای ئێراقیشەوە بارزانیەکان بە فەرماندەیی مستەفای بارزانی ڕوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەن.

١٩٤٥/٨/٨

لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی یەکێتی سۆڤیەت بڕیاری جەنگ لەسەر ژاپۆن دەدا و هێرش دەباتە سەر مەنشوریا و داگیری دەکا.


١٩٤٥/٨/٩

لەم ڕۆژەدا و سەر لە ئێوارە هاری ترۆمان سەرۆکی ئەمریکا لە پەیامێکدا، جارێکی تر داوای خۆ بەدەستەوەدانی بێ مەرجی لە سوپای ژاپۆن کرد خۆی ڕادەستی هاوپەیمانان بکا، ئەگەر نا بارانی مەرگیان بەسەرا ئەبارێنێ!

سەرلەبەیانی ئەمڕۆژە هەر لە دورگەی (تینیان) ی پاسفیکەوە، ئەمریکا دووەم بۆمبی ئەتۆمیی، بە فەرماندەیی ڕائیدی فرۆکەوان چارلس سوینی **Charles w. Sweeney**بە فرۆکەی **٢٩B** بەرەو شاری

(کوکورا)ی باشوری ژاپۆن بەڕێ کرد. بەڵام لەبەر بوونی هەورێکی چڕ بەسەر شارەکەوە، تیمەکە ئاراستەیان گۆڕی و سەعات یانزەی سەرلەبەیانی بۆمبەکەیان لەسەر شاری ناگازاکی خستە خوارەوە.




تەوژمی ئەم بۆمبە کە ناوی **Fat Man** بوو، ٢١ هەزار تەن تی ئێن تی بوو، ئەمیش لە جۆری جیاکردنەوە **fission** بوو کە لە مادەی پلۆتۆنیۆم٩٤ دروستکرابوو، کێشەکەی ٤٦٧٠ کیلۆگرام بوو لەگەڵ کەمتر لە شەش کیلۆ و نیو لە پلۆتۆنیۆم.

زیانەکانی ناگازاکی، ڕاستەوخۆ تەنها نزیکەی ٤٠٠٠٠ چل هەزار کوژراو و ٦٠ شەست هەزار بریندار بوو، لە گەڵ سوتانی لە٢٣٪ ی شارەکە. دوای چوار مانگ، ژمارەی کوژراوەکانی ئەم شارە گەیشتە نزیکەی ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کەس.

تەوژمی ئەم بۆمبە لە بۆمبی یەکەم زیاتر بوو، بەڵام زیانەکانی لە بۆمبەکەی هێرۆشیما کەمتر بوو لەبەر ئەوەی لە لایەك بۆمبەکە ناوەراستی شارەکەی نەپێکا و لە لایەکی دیکەشەوە لە ترسی بۆمباران زۆری خەڵکەکە پێشتر شارەکەیان جێ هێشت بوو.

١٩٤٥/٨/١٠

لە ئەگەری ئەو زیانە مەزنەی لە هیرۆشیما لێی کەوت ئیمپراتۆری ژاپۆن لە رادیۆ رادەست بونی خۆی رادەگەیەنێ و دان بە شکستیدادەنێ لە جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤٥/٨/١٢

یەکێتی سۆڤیەت کۆریا داگیر دەکا لە جەنگی دووەمی جیهانیی.

١٩٤٥/٨/١٦

هاری ترومانی سەرۆکی ئەمریکا و کیلمنت ئیتلی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و ستالین سەرۆکی سۆڤیەت رایدەگەیەنن کە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی هات.

١٩٤٥/٨/١٦

لەوده‌مانی ناوچەکە گر دەگرێ کوردیش دەبێتە بەشێک لە چالاکی و هەولەکانی بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان و رزگار کردنی خاکی کوردستان لەم روانگەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق (پارتی) دادەمەزرێ.

١٩٤٥/٨/١٧

سەربەخۆ بوونی ئەندەنوسیا لە داگیرکاری ژاپۆن بەلام بەهۆی چاوتێبڕینەکانی هۆلەندا تا ١٩٤٩ بەتەواوەتی سەربەخۆ نابێ.

١٩٤٥/٩/٢

کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی پاش ئەوەی هاوپەیمانان بەسەر دەولەتانی ئەلمانیا و لایەنگرانی دا زاڵ دەبن ،زیانی ئەو جەنگە بە ٧٨ ملیۆن کوژراو دەخەملێندرێ ئەگەر زیاتر نەبن، روسیا لە زیانەکانی گیانی پشکی شێری بەر کەوتبوو بەلام خۆی و ئەمریکا بە سەرکەوتویی و وەکو دوو دەولەتی زلهێز لێی دەردەچن.

١٩٤٥/٩/١٢

سەردانی پێشەوا بۆ مۆسکۆ..لەکاتێکدا جەنگ کۆتایی هاتبوو. رێککەوتنە نێو دەوڵەتییەکان مۆر کرابوون. سۆڤییەت وەفدێکی بالآی لە (٥٠ ) کەسایەتی کوردی بەسەرۆکایەتی پێشەوا داوەتی باکۆ کرد. "بافرۆڤ" بەرنامەی بانگهێشتی وەفدەکەی دانابوو. بەڵێنیشی بە(نمازۆف) کە ئەفسەری پەیوەندی کورد و روس بوو، لەگەڵ وەفدەکەدا قسەی راستەقینە لەسەر کێشەی کورد بکەن و پشتیوان بن!! ئیدی وەفد گەڕانەوەو دوای ئەوە کۆماری کوردستان راگەیەندرا، بەڵام دوای (١١) مانگ، یەکێتی سۆڤیەت پشتی تێکردن و لە پەیمانەکانی پاشگەز بۆوە بۆیە هێزەکانی ئێرانیش هێرش دەکەنە سەر مەهاباد و کۆماری کوردستان لە ناو دەبەن و قازی محەمەد خۆی رادەستی هێزەکانی ئێرانی دەکات کە بە سەرۆکایەتری هومایۆن بوو بەر لەوەی بگاتە نێو شاری مەهاباد پێشەوا لە لێواری شار پێشوازیی لێدەکا و شەڕ ناکا . بەم شێوە کۆماری تازە لەدایک بووی بێ ئەزمون بەهۆی نەبوونی ئەزمون و جەسویەوە لەبەین دەچێ.

١٩٤٥/٩/١٧


دەستپێکی شۆڕشی ئەندەنوسی کە لە ١٩٤٩/١٢/٢٧ کۆتایی پێدێ.

١٩٤٥/٩/١٣

دەستپێکی شەڕی ڤیتنام کەلە ٣٠ی ئاداری ١٩٤٦ کۆتایی دێت ئەم شەڕە لە تێوەگلانی ولاتانی زلهێزی ئەمریکا و بەریتانیا و فرەنسا و ژاپۆن و هیند دەبێ لە دژی (فیت مین) ە ڤێتنامیەکان، ئەمە دوای تەواو بونی جەنگی دووەمی جیهانی و شکستخواردنی ژاپۆن ململانێکە لەسەر دەستگرتن بەسەر میراتەکانی ژاپۆن بوو.

١٩٤٥/١٠/٣

سوپای ئێراقی بۆ دەست گرتن بەسەر ناوچەی بارزان لەم رۆژە لە زێی زاب پەڕینەوە بەرەو بلەو بارزان.



١٩٤٥/١٠/١١

بپێکدادان لە چین لە نێوان نیشتمانخوازەکان و کۆمۆنیستەکان.

١٩٤٥/١٠/١٦

دامەزراندنی رێکخراوی خۆراک و کشتوکالی/ فاو FAO . کە یەکێکە لە رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان



١٩٤٥/١٠/١٦

جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان بەسەر کۆلۆنیل سەلاحەدین ئەلسەباغ کە یەکێک بوو لە ئەفسەرانی بەشداربوو لە بزوتنەوەی ١٩٤١ ی رەشید عالی گەیلانی.

١٩٤٥/١٠/٢٤

دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پەروەردەو زانست و رەوشەنبیری لە ناسراو بە یونسکۆ (UNESCO) .

١٩٤٥/١٠/٢٦

دوای واژۆکردنی هەر پێنج ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، دەستوری نەتەوە یەکگرتوەکان رادەگەیەندرێ.




١٩٤٥/١١/٢

دادگاییەکردنی نازیستەکان لە نۆرنبێرگ Neurenbergدەست پێدەکات.

١٩٤٥/١١/٣

بەرلە کۆنگرەی مۆسکۆ لە نێوان هەرسێ دەولەتە زلهێزەکەی ئەمریکا و سۆڤیەت و ئینگلیز ئیبراهیم حەکیم دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێران گوایە لەسەر رەزامەندی هەرسێ لایەن بوە، بەلام ئەو لە ماوەی مانگ و نیوێکدا پاکسازیی لە نێو کابینەی وەزیرانی سەربە سۆڤیەت کرد هەر بۆیە پیلانی لابردنیان لە مانگ و نیوێکدا سەرکەوتوو دەبێ کە بە هاوکاری سۆڤیەت وحزبی تودەی ئێرانی و مسەدەق ئەنجام درا.

١٩٤٥/١١/١٦

ئەمریکا ٨٨ زانای ئەلمانی کە پێشتر لەژێر فەرمانی نازیەکان کاریان دەکرد، دەیانباتە ئەمریکا بۆ سود وەرگرتن لە پەرەپێدانی زانستی تەکنەلۆژیای موشەکی.

١٩٤٥/١١/٢٠

دەستپێکردنی دادگای نورنبیرگ دژی نازیەکان دوای جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤٥/١١/٢٠

راگەیاندنی کۆماری ئازەربایجان لە باکوری رۆژئاوای ئێران لەلایەن (جەعفەر پیشەوەر)ەوە.

١٩٤٥/١٢/١٥

دوگلاس ماکارتەر لە کاتی داگیرکاری ئەمریکا بۆ ژاپۆن فەرمان دەدا شەنتو وەکو ئاینی فەرمی لە ژاپۆن ناناسرێ.



۱۹٤٥/۱۲/۱٦

بۆ یەکەمینجار ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵدەکرێ.

۱۹٤٥/۱۲/۱٦

بەستنی کۆنگرەی مۆسکۆ دوای تەواو بونی جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان سێ زلهێزەکەی (ئەمریکا و سۆڤیەت و ئینگلیز) ئەم کۆبونەوە لەسەر پێشنیاری ئینگلیز بوو ئەمریکاش پێشوازیی لێکرد بەلام سۆڤیەت دلگران و رەزامەند نەبوو).

کۆنگرەکەتا ۲۷ ی هەمان مانگی خایاند مەبەست لە کۆنگرەکە رێکخستنەوەی کێشە هەلواسراوەکان بوو کە لە نێوانیاندا مابوونەوە لەوانە پرسی ئێران و چین و کۆریا و دەسەلاتەکانی سێ زلهێزەکە و دامەزراندنی نەتەوە یەکرتوەکان وەدەر نانی هێزەکانی هەرسێ زلهێزەکە لە ئێران و رادەست کردنەوەی مینوچەهر بە دەسەلاتدارانی چین و چەند پرسێکی تریش.

۱۹٤٥/۱۲/۲۷

کۆریا بۆ دوولەت دابەش دەکرێ ،کۆریای باکور و کۆریای باشور.

۱۹٤٥/۱۲/۲۷

دامەزراندنی بانکی نێودەولەتی سەندوقی کاشی نێودەولەتی.

۱۹٤٥/۱۲/۲۷

حکومەتی ئێراق سزای لەسێدارەدان بۆ موستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی برای و ۳۳ کەسی دیکە دەردەکا بەتۆمەتی یاخیبون لە دەسەلاتی حکومەتی ئێراقی.

۱۹٤٦/۱/۹

دامەزراندنی رێکخراوی ئیخوان ئەلموسلمین لە ئوردن.

۱۹٤٦/۱/۱۰

دوای هەلوەشاندنەوەی کۆمەلەی گەلان ، نەتەوە یەکگرتوەکان دادەمەزرێ و ئەمرۆ لە لۆندۆن بە ئامادە بوونی ٥١ ولات یەکەمین کۆبونەوەی خۆی دەبەستێ.



١٩٤٦/١/١١

ئەنوەر خۆجە کۆتایی بەدەسەلات و رژێمی پادشایەتی لە ئەلبانیا دێنێ و کۆماری ئەلبانیای میللی دادەمەزرێنێ بە سەرۆکایەتی خۆی تا مردنی لە ١٩٨٥.

١٩٤٦/١/١٩

پاش ئەوەی ماوەی مانگ و نیوێک ئیبراهیم حەکیم پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئێران دەگرێتە دەست بە پیلان و هاوکاری سۆڤیەت و حزبی تودەی ئێرانی لە هەلبژاردنێکدا بە تەنها یەک دەنگ شکستی پێدێنن و قەوام دەکەن بە سەرۆک وەزیران کە سەربە سۆڤیەت بوو.

١٩٤٦/١/٢٠



جەنەرال شارل دی گول وەکو سەرۆککۆماری فرەنسا دەست لەکار دەکێشێتەوە.

١٩٤٦/١/٢٢

دامەزراندنی کۆماری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٤٦/١/٣١

نوسینەوەی دەستوری یۆگسلافی لەسەر شێوازی دەستوری یەکێتی سۆڤیەت بۆ پێکهێنانی دەولەتێک لە شەش کۆمار کە بریتی دەبن لە سربیا، کرواتیا، بوسنەوهرسک. مۆنتنیگرۆ، مەکەدۆنیا، سلوڤینیا.

١٩٤٦/٢/١١

دامەزراندنی دەستەی سەرەکیی میللیی کوردستان لە مەهاباد (ئەنجومەنی وەزیران)، لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد و بە مەبەستی بەڕێوبردنی کاروباری ولات، لەم رۆژەدا، بە مەرسومێکی کۆماری پێشەوا قازی محەمەد، حکومەتی کوردستان، کە بە (هەیئەی ڕەئیسەی میللی کوردستان) ناسێنرابوو دامەزرا.

- دەستەی سەرەکیی میللی کوردستان ( ئەنجوومەنی وەزیران) لە چەند وەزارەتێک پێکهاتبوو لەوانە:

١- سەرۆک وەزیران / حاجی بابە شێخ.

٢- وەزیری جەنگ / محەمەد حوسێن سەیفی قازی.

٣- وەزیری کیشوەر/ محەمەد ئەمین موعینی.

٤- وەزیری ئابووری / ئەحمەد ئیلاهی.

٥- وەزیری پۆست و تەلەگراف / کەریمی ئەحمەدیان.

٦- وەزیری فەرهەنگ / مەنافی کەریمی.

٧- وەزیری (تەبلیغات) / سەدیقی حەیدەری.

٨- وەزیری کار / خەلیلی خوسرەو.

٩- وەزیری بازرگانی / حاجی مەستەفای داودی.

١٠- وەزیری کشتوکاڵ/ مەحموودی وەلی زادە.

١١- وەزیری ڕێگاوبان / ئیسماعیلی ئیلخانی زادە.

١٢- وەزیری تەندروستی/ سەیید محەمەدی ئەیوبیان.

١٣- وەزیریراوێژکاری/ عەبدولرەحمانی ئیلخانی زادە.

١٤- وەزیری داد/ مەلا حوسێنی مەجدی.



١٩٤٦/٢/٢٣

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراق دەردەکرێ بە پێکهێنانی کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی توفیق ئەلسویدی ئەم کابینە تەمەنی تا ١٩٤٦/٥/٣٠ دەبێ.

١٩٤٦/٢/٢٨

سیاسەتمەدارو نوسەری بەریتانی (ڕۆبن کوك) لەدایك بووە.

١٩٤٦/٣/٢

هۆشی منە لە ڤیتنام دەسەلات دەگرێتە دەست.

١٩٤٦/٣/٥

کامل چادرچی و هەڤالانی یاداشتێک بەرز دەکەنەوە بۆ دامەزراندنی حزبی نیشتمانی دیموکراتی ئێراقی (حزب الوطنی الدیمقراطی العراقی).

١٩٤٦/٣/٢١

دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هەڵاڵە) لە شاری بۆکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٤٦/٣/٢١

یەکێتی سۆڤیەت پەیماننامەیەکی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا مۆرکرد، کە تێیدا بەشێکی زۆر لەخاکی کوردستانی بندەستی سۆڤێتی وەکو (قارس‌و ئەردەهان) درانە دەست حوکمڕانیی تورکەکان.

١٩٤٦/٣/٢٦

دامەزراندنی حزبی سەربەخۆیی لە بەغدا (حزب الاستقلال) بە سەرۆکایەتی محەمەد مەهدی ئەلکوبە.

١٩٤٦/٤/٢

وەزارەتی ناوەخۆی ئێراقی ڕێگەی بەم حزبانەدا کاری سیاسی لە ئێراق بکەن.

١/ پارتی ئازادیخوازان بەسەرۆکایەتی داخل شەعلان.

٢/پارتی سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی محەمەد مەهدی کوبە.

٣/پارتی نیشتمانیی دیموکراسی بەسەرۆکایەتی کامل ئەلچادرچی.

٤/ پارتی گەل بەسەرۆکایەتی عەزیز شەریف .

٥/ پارتی یەکێتیی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی عەبدولفەتاح ئیبراهیم.

ڕێگەش بە پارتی ڕزگاری نیشتمانی نەدرا کە کۆمۆنیستەکان بوون.

١٩٤٦/٤/١٠

یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ژاپۆن کە تیایدا ٣٩ ئەندام لە ڕەگەزی ژن دەردەچن.

١٩٤٦/٤/١٢

سوریا سەربەخۆیی خۆی لە ژێردەستی ئینتدابی فرەنسی ڕادەگەیەنێ.

١٩٤٦/٤/١٧

هێزەکانی فرەنسی لە سوریا دەکشێنەوە و کۆتایی بە ئینتدابی فرەنسی لەو وڵاتە دێت.

١٩٤٦/٤/٢٣

لەژێر چاودێری یەکێتی سۆڤیەت کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان ڕێککەوتننامەیەکی دۆستایەتی واژۆ دەکەن.

١٩٤٦/٤/٢٧

بۆیەکەمین جار پۆلیسی ژن دەست بەکار دەبێ لە ژاپۆن.

١٩٤٦/٥/٦

یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران دەکشێتەوە، هەر ئەو کشانەوەش بوو کاریگەری نەرێنیی بەسەر کۆماری مەهاباددا هەبوو.

١٩٤٦/٥/٧

دامەزراندنی کۆمپانیای توکیۆ بۆ ئەندازیاری پەیوەندیکردن دواتر ناوی دەگۆڕدرێ بۆ کۆمپانیای سۆنی یەکەم ئامێر کە دروستی کرد ئامێری برنج لێنان بوو.

١٩٤٦/٥/٩

فیکتۆر عەمانوئیلی سێیەم پادشای ئیتالیا دەست لە پادشایەتی دەکێشێتەوە بۆ ئومبیرتۆی دووەمی کوری.

١٩٤٦/٥/١٠

كردنەوەی رادیۆی دەنگی کۆماری مەهاباد لە شاری مەهاباد.

١٩٤٦/٥/١٥

کاتێك سوپای ئێران لەملەی قەرەنی، پەلاماری ناوچە ئازادکراوەکانی کۆماری کوردستانیاندا، سوپای کۆماری کوردستان پێشیان لێگرتنو گورزێکی کوشندەیان لێوەشاندن.



١٩٤٦/٥/١٦

لەژێر فشاری هاولاتیانی سوری هێزەکانی فرەنسی بەتەواوەتی سوریا جێدەهێلن و بەناچاری دان بە سەربەخۆییان دەنێن.

١٩٤٦/٥/٢٥

شازادە عەبدولا دەبێتە میری رۆژهەلاتی ئوردن دوای ئەوەی وەکو پادشا دەنگی پێدەدرێ ناوی میرنشین دەگۆڕێ بۆ پادشا نشینی ئوردنیی هاشمی.



١٩٤٦/٥/٢٧

بەستنی یەکەم کۆنگرەی لوتکەیی عەرەب لە ئەنشاس بە ئامادە بونی شا فاروق کە تەنها حەوت دەولەت ئامادە دەبن ئەمانیش دەولەتانی دامەزرێنەری کۆمکاری عەرەبی بوون.

**١٩٤٦/٦/١**

پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەتی ئێراقی بەسەرۆکایەتی ئەرشەد ئەلعومەری کە تەمەنی تا ١٩٤٦/١١/١٤ درێژەی دەبێ.

**١٩٤٦/٦/٢**

راگەیاندنی سیستەمی کۆماری و هەلوەشاندنەوەی رژێمی پادشایەتی لە ئیتالیا دوای ئەوەی پاشافیکتور عەمانوئیلی سێیەم لەسەر تەختی پاشایەتی دێننە خوار و خۆی و خانەوادەی بۆ میسر دور دەخەنەوە.

**١٩٤٦/٦/٢**

ئەمریکا و بەریتانیا بنکەی ئازور بۆ ئیسپانیا دەگێرنەوە، دورگەکانی ئازۆر کەوتونەتە زەریای ئەتلەسی کە بنکەیەکی بازرگانی کردن بە کۆیلەکانی رەشپێستەکان بوو.

**١٩٤٦/٦/٣٠**

یەکەم باری نەوتی کوێتی هەناردە دەکرێ.

**١٩٤٦/٧/١**

مانگرتنی کرێکارانی گاورباغی لە کەرکوک لە دژی ئینگلیز و دەسەلاتدارانی بەغدا بۆ چاککردنی باری بژێویان لەم مانگرتنە جگە لە کورد کرێکاری عەرەب و تورکمان و ئاسوریش بەشداریان کرد.

**١٩٤٦/٧/٤**

فلیپین سەربەخۆیی خۆی لە داگیرکاری ئەمریکا رادەگەیەنێ، دوای ئەوەی ماوەی ٣٨١ ساڵ لە ژێر داگیرکاری جۆراو جۆر دەمێنێتەوە ، مانویل روکسال دەبێتە یەکەمین سەرۆکی دەولەت لە رێگەی هەلبژاردنی کە لە ١٩٤٦/٤/٤ ئەنجام درابوو.

**١٩٤٦/٧/٦**

جۆرج دەبلیو بۆش لەدایک بوو.

١٩٤٦/٧/١٣

لە ئەنجامی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای C.P.I ژمارەیەک کرێکار دەکوژرێن.

١٩٤٦/٨/١٦



دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق، مستەفا بارزانی لەبەهاری ساڵی ١٩٤٦ لەشاری مەهاباد و لە کۆماری کوردستانەوە مامۆستا هەمزە عەبدوڵلایان ناردەوە بۆ باشووری کوردستان بە مەبەستی دامەزراندنی پارتێکی تایبەت بە باشوور.

پاشان هەمزە عەبدوڵلا گەڕایەوە شاری سلێمانی و لەگەڵ ڕۆشنبیران و هەردوو پارتی شۆڕش و ڕزگاری گفتۆگۆی کرد و لە دواجاردا بڕیاریاندا بە دروستکردنی پارتێکی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی هەردوو پارتی شۆڕش و ڕزگاری.

دوای ئەوە لەکۆنگرەیەکی نهێنیدا لەشاری بەغدا و لەبەرواری ١٦/٨/١٩٤٦ دا، پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا. لەکۆنگرەکەدا مستەفا بارزانی بە سەرۆک و شێخ لەتیفی حەفید بە جێگر و هەمزە عەبدوڵلاش بە سکرتێر هەڵبژێردران.

بەڵام لەکۆنگرەی سێیەمی پارتەکەدا و لەساڵی ١٩٥٣ دا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێری حیزب و ناوی پارتەکەش گۆڕدرا بە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق.

١٩٤٦/٨/٢٨

لە کۆریای باکور پارتی کرێکاری کۆری دادەمەزرێ، کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە پشتگیری و هاوکاریی دەکرا. ئەمەش وەکو هەنگاوی یەکەمی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کۆری دێت لە باکور.

١٩٤٦/٩/١٩

سەرەتای جەنگی هیندی چینی یا جەنگی ڤیتنامیی فرەنسی، ئەم جەنگە لە نێوان سوپای فرەنسی ودەستو پێوەندەکانی لەلایەک و هێزەکانی ڤیتنامی بەناوی(ڤیت مین) بە سەرۆکایەتی هۆشی منە لەلایەک بوو، درێژەی دەبێ تا ١٩٥٤/٨/١.

١٩٤٦/٩/٢٠

بۆ یەکەم جار فێستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی لە فەرەنسا بەڕێوەچوو، کە یەکێکە لە بۆنە جیهانییەکان و تایبەتە بە بواری سینەما و هونەر.

١٩٤٦/١٠/١



دادگای نورنبێرگ سزای ١٢ نازی بە کوشتن و ژمارەیەکیش بە زیندانی هەتاهەتایی دەدا. ئەم دادگاییە لە ٢٠ نۆڤەمبەری ١٩٤٥ ەوە بەردەوام دەبێ بۆ دادگایی کردنی بەشداربوان لە کۆکوژی هۆلۆکۆستو تاوانبارانی جەنگی دووەمی جیهانی و تا ئەم رۆژە.

١٩٤٦/١٠/١٥

هێرمان گورینگ بەر لە دەرچونی بریاری دادگای نورنبێرگ بە تۆمەتبار کردنی ئەو ژەهر دەخواو خۆی دەکوژێ.

١٩٤٦/١٠/١٦

١٦ دەولەتی ئەوروپی واژۆ لەسەر پرۆژەی مارشالی ئەمریکی دەکەن کە تایبەتە بە هاوکاریکردنی ولاتانی ئەوروپی لە زیانەکانی جەنگی دووەمی جیهانی.

١٩٤٦/١١/٢١

پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەتی ئێراقی بەسەرۆکایەتی نوری سەعید تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٤٧/٣/٢٩ درێژی دەبێ.

١٩٤٦/١١/٢٧

بالوێزی ئەمریکا لە تاران (جۆن ئالینی) رایدەگەیەنێ کە ئەمریکا یەکپارچەیی خاکی ئێران بەتەواوەتی دەپارێزێ و مەبەستیەتی حکومەتێکی بەهێز لە ناوەند هەبێ.

١٩٤٦/١٢/٧

هێزەکانی ئێران هێرش دەکەنە سەر کۆماری ئازەربایجانی تازە لەدایک بوو لە باکوری رۆژئاوای ئێران و بە ماوەی چوار رۆژ شەڕ دەیگرن و لەناوی دەبەن.

١٩٤٦/١٢/١١

دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مندالان (یونسفیف **Unicef**).

١٩٤٦/١٢/١٣

سوپای ئێران لە هێرشەکانیدا بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان دەگەنە شاری میاندواو نزیک بە مەهاباد و داگیری دەکەن.

١٩٤٦/١٢/١٥

دوای لەناوبردنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئەمرۆ سوپای داگیرکەری ئێرانی دەگاتە نێو شاری مەهاباد.

١٩٤٦/١٢/١٦

هێزەکانی شای ئێران هێرش دەکەنە سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان و کۆماری مەهاباد داگیر دەکەنەوە و قازی محەمەد دەستگیر دەکەن و ئالای کوردستان دادەگرن.

١٩٤٦/١٢/٢٠

هێزەکانی فرەنسی هانۆیی پایتەختی ڤێتنام داگیردەکەن و هۆشی منە **Ho Chi minhe** هانی خەلک دەدات دژی سوپای داگیرکەری فرەنسی بوەستنەوە.

١٩٤٦/١٢/٢٠

مستەفا بارزانی لە مەهاباد دوای داگیرکردنەوەی لەلایەن سوپای ئێرانی چاوی بە هەمایۆنی سەرلەشکری ئێران کەوت و پێی ڕاگەیاند ئەگەر بالوێزی بەریتانیا دەتوانێت بە ئێراق ڕابگەیەنێت کە ئەگەر ژیانێکی ئاسودەم بۆ دابین بکا ئامادەم بگەڕێتەوە ئێراق.

١٩٤٦/١٢/٢٤

کۆماری فرەنسیی چوارەم دادەمەزرێ.

١٩٤٧/١/١

خۆماڵی کردنی پیشەسازیی خەلوز لەپادشانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا).



١٩٤٧/١/٢

لەو کاتەی مەترسیەکانی شەڕی ناوەخۆ لە نێوان هندۆس و موسولمانەکان سەرهەڵدەدەن ڕێبەری هیند مەهاتما گاندی ڕێپێوانە مەزنەکەی لە پێناو ئاشتی دەست پێدەکا .

١٩٤٧/١/١٧

سربیا لەگەڵ کۆماری یوگسلافیا یەکدەگرێ.

١٩٤٧/١/١٩

دوای شکست هێنانی کۆماری مەهاباد چوار ئەفسەری کورد کە بەشدار بوون لە شۆرشی ڕۆژهەلات لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی خۆیان رادەستی رژێمی بەغدا دەکەنەوە .

بەلام لەلایەن دادگای دەسەلاتدارانی حکومەتی عێراقەوە، بڕیاری لەسێدارەدان بۆ هەر چوار ئەفسەرەکە دەرچووە بە بیانوی ئەوەی کە ئەوان ئەفسەری ئێراقین وبەبێ فەرمان لە سوپا هەڵگەراونەتەوە ە بەشداریان لە شۆڕشیکی دەرەوەیس نورەکانیان کردووە، ئەفسەرەکانیش ئەمانە بوون:

(مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، عزەت عەبدلوعەزیزو خەیروڵلا عەبدولکەریم) دەرچوو، دواتر لەشاری بەغدا حوکمەکەیان بەسەردا جێبەجێ کرا.

١٩٤٧/١/٢٣

دوای خۆرادەست کردنیان، فەرمانی لە سێدارەدان بۆ هەریەک لە پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری مەهاباد و هاورێیانی هەریەک لە (سەدری قازی و سەیفی قازی) دەرچوو.

حوکمەکەشیان دوای یەک مانگ لە مەیدانی چوار چرا لە شاری مەهاباد بەسەردا جێبەجێ کرا و لە سێدارە دران.

١٩٤٧/٢/٢٨

نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیل وەکو ولاتی جولەکەکان دەردەکات. ئەو زولمەی لە هۆلۆکۆتس لێیان کرابوو داود بنگوریان توانیی قەرەبوی بکاتەوە بە بەدەست هێنانی قەوارەی دەولەتی ئیسرائیل بۆخۆیان.

١٩٤٧/٣/١

لەسەر ڕێکەکوتنی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەندوقی کاشی دراوی دەست بە کارەکانی دەبێ.

١٩٤٧/٣/١٩

بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی ئێراق لە ئەمریکا  بۆ کۆنسوڵگەری کە لە ١٩٣٢ وە مفوەزی (کۆمیساری)بوو.



١٩٤٧/٣/٢٩

پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی سالح جەبر  ئەمەش وەکو یەکەمین سەرۆکوەزیرانی شیعە مەزهەب بوو، تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٤٨/١/٢٨ دەبێ .

١٩٤٧//٣/٣١

لەسێدارەدانی دامەزرێنەری کۆماری مەهاباد(قازی محەمەد). قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی ئەبو قاسم، لە ساڵی ١٩٠٠ لە شاری مەهاباد(سابلاغ)ی ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، خوێندنی ئاینی لای باوکی و چەند مامۆستایەکی ئاینی تری ئەو سەردەمەی ناوچەی موکریان تەواوکردووە، پاشان بووەتە بەڕێوبەری مەعاریف (بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری)ی شاری مەهاباد. دوای کۆچی دوای قازی عەلی باوکی لە ساڵی ١٩٣٤ کە پێشتر قازی شاری مەهاباد بوو بووەتە قازی مەهاباد.

سەرەتای کاری سیاسی پێشەوا دوای نەمانی دەسەڵاتی هێزەکانی ڕەزا شای ئێران لە کوردستان و هاتنەناوەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران بۆ باکوری ئێران و کوردستان، پەیوەندی کردبوو بە هێزەکانی ئینگلیزەوە لە شاری سنە لە ساڵی ١٩٤١ دا، بە مەبەستی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد، هەروەها قازی محەمەد سەرکردەی وەفدی کورد بوو لە هەردوو سەردانی یەکەمی ساڵی١٩٤١ و سەردانی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ کە چوون بۆ شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بۆ کوبوونەوە لەگەڵ سەرانی یەکێتی سۆڤێتی جاران بە مەبەستی داواکاریە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و چارەنووسی نەتەوەی کورد.

لە ساڵی ١٩٤٤ بە نازناوی نهێنی (بینایی) پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان - ژێکاف و بۆ ساڵی دواتر(ساڵی ١٩٤٥ز)و دوای سەردانی دووەمی باکۆ، کۆمەڵەی ژ.ک گۆڕدرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان،

پاش دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان و ئاگاداربوون لە بارودۆخی ناوچەکە، بە تایبەتی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان لە تەوریز، پێشەوا قازی محەمەد، لە ساڵی ٢٢/١/١٩٤٦ لە گۆڕەپانی چوارچرا لە شاری مەهاباد (کۆماری کوردستان)ی ڕاگەیاند .

کاتێک سوپای ئێران بە فەرماندەیی ژەنەراڵ هەمایون هێرش دەکەنە سەر کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد پێشوازی لە لەشکری ئێران و هەمایون دەکات ، ئەوانیش مۆڵەتی پێدەدەن بچێتەوە ماڵ دانیشێ.

دوای دوو ڕۆژ دەستگیری دەکەن ئیتر لەو ڕۆژەوە کۆماری کوردستان بونی نامێنی و هەرەس دێنێ.، دوای دەستگیر کردنی قازی لە دادگایکردنێکی سەربازیدا لە شاری مەهاباد، کە ماوەی چەند مانگێکی خایاند، دادگا لە ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٥ فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەر قازی محەمەد و هاوەڵەکانیدا سەپاند، بەڵام قازییەکان داوایان کرد دادگایکردنەکەیان ببرێتە شاری تاران، لە شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی ٣/١٩٤٧ بە فێڵ قازییەکانیان بە ناوی چوون بۆ شاری تاران خستە ناو ئوتومبیل و گواستیاننەوە بۆ گۆڕەپانی چوارچرا، پاش ئەوەی قازی محەمەدیان بردە شوێنێکی تایبەت و لە مەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانی دادگا و لەسێدارەدانیان ئاگادارکردەو.

پێشەوا داوای لە مامۆستایەکی ئاینی کرد بە نووسینەوەی وەسێتنامەکەی و پاشان برایە گۆڕەپانەکە و لە کاتژمێر ٣ی سەر لە بەیانی قازی محەمەد هەڵواسرا بە دارەکەدا و کاتژمێر ٣:١٠ ی گەیشتە کاروانی شەهیدانی کوردستان.



- Mohammed Hosseïn Seyf-é Qazi Ministre des forces armées de la République kurde de Mahâbâd.
- Qazi Mohammed (à gauche), Président de la République
- Sadr-é Qazi, son frère, pendus le 30 mars 1947 à Mahâbâd par les troupes d'occupation du Shah.

دوای ئەوە هەر یەکە لە محەمەد حوسێن قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای قازی محەمەد و سەیفی قازی نوێنەری شاری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران و برای پێشەوا قازی محەمەد لە هەمان شوێن لە سێدارەدران.

**١٩٤٧/٤/٣**

هاری ترومانی سەرۆکی ئەمریکا پرۆژەی (مارشل) بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپای دوای جەنگی دووەمی جیهانی پەسند دەکا.

**١٩٤٧/٤/٤**

دامەزراندنی ڕێکخراوی نێودەولەتی بۆ فرۆکەوانیی سڤیلی.

١٩٤٧/٤/٤

یەکەم کۆبونەوەی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست.

١٩٤٧/٤/٧

راگەیاندنی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیست لە سوریا.

١٩٤٧/٤/٢٠

بەڕێوەچونی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ژاپۆن.

١٩٤٧/٤/٢٢


ئەنجامی سەرژمێری دانیشتوانی ئێراق رادەگەیەندرێ کە ٤٨٠٣٤٣٠ چوار ملیۆن و هەشت سەدو سێ هەزار و سێسەدو چل کەس بوون دوای ئەوەی لە سەرژمێری ١٩٣٥( ٣٥٦٠٤٥٦ ) سێ ملیۆن وپێنجسەد و شەست هەزار و چوارسەدو پەنجاو شەش کەس بوو ن.

١٩٤٧/٥/٩

رۆمانیا سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٤٧/٦/٥

نەخشەی مارشال، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆرج مارشال نەخشە رێگەی ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپای راگەیاند کە بریتی بوو لە هاوکاریەکانی ئەوروپای دوای جەنگی دووەمی جیهانی بۆ ئاوەدانکردنەوە بەلام مەرجی هەبوون بۆیە یەکێک لەو دەولەتانەی نەچوە ژێر باری سۆڤیەت بوو .



مەرجەکانیش دەبوایە داتای داهات و خەرجی و هەناردەی ولات بخاتە بەردەست ئەمریکا. ئەمەش واتا ئەمریکا لە ئاستی ئابوری و سەرمایەی ئەو ولاتە بگا ،بە دوریان نەدەزانی کە ئەم زانیاریانە بۆ مەبەستی سەربازی بەکار بێت بۆیە پێیان وابوو لەدەست دانی سەروەریەکانی ولات و کارێکی نەگونجاوە بۆ ئاسایشی ولاتەکەیان.

١٩٤٧/٦/١٩

لە سێدارەدانی ئەو چوار ئەفسەری خەلکی باشوری کوردستان کە بەشداریان لە شۆڕشی مەهابادداکرد دوای شکستی کۆماری مەهەباد لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی خۆیان رادەستی حکومەتی ئێراق دەکەنەوە گوایە لێبوردن هەیە، حکومەتی ئێراقیش هەرچواریان گولەباران دەکا بەپێی ئەوەی ئەفسەری سوپای ئێراق بون و بەبێ رەزامەندی ئەوان بەشداریان لە سوپایەکی بێگانە (بەگوتەی خۆیان ) دا کردووە. ئەفسەرەکانیش هەریەک لە : خەیرولا عەبدولکەریم و موستەفا خۆشناو و عیزەت عەبدولعەزیز و مەحمود قودسی بوون . هۆکارەکانی چوونی چوار ئەفسەرەکە بۆ ناو شۆڕشی دووەمی بارزان لە ١٩٤٥ و دواتریش بەشداریان لە شۆڕشی کۆماری کوردستان:

١ - ئەم چوار ئەفسەرەی کورد کاتێک فەرمانی گواستنەوەیان دەدرێت لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە بۆ ناوچەکانی تری ئێراق، لە ساڵی ١٩٤٥ ئەمان فەرمانەکە جێبەجێ ناکەن و پەیوەندی دەکەن بە شۆڕشی بارزانی ١٩٤٥ بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی.

٢- هەبوونی هەستی نەتەوەیی لای ئەم چوار ئەفسەرە، کە بەهاندانی حیزبی هیوا (لیژنەی ئازادی)یان وەکو باڵی سەربازی شۆڕش هەر لە هەمان ساڵدا دادەمەزراند و لەدوای ئەم بەشداری بوونەیان لە شۆڕشی دووەمی بارزان و تێکشکاندنی شۆڕش لە ژێر بۆردوومانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا و سووپای ئێراق لەگەڵ بارزانییەکان دەچنە ڕۆژهەلاتی کوردستان و وەکو ئەفسەری سووپای کوردستان لە کۆماری کوردستانیشدا بەشداریی دەکەن. دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١٢/١٧ و چوونی بارزانی و هاوەڵەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیێت، ئەم چوار ئەفسەرە لەگەڵ شێخ ئەحمەد و خێزانە بارزانییەکان لە مانگی نیسانی ١٩٤٧ خۆیان ڕادەستی حکومەتی ئێراق دەکەنەوە، هەرچەندە حکومەتی ئێراق پێشتر بانگەشەی لێبووردنی بۆ دەرکردبوون، بەڵام دوای دەستگیرکردن و دادگایکردنیان، لە سێدارە دران.



١٩٤٧/٧/١٧

دوای شکستی کۆماری مەهاباد بارزانی خۆی و ٥٠٠ پێشمەرگە ٢٢٠ میل بە پێ دەبڕن لەژێر دۆخێکی نالەباری تەلەکەبازیدا خۆیان دەگەیەننە سنوری یەکێتی سۆڤیەت و لە روباری ئاراس دەپەڕنەوە.

١٩٤٧/٧/٣١

کۆتایی هاتنی کۆمەڵەی نەتەوەکان راگەیەندرا.

١٩٤٧/٤/١٨

پاکستان بە سەرۆکایەتی محەمەد عەلی جەناح لە هیند جیا دەبێتەوە.

١٩٤٧/٨/١٥

سەربەخۆیی هیند لە داگیرکاری بەریتانیا راگەیەندرا.

١٩٤٧/٩/٢٠

مامۆستا گیو موکریانی نوسەر و مێژونوسی کورد کۆچی دوایی دەکا ،حوسێن حوزنی موکریانی لە سەیدەکانی ئینچکە و شقۆیفە کە دوو گوندن لە نزیک شاری بۆکان و لە ساڵی ١٨٨٣ز لە گوندی بوغدەکەندی نێوان شاری بۆکان و سەقز ماتۆتە دۆنیاوە ، باوکیشی کاری زەمبیل فرۆشی کردووە لە ماڵەوە. بۆ خوێندن ڕووی کردۆتە مەراغە و تەبرێز، پاشان چووەتە یەریڤان و ڕووسیا و لەوێشەوە بۆ ئەستەنبوڵ و دواتریش هەریەکە لە ولاتەکانی سوریا و لوبنان و فەڵەستین و میسر و حیجازی عوسمانی و وڵاتانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا گەڕاوە.

لە ساڵی ١٩١٥ چاپخانەیەکی لە حەلەب دامەزراندووە تا ساڵی ١٩٢٥ ڕووی لە ئێراق کردووە و لە سەرەتاشدا ماوەیەک لە بەغدادا ماوەتەوە و لە ساڵی ١٩٢٦شدا بە تەواوەتی لە ڕەواندوز جێگیر بووە.

حوسێن حوزنی لە ڕەواندز چاپخانەیەکی بە ناوی زاری کرمانجی دامەزراندووە و گۆڤارێکیش هەر بە ناوی چاپخانەکەوە - گۆڤاری زاری کرمانجی دەرکردووە.

سەید حوسێن حوزنی لە ماوەی ژیانیدا چەندین جار دژایەتی کراوە و هەوڵی زۆر دراوە چاپخانەکەی لە ژێر دەست دەربهێنرێت، بەڵام ئەم خەمخۆرە گەورەیەی نەتەوەی کورد بەردەوام بووە لە خزمەت کردن بە مێژوو و ئەدەبی کوردی و بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە چوونی بۆ ئەستەنبوڵەوە دەستی بە نووسین کردووە، لە ئەستەمبوڵ و حەلەبدا بە نهێنی چەندین گۆڤاری دەرکردووە ، وەک (کوردستان ، ئارارات ، بۆتان ، چیاکرمانج ، دیاربەکر ، سۆران) لە باشووری کوردستانیشدا ساڵی (١٩٢٦) گۆڤاری (زاری کرمانجی ) لە ڕەواندز دەرکردووە ، لە ساڵی (١٩٣٥)یش لە هەولێر گۆڤاری (ڕووناکی) دەرکرد . هەروەها لە ساڵی (١٩٤٣)

له بەغدا سەرپەرشتی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ی کردووە . جگە لەمانە (٤٠_٥٠) کتێب و یادگاری بە نرخی لەپاش بە جێماوە ، حوسێن حوزنی لە ساڵی (١٩٢٦) چیرۆکی (خۆشی و ترشی) و (مەرۆکەو بزنۆکە)ی چاپ کردوو.

کتێبەکانی لە سەر مێژووی کوردستان:-

مێرگەی دڵان.

خونچەی بەهارستان.

پێشکەوتن.

ئاورێکی پاشەوە.


میرانی سۆران.

کوردستانی موکریان.

ناودارانی کورد.

بە کورتی هەڵکەوتی دێریکی.

لاپەرەیەک لە دێریکی کوردستانی موکری.




حوسێن حوزنی ساڵی ١٩٤٣ لە ڕەواندز دوور خراوەتەوە و تا کۆتایی تەمەنی لە شاری بەغدا ژیاوە و لە بەرواری ئەمرۆدا لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، پاشان تەرمەکەی هێنراوەتەوە هەولێر و ئێستا گۆڕەکەی لە شاری هەولێرە.

**١٩٤٧/٩/٢٢**

نوسینگەی کۆمنفورمی سۆڤیەتی دادەمەزرێ ( نوسینگەی ر اگەیاندنی کۆمۆنیست).

**١٩٤٧/٩/٢٢**

سۆڤیەت یەکەم بۆمبی ناوەکی دتەقێنێتەوە.




١٩٤٧/١٠/٤

کۆچی دوایی ماکس پلانک Max Planck زانایەکی فیزیایی ئەڵمانی بوو. پلانک بە داهێنەری بیردۆزی کوانتەم دادەنرێت ، هەروەها یەکێک بووە لە زانا هەرە گرنگەکانی فیزیا لە سەدەی بیستەمدا خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ١٩١٨ وەرگرتووە.

١٩٤٧/١٠/٥

یەکەم گوتاری سەرۆکی ئەمریکا هاری ترومان لە کۆشکی سپییەوە لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە لەم رۆژە پەخش دەکرێ.

١٩٤٧/١٠/٢٣

هەلوەشاندنەوەی رێککەوتنی نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت. دوای جەنگی دووەمی جیهان سۆڤیەت پەیمان بە کوردەکان دەدا پشتگیریان بکات لە راگەیاندنی دەولەتی کوردی لە مەهاباد، دوای راگەیاندنی دەولەتی کوردی ئێران لەگەڵ سۆڤیەت رێکدەکەوێ لەسەر پێدانی نەوت لەبەرانبەر کێشانەوەی پشتگیریی لە کورد و ئازەرەکان، دوای ئەوەی سۆڤیەت خۆی دەکێشێتەوە سوپای ئێران کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەبەیندەبا .

١٩٤٧/١١/٢

بەهۆی هەرێمی کەشمیرەوە کێشە دەکەوێتە نێوان هیند و پاکستان.

١٩٤٧/١١/٢٩

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بریاری ژمارە ١٨١ دەردەکا تایبەت بە دابەش کردنی فەلەستین لە نێوان عەرەب و جوو.

١٩٤٧/١٢/٣١

پرسی کشمیر لە نێوان هیند و پاکستان گەیێندرایە نەتەوە یەکگرتوەکان.

١٩٤٨/١/٤

بۆرما سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٤٨/١/٥

بەستنی پەیمانی پۆرتسمۆث لە نێوان ئێراق و بەریتانیا، لەم پەیمانە کاروباری ئێراق و بەشە کوردستانیەکەشی بە ئینگلیز سپێردرا. واتە کەوتە ژێر ئینتدابی بەریتانیەوە.



١٩٤٨/١/٢٠

تیرۆر کردنی غاندیی سەرۆک وەزیرانی هیند لەلایەن توندرەوێکی هیندۆسیەوە.

١٩٤٨/٢/١

دامەزراندنی مالیزیای یەکگرتوو کە لە نۆ پاشانشینی سەربە بەریتانی پێک هاتبوو.

١٩٤٨/٢/٤

هەلوەشاندنەوەی پەیماننامەی نێوان ئێراق و بەریتانیا ، دوای ئەوەی حکومەتی ئێراق پەیماننامەیەک لەگەڵ بەریتانیا لە ١٩٤٨/١/١٥ واژۆ دەکا نارەزاییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لە نێو توێژی خوێندکاران و خۆپیشان روودەدا لەم رۆژە حکومەتی محەمەد ئەلسەدر ئەو پەیماننامەیە هەڵدەوەشێنێتەوە و قەبولی ناکا.

١٩٤٨/٢/١٦

بە پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت کۆماری میللیی کۆریای باکور رادەگەیەندرێ.

١٩٤٨/٢/١٧

کوشتنی ئیمامی یەمەن یحیا حەمیدەددین لە کەمینێکدا کە شۆڕشگێرەکان بۆیان دانابۆوە.

١٩٤٨/٢/٢٦

ژمارەیەکی زۆری هاولاتیانی کورد دەگەنە بەغدا بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانی دژ بە پەیمانی پۆرت سمۆث.

١٩٤٨/٣/١٧

وەکو یەکەمین هەنگاوی دامەزراندنی هاوپەیمانی ناتۆ بەریتانیا و فەرەنسا ودەولەتانی بەنەلۆکس( بلژیک، هۆلەندا، لوکسمبورگ) لە بروکسل کۆدەبنەوە کە بە ڕێککەوتنی بروکسل هاتە ناسین.

١٩٤٨/٣/٣٠

لە بەغدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری(نزار) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن عەلائەددین سجادیەوە دوو هەفتەی جارێک دەردەچوو.

١٩٤٨/٤/٣

کۆبونەوەی دەولەتانی (ڕێکخراوی دەولەتانی ئەمریکی) لە بوجوتای پایتەختی کۆلۆمبیا، کە ناوە نوێکەی یەکێتی دەولەتانی ئەمریکی بوو کەلە ساڵی ١٨٨٩ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و دەولەتانی ئەمریکای باشور و ناوەراست پێکهاتبوو .



١٩٤٨/٤/٤

عەبدولا ئوجەلان دامەزرێنەرو ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لەناوچەی (خالەفەت)ی سەر بەهەرێمی ئورفەی باکوری کوردستان لەدایك بووە.

١٩٤٨/٤/٥

کارەساتی فەلەستین بە (نکبە فلسطین) هاتە ناسین بریتی بوو لە بەرپەرچ دانەوەی میلیشیاکانی ئیسرائیلی لە دەستگرتن بەسەر خاکی فەلەستین هەریەک لە سوپاکانی ولاتان ئوردن ومیسر و ئێراق و شانشینی سعودی و سوریا بە هانای فەلەستینیەکانەوە چون.

١٩٤٨/٤/٧

دامەزراندنی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی.

١٩٤٨/٤/٩

کۆکوژی دیریاسین لەسەر دەستی هەردوو ڕێکخراوی ئەرجون و شترینی سەهیۆنی و کوشتنی ٣٥٠ کەسی فەلەستینی لەم کۆکوژیە.

١٩٤٨/٥/١

راگەیاندنی دامەزراندنی کۆریای دیموکراتیی میللی لە بەشی باکوری کۆریا.

١٩٤٨/٥/١٥

بە فەرمی دەوڵەتی ئیسرائیل رادەگەیەندرێ دوای ئەوەی لە ١٩١٧ لە پەیمانی بلفۆرد رەزامەندیان لەسەر دروست کردنی دەوڵەتی جولەکەدا نابوو ئەمرۆ پشتگیری لە دامەزراندنی دەکەن. فەلەستینیەکان ئەمرۆژە بە رۆژی( نەکبە) نەو دەبەن.

١٩٤٨/٦/١٥

هێزەکانی میسر و سوریا و ئێراق و سعودیە ئوردن و لوبنان هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ئیسرائیل.



١٩٤٨/٦/٢٦

کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراقی بەسەرۆکایەتی مزاحم پاچەچی دادەمەزری تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٤٩/١/١٦ درێژەی دەبێ.

١٩٤٨/٧/١٠

کۆچی دوایی مێژوونووس محەمەدئەمین زەکی بەگ، محەمەدئەمین کوڕی حاجی عەبدولڕەحمانی کوڕی مەحمودی کوڕی سادقی باپیرە، لەساڵی ١٨٨٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە.

سەرەتای خوێندنی لە حوجرەوە دەست پێکردووە و تیایدا فێری هەردوو زمانەکانی فارسی و عەرەبی بووە و پاشان خراوەتە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی، و پاشان لەساڵی ١٨٩٦ چووەتە ئامادەیی سەربازی لە ساری بەغدا تا لە دواجاردا بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە ئەستەنبوڵ و کۆلێژی سەربازی لەنێوان ساڵانی ١٩٠٢ - ١٩٠٤ بە پلەی رئیس رکن تەواووی کردووە.بەشداری لە لیژنەی دیاری کردنی سنوورەکانی نێوان عوسمانی و بولگاریا و عوسمانی و ڕووسیای کردووە، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە حکومەتی ئێراق چەندین پۆستی وەرگرتوە لەوانە نوێنەری لیوای سلێمانی بوە لە ئەنجومەنی نوێنەران چەندین کتێبی مێژویی داناوە لەوانە:

١/تاریخ ولایەتی سلێمانی ١٩٣٩ .



٢/ تاريخ الدوله والامارات الكورديه ١٩٤٥ .

٣/ خولاسەیەکی تاریخیی کورد و کوردستان  بەشی یەکەم ١٩٣١ بەشی دووەم ١٩٣٧.

دوای مردنی لە گۆرستانی سەیوان لە سلێمانی نێژراوە

١٩٤٨/٧/١١

دوای داگیرکردنی شارەکانی (لەد و ڕەملە)ی فەڵەستینی لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە، هێزە ئەمنییەکانی ئیسرایل زیاتر لە ٤٢٠ هاوڵاتیی فەڵەستینییان کوشت.

١٩٤٨/٧/٢٨

بەستنی پەیمانانمەی ژنیف تایبەت بە مامەلە کردن لەگەل دیلەکانی جەنگ بە ئامادە بونی ٤٨ دەولەت.

١٩٤٨/٨/١٥

دوای ئەوەی بەشی باکوری کۆریا وەکو دەولەتێکی سەربەخۆ رادەگەیەندرێ، لەم رۆژە راگەیاندنی کۆماری کۆریا لە بەشی باشور هاتە راگەیاندن.

١٩٤٨/٨/٢٩

ئاوارەبوونی (مەلا مستەفای بارزان)و ٥٠٠ پێنج سەد پێشمەرگەی هاوەڵی بۆ خاکی یەکێتی سۆڤێت، لەم رۆژە بارزانیو یاوەرەکانی لەناوچەی باکۆی ئازەربایجانەوە گوێزرانەوە بۆ شاری (تاش قەند)ی پایتەختی ئۆزباکستان.



١٩٤٨/٩/٤

ڤیلهالمینای **Wilhelmina** پادشای هۆلەندا بۆ جولیانای  **Juliana** کچی لە پادشایەتی دێتە خوار کە ئیتر جۆلیانا دەبێتە پاشا جولیانا.

١٩٤٨/٩/٩

بەفەرمی دامەزراندنی کۆریای باکور  بەناوی کۆماری دیموکراسی میللیی کۆری هاتە راگەیاندن، ئەم رۆژەش دەبێتە رۆژی نیشتمانیان.

١٩٤٨/٩/١١

(محەمەد عەلی جناح) ڕابەری شۆڕشی گەلی پاکستان و دامەزرێنەری دەوڵەتی پاکستان کۆچی دوایی کردووە.

١٩٤٨/٩/٢٠

کردنەوەی یەکەمین فیستیڤالی کانی سینەمایی کە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانیەوە دواخرابوو ، خۆی بڕیار بوو لە ٢٠ ی سەپتەمبەری ١٩٣٩ بکرێتەوە.

١٩٤٨/٩/٢٤

کۆمپانیای هیۆندای **Hyundai** بۆ ئۆتۆمبێل دادەمەزرێ.

١٩٤٨/١٠/١

لێژنەی لێکۆڵینەوە لە چالاکیەکانی دژ بە ئەمریکا چارلی چپلن بە تۆمەتی سیخوری بۆ بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهانی تۆمەتبار دەکا.

١٩٤٨/١١/١٠

شاعیری کورد (زێوەر) کۆچی دوایی کرد.

١٩٤٨/١١/١٢



کۆچی دوایی دڵداری شاعیر، دڵدارکوڕی مەلا ڕەئوف کوڕی مەحموود کوڕی مەلا سەعدی خادم ئەلسجادەیە و لە ڕۆژی ٢٠ ی شوباتی ١٩١٨ لە شاری کۆیە لە دایک بووە.

دڵداری شاعیر، پارێزەر و چالاکوانێکی سیاسیی کورد بوو.  بەناوبانگترین شیعری دڵدار، (ئەی ڕەقیبە) کە لە تەمەنی ٢٨ ساڵییدا و ٢ ساڵ پێش مردنی، کرا بە سروودی نیشتمانیی کۆماری مەهاباد و تا ئێستاش هەر لە لایەن زۆربەی کوردەکانەوە وەک سروودی نیشتمانی دەناسرێتەوە.

١٩٤٨/١١/١٢

سزای لەسێدارەدان بۆ ژەنراڵ (هیدیکی تۆگۆ)ی سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن دەرچوو، بەتاوانی جەنگو ڕەشەکوژی تاوانبار کرا.

١٩٤٨/١٢/١٠


کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مانەفێستی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ دەردەکا.

١٩٤٨/١٢/١٥

هێزەکانی هۆڵەندی جاکارتای پایتەختی ئەندەنوسیا داگیر دەکەن.

١٩٤٨/١٢/١٨

کۆچی دوایی شاعیری مەزنی کور فائق بێکەس. ناشتنی لە گردی سەیوان.



١٩٤٨/١٢/٢٩

پێکهێنانی کابینەی نوێی وزاریی حکومەتی ئێراق لەسەر فەرمانی پادشا بەسەرۆکایەتی محەمەد ئەلسەدر تەمەنی ئەم کابینە درێژەی تا ١٩٤٨/٦/١٦ دەبێ.

١٩٤٩/١/١

شەڕی نێوان هیندو پاکستان لەسەر کەشمیر بە ئاگربەست کۆتایی دێت.

١٩٤٩/١/٦



جارێکی دیکە کابینەی وزاریی ئێراق بەسەرۆکایەتی نوری سەعید پێکدەهێندرێ ئەم کابینەش تەمەنی تا ١٩٤٩/١١/٥ درێژەی دەبێ.

١٩٤٩/١/١٠

هەڵگیرسانی شۆڕش لە چین بەسەرۆکایەتی ماو تسی تۆنگ.

١٩٤٩/١/١٩

کوبا دان بە ئیسرائیلدا دەنێ.



١٩٤٩/١/٢٢

سوپای ماو دەچێتە ناو پەکین.

١٩٤٩/٢/١٢

تیرۆرکردنی حسن بەنای دامەزرێنەری بزوتنەوەی ئیخوان ئەلموسلمین لە بەردەرگای بارەگای کۆمەڵەی گەنجانی موسلمان لە شەقامی رەمسیس لە قاهیرە.



١٩٤٩/٢/١٤

لەسێدارەدانی (یوسف سەلمان یوسف ناوە حزبیەکەی ( فەهد)، لەگەڵ هەندێک لە هاورێیانی لە دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنێستی ئێراقی.

١٩٤٩/٢/١٤

یەکەمین کۆبوونەوەی کنیستی ئیسرائیل دەبەسترێ.

١٩٤٩/٢/١٧

دوای راگەیاندنی دەولەتی ئیسرائیل حایم ڤایتسمان یەکەمین سەرۆکی ئەو دەولەتە دەبێت.

١٩٤٩/٢/٢٤

لە دورگەی رۆدۆسی یۆنانی رێککەوتنی ئاگربەست لە نێوان میسرو ئیسرائیل واژۆ دەکرێ.

١٩٤٩/٣/٤

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بڕیار دەدا ئیسرائیل وەکو ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان وەربگیرێت.

١٩٤٩/٣/١٩

راگەیاندنی پێکهێنانی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسیی میللی.



١٩٤٩/٣/٢٣

رێککەوتنی ناقورە لە نێوان ئیسرائیل و لوبنان لەسەر ئاگربەست.

١٩٤٩/٣/٣٠

حوسنی ئەلزەعیم فەرماندەیی کودەتایەکی سەربازی دەکا لە دیمەشق .حوسنی زەعیم یەکەم سەرۆك کۆماری کورد لە مێژووی سوریا .

حوسنی محمد رەزا کوڕی زانای گەورەی کوردو موفتی حەلەب شێخ محمد رەزایە لە ساڵی ١٨٩٤ لە دیمەشق لە دایك بووە سەرەتا لە خوێندنە سەربازیەکانی حەلەب و ئەستەنبوڵ و ئەدەنە خوێندویەتی

لە ساڵی ١٩١٩ پەیوەندی بە سوپای مەلیك فەیسەڵەوە کردووە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی دا لە ڕیزی سوپای ئیتاڵیای فاشی جەنگاوەو لە ساڵی ١٩٤١ پلەکەی بۆ عەقید بەرزکراوەتەوە.

لە بەرەبەیانی ئەم رۆژە یەکەم کودەتای سەربازی لە مێژووی سوریا دژی دەسەڵاتی شەرعی سەرۆك شوکری قوتلی ئەنجامدا و خۆی وەك سەرکردەی سوریا ناساند و کۆمەڵێك ڕێوشوێنی و بڕیاری جێگای مشتومڕی گرتە بەر، لەوانە:

- دەستورێکێ نوێی بۆ سوریا دانا بێ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.
- یاسای هەڵبژاردنی دەرکرد کە بەتەنها خۆی مافی خۆ کاندیدکردنی هەبوو.
- دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و یاسادانانی لە دەستی خۆیدا کۆکردەووە .
- دادگایەکی سەربازی دامەزراند بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی .
- پلەکەی خۆشی لە عەقید بەرز کردەوە بۆ موشیر.



ژەنەڕاڵ حوسنی لەیەکەم مانگی دەسەڵاتیدا یاسای جیاکردنەوەی دینی لە دەوڵەت دەرکرد و لە بری یاسا وەرگیرەوەکانی شەریعەتی ئیسلام یاسای هاوشێوەی یاسای فەرەنسای سەپاند ئەمەش وایکرد لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگی دەسەلاتەکەیدا پشتیوانی جەماوەرەکەی لەدەستدا.

لە دوای تەنها ١٣٧ ڕۆژ لە حوکمدارییدا واتە لە ١٣ی ئابی ١٩٤٩ (عەقید سامی حناوی) کودەتای بەسەر حوسنی محمد ڕەزادا کرد و لەهەمان ڕۆژدا ژەنەڕاڵ حوسنی و موحسین بەڕاسی سەرۆکی حکومەت گوولە باران کران. دیارە ئەم کودەتایانەش هەموویان بەرنامەی دەرەکی بوونە بەسەر گەلی سوریدا دەسەپێندران و جێبەجێ دەکران ، هەندێکیان لەلایەن ئینگلیزەوە و هەندێکیان لەلایەن فگرەنسا بە دەستی ناوەخۆ و دەرەکی.

**١٩٤٩/٤/٣**

ئیسرائیل و ئوردن لە دورگەی رودوسی یۆنانی رێککەوتنێکی ئاگربەست واژۆ دەکەن.

**١٩٤٩/٤/٤**

واژۆ کردنی دامەزراندنی هاو پەیمانی ناتۆ لە واشنتۆن.

**١٩٤٩/٤/٥**

سوریاو ئیسرائیل دەست بە دانوستان دەکەن بۆ رێککەوتنێکی تاسەری.



**١٩٤٩/٤/١٧**

نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی ئێراق سەردانی سوریا دەکاو لەگەڵ فەرماندەی کودەتاکە (حوسنی ئەلزەعیم کۆدەبێتەوە.

١٩٤٩/٥/٥

هەریەک لە بەلژیک و دانیمارک و فرەنسا و کۆماری ئیرلەندا و ئیتالیا و لوکسەمبورگ و هۆلەندا و نەرویژ و سوید و بەریتانیا واژۆی پەیمانی لۆندۆن دەکەن کە بەهۆیەوە ئەنجومەنی ئەوروپا دادەمەزرێ.

لەناو بڕیارەکانی واژۆلەسەرکراودا شاری ستراسبورگیش دیاری کرا بۆ بارەگای ئەنجومەنەکە.



١٩٤٩/٥/١٠

ناوی پادشانشینی سیام دەگۆڕدرێ بۆ تایلاند.

١٩٤٩/٥/١١

ئیسرائیل دەبێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٩٤٩/٥/١٧

بەریتانیا دان بە دەولەتی ئیرلەندادا دەنێ بەلام دوپاتی دەکاتەوە کە ئیرلەندای باکور بەشێکە لە بەریتانیا.

١٩٤٩/٦/١٤

پێسپێردراو عەبدولئیلا سەردانی ئێران دەکا بۆ ئەنجام دانی میساقێکی ئیسلامی لە نێوان دەولەتانی ئێراق و ئێران و پاکستان و تورکیا و ئەفغانستان.



١٩٤٩/٦/٢٦

کۆمۆنیستەکانی چین دەست بەسەر گەورەشاری شەنگهایدا دەگرن.

١٩٤٩/٦/٢٩

کەمینەی سپی پێست لە ئەفریکای باشور دەست بە جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕەگەز پەرستی دەکەن دژ بە ڕەشپێستەکان کە بە (ئەپارتاید) هاتە ناسین.

١٩٤٩/٨/١

داخستنی رۆژنامەی گەلاوێژ بە فەرمانی پادشایەتی و خاوەنەکەشی کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە ساڵ و نیوێک زیندانی حوکم درا ، مامۆستا عەلائەدین ئەلسجادیش سەرنوسەری رۆژنامەکە بوو .

ئەم رۆژنامە لە ساڵی ١٩٣٩ وە بە رێکی دەردەچوو.

١٩٤٩/٨/١٢

واژۆ کردنی رێککەوتننامەی ژنیف تایبەت بە پاراستنی گیانی هاولاتیانی سڤیل لەکاتی جەنگدا.

١٩٤٩/٨/١٤

لە سوریا ئەفسەریک بەناوی سامی ئەلحناوی کودەتایەکی سەربازی بەسەر حوسنی ئەلزەعیمدا دەکا و دوای سەرکەوتن، حوسنی ئەلزەعیم و هاورێیانی گولەباران دەکا

١٩٤٩/٩/٨

ئەلحەبیب بورقیبە دوای چوار ساڵ لە ئاوارەیی لە میسر ، دەگەرێتەوە تونس.



١٩٤٩/١٠/١

دامەزراندنی کۆماری چینی میللی لەلایەن ماو تسی تۆنگ **Mao Zedong** ، لەیەکەم حکومەتیش شو ئان لای **Zhou Enlai** دەبێترە سەرۆکی حکومەت.

١٩٤٩/١٠/٧

وەکو کاردانەوەی راگەیاندنی دامەزراندنی ئەلمانیای رۆژئاوا بە هەمان شێوە ئەلمانیای رۆژهەلاتیش دەولەتبونی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٤٩/١١/١٠

دامەزراندنی پارتی چاکسازی(حزب الاصلاح) لە بەغدا بەسەرۆکایەتی سامی شەوکەت.

١٩٤٩/١١/٢٤

وەزارەتی ناوەخۆی ئێراقی رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی حزبی یەکێتی دەستوری دەدا (الاتحاد الدستوری) ، ئەم حزبە بە سەرۆکایەتی نوری ئەلسەعید دادەمەزرێ.

١٩٤٩/١٢/٧

چیان کای چیک سەرۆککۆماری چین کە لەدەست کۆمۆنیستەکان لە بیجینەوە رایکردبوو رایگەیاند کە بە شێوەیەکی کاتی تایبییە دەکەن بە پایتەختی تایوان کە لێ جێنیش دەبێ.

١٩٤٩/١٢/٨

دامەزراندنی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەهاناوەچون و خستنە سەرکاری پەنابەرانی فەلەستنی (ئۆنروا) UNRWA.

١٩٤٩/١٢/٩

بریاری نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە ٣٠٠ بە جەختکردنەوە لەسەر دۆخی قودس کە بخرێتە ژێر سیستەمێکی نێودەولەتی.

١٩٤٩/١٢/١٠

سوپای رزگاریخوازی میللی چینی گەمارۆی شاری( چنگدو ) دەدەن کە کۆمینتاگەکان لێ کۆببونەوە سەرۆکی راکردووی چین ( چیان کای چیک) ناچار دەکەن ئەوێ جێبێلێ و بەرەو تایوان رابکا.

١٩٤٩/١٢/١٠

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراق بریار لەسەر دامەزراندنی کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراق دەدا بە سەرۆکایەتی جەودەت ئەیوبی ئەم کابینە تا ١٩٥٠/٢/١ بەردەوام دەبێ.

١٩٤٩/١٢/١٣

کەنێستی ئیسرائیلی رەزامەندی دەدا پایتەختی ئیسرائیل بگواسترێتەوە قودس.

١٩٤٩/١٢/١٣

دامەزرادنی مۆساد ( دەزگای هەوالگری و ئەرکە تایبەتیەکانی ئیسرائیل).

١٩٤٩/١٢/١٩

ئەدیب ئەلشیشکەلی لە سوریا کودەتا بەسەر سامی ئەلحناویدا دەکا کە بەنیاز بوو ئێراق و سوریا یەکبخا، سامی حناویش پێشتر کودەتای بەسەر حوسنی ئەلزەعیمدا کرد کە بەرەگەز کوردو یەکەم سەرۆککۆماری سوریا بوو..

١٩٤٩/١٢/٢٧

ئەندەنوسیا لە داگیرکاری هۆلەندا رزگاری دەبێ و سەربەخۆیی رادەگەیەنێ.

١٩٥٠/١/٦

بەریتانیا بەفەرمی دان بە کۆماری چینی میللی دادەنێ وەکو تاقە نوێنەری گەلی چینی، ئەو دانپێدانانەی بە تایوانی دابوو دەیکێشێتەوە.

١٩٥٠/١/٢٣

بۆ جاری دووەم کنیست ی ئیسرائیل رایدەگەیەنێ کە قودس پایتەختی ئیسرائیلە و دام و دەزگاکان بۆ ئەوێ دەگوازێتەوە.

١٩٥٠/١/٣١



شێخ عەبدولا سالم ئەلسەباح بە میری کوێت دادەنرێ، ئەمیش وەکو یانزەمین میری کوێت دەبێ ، ناوبراو لە سەر حوکم دەمێنێتەوە تا مردنی لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٦٥.

١٩٥٠/٢/٥

کابینەی نوێی حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی توفیق ئەلسوێدی دادەمەزرێ ئەم کابینە تا ١٩٥٠/٩/١٢ درێژەی دەبێ.

١٩٥٠/٢/١٣

بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی بەغدا خالد ئەلحجازی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو ئەنجام دەدا.

١٩٥٠/٢/١٤

ستالین و ماو تسی تۆنگ رێککەوتنێک واژۆ دەکەن. ستالین پەیمان دەدا دەستکەوتەکانی جەنگیان بۆ بگێرێتەوە و بەر لە تەواو بوونی ساڵی ١٩٥٢ دەستبەرداری هێلی شەمەندەفەری مەنشوریا بێ.

١٩٥٠/٣/٢

بریاری لێسەندنەوەی رەگەزنامەی ئێراقی لە جوەکان و رەوانە کردنیان بۆ ئیسرائیل بۆ تەواوکردنی دەولەتی ئیسرائیل دەرکرا.

١٩٥٠/٣/٨

بۆ یەکەمین جار یەکێتی سۆڤیەت رایدەگەیەنێ کە بۆتە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی.

١٩٥٠/٤/١٣

ڕێککەوتنی بەرگریی هاوبەش و هاوکاریی ئابوری لە نێوان دەولەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی واژۆ کرا.

١٩٥٠/٤/٢٤

ئوردن کەناری ڕۆژئاوا دەخاتە سەر ئیدارەی خۆی.




١٩٥٠/٥/١

کەمال جەنبولات حزبی پێشکەوتنی سۆسیالیستی لوبنانی دادەمەزرێنێ.

١٩٥٠/٥/٥

بومیبول ئەدولیادیج خۆی دەکاتە پادشای تایلاند.

١٩٥٠/٦/١٩



کۆچی دوایی شاعیر و فەیلەسوفی کورد پیرەمێرد. ناوی تەواوی حاجی تۆفیق کوڕی هەمزەئاغای مەسرەفە، ساڵی ١٨٦٧ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە،

سەرەتا خوێندنی ئاینی خوێندووە و پاشان چووەتە ئەستەنبوڵ و لەدوای خوێندنی حقوق بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان و موتەسەرڕیفی ئاماسیا و قایمقامی جولەمێرگ.

حاجی تۆفیق بەشداری لەدامەزراندنی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی - ١٩٠٨ کردووە و بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی.

پیرەمێرد لەدوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیای کەمالی، گەڕاوەتەوە باشوری کوردستان و دەستیکردووە بە دەرکردنی ڕۆژنامەکانی ژیانەوە و ژین و بەردەوام بووە لەم پیشەیەیدا تا کۆتای ژیانی.

پیرەمێرد جگە لە نووسینی وتار لە ڕۆژنامەکانی بەردەستی خۆی خاوەنی دیوانێکی هۆنراوەشە.

دواجار حاجی تۆفیق لەم ڕۆژەداو لە ساڵی ١٩٥٠لە سلێمانی کۆچی دوایکرد و لە گردی مامەیارە بەخاک سپێردراوە.

١٩٥٠/٦/٢٥

جەنگی نێوان هەردوو کۆریاکەی باکور و باشور، کۆریای باکور لەژێر سایەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆریای باشوریش لەژێر سایەی ئەمریکا بوو لە پێناو زاڵ بوندا کۆریای باکور هێرش دەکاتە سەر کۆریای باشور ئەم شەڕە تا ١٩٥٣/٧/٢٣ دەخایەنێ.

١٩٥٠/٦/٢٧

ئەمریکا بڕیار دەدا هێز بنێرێتە کشوەری کۆری بۆ بەشداریکردن لە شەڕی دژ بە کۆریای باکور.

١٩٥٠/٦/٢٨

پایتەختی کۆریای باشور (سیئول) دەکەوێتە دەست هێزەکانی کۆریای باکورەوە.

١٩٥٠/٧/٥

دەستپێکی بەگژ یەکدا چونی هێزەکانی ئەمریکی و کۆریای باکور لە جەنگی کۆری.

١٩٥٠/٨/١٤

پاکستان بەسەرۆکایەتی محمد علی جناح لە هیندستان جیا دەبێتەوە و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٥٠/٥/١٢

حکومەتی بەلژیکا سەرجەم فەرمانبەرە کۆمۆنیستەکان لەسەر کار لادەبا.

١٩٥٠/٩/١٦

کابینەی نوێی حکومەتی ئێراقی بەسەرۆکایەتی نوری سەعید رادەگەیەندرێ ئەم کابینە تەمەنی تا ١٩٥٢/٧/١ درێژەی دەبێ.

١٩٥٠/٩/٢٦

پاش ئەوەی کۆریای باکور لە ٢٨/حوزەیارنی ئەم ساڵ هێرش دەکاتە سەر کۆریای باشور و داگیری دەکات ، لەم رۆژەدا هێزەکانی ئەمریکا هاوکاری هێزەکانی کۆریای باشور دەدەن و بە هەردووکیان کۆریای باشور لەدەست هێزەکانی کۆریای باکور دەردێنن .



١٩٥٠/١٠/٧

سوپای چین هێرش دەکاتە سەر هەرێمی تبت کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوو، ئۆتۆنۆمی و بزوتنەوەی جوداخوازیان لێ هەلدەوەشێنێتەوە.



١٩٥٠/١١/١

دەرکەوتنی فرۆکەی مێک بۆ یەکەمین جار لەسەر هێزەکانی ئەمریکا لە جەنگی کۆری.

١٩٥٠/١١/٢٦

هێزەکانی چین دەگەنە ناو کۆریا بۆ راگرتنی پارسەنگی هێزەکانی کۆریای باشور کە ئەمریکیەکان هاوکاریان دەکرد.

١٩٥٠/١٢/٢

کۆمەلەی دامەزراندن لە لیبیا محەمەد ئدریس سنوسی بە پادشای لیبیا دادەنێن.

١٩٥٠/١٢/١٤

کۆمەلەی گشتیی نەتەوە یەککگرتوەکان رەزامەندی دەدا لەسەر دامەزراندنی کۆمیساری بالای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەناهەندەکان،مەبەست لەم کۆمیسارە هاوکاری کردن و چارەسەر کردنی کێشەکانیانە.

١٩٥٠/١٢/١٦

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەولێر لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایان لە هەولێر دەردەچێ.

١٩٥١/١/٤


هێزەکانی چین و کۆریای باکور لەمیانی جەنگی کۆریەکان سیئول داگیر دەکەن.

١٩٥١/١/٩

بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویورک بە فەرمی دەکرێتەوە.

١٩٥١/١/١٥

کۆچی دوایی رۆژنامە نوس و سیاسەت مەداری کورد میر جەلادەت بەدرخان لە دیمەشق.




میر جەلادەت کوڕی ئەمین عالی بەدرخانی کوڕی بەدرخان پاشایە ناوبراو لە ١٨٩٧/٤/٢٦ لەئەستەنبۆل لە دایک بووە، دواتر بۆ بەدەستهێنانی پلەی خوێندنی بەرز رووی لە ئەڵمانیا کردووە و توانیوویەتی پلەی ماستەر لە یاسادا بەدەستبهێنێت.

بەشداریی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کردوە . لە ١٥ی ئایار گۆڤاری هاوار ی دەرکردوە تا ٥ی تەموزی ١٩٤٣ بەردەوام دەبێ پێشتریش گۆڤاری رۆناهیی دەرکردوە.



١٩٥١/٤/٩


خۆکوشتنی نوسەری بەناوبانگ سادق هیدایەت لە پاریس ، وەرگێڕ و رووناکبیری ئێرانی .

هیدایەت لە پێشڕەوانی چیرۆکنووسی نوێی ئێران و رووناکبیر مەڵکەوتوو بوو. زۆرێک لە لێکۆڵەران رۆمانی «بوف کور»ی ئەویان پێ بەناوبانگترین و دەرکەوتووترین بەرهەمی وێژەی چیرۆکی هاوچەرخی ئێران بووە.

هەرچەند ناوبانگی میدایەت هی نووسەرییە، بەڵام چەند بەرهەمێک لە نووسەرانی گەورە وەکوو ژان پۆل سارتەر، فرانتس کافکا و ئانتۆن چێخۆڤیشی وەرگێڕاوە.

ڕێژەی بەرهەمەکانی کە سەبارەت بە نووسراوەکان و هەروەها شێوەی ژیان و خۆکوشتنی سادق هیدایەتن ئەوە دەردەخەن کە بزاڤی ڕووناکبیری ئێران زۆر لەسەری کاریگەر بووە.

دوای کۆچی دوایی لە گۆڕستانی پێر لاشێز لە پاریس دەنێژرێ.



١٩٥١/٤/٢٨

دکتۆر موسەدەق دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێران.

١٩٥١/٥/٢

خۆماڵی کردنی نەوتی ئێران لەسەر دەستی دکتۆر موسەدەق.   حکومەتی ئێران بەسەرۆکایەتی دکتۆر موسەدەق نەوتی ئێران خۆماڵی دەکا. چونکە ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندیەکانی هەریەک لە ئەمریکا و بەریتانیای دەدا بۆیە بە هاوبەشی لە پرۆسەیەکدا بەناوی (پرۆسەی ئەجاکس) لە ١٩٥١/٤/٢٨ و ١٩٥٢/٧/١٦ ئەم بڕیارەی هەڵدووەشێننەوە و کار بۆ روخانی حکومەتی موسەدەق دەکەن.

١٩٥١/٥/١٢

ئەمریکا بۆمبی هایدرۆجین لە زەریای هێمن تاقی دەکاتەوە.

١٩٥١/٥/١٦

دامەزراندنی بەرەی میللیی یەکگرتوو( الجبهه الشعبیه المتحده) .

١٩٥١/٦/١١

پورتوگال رایدەگەیەنێ کە مۆزەمبیق بەشێکە لە پۆرتوگال.

١٩٥١/٦/١٣

دوای هەڵگیرسانی جەنگی نێوان کۆریای باکور و باشور پێشەنگی هێزەکانی نێو دەولەتی دەگەنە ناو خاکی کۆریای باکور.

١٩٥١/٦/١٣

بەهۆی شەڕی ناوەخۆی کۆریاوە لەسەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، یەکەکانی هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی، گەیشتنە ناو شاری پیۆنگ یانگی پایتەختی کۆریای باکور، بەئامانجی بەرگرتن لەپەرەسەندنی جەنگەکە.

١٩٥١/٦/٢٠

حزبی نەتەوەی سۆسیالیست( حزب الامه الاشتراكی) لە بەغدا لەلایەن سالح جەبر و هاوڕێیانی دادەمەزرێ کە هەندێک لە کەسایەتی کوردیشیان لەگەڵدا دەبێ.


١٩٥١/٧/١٠

سەرەتای دەستپێکی دانوستانەکانی کۆتایی هێنان بە جەنگی نێوان هەردوو کۆریەکەی باکور و باشور بەلام بە دروستی جەنگ تا ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٥٣ بەردەوام دەبێ.

١٩٥١/٧/١٦

هەندێک لە ئەندامانی حزبی نەتەوەیی کۆمەلایەتی سوری لە تۆڵەی لەسێدارەدانی ئەنتوان سعادە، لە ئوردن ریاز ئەلسولحی سەرۆک وەزیرانی لوبنان تیرۆر دەکەن .

١٩٥١/٧/٢٠



تیرۆر کرنی شا عەبدولای یەکەم پادشای ئوردن لەسەر دەستی کەسێکی فەلەستینی لەکاتی سەردانی پادشا بۆ مزگەوتی ئەقسا، چونکە پێ وابوو کە پادشا بە تەنیا ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ دەکا.

١٩٥١/٩/٥

پاشا تەلال کوڕی عەبدولا کوڕی حوسێن دەبێتە پادشای ئوردن، پاش ئەوەی باوکی لە قودس دەکوژرێ و کورە گەورەکەی شازادە حوسێن نەجاتی دەبێ.

١٩٥١/١٠/٧

بڕیاردان لەسەر دەستوری لیبی لە بنغازی و دامەزراندنی پادشانشینی لیبی لەژێر تاجی محەمەد ئدریس سنوسی.

١٩٥١/١٠/١٧

تورکیا دەبێتە ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆNATO و هەمان ساڵیش هێز ڕەوانەی کۆریا دەکا.



١٩٥١/١٠/٢٧

هەلوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی نێوان بەریتانیا و میسر تایبەت بە حوکمرانیی دوو قۆلیی میسر و بەریتانیا بۆ سودان.

١٩٥١/١٢/٢٤

سەربەخۆیی لیبیا لە ژێر دەستی ئیتالیەکان.



١٩٥١/١٢/٢٤

محمد ئدریس ئەلسنوسی دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لیبیا ڕژێمی پادشایەتی لەو ولاتە ڕادەگەیەنێ وخۆی دەکات بە پادشای پادشانشینی لیبی .

١٩٥٢/١/١٤

دوبارە هەڵبژاردنەوەی جوزیف بروز تیتۆ بە سەرۆکی کۆماری یوگسلافیا.

١٩٥٢/١/١٨

دەستپێکردنی شۆڕشێکی میللی لە تونس بۆ دەرکردنی هێزەکانی فرەنسی لەو ولاتە و بەوهۆیەوە هێزەکانی فرەنسی ئەلحەبیب بۆرقێبە دەستگیر دەکەن.



١٩٥٢/٢/٦

ئێلیزابێت ئەلیکساندەر ماری (ئێلیزابێثی دووەم) **Elisabeth II** دوای ئەوەی جۆرجی شەشەمی باوکی کۆچی دوایی دەکا.تاجی پادشایەتی بەریتانیا دەنێتە سەر.

ناوبراو بو بە پادشای دەستوریی ١٦ دەولەت لە کۆی ٥٣ دەولەت لە دەولەتانی کۆمنوێلث کە هەر خۆی سەرۆکایەتیی ئەوان و کەلیساش دەکا.

١٩٥٢/٣/٣

شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان لەگەڵ (سالح جەبر)ی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقدا کۆبوونەوە و تاووتوێی چەند پرسێکی تایبەت بەکوردو ئێراقیان کرد.

١٩٥٢/٣/٢١

دوایین حوکمی لەسێدارەدان لە هۆلەندا جێبەجێ دەکرێ.

١٩٥٢/٣/٢٦

فرەنسیەکان ئەندامانی حکومەتی تونسی دەستگیر دەکەن وبۆ باشوری فرەنسا دوریان دەخەنەوە.

١٩٥٢/٣/٣٠

دووەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک دەبەسترێ.

١٩٥٢/٤/٢٢

ئێران سکالا لە بەریتانیا دەکا لەسەر دەست خستنە ناو دەولەتی بەحرێن چونکە ئێران بەحرێن بە بەبەشێک لە خاکی خۆی دەزانێ.

١٩٥٢/٤/٢٨

کۆتایی هاتن بە داگیرکاری ئەمریکا بۆ ژاپۆن دوای واژۆکردنی رێککەوتننامەی ئاشتیی سان فرانسیسکۆ.

١٩٥٢/٥/٢٩

یۆنان مافی دەنگدان بە رەگەزی مێینە دەدا.



١٩١٥٢/٧/١٢

ئیرادەی پادشایەتی ئێراق بریاری پێکهێنانی کابینەی نوێ بەسەرۆکایەتی موستەفا مەحمود ئەلعمری دەردەکا تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٥٢/١١/٢٣ بەردەوام دەبێ.

١٩٥٢/٧/٢٢

ئەحمەد نەجیب ئەلهیلال کابینەی نوێی حکومەت لە میسر پێکدێنێ . ئەم کابینە بەهۆی شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆوە تەمەنی هەر کاتژمێرێک دەبێ.

دوای پێکهێنانی حکومەت لە هەمان شەو شۆڕش هەلدەگیرسێ و حکومەت نەجیب ئەلهیلالی لە بەین دەچێ ، بەم شێوە ئەم حکومەتە دەبێتە تەمەن کورترین حکومەتی میسر .

١٩٥٢/٧/٢٣



بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە میسر کودەتایەک لە دژی مەلیک فاروقی یەکەم ئەنجام دەدەن.

بئەم کودەتایە بە شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ هاتە ناسین ، لە ئەنجام رژێمی پادشایەتی لە ناو دەبەن و سیستەمی کۆماری پیادە دەکەن.

١٩٥٢/٧/٢٦

دوای شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆی میسری، مەلیک فاروقی یەکەم لە بەرژەوەندی ئەحمەد فوادی کوری دەست لە تاجی پادشایەتی هەڵدەگرێ و خۆی و هاوسەری نەریمان میسر جێ دەهێلن.

١٩٥٢/٨/١٢

ئەرتیریا بە فەرمی خرایە سەر ئەسیوبیا.

١٩٥٢/٩/٩

ئەمینداری گشتیی کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی عەبدولرەحیم عەزام دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە.

١٩٥٢/٩/١٠

دوای دەست لەکار کێشانەوەی عەبدولرەحمان عەزام لە ئەمینداریێتی کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی محەمەد عەبدولخالق حسونە جێگەی دەگرێتەوە.

١٩٥٢/١٠/٤

دوای ٢٩ ساڵ لە نەبەستنی کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی ئەمرۆ کۆنگرەی حەڤدەمینی حزب دەبەسترێ . ستالین دەبێتە بڕیاردەری کۆنگرەو وتار دەخوێنێتەوە.

١٩٥٢/١١/١

ئەمریکا بۆ یەکەمین جار بۆمبی هیدرۆجینی لە دورگەی ئەنیتوک دەتەقێنێتەوە، ئەم بۆمبە بریسکەی بە هەزار جار لە بریسکی خۆر بەهێزتر و ئاگرەکەی بە پانی دوو میل هەزار پێ بەرزی بوو خاکی ئەو دورگەشی بەتەواوەتی سوتاند.



١٩٥٢/١١/٤

دواییت ئەیزن هاوەر Dwight David Eisenhower بە سەرۆکی ئەمریکا دێتە هەڵبژاردن.



١٩٥٢/١١/٢٣

ئیرادەی پادشایەتیی ئێراق بریار لەسەر پێکهێنانی کابینەی وزاری بەسەرۆکایەتی نورەددین مەحمود دەدا ئەم کابینەش تەمەنی تا ١٩٥٣/١/٢٩ درێژ دەبێ.

١٩٥٢/١٢/١٥

یەکەم ئۆپەراسیۆنی گۆڕینی رەگەزی مرۆڤ لە دانیمارک ئەنجام درا بۆ هاولاتیەکی دانیمارکی بەناوی جورج یورجنست کە دواتر دەبێتە کریستین یورجستن.

١٩٥٣/١/٧

هاری ترومانی سەرۆکی ئەمریکا رایدەگەیەنێ کە توانیویانە بۆمبی هیدرۆجینی پەرەپێبدەن.

١٩٥٣/١/١٢

جەماڵ عەبدولناسری لە بڕیارێکیدا کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمین هەڵدەوەشێنێتەوە، هەرچەندە لە ٨ی/١٢/١٩٤٨ لەسەردەمی پادشایەتی ئەم بزوتنەوە هەلوەشێندرابۆوە بەلام ئەمجارەیان لەسەردەمی کۆماریش بڕیاری هەلوەشانەوەی دەدرێ.

١٩٥٣/١/١٣

یوگسلافیا دەستوری ولات رادەگەیەنێ و جوزیف بروز تیتۆ دەکەن بە سەرۆکی یۆگسلافیا.

١٩٥٣/١/٢٠

دوایت ئایزن هاوەر کە بە سەرۆکی ئەمریکا هاتە هەلبژاردن، لەم رۆژەدا دەست بەکار دەبێ .

١٩٥٣/١/٢٦

کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک دەبەسترێ.

لەم کۆنگرە ناوی پارتی گۆڕدرا لە پارتی دیموکراتی کورد-ئێراقەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق.

١٩٥٣/١/٢٩

پێکهێنانی کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراق بەسەرۆکایەتی جەمیل مەدفەعی بۆ جاری پێنجەم تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٥٣/٩/١٧ درێژەی دەبێ .

١٩٥٣/٢/١٨

دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، ئەم رێکخراوە پیشەییە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

١٩٥٣/٢/٢٨

هەریەک لە زانا (جیمس وتسون) و (فرەنسیس کریک) پێکهاتەی کیمیاویی DNA دەدۆزنەوە بەلام بە فەرمی لە ٢٥ نیسان ئەم هەواڵە رادەگەیەندرێ.

١٩٥٣/٣/٥

راديۆی سۆڤیەتی مردنی ستالین رادەگەیەنێ.

١٩٥٣/٣/٢٨

لیبیا دەبێتە ئەندام لە کۆمکاری عەرەبی.



١٩٥٣/٣/٢٩

دوای ئەوەی پەنجا هەزار سەرباز لەدەست دەدا ئەمریکا لە ڤیتنام دەکشێتەوە.

١٩٥٣/٤/٧

داغ همر شولد بە سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان دێتە هەلبژاردن.

١٩٥٣/٤/٩

دامەزراندنی یەکێتی پۆستی عەرەبی.



١٩٥٣/٥/٢

مەلیک حوسێن بە فەرمی دەبێتە پادشای ئوردن دوای ئەوەی باوکی مەلیک تەلال بەهۆی نەخۆشیەوە دەست لەکار دەکێشێتەوە.

١٩٥٣/٥/٢

فەیسەلی دووەم دەبێتە پادشای ئێراق دوای ئەوەی ماوەی پێسپێردنی خالی عەبدولئیلاه تەواو دەبێ کە ماوەی ١٤ساڵی خایاند. ئەویش تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ.

١٩٥٣/٦/٢

شاژن ئێلیزابێتی دووەم بە فەرمی دەکرێتە پاشای بەریتانیا کە ئەوکات تەمەنی ٢٥ساڵ بوو.

١٩٥٣/٦/١٨



هەلوەشاندنەوەی رژێمی پادشایەتی لە میسر و راگەیاندنی سیستەمی کۆماری بەسەرۆکایەتی لیوا محمد نجیب.

١٩٥٣/٨/١٢

یەکێتی سۆڤیەت یەکەم بۆمبی هێدرۆجینی دەتەقێنێتەوە.

١٩٥٣/٨/١٦

لە ئێران محەمەد مسەدەق کودەتا بەسەر شای ئێران رەزا شادا دەکا.

١٩٥٣/٨/١٩

دوای دوو رۆژ لە کودەتاکەی دکتۆر محەمەد مسەدەق بەسەر شای ئێراندا، ناوبراو( شا) بە پالپشتی ئەمریکا و ئەفسەرانی لایەنگری لە ئێران دەگەرێتەوە سەر دەسەلات و دەبێتەوە شای ئێران.

١٩٥٣/٩/١٣

نیکیتا خروشۆف دەبێتە ئەمینداری حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی.



١٩٥٣/٩/١٧

پێکهێنانی کابینەی وزاریی نوێ بەسەرۆکایەتی محەمەد فازل ئەلجەمالی تەمەنی ئەم کابینە تا ١٩٥٤/٤/٢٩ درێژەی دەبێ.

١٩٥٣/١١/٩

کەمبۆدیا کە لە ساڵی ١٨٦٣ وە لەژێر پارێزی فرەنسادا بوو ئەمرۆ سەربەخۆیی وەردەگرێ.



١٩٥٣/١١/٩

شا عەبدولعەزیزی ئالسعود دامەزرێنەری شانشینی عەرەبی سعودی کۆچی دوایی دەکا.

١٩٥٣/١٢/٩



لەم رۆژەدا مۆسکۆ دەرگای کۆشکی کرملین بەروی گەشتیاراندا دەکاتەوە. کرملین دەکەوێتە سەر گردۆلکەی بۆرۆفیتسکی کە ٢٥ مەترێک لە کەناری چەپی روباری مۆسکۆوە بەرزە و لە ١٣٣١ ناوی کرملێنی لێنراوە.

١٩٥٣/١٢/١٠

چرچل سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا خەلاتی نۆبل بۆ ئەدەب وەردەگرێ.

١٩٥٣/١٢/٢٣

سەرۆکی هەوالگری سۆڤیەتی لافرینتی بیریان کە لە پۆستەکەی دور خرابۆوە لە سێدارە دەدرێ.

١٩٥٤/١/١٣

دەسەلاتدارانی میسر هەلمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی ئیخوان ئەلموسلمین دەست پێدەکەن لەم میانە ٣١٨ ئەندامیان لێ دەگرن.

١٩٥٤/٤/١٢

فرەنسا بە فەرمی دان بە ڤیتنامی باکوردا دەنێ.

١٩٥٤/٤/٢٦

کۆنگرەی جنیف بۆ ئاشتی لە هیندی چینی و کۆریا دەست پێدەکا.

١٩٥٤/٤/٢٩

كابينەی نوێی وزاریی ئێراقی بەسەرۆکایەتی ئەرشەد ئەلعمەری پێکدێ تەمەنی تا ١٩٥٤/٨/٤ درێژەی دەبێ.

١٩٥٤/٥/٧



سوپای ڤیتنامی شاری دیان بیان فو ئازاد دەکەن و ژمارەی ١٦٠٠٠ سەرباز و ئەفسەری فرەنسیش بەدیل دەگرن ، دوای ئەوەی هێزەکانی فرەنسی لەم ولاتە زنجیرەیەک شکست بەدەست دێنن ناوچەکە بۆ هێزەکانی ئەمریکی جێدەهێلن کە ئەوانیش نزیکەی یەک ملیۆن و نیو سەرباز بۆ هاوکاری سایگۆن دێننە ڤێتنام بەلام دواجار ئەوانیش بە شکستخواردوویی دەگەرێنەوە ولاتەکەی خۆیان دوای زیانێکی زۆر.

١٩٥٤/٥/١٢

دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوی ئێراق کە پارتی دیموکراتی ئێراق و کۆمۆنیستی ئێراق و پارتی سەربەخۆیی(ئیستقلال) و هەندێک بێلایەنی تێدا ئەندام بوون.

١٩٥٤/٥/١٥

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەتاو لە هەولێر دەرچوو.

١٩٥٤/٧/٢٧

لە تەقە وەستانێکدا ڤیتنام دەکرێتە دوو لەت ڤیتنامی باکور و ڤیتنامی باشور.

١٩٥٤/٨/٤

نوری سەعید کابینەی وزاریی حکومەتی ئێراقی پێکدێنێ تەمەنی کابینەکەی تا ١٩٥٧/٦/٢٠ درێژەی دەبێ.

١٩٥٤/٨/٢٤

کۆنگرێسی ئەمریکی رەزامەندییدا کە حزبی کۆمۆنیست بەهۆی خەتەرناکییەوە لەناو ببردرێ.

١٩٥٤/٨/٢٤

سەرۆکی بەرازیل جیتو لییو فارجاس بەهۆی زۆری کێشەی سیاسی لە ولاتەکەی خۆی دەکوژێ.

١٩٥٤/١٠/٢

ئەلمانیای رۆژئاوا دەبێتە ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆ **NATO** .



١٩٥٤/١٠/٨

لە میانی جەنگی باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا جەنگی ڤیتنام کۆمۆنیستەکان دەست بەسەر هانۆیدا دەگرن لە باکوری ڤێتنام.



١٩٥٤/١٠/٢٦

لە مەیدانی مەنشیە لە ئەسکەندەریەی میسر لەکاتی گوتار خوێندنەوە جەمال عەبدول ناسر رووبەرووی هەولی تیرۆر کردن دەبێتەوە، ئەم رووداوە بە روداوی (مەنشیە) هاتە ناسین.

١٩٥٤/١٠/٢٩

بەهۆی هەولی تیرۆر کردنی جەمال عەبدولناسر لە مەنشیەی ئەسکەندەریە جەمال عەبدولناسر ئیخوان ئەلموسلمین قەدەغە دەکات.

١٩٥٤/١١/١

شۆڕشی جەزائیر دەست پێدەکات بە سەربەخۆیی یەکجارەکی کۆتایی دێت. ئەو شۆڕشەی بە شۆڕشی یەک ملیۆن شەهید هاتە ناسین.





١٩٥٤/١١/١٤

محەمەد نەجیب یەکەم سەرۆککۆماری میسر لەدوای لەناوبردنی رژێمی پادشایەتی لەلایەن دەستەی ئەفسەرانەوە دوردەخرێتەوە و دەخرێتە ژێر نیشتەجێبونی زۆرەملێوە. جەمال عەبدولناسر کە ئەوکات سەرۆکی حکومەت بووە جێی دەگرێتەوە.

١٩٥٤/١٢/٢٤

لاوس سەربەخۆیی وەردەگرێ.




١٩٥٥/٣/٢٥

واژۆ کردنی رێککەوتنی رۆما تایبەت بە دامەزراندنی بازاری ئەورویی هاوبەش.

١٩٥٥/٣/٣٠

بەریتانیا لە پەیمانی بەغدا بەشدار دەبێ و لەگەڵ ئێراق ئەو پەیمانە واژۆ دەکا.

١٩٥٥/٤/٥

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ونستون چرچل دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە و ئەنتونی ئایدن شوێنی دەگیرێتەوە.

١٩٥٥/٤/١٥

یەکەمین چێشتخانەی ماکدۆنالد بۆ جەمە خێراکان لە ئەلینۆی ئەمریکا دەکرێتەوە.



١٩٥٥/٤/١٨

بەستنی کۆنگرەی باندۆنگ لە ئەندەنوسیا کە نوێنەری ٢٩ دەولەتی ئەفریکی تیایدا بەشدار بوون.

وێڕای بەشداری سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر و جەواهر لال نەهرۆی سەرۆکوەزیرانی هیند و جۆزیف بروز تیتۆی سەرۆکی یۆگسلافیا .

مەبەست لەو کۆنگرە دامەزراندنی بزوتنەوەی دەولەتانی بێلایەن بوو.

١٩٥٥/٤/٢٥

دوای کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەن لەئیندۆنیسیا، لەم رۆژەدا بزوتنەوەی بێلایەن ڕاگەیەندرا، کە دواتر کۆمەڵەی وڵاتانی بێلایەنی لێکەوتەوە، بۆ ئەوەی خۆیان لەسیاسەتەکانی هەردوو بلۆکی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا بەدوور بگرن.

ئەم بزوتنەوە لەلایەن هەریەک لە جەمال عەبدولناسر ( میسر) و جۆزیف بروز تیتۆ(یوگسلافیا) و جەواهر لال نەهرۆ (هیند) دامەزرا.

١٩٥٥/٥/٥

ئەلمانیای رۆژئاوا سەروەری خۆی دەگرێتەدەست و خۆی وەکو دەولەتێکی سەربەخۆ بەناوی ئەلمانیای فیدرالی رادەگەیەنێ.

١٩٥٥/٥/٩

ئەلمانیای رۆژئاوا دەچێتە ناو هاوپەیمانی ناتۆوە.




١٩٥٥/٥/١٤

دامەزراندنی پەیماننامەی وارشۆ لە ولاتانی بازنەی کۆمۆنیستی.

١٩٥٥/٨/٣١

وليام كوپ لە جەنەراڵ مۆتۆرز یەکەم ئۆتۆمۆبیل دەخاتە کار کە بە وزەی خۆر کار دەکا.

١٩٥٥/١١/٢٢



هاوپەیمانی بەغدا ناسراو بە هاوپەیمانی CENTO (Central Treaty Organization) لە نێوان ئێراق و تورکیا و ئێران و پاکسان کە پێشتر دامەزرا بوو لەم رۆژە بەریتانیاش دێتە ناوی، ئەم هەوڵانە هەمووی بە پشتگیری و هاندانی ئەمریکا بوو کە لە کۆبوونەوەکانیشدا وەکو چاودێر بەشداریی دەکرد بۆ دیاری کردنی ئاراستەکانی.

هەرچەندە هەریەک لە ئێراق و تورکیا و ئێران ئامانجی تایبەتی خۆیان هەبوو لەم هاوپەیمانێتیە بەلام ئەمریکا کە چاودێری و پشتگیریی دەکرد ئامانجی سەرەکیی پێشگرتن بوو لە بلاو بوونەوەی دەسەلاتەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەو ناوچەیە.

١٩٥٥/١٢/١٤

شانزە دەولەت دەبنە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە نێویاندا ئیسپانیا و پۆرتوگال و ئیتالیا.

١٩٥٦/١/١

راگەیاندنی سەربەخۆیی دەولەتی سودان لە ژێر دەسەلاتی میسر و بەریتانیا و لە هەمان کاتیشدا راگەیاندنی سیستەمی کۆماری لەو ولاتەیە.

١٩٥٦/١/١٨


گولەبارانکردنی رکابەری ئیسلامیی ئێرانی موجتەنەبی نواب سەفەوی کە دژی شا چالاکیی دەنواند.

١٩٥٦/١/١٩

سودان دەبێتە ئەندام لە کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی.

١٩٥٦/١/٣٠

ئەلمانیای رۆژهەلات دەبێتە ئەندام لە پەیمانی وارشۆ.



١٩٥٦/٢/١٤

نیکیتا خرۆشۆڤی Nikita Khrushchev سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت و جێگرەوەی ستالین **Jozef Stalin** لە کۆنگرەی گشتیی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی رەخنەی توند لە ستالین دەگرێ و تاوانەکانی لەبەردەم ئەندامانی کۆنگرە ئاشکەرا و رسوا دەکا.

١٩٥٦/٢/٢٩

دوای نۆ سال لە سەربەخۆ بوونی لەم رۆژەدا پاکستان وەکو کۆماری پاکستان خۆی راگەیاند.

١٩٥٦/٣/١

بەعەرەبکردنی سوپای ئوردنی و دەرکردنی غلوب پاشا کە ئەفسەرێکی زیرەک و شارەزای بەریتانی بوو، لەگەڵ هەلوەشاندنەوەی رێککەوتنی ئوردنیی بەریتانی.

١٩٥٦/٣/٢

سەربەخۆبونی مەغریب لە ژێر پارێزبەندی فرەنسی.

١٩٥٦/٣/٢

لەگەڵ راگەیاندنی سەربەخۆبوونی مەغریب، حکومەتی فرەنسی بە فەرمی دان بە سەربەخۆیی مەغریب دادەنێ.

١٩٥٦/٣/٣

بۆ یەکەمین جار لە میسر بەپێی دەستوری نوێ ماف بە ژن دەدرێ لە نێویاندا، مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان.



١٩٥٦/٣/٩

بەریتانیەکان سەرکردەی قوبرسی مەکاریوسی سێیەم بۆ دورگەی (سیشێل) دوور دەخەنەوە.

١٩٥٦/٣/٢٠

سەربەخۆ بوونی تونس لە ژێر پارێزبەندی (ئینتداب)ی فرەنسی جگە لە بەندەری بنزرت.

١٩٥٦/٣/٢٩

شاعیری ناوداری گەلی کورد (میرزا مارف) کۆچی دوایی کردووە.

١٩٥٦/٤/٧

رزگار بوونی مەغریب لەژێر پارێزبەندی (ئینتداب)ی ئیسپانی.

١٩٥٦/٥/٢٥

عەبدولای یەکەمی کوری ئەلحوسێن سەربەخۆیی ئوردن رادەگەیەنێ.

١٩٥٦/٦/١٨

کێشانەوەی دوا سەربازی بەریتانی لە کەنالی سوێس بەپێێ ئەو رێککەوتنەی لە نێوان بەریتانیا و میسر واژۆ کرابوو.

١٩٥٦/٧/١٩

ئەمریکا لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە کە تایبەت بوو بە هاوکاری کردنی میسر بۆ تەواو کردنی بەنداوی باڵا(السد العالی) لە ناوچەی ئەسوان و لەسەر  روباری نیل.

١٩٥٦/٧/٢٦

جەمال عبدالناسر  لە مەیدانی مەنشیە لە ئەسکەندەریە خۆمالی کردنی کەنالی(تەنگەئاو) رادەگەیەنێ.

١٩٥٦/٦/٢٧

فەرماندەی سەربازی ئینگلیز بەهۆی خۆمالی کردنی کەنالی سوێس نەخشەیەکی هێرش کردنە سەر میسر دادەرێژێ بەناوی ( نەخشەی ٧٠٠).

١٩٥٦/٨/٢

فرەنساش دەچێتە بەرەی بەریتانیا و ئیسرائیل لە دژایەتی کردنی میسر بۆ خۆماڵی کردنی کەنالی سویس.

١٩٥٦/٨/٩

سەنگافورا لە مالیزیا جیا دەبێتەوە.

١٩٥٦/١٠/١٩

کۆچی دوایی شێخ مەحمودی حەفید. شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد (ناسراو بە شێخ محەمەدی بچکۆل) کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نودێ، لەساڵی ١٨٨١ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە.

سەرەتای منداڵی بە خوێندنی ئاینی دەست پێ کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی باشی کردۆتە سەر ژیانی ئایندەی لە ڕووی خوێندەوارییەوە، لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی شارەزاییەکی باشی هەبووە

ژیانی سیاسیی شێخ مەحمود؛

شارەزایانی بواری سیاسەتی کوردی بە گشتی و ئەوانەی، لە سەردەمی مێژووی حوکمدارییەکانی شێخ مەحمودی حەفیدیان بە تایبەتی نووسیوەتەوە، سەرەتای دەرکەوتنی شێخ مەحمود دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

١/ بوونی پەیوەندی بنەماڵەکەیان لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی(١٨٧٦-١٩٠٩) کە هەندێک باسی چوونی شێخ مەحمود و باوکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە یان سەرەتای سەدەی بیستەمی زاینی بۆ ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکەن، لە سەر میوانداری سوڵتانی عوسمانی بە مەبەستی بەشداریکردن لە میهرەجانێکی نێودەوڵەتی، کە دەڵێن گوایا شێخ مەحمود لە باوکی پرسیووە دەربارەی ئەو بەیداخە ڕەنگاوڕەنگانەی وڵاتانی بەشداربووی میهرەجانەکە و باوکیشی لە وەڵامدا پێی وتووە: ئەوە ئاڵای وڵاتانە و هەر نەتەوەیەک ئاڵای وڵاتی خۆی هەیە. لە وەڵامیشدا شێخ مەحمود وتوویەتی: شەرتبێ ئەبێت منیش ئاڵایەک بۆ کورد هەڵبکەم.

٢/ ڕووداوەکەی شاری موسڵی ساڵی ١٩٠٩ کە تیایدا باوکی شێخ مەحمود و مامی و برایەکی تیاچوون و شێخ مەحمودیش بە نهێنی گەڕێنرایەوە بۆ شاری کەرکوک و دواتر بۆ سلێمانی و دانانی پرسە بۆیان لە هەردوو شارەکە و بەشداری و پاڵپشتی خەڵک و شێخانی تەریقەت، زیاتر شێخیان لە سەرکردایەتی کردن نزیک کردۆتەوە.

٣/ ڕووداوەکانی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و دەرکەوتنی شێخ مەحمود وەکو سەرکردەیەکی سەربازی لە بە پیرەوەچوون بۆ بانگکردنی غەزای سوڵتانی عوسمانی و شەڕکردن بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە شوعێبە لە ساڵی ١٩١٤ دا و دواتریش وەکو سەرکردەیەکی پارێزەری ناوچەکانی باشووری کوردستان لە هێرشی سووپای ڕوسیای قەیسەری لە پێنجوێن بە نمونە.

٤/ هاتنی سووپای بەریتانیا بۆ ناوچەکە و پەیوەنی کردنی شێخ مەحمود لە ڕێگەی ناردنی نوێنەرەکانییەوە پێیانەوە.

لە ئەنجامی دۆڕاندنی عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی و بوونی پەیوەندی لە نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیز دا، لەساڵی ١٩١٨ دا بە بەشداری مێجەر نۆئێل لە سلێمانی شێخ مەحمود وەکو حوکمداری کوردستان لە سلێمانیدا ناسێنرا.

شێخ مەحمود لەم ماوەیەدا حکومەتی یەکەمی دامەزراند و ڕۆژنامەی ئستقلالی کوردستانی دەرکرد و زمانی کوردی کرد بە زمانی فەرمی لە سلێمانیدا.

تێکچوونی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمودی حەفید و هێزەکانی ئینگلیز لە کخوارووی کوردستان و عێراودا:

پاش ساڵێک لە حوکمڕانی یەکەمی شێخ مەحمودی حەفید، واتە لە ساڵی ١٩١٩ دا، بەهۆی داواکارییەکانی شێخ مەحمود لە هەرچی دەسەڵاتی زیاتر و خستنە ژێر دەستی تەواووی خوارووی کوردستان بۆ ناو دەسەڵاتەکەی و بە دەنگەوە نەچوونی ئینگلیز، شێخ مەحمود شۆڕشی بەرپا کرد و بە هاوکاری مەحمود خانی دزڵی و پیاوەکانی شاری سلێمانی لە ئینگلیزەکان پاک کردەوە.

لە وەڵامیشدا ئینگلیز لە کەرکوکەوە هێزیان بەرەو سلێمانی هێنا و لە دەربەندی بازیان لەگەڵ هێزەکەی شێخ مەحمود پێکیانداداو لە ئەنجامیشدا هێزەکەی ئینگلیز بە هۆی زۆری ژمارەیان و بوونی چەکەوە بەسەر هێزەکەی شێخ مەحمود دا، سەرەڕای باسکردنی خیانەت کردنی سەرۆک هۆزێکی کورد (موشیری حەمەی سلێمان) و هاوکاریکردنی هێزی ئینگلیز، سەرکەوتن و شێخ مەحمودیان بە بریندارى گرت و ناردیانە بەغدا.

پاش دەستگیرکردنی شێخ مەحمودی حەفید لە بەردەقارەمان، شێخ مەحمود برایە شاری بەغدا و لە دادگایکردنێکی سەربازیدا، بڕیاری لە سێدارەدان بەسەر شێخ مەحمود دا سەپێنرا، بەڵام دواتر بڕیارەکە گۆڕدرا بۆ دوورخستنەوە بۆ دورگەی ئەندامان لە ناو زەریای هندی.

شێخ مەحمودی دەگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٢٢ دا:

لە ژێر ڕۆشنای ئەو بارودۆخەی کە خوارووی کوردستانی گرتەوە، بەهۆی چالاک بوونی بانگەشەی تورکەکان و هاتنی هێزێکیان بە سەرکردایەتی ئۆزدەمیر بۆ ڕەواندوز، هەروەها ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی باشووری کوردسدتانی گرتەوە، ئینگلیزەکان ناچاربوون شێخ مەحمود بگەڕێننەوە بۆ کوردستان.

ئینگلیزەکان سەرەتا شێخ مەحمودیان لە زەریای هندییەوە هێنایە کوێت و دواتر لەوێوە بۆ شاری بەغدا، پاشان شێخ مەحمود لە کفرییەوە تا سلێمانی بە سواری لە پێشوازییەکی جەماوەری فراواندا و لە مانگی ئەیلولی ١٩٢٢ دا لەگەڵ مێجەر نۆئێل گەڕایەوە سلێمانی و وەکو حوکمدار ناسێنرایەوە و ئەویش حکومەتی

دووەمی دامەزراند و ڕۆژنامەی بانگی کوردستانی کردە زمانحاڵی حکومەتەکەی و لە مانگی تشرینی دووەمیشدا خۆی وەکو مەلیکی کوردستان ناساند و ئاڵای کوردستانی هەڵکرد.

شێخ مەحمودی حەفید وەکو مەلیکی کوردستان ١٩٢٢ - ١٩٢٤:-

لەم ماوەیەدا سمکۆی شکاک، سەرکردەی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە شاری سلێمانی و بووە میوانی شێخ مەحمود.

بەڵام ئەم پەیوەندییە هەنگوینییەی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیز هێندە درێژەی نەکێشا و جارێکی تر لە ئازاری ساڵی ١٩٢٣ دا فڕۆکەکانی ئینگلیز شاری سلێمانیان بۆردومان کرد و شێخیش لەگەڵ سەربازەکانیدا چوونە ناوچەی پشدەر و لەوێ شێخ لە ئەشکەوتی جاسەنە ڕۆژنامەی بانگی حەقی دەرکرد.

لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا هێزەکانی ئینگلیز بە چەند هۆکارێک لە ناوچەی سلێمانی کشانەوە و هێزەکانی شێخ مەحمود جارێکی تر هاتنەوە ناو شار و شێخ مەحمود حوکمەتی سێیەمی دامەزراندەوە، کە تا ساڵی ١٩٢٤ درێژەی هەبوو.

لە دوا جاردا ئینگلیزەکان شاری سلێمانیان گرتەوە و شێخ مەحمودیش تا ساڵی ١٩٢٧ لە نێوان سنوورەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوە ناوە لە جەنگدا بوو و تا لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێکەوتنی کرد و لە گوندی پیران لە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوو.

دوا هەوڵی شێخ؛

١- لە ئەنجامی شەڕی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی ساڵی ١٩٣٠ دا، شێخ مەحمود هاتەوە دەنگ و بروسکەی ناڕەزایی بۆ مەندوبی سامی ئینگلیز و کۆمەڵەی نەتەوەکان نارد و لە هاوینی ساڵی ١٩٣١ دا بە خۆی و هێزەکەیەوە بەرەو ناوچەی گەرمیان کشا و بە نیازی گرتنی کەرکوک بوو، بەڵام ئەمجارەش هێزەکەی شێخ لە شەڕی ئاوباریک شکان و شێخ گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام شای ئێران ئەمجارە ڕازی نەبوو شێخ بچێتەوە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناچار شێخ مەحمودیش خۆی دا بە دەست هێزەکانی ئینگلیزەوە و ئەوانیش دووریانخستەوە بۆ شارەکانی ناسریە و عەمارە لە باشووری عێراق و تا لە ساڵی ١٩٣٣ دا هێنرایە شاری بەغدا و تا ساڵی ١٩٤١ لەوێدا مایەوە.

٢- لە ساڵی ١٩٤١ دا دوای ڕاپەڕینەکەی ڕەشید عالی گەیلانی، شێخ مەحمود دەرفەتی قۆزتەوە و گەڕایەوە بۆ کوردستان و چووە سیتەک لە شارباژێڕ، لەوێ کوڕ و چینە جیاوازەکانی کوردستان لێی کۆبوونەوە بە مەبەستی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، بەڵام سەرەنجام بە ناوبژی سەرکردە سەربازییەکانی کورد



لەگەڵ ئینگلیز و حکومەتی بەغدا بە ئەنجامنەدانی هیچ کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و چوونی شێخ مەحمود بۆ گوندی داریکەلی و نیشتەجێبوونی لەوێ کۆتای هات.

شێخ مەحمود لە گوندی داریکەلی مایەوە لە نێوان سالانی ١٩٤١ تا ساڵی ١٩٥٦ تا پاشان تەرمەکەی بۆ ڕۆژی دواتر هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و دانیشتوانی شار بەم دیمەنە خرۆشان و دوای ئەوەی تەرمەکەی شێخیان بردە بەردەم زیندانی گەورەی شار، کە شێخ لەتیفی کوڕی لە زینداندا بوو، تا چاوی بە تەرمەکە بکەوێت، لە ئەنجامدا خۆپیشاندانێک بەرپابوو، پۆلیسی سەراش دەستی بە تەقەکردن کرد و فیشەکێک بەر لاشەی شێخ مەحمود کەوت بە مردوی.

دواجار لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٥٦ داکاتێک بە نەخۆشی هاتە شاری سلێمانی و لەوێشەوە چوو بۆ شاری بەغدا و لەوێ لە نەخۆشخانەی حەیدەریە لەم ڕۆژەدا کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی دواتر تەرمەکەیان هێنایەوە سلێمانی و لەوێ لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی لە پاڵ گۆڕی کاکە ئەحمەدی شێخی باپیرە گەورەیدا نێژرا.

**١٩٥٦/١٠/٢٣**

هەنگارییەکان دەرژێنە سەر شەقامەکان دژی داگیرکاری سۆڤیەتی بۆ ولاتەکەیان.



**١٩٥٦/١٠/٢٩**

سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی دوژمنانەی سێقۆلی بۆسەر میسر، ئەم هێرشە لەلایەن سێ هێزی فەرەنسی و بەریتانی و ئیسرائیلەوە بۆسەر سینا دەکرێ، تا ١٩٥٦/١١/٧ درێژەی دەبێ.

**١٩٥٦/١٠/٢٩**

هێزەکانی ئیسرائیلی و بەریتانی سینا ڕەت دەکەن بە نیازی گرتنی کەنالی سوێس بەهۆی ئەوەی جەمال عەبدول ناسر کەنالی سوێسی خۆمالی کردبوو.

١٩٥٦/١١/٣

کرێکارانی عەرەب لە تۆڵەی هێرشی سێقۆلیی دەوڵەتانی ئیسرائیل و بەریتانیا و فەرەنسا بۆ سەر میسر بۆریە نەوتیەکانی ناو خاکی سوریا و لیبیا و بەحرێن و سعودیە دەتەقێننەوە تا نەوت بۆ وڵاتە زلهێزەکان نەروا.

١٩٥٦/١١/٤

هێزەکانی ئیسرائیل دەگەنە کەناڵی سویس.

١٩٥٦/١١/٤

چواریەک ملیۆن سەرباز و هەزار تانکی سۆڤیەتی گەمارۆی مەجەر دەدەن بۆ لەناو بردنی شۆڕش بەسەرۆکایەتی ئیمری ناج چونکە بێلایەنی خۆیان راگەیاند و خۆیان لە هاوپەیمانی وارسۆ کشاندەوە.

١٩٥٦/١١/٥

لە کاتی هێرشی سێقۆلی بۆ سەر میسر فەرەنسا و بەریتانیا شاری پۆرسەعید و پۆر فواد داگیر دەکەن.

١٩٥٦/٥١١

وەزیری بەرگری سۆڤیەتی نیکۆلای بولجانین لە نامەیەکدا هۆشداری دەداتە هەریەک لەسەرۆک وەزیرانی فەرەنسا گی مۆلیە وسەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ئەنتونی ئایدن و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دیڤید بن گۆریۆن کە هێرش بۆسەر میسر راگرن.

١٩٥٦/١١/٦

فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل رەزامەندی دەدەن هێرشەکانیان بۆسەر میسر راگرن.



١٩٥٦/١٢/٦

هێزەکانی باشوری ئەفریکا نیلسۆن ماندیلا و١٥٦لە هاورێیانی دستگیردەکەن بەهۆی چالاکیەکانیان لە دژی رەگەز پەرستی.



١٩٥٦/١٢/٢٣

تەواوی هێزەکانی بەریتانی و فەرەنسی لە سوێس کشانەوە، میسریەکان ئەمە بە سەرکەوتنێکی مەزنی خۆیان دەزانن.

١٩٥٧/١/٥

سەرۆکی ئەمریکا دوایت ئەیزنهاوەر  بڕواکانی ئایزنهاوەر رادەگەیەنێ کە لەسەر بنەمای دژایەتی کۆمۆنیزم و ڕۆژهەلات بنیاد نرابوو.

١٩٥٧/٢/٤

دەستکرا بە هەڵگرتنی شورەی کوێت بۆئەوەی مەودای بەرفراوان بونی زیاتری هەبێ بەلام پێنج دەرگا سەرەکیەکانیان هێشتنەوە وەکو ئاسەوارێکی مێژین.

١٩٥٧/٥/١٥

لیبیا سەربەخۆیی رادەگەیەنێ.

١٩٥٧/٥/١٥

بەریتانیا بۆمبی هیدرۆجینی لە زەریای هێمن دەتەقێنێ

١٩٥٧/٦/١



بە فەرمانی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر بەشی کوردی لە رادیۆی قاهیرە رۆژانە تەنها بۆ ماوەی یەک کاتژمێر دەکرێتەوە.

تورکەکان بەم هەنگاوە مرۆییە تورە دەبن بە جەمال عەبدولناسر دەلێن کە ئەم رادیۆیە دابخات ، ئەویش دەڵێ ئەی ئێوە نالێن کورد لە تورکیا بونی نییە ئیتر بۆ پێی تورە دەبن چ پەیوەندیەکی بە ئێوەوە هەیە، هەلوێستێکی جوامێرانە بوو.

١٩٥٧/٦/٣

هێزەکانی سوپای بەریتانیا، دەستیان بەپاشەکشە کرد، لەناو خاکی شانشینی ئوردنی هاشمیدا.

١٩٥٧/٦/٢٠

عەلی جەودەت ئەیوبی سەرۆکایەتی کابینەی نوێی وزاریی ئێراقی دەکا تەمەنی تا ١٩٥٧/١٢/١٥ درێژ دەبێ.

**١٩٥٧/٧/١**

سەرژمێری گشتی لە عێراق. کەرکوک بە دەوروبەریەوە ئەنجامەکەی٤١% کورد٢٨% عەرەب تورکمانیش ٢١% بوو.

**١٩٥٧/٧/٢٥**

هەلوەشاندنەوەی رژێمی پادشایەتی و راگەیاندنی سیستەمی کۆماری لە تونس.

**١٩٥٧/٧/٢٥**

دوای کۆتایی هاتن بە رژێمی پادشایەتی لە تونس حەبیب بورقیبە دەبێتە یەکەم سەرۆککۆماری ئەو ولاتە.

**١٩٥٧/٨/٣١**

مالیزیا سەربەخۆیی رادەگەیەنێ.

**١٩٥٧/٩/١٩**

ئەمریکا یەکەمین تاقیکردنەوە لەبۆمبی ئەتۆمی لە ژێر زەوی تاقی دەکاتەوە.

**١٩٥٧/١٠/٤**

یەکێتی سۆڤیەت یەکەم مانگی دەستکرد بەناوی سپوتنیک ١ دەنێرێتە ئاسمان.

**١٩٥٧/١١/٣**

سەگی لایکا بە رێگەی کەشتیی سبوتنیک ٢ی سۆڤیەتیەوە دەنێرنە نا ومانگ .

**١٩٥٧/١٢/٥**

سەرۆکی ئەندونیسی ئەحمەد سوکارنۆ داوادەکات سەرجەم هۆلەندیەکان بچنە دەرەوە.

**١٩٥٧/١٢/١١**

نەتەوە یەکگرتوەکان بریاری مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلانی دونیا پەسند دەکا. هەرچەندە سەرۆکی ئەمریکا ودرۆ ویلسون لە ١٩١٨ ئەم بنەمایانەی راگەیاندبوو کە بە ١٤ بنەماکانی ویلسۆن هاتنە ناسین

**١٩٥٧/١٢/١٥**

کابینەی نوێی وزاریی ئێراقی بەسەرۆکایەتی عەبدولوەهاب مەرجان پێکدێ تەمەنی کابینەکەی تا ١٩٥٨/٣/٣ درێژ دەبێ.

١٩٥٧/١٢/٢١

یەکەم دانیشگا لە مەغریب دەکرێتەوە.

١٩٥٨/١/١

دامەزراندنی بازاری هاوبەشی ئەوروپی  رادەگەیەندرێ.

١٩٥٨/١/٨

شۆڕشی کوبی دەست بەسەر هاڤانادا دەگرێ.

١٩٥٨/١/١٤

هۆلەندا وەکو یەکەمین دەولەت بالوێزخانەی خۆی لە قودس دەکاتەوە.

١٩٥٨/١/١٥

یەکەم ژمارەی گۆڤاری شەفەق لەشاری کەرکوك بڵاوکرایەوە.

١٩٥٨/٢/١

راگەیاندنی لەدایک بوونی کۆماری عەرەبیی یەککگرتوو لە نێوان میسرو سوریا بەلام سەرناگرێ.

١٩٥٨/٢/١١

ئامادەکاری یەککگرتنی هەردوو دەولەتی ئێراق و ئوردن. لەم رۆژە مەلیک فەیسەلی دووەم بە یاوەری بەرێزان برهان الدین باش ئەعیان ونەدیم پاچەچی و عەبدول رەسول ئەلخالسی وەزیری دەرەوە و دارایی و داد گەیشتنە عەممان  دواتر تۆفیق ئەلسوێدی و  رەفیق عارف سوپاسالار و سەرۆکی دیوانی مەلەکی عەبدوللا بەکریش گەیشتنە لایان.

سەرەتا عەبدول ئیلاه لە بەغدا مابۆوە تا نوێنەرایەتی مەلیک بکا بەڵام دواجار لە ١٣ی شوبات ئەویش گەیشتە لایان ، دوای گفتوگۆیەکی زۆر بڕیاریان دا یەکێتی عەرەبی لە نێوان ئێراق و ئوردن رابگەیەنن.

١٩٥٨/٢/١٤

هەردوو رادیۆی بەغدا و عەممان هەوالێکیان بلاو کردەوە کە راگەیاندنی لەدایکبونی یەکێتیی عەرەبی لە نێوان بەغداو عەممان ئەنجام درا. واتە یەککگرتنی ئێراق و ئوردن.

١٩٥٨/٢/١٧

هەردووک ئەنجومەنی پیران و نوێنەرانی ئێراق ئەو ڕێککەوتنە پەسند دەکەن کە پادشای ئێراق مەلیک فەیسەڵی دووەم لەگەڵ شای ئوردن شا حوسێن بۆ پێکهێنانی یەکێتی عەرەبیی هاشمی واژۆ کردبوو، ئەم یەکێتیە لە لێکدانی هەردووک دەوڵەتی ئێراق و ئورد پێک دەهات بەلام ئەوەندە نابا کودەتا یا شۆڕشی ١٤ی تەموزی بەسەرداد‌ێ لە ئێراق و پرسەکە هەڵدەوەشێتەوە.

١٩٥٨/٢/٢٨

دوای زیاتر لە نۆ ساڵ لە سەربەخۆ بوونی پاکستان رایدەگەیەنێ کە (کۆماری ئیسلامی پاکستانی)ی پێکهێناوە..

١٩٥٨/٢/٢٨

یەکەم ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن لەشارەکانی سلێمانیو بەغدا بڵاوکراوەتەوە، کە گۆڤارێکی ڕوناکبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتی بووە و  پێشتر داخرابوو.

١٩٥٨/٣/٣

نوری سەعید کابینەی وزاریی ئێراق سەرۆکایەتی دەکا کابینەکەی تەمەنی تا ١٩٥٨/٥/٨ درێژ دەبێ.

١٩٥٨/٣/٢٧

خروشۆف لە سەرۆاکیەتی یەکێتی سۆڤیەت شوێن نیکۆلای بولجانین دەگرێتەوە.

١٩٥٨/٤/٣

هێزەکانی فیدل کاسترۆ هێرش دەکەنە سەر هاڤانای پایتەختی کوبا.

١٩٥٨/٤/١٥

بەستنی کۆنگرەی ئەکرا لەسەر داوای سەرۆکی گانا کوامی نکروما ، ئەم کۆنگرە دەبێتە خالی دەستپێکی دامەزراندنی یەکێتی ئەفریکی.

١٩٥٨/٥/٨

ئەحمەد موختار بابان دەبێتە سەرۆکی کابینەی وزاریی ئێراقی دوای یەکگرتنی هەردوو دەوڵەتی ئێراق و ئوردن لە یەکێتی عەرەبیی هاشمیدا

ئەوسا نوری سەعید کرابوە سەرۆکی کابینەی وزاریی حکومەتە یەکگرتوەکە کە تەمەنی کورت بوو بەهۆی شۆڕشی چواردەی تەموزەوە.

کابینەکەی بابان تا ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەبێ کە لەرێگەی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە رژێمی پادشایەتی لەناو دەبردرێ و دەبێتە سیستەمی کۆماری.

دوای کودەتا یا شۆڕشی ١٤ی تەمووز ئەحمەد موختار کە دوایین سەرۆکوەزیرانی ئێراق بوو دەستگیر دەکرێ و لە ١٩٥٨/١١/١٩ بە حوکمی لەسێدارەدان سزا دەدرێ بەلام دوای ماوەیەک کچ و هاوسەری سەردانی عەبدولکەریم قاسم دەکەن و داوای ئازادکردنی لێ دەکەن ئەویش بەهۆی ناوبانگ و کەسایەتیی ئەو پیاوە لێبووردنی بۆ دەردەکاو ئازادی دەکا.



دوای ئازاد بوونی ئەحمەد موختار خۆی و خانەوادەی دەچنە لوبنان و لەوێشەروە بۆ ئەلمانیا تا مردنی لە ١٩٧٦/١١/٢٤ لە ئوتێل کینگ هۆف لە شاری بۆنی ئەلمانیا دەبێ و کۆچی دوایی دەکا.

ئەو پۆستانەی ناوبراو بەدەستی هێناون :

ماوەی ١٧ ساڵ دادوەر بووە لە دادگاکانی ئێراق .

لە ١٩٤٢ وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی بووە.

لە ١٩٤٣ وەزیری داد بووە ، پۆستەکانی وەزاریی لە حکومەتەکانی نوری سەعید و جەودەت حەمدی وتوفیق ئەلسویدی و پاچەچی وەرگرتوە تا ئەوکاتەی ماوەیەک دەبێتە سەرۆکی دیوانی پادشایەتی و دواتریش سەرۆک وەزیران.

١٩٥٨/٥/١٣

روخانی کۆماری چوارەمی فرەنسی و دامەزراندنی کۆماری پێنجەم.

١٩٥٨/٥/٢٩


شارل دیگول دەبێتە سەرۆکی حکومەتی فرەنسا.

١٩٥٨/٦/٤

سەرۆک وەزیرانی فرەنسا شارل دی گول دەگاتە جەزائیر بۆ چارەسەر کردنی کێشەی پرسی جەزائیر کە داوای سەربەخۆیی دەکەن و بەو هۆیەوە روبارێک خوێن لە هەردووک لا رژاوە.

١٩٥٨/٦/٢١

كۆماری مۆریتانیا هاتە ڕاگەیاندن.



١٩٥٨/٧/١٤

کۆتایی ڕژێمی پادشایەتی لە ئێراق لە ڕێگەی کودەتاکەی عبدالکریم قاسمەوە.

عەبدولکەریم قاسم یەکێک بوو لە ئەفسەرانی ئازادیخواز کە بەم کودەتا یا شۆڕشە هەڵسان و شا فەیسەل و عەبدولئیلاه و دارودەستەکەیان دەکوژرن و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری لە ئێراق ڕادەگەیەنن.

١٩٥٨/٧/١٦

دوای ئەوەی کودەتا یا شۆڕشی ١٤ی تەموز ئەنجام دەدرێ لەم ڕۆژە نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی ئێراق کە خۆی حەشار دابوو بە جلی ژنان دەناسرێتەوە و لەلایەن ڕاپەڕیوان ئاشکەرا دەکرێ، ئەویش کاتێک بەمە دەزانێ بۆ دورخستنەوەی خەلکەکە بە دەمانچەی دەستی تەقەیان لێ دەکا ، بەلام یەکێک لە نێو جەماوەرەکە تەقەی لێدەکا و دەیکوژێ.

دواتر تەرمەکەی دەشێوێندرێ و پارچە پارچەی دەکەن، نوری سەعید لەوکات سەرۆک وەزیرانی ئەو یەکێتیە بوو کە لە نێوان ئێراق و ئوردن ئەنجام دراو تەمەنی تەنها چەند ڕۆژێک بوو.

١٩٥٨/٧/١٧

جیابوونەوەی ئێراق لە یەکێتی عەرەبیی هاشمی.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز ئێراق لەو یەکگرتنەی نێوان ئوردن و ئێراق دەکشێتەوە کە چەند مانگێک بوو ڕایانگەیاندبوو ئەم ڕاگەیاندنە وەکو بەرپەرچ یا پەرچەکرداری یەکگرتنی نێوان سوریا و میسر بوو ، بەلام خۆشبەختانە هەردووکیان شکستیان هێنا .

١٩٥٨/١٠/٢

سەربەخۆ بونی ئۆگەندا لە ژێر دەستی فرەنسا.

١٩٥٨/١٠/٢

گینیا بەسەرۆكایەتی ئەحمەد سیكۆتۆری سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٥٨/١٠/٤

كۆماری پێنجەمی فرەنسا رادەگەیەندرێ كە رێژەی ٧٩%ی فرەنسیەكان دەنگیان پێیدا.

١٩٥٨/١٢/١

سەربەخۆ بوونی كۆماری ئەفریكای ناوەراست لە ژێردەستی فرەنسا.

١٩٥٨/١٢/٣

ئەندونیسیا بەرژەوەندیەكانی هۆلەندا لەو ولاتە خۆماڵی دەكات.

١٩٥٨/١٢/٢١

شارل دی گول وەكو یەكەم سەرۆككۆمار لە كۆماری پێنجەمی فرەنسی دێتە هەلبژاردن.



١٩٥٨/١٢/٢٣

تەواو بونی تاوەری توكیۆیی ئاسنین كە بەرزترین تاوەری ئاسنینە لە دونیا.



١٩٥٨/١٢/٢٧

میسر و یەكێتی سۆڤیەت رێككەوتنێك واژۆ دەكەن بۆ تەواو كردنی قۆناغی یەكەم لە بەنداوی باڵا.

١٩٥٩/١/٣

ئالاسكا دەبێتە ویلایەتی پەنجایەمینی ئەمریكا.

١٩٥٩/٢/٧

سەرۆکی کوبا فیدل کاسترۆ Fidel Alejandro Castro دەستورێکی نوێ بۆ کوبا رادەگەیەنێ.

١٩٥٩/٢/١٩

دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی قوبرس دێتە راگەیاندن.

١٩٥٩/٣/٣

شاعیری ناوداری گەلی کورد (شێخ سەلامی شێخ ئەحمەدی عازەبانی) ناسراو بەسەلام لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.



١٩٥٩/٣/٨

بەسەرکردایەتی عەقید (عەبدولوەهاب شەواف) ڕاپەڕینێك لەشاری موسڵ لەدژی حکومەتەکەی (عەبدولکەریم قاسم ئەنجامدرا و پشێوی کەوتەوە و شارەکە کۆنترۆڵ کرا، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ڕاپەڕینەکە دامرکێنرایەوە.

١٩٥٩/٣/١٧

بەهۆی تەنگەتاوکردنی لەلایەن چینەوە دەلایلاما لە تبتەوە رادەکاتە هیند.

١٩٥٩/٣/١٨

دورگەی هاوای دەبێتە دوایین ویلایەت کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای لێ پێکدێن.

١٩٥٩/٤/٤

ڕۆژنامەی خەبات کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بەزمانی کوردی بە ئاشکەرا دەردەچێ.

١٩٥٩/٤/١٤

دامەزراندنی کاژیك، لەیەکگرتنی کۆمەڵەی ژیانەوە و یەکێتیی کورد، لە باشوری کوردستاندا پێکهات.

١٩٥٩/٥/٢٨

ئەمریکا دوو مەیمونی بەکەشتیی جۆبیتەر ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد، پاش بڕینی ٥٠٠ کیلۆمەتر لەبۆشایی ئاسمان، بەسەلامەتی گەڕانەوە.

١٩٥٩/٦/٣

سەنگافورا سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ کە پێشتر لەگەڵ مالیزیا یەکیان گرتبوو.

١٩٥٩/٦/٢٤

حکومەتی ئێراق لە پەیماننامەی بەغدا دەکشێتەوە کە بە پەیمانی SANTO دەهاتە ناسین.

لە بنەرەتدا ئەم پەیماننامە دژی گەلی کورد بووە لەنێوان داگیرکەرانی کوردستان و بە پالپشتی بەریتانیا و ئەمریکا دامەزرابوو بەرێوە دەچوو.

١٩٥٩/٩/١١

یەکەم کۆنگرەی سەرتاسەریی مامۆستایانی باشوری کوردستان، لەشارۆچکەی شەقلاوەی سەر بەپارێزگای هەولێر دەبەسترێ. کە تێیدا بڕیاردرا ڕێکخراوێکی تایبەت بەمامۆستایان پێکبهێنرێت.

١٩٥٩/٩/١٦

سەرۆک شارل دی گول دان بە مافی چارەی خۆنوسین بە جەزائیریەکان دەنێ.

١٩٥٩/٩/٢٠

لەسێدارەدانی عەبدولوەهاب ئەلشەواف و مەدحەت حاجی سرِی دوای شکست هێنانی هەولی کودەتایان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا ، ئەم هەولە بە بزوتنەوە یا راپەڕینی شەواف هاتە ناسین. کە لە هەشتی ئادار ئەنجام درابوو.



١٩٥٩/٩/٢٦

تیرۆر کردنی سەرۆکی سریلانکا (سیلان) سلومون باندرنیکا Solomon Bandaranaike .

١٩٥٩/١٠/٢

كۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەبەسترێ.

١٩٥٩/١١/١

ژمارەی یەکی گۆڤاری هیوای کوردستان لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە لە سلێمانی دەردەچێ.



١٩٥٩/١١/١

لە شۆڕشی کوبی فیدل کاسترۆ رابەری شۆڕش، فولگنیسیو باتیستا Fulgencio Batista ی دکتاتۆر کە بە پاڵپشتی ئەمریکا حوکمی دەگێڕا لە لوتکەی دەسەڵاتی کوبا دادەبەزێنێ.

١٩٦٠/١/١

كامیرۆن سەربەخۆ دەبێ.

١٩٦٠/١/٩

جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر بەردی بناغەی بەنداوی بالا (السد العالی) دانا بە قەرزکردنی ١٠٠ ملیۆن دۆلار لە یەکێتی سۆڤیەت کە بانکی نێودەولەتی رازی نەدەبوو ئەو پارەیە بە قەرز بداتە میسر.



١٩٦٠/٢/١٣

فرەنسا یەکەمین تاقیکردنەوەی ناوەکی لە جەزائیر ئەنجام دەدا کە ئەوکات لەژێر دەسەلاتی داگیرکاری خۆیدا بووە.

١٩٦٠/٣/٢٣

کۆچی دوایی مامۆستا بەدیع و لزەمان ناسراو بە مامۆستا سەعید نەورسی لە شاری ئورفا و دواتر تەرمەکەی بۆ شوێنێکی نادیار دەگوازنەوە دیارە ئەمە لە ١٩٤٨ ەوە وەسیەتی خۆی بوە کە گۆرەکەی لە شوێنێک بێت کەس پێی نەزانێ جگە لە یەک تا دوو لە خوێندکارەکانی نەبێ.

١٩٦٠/٤/٤

سەنیگال سەربەخۆیی خۆی لە داگیرکاری فرەنسا رادەگەیەنێ.

١٩٦٠/٤/١٠

ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی یاسای مافەکانی مەدەنی دەردەکا تیایدا هەموو کەسێک مافی دەنگدانی دەبێ لە ناویان رەشپێستەکانیش ئەم هەنگاوەش بۆ ئەوان سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ خەباتی رەشپێستەکان لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانیان.

١٩٦٠/٤/١٨

شاری تەنجە سەربەخۆ دەبێ و لەگەڵ مەغریب یەک دەگرن.

١٩٦٠/٤/٢١

کردنەوەی شاری برازیلیا وەکو پایتەختی بەرازیل لەسەر دەستی جوسیلینۆ کوبیچیک Juscelino Kubitschek ی سەرۆکی ئەوکاتی بەرازیل.

١٩٦٠/٤/٢٧

سەربەخۆ بوونی تۆگۆ لە ژێردەستی فرەنسا.

١٩٦٠/٤/٣٠

کۆمپانیای سۆنی **SONY** یەکەم تەلەفزیۆنی ترانسستۆری لە بازار دەفرۆشێ.

١٩٦٠/٥/١

سەرەتای گرژیەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، فرۆکەیەکی سیخوریی ئەمریکی جۆری**U**٢ لەسەر خاکی سۆڤیەت دەکەوێتە خوارەوە.

١٩٦٠/٥/٧

لیونێد برژنێف دەبێتە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت.

١٩٦٠/٥/١١

چوار لە پیاوانی مۆسادی ئیسرائیلی. نازیستی ئەلمانی ئەدۆلف ئایخمان **Adolf Eichmann** لە بوینس ئایرسی ئەرجەنتین ەوە دەرفێنن بۆ ئیسرائیل و لەوێ دادگایی دەکەن و بەلەسێدارەدان حوکمی دەدەن ناوبراو بەرپرسێکی هۆلۆکۆستی کوشتنی جوەکان بوە لە جەنگی دووەمی جیهانی، لە کاتی دادگایی کردنی دان بەوەدا دەنێ کە بەرپرسی زیندانیەکانی جوەکان بووە کە کۆکوژ کراون. لێی دەپرسن ئاخۆ دوایین داواکاری سەرەمەرگت چییە با بۆتی بکەین. ئەویش دەڵێ: دەمەوێ ببم بە جوو. پێیان سەیر دەبێ دووبارە لێی دەپرسن ئاخۆ بۆچی دەتەوێ ببیت بە جوولەکە و خۆت ئەم ژمارە جولەکەت کوشتووە؟ لەوەلامدا دەڵێ : بۆئەوەی جولەکەیەکی تریش بکوژرێ.



١٩٦٠/٥/٢٧

سوپای تورک سەرۆک مەحمود جلال بەیار لەسەر دەسەلات دێننە خوار  کە عەدنان مەندەریس سەرۆکایەتی حکومەتەکەی دەکرد لە شوێن ئەو جەمال جورسیل دەسەلات دەگرێتە دەست.

١٩٦٠/٦/١٢

پاش ئەو کودەتایەی سەربازیی ٢٧ی مایس لە تورکیا لەسەر سەرۆک مەحمود جەلال بەیار ئەنجام درا لەم رۆژە دەستوری تورکیی کاتی رادەگەیەندرێ.

١٩٦٠/٦/١٣

کەسایەتی خەباتکارو تێکۆشەری ناوداری گەلی کورد، خاتوو (ڕەوشەن بەدرخان) کۆچی دوای کردووە.

١٩٦٠/٦/٢٠

مالی و سەنیگال لە ئەفریکا سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیەنن.

١٩٦٠/٦/٢٨

حکومەتی کوبی پالاوگە نەوتیەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی کوبا خۆماڵی دەکا.

١٩٦٠/٦/٢٩

فیدل کاسترۆی سەرۆکی کوبا رێگە بە کۆمپانیای (کساکۆ) نادات لە کوبا کار بکات و سەرجەم مومتەلەکاتەکانیشی دەست بەسەردا دەگرێ .

١٩٦٠/٧/١

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان لەلایەن جەمیل محۆوە.

١٩٦٠/٧/١٢

فرەنسا رەزامەندی لەسەر سەربەخۆیی هەریەک لەم ولاتانە دەدا ( نیجەر و چاد و ڤۆلتای باکور و ساحل ئەلعاج و ئەفریکای ناوەراست) .



١٩٦٠/٧/٢١

(سیراماڤۆ باندەرەنەیکا) لەدوای کوشتنی هاوسەرەکەی. (Solomon Bandaranaike ). دەبێتە سەرۆک وەزیرانی سریلانکا.

١٩٦٠/٧/٢٨

کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی بریاردەدا بایکوتی ئابوری ئێران بکرێ بەهۆی ئەوەی پێنج رۆژ پێشتر دانی بە ئیسرائیلدا نابوو.

١٩٦٠/٨/١

سەربەخۆ بونی بەنین لە ژێردەستی فرەنسا.

١٩٦٠/٨/٣

سەربەخۆبونی نیجەر لە ژێردەستی فرەنسا.

١٩٦٠/٨/٤

کۆچی دوایی مێژوو نوس و سیاسەتمەدار رفیق حلمی. ڕەفیق حیلمی کوڕی ساڵح عەبدوڵڵا ناسراو بە حیلمی، لە ساڵی ١٨٩٨ز دا لەشاری کەرکوک لە دایک بووە و باوکیشی ئەفسەرێکی سووپای عوسمانی بووە، ڕەفیق حلمی بووەتە مامۆستا و لەگەڵ سەرهەڵدانی بزاڤەکەی شێخ مەحمودی حەفیشد دا(١٩١٨-١٩٢٤) لە بواری رۆشنبیری و سیاسی ئەو سەردەمەدا کاری کردووە و لە ڕووداوەکانی هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی لە ساڵی١٩٢٢ و گفتوگۆی ئۆزدەمیردا لە ساڵی ١٩١٩ز دا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە.



پاشان بە نوێنەرایەتی لەگەڵ ئەو وەفدەی کە شێخ مەحمود ناردنی بۆ وتوێژ لەگەڵ کەمالییەکاندا لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە ڕێگای تەورێز-ئازەربایجان-جۆرجیاوە چووەتە ئەنقەرە.

لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئێراقیشدا چەندین پلەی فەرمانداری تری بینیووە و لە دامەزراندنی چەندین ڕێکخراو و حیزبدا بەشدار بووە، لەوانە دارکەر لە سالی ١٩٣٧ و حیزبی هیوا لە ساڵی ١٩٣٨ دا، کە خودی خۆی سەرۆکی حیزبەکە بوو. لە بەرهەمەکانی ئەدەبیی:

- دراسات فی الآکراد منذ فجر التاریخ الی سنة ١٩٢٠ .- دراسات في الآدب الكردب المعاصر.

١٩٦٠/٨/٥

سەربەخۆ بوونی بورکینا فاسۆ لە ژێر دەستی فرەنسا.

١٩٦٠/٨/١١

سەربەخۆ بوونی بورکینا چاد لە ژێر دەستی فرەنسا.

١٩٦٠/٨/١٣

ئەفریکای ناوەراست سەربەخۆیی خۆی لە داگیرکاری فرەنسا رادەگەیەنێ.

١٩٦٠/٨/١٥

کۆنگۆ برازاڤیل لە ژێردەستی داگیرکاری فرەنسا رزگاری دەبێ.

١٩٦٠/٨/١٦

سەربەخۆ بوونی قوبرس لە ژێردەستی بەریتانیا.

١٩٦٠/٨/١٧

گابۆن سەربەخۆیی لە داگیرکاری فرەنسا وەدەست دێنێ.

١٩٦٠/٨/٢٠

سەنیگال سەربەخۆیی لە داگیرکاری فرەنسا وەردەگرێ و دەبێتە ولاتێکی سەربەخۆ.

١٩٦٠/٩/١٤

ئێراق و کوێت و سعودیە و ئێران ڕێکخراوی ئۆپک OPK (ڕێکخراوی دەولەتانی هەناردەکردەی نەوت) لە بەغداوە دادەمەزرێنن.

١٩٦٠/٩/٢٢

سەربەخۆ بوونی مالی لەژێردەستی فرەنسا.

١٩٦٠/٩/٢٩

نیکیتا خروشۆف سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت کۆبونەوەیەکی کۆمەلەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان تێک دەدا بە نانەوەی هاراو کێشانی بە هەردوو دەست بەسەر مێزەکەی بەردەمیدا.

١٩٦٠/١٠/١

نیجیریا سەبەخۆیی لە داگیرکاری بەریتانیا وەردەگرێ.

١٩٦٠/١١/٣

چونی مستەفا بارزانی بۆ مۆسکۆ بۆ بەشداری لە ئاهەنگی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەوێ چاوی بە خروشۆف دەکەوێ و ماوەی دوومانگ دەمێنێتەوە.

١٩٦٠/١١/٨

جۆن کەنەدی بە سەرۆکی ئەمریکا دێتە هەلبژاردن.

١٩٦٠/١١/٢٦

نەتەوە یەکگرتوەکان دان بە مۆریتانیا دەنێ  وێرای ئەوەی  کە مەغریب داوای دەکرد.

١٩٦٠/١١/٢٨

دوای سەربەخۆ بوونی مۆریتانیا لەژێردەستی فرەنسا موختار ولد دادە بە فەرمی دەبێتە سەرۆکی ئەم ولاتە.

١٩٦١/١/٨

گرێبەستی ئەنجام دانی ریفراندۆم لەسەر چارەنوسی جەزائیر لە نێوان فرەنسا وجەزائیر.

١٩٦١/١/٢١

دوای دەرچونی لە هەلبژاردنی سەرۆکایەتی جۆن کەنەدی لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەست بەکار دەبێ ودەبێتە سەرۆکی ٣٥ ەمینی ئەمریکا.





١٩٦١/٢/٢٦

مولای حەسەنی جێنیشی پاشای مەغریب دوای مردنی باوکی محمدی پێنجەم خۆی دەبێتە پاشای ئەو ولاتەو نازناوی حەسەنی دووەم بۆخۆی هەڵدەبژێرێ.

١٩٦١/٣/٢١

فرەنسا و ئەمریکا رێککەوتنێک واژۆ دەکەن بۆ دروست کردنی مانگێکی دەستکرد بە هاوبەشی.

١٩٦١/٤/١

یەکەم دیناری کوێتی لە چاپ دەدرێ.



١٩٦١/٤/١٢

فرۆکەوانی سۆڤیەتی یوری گاگارین **Yuri Gagarin** بە کەشتیی ئاسمانیی ( فوستوک) لە دەوری زەوی دەخولێتەوە، ئەمەش دەبێتە یەکەمین ئادەمیزاد بچێتە دەرەوەی گۆی زەوی.

١٩٦١/٤/١٥

لە میانی هێرشی ئەمریکا بۆسەر کەنداوی بەرازان (خليج الخنازير) هێرش دەکاتە سەر گەرەکەکانی هاڤانا و فرۆکەخانەکانی کوبی.

١٩٦١/٤/١٧

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا دژە شۆڕشەکان بە یارمەتی ئەمریکا یەکەمین هێرش دەکەنە سەر کوبا بۆ روخاندنی حکومەتی فیدل کاسترۆ بەلام شکستێکی مەزن دێنن، ئەم هێرشەیان بە ناوی هێرشی کەنداوی بەرازان ناوبرد.

١٩٦١/٤/٢٧

سیرالیۆن لەژێر داگیرکاری بەریتانیا رزگاری دەبێ.

١٩٦١/٥/٢٥

سەرۆکی ئەمریکا جۆن کەنەدی لە کۆنگرێس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نێردەیەکی ئادەمیزادی دەنێرێتە ناو مانگ.



١٩٦١/٥/٣١

سەربەخۆ بوونی باشوری ئەفریکا لە ژێردەستی بەریتانیا و سیستەمی حوکمرانیان کرد بە کۆماری.

١٩٦١/٦/١٥

هێرشی بارزانیەکان بۆسەر عەشیرەتی زێباری کە زێباریەکان ناچار دەبن پەنا بۆ تورکیا ببەن.

١٩٦١/٧/٢٠

کوێت دەبێتە ئەندام لە کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی.

١٩٦١/٧/٣٠

پارتی دیموکراتی کوردستیان یاداشتێک دەداتە عەبدولکەریم قاسم بۆ سەلماندنی مافەکانی گەلی کورد بەلام بێ سود بوو.

١٩٦١/٨/١٣

دروستکردنی دیواری بەرلین کە ئەو شارەی بۆ دووبەشی رۆژهەلات و رۆژئاوا دابەشکرد تا ساڵی ١٩٩٠ لە راپەڕینێکی جەماوەریدا ئەو دیوارە دەروخێندرێ.

١٩٦١/٨/٢٦

بۆرما دەبێتە یەکەم دەولەتی بودی.

١٩٦١/٨/٢٩

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

١٩٦١/٩/٦

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول یاداشتنامەیەکی دایە حکومەتی ئێراق و داوای لێکرد، مادەی ٣ی دەستوری کاتی جێبەجێ بکات، کە کورد و عەرەب هاوبەشن لەم ولاتە بۆ فەرمانڕەوایی کردنی ئێراقدا.

١٩٦١/٩/١٠

بەهۆی کێشەی نێوان ئێراق و کوێتەوە هێزە هاوبەشەکەی کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی دەگاتە کوێت.

١٩٦١/٩/١١

هێرشێکی سوپای ئێراق بۆ ناوچەی کوردستان کە بوە هۆی هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی مستەفای بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئەم شۆڕشە تا ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ درێژەی دەبێ کاتێک لەگەڵ بەغدا دەکەونە دانوستان بۆ ماوەی چوار ساڵ لە تەواو بوونی وادەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە ئاداری ١٩٧٤ دووبارە شەڕ هەڵدەگیرسێتەوەو هەردووک لایەنی کورد و بەغدا ڕێکناکەون دوای یەک ساڵ لە شەڕ و پێکدادانێکی توند ئەمجارەیان بەهۆی ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن بە میانگێری هەواری بۆمدیانی سەرۆکی جەزائیر و عەبدول عەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی جەزائیر ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ واژۆ دەکەن و کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول دێنن، هەرچەندە ئەوکات کورد خاوەنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار پێشمەرگەی خۆبەخش بوو لەگەڵ تۆپ و جبەخانەیەکی باش بەلام بڕیاری سیاسیی کورد لاواز بوو چەکی دانا و خەلکی توشی گرفتار و خۆرادەستکردنەوە کرد کە بە نسکۆی ١٩٧٥ دێتە ناسین.

١٩٦١/٩/١٧

لەسێدارەدانی سەرۆک وەزیرانی پێشوی تورکیا عەدنان مەندەرس.

١٩٦١/٩/١٨



دووەم ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان داگ همرشکولد **Dag Hammarskjöld** لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی لە کۆنگۆ گیان لەدەست دەدا کە بەرێوە بوو بچێتە ڕۆدیسیا(زامبیا) بۆ دانوستاند لەگەڵ چۆمبی لەسەر کێشەی کۆنگۆ، ناوبراو خەلکی سوێد بوو لە ساڵی ١٩٠٥ لەدایک ببوو.

١٩٦١/٩/٢٨

دوای کودەتای سەربازی لە سوریا لەلایەن عەبدولکەریم نەحلاوی. سوریا لە یەکێتی عەرەبیی یەکگرتوو دەردەچێ.

١٩٦١/١٠/٣١



گواستنەوەی تەرمی ستالین لە گۆرستانی لینینەوە بۆ گۆرستانێک کە لێیەوە نزیکە بەهۆی ئەوەی تاوانی دڕندەیی و تاوانی جەنگی لەسەر بوونە ماڵ.

١٩٦٢/١/٣

ئەمریکا پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوبا دەپچڕێنێ.

١٩٦٢/١/١٧

ئەحمەد سوکارنۆی سەرۆکی ئەندەنوسیا روبەرووی هەولێکی تیرۆری دەبێتەوە.

١٩٦٢/١/١٧

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندندا یەکەم حکومەتی کوێتی بە سەرۆکایەتی شێخ عبداللە سال ئەلسەباح پێکدێت.

١٩٦٢/٣/٢



لە بۆرما سوپا بە فەرماندەیی ( نێ ون Ne win) ی سەرۆک وەزیران کودەتا ئەنجام دەدا و خۆی دەسەلات دەگرێتە دەست و دەبێتە سەرۆکی بۆرما تا ساڵی ١٩٨١. ناوبراو سەرۆکی حزبی بەرنامەی سۆسیالیستی بۆرما بوو کە تاقە حزبی سیاسیی ولات بوو.

١٩٦٢/٣/٧

کردنەوەی یەکەمین دانیشتنی رێککەوتنی ئیفیان کە ئەنجامەکەی بە سەربەخۆبوونی جەزائیر دەگا.

١٩٦٢/٣/١٨

له دوای حەوت ساڵ و نیو له بەردەوامی شۆڕشی جەزائیر که به شۆڕشی یەک ملیۆن شەهید هاته ناسین لەئیڤیان جەزائیر و فرەنسیەکان لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە ڕێکدەکەون که کۆتایی به داگیرکاری ١٣٢ ساڵ دێنی؛

١- یەک پارچەیی خاکی جەزائیر و مافی جەزائیریەکان به مافی چارەی خۆنوسین.



٢- ئەنجام دانی ریفراندۆمێکی سەرتاسەری وڵات بۆ مافی چارەی خۆنوسین.

٣- ئەو فەرەنسیانەی لەسەر خاکی جەزائیرن سەرپشک بن له مانەوەیان له جەزائیربه رەگەزنامەوە ، به پابەند بون به ڕێنماو یاساکانی جەزائیر، یا وەکو فەرنسی بمێننەوەو مامەلەی میوانیان لەگەڵ بکرێت .

٤- هێزەکانی فەرەنسی خاکی جەزائیر جێ بهێلن.

٥- حکومەتی جەزائیر هاوکاریەکی مالی له حکومەتی فرانسا وەردەگرێ به مەرجێ کار نەکاته سەر سەروەریی جەزائیر.

١٩٦٢/٣/٢٨

له سوریا کودەتایەکی سەربازی به سەرۆکایەتی عەبدولکەریم نەحلاوی دژی حکومەتی مەعروف دەوالیبی ئەنجام درا.

١٩٦٢/٤/١٧

میساقی سێقۆلیی نێوان ئێراق و سوریا و میسر بۆ یەکیەتی واژۆ دەکرێ. بەلام دیارە سەرناگرێ.

١٩٦٢/٤/٢٠

مەلا مستەفا وەکو سەرۆکی پارتی و ڕێبەری شۆڕشی ئەیلولی کوردی بەیاننامەیەک دەردەکا بۆ کۆتایی هێنان به جەنگی نێوان کورد و ئێراق تیایدا داوای دیموکراسی بۆ ئێراق و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکا.

١٩٦٢/٤/٢٦

یەکێتی سۆڤیەت یەکەمین مانگی دەستکرد بۆ سەرەدەریکردن دەنێرێتە ئاسمان..

١٩٦٢/٤/٢٧

دوای دانوستان لە نێوان کوردەکان و بەغدا لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، رژێمی بەغدا بە داواکانی کوردان لە پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی رازی نابێ.

١٩٦٢/٥/٣١

ئەدولف ئیخمان دوای ئەوەی مۆسادی ئیسرائیلی لە ئەرجەنتینەوە دەیفرێنن دەیهێننەوە ئیسرائیل بۆ دادگایی کردن وەکو تاوانباری جەنگ بەشداربوو لە هۆلۆکۆستی ئەلمانی حکومی لە سێدارەدانی دەدەن و لەم رۆژە لەسەری جێبەجێ دەکرێ.

١٩٦٢/٧/١

روەندا و بۆرۆندی لە کشوەری ئەفریکا سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیەنن.

١٩٦٢/٧/٥

دوای داگیرکردنی١٣٢ ساڵەی فەرەنسا بۆ جەزائیر لەم رۆژە سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ



١٩٦٢/٧/١٠

ناردنی یەکەم مانگی دەستکرد بۆ پەیوەندیەکانی جیهانی بەناوی (تلستار ١) کە بەرنامەکانی تلفزیۆنیی لە ئەمریکا و ئەوروپا بلاو دەکردەوە.ئەم مانگەی دەستکردە پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان (ناسا و پەیوەندیەکانی ئەمریکی نوسینگەی پۆستی بەریتانی و فرەنسی بوو) بەلام دەبێ ئەوەش ئاپێبدەین کە مانگە دەستکردەکە هی **AT&T** بوو.



١٩٦٢/٨/٣

سەردانیی چی گیڤارا **Che Givara**بۆ مۆسکۆ.

١٩٦٢/٨/٥

دەستگیر کردنی خەباتگێر نیلسۆن ماندێلا وەکو سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکی بۆ رزگاری باشوری ئەفریکا.

١٩٦٢/٨/٥

تەرمی مارلین مۆنرۆی ئەکتەری ئەمریکی لە خانوەکەی خۆیدا بە مردویی دۆزرایەوە ، لە ئەنجامی پشکنینەکات دەرکەوتبوو کە تابلێتی خەولێکەوتنی بە رێژەیەکی زۆری خواردووە.

١٩٦٢/٨/٦

جامایکا لە دەریای کاریبی کە بەشێک بوو لە یەکێتی دورگەکانی هیندی بە دەرچونی لەم یەکێتیە سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. و سەرۆکی پارتی گەلی نیشتمانی (ئەسکەندەر بورستافت) دەبێتە یەکەم سەرۆک کۆماری ئەو ولاتە.

١٩٦٢/٨/٢٢

شارل دی گولی سەرۆکی فرەنسا لە هەولێکی تیرۆرکردن رزگاری دەبێ.

١٩٦٢/٩/١١

ئاژانسی هەوالگری سۆڤیەتی تاس بۆ یەکەمین جار رایدەگەیەنێ کە سۆڤیەت موشەکی مامناوەندی هاوێژی لە کوبا داناوە.

١٩٦٢/٩/٢٦

عبدالله السلال فەرماندەیەکی سەربازی یەمەن کودەتایەک بەسەر رژێمی پادشایەتی و ئیمامە لە یەمەن ئەنجام دەدا و کۆماری یەمەن رادەگەیەنێ.

١٩٦٢/٩/٢٩

ئەحمەد بن بیلا دوای سەربەخۆ بوونی جەزائیر دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئەو وڵاتە.

١٩٦٢/١٠/٩

ئۆگەندا سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٦٢/١٠/٢٢

جۆن کەنەدیی سەرۆکی ئەمریکا بەهۆی دامەزراندنی موشەکی ئەتۆمیی سۆڤیەتی لە کوبا گەمارۆی دەریایی دەخاتەسەر کوبا.

١٩٦٢/١٠/٢٨




بەهۆی دامەزراندنی موشەک لەسەر خاکی کوبا لەلایەن سۆڤیەتەوە . قەیران لە نێوان ئەمریکا وسۆڤیەت دروست دەبێ ئەوەندەی نامێنێ دونیا رووبەروی شەڕێکی ئەتۆمی ببێتەوە کە کاولکاریەکی مەزن دەبوو لەم رۆژە سەرۆکی سۆڤیەتی نیکیتا خروشوف لە نامەیەکدا بۆ جۆن کەنەدی دەنێری رەزامەندی لەسەر رێککەوتن دەدا قەیرانی کاریی کۆتایی دێ.

١٩٦٢/١١/١٨

ئەدیب و رەخنەگرو شاعیری نوێخوازی گەلی کورد، مامۆستا (عەبدوللا سلێمان) ناسراو بە (گۆران) بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کردووە.

١٩٦٢/١١/٢٦

دوای سەربەخۆیی جەزائیر ئەحمەد بن بیلە یەکەم کابینەی وەزارەت پێک دێنێ.

١٩٦٢/١٢/١٤

ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە شوێن (کۆمەڵەی نەتەوەکان ) دامەزرابو بریارێک دەردەکا بە ژمارەی ١٥١٤ تیایدا هاتوە کە وڵاتانی داگیرکراو دەبێ ئازاد بکرێن لە سەرجەم دونیا بەمەرجێ لە نێوان وڵاتی داگیرکار و وڵاتی داگیرکراو ئاو هەبێ واتە زێ یا دەریا هەبێ.

لەهەمان بریاردا هاتوە ئەو وڵاتانەی لەودیو دەریاوەن دەبێ یەکپارچەیی خاکیان بپارێزرێ ! واتا سەربەخۆیی کوردستان و رزگار بونی لە ژێردەستی بەمانای پارچەکردنی وڵاتێک دێت ئەمەش بە رەوا نابینن و دژی ئەو بریارە دەێت، لێرە دوو جار رێگەیان لە سەربەخۆیی خاکی کوردستان گرت بۆ بەرژەوەندی خۆیان و وڵاتە داگیرکارەکان ، سەیرکەن شەرعیەت بە داگیر کردنی وڵاتێک دەدا کە دراوسێکەی خۆی داگیری بکا وەکو ئەوەی کە تورکیا و ئێراق و ئێران و سوریا کوردستان داگیر دەکەن بەڵام وڵاتێکی ئەوروپی بۆی نیە ،

دیارە ئەمە بریارێکی سەیرە، بە نمونە، ئیسپانیا کاتێک ئەنگولا داگیردەکا کە پێویستی بە تەقەمەنی و پێداویستی چەک هەبێ دەبێ هەزاران کیلۆمەتر ببرێ تا ئەو هاوکاریانە بە سوپاکەی خۆی بگەیەنێ واتە ئەمە کارێکی قورسە بۆیان.

بەڵام کاتێک تورکیا کوردستان داگیر دەکا و پێویستی بە هاوکاری دەبێ هیچ لەسەری ناکەوێ ، ئەم بریارەش لە ژێرەوە لێکدانەوە و شتی شاراوەی هەیە ئالوگۆریەکان بە (مقایضە ) ئالوگۆر کراون لە نێوان وڵاتانی داگیرکەر تەنانەت بەم بریارانەش داگیرکاری بەردەوام دەبێ بەڵام بە شێوەیەکی نوێ و سەردەمیانە.

١٩٦٣/١/٢٩

یەکەمین پەرلەمانی کوێتی بەناوی ئەنجومەنی نەتەوەی کوێتی( مجلس الامە الکویتی) لەلایەن شێخ عبداللە ئەلسەباح دەکرێتەوە.

١٩٦٣/٢/٨

کودەتای سەربازی کە عبدولکەریم قاسمی لەناو برد و عبدولسەلام عارف دێتە سەر کۆماری ئێراق.




١٩٦٣/٢/٩

لە دادگایەکی گاڵتەئامێزدا بڕیاری گولەبارانکردنی عبدلکریم قاسم دەدەن و هەر ئەو دەمەش گولەبارانی دەکەن.

١٩٦٣/٢/٩

دوای کودەتای هەشتی شوبات بەعسیەکان عەبدولسەلام عارف بە سەرۆکی ئێراق دیاری دەکەن.



١٩٦٣/٢/١٨

یەکەم دانوستانی نێوان کورد و بەغدا لە دوای کودەتاکەی هەشتی شوباتی هەمان ساڵ بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا ، لە خەسلەتەکانی ئەو دانوستانە جدیەتی لێ بەدی نەدەکرا بۆیە مەلا مستەفای بارزانی داوای لە حکومەت کرد بەیاننامەیەکی فەرمی دەرکا دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنێ .

١٩٦٣/٢/١٩

چوونی مام جەلال و سالح یوسفی وەکو نوێنەرانی پارتی دیموکەراتی کوردستان کە رابەرایەتی شۆڕشی کوردی دەکرد بۆ بەغدا بۆ دانوستان لەگەڵ کاربەدەستە نوێکانی دوای کودەتاکەی هەشتی شوبات و دانیشتن لەگەڵ تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران ، بەلام بۆیان دەرکەوت کە بایەخ بەو دانوستانە ومافەکانی کورددا نانێن تەنها کات کوشتنە.

١٩٦٣/٢/٢٨

مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول ڕایگەیاند، ئەگەر حکومەتی عێراق مافی ئۆتۆنۆمی نەداتە کورد، ئەوا شۆڕشی کورد سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنێت.

١٩٦٣/٣/٤

وەفدێکی حکومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران گەیشتنە ناوچەی کانیماران بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول مستەفا بارزانی.

١٩٦٣/٣/٨

حزبی بەعس لەسوریا کودەتایەکی بەسەر حکومەتی ئەو وڵاتەدا ئەنجامدا و کورسیی حوکمڕانیی گرتە دەست، لەپاش گرتنەدەستی دەسەڵاتیش کەوتە سەرکوتکردنی سەرجەم نەیارەکان.



١٩٦٣/٤/٧

یوگسلافیا بە کۆماری یەکگرتوی یۆگسلافیا رادەگەیەندرێ و جۆزێف بروز تیتۆش Josif Broz Tito بە سەرۆکی هەتاهەتایەی تا لەژیان ماوە دێتە دیار کردن.

١٩٦٣/٤/٧

لەدایکبونی سومبولیی تۆری ئینتەرنێت.

١٩٦٣/٤/١٧

واژۆ کردنی رێککەوتنێک لە نێوان ئێراق و سوریا و میسر بۆ دامەزراندنی یەکێتی لە نێوان ئەو سێ ولاتە ، کە هەلبژرادن لە هەرسێ هەرێمەکەی سوریا و ئێراق و میسردا بکرێ و قاهیرەش بکرێتە پایتەختی دەولەتە یەکگرتوەکە.

١٩٦٣/٤/١٩

دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردی لوبنانی.

١٩٦٣/٤/٢٦

گۆرینی دەستوری لیبی کە پێکهاتبوو لە سێ ویلایەتی فیدرالی لەژێر ناوی پاشانشینی لیبیی یەکگرتووەوە بۆ ناوی پاشانشینی لیبی و رێگەدان بە ژن بەشداری لە هەڵبژاردن بکا.

١٩٦٣/٥/١

نەتەوە یەکگرتوەکان چاولێبونی خۆی لەسەر گینیای نوێ هەڵدەگرێ کە بە ئیریانی رۆژئاوا دەناسرێ ئەمەش دەکەوێتە ئەندەنوسیا کە سالانێکە کێشەی نەتەوایەتی لەم هەرێمە بە زەق سەری هەڵداوە لە شەستەکانەوە پشێوی و نائارامی هەیە کە داوای جیابوونەوە دەکەن ، لەوێ بزوتنەوەیەک بەناوی بزوتنەوەی بابۆی ئازاد لە شەستەکانەوە لەم پێناوە خەبات دەکا.

١٩٦٣/٥/١


حکومەتی بەعسی سوری ئالای سوریای سەربەخۆ دەگۆڕن کە لە ١٩٣٠ وە هەڵیان داوە ، بە ئالایەکی دیکەی پێکهاتوو لە هێلی سور و سپی و سەوز لەگەڵ سێ ئەستێرە کە هێمای یەکگرتنی سێ دەولەتی بەنا وعەرەبیە.(میسر ، سوریا ، ئێراق).

١٩٦٣/٥/٤

کوێت دەبێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان.

١٩٦٣/٥/٢٠

دانانی ئەحمەد سوکارنۆ بە سەرۆکی ئەندەنوسیا تا لە ژیان ماوە.



١٩٦٣/٥/٢٥

له ئەدیس ئەبابا ٣٠ دەوڵەتی ئەفریکی بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی ئەفریکی دەدەن.



١٩٦٣/٦/٣

کۆچی دوایی شاعیری ناودار ی تورک بە هزر کۆمۆنیست ، نازم حیکمەت، کە لە سالۆنیک لە ١٩٠٢ لەدایک دەبێ و تەرمی لە روسیا دەنێژرێ ، ناوبراو لە سەردەمی ئەتاتورک لە ١٩٥٠ زیندانی دەکرێ و دواتر دەرفەتی دەبێ رادەکاتە مۆسکۆ تا رۆژی مردنی و هەر لەوێش دەنێژرێ.

١٩٦٣/٦/١٠

دوای ئەوەی دانوستان و تەقە وەستان لە نێوان کورد و بەغدا لە ١٩٦٣/٢/٢٨ ئەنجام درا بەڵام بەهۆی نەگەیشتنە هیچ رێککەوتنێک لەم رۆژە دووبارە سوپای ئێراق هێرش دەکاتەوە سەر کوردستان.

١٩٦٣/٦/١٠

جۆن کەنەدیی سەرۆکی ئەمریکا رەزامەندی لەسەر یاسای یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دەدا.

١٩٦٣/٦/١٠

لەم رۆژە بەعسیەکان هەڵمەتێکی گرتن و کوشتنی خەڵکانی سڤیلی باشوری کوردستان بەتایبەتی سولێمانی و دەشتی هەولێر(ناوچەی قەرەچوغ) بە فەرماندەیی زەعیم سدقی ئەنجام دا کە ژمارەیەکی بێئەندازەی خەلکیان لە ناو شار گولە باران کرد و بە سەدان و هەزاران کەسیشیان زیندانی و رەشبگیر کرد. ئەم هەڵمەتەی بەعسیەکان لە دوای هەشتی شوباتی ئەو سالەیە کە بە تەواوەتی دەسەلات دەگرنە دەست و وەکو درندە بەردەبنە گیانی خەلک کە بە هەڵمەتی حرس قومیەکان هاتە ناسین.

١٩٦٣/٦/١١

دوای کودەتا شومەکەی بەعسی فاشیو سەپاندنی (حەرەس قەومی) لەهێرشێکی دڕندانەی سوپای عیراقدا، زیاتر لە(٨٠٠) گوندی کوردستان، بەتایبەتی لەپارێزگای هەولێر، وێران کران.




١٩٦٣/٦/١٩

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی ناوچەی زەمبوری سەر بەشاری کەرکوك دەستپێکرد.

١٩٦٣/٦/٢٠

لە میانی شەڕی سارد، ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بە هێڵێکی گەرمی تەلەفۆن بەیەک دەبەسترێنەوە.

١٩٦٣/٦//٢١

فەرەنسا هێزەکانی خۆی لە هاوپەیمانی ناتۆ دەکێشێتەوە.



١٩٦٣/٦/٢٣

لەسێدارەدانی نوسەر و چیرۆکنوسی کورد شێخ مارف بەرزنجی و ٢٧ تێکۆشەری دیکەی کورد.

١٩٦٣/٧/٢



بەپێی رێککەوتنێک لە نێوان ئێراق و تورکیا و ئێران رێگە بە فرۆکەکانی ئەو ولاتانە دەدرێ سنوری ئاسمانی ئێراق ببەزێنن بە درێژایی سنورەکانی نێوانیان تا دەگاتە سەرسنگ و ئاکرێ و رواندز بۆ بۆردومانکردنی هێزی پێشمەرگە، ئەم

ڕێککەوتنەش بەپێی بروسکەی ژمارە ٣٤٧٨/س لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بزاوەکانی سەربازی ئێراقیەوە بەسەر یەکە سەربازیەکانی سوپای ئێراقیدا گشتگیر کراوە.

١٩٦٣/٧/٩

دامەزراندنی یەکێتی مالیزی کە بریتی دەبێ لە یەکخستنی ژمارەیەک لە دورگە  کە پێشتر لە ژێر دەستی بەریتانیادا بوون  بۆ ئەوەی دەولەتی مالیزیای یەکگرتوی لێ دروست بێ.

١٩٦٣/٨/٥

سعودیەو کوێت لەسەر نەخشەکێشانی سنوری نێوانیان رازی دەبن.

١٩٦٣/٨/٥

ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت ڕێکدەکەون لەسەر ڕێگەنەدان بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئەتۆمی.

١٩٦٣/٨/١٧

بۆ یەکەمین جار، بەڕاسپاردەی سۆڤیەت، مەنگۆلیا کێشەی کوردی خستە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٩٦٦٣/٨/٢٨

مارتن لۆسەر کینگ لە بەرلین ڕێپێوانێک ڕێکدەخا بۆ دەربڕینی نارەزایی لە جیاکاری رەگەزی کە دژی رەشپێستەکان دەکرێ، لەم ڕێپێوانە زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ دووسەد هەزار کەس بەشداریی تێدا کرد.

١٩٦٣/٩/١٢

سەربەخۆیی کینیا لە ژێردەستی بەریتانیا.

١٩٦٣/٩/١٥

ئەحمەد بن بیلە بە سەرۆکی جەزائیر دێتە هەلبژاردن.

١٩٦٣/٩/١٦

دامەزراندنی مالیزیا لە یەکگرتنی (مەلایا و سەنگافورا و سراوق).

١٩٦٣/١٠/١

نیجیریا دوای سێ ساڵ لە سەربەخۆیی کۆماری نیجیریا دادەمەزرێ.

١٩٦٣/١٠/٤

ئێراق بە فەرمی دان بە سەربەخۆیی دەولەتی کوێت دەنێ.

١٩٦٣/١٠/٨

روودانی شەڕی (رمال) لە نێوان جەزائیر و مەراکش

١٩٦٣/١٠/٩

پێکهێنانی یەکێتی سوپایی لە نێوان حکومەتی ئێراق و سوریا بەمەبەستی سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردی.

١٩٦٣/١٠/٢٢

کۆبونەوەیەکی نوێنەرانی ئێراق و سوریا لە زاخۆ لەبابەت رێککەوتن لەسەر دوژمنایەتیکردنی کوردان.


١٩٦٣/١١/١٨

عەبدولسەلام عارف کودەتایەک بەسەر حزبی بەعسی دا دەکا و حەرەس قەومیەکان و بەعسیەکان وەدەر دەنێ و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکریش زیندانی دەکا.



١٩٦٣/١١/٢٢

لە کاتی سەردانیی بۆ دالاس سەرۆکی ئەمریکا جۆن کەنەدی **John F. Kennedy** بە قەناس بەدەستێک دەکوژرێ کە تا ئێستاش لێکۆلینەوەکەی بە بریارێکی یەکلاکەرەوە نەگەیشتوە.



١٩٦٣/١١/٢٤

هارڤی ئوزوال بکوژی جۆن کەنەدیی سەرۆکی ئەمریکا دەکوژرێتەوە.

١٩٦٣/١٢/١١

کینیا سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٦٣/١٢/٢٢

دوای پێشنیاری هەمواری دەستوری قوبرس لەلایەن مەکاریۆسی سەرۆکی ئەم دورگەیە. بەگژیەکداچوون لە نێوان قوبروسیە تورکەکان و قوبرسیە یۆنانیەکان روودەدا.

١٩٦٤/٢/١٠

دوای چەند هەولێکی میانگێڕی و گۆڕینەوەی نامە لە نێوان کاربەدەستانی کورد لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەغدا لەم رۆژەدا عەبدولسەلام عارف لە دەزگا راگەیاندنەکاندا ئەو دانوستانە رادەگەیەنی.

هەر دوای ئەوە موستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەلامی ئەو رێککەوتنە دەداتەوە و پێشوازیی لێدەکا.

١٩٦٤/٢/٢٠

کۆتایهاتنی شەڕی (رمال) لە نێوان مەغریب و جەزائیر لەسەر سنورەکانیان، ئەم شەڕە لە ١٩٦٣/٩/٢٥ دەستی پێکردبوو.

١٩٦٤/٤/٢

یەمەن بەریتانیا بە هێرشی ئاسمانی بۆ سەرخاکەکەی تۆمەتبار دەکا.

١٩٦٤/٤/٤

باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە پارتی جیا بۆوە بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی کۆنفرانسی خۆیان لە ماوەت دەبەستن.

١٩٦٤/٤/٢٦

تەنجانیقا و زنجبار یەک دەگرن لە ژێر ناوی تەنزانیا.

١٩٦٤/٥/٣

عەبدولرەزاق ئەلسەنهوری دووەم دەستوری ئێراق دەنوسێتەوە ، هەر خۆی پێشتر یاسای مەدەنیی ئێراقیی لە ١٩٣٥ نوسیبۆوە..

١٩٦٤/٥/١٤


ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی گواستنەوەی ئاراستەی روباری نیل لە بەنداوی بالاوە بە ئامادە بونی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر و نیکیتا خرۆشۆف. ئەم کەنالەی تازە دروستکرا توانای دروست کردنی



کارەبایەکی وا زۆر هەیە کە لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەراست هاوشێوەی نەبێ. تێچوی ئەم بەنداوەش بە قەرزی یەکێتی سۆڤیەت تەواو کرا.

**١٩٦٤/٦/١١**

لەم ڕۆژەدا لەسەردەمی حوکمرانی ڕەگەز پەرستی لە باشوری ئەفریکا نیلسۆن مانديلا بە سزای هەتا هەتایی حوکم دەدرێ کە ماوەی ٢٧ ساڵی تیادا مایەوە.



١٩٦٤/٦/٢٧

جەواهر لال نەهرۆ سەرۆکی هیند و یەکەمین سەرۆک وەزیرانی هیند و یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ولاتانی بێلایەن کۆچی دوایی کرد.

**١٩٦٤/٦/٢٩**

خوشکی فیدل کاسترۆ لە کوبا دەردەکەوێ و دژی ئەو ڕاگەیاندن دەدا.

**١٩٦٤/٧/١**

بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تا ٧/٦ دەخایەنێ. گرنگترین ڕوداوەکان جیابونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوێس عەلی عەبدولا، عومەر موستەفا، عەزیز شەمزینی، جەلال تالەبانی ،عەلی حەمدی، ئاورەحمان زەبیحی،. عەلی عەسکەری، ئەحمەد عەبدولا.حلمی عەلی شەریف،حەمدی حاجی تاهیر،مەلا عەبدولا(مەلا ماتۆر)،نوری ئەحمەد تەها بوو.

**١٩٦٤/٧/٦**

مالاوی لە داگیرکاری بەریتانیا ڕزگاری دەبێ و سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێ.

١٩٦٤/٩/١٨

ڤیتنامی باکور رایدەگەیەنێ کە گەمارۆی دوو تیپی هێزەکانی ڤیتنامی باشوریان داوە.


١٩٦٤/٩/٢١

مالتا لە ژێر دەستی داگیرکاری بەریتانیا رزگاری دەبێ و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.




١٩٦٤/١٠/١٤

نیکیتاخروشۆف دەست لە پۆستی ئەمینداری حزبی کۆمۆنیست دەکێشێتەوە بۆ لیونێد بریژنیف **Leonid Brezhnev**



١٩٦٤/١٠/١٤

خەلاتی نۆبل بۆ ئاشتی بە مارتن لۆسەر کینگ ی قەشەی ئەمریکی درا.



١٩٦٤/١٠/٢٢

ئەدیبی فرەنسی جان پۆل سارتەر **Jean-Paul Sartre** خەلاتی نۆبل بۆ ئەدەب رەت دەکاتەوە.

١٩٦٤/١٠/٢٤

زامبیا سەربەخۆیی وەردەگرێ لە ژێر داگیرکاری بەریتانیا رزگاری دەبێ.

١٩٦٤/١١/١

بەشێوەیەکی کاتی دیواری بەرلین دەکرێتەوە بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە ٦٥ رەت کردوە.

١٩٦٤/١١/٢


لادانی پادشای سعودیە سعود بن عەبدولعەزیز ئال سعود و شازادە فەیسەل بن عەبدولعەزیز لە شوێنی دادەنرێ.

١٩٦٤/١١/١٦

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (وێژە) لەلایەن شەوکەت زەنگەنە لەسلێمانی دەرچوو.

١٩٦٤/١٢/١

گیڤارا لەسەر سەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتار دەدات.



١٩٦٤/١٢/٩

کۆچی دوایی گۆرانیبێژی ناوداری کورد سێوە .

ناوی تەواوی سلێوە یە لەدا سلێوە یە لە ساڵی ١٨٩١ لە کۆیە هاتۆتە دونیا و بە گۆرنی ئەوەل سەحەرا ناوبانگی دەرکرد و دەناسرێتەوە ، ژیانی لە هەرمۆتەی سەربە کۆیە بردۆتە سەر .

١٩٦٤/١٢/٢١

ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی(پەرلەمان) سزای لەسێدارەدان لەم ولاتە لادەبا.

١٩٦٥/١/١

بزوتنەوەی فەتح ی فەلەستینی یەکەم مانەفێستی دەرکرد وەکو دەستپێکی خەباتی چەکداریی.

١٩٦٥/١/٢٤





دەستگیر کردنی (ئیلی کوهین)سیخوری ئیسرائیل لە دیمەشق .

١٩٦٥/١/٢٤

وینستون چرچل سەرۆک وەزیرانی پێشوی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد.

١٩٦٥/٢/١

خۆماڵی کردنی تەلەفۆن و بروسکە لە کوێت.

١٩٦٥/٢/١١

بە هۆی پابەند نەبوونی بەغدا بە بەلێنەکانیەوە وسەرنەگرتنی دانوستانەکەی ١٩٦٤/٢/١٠ ، دووبارە شەڕ لە نێوان کورد و بەغدا هەڵدەگیرسێ.

١٩٦٥/٢/١٨


سەربەخۆ بوونی گامبیا لە ژێردەستی بەریتانیا.



١٩٦٥/٢/٢١

فیدل کاسترۆ هەموو کارەکانی کوبا خۆمالی دەکا.


١٩٦٥/٢/٢١



تیرۆر کردنی مالکوم ئیکس Malcolm X سەرۆکی ئەفریکیە ئەمریکیەکان و وتەبێژی فەرمیی بزوتنەوەی ئومەتی ئیسلامی لە ناو هۆلی کۆنگرەکان لە نیۆیۆرک لەکاتی وتار خوێندنەوە.

١٩٦٥/٣/٢١

لەشاری میونیخی ئەڵمانیا، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا دامەزرا.



١٩٦٥/٤/٢٤

دوای پەنجاساڵ لە کۆکوژی ئەرمەنەکان بەم بۆنە لە سەرجەم ولاتانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپا و ئەرمینیا بە هەزاران هاولاتی وەکو زیندوو کردنەوەی ئەم کارەساتە رژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، لەوساوە کاری جددیان لەسەر بە جینۆساید ناساندنی ئەم کارەساتە کۆکوژیە کرد تا دواجار لە فرەنسا و ئەمریکا بە فەرمی کۆکوژی ئەرمەنەکان بە جینوساید هاتە ناسین ئەمەش بوە مایەی تورەبونی تورکیا و ئارامی رۆحی قوربانیان و کەس و کاریان.

١٩٦٥/٥/٣

یەکەم کەس کە لەسەر مانگ پیاسەی کردبێ رائیدی بۆشایی ئاسمانیی ئەمریکی رید وایت بوو.



١٩٦٥/٥/٧

کۆچی دوایی شاعیری ناوداری کورد قانع.. لە گوندی لەنگە دێی ناوچەی شلێری پارێزگای سلێمانی نێژرا.

١٩٦٥/٥/١٣

جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر پەیوەندیەکانی میسر لەگەڵ ئەلمانیای رۆژئاوا دەپچرێنێ بەهۆی دروست بونی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلەوە.

١٩٦٥/٥/١٤

چین دووەم بۆمبی ئۆتۆمی دەتەقێنێتەوە.

١٩٦٥/٥/١٨

سوریا کەسێکی جو بەناوی (ئیلی کوهین) **Eli Cohen** لە سێدارە دەدا بە تۆمەتی سیخوری بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل.

١٩٦٥/٦/٥

بەهۆی دەربڕینی نارەزایەتیەکان و کاریگەری خومەینی لەسەر شەقامی ئێران ، محەمەد رەزا شا خومەینی دەستگیر دەکا و لە ئێرانی دور دەخاتەوە.


١٩٦٥/٦/٩

سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی زەفار لە عومان.



١٩٦٥/٦/١٢

داستانی شەری هندرێن کە بە خوێنی ژمارەیەک شەهیدی قارەمان لەحزبی شیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمار کرا.



١٩٦٥/٦/١٩

لە جەزائیر هەواری بۆمدیان کودەتایەکی سەربازی بەسەر سەرۆک ئەحمەد بن بیلادا دەکا. و ماوەی ١٥ ساڵ زینداني دەکا ، هەر ئەو کودەتاچیە دواتر بە پیلانێکی بێویژدانی شای ئێران و سەدام حوسێن بەیەک دەگەیەنێ و شۆڕشی ئەیلولی باشوری کوردستان لەبەین دەبا.

١٩٦٥/٦/٢٥

جەمال عەبدولناسر بۆ جاری دووەم بە سەرۆکی میسر دێتە هەلبژاردن.

١٩٦٥/٦/٢٩

هێزەکانی ئەمریکیی رەوانەی ڤیتنام کرابوون لە ڤیتنامی باشور یەکەمین ئۆپەراسیۆنیان ئەنجام دەدەن.

١٩٦٥/٧/١١

لەباکوری کوردستان پارتێکی نوێ بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەلایەن کۆمەڵێك نیشتمانپەروەری کوردەوە پێکهێنرا، ئەم پارتە لەلایەن (فائق یۆجاغ)ەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

١٩٦٥/٧/٢٦

دورگەی مالدیف **Maldive** لە نێو کۆمنویلسی بەریتانی سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ و شاری مالیە بوو بە پایتەختی ئەو ولاتە.

١٩٦٥/٧/٣٠



دەسەلاتدارانی میسر هەلمەتی دەستگیرکردنی ئیخوانیەکانی دەستپێکرد لە نێو دەستگیراوەکان (سید قوتب) و براکانی و دوای دادگایی حوکمی لەسێدارەدانی دەرکرد و جێبەجێکرا.

١٩٦٥/٨/٣١

سیستەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی هەموار کرایەوە.

لەم هەموارە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە دە ئەندامەوە زیادکرا بۆ ١٥ ئەندام، لەو ژمارەیەش دە ئەندامیان ناهەمیشەیی و پێنجیشیان هەمیشەیی دەبن.

١٩٦٥/٨/٩

ولاتی سەنگافورا **Singapore** دوای کۆتایی هێنان بە کێشە ناوخۆییەکانی سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیەنن .

١٩٦٥/٩/٩

حکومەتی چین هەرێمی تبت داگیر دەکا و مافی ئۆتۆنۆمیی پێدەدا.

١٩٦٥/٩/٣٠

سوپا و كۆمۆنیستەكان هەوڵی كودەتایەك دەدەن لەسەر ئەحمە سوكارنوی سەرۆكی ئەندەنوسیا بەلام شكست دەهێنی.

١٩٦٥/١٠/٣

فیدل كاسترۆ رایدەگەیەنێ كە جیڤارا دەستبەرداری رەگەزنامەی كوبی بوو بەرەو دەرەوەی كوبا بەرێ كەوت بۆ جەنگین دژی ئیمپریالیزم.

١٩٦٥/١٠/٢٩

مەهدی بن بەرەكەی سەركردەی مەغربی لە پاریس گوم دەبێ.

١٩٦٥/١١/١

دەستپێكی جەنگی ڤێتنام و تا ١٩٧٥/٤/٣٠ درێژەی دەبێ.

ئەم شەڕە لە نێوان ئەمریكا و ڤێتنامیەكان دەبێ ، دوای زیانێكی زۆری هەردوو لایەن كۆتاییەكەی بە سەركەوتنی ڤێتنامیەكان و وەدەرنانی ئەمریكا تەواو دەبێ.



١٩٦٥/١١/٢٤

مۆبۆتۆ سیسیسیكۆ **Mobutu Sese Seko Kuku** لە كۆنگۆ دەسەلات دەگرێتە دەست و ناوی ولاتەكەی دەگۆرێ بۆ زائیر.

١٩٦٥/١٢/١٩

جارێكی دیكەش شارل دیگول بە سەرۆكی فرەنسا هەلدەبژێردرێتەوە.

١٩٦٥/١٢/٣٠

فردیناند ماركوس بە سەرۆكی فلیپین دێتە هەلبژاردن.



١٩٦٦/١/١

جان بیجل بۆکاسا Jean-Bédel Bokassaکودەتایەکی سەربازی لە ئەفریکای ناوەراست ئەنجام دەدا.

١٩٦٦/١/٢

دامەزراندنی رێکخراوی هاوکاری گەلانی ئەفریکا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین لە هاڤانا کە ٥٠٠ نوێنەری گالانی ئەم سێ کێشوەرە بەشدار دەبن.

١٩٦٦/١/١٣

بۆ یەکەمین جار لە ئەمریکا لەسەردەمی سەرۆک لیندون جونسون کەسێکی رەش پێست بەناوی روبرت ویفەر دەبێتە یەکێک لە تاقمی سەرۆککۆماری ئەمریکا.

١٩٦٦/١/١٣

ئەمریکا لە بیابانی نیڤادا تاقیکردنەوەیەکی ناوەکی ئەنجام دەدا.

١٩٦٦/١/١٥

جەنەرال جونسون ئەیرونسی کودەتایەکی سەربازی لە نیجیریا ئەنجام دەدا خۆی دەبێتە سەرۆی ولات و ئەبوبەکر بالیوای سەرۆک وەزیرانیش دەکوژرێ .



١٩٦٦/١/١٩

ئەندیرا گاندیی کچی جەواهر لال نەهرۆ لەلایەن زۆرینەی پارتی کۆنگرە بە جێگرەوەی لال بهادرو شاستری وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دێتە هەڵبژاردن.

ئەمەش دەبێتە یەکەم ژن پۆستی سەرۆکوەزیران لەم ولاتە بگرێتە دەست.

١٩٦٦/١/٢٤

دوای ئەوەی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانی بۆمبی ناوەکی لە هیرۆشیما و ناکازاکیی ژاپۆن بەکار دێنێ، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار دەدا ئەم ماددەیە تەنها بۆ مەبەستی ئاشتی بەکار بێت.

١٩٦٦/١/٢٨

دوای لەیەک ترازانی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان باڵی مەلا مستەفای بارزان و جەلال تالەبانی کە دووەمیان دواتر خۆی بە باڵی (مەکتەبی سیاسی ناساند) لەم رۆژە بالی مەکتەبی سیاسی خۆیان دایە ناسین و دواتریش لە نێو خەلکا بە (جەلالی) هاتنە ناسین ، دوای ئەوەی لە ١٩٦٤ ئاوارە ئێران ببون لەم رۆژەدا لەگەڵ حکومەتی بەغدا رێک دەکەون و دێنەوە ناوشار.



١٩٦٦/٢/٢٣

لیژنەی سەربازی لە حزبی بەعسی سوری بەسەرۆکایەتی سەلاح جەدید کودەتا بەسەر سەرکردایەتی حزبدا ئەنجام دەدا ، لە نێویاندا میشێل عەفلەقی دامەزرێنەر و سەرۆککۆمار ئەمین ئەلحافز. بەلام دوای چەند رۆژێک حافز ئەلئەسەد دەکرێتە سەرۆککۆمار.


١٩٦٦/٢/٢٤

سەرۆکی گانا لەکاتی سەردانیی بۆچین لەلایەن جەنەرال (جوزیف ئارثەر ئەنکرە ) ەوە کودەتایەکی سەربازیی لەسەر دەکرێ و خۆی دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی رزگاریی نیشتمانی ئەو ولاتە.

١٩٦٦/٣/٢٥

کۆچی دوایی نوسەر و رۆژهەلاتناسی روسی فلادیمێر مینورسکی **Vladimir Fedorovich Minorsky** ناشتنی لە نۆڤۆدیفچی ، خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر مێژوی کورد و زمان و کەلتوری. لەوانە :

- کێشەی موسل ١٩٢٦،.
- گۆران١٩٤٣ .
- هۆزانی رۆژئاوای ئێران ١٩٤٥.



- ئەلف و بێ کوردی بە لاتینی ١٩٣٣، و چەندین توێژینەوە و دیراساتی تر لەسەر کورد ، ناوبراو لە ١٨٧٧/٢/٥ لە شارۆچکەی کۆرچیڤا لەدایک دەبێ.
-

١٩٦٦/٤/١٣

لە رێگەی پیلانێکی دارێژراو عبدالسلام محمد معارف سەرۆککۆماری ئێراق هەلیکۆپتەرەکەی دەخرێتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدا ، دوای ئەو عبدالرحمن ی برای لەشوێن ئەو دادەنرێ کە دواتر بەعسیەکان ئەویشیان لەسەر کار لابرد.

لەکاتی کەوتنە خوارەوەش ئەم کەساتیانەی لەگەڵدا بوو کە هەموویان گیانیان لەدەست دا:




- لیوا عەبدول لەتیف دەراجی وەزیری ناوەخۆ.
- عەمید عەبدولهادی ئەلحافز جێگری وەزارەتی پیشەسازی .
- محەمەد ئەلنەدا متەسەرف (پارێزگار) ی بەسرا.
- موستەفا عەبدولا تەها وەزیری پیشەسازی.
- عەمید زاهد محەمەد سالح .
- عەمید جیهاد ئەحمەد فەخری .
- رائید عەبدوڵڵە مەجید .
- نەقیبی فرۆکەوان خالید محەمەد نوری .
- جێگر ئەفسەری میکانیک کەریم حەمید.
- جێگری ئەفسەری کارەباچی محەمەد عەبدولکەریم.




١٩٦٦/٤/١٦

عبدالرحمن عارف له شوێن عبدالسلامی برای دەکرێتە سەرۆککۆماری ئێراق.

١٩٦٦/٤/١٨

دوای ئەوەی شۆڕشی چەکداری لە چین بە رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیست و سەرۆکایەتی ماو تسی تۆنگ سەردەکەوێ لەم رۆژە بۆ وشیار کردنەوەی گەلی چین دەست بە شۆڕشێکی سەقافی لە سەرتاسەری چین. دەکرێ. بەناوی شۆڕشی سەقافی.





١٩٦٦/٥/١٢

داستانی هندرێن، هێرشێکی بەربڵاوی داگیرکەری بەعس بوو بۆ راماڵینی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی رواندز بەلام وێرای زیانێکی زۆری فرۆکەیەکیشی لێدەکەوێتە خوارەوە، پشکی شێر لەم داستانە هی حزبی شیوعی بوو وێڕای هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوتردستان کە رابەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد.



١٩٦٦/٥/١٧

داستانی شەڕی زۆزک کە دوژمن لەو دوو شەرەی یەک لەدوای یەکی زۆزک و هندرێن بە سەدان کوشتاری لێکەوت، لەدوای ئەو شکستە حکومەتی عارف داوای دانوستان لە کورد دەکا

١٩٦٦/٦/١٣

دواى ڕێککەوتنی بەغدا لەگەڵ باڵی جەلال تالەبانی(باڵی مەکتەبی سیاسی) لەم ڕۆژە شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی حبیب محمد کریم و ئەندامێتی سالح یوسفی و موحسین دزەیی بۆ هەمان مەبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا دەگەنە پایتەخت.

١٩٦٦/٥/٢٩

واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی تەقە وەستاندن لە نێوان مەلامستەفا ی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و عبدالرحمن بەزازی سەرۆک وەزیرانی ئێراق لە سەردەمی عەبدولرەحمان محەمەد عارف کە بە ڕێککەوتنی بەزاز دەناسرا . سەرۆکۆماری ئێراق تیایدا دان بە مافی نیشتمانی کورددا دەنێ.

١٩٦٦/٧/٤

تیرۆر کردنی فایق بوجاخ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی باکور لەلایەن جەندرمەکانی تورک و بە دەستکیسی ناوەخۆ.

١٩٦٦/٧/٦

دوای دوو ساڵ لە سەربەخۆ بوون مالاوی لە دایک بوونی کۆماری مالاوی رادەگەیەنێ.

١٩٦٦/٧/٨

ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی دژی پادشای بروندی مومبوتسا ی چوارەم و هاتنی شازادە نەزیری پێنجەم کوری پادشا لە شوێن ئەو.

١٩٦٦/٨/٦

شێخ زاید بن سولتان ئالنهەیان لە کودەتایەکی ئاشتیانە بەسەر براکەیدا شێخ شەخبوت سولتان ئالنهەیان سەردەکەوێ ودەبێتە میری میرنشینی ئەبوزەبی.





١٩٦٦/٨/١١

کۆتایی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندەنوسیا و مالیزیا کە لە ١٩٦٣/١/٢٠ وە دەستی پێکردبوو.


١٩٦٦/٨/٢٩

لەسێدارەدانی (سەید قوتب) کە یەکێك بوو لەسەرکردە دیارەکانی کۆمەڵی ئیخوان موسلمین لە میسر و ڕاڤەکارێکی بەناوبانگی قورئانی پیرۆزیش بووە.




١٩٦٦/٩/٣٠

لە نێو وڵاتانی کۆمنویلسی بەریتانی بۆتسوانا **Botswana** سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ .



١٩٦٦/١٠/٢٨

لە نزیک چوارریانی رواندز موستەفا بارزانی و عەبدولرەحمان عارف چاویان بەیەک دەکەوێ و هەردوکیان یەکتری خەلات دەکەن.



١٩٦٦/١٠/٣٠

لەدایکبوونی تیرۆرستی عەرەبی (زەرقاوی) ناوی تەواوی ئەحمەد فزەیل نەزالە ناوبراو لە شاری زەرقای وڵاتی ئوردن لەدایک بوو.

١٩٦٦/١١/١٢

حەوتەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لەناوچەی گەڵاڵە دەستی پێکرد. ئەم کۆنگرە ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاند و تێیدا (مەلا مستەفای بارزان) وەکو سەرۆك و (حەبیب کەریم) یش بەسکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردران.

١٩٦٦/١٢/٢٧

هێرشی هاوبەشی ئەمریکا و ڤێتنامیە باشوریەکان بۆ سەر بارەگاکانی ڤیتکونگ لە ناو دارستانەکانی یومینە لە هەرێمی دەلتا میکونگ.

١٩٦٧/١/١٣

لە تۆگۆ کودەتایەکی سەربازی ئەنجام دەدرێ و بەوهۆیەوە کاری سیاسی لە حزبەکان قەدەغە دەکرێ.

١٩٦٧/٣/٢٩

سوپای فەرەنسا یەکەم کەشتیی ژێردەریایی دروستکرد، کە بەوزەی ناوەکی کاری دەکرد.

١٩٦٧/٤/٩

یەکەمین فرۆکەی بوینگ ٧٣٧ گەشتێکی ئەزمونی دەکا.

١٩٦٧/٤/٢١

لە یۆنان سوپا دەسەلات دەگرێتە دەست.

١٩٦٧/٥/٦

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (التاخی) لە بەغدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچوو.

١٩٦٧/٥/٨

محمد عەلی کلای پالەوانی بۆکسێنی دەدرێتە دادگا بەهۆی ئەوەی ئامادە نابێ خزمەتی سەربازی بکا چونکە ئەوکات ئەمریکا لە جەنگدا بوو لەگەڵ ڤیتنام.

١٩٦٧/٥/٣٠

مەلیکل حوسێن و جەمال عەبدولناسر رێککەوتنێکی بەرگری هاوبەش واژۆ دەکەن.

١٩٦٧/٦/٢



عەبدولرەحمان ئەلعەزام یەکەم ئەمینداری گشتیی کۆرپەندی ولاتانی عەرەبی کۆچی دوایی دەکا، ناوبراو لە پارێزگای جیزەی سەربە میسر لەدایک ببوو.



١٩٦٧/٦/٥

شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و عەرەب( ئوردن و سوریا و میسر) لەو شەڕە ئیسرائیل دەست دەگرێ بەسەر نیمچە دورگەی سینا و کەرتی غەزە و کەرتی ڕۆژئاوا و قودس و بەرزاییەکانی جۆلان لە خاکی سوریا.

١٩٦٧/٦/٧

لە جەنگی حوزەیران لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل لەم ڕۆژە ئسرائیل هەموو خاکی قودسی ڕۆژهەلات داگیر دەکا.

١٩٦٧/٦/٩


جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر بەهۆی شکستی جەنگی شەش ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و میسر دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە.

١٩٦٧/٦/١٠

کۆتایی شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بە شکستی عەرەب و داگیربونی قودسی ڕۆژهەلات و سینا و بەرزاییەکانی جۆلانی سوری تەواو دەبێ. ئەم شەڕە لە ٥ی حوزەیران دەستی پێکردبوو.

١٩٦٧/٦/٢٧

یەکەم ئامێری پارە دەرهێنان لە بانکەکان لە بەریتانیا خرایە کار .



١٩٦٧/٧/٢١

(نیل ئارمسترۆنگ) یەکەم کەس دەبێ لەسەر مانگ دەنیشێتەوە .

١٩٦٧/٨/٣

ڕوودانی دوو خۆپیشاندانی مەزن لە شارەکانی سیواس و دیاربەکر لە باکوری کوردستان لەلایەن هاولاتیانی کوردەوە بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی باکور.

١٩٦٧/٨/٢٩

بەستنی کۆنگرەی لوتکەی چوارەمی عەرەب لە سودان (خەرتوم) دوای شەڕی ١٩٦٧کە بە کۆنگرەی (٣ نایەکە) هاتە ناسین ( نا بۆ ئاشتەوایی ،نا بۆ دانپێدانان، نا بۆ دانوستان).

١٩٦٧/٩/١٧



لەت بوونی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق کە بە مەزنترین شکتی ئەو پارتە دێتە ئەژمار لەم میانە عەزیز ئەلحاج رابەرایەتی باڵێک دەکات و دواتر ناوبراو دەکەوێتە باوەش رژێمی بەعس و دەبێتە راوێژکاری سەدام حوسێن.

١٩٦٧/١٠/٤

سولتان بروونای عومەر سەفیەدین ی سێیەم بۆ کورەکەی حەسەن ئەلبەلقیە واز لە سولتانێتی دێنێ.



١٩٦٧/١٠/٨

گیڤارا و هاورێیانی لە دۆڵی (بۆرۆ) لە پۆلیڤیا دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ سوپای پۆلیڤیا بە بریندار دەستگیر دەکرێ و دواتر شەهیدیان دەکەن. ئەم مەفرەزە لە ١٧ پارتیزان پێکهاتبوون شەشیان رزگاریان دەبێ ئەوانیتر دەبنە قوربانی.

١٩٦٧/١٠/٩

دوای یەک رۆژ لە دەستگیرکردنی لە بۆلیڤیا شۆڕشگێڕی گیڤارا **Che Givara**گولەباران دەکرێ، ناوبراو دەڵێ (لە ئەرجەنتین لە دایک بوم و لە کوبا جەنگیم و لە گواتیمالا دەستم بە ژیانی شۆڕشگێڕی کرد) ئەمە گوتەی گیڤارایە لەسەر ژیاننامەی خۆی. گیڤارا کە لە ساڵی ١٩٢٨ لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ئیسپانیی ئێرلەندیی خاوەن ئیمتیاز لە دایک دەبێ ، توانیی روبەروی مێژوی خانەوادەکەی بوەستێتەوە ، وێرای ئەوەی کە ئەم خانەوادەیە بە نازو نیعمەتی شار پەروەردە ببون بە بیرکردنەوە و هزری شار وداب ونەریتەکانی ژیابون کە لە ناویاندا بە هزری پێشکەوتو و چالاکوان ناسرابون ،

ئەرنستۆ کە دواتر نازناوی گیڤارا **Che Givara** وەردەگرێ سنوری ئەم ئازادیەی بیرکردنەوەیە لە ناو سنوری خانەوادەکەی ناهێڵێتەوە بەڵکو بۆ دەرەوەی دەبا و دژی ئەو چەوسانەوەیەی کشوەرەکەی توشی هاتبوو

شۆڕش هەڵدەگیرسێنێ ، هەروەکو ریکاردۆ روجو کە دۆستێکی خانەوادەکەیان دەبێ شایەدیی بۆ دەدا و دەڵێ:

( هەندێک سیما و خەسلەت هەبوون کە تایبەت بوون بە خانەوادەی گیڤارا لەوانە خۆشەویستیان بۆ دادپەروەری و رەت کردنەوەی فاشیزم و گرنگی نەدان بە ئاین و بایەخ دان بە مۆزیک وئەدەب و رق بونەوە لە سامان و کۆکردنەوەی سەروەت ) .

ئەم بارو دۆخانە لەخۆیدا کەش و هەوایەک دروست دەکەن کە مەیلی یاخی بونیان هەبێ هەر بۆیەش دەبینین گیڤارا دەبێتە شۆڕشگێڕێک لە کێشەکانی ئەمریکای لاتین تێدەگا .

ئەو کاتەی گیڤارا **Che Guevara** منداڵ دەبێ وەکو گەنجێک هەڵس و کەوت دەکا ، ئەو کاتەش دەبێتە گەنج ، وەکو پیاوێکی کامل رەفتار دەکا ، یەکێک لە هاوپۆلەکانی باسی دەکا و دەڵێ :

پیاوێک بو بە رادەیەک بڕوای بەخۆ هەبووکە باوەرناکرێ ، لە بیرکردنەوەکانیدا سەربەخۆ و پر چالاک و ماندو نەناس بوو، سەرەڕای ئەمە لە داب و نەریتەکانی کۆمەڵ رزگاریی ببو . لەم رووەوە یەکێک لە مامۆستاکانی دەڵێ:

سەبارەت بە هەڵس و کەوتەکانی گیڤارا ، زۆر لەتەمەنی خۆی گەورەتر رەفتاری دەکرد ، پێیەوە دیاربوو




کە زۆر بەخێرا گۆران لە ژیان ومیزاج و توانای دەردەکەوێ وێرای ئەمەش خاوەنی رەفتارێکی سەقامگیر نەبوو بەڵام تەواو پێگەیشتو بوو .

ئەو کاتەی لە دوا ئامادەیی خوێندکار دەبێ هەڤالەکانی لە دانیشگا بە یەکێک لە ریزی خوێندکارەکانی دانیشگای دەزانن .

گیڤارا **Che Givara** واقیع بینیەکەی بەسەر حەزەکانی ئەفسوناوییدا زاڵ ببون هەر بۆیە بە ئاسانی دەکەوێتە تەلەوە..

١٩٦٧/١١/٥

لەکاتی سەردانییدا بۆ ئێراق سەرۆککۆماری یەمەنی عەرەبی عەبدوللا سەلال کودەتای بەسەردا دەکرێ و ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی لە هەریەک عەبدولرەحمان ئێریانی و محەمەد عەلی عوسمان و ئەحمەد محەمەد نەعمان پێک دێن و حکومەتیش بەسەرۆکایەتی موحسن ئەلعەینی دادەمەزرێن.




١٩٦٧/١١/٣٠

سەربەخۆ بونی یەمەنی باشور بەسەرۆکایەتی قەحتان محەممەد ئەلشعبی.



١٩٦٧/١٢/١١

جۆرج حەبەش بەرەی میلی بۆرزگاری فەلەستین دادەمەزرێنی. ناوبراو باڵی چەپی ناو بەرەی رزگاریخوازی فەلەستین بوو هەر بۆیە ناوبراوو حزبەکەی دۆستی کوردو پرسەکەی بوون.

١٩٦٧/١٢/١٣

پاپای یونان قوستەنتینی دووەم هەولیدا کودەتا بەسەر سوپادابکا کەلە نیسانی١٩٦٧ کودەتای سەربازیان ئەنجام دابوو ، بەلام لەم هەولەی سەرکەوتوو نابێ بۆیە رادەکاتە ئیتالیا و یواننیش رژێمی پادشیەتی هەلدەوەشێننەوە و سیستەمی کۆماری رادەگەیەن.

١٩٦٨/١/١٣

هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆ لە کۆماری یەمەنی دیموکراسیی میللی کە حزبی سۆسیالیستی یەمەنی حوکمرانیی دەکرد و ئەم شەڕە لە نێوان بالەکانیدا رویدا.

١٩٦٨/٣/١٢



سەربەخۆ بوونی کۆماری دورگەکانی موریشیوس Mauritius ئەم دوورگەیە دەکەوێتە ناو زەریای هیندی ٨٦٠ کم لە مەدەغەشقەرەوە دوورە.

١٩٦٨/٣/١٥

دوای کەمتر لە یەک ساڵ لە سەربەخۆیی کۆماری یەمەنی دیموکراسیی میللیی، ئاژاوە و یاخی بونی سیاسی دەست پێدەکا.



١٩٦٨/٣/٢٧

کەشتیوانی ئاسمانیی سۆڤێتی (یوری گاگارین) کۆچی دوایی کرد، کە یەکەم کەس بووە بەرەو ئاسمانی دەرەوە گەشت بکات.



١٩٦٨/٤/٤

لەشاری مەمفیس لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرش کرایە سەر قەشە (مارتن لۆتەر کینگ **Martin luther king**) پارێزەرو داکۆکیکاری مافە مەدەنییەکان لەئەمریکاو تیرۆر کرا.

١٩٦٨/٤/٦

یەکەمین تاقیکردنەوەی کۆمپانیای تۆشیبای **TOSHOBA** ژاپۆنی بۆ داهێنانێکی نوێی تەلەفۆنی بە گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێ.

١٩٦٨/٤/١٢

تەواو بونی یەکەمین تاوەری هەوربڕ لە کاسومیگاسیکی لە ژاپۆن کە لە ٣٦ نهۆم پێکهاتبوو بە بەرزایی ١٤٧ مەتر بوو.

١٩٦٨/٤/١٣

لەناوبرادنی شێخ حەنەش سەرۆک تیرەی (طی) ی عەرەبی کە پیشەی داگیرکردنی خاک و زەویەکانی کورد بوو لە کەندیناوە و کەرکوک.



١٩٦٨/٦/٥

سەرحان سەرحان تەقە لە رۆبیرت کەنەدی **Robert F. Kennedy** دەکا و دەلحاز دەیکوژێ.

١٩٦٨/٧/١

شەست دەولەت لە ژنێف واژۆ لەسەر سنوردار کردنی چەکی ئەتۆمی دەکەن.



١٩٦٨/٧/٥

هونەرمەندی میسری ئەکتەری بەناوبانگ عەبدولسەلام ئەلنابلسی لەتەمەنی حەفتا ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا ، نابلسی لە گوندێکی لوبنان لەدایک ببو.



١٩٦٨/٧/١٧

کودەتای بەعسیەکان بەسەر عبدالرحمن عارف و دەرکردنی بۆ تورکیا، هاتنی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بۆ لوتکلەی دەسەلات بە یاریدەدەری سەدام حوسێن.

١٩٦٨/٧/٣٠

دوای کودەتاکەی ١٧ی تەموز واتە دوای ١٣ رۆژ دەسەلاتدارانی بەعس دەستێک بە رکابەرانی ناوەخۆیاندا دەنێن و لەناویان دەبەن کە ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی بەعس بوون. بۆیە ئەو رۆژە لای بەعسیەکان بە سەرکەوتنە مەزنەکە دەزانن.




١٩٦٨/٨/٣٠

کۆچی دوایی مێژوو نووسی کورد (سالح قەفتان) لە باشوری کوردستان.

١٩٦٨/٩/٦

ولاتی سویزلەندا سەربەخۆیی خۆی لە نێو کۆمنویلسی بەریتانی راگەیاند. و سۆبۆزای دووەمی کردە پادشای ولاتەکەی.




١٩٦٨/٩/١٣

ئەلبانیا لە هاوپەیانی وارشۆ دەکشێتەوە.

١٩٦٨/١٠/٢٢

زانكۆی سلێمانی وەكو یەكەمین زانكۆ لە باشوری كوردستان دامەزرا.

١٩٦٨/١١/٥

ریچارد نیكسۆن بە سەرۆكی ئەمریكا دێتە هەلبژاردن.


١٩٦٩/١/٢٠

ریچارد نیكسۆن دوای دەرچونی لە هەلبژاردنەكانی سەرۆكایەتی ئەمریكا لەم رۆژە دەست بەكار دەبێ .

١٩٦٩/١/٢٣

قاهیرە بەبۆنەی یادی هەزار سالییدا ئاهەنگ دەگێرێ هەر بەم بۆنەیەشەوە یەكەمین پیشانگای نێودەولەتیی كتێب دەكاتەوە.

١٩٦٩/١/٢٦




یەكەم ژمارەی گۆڤاری بەیان بەزمانی كوردی لە بەغدا دەرچوو.

١٩٦٩/٢/٣

لە كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینی لە قاهیرە یاسر عەرەفات سەرۆكایەتی رێكخراوی ئازادیخوازت فەلەستین دەگرێتە ئەستۆ.

١٩٦٩/٣/٧

گۆلدامائیر Golda Meir وەكو یەكەمین ژن پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل دەگرێتە دەست.



١٩٦٩/٣/٢٥

خۆپیشاندانەكان لە پاكستان محمد ئەیوب خان ناچار دەكەن دەست لەكار بكێشێتەوە.

١٩٦٩/٤/٢٠

دەرچوونی ژمارەی یەکی گۆڤاری رزگاری لە باشوری کوردستان.

١٩٦٩/٤/٢٨

دوای خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لە فرەنسا لە ١٩٦٨ ەوە شارل دی گۆل دەست لە کاری سیاسی و پۆستی سەرۆککۆماری دەکێشێتەوە.



١٩٦٩/٥/٢٥

جەعفەر نمێری لە سودان کودەتا بەسەر مەحەمەد ئەحمەد مەحجوبدا دەکات و دەسەلات دەگرێتە دەست، ئەم کودەتایە ناوی نرا شۆڕشی مایۆ.

١٩٦٨/٥/٢٧

قەزای دهۆک کە سەربە پارێزگای موسل بوو کرایە پارێزگایەکی سەربەخۆ.



١٩٦٩/٦/٢٠

دوای شارل دی گول جۆرج بۆمبیدۆ دەبێتە سەرۆکی فرەنسا تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی دەکا لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە پۆستەکەی بەردەوام دەبێ ، بۆمبیدۆ لەسەردەمی شارل دیگۆل سەرۆکی وەزیران بوە.

١٩٦٩/٧/٧

دەرکردنی مەرسوم نامەیەک لە فرەنسا تایبەت بە زمانە فەرمیەکان بەپێی ئەو مەرسومنامە بەکار هێنانی زمانەکانی فرەنسی و ئینگلیزی یەکسان کران.

١٩٦٩/٧/٢٠

ئەپۆلۆ ١١ دەگاتە سەر مانگ.

١٩٦٩/٧/٢٤

کەشتیی ئەپۆلۆ دەگەڕێتەوە سەر زەوی دوای گەشتێکی سەر مانگ.

١٩٦٩/٨/٢١



مزگەوتی ئەلئەقسا لەلایەن جلەکەییێکی ئوسترالی (دینس مایکل ) ەوە دەسوتێندرێ.

١٩٦٩/٨/٢٩

شاعیرو زمانەوانی گەورەی گەلی کورد، مامۆستا (هەژار موکریانی) کتێبی مێژوویی (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بەدلیسی)ی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

١٩٦٩/٩/١



شۆڕشی فاتح  لە لیبیا روخانی رژێمی پادشایەتی (پادشا محەمەد ئدریس  ئەلسنوسیدا ) و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی کۆماری بەسەرۆکایەتی موعەمەر قەزافی.

١٩٦٩/٩/٢

کۆچی دوایی هۆ شی منە.

Ho Chi Minh  فەرماندەی شۆڕشی ڤێتنامی باکوور و شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست بوو.

سەرۆک وەزیران بووە لە ماوەی (١٩٤٥ تاکوو ١٩٥٥) ئینجا لەماوەی دابەشبوونی ڤیەتنام بووەتە سەرۆکی بەشی باکووری ڤیەتنام لە ماوەی (١٩٤٥ تاکوو ١٩٦٩ واتا تا مردنی) .

لە لایەنگرانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمەکان دێتە ئەژمار و یەکەم سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ڤیەتنام بوو لەماوەی ١٩٥٦ تاکوو ١٩٦٠ .




ماوەیەکیش ئەو حیزبە ناوی پارتی کرێکاران بووە، هۆ شی منە بە یەکێ لە ڕزگاریکەران و ڕزگاریخوازانی گەلی ڤیەتنامی دەژمێردرێت.

١٩٦٩/٩/١٦

وەفدێکی حکومەتی ئێراقی بریتی دەبن لە عامر عەزیز و فواد عارف دەگاتە ناوپردان بەمەبەستی دانوستان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولی .

١٩٦٩/٩/٢٦

دامەزراندنی ڕێکخراوی دەولەتانی ئیسلامی ، بڕیاری دامەزراندن لە کۆبونەوەی سەرکردەکانی ئیسلامی لە ڕەبات هاتە وەرگرتن کە دوای سوتاندنی مزگەوتی ئەقسا دێت لە ٢١ ی ئابی ١٩٦٩ .

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بۆ بەرگریکردن لە پیرۆزمەندیەکانی ئیسلامی بووە.

١٩٦٩/١٠/٢١

لە سۆمال کودەتایەکی سەربازی بەسەرۆکایەتی محەمەد سیاد بەری ئەنجام درا.

١٩٦٩/١١/١٧

دەستپێکی دانیشتنەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ ڕێککەوتن لەسەر سنوردار کردنی چەکی بالستی ناسراو بە سالت SALT کە تا ٢٢ ی هەمان مانگ لە هلسنکی دەخایەنێ.

١٩٦٩/١٢/٣١

وەفدێکی دیکەی حکومەتی ئێراقی کە پێکهاتبوون لە حەردان عەبدولغەفار تکریتی و تاریق عەزیز و عەبدولخالق سامەرائی دەگەنە ناوپردان بۆ درێژەدان بە دانوستانەکانی نێوان بەغداو کورد.

١٩٦٩/١٢/٣١

دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا.

١٩٧٠/١/٣

کورت ڤالدهایم **Kurt Josef Waldheim** دەبێتە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٩٧٠/١/٩

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هاوکاری بە زمانی کوردی لە بەغدا دەرچوو.



١٩٧٠/١/١٢

یەکەم دیداری بارزانی و سەدام لە رواندز لە رێگەی فەرماندەی لیوای دووی سوپای ئێراق عەقیدی ستونی تاریق تۆفیقەوە بوو، ئەمەش بوە بەردی بناغەی رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠.

١٩٧٠/١/١٥

موعەممەر قەزافی پۆستی سەرۆک وەزیران دەگرێتە دەست.

١٩٧٠/١/٢٢

یەکەمین گەشتی فرۆکەی جامبۆ لە نیۆیۆرکەوە دەفرێ و لە فرۆکەخانەی هیترۆ ی بەریتانی دەنیشێتەوە.

١٩٧٠/١/٢٨

شاندێکی حکومەتی بەغدا دەچنە ناوپردان بۆ دانوستان لەسەر دەرکردنی رێککەوتننامەی یانزەی ئادار کە بریتی بون لە (حەردان عەبدولغەفار تکریتی، عەبدولا سەلوم ئەلسامەرائی ،عەمید روکن ئیسماعیل تایە ئەلنعێمی، مورتەزا ئەلحەدیسی، وەلید فەتاح، سەعدون غێدان، سەمیر نەجم و عەزیز شەریف.

١٩٧٠/٢/١٠

یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا دادەمەزرێ.

١٩٧٠/٣/٢

راگەیاندنی سەربەخۆیی دەولەتی رۆدیسیا و بە یەکجارەکی لە ژێردەستی بەریتانیا رزگاری دەبێ.

١٩٧٠/٣/٩

بۆ یەکەمینجار سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین (یاسر عەرەفات) سەردانی مۆسکۆ دەکا و لەوکاتەوە سۆڤیەت هاوکاری گەلی فەلەستین دەکا.

١٩٧٠/٣/١٠

لە ناوپردان لە قوتابخانەیەکی بچوک بارزانی و سەدام حوسێن واژۆ لەسەر دوا ڕێککەوتن دەکەن کە ڕۆژی دواتر ڕاگەیەندرا و بە ڕێککەوتنی یانزەی ئادار هاتە ناسین.

١٩٧٠/٣/١١

ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار کە حکومەتی ئێراق دانی بە مافەکانی کورددا نا لە چوارچیوەی مافی ئۆتۆنۆمی. ئەم ڕێککەوتنە کە بەغدا بە بایاننمە ناوی دەباو کوردیش بە ڕێککەوتننامە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی و حکومەتی ئێراق بە نوێنەرایەتی سەدام حسێن جێگری سەرۆک کۆماری ئێراق لە ناوپردان لە کاتژمێر یازدە و نیوی شەوی ١٠ لەسەر١١ ئازاری ١٩٧٠ واژۆکرا.




ڕێککەوتنەکە کاردانەوەیەکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا و سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد.

١٩٧٠/٣/٢٨

وەدەرنانی هێز و بنکەکانی سوپای بەریتانی لە لیبیا.

١٩٧٠/٥/٤

وەکو نارەزایی دەربڕین لە داگیرکردنی کەمبۆدیا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکی، خوێندکاران خۆپیشندان ئەنجام دەکەن.





۱۹۷۰/٦/٥

وڵاتی تۆنگا **Tonga** لە ژێر داگیرکاری بەریتانیا رزگاری دەبێ و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ بە مانەوەی لە ناو وڵاتانی کۆمنویلسی بەریتانی.

۱۹۷۰/٦/١٠

دامەزراندنی رێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کە دواتر دەبێتە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە باشوری وڵات ،ئەم رێکخراوە رۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. کە لە سوریا دامەزرا لە دوای پێنج ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵە.




لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە(٢٧ی کانونی دووەم تا ١٤ شوباتی ١٩٩٢) بڕیار لە تێکەڵکردنی هەرسێ باڵەکەی یەکێتی دەدرێ کە کۆمەڵە باڵێکی سەرەکیی بوو بەمەش کۆمەڵە دەبێتە بەشێک لە مێژوو کە لە تەمەنی رێکخراوەییدا سێ کۆنفرانس دەبەستێ یەکەمیان لە یەکی ئاياری ١٩٧٩ لە مالیمۆس.

دووەمیان لە ٢١ی ئابی ١٩٨٢ لە ناوزەنگ ، سێیەمیان لە ١٠ی تەموزی ١٩٨٥.

۱۹۷۰/٦/١١

دوای مانەوەی ٢٥ ساڵ لە لیبیا هێزەکانی ئەمریکی ئەو وڵاتە جێ دەهێڵن، ئەم هێزانە ئەو داگیرکاریە لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە دەستی پێکردوە کاتێک ئەمریکا هێزەکانی ئیتالیا و ئەڵمانیا لەو وڵاتە وەدەر دەنێ و خۆی لێ دادەکوتێ.

۱۹۷۰/٦/١٩



پرۆژەی رۆجەرس هی ولیام رۆجەرس **William P. Rogers** وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تایبەت بە کۆتایی هێنان بە کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین هاتە راگەیاندن.

١٩٧٠/٦/٢٣

دوای پێدانی مۆڵەت بە دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد ، لەم رۆژە یەکەم کۆنگرەی خۆیان لە بەغدا دەبەستن.

١٩٧٠/٧/١

بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان.

١٩٧٠/٧/٢١

دوای ١١ ساڵ لە کارکردنی بەنداوی باڵا (السد العالی) تەواو دەبێ کە لە میسر لەسەر روباری نیل لە ناوچەی تەنجە دروستکرا.



١٩٧٠/٧/٢٣

سولتان بن قابوس بن سەعید لە کودەتایەکی سپی بەسەر باوکیدا( سەعید بن تەیمور) دەبێتە حاکمی عومان.

١٩٧٠/٨/١١

یەکێتی سۆڤیەت مانگی دەستکردی (کوزموس ٣٥٦) دەرکرد کە هەر ٩٢ خولەک جارێک بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە.

١٩٧٠/٨/٢٩

دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد لەشاری بەغدا دەست بەکار بوو و یاسای تایبەت بەپێکهێنانی رێکخراوەکەش دەرچووە.

١٩٧٠/٩/٤



سلڤادۆر ئەلندی **Salvador Allende** بە سەرۆکی چیلی دێتە هەڵبژاردن.



١٩٧٠/٩/١٦

دوای ئەوەی بەرەی میللی رزگاریخوازی فەلەستینی چوار فرۆکەی سڤیلی لە ئوردن دەفرێنن، شا حوسێن باری نائاسایی رادەگەیەنێ و پەیوەندیەکانی لەگەڵیان تێک دەدا .

١٩٧٠/٩/٢١

سەرهەڵدانی شەڕو کوشتار لەنێوان سوپای ئوردن و چەکدارەکانی فەڵەستینی لە ئوردن، کە بە (ئەیلولی ڕەش) ناسراوە، سەرکردەی وڵاتانی عەرەبی گەیشتنە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر، بەمەبەستی سازکردنی کۆنگرەیەکی تایبەت بەو شەڕە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ڕاگرتنی.

١٩٧٠/٩/٢٤

حکومەتی لوبنان بە فەرمی مۆلەتی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان دەدا.

١٩٧٠/٩/٢٨



کۆچی دوایی سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر دووەم سەرۆککۆماری میسرو یەکێک لە فەرماندەکانی شۆڕشی ١٩٥٢ کە رژێمی پادشایەتیی لەناو برد .



١٩٧٠/٩/٢٨

دوای مردنی جەمال عەبدلناسر. ئەنوەر ئەلسادات کە جێگری بوو دەبێتە رۆکی کۆماری میسر.

١٩٧٠/١٠/١

ناشتنی تەرمی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کۆچکردووی میسر.



١٩٧٠/١٠/٣

ئەندیرا گاندیی سەرۆک وەزیرانی هیند بە تۆمەتی گەندەلی دەستگیر دەکرێ.

١٩٧٠/١٠/٧

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەلفاتح بەسەرۆکایەتی موعەمەر قەزافی ٣٠٠٠٠ سی هەزار ئیتالی کە لەوێ لەلایەن رژێمی فاشیی ئیتالی لە سالانی نێوان ١٩٢٢ تا ١٩٤٣ نیشتەجێ کرابوون رەوانەی ئیتالیا کرانەوە .



١٩٧٠/١٠/١٨

سەرۆکی سوریا نورەدین ئەتاسی دەست لە هەموو پۆستەکان دەکێشێتەوە بەهۆی دەستێوەردانی سوپا لە کاری سیاسی بەتایبەت رەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەد کە ئەوکات وەزیری بەرگری بوو.

١٩٧٠/١٠/٢٤

کۆنگرێسی ئەرژەنتینی سلفادۆر ئەلندیی هەلگری بیری چەپ بە سەرۆکی ولات هەلدەبژێرێ.


١٩٧٠/١١/٩

(شارل دیگۆل)ی **Charles de Gaulle** سەرۆکی فەرەنسا لە پاریس کۆچی دوایی کرد.



١٩٧٠/١١/١٦

حافز ئەسەدی وەزیری بەرگری سوریا کودەتایەک ئەنجام دەدا، سێکتەرەکانی حوکمرانیی گرتە دەست خۆی. ئەم کودەتایەی ناونا (بزوتنەوەی راستکردنەوە).



١٩٧٠/١١/١٧

دوگلاس ئینگلبرت ماوسی کۆمپیوتەر دادەهێنی.

١٩٧٠/١١/١٨

سەرکردەکانی بزوتنەوەی راستکردنەوە لە سوریا ئەحمەد حەسەن ئەلخەتیب دەکەن بە سەرۆککۆماری سوریا لە دوای نورەدین ئەلئەتاسی.

١٩٧٠/١٢/٦

هەولی تیرۆرکردنی ئدریس بارزانی لە بەغدا دەرێ لەم پرسە لەتیف زێباری کە بە ( لەتۆ زێباری)ی دەناسرێ پێ تۆمەتبار کرا. دوای ئەوەی خۆی و چوار لە بەشداربوانی لەم هەوڵە دەستگیر دەکرێن بە فەرمانێکی باڵای حکومەتی ئێراقی ئازاد دەکرێن .



١٩٧١/١/١٣

بۆ یەکەمین جار رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز بەلگەنامەکانی وۆتەرگێت بلاو دەکاتەوە.

١٩٧١/١/١٥

لە میسر بەبۆنەی تەواو بوونی بەنداوی بالا( السد العالی) ئاهەنگ دەگێرن ئەو بەنداوەی بە قەرزی یەکێتی سۆڤیەت دروست کرا کە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری لێ قەرزکرد، لەکاتێکا بانکی نێودەولەتی رازی نەدەبوو ئەو پارە بەقەرز بداتە میسر بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوە.

١٩٧١/١/٢٥

عیدی ئەمین لە ئۆگەندا لە رێگەی کودەتایەکی سەربازیەوە (میلتون ئوبوتی) لە لوتکەی دەسەلات دێنێتە خوار و خۆی دەبێتە سەرۆکی ولات.



١٩٧١/٢/٢٠

دوای ئەوەی لە ١/٢٥ کودەتا بەسەر سەرۆکی ولات (میلتون ئوبوتی) دا دەکا عیدی ئەمین بە فەرمی دەسەلاتی لوتکەی ولاتی ئۆگەندا دەگرێتە دەست و ودەبێتە سەرۆکی ولات.

١٩٧١/٣/٢١

کودەتایەکی سەربازی بەسەر حوکمی سلیمان دیمیریل لە تورکیا ئەنجام دەدرێ ئەمە دووەمین کودەتای سەربازیە لە تورکیا روودەدا. یەکەمیان لە ١٩٦٠ ئەنجام درابوو.



١٩٧١/٣/٢٦

بەنگلادیش لە پاکستان جیا دەبێتەوە و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩١/٣/٣٠

لە کوێت هەوالگری حکومەتی بەعسی ئێراق حەردان عەبدولغەفار ئەلتکریتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شۆرش لە ئێراق ، لەبەردەم نەخۆشخانی ئەمیری و بەدەستی فتیان ئەلعانی تیرۆر دەکا

١٩٧١/٣/٣١


کشانەوەی دوا سەربازی بەریتانی لە دورگەی مالتا و راگەیاندنی سەربەخۆیی دورگەکە.

١٩٧١/٤/١

دامەزراندنی کۆمپانیای ئەپل . **Apple**

١٩٧١/٥/٢٦

رۆژهەلاتی پاکستان لەژێر ناوی بەنگلادیش جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆی لە پاکستان راگەیاند.




١٩٧١/٦/٢

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی(الرائ) ی ئوردنی دەردەچێ.

١٩٧١/٦/١١

دوای ٢١ ساڵ لەپچراندنی پەیوەندیەکانی ئابوریی نێوان چین و ئەمریکا لەم رۆژە پەیوەندیەکان دەگەرێنەوە.

١٩٧١/٧/٥

لە ئەمریکا یاسا دەردەچێ بە کەمکردنەوەی تەمەنی مافی دەنگدەر لە ٢١ سالەوە بۆ ١٨ ساڵ.

١٩٧١/٧/١١

حکومەتی سلفادور ئەلندی لە چیلی کانزاکانی مس خۆمالی دەکا.

١٩٧١/٧/١٨


دەستوری کاتیی میرنشینی عەرەبیی یەکگرتوو دەرچوو.

١٩٧١/٨/١٦

بەحرێن سەربەخۆیی لە داگیرکاری بەریتانیا وەردەگرێ.

١٩٧١/٩/٣

قەتەر سەبەخۆیی خۆی لە داگیرکاری بەریتانیا رادەگەیەنێ.




١٩٧١/٩/٢٩

پیلانی تیرۆر کردنی موستەفا بارزانی لە حاجی ئۆمەران بە تەقاندنەوەی مەلاکان کە سەدام ناردبونی ئەنجام درا ، بەلام سەرکەوتو نەبوو مەلاکان هەمویان کوژران.

١٩٧١/١٠/٢٥

نەتەوە یەکگرتوەکان، تایوان لە ئەندامێتی دەردەکەن و چین دەکەن بە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی.




١٩٧١/١١/٣٠

ئێران دەست بەسەر هەرسێ دورگەی تونب ئەلکوبرا و تونب ئەلسوغرا و ئەبو موسادا دەگرێ.ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی دیکەی نێوان ئێراق و ئێران.

١٩٧١/١٢/٢

سەربەخۆ بوونی حەوت میرنشینەکانی دورگەی عەرەبی و ڕاگەیاندنی لەدایک بوونی میرنشینە یەکگرتوەکانی عەرەبی.

١٩٧١/١٢/٦

بەهۆی دانپێدانانی بە سەربەخۆیی بەنگلادیشەوە، پاکستان پەیوەندیەکانی لەگەڵ هیند دەپچڕێنێ.

١٩٧١/١٢/١٩

محەمەد ئەیوب خان سەرۆکی پاکستان بەهۆی ئەوەی ولاتەکەی لە بەرانبەر هیند شکست دێنێ دەست لە کار دەکێشێتەوە.

١٩٧٢/١/١١

پاکستانی ڕۆژهەلات دوای جیابوونەوەی لە پاکستان ناوی خۆی دەگۆڕێ بۆ بەنگلادیش.

١٩٧٢/١/١٤

دوای مردنی پادشای دانیمارک فردریکی نۆیەم مارگرێتی دووەم کچی فردریکی نۆیەم دەبێتە پادشای دانیمارک و تاجی پادشایەتی دەنێتە سەر .



١٩٧٢/١/٢٤

ئەنجامدانی کودەتایەکی خوێناوی لە میرنشینی شاریقە. لەلایەن حاکمی پێشو (سەقەر بن سولتان ئەلقاسمی) بەسەر ئامۆزاکەی (خالد بن موحەمەد ئەلقاسمی) لە ئەنجام خالد دەکوژرێ و سەقەریش جارێکی تر دەبێتەوە حاکمی میرنشینەکە.

١٩٧٢/١/٢٥

لە رێگەی رێککەوتنێک لە نێوان ژاپۆن و یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی بەو جەنگە هات کە چارەگە سەدەیەک لە نێوانیاندا بەردەوام بوو.

١٩٧٢/٢/١٠

میرنشینی (راس الخیمە) دەچێتە ناو یەکێتی میرنشینەکانی عەرەبی یەکگرتوو.

١٩٧٢/٢/١٧

پەرلەمانی بەریتانیا رەزامەندی لەسەر چونەناو بازاری هاوبەشی ئەوروپی دەدا.

١٩٧٢/٢/٢٢

شێخ خەلیفە بن حەمەد ئال سانی دوای کودەتایەکی سپی لەسەر ئامۆزاکەی شێخ ئەحمەد بن عەلی ئال ثانی لە قەتەر دەسەلاتی حوکمران دەگرێتە دەست.

١٩٧٢/٣/٨

هێزە ئەمنییەکانی سوریا لەچەند هەڵمەتێکدا پەلاماری خوێندکارانی کوردیاندا، کە تێیدا چەندین گەنجی کورد دەستگیرکران و دواتریش سزادران و خرانە زیندانەوە.

١٩٧٢/٣/٢٨

پادشای ئوردن مەلیک حوسێن داوایەکی مەلا مستەفا دەگەیەنێتە سەرۆکی ئەمریکا (نیکسۆن) بۆ هاوکاری کردنی زیاتری شۆڕشی کوردی .

١٩٧٢/٤/٢

دوای ئەوەی چارلی چاپلن لە ئەمریکا بە کۆمۆنیست تۆمەتبار دەکرێ لە ساڵی ١٩٥٠ ئەوێ جێ دەهێڵێ و ئەمرۆ دوای ٢٢ ساڵ دەگەڕێتەوە ئەمریکا.

١٩٧٢/٤/٨

پەیمانی ستراتیژی نێوان ئێراق و یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامدرا، بۆئەوەی سۆڤیەت لە ناوچەکە شوێن پێی خۆی بکاتەوە و لە بەرانبەریشدا ئێراق چەک و تفاق لە سۆڤیەت وەرگرێ بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی کوردی.

١٩٧٢/٤/١٠

ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و حەفتا دەولەتی دیکە واژۆ لەسەر پەیمانی نێودەولەتی بۆ قەدەغە کردنی چەکی بایۆلۆژی و میکرۆبی دەکەن.

١٩٧٢/٥/١٥

دورگەی ئۆکیناوە دەگەڕێتەوە بۆ ژاپۆن و دەبێتە پارێزگایەک لەو ولاتە. ئەم دورگەیە لە جەنگی دووەمی جیهانی لەلایەن سوپای دەیەمی ئەمریکیەوە داگیرکرا بوو.

١٩٧٢/٥/٢٤

ئەکتەری کۆمیدیی میسری ئیسماعیل یاسین لەتەمەنی ٥٧ ساڵییدا کۆچی دوایی کرد.

١٩٧٢/٥/٢٦

واژۆکردنی پەیماننامەی ساڵت ١ (SALT١ ) تایبەت بە سنوردارکردنی چەکی بالستی لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمریکا. (لە لایەن هەریەک لە لیونێد بریژنیفی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت و نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا ).



١٩٧٢/٥/٢٨

کۆچی دوایی ئەدواردی هەشتەم **Edward VIII** شای بەریتانیا و ئیرلەنداو دەولەتانی کۆمنویلث و هیند کە لە کانونی دووەمی ١٩٣١ ەوە تا ١١ی دیسەمبەری ئەو ساڵەلەدایک بووە.

بەلام دواتر بەهۆی هاوسەرگیریی لە سمبسونەوە دەست لە کار دەکێشێتەوە.



١٩٧٢/٦/١

یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نووسەری نوێ) دەرچووە.

١٩٧٢/٦/٢

حکومەتی ئێراق سامانی نەوت خۆی خۆماڵی دەکا.

١٩٧٢/٦/١٧

لەمیانی لێکۆلینەوە لەسەر سکاندالی (ئابروچونەکەی) ووتەرگێت، پێنج گەورە فەرمانبەری کۆشکی سپی ئەمریکی دەستگیر دەکرێن.



بیری نوێ

١٩٧٢/٦/١٨

رۆژنامەی (بیری نوێ ) بە خاوەندارێتی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لە بەغدا بە ئاشکەرا دەردەچێ.



١٩٧٢/٦/٢٦

گۆرانیبێژی ناوداری کورد حەسەن زیرەک کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی نالەشکێن لە شاری بۆکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەنێژرێ.

١٩٧٢/٦/٢٨

واژۆ کردنی ڕێککەوتنی (سمیلا) لە نێوان هیند و پاکستان بۆ چارەسەری کێشەکان و کۆتایی هاتن بەو شەڕەی لە ١٩٧١ دەستی پێکردبوو لە نێوان ئەو دوو ولاتە.

١٩٧٢/٧/٨

تیرۆر کردنی نوسەری فەلەستینی غەسان کەنەفانی بەدەستی مۆسادی ئیسرائیلی لە ڕێگەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی لە ناوچەی حازمیە لە بەیروت.



١٩٧٢/٨/١

ریچارد نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکا بڕیار دەدا بە خەرجکردنی گوژمەی ٢٥٠٠٠٠$ دوو سەدو پەنجا هەزار دۆلار مانگانە و یەک ملیۆن دۆلاریش سالانە بۆ کوردەکان بۆ ئازوقە لە بودجەی ساڵی ١٩٧٣ بەدواوە، کۆی هاوکاریەکە دەکاتە نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلار ساڵانە.



١٩٧٢/٨/٩

کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد قەدری جان. قەدریجان لەدایکبووی ساڵی ١٩١١ لە شارۆچکەی دیرک سەربە باکوری کوردستان لە نزیک شاری مێردینە.

١٩٧٢/١١/٧

ریچارد نیکسۆن **Richard nixon** بۆ جاری دووەم دێتە هەلبژاردن بە سەرۆکی ئەمریکا.

١٩٧٢/١١/٢٨

واژۆکردنی مانفێستی تەرابلوس بۆ یەکێتی یەمەن لە نێوان هەردوو یەمەنی دیموکراتیی میللی و کۆماری عەرەبیی یەمەنی.

١٩٧٣/١/٥

دوای نزیکەی سی ساڵ لە لەت بوونی ئەڵمانیا بۆ رۆژهەلات و رۆژئاوا لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی لەم رۆژەدا هۆڵەندا دان بە ئەڵمانیای رۆژهەلاتدا دەنێ.

١٩٧٣/١/٢٧

رێککەوتنی پاریس بۆ ئاشتی لە ڤیتنام لە نێوان ئەمریکا و ڤیتکۆنگ و ڤێتنامی باکور و ڤیتنامی باشور واژۆ دەکرێ.

١٩٧٣/١/٢٨

دوای واژۆکردنی رێککەوتن لە نێوان ئەمریکاو ڤیتکونگ و ڤێتنامیەکانی باکورو باشور لە پاریس ، تەقە وەستان لە کاتژمێری هەشتی بەیانیی ئەمرۆ لە(سایگۆن) ڤیتنام دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

١٩٧٣/٢/٢١

چەند فرۆکەیەکی شەرکەری ئیسرائیلی فرۆکەیەکی هێلی ئاسمانیی لیبی کە لە گەشتی ١١٤ دا بووە لەسەر ئاسمانی سینا دەخەنە خوارەوە ، لە ئەنجام ١٠٨ کەسی سڤیلیی تیادا کوژرا.

١٩٧٣/٣/٩

هاولاتیانی ئێرلەندای باکور لە راپرسیەکدا بۆ مافی مانەوەیان یا جیابوونەوە ، دەنگ بۆ مانەوەیان دەدەن لەگەڵ بەریتانیا.

١٩٧٣/٣/٢٠

هێزەکانی سوپای ئێراق هێرش دەکەنە سەر بنکەی (سامیتە) ی سنوریی لەگەڵ کوێت.



١٩٧٣/٤/٣

داهێنەری ئەمریکی مارتن کوپەر **Martin koper** یەکەم پەیوەندیی بە تەلەفۆنی بێسیم دەکات.

١٩٧٣/٤/٨

کۆچی دوایی پابلۆ بیکاسۆ Pablo Bicasso وێنەکێش و پەیکەرتاش و هونەرمەندی تەشکیلی ئیسپانی و بەناوبانگترین هونەرمەندەکانی سەدەی بیستەم و دامەزرێنەری بزوتنەوەی کوبیزمە کە بریتیە لە کێشانی وێنە بەشێوەیەکی ئەندازیاری.

پیکاسۆ لە ٢٥ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨١ لەدایک بووە باوکی هونەرمەندی وێنەکێشان بووە و مامۆستای وێنەکێشان بووە لەیەکێک لەقوتابخانەکانی وێنەکێشان.

پیکاسۆ هەر لەمنداڵیەوە خوی داوەتە وێنەکێشان و بەهرەمەند بووە لەم بوارەدا، وەکو دایکیشی دەڵێت یەکەم ووشە کە لەسەر زاری ماتۆتە دەرەوە ووشەی پێنووس بووە.

لەتەمەنی ٧ ساڵیدا باوکی فێری وێنەکێشان و وێنەی زەیتی کردووە، لەتەمەنی ١٣ ساڵیدا وێنەیەکی باوکی تەواوکردووە کە بەنیوەچڵی بەجێی هێشووە کاتێک کە باوکی سەیری وێنەکەی کرد بۆی دەرکەوت کە کوڕەکەی لەخۆی بەتواناترە لە هونەری وێنەکێشان هەر بۆیە ئیتر وازی لەوێنەکێشان هێناوە.



١٩٧٣/٦/١

سەرۆک وەزیرانی یونانی جیور جیوس بابادوبولوس رژێمی پادشایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەم هەلوەشاندنەوەی لە ریفراندۆمێک لە ١٩٧٤ چەسپاند.

١٩٧٣/٦/٢٢

کەنەدا سزای لەسێدارەدان هەڵدگرێ.

١٩٧٣/٧/١٠

دورگەی بەهامان لە نێو ولاتانی کۆمنویلث سەربەخۆیی وەردەگرێ.

١٩٧٣/٧/١٠

پەرلەمانی پاکستان دان بە دەولەتی بەنگلادیشدا دەنێ کە لێی جیا ببۆوە.

١٩٧٣/٧/١٧

دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەویی ئێراقیی کارتۆنی لە نێوان حزبی بەعس و شیوعیە ئێراقیەکان هەندێک حزبی کارتۆنی ئەم بەرە لە بەندی دووەمیدا بە ئاشکەرا ئاماژە بە سەرۆکایەتی و پارتی پێشرەوی بەعس دەدا کاری حزبیش لە نێو سوپا لە هەموو حزبەکان قەدەغە دەکات جگە لە عزبی بەعس.

١٩٧٣/٧/١٧

کودەتا لەسەر حوکمی پادشایەتی لە ئەفغانستان و راگەیاندنی حوکمی کۆماری بەسەرۆکایەتی مەحەمەد داودخان ئەنجام دەدرێ.



١٩٧٣/٨/١٣

زولفەقار عەلی بۆتۆ بە سەرۆکی پاکستان دێتە هەلبژاردن.

١٩٧٣/٩/٢٢

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سێهەمین کۆنگرەی خۆیی لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراق دەبەستێ، ماوەی چەند رۆژێکی خایاند و تێیدا بڕیاری خەباتی چەکداری درا لەدژی دەوڵەتی ئێران.

١٩٧٣/٩/٢٤

گینیای پۆرتوگالی سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێ بەناوی گینیا بیساو.

١٩٧٣/١٠/٣

هێزەکانی ئەمریکی دەچنە ناو مەقەدیشۆی پایتەختی سۆمال لەم میانە ٧٠٠٠ کە س دەکوژن.

١٩٧٣/١٠/٦

شەڕی ئۆکتۆبەری نێوان ئیسرائیل و عەرەب تا ١٩٧١/١٠/٢٥ دەخایەنێ بە شەڕی پەڕینەوەی هێزەکانی میسر لە هێلی بارلیف دێتە ناسین کە لەم شەڕە میسر لە ٨١ خالەوە توانیی ئەو هێلە ببەزێنێ و لەرێگەی پەمپەکانی ئاوەوە ٣ ملیۆن مەتری شەشپالۆ لە خۆل وەلانێ تا بتوانێ ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنێ.

١٩٧٣/١٠/٨

سێیەم رۆژی شەڕی ئۆکتۆبەری نێوان هێزەکانی میسر و ئیسرائیل کە میسر توانیی لە هێڵی بارلیف بپەڕێتەوەو ئیسرائیل بەم هێرشە توشی شۆک هات لیوای ١٩٠ بە تەواوەتی تێکدەشکێ و فەرماندەکەی عەساف یاجوری خۆی رادەست دەکات.



١٩٧٣/١٠/١١

ئێراق بە فەرمی بەشداری لە شەڕی ئۆکتۆبەری نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا دەکا.

١٩٧٣/١٠/١٣

کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد رەفیق چالاک.

١٩٧٣/١٠/٢٨

لەم رۆژە راگری ئەدەبی عەرەبی (تەها حوسێن) کۆچی دوایی دەکا.

تەها حوسێن لە ١٨٨٩ لە تەمەنی چوارساڵییدا بەهۆی نەخۆشیەوە چاوەکانی لەدەست دەدا و بە نابینایی دەژێ.



١٩٧٣/١٢/٢٠

سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا لویس کاریرو بلانکو Luis Carrero Blanco بە ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو لە مەدرید تیرۆر دەکرێ.


١٩٧٤/١/١٢

ڕاگەیاندنی یەکێتی لە نێوان تونس و لیبیا کە بڕیاربوو ناوی ئەو دەوڵەتە تازە لەدایک بوە ناوبنرێ بە ( کۆماری عەرەبیی ئیسلامی) .

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە موعەمەر قەزافی لە بەرژەوەندی حەبیب بورقیبە دەستی لە پۆستی سەرۆککۆماری دەکێشایەوە، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە تەنها تەمەنی ٢٤ کاتژمێر هەبوو.

١٩٧٤/٢/٦

ژمارەیەک لە چەکدارانی فەلەستینی لە کوێت دەست بەسەر باڵوێزخانەی ژاپۆندا دەگرن وێڕای باڵوێز چەند دبلۆماتکار و ڕاوێژکارێکی نەوتی ژاپۆن بە بارمتە دەگرن.



١٩٧٤/٢/١٣

دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت بە بیانوی ئۆپۆزسیۆن بوونی ئەدیب و نوسەری مەزن ئەلیکسەندەر سولجنیتسین Aleksandr Solzhenitsyn لە وڵات دەردەکا و ڕەگەزنامەی سۆڤیەتی لێدەستێنێتەوە.

١٩٧٤/٣/١

ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی سکانداڵی(ئابروبەری) ووتەرگێت دادەنرێ کە بەهۆیەوە نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەم پرسە بریتی بوو لە ئاشکەرا بوونی کاری سیخوری سەرۆکی ئەمریکا کە فەرمانبەرانی ڕاسپاردبوو بە سیخوری کردن لەسەر حزبی نەیار. بەهۆیەوە دادگایی دەکرێ و لەسەر کار لادەبرێ.

١٩٧٤/٣/٧

سەدام حوسێن نامەیەکی ئاراستەی (مەلا موستەفا بارزانی) کردو داوای لێکرد یەکێك لەکوڕەکانی ڕەوانەی شاری (بەغدا) بکات بۆ دوا گفتوگۆ لەسەر کۆتایی هاتنی وادەی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار

١٩٧٤/٣/٨

چونی شاندی کوردی بۆ بەغدا بە سەرۆکایەتی ئدریس بارزانی و ئەندامێتی دارا توفیق و ئیحسان شێرزاد و فواد عارف. دوای ئەوەی لەگەڵ بەغدا ناگەنە یەک دەگەڕێنەوەو لەوساوە شەڕی نێوان بەغداو کورد دووبارە هەڵدوەگیرسێتەوە.

١٩٧٤/٣/١١

بەهۆی پابەند نەبوونی حکومەتی بەعسی بەغدا بە جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە چوار ساڵی بۆ دیاری کرابوو لەم رۆژە تەواو دەبوو.

بەو هۆیەوە شەڕی نێوان کورد و بەغدا دووبارە هەڵدەگیرسێتەوەو خەلکانێکی زۆر ئاوارەی ناوچە ئازادکراوەکان دەبن.

١٩٧٤/٤/٢٤

بۆردومانی شاری قەلادزێ لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانی رژێمی بەعس ، شەهید بوونی ١٥٠ هاولاتیی سڤیل و کاولکردنی شارەکەی لێکەوتەوە کە زۆربەی قوربانیەکان خوێندکاری زانکۆ بوون چونکە زانکۆی شۆڕش لەوێ کرابۆوە.

١٩٧٤/٤/٢٦

بۆردومانی پردی گەلالە لەلایەن فرۆکەکانی رژێمی بەعس کە بوە هۆی شەهید بونی ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیانی سڤیل. ئەمەش دوای دوو رۆژ دێت لە بۆردوومانی شارۆچکەی قەلادزێ کە لەو بۆردوومانیش ژمارەیەکی زۆری هاولاتیانی سڤیل دەبنە وربانی.

١٩٧٤/٥/١٢

لە سێدارەدانی لەیلا قاسم و هەڤالانی لەلایەن رژێمی بەعس کە لە بەغدا دەستگیر کرابوون بە تۆمەتی هاوکاری و کاری حزبی بۆ شۆڕشی ئەیلولی باشوری کوردستان.

لەیلا قاسم حەسەن، یەکێکە لە ژنە تێکۆشەرەکانی باشوری کوردستان، ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بامیلی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری کورد لەدایکبووە.

لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێگای برا گەورەکەیەوە لەگەڵ بزوتنەوەی سیاسی نەتەوەکەی ئاشنا دەبێت و لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان خەبات و تێکۆشانی دەستپێدەکات لە تەمەنی ٢٢ ساڵیداو لەم رۆژە لەسەر بیروباوەڕی سیاسی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەسێدارەدرا.



بەوەش بووە یەکەم ژنی باشووری کوردستان کە لە سەر دەستی جەلادەکانی ڕژێمی بەعسی ئەوکاتە لە سێدارە بدرێت.

١٩٧٤/٥/١٨

هیند یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی بە سەرکەوتویی لەژێر ناوی ( خەندەی بودا) ئەنجامدا .

بەم شێوە دەبێتە شەشەم دەولەتی خاوەن ئەتۆم لە دوای ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا و چین و فرەنسا.

١٩٧٤/٦/٣

ئیسحاق رابین دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل.

١٩٧٤/٦/١٣

کودەتایەکی سەربازیی سپی بەسەر سەرۆک عەبدولرەحمان ئەلئریانی و بەسەر کەوتنی پێشەنگ، ئیبراهیم ئەلحەمدی کە بە شۆڕشی ١٣ی یونیوی ناسری هاتە ناسین لە کۆماری عەرەبیی یەمەنی.

١٩٧٤/٧/١١

ئەدیبو نوسەرو ڕەخنەگری سویدی (بار لاگر کفیست) لەتەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، کە ساڵی ١٩٥١ خەڵاتی نۆبڵی لەبواری ئادابدا پێبەخشراوە.

١٩٧٤/٧/٢٠

دوای نۆ رۆژ لە کودەتای سەربە یۆنان لە قوبرس ، سوپای تورکی دەگاتە ناو بەشی باکور لە دورگەی قوبرس و دایدەبڕێ.

لەو کاتەوە بەناوی قوبرسی تورکی ناو دەبردرێ کە تورکیا بەولاوە هیچ ولاتێک دانی پێدا نەناوە، کەچی بەشەکەی دیکە کە بە قوبرسی یۆنانی دێتە ناسین بۆتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپی.

١٩٧٤/٧/٢٤

لەسەر داوا کاریەکی بەپەلەی مستەفا بارزانی شای ئێران بە ئەمریکا رادەگەیەنێ کە کوردەکان زۆر پێویستیان بە زیادکردنی هاوکاریەکانە.


١٩٧٤/٨/٨

لەمرۆوە سەرۆکی ئەمریکا ریچارد نیکسون بەهۆی سکاندالی (ئابروبەری) ووّتەرگێتەوە دەست لە پۆستی سەرۆککۆماری دەکێشێتەوە.

١٩٧٤/٩/٨

جیرالد فۆردی سەرۆکی ئەمریکا لێبوردنێکی تایبەتی بۆ نیسکۆن دەردەکا لەسەر سکاندالیی (ئابروچونی) ووّتەرگێت **Watergeatschandaal** .

١٩٧٤/٩/١٠




گینیا بیساو لەژێر داگیرکاری پۆرتوگال رزگاری بوو سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، لویس کابیرالیەکەم سەرۆکی ئەو ولاتە دەبێ.

١٩٧٤/٩/١٥

دامەزراندنی ئاژانسی هەوالگری ناوەندیی ئەمریکی **CIA** .

١٩٧٤/١٠/١٤

لە دەنگدانێکی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی مافی چاودێریی لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێدرا .

١٩٧٤/١٠/٢٢

کۆلبی بە بەرپرسانی ئەمریکا رادەگەیەنێ کە زۆربەی هێلەکانی هاوکاریی نێوان شا و سەرکردایەتی بارزانی رووبەڕووی مەترسی بونەتەوە.

١٩٧٤/١١/٤

بە کودەتایەکی سەربازی کۆتایی بە رژێمی سەربازی یۆنان هێندرا.

١٩٧٥/١/١

هێرشی خمەیرە سورەکان بۆ سەر ڤنوم پنەی پایتەختی کەمبۆدیا.

١٩٧٥/١/١٥

پۆرتوگال پەیمانێک لەگەڵ ئەنگۆلا واژۆ دەکا بە پێدانی سەربەخۆیی بەو ولاتە.

١٩٧٥/٢/٢

کۆچی دوایی گۆرانیبێژی بەناوبانگی عەرەب (ئوم کەلسوم) فاتیمە ئیبراهیم ئەلسەید بەرتاجی ناسراو بە ئوم کەلسوم ، بە کەوکەب ئەلشەرق دەهاتە ناوبردن، ئوم کەلسوم لە گوندی تەمای ئەلزهایرەی سەر بە پارێزگای دقهلیەی میسری لەدایک ببوو.



١٩٧٥/٢/٢٨

ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر بەنوێنەری کوردی ڕاگەیاند، کە بەسەردانێك چووبوونە ئەو وڵاتە:

ئێران و ئێراق پیلانێکیان بەدەستەوەیە بۆ هەرەسپێهێنانی شۆڕشی کورد لە باشوری کوردستان. هەروەها دەرچوو دوای هەفتەیەک پیلانەکە ڕاگەیەندرا کە پیلانی ٦ی ئادار بوو لە جەزائیر بە نێوەندگیری سەرۆکی جەزائیر هەواری بۆمدیان و عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی لە بەیەک گەیاندنی سەدام و شای ئێران.

١٩٧٥/٣/٢

حزبی رستاخیزی ملیێ ئیران (حزبی ژیانەوەی نەتەوەی ئێران) بە فەرمانی شا  لە ئێران دادەمەزری بە سەرۆکایەتی موحسین پزیشکپور.

١٩٧٥/٣/٤

لەمیانی کۆنگرەی ڕێکخراوی ئۆپیکدا، کە لەجەزائیر سازکرابوو، سەرۆکی جەزائیر کۆبوونەوەیەکی لەنێوان (حەمە ڕەزا شا)ی ئێران و (سەدام حسێن)ی جێگری سەرۆك کۆماری عێراقدا ڕێکسخت، بەمەبەستی پیلاندانان بۆ شکستپێهێنانی شۆڕشی کوردی لەباشوری کوردستان. کە دوو ڕۆژ دواتر بڕیارەکە دەرچوو کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هات.ئەم کۆبوونەوە پێشتر لەلایەن عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی ئەوسای جەزائیر ئامادەکاری بۆ کرابوو




١٩٧٥/٣/٦

نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەهۆی ڕێککەوتنی سەددام و شای ئێران لە جەزائیر بە میانگێڕی هەواری بۆمدیان و عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی جەزائیر بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەی کوردی و لە بەرانبەردا شای ئێران لە کەنداو و سنورەکانی نێوان ئێراق و ئێران هەندێک پانتایی لە سەدام وەردەگرێ.

بەلام دوای پشتتێکردنی شای ئێران لە بزوتنەوەی کوردی و وەستاندنی چالاکیەکانی پێشمەرگە بۆ ماوەیەک سەدامیش لە گفتەکانی پەشیمان دەبێتەوە بۆیە جەنگی کەنداو دوای ٥ ساڵ بە بیانویتر هەلدەگیرسێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئابروو سازشیەکانی، دیارە لەو پیلانیش سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ ئەمجارەیان ڕوو لە کوێت دەکات بۆ پڕکردنەوەو قەروبوو بوونەوەی زیانە لێکەوتوەکانی شەڕی هەشت سالەی لەگەڵ ئێران بەلام ئەمیش ئەنجامەکەی دەبێتە تیاچونی خۆی و کاولبووقنی ئێراق.



١٩٧٥/٣/١٢

دواى ڕێككەوتنى ٦ى ئادارى نێوان شا و سەددام و هەرەس هێنانى شۆڕشى باشورى كوردستان ، مەلا مستەفا و دكتۆر مەحمود عوسمان و موحسین دزەیی دەچنە تاران بۆ دیدەنى شا تا ڕێگە چارەیەكیان بۆ بدۆزێتەوە بەلام شا بۆ هیچ ڕێگە چارەى نەسەلماند و شاندەكە بەبێ ئومێدى گەرانەوە.

١٩٧٥/٣/٢١

نەهێشتنى نازناوى نەجاشى(ئیمپراتۆر) لە ئەسیوبیا و ڕاگەیاندنى سیساتەمى كۆمارى لەو ولاتە.

١٩٧٥/٣/١٩

لە كۆبوونەوەیەكى سەركردایەتى پارتیدا دواى بەیاننامەى ٦ى ئادارى ١٩٧٥ تایبەت بە پێكهاتنى نێوان شاى ئێران و سەدام حوسێن لەسەر ڕێككەوتنى ئێران و ئێراق. دواى مشتومڕێكى زۆر بریارى چەكدانان دەدەن.

ڕۆژى دواتر ڕەشید سندى ئەم بڕیارە ڕادەگەیەنێ و خەلک بێ ئومێد و سەرگەردان دەبن.

١٩٧٥/٣/٢٥

كوشتنى شا فەیسەلى سوعودى بەدەستى میر فەیسەلى كورى مساعد كورى عەبدولعەزیز كە دەكاتە برازاى خۆى بە تەقە لێكردن لەكاتى پێشوازیى لە وەزیرێكى كوێتى لە نوسینگەى تایبەتى خۆى.



دواتر لەشوێن ئەو خالد كورى عەبدولعەزیزى سعودى جێى دەگرێتەوە.

١٩٧٥/٤/١٣

لە دۆخێكى نادیار سەرۆكى چاد (فرانسوا تۆمبالباى) دەكوژرێ.

١٩٧٥/٤/١٦

ئەنوەر ئەلسادات سەرۆكى میسر موحەمەد حوسنى مبارەک بە جێگرى سەرۆككۆمارى میسر دادەمەزرێنێ.

١٩٧٥/٤/١٧

خمیرە سورەكان لە كەمبۆدیا دەست بەسەر ڤنۆمپنەى پایتەختى كەمبۆدیادا دەگرن و حوكمێكى توند دەگێڕن تا ١٩٧٩/١/٧ كە لە ڕێگەى هێزەكانى ڤیتنامى سۆسیالیستەوە لە بەین دەبردرێن .

لە ماوەی حوکمرانیی خومێرە سورەکان نزیکەی ملیۆنێک و نیو خەلکیان کوشت .

١٩٧٥/٤/٣٠

دوای شەڕو دەستێوەردانێکی زۆر ئەمرۆ کۆتایی بە جەنگی ڤیتنام هات کە ڤیتنامی باشور رادەستی ڤێتنامی باکور بۆوە و کۆماری ڤیتنامی دیموکراتیان پێکهێنا .



دیارە ئەگەر پشتگیریەکانی فرەنسا و دواتریش ئەمریکا نەبوایە ڤیتنامی باشور ئەو بەرگریە زۆرەی پێنەدەکرا.

١٩٧٥/٥/١٦

یەکەمین گروپی ژنان کە دەگەنە لوتکەی ئیڤەریست لە چیای هیمالایا گروپێکی ژانانی ژاپۆنی دەبن.

١٩٧٥/٥/٢٢


یەکەم بەیاننامەە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەردەچی بەلام ئەم رۆژە ناکەن بە رۆژی دامەزراندن بەلکو ٦/١ی هەمان ساڵ دەبێتە رۆژی دامەزراندن چونکە لەم رۆژە هەڤالانی دیکەی ئەوروپا دەبینن و لەسەر ئەو رۆژە رێکدەکەون.

١٩٧٥/٦/١

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیمەشقی سوریا لە کافتریای (طلیطلە) لەسەر دەستی مام جەلال و ژمارەیەک لە هاورێیانی.

١٩٧٥/٦/٥

دوای هەشت ساڵ لە داگیرکردنی کەنالی سوێس لە میسر و دوای ئەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لێی دەردەچن دووبارە دەکرێتەوە. هەر لەم رۆژەشدا یەکەمین کەشتی کە ئەنوەر سادات خۆی لەناویدا بووە لەم کەنالە دەپەڕێتەوە.




١٩٧٥/٦/٢٥

سەربەخۆ بوونی کۆماری مۆزەمبیق **Mozambique** لە ئەفریکا.

١٩٧٥/٧/٦


دورگەکانی قەمەر لە داگیرکاری فرەنسا دەردەچن و سەربەخۆ دەبن.

١٩٧٥/٨/١٥

سەرۆکی بەنگلادیش مجیب ئەلرەحمان لە کودەتایەکی سەربازیدا دەکوژرێ.

١٩٧٥/٨/٢٢

جیرالد فۆردی سەرۆکی ئەمریکا لە هەولێکی تیرۆرکردن رزگاری دەبێ.



١٩٧٥/٨/٢٤

تیرۆرکردنی دوایین ئیمپراتۆری حەبەشە (هیلاسی لاسی )، ناوبراو لە نەوەی شا سلێمان ئەلحەکیم بوو دژی داگیرکاری ئیتالی شۆڕشی لەو ولاتە هەلگیرساندبوو.

١٩٧٥/٩/١٦

هەریەک لە مۆزەمبیق و رەئس ئەلئەخزەر و ئەتومی و برینسیب دەبنە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٩٧٥/٩/٢٢

خاڵە شهاب (شەهاب شێخ نوری شێخ سالح)و هاوڕێکانی تری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکران.

دوای دەستگیرکردنیان لەپیلانێکدا ڕادەستی ئێراق کرانەوە ئەوانیش لە دادگایەکی تایبەتی بەناو دادگای شۆڕش هەریەک لە شێخ شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆرابیان لە سێدارەدا و ئەوانیتریش زیندانی کران.

١٩٧٥/١١/١

یەکەم ژمارەی بلاوکراوەی (الشرارە) ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە زمانی عەرەبی دەرچوو، ئەم بلاوکراوە زیاتر لە هەشتا ژمارەی لێ دەرچوو، زمانحالی یەکێتی بوو.

١٩٧٥/١١/٤

مەغریب و ئیسپانیا و مۆریتانیا لە مەدرید رێککەوتنێک لەسەر پرسی بیابانی رۆژئاوا واژۆ دەکەن بەپێی ئەو رێککەوتنە ئیسپانیا دەستبەرداری بیابانی رۆژئاوا دەبێ بۆ بەرژەوەندی هەریەک لە مۆریتانیا و مەغریب.

١٩٧٥/١١/١٨

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول رژێم دەستیکرد بە راگواستنەوەی گوندەکانی سنوری دەستکردی ئێراق و تورکیا ، لەم رۆژەدا گوندەکانی هەرکی و مزوری و ولات ژێری و بەرۆژ و نزاری گواسترانەوە ناوچەی عەفەچ لە باشوری ئێراق.

١٩٧٥/١١/٢٢

لە سەر وەسیەتی فرانسیسکۆ فرانکۆ سەرۆکی ئیسپانیا دوای مردنی، خوان کارلۆس دەبێتە پادشای ئیسپانیا.

١٩٧٥/١١/٢٥

سورینام لە ژێر دەستی داگیرکاری هۆلەندا رزگاری دەبێ و سەربەخۆیی وەردەگرێ.

١٩٧٥/١٢/٢

کۆچی دوایی مامۆستا محمد تۆفیق ووردی لە شاری بەغدا . محەمەد تۆفیق کوری رەشید فەرهادئاغا ئەدیب و شاعیر و نوسەری گەورەی کورد لە ساڵی ١٩٢٣ لە کۆیە لە دایک بووە،٤٢ کتێب و نامیلکەی بە کوردی و عەرەبی چاپکردووە، (١٥) دەستنووسی ماوە و پارێزراوە، لە کۆماری مهاباد مامۆستا بووە .



١٩٧٥/١٢/٢٩

پەرلەمانی بەریتانیا یاسایەک دەردەکا بە یەکسانکردنی رۆژانەی ژن و پیاو و جیاوازی لە داهاتی رۆژانە نەمێنێ، هەر خاوەن کارێک جیاوازی بکا سزای بۆ برایەوە.

١٩٧٦/١/١

ئێران شێخ شهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوون کە دواتر دەبێتە(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) و هەڤالانی کە شەش مانگ پێشتر دەستگیر کرابوون، رادەستی ئێراق دەکاتەوە .

ئەویش دوای دادگاییەکی شکلی لە دادگای بەناو شۆڕش حوکمی سێدارەیان بەسەردا دەسەپێنی و لە ١٩٧٦/١١/٢١ حوکمەکە جێبەجەێ دەکرێ .

١٩٧٦/١/١

بلاوکراوەی (رێبازی نوێ) ژمارە یەک لەم مانگە دەردەچێ زمانحالی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە زمانی کوردی دەردەچوو.

ئەمە دووەمین رۆژنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و ئۆرگانی رێکخراوە کەیە بەزمانی کوردی، وەک الشرارة لە شام، لە رۆژئاواو و رۆژهەلاتی کوردستان دەرچووە .

١٩٧٦/١/٥

کەمبۆدیا ناوی فەرمی ولاتەکەیان دەگۆرن بۆ (کەمبۆچای دیموکراتی).

١٩٧٦/١/١٢

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بە زۆرینەی ١١ دەنگ بەرانبەر بە یەک دەنگ بڕیار دەدا رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین لە دانیشتنەکان ئامادە بێ.

١٩٧٦/١/٢١

یەکەمین گەشتی فرۆکەی کۆنکۆرتی فرەنسی لە پاریسەوە بۆ ریودیو جانیرۆی ئەمریکی.

١٩٧٦/٣/٢٤

مردنی ئەلفیلد مارشال برنارد لاو مونتگمری **Bernard Law Montgomery** پالەوانی جەنگی جووت ئالا (العلمین) لە جەنگی دووەمی جیهانی یەکێکە لە پالەوانە سەربازەکانی سوپای ئینگلیز بوو.



١٩٧٦/٣/٢٥

کۆچی دوایی سەرکردەی کورد ئیحسان نوری پاشا سەرکردەی شۆڕشی ئاگری داغ و سەرۆکی ڕێکخراوی خۆیی بوون. ئیحسان نوری پاشا کوڕی عەلی قولی پاشا، سەرکردەی کوردی باکوری کوردستان، لە ساڵی ١٨٩٣ لە شاری بەتلیسی باکوری کوردستان لە دایک بووە، فەرماندەیەکی بە توانا بووە لە سووپای ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا و لە زۆربەی شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بەشداری کردووە.

ئیحسان نوری پاشا بەشداری لە چالاکییەکانی هەندێک لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسی و نەتەوەی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردی کردووە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم (١٩٢٧) لە باکوری کوردستان سەرۆکی کۆمەڵەی خۆیبوون بووە و یەکێکیش بووە لە فەرماندە دیارەکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ و سەرکردەی سەربازی شۆڕشی (ئاگری داغ)یش بووە لە باکوری کوردستان، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧ - ١٩٣٠.



پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئارارات ئیحسان نوری پاشا ڕووی کردە وڵاتی ئێران و بۆ ماوەی (٤٦ ساڵ) و تا کۆتای ژیانی لەو وڵاتە وەکو پەنابەر مایەوە، لە ١٩٩٧٦/٣/١٨ لە یەکێک لە شەقامەکانی تاران بە مانتۆڕ سکیلێک لێی درا و بە سەختی بریندار بوو و لەم ڕۆژەدا کۆچی دوایی کرد.

١٩٧٦/٤/١

دامەزرانی کۆمپانیای ئەپڵ ( **Apple Computer Inc**)لە ئەمریکا لە ناوچەی کالیفۆرنیا دامەزراوە ئەم کۆمپانیایە گەورەترین خزمەتی کردووە لە بواری کۆمپیوتەری کەسیدا،

کۆمپانیای ئەپڵ لە چەندین بواری (نەرمەکاڵا **software**) و (ڕەقەکاڵا **hardware**) دا دەستبەکارە، بەرهەمەکانی **iMac**، **iPhone** و **iPod** لە هەموو بازاڕەکانی جیهاندا بڵاوە. هەروەها خاوەنی گەورەترین کۆگای مۆسیقا بەناوی **iTunes** کە چەندین ملیۆن گۆرانی و ئاوازی لەخۆ گرتووە. لە بواری سیستەمی کارپێکردنیشدا **Mac OS X** ی هەیە.

١٩٧٦/٤/٧

لیژنەکانی شۆڕشگێر لە لیبیا بە دەیان خوێندکار لە دانیشگای فاتح لە تەرابلس و قاریوس لە بنغازی لەناو بینای دانیشگا لەسێدارە دەدەن.

١٩٧٦/٤/١٤

دامەزراندنی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ توێژینەوەی بۆشایی ئاسمانی (عرب سات).

١٩٧٦/٤/٢٥

شاعیری ناوداری گەلی کورد (مەلا ئەسعەدی مەحوی) لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

١٩٧٦/٥/٦

هێزەکانی سەرجەم میرنشینەکانی عەرەبی لە ژێر ناوی هێزی چەکداری دەولەتی میرنشینی عەرەبیی یەککگرتوودا کۆکرانەوە.

١٩٧٦/٥/٦

بومەلەرزەیەکی بەهێز لە باکوری ئیتالیا دەدا دەبێتە مایەی گیان لەدەستدانی ٩٢٠٠ نۆ هەزار و دووسەد کەس.

١٩٧٦/٥/٨

ئەلیاس سەرکیس وەکو جێگرەوەی سلێمان فرەنجیە دەبێتە سەرۆککۆماری لوبنان.

١٩٧٦/٦/١

دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی نوێ.

ئەم هێزە سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو ، لە ژێر ناوی (هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ)و دروست بونی ئومێدێک لە دڵی خەلک دوای ئەو نسکۆیەی بەسەر گەلی کورددا هات. هەر لەم رۆژەشدا یەکەم دەستەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بە فەرماندەیی ئیبراهیم عەزۆ و ٣٦ پێشە لە سوریاوە خۆیان دەگەیەننە ناوچەکانی باشوری کوردستان ، دیارە کە هەر بەم بۆنەیەوە ئەو رۆژەن کراوەتە رۆژی هەلگیرساندنی شۆڕشی نوێ و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.

١٩٧٦/٦/١

(صوت الاتحاد)، بلاوکراوەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بە زمانی عەرەبی دەردەچوو. زۆربەی ژمارەکانی لە هۆڵەندا و فەرەنسا دەرچووە و عومەر شێخمووس، د. کەمال فوئاد، د. جەمیل شەرەفانی، د. فوئاد حوسێن، زاهیر حەمەد، ئەحمەد بامەڕنی کاریان تێداکردووە .

١٩٧٦/٦/٢

تەیموری رۆژهەلات دوای ئەوەی سالێک بەسەر رزگاربونیدا تێدەپەڕێ لە ژێر داگیرکاری پۆرتوگال ، رەزامەندی دەدات لەگەڵ ئەندەنوسیا یەکگرن. ئەم دورگە دواتر لە ١٩٩٩ سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٧٦/٦/١٣

دوای دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا لەناوچەی باڵەکایەتی شەڕو پێکدادان لەنێوان دەستەیەك لەمەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد لەباشوری کوردستان و سوپای بەعسدا ڕوویدا، کە بەهۆیەوە ژمارەیەك هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا و لەو شەڕەشدا، یەکەم پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بەناوی (حەمزە حەمەد عەبابەکر) بریندار بوو.

١٩٧٦/٦/١٦

پۆلیسی باشوری ئەفریکا تەقە لە خۆپیشاندانێکلی ئاشتیانەی خوێندکارانی رەشپێست دەکا کە دژی رەگەززپەرستی ئەنجامیان دابوو، لە ئەنجام ٥٦٦ هاولاتیی سڤیل دەکوژێن.

١٩٧٦/٦/١٩

شەڕی میری سور، هێزێکی مەزنی دوژمن هێرش دەکاتە سەر بنکەکانی پێشمەرگە لەئەنجام شەڕێکی قورسی شەش کاتژمێری روو دەدا زیانی دوژمن کوژرانی ٣٥ سەربازو لاشەی ١١ یان لە مەیدانی شەڕ جێما و هێزەکەی دوژمن بە شکستخواردوو بۆ دواوە دەگەڕێتەوە دوای ئەوەی دەستکەوتێکی زۆریش دەست پێشمەرگە دەکەوێ.

١٩٧٦/٧/١

بلاوکراوەی ، دەنگی یەکێتی، بلاوکراوەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لەم رۆژە یەکەم ژمارەی لێ بلاو دەکرێتەوە.

١٩٧٦/٧/٢

هەردووک ڤیتنامی باکور و باشور یەک دەگرن کە لە ١٩٥٤ ەوە لەت ببون. بە هەردووکیان کۆماری ڤیتنامی سۆشیالیست پێکدێنن.

١٩٧٦/٧/٤

ئازاد کردنی فرۆکەی ئیرباسی فرەنسی کە لەگەشتێکی نێوان پاریس و تەلئەبیبدا بوو. سەرنشینەکانی کە ٢٥٨ کەس بوون زۆربەیان ئیسرائیلی بوون ئەم فرۆکە لە ١٩٧٦/٦/٢٧ لەلایەن چەند چەکدارێکی فەلەستینیی سەربە بەرەی میللیی رزگاریخوازی فەلەستینەوە فرێندرابوو داوای ئازاد کردنی ٥٣ زینندانیان لە ئیسرائیل دەکرد لە بەرانبەر ئازاد کردنی ئەو بارمتانە، بەلام ئیسرائیل توانیی دوای چەند رۆژێک سەرقالیان

بکا به دانوستان تا له پڕ هێزێکی کۆماندۆ دەنێرێتە فرۆکەخانەکە بەبێ ئاگاداری هیچ لایەنێک و بە دوری ٤٠٠٠ کم لە فرۆکەخانەی (عەنتیبی) ئۆگەندی، هەر بە نهێنی هێزەکە لەو فرۆکەخانە دادەبەزێنێ و لە پڕ هێرش دەکاتە سەریان و جگە لە ٣ بارمتە کە دەکوژرێن ئەوانی دیکە ئازاد دەکات یەکێک لە کوژراوەکان کە بەدەستی پاسەوانێکی ئۆگەندی بریندار بوو دواتر گیانی لەدەست دا (یوناتان نەتەنیاهۆ) ی برای بنیامێن نەتەنیاهۆی سەرۆک وەزیران بوو کە فەرماندەی هێزەکە بوو.





١٩٧٦/٧/١١

دادگایی کردنی شێخ شهاب و جەعفەر عبدولواحید و ئەنوەر زۆراب و هەڤالانیان کە حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەدرێ.

دوای چوار مانگ حوکمەکەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ و هاورێیانی تریشی بە حوکمی جیاجیا حوکم دەدرێن کە بریتی بوون لە هەریەک:

ئەرسەلان بایز، دارۆی شێخ نوری، جەبار فەرمان، فەرەیدون عەبدولقادر، خدر عەبدولرەحمان، کاکە عەبە، ئەنوەر حەسەن. ئاوات غەفور، سەعدون فەیلی. هەریەک لە شێخ شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید لە دامەزرێنەرانی کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان بوون.

١٩٧٦/٧/١٥

چەککردنی ئیبراهیم عەزۆ و هەڤالانی لە گوندی نێروەی ژووورو بەفێل لەلایەن خەلکەکەوە و دواتر دەدرێنە دەست مەفرەزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٩٧٦/٨/١٣

شەڕی تەل زەعتەر لە ئۆردوگای تەلزەعتەر.

١٩٧٦/٩/٩

کۆچی دوایی رێبەری شۆڕشی چین و سەرۆککۆمار ماو تسی تۆنگ **Mao Zedong** .



ناوبراو سەرۆک و دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی چینی بوو، لە ١٩٤٩ وە تا ١٩٥٩ سەرۆککۆماری چین بووە لە ١٩٣٥ ەوە سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی چینی بوە تا مردنی. ماو لە هەرێمی شوشاو لە چین لە رۆژی ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٨٩٣لەدایک بوە.


١٩٧٦/٩/١٨



یاریزانی بەرازیلی رۆنالدۆ لویس نازاریۆ دی لیما لە ویلایەتی ریودیو جانیرۆ لە بەرازیل لەدایک دەبێ ، بەهۆی هەژاری خێزانەکەیانەوە ناتوانێ بچێتە بەر خوێندن.

١٩٧٦/١٠/١٩

دوای دەستگیرکردنیان لەلایەن هێزێکی خێلەکییەوە نەقیبی فرۆکەوان ئیبراهیم عەزۆ و هەڤالانی کە ٣٧ پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوون شەهید دەکرێن.



ئیبراهیم عەزۆ و هەڤالانی لە ناوچەی نێروە کە وەکو مەفرەزەی سەرەتایی بۆ هەلگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە رەوانە کرابوون دوای ئەوەی بە فێل دەستگیر دەکرێن لە ئەشکەوتێکا هەموویان دەکوژن.


١٩٧٦/١١/٣

جیمی کارتەر بەسەر جیرالد فۆردا سەردەکەوێ لە هەلبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا.

١٩٧٦/١١/٢١

لەسێدارەدانی خالەشهاب و مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب کە دوانیان سەرکردەی کۆمەلەو دامەزرێنەری بوون. بەر لە سیدارەدانیان جۆرج حەبەشی سەرۆکی میللی ئازادیخوازت فەلەستین

که دۆستی کورد و کۆمەڵە دەبێ سەردانی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری سەرەککۆماری ئێراق دەکا بۆ جێبەجێ نەکردنی حکومی لەسێدارەدانیان پێ دەڵێ (لە سێدارەدانی ئەم پیاوانە بە نەرێنی کار دەکاتە سەر کێشەی فلستین، ئەویش پێی دەڵێ بابێن خۆیان لە رێکخستنەکەیان بێبەری بکەن و سەرزەنشتی کارەکەیان بکەن ئەوسا لەسێدارەیان نادەین، بەلام شێخ شەهاب و هاورێیانی بەم مەرجە رازی نابن .



شەهیدان: ئەنوەر زۆراب جەعفەر عەبدولواحید شێخ شەهاب شێخ نوری



۱۹۷٦/۱۲/۷

کورت ڤالد هایم ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جاری دووەم بە ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە هەلبژاردن.

۱۹۷٦/۱۲/۱٤

شەڕی مەنگوڕایەتی لە ناوچەی قەلادزێ بەهۆی سوربونی بەعس لە راگواستنەوەی گوندنشینەکان بۆ رێگری گرتن لە حەواندنەوەی پێشمەرگە لە پیلانەکانی بەردەوام دەبێ، لەم ناوچەیەش هێزەکانی دوژمن بۆ ئەم مەبەستە هێرش دەبەنە سەر گوندنشینەکان هێزی پێشمەرگەی یەکێتیش لێیان دێتە دەست و زیانێکی گیانی زۆریان لێدەدا که ۳۰ سەرباز دەکوژرێ و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار دەبن لە ریزی پێشمەرگەش دوو شەهیدیان دەبن.

۱۹۷٦/۱۲/۱۷

شەڕی وەلزێ، وەلزێ کەوتۆتە ناوچەی بالەکایەتی لە هەولێری باشوری کوردستان ئەم شەڕە دە سەعاتییە لەنێوان پێشمەرگە و هێزێکی گەورەی سوپای ئێراق کە هێرشێکی فراوانی کردبووە سەر دۆڵی باڵەییان لەناوچەی چۆمان بۆ راگوێزانی دێهاتەکان روویدا. پێشمەرگەکان و خەلکی گوند لێیان هاتنە دەست

دوژمنیان تێکشکاند . لەم شەڕە دوژمن ٧٠ سەربازو ئەفسەری لێ کوژرا، لاشەی ٣٤ سەرباز لە شەڕگە بەجێما لەوانە لاشەی سێ ئەفسەر، نزیکەی پەنجا سەرباز بریندار بوون، ٣ سەربازیش بەدیل گیران کە دواتر ئازاد کران.

لەم شەڕەدا ٤١ تفەنگ و تۆپێکی هاوەن و دەزگایەکی بێتەل و هەندێ کەلوپەل دەستیان بەسەردا گیرا.

١٩٧٧/١/١٦

شەری هەرتەل.

هەرتەل گوندێکە لە ناوچەی رانیە رژێمی بەعس بەمەبەستی راگواستنیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان هێزێک دەنێرێتە ئەو گوندە بەلام پێشمەرگەکانی مەفرەزەی سەرەتایی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەرپەرچیان دەدەنەوە و زیانێکی گیانیی زۆریان لێدەدەن و دوژمن بە شکاوی بەرەو پاش دەبەنەوە.

١٩٧٧/١/٢٠

دوای ئەوەی لە هەلبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە مانگی یانزەی ساڵی پار جیمی کارتەر دەردەچێ لەم، رۆژە وەکو سەرۆکی ئەمریکا دەچێتە کۆشکی سپی و دەست بەکار دەبێ.

١٩٧٧/٢/٩

شاژن عەلیای هاوسەری شا حوسێنی ئوردن لە گەشتێکی ناوەخۆییدا بە فرۆکەی هەلیکۆپتەر دەکەوێتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدا.


١٩٧٧/٣/١

رێککەوتنی دیمەشق.

ئەم رێککەوتنە سێقۆلیە لە نێوان مام جەلال لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەسعود بارزانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و باقر یاسین لە لایەن باڵی چەپی حزبی بەعسی ئێراقیی سەربە سوریا لەسەر هەماهەنگی بۆ روخاندنی بەعس و هێنانەکای حوکمێکی دیموکراسی بۆ ئێراق رێکدەکەون.

١٩٧٧/٣/٨

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەمرۆژە وەکو جەژنی ژنانی نێودەولەتی دیاری دەکا.



١٩٧٧/٣/١٦

تیرۆرکردنی سەرۆکی حزبی پێشکەوتنخوازی سۆسیالیزمی لوبنانی( کەمال جەنبولات) (حزب التقدم الاشتراكي اللبناني)کە بەرەگەز کوردە لە کەمینێکدا لە نێوان (بەعقەلین و دیر دوریت)دا.

١٩٧٧/٣/١٨


شەڕی ناودەشت لە نێوان هێزی پێشمەرگە و رژێمی بەعس کە سوپایەکی زۆری بۆ سەر ناوچەی ناودەشت برد بەمەبەستی راگواستنەوەیان لەئەنجام شەڕەکە ٣ رۆژ دەخایەنێ و زیانێکی گیانی زۆر بە سوپاکەی رژێم دەکەوێ کە ١٠٠ کوژراو و برینداریکی زۆری هەبوو، زیانی پێشمەرگە شەهید بوونی ٣ پێشمەرگە بوو. لە ئەنجام دوژمن توانیی ٣٠٠ خانەوادە لەم ناوچەیە بگوازێتەوە باشوری ئێراق.

١٩٧٧/٣/٢٠

ئەندیرا گاندیی سەرۆک وەزیرانی هیند بەهۆی شکستخواردنی لە هەڵبژاردنەکان دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە.

١٩٧٧/٣/٢٧

لە دورگەی کەناری، دوو فرۆکەی ئەمریکی و هۆلەندی بەیەکدادەدەن لە ئەنجام ٥٦٣ کەس دەمرن.



١٩٧٧/٣/٢٩

کۆچی دوایی گۆرانیبێژی عەرەب عەبدولحەلیم حافز لە لۆندۆن ، لە دونیای هونەری عەرەبی ناوبراو بە (عندليب الاسمر) ناودەبردرا.

١٩٧٧/٤/٣٠

دەستپێکی شەڕی نێوان کەمبۆدیا و ڤیتنام ، ئەم شەڕە لە ١٩٩١/١٠/٢٣ کۆتایی دێت.

١٩٧٧/٥/١٧

لە ئیسرائیل حزبی لیکود لە هەڵبژاردنەکان سەردەکەوێ و مناحیم بێگنیش دەبێتە سەرۆک وەزیرانی.

١٩٧٧/٥/١٨

حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا بە بڕیاری ژمارە ٥٨٠ی ساڵی ١٩٧٧ ناوی گوندو شارە کوردیەکانی رۆژئاوای کوردستان لە کوردیەوە دەگۆڕێ بۆ عەرەبی.

١٩٧٧/٦/٥

جوزیف جوبز ئەپل ٢ دەخاتە بازار.

١٩٧٧/٦/١٦

چالاکیەکی رێکخستنەکانی دەستەی (هەڵۆی سور) ی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرپەرشتی ملازم جوامێر بریتی دەبێ لە لەناوبردنی ناپاک عوسمان محەمەد فائق بەرێوەبەری دەزگای رەوشەنبیری جەماوەریی کوردی لە بەغدا و ئەلقەلەگوێیەکی رژێمی بەعس بوو ، ئەم کردەیە لە ناو جەرگەی بەغدا ئەنجام دەدرێ.

١٩٧٧/٦/٢٧

دوای سەربەخۆ بوونی جیبۆتی لەژێر داگیرکاری فرەنسی، حەسەن جولێت بە یەکەم سەرۆکی ئەو ولاتە دێتە هەڵبژاردن.

١٩٧٧/٧/٥

سەرۆکی پاکستان زولفەقار عەلی بۆتۆ لەلایەن زیاء ئەلحەقەوە بە کودەتایەکی سەربازی دەهێندرێتە خوار دواتریش لەسێدارە دەدرێ.

١٩٧٧/٧/٢٠

مام جەلال لەرێگەی شاخەکانی باشوری کوردستانەوە دەگاتەوە خاکی کوردستان بۆ درێژە پێدان بە خەباتی شۆڕشگێڕی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

مام بە پاسپۆرتێکی ساختە بەناوی فازل تالەبانی دەگاتەوە کوردستان لەم رۆژە لە گوندی ماسی رۆ لەلایەن هێزی پێشمەرگەی یەکێتیەوە پێشوازیی لێدەکرێ .



١٩٧٧/٧/٢٤

كۆچی دوایی نوسەرو  خەمخۆری کورد گیو موکریانی.

١٩٧٧/٧/٢٤

کۆتایی هاتنی شەڕی چوار رۆژەی نێوان میسرو لیبیا.

١٩٧٧/٨/٣١

دوای گەڕانەوەی (مام جەلال تاڵەبانی) بۆ باشوری کوردستان، لەم رۆژە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو کادرەکانی شۆڕشی نوێ، دەستیان بەکۆبوونەوە کرد، بەمەبەستی داڕشتنی پلانی شۆڕشو دانانی لێپرسراوانی لقو ناوچەکان، کۆبوونەوەکانیش ماوەی سێ هەفتە بەردەوام بوون.

١٩٧٧/١١/١

ئەمریکا لە رێکخراوی کاری نێودەولەتی دەکشێتەوە.

١٩٧٧/١١/١٩

ئەنوەر ئەلساداتی سەرۆکی میسر سەردانی ئیسرائیل دەکا و لە کنیست وتەیەک دەخوێنێتەوە. ئەمەش دەبێتە دەستپێکی دانوستانەکان کەبە کامپ دیڤید هاتە ناسین بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسرائیل و میسر.

١٩٧٧/١٢/٢٥

کۆچی دوایی چارلی چاپلن،**Charlie Chaplin**  ئەکتەری کۆمیدی و دەرهێنەر و ئاوازدانەرێکی ئینگلیزە، کە ناوبانگی بەهۆی فیلمە بێدەنگەکانیەوە دەرکرد.



١٩٧٨/١/٩

یەکەم بلێسەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە رابەرایەتی خومەینی لە قوم سەرهەڵدەدا کە دواتر رژێمی شای روخاند و رژێمێکی بەناو ئیسلامی هاتە سەر حوکم بە سەرۆکایەتی خومەینی.



١٩٧٨/١/٣١

شاسوار جەلالی ناسراو بە (ئارام) سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە باڵێکی سەرەکیی ناو یەکێتی و دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو، شەهید ئارام وێڕای سکرتێری کۆمەڵە هەروەها ئەندامی م.س یەکێتی بوو، لەگوندی (تەنگی سەر)ی ناوچەی قەرەداغ بە چاوساغی ناپاکان لەلایەن دوژمنانەوە بۆسەی بۆ دانرابووەوە و شەهید دەبێ.




١٩٧٨/٢/٨

تیرۆرکردنی سیاسەتمەدار و نوسەر و وەزیری ڕەوشەنبیری میسر (یوسف ئەلسباعی) لە قوبرس، دەگوترا کە بەهۆی پشتگیری کردنی لە دەستپێشخەریی ئەنوەر ئەلساداتەوە تیرۆر کرابێ.

١٩٧٨/٢/١٨

ئیتالیا و فاتیکان ڕێککەوتنێک واژۆ دەکەن کە هەریەکەیان وەکو دەولەتێکی سەربەخۆ مافیان هەبێ.

١٩٧٨/٣/٨



داستانی دەشتێو، هێزێکی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی سەعدی گچکە بەرەو سەرکردایەتی یەکێتی دەچن لە ناوزەنگ لە ڕێگا ئاشکەرا دەبن و لە دەشتێو دەکەونە بەر هێرشەکانی تۆپ و فرۆکەی دوژمن شەڕێکی سەخت ڕوودەدا دوای کوژرانی نزیک لە ٤٠٠ سەرباز و جاش، ١٢ پێشمەرگە شەهید دەبن و چواریش بەبرینداری دەکەونە دەست دوژمن کە لە ٢١ی حوزەیران ئەوانیش لە موسل لەسێدارە دەدرێن،

لە نێو شەهیدەکان فەرماندە سەعدی عەزیز ناسراو بە سەعدی گچکە شەهید دەبێ.

١٩٧٨/٣/١٥

ئیسرائیل باشوری لوبنان داگیر دەکا.

١٩٧٨/٣/١٩

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە بڕیاری ژمارەی ٤٢٥ یدا بڕیاری جێهێشتنی سوپای ئیسرائیل دەدا لە باشوری لوبنان بمێنێتەوە.

١٩٧٨/٤/٢٧

لە ئەفغانستان کودەتایەک ئەنجام دەدرێ حوکمی موحەمەد داود خان لەنا ودەبرێ و نورەدین تەراقی لە زیندان ئازاد دەکرێ و دەکرێتە سەرۆکی ئەفغانستان.

١٩٧٨/٥/١٠

یەکەم ژمارەی گۆڤاری سرود دەرچوو.

١٩٧٨/٥/٢١



کۆچی دوایی زاناو نوسەر و ڕۆماننوسی بەنابانگی کورد عەرەبێ شەمۆ (Arab Şamoevîç Şamîlov)

ناوبراو لە هەرێمی قارس لە باکوری کوردستان لە دایک بووە.

١٩٧٨/٦/٢٤

لە ڕێگەی نامەیەکی مینڕێژکراو کە سەرۆکی یەمەنی دیموکراتیی مللی بۆی دەنێرێ، سەرۆکی یەمەنی عەرەبی ئەحمەد حوسێن ئەلغەشمی تیرۆر دەکرێ.

١٩٧٨/٧/٧

کارەستانی هەکاری ( شەڕی ناوەخۆی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکات پارتی بە ناوی قیادەی موقتە کاری دەکرد) ، ئەم کارەساتە لە هەرێمی هەکاریی باکوری کوردستان رویدا کاتێک هێزەکانی یەکێتی نزیکەی ٧٠٠ پێشمەرگە دەبون کە سالێک و نیو دەبوو دایان مەزراندبوو زۆربەیان بێچەک بوون چوبونە ئەوێ بۆ هێنانی چەک کە بۆیان بە نهێنی دەگەیاندرایە ئەوێ، لەم میانە

هێزێکی پارتی پێی دەزانن بەدوایاندا دەچن و بە هاوکاری خەلکی ناوچەکە لێیان دەبێتە شەڕ کە هەر بۆ ئەو مەبەستەش بەدوایاندا چووبوون ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکەی یەکێتی دەکوژرێن و هەندێکیش خۆیان رادەستی خەلکی گوند و هێزەکەی پارتی و هەندێکی خۆیان رادەستی سوپای ئێراق دەکەنەوە تەنها کەمینەیەکی زۆر کەمیان لێ دەرچوو، لەم شەڕە سەرکردەکانی یەکێتی هەریەک لە (عەلی عەسکەری و دکتۆر خالد و حوسێن بابەشێخ )دەکوژرێن لە پارتیش مەلا ئەمین وەکو بەرپرس دەکوژرێ. وێرای ژمارەیەکیش لە پێشمەرگەکان بەم شێوە هێزەکە پاش کوژران و خۆرادەست کردن و بەدیلگرتن پەرش وبلاو دەبێ.

١٩٧٨/٧/١٠

ئەفسەری دوو ئەستێرە موستەفا ولد ئەلسالک لە مۆریتانیا کودەتایەکی سەربازی بەسەر سەرۆک موختار ولد دادە دادەکا.

١٩٧٨/٧/١٧

دوای یەکگرتنی هەردوو یەمەنی باکور و باشور. ئەنجومەنی دامەزراندن بە زۆرینەی دەنگ عەلی عەبدولا سالح بە سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەمەنی هەلدەبژێرێ.

١٩٧٨/٨/٣١

لەسەردانێکی بۆ لیبیا ئیمام موسای سەدر خۆی و یاوەرانی شێخ موحەمەد یەعقوبی و رۆژنامەنوس عەباس بەدری گوم دەبن، تا ئەمرۆ بێسەرو شوێنن لەکاتێکا سەردانیەکەی بە فەرمی دەبێ.

١٩٧٨/٩/١٠

دەست پێکردن بە دانوستانەکانی (کامپ دیڤید) لە نێوان میسر و ئیسرائیل ، ئەم دانوستانە بەردەوام دەبێ تا ١٧ی هەمان مانگ.

١٩٧٨/٩/١٦

حاکمی سە ربازی پاکستان زیاء ئەلحەق خۆی وەکو سەرۆکی پاکستان دەداتە ناسین.

١٩٧٨/٩/١٧



واژۆ لەسەر رێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و میسر کرا بەناوی رێککەوتنی کامپ دیڤید.

١٩٧٨/١٠/٤

خومەینی لە ئێراق بەرەو کوێت دەردەچێ.

١٩٧٨/١٠/٥

خومەینی دوێنێ کە لە ئێراق وەدەر نرابوو بەرەو کوێت رۆیشت ئەمرۆش بەرەو فرەنسا بۆ (نۆب لۆشاتۆ)

١٩٧٨/١١/٢

بەستنی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە بەغدا و گواستنەوەی بارەگای کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرەوە بۆ تونس، بەهۆی رێککەوتنی میسر لەگەڵ ئیسرائیل.

١٩٧٨/١١/٦

شای ئێران بەهۆی خۆپیشاندانەکانی بەر لە روخانی، دۆخی ئاوەرتە لە ولات رادەگەیەنێ



١٩٧٨/١١/١٨

خۆکوشتنێکی بە کۆمەل لە جونز تاونی ئەمریکا ٩١٣ کەس بە کۆمەڵ خۆیان دەکوژن لە نێویاندا ٢٠٠ منداڵ دەبن..

١٩٧٨/١١/٢٧

دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان پ ک ک PKK.

١٩٧٨/١٢/٥

یەکێتی سۆڤیەت و ئەفغانستان رێککەوتنی هاوکاری و دۆستایەتی واژۆ دەکەن, ئەم رێککەوتنە بوە رێخۆشکەر بۆ داگیر کردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە.

١٩٧٩/١/٧

هێزەکانی ڤیتنامی گەمارۆی ڤنۆم پنەی پایتەختی کامبۆچ دەدەن و خمیرە سورەکان وەدەر دەنێن بە پۆلپۆتی سەرۆکیشیانەوە.

١٩٧٩/١/١٣

خومەینی لە فرەنساوە لە نۆب لۆشاتۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی رادەگەیەنێ بۆ روخاندنی رژێمی شا موحەمەد رەزاشای پەهلەوی.


١٩٧٩/١/١٦

شای ئێران خۆی و خانەوادەی دەگەنە میسر.

دوای زیاد بوونی فشارەکانی هێزە ئیسلامیەکان بە رابەرایەتی خومەینی ترس لای شای ئێران دروست دەبێ بۆیە بەبیانویەک رادەکاتە میسر کە دوا سەفەری دەبێ و هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکا.

١٩٧٩/١/٢٣

کۆچی دوایی هونەرمەندی مەزنی کورد محەمەدی ماملێ .



محەمەدی ماملێ، کوڕی میرزا سەعیدی ماملێ (مام عەلی) لە ساڵی ١٩٢٥ لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند و نیشتمانپەروەر، لە گەڕەکی مەرمەنییانی مەهاباد لە دایکبووە.

میرزا سەعید هەرچەند نەخوێندەوار بووە، بەڵام بەهۆی هونەری دەنگخۆشی و مەقامزانی و شێعرخوێنی (بەتایبەت شێعرەکانی وەفایی) ریزی لێگیراوە و خۆشمەجلیس بووە. گوایە سەعیدی ماملێ دەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگ سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی کە لە ساڵی ١٩٣٢ دا هاتووەتە موکریان و لە باغی میرزا شەریفی حاجی ڕەشید، بۆ خەڵکی مەهاباد گۆرانی گوتووە.



١٩٧٩/٢/١

ئیمام خومەینی دەگەڕێتەوە ئێران و شۆڕشەکەیان بەسەر رژێمی شای ئێراندا سەردەکەوێ، خومەینی لەو ماوەی لە ئێراق دەردەکرێ لە فرەنسا لە (نۆب لۆشاتۆ) جێگیر دەبێ.

١٩٧٩/٢/٩

لەدوای هەواری بومدیەن ، شازلی بن جدید دەبێتە سەرۆککۆماری جەزائیر.

١٩٧٩/٢/١١

بەفەرمی روخانی دەولەتی پەهلەویی ئێرانی بەرابەرایەتی ئیمام خومەینی رادەگەیەندرێ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەست پێدەکا.

١٩٧٩/٢/١٤

هەندێک لە توندرەوان بالوێزی ئەمریکا لە ئەفغانستان (ئەدولف دوبس) دەفرێنن و لە ئەنجامی هەولی رزگارکردنی لە رووبەروو بونەوەی رفێنەران لەگەل پۆلیس ناوبراو دەکوژرێ.

١٩٧٩/٣/١

کردنەوەی تاوەری کوێت.



١٩٧٩/٣/١

مەلا مستەفای بارزانی لە واشنتۆنی ئەمریکا بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکا ، مستەفا کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم لە ١٩٠٣/٣/١٤ لە گوندی بارزان لە دایک بووە.

١٩٧٩/٣/٢



لەشاری مەهاباد دکتۆر قاسملۆ سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامادە بونی دەیان هەزار جەماوەر رایدەگەیەنێ کە دوای سی ساڵ لە خەباتی نهێنی ئەمرۆ خەباتی سیاسیی ئاشکەرای گەلی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان دەست پێدەکات.

١٩٧٩/٣/٤

چین هێزەکانی خۆی لە ڤیتنام دەکێشێتەوە.

١٩٧٩/٣/٤

کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی دانیشتنێکی ئاوارتە لەسەر هێرشەکانی یەمەنی باشور بۆ سەر یەمەنی باکور ئەنجام دەدا.



١٩٧٩/٣/٧

جیمی کارتەر Jimmy Carter یەکەم سەرۆکی ئەمریکا دەبێ سەردانی میسر دەکات ئەمەش لەم رۆژەدا بووە.

١٩٧٩/٣/٢١

رادیۆی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کەوتە کار ئەم رادیۆیە کە بارەگاکەی لە توژلە بوو سەرەتا بەناوی دەنگی شۆڕشی ئێراق دەبێ دواتر ئەو ناوە دەگۆڕدرێ بۆ دەنگی گەلی کوردستان.

١٩٧٩/٣/٢١

باڵێکی بزوتنەوەی سۆسیالیست بەڕابەرایەتی (ڕەسوڵ مامەند) لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیابوونەوە، دواتریش لەگەڵ لێژنەیەکی تر کە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوون، یەکیان گرتو حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان پێکهێنا، (سەیدا سالح یوسفی)ش بەنهێنی وەکو سکرتێری ئەو حزبە نوێیە هەڵبژێردرا.

١٩٧٩/٣/٢٣

واژۆ کردنی پەیماننامەی ئاشتەوایی نێوان میسر و ئیسرائیل بە سەرپەرشتی ئەمریکا.

١٩٧٩/٣/٢٧

کۆبونەوەیەکی کتوپڕی وەزیرانی دەرەوەی ولاتانی عەرەبی بۆ کاردانەوە لەسەر رێککەوتنی ئاشتی لە نێوان میسرو ئیسرائیل لەم میانە بڕیار دەدەن پەیوەندیەکانی هێلی ئاسمانی لەگەڵ میسر بپچڕێن و لە کۆمکاری عەرەبیشی وەدەرنێن.

١٩٧٩/٣/٣٠

لە راپرسیەکدا نزیکەی سەد لە سەدی ئێرانیەکان بە سیستەمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێران دەنگ دەدەن.

١٩٧٩/٤/١

لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانی. دوای دەرچونی ئەنجامەکانی راپرسی لە ئێران خومەینی کۆماری ئیسلامی ئێرانی رادەگەیەنێ.



١٩٧٩/٤/٤

زولفەقار عەلی بۆتۆ سەرۆکی پاکستان حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ.

١٩٧٩/٤/١١

عیدی ئەمینی سەرۆکی ئۆگەندا لە لوتکەی دەسەلات دێننە خوار.

١٩٧٩/٥/٢

جەماوەری ئۆردوگای زۆرەملێی (بەستەسێن) دەستیان بەناڕەزایەتیو خۆپیشاندان کرد لەدژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعس.

١٩٧٩/٥/٤



مارگرێت تاتچەر **Margaret Thatcher** کە بە ژنە ئاسنینەکە ناو دەبردرا، دەبێتە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بەم شێوەش دەبێتە یەکەم ژن پۆستی سەرۆکوەزیران بگرێتە دەست لە بەرەیتانیا ، مارگرێت لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ لە شاری گرانثام لەدای بووە.

١٩٧٩/٥/٢٥

بەپێی رێککەوتنی کامپ دیڤید ئیسرائیل لە عریش دەکشێتەوە و رادەستی میسری دەکاتەوە.

١٩٧٩/٦/٨

سەرۆكی یەكێتی سۆڤیەت(لیونید برژنیف) و سەرۆكی ئەمریكا (جیمی كارتەر) واژۆ لەسەر رێككەوتنی كەمكردنەوەی موشەكی دورهاوێژ (بالستی) یا كشوەربڕ دەكەن كە بە سالت ٢SALT هاتە ناسین.

١٩٧٩/٦/٢٦

پالەوانی بۆكسێنی ئەمریكی محەمەد عەلی كلای واز لە بۆكسانێ دێنێ و خۆی دوور دەخاتەوە.

١٩٧٩/٧/١

داستانی شیوەپیران.

سوپای بەعس لە گوندی شیوەپیرانی ناحیەی شۆڕشی سەربە كۆیە گەمارۆی هێزێكی پێشمەرگە دەدات كە لە ١٩ پێشمەرگە پێكهاتبوون و سەربە (حزبی سۆسیالیستی كوردستان) بوون، دوای شەڕێكی سەخت بەهۆی نابەرانبەری چەك و ژمارەوە دوای لێكەوتنی زیانێكی زۆر بە سوپای بەعس ١٤ پێشمەرگەیان لە مەیدانی شەڕ شەهید دەبن، چواریان بە برینداری دیل دەكرێن و یەكێكیان دەربازی دەبێ. شەهیدەكان:

١-حوسێن دۆشكە ٢-خدر حاجی عەلی ٣ ئەسعەد حەسەن ٤-مەغدید حەسەن باپیر ٥-ئەكرەم رەحمان ٦- صدیق رەحمان ٧- تەحسین كاكێ ٨-نەعمان كەردزی ٩-بایز شێخ محەمەد ١٠-جەمیل عەلی ١١- زرار جەلال ١٢-ئەسعەد رەسول ١٣-رەفیق صدیق ١٤- ئۆمەر چاوسۆر .

١٩٧٩/٧/٣

سەرۆكی ئەمریكا جیمی كارتەر بڕیار دەدا هاوكاری ركابەرانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان بكرێ.

١٩٧٩/٧/٤

سەرۆكی پێشوی جەزائیر ئەحمەد بن بیلا كە لە ١٩٦٥ لەلایەن هەواری بومدیەن كودەتای بەسەردا كرابوو لەو كاتەوە گیرابوو، لەم رۆژە ئازاد دەكرێ.

١٩٧٩/٧/١١

لەپاش ئەنجامدانی گەشتێكی سەركەوتوو بۆ بۆشایی ئاسمان، لەم رۆژە كەشتیی ئاسمانی (سكای لاپ)ی ئەمریكی گەڕایەوە بۆ سەر زەوی.

١٩٧٩/٧/١٣

مسریەکان لە تورکیا بالوێزخانەی میسری داگیر دەکەن، وەکو دەربڕینی نارەزایی لە دانوستانی نێوان میسر و ئیسرائیل کە ئەنوەر ئەلسادات پێی هەڵسابوو.



١٩٧٩/٧/١٦

کودەتایەکی سپی لە ئێراق لەلایەن سەدام حوسێنەوە دژی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری سەرۆککۆمار ، هاتنە خوارەوەی دووەم و سەرکەوتنی یەکەم بوو. لەو رۆژەوە بە کارایی هەموو دەسەلاتە شاراوەکانی بەعس ئاشکەرا دەبن کە بەدەستی سەدام حوسێنەوە بوو.

١٩٧٩/٨/١


ئالا
الراية
الديمقراطية للعراق والحكم الذاتي لكردستان
العدد الأول نشرة دورية تصدر عن الاتحاد الوطني الكردستاني - فرع امريكا آب - ١٩٧٩
حول مظاهرة آبادان

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی ئالا لە ئەمریکا دەرچوو. رۆژنامەی ئالا رۆژنامەی کۆچبەرانی کورد بوو لە ئەمریکا کە لەلایەن رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەردەچوو، بە تێکرا ١١ ژمارەی لێ دەرچوو دوایین ژمارەی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣ دەرچوو.

١٩٧٩/٨/١١

داستانی قورەبەرازە لە دەشتی کۆیە .

ئەم داستانە کە مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان رووبەرووی هێزێکی مەزنی حکومەتی بەعس دەبنەوە زیانێکی مەزن بەو مەفرەزە دەکەوێ ژمارەی ١٧ پێشمەرگەی لێ شەهید دەبێ.

١٩٧٩/٨/١٦

لێبوردنی گشتی لە زیندانیانی سیاسی. دوای ئەوەی سەدام لە کودەتایەکی سپیدا لە یادی ١٧ی تەموزی ١٩٧٩ دەسەلات لە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر دەستێنێتەوە و خۆی دەبێتە سەرۆککۆمار، لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانیان دەردەکا .

ئەم لێبوردنە زیاتر لە ٥٠٠٠ زیندانی سیاسیی کورد ی گرتەوەو بەهۆیەوە لە زیندانەکانی بەعس ئازاد کران لەوانە حوکمدراوەکانیشی گرتەوە.

١٩٧٩/٨/١٩

دەستپێکردنی شەڕی نێوان پێشمەرگەی رۆژهەلات و سوپای ئیسلامی ئێرانی لە هەموو گوند و شارەکانی رۆژهەلاتی وکردستان.

١٩٧٩/٨/١٩

خومەینی لە دژی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان فتوایەکی خەراپ دەدات.

١٩٧٩/٨/٢٣

هێرشی سوپای داگیرکەری ئێران بۆسەر شاری سەقزی رۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٧٩/٨/٢٧

سوپای کۆماری ئیرلەندیی لە ئیرلەندا مامی ئێلیزابێتی پادشای بەر یتانیی (لویس مونتباتن) کە دوایین جێگری پادشا بوو لە هیند، دەکوژن.

١٩٧٩/٩/٣

هێرشی سوپای ئێرانی بۆ سەرشاری مەهاباد.

١٩٧٩/٩/٥

مەناحیم بێگنی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دەگاتە قاهرە و وتووێژ لەگەڵ سەرۆکی میسر ئەنوەر ئەلساداتدا دەکات .



١٩٧٩/٩/٢٠

لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی لەئەفریقای باشور، (جان بیدڵ بۆکاسا)ی **Jean-Bédel Bokassa** ئیمپراتۆری ئەو وڵاتە لەسەر کورسیی دەسەڵات دوورخرایەوە و ئەنجومەنێکی سەربازی پێکهێنرا.



١٩٧٩/١٠/١٧

دایكە تیرێزا خەلاتی نۆبل بۆ ئاشتیی پێدەدرێ بەهۆی ئەو هاوكاریانەی بە هەژارانی هیند كردووە.

١٩٧٩/١٠/٢١

بەهۆی ئەوەی مەناحم بیگنی سەرۆك وەزیران دەستی بەسەر زەویی داگیركراوی فەلەستینیەكانەوە گرت، مۆشێ دایانی وەزیری بەرگری ئیسرائیل وەكو نارەزایی دەست لەكار دەكێشێتەوە .





١٩٧٩/١٠/٢٦

سەرۆكی هەوالگری كۆریای باشور كیم شی كیو تەقە لە سەرۆكی كۆریا (پارك چونگ هی)**Park Chung-hee** دەكا و دەیكوژێ .

ناوبراو پێشتر لە رێگەی كودەتاوە لە ١٩٦٣/١٢/١٧ دەسەلاتی گرتبووە دەست .

١٩٧٩/١١/٤

گرتنی بالوێزخانەی ئەمریكا لە تاران لەلایەن خوێندكارانەوە و بەبارمتە گرتنی سدەرجەم ئەندامانی بالوێزخانەكە.



١٩٧٩/١١/٥

لەم رۆژەدا خومەینی، ئەمریكا بە مەزنترین شەیتان ناودەنێ.

١٩٧٩/١١/١٥

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لەشاری سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، کە تەنها ٥١ ژمارەی لێدەرچووە و گرنگیی بەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری داوە.

١٩٧٩/١١/١٩

خومەینی سەرجەم بارمتە ئەمریکیەکانی بەرەگەز ئەفریکی ئازاد دەکا.

١٩٧٩/١٢/٢٤

یەکێتی سۆڤیەت بە ٧٥٠٠٠ حەفتا و پێنج هەزار سەرباز ئەفغانستان داگیر دەکا بۆ پشتگیریکردن لە حکومەتی بابراک کارملی کۆمۆنیست.

١٩٧٩/١٢/٢٥

دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە یەکێتی سۆڤیەت ،حەفیزوللا دەکوژرێ و بابراک کارمل دەکاتە سەرۆککۆماری ئەو ولاتە و رژێمی کۆمۆنیستیی لێ داکوتا.ئەم داگیرکاریە دە ساڵ دەخایەنێ واتە لە ١٩٨٩/٢/١٥ سۆڤیەت لێی دەردەچێ.

١٩٧٩/١٢/٣١

شێخ جابر ئەلئەحمەد ئەلسەباح دەسەلات دەگرێتە دەست لە کوێت بەم شێوە دەبێتە میری سیانزەهەمی کوێت دوای ئەوەی سەربەخۆیی وەردەگرێ.



١٩٨٠/١/٨

ئەندیرا گاندی بە سەرۆکی هیند دێتە هەلبژاردن.

١٩٨٠/١/١٤

کۆمەلەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێکرای دەنگ بڕیار لەسەر کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی دەدەن لە ئەفغانستان.

١٩٨٠/١/٢٥

ئەنوەر ئەلساداتی سەرۆکی میسر بە فەرمی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادار دەکاتەوە کە دۆخی جەنگ لە نێوان میسر و ئیسرائیل کۆتایی هات.

١٩٨٠/١/٢٧

رۆبەرت مۆگابی لە دوورخراوەیی دەگەڕێتەوە زیمبابۆی، لە هەڵبژاردنێکدا بە سەرۆکی ئەو ولاتە دێتە هەلبژاردن ، بەلام دواتر دەبێتە دکتاتۆر و دەست لە کورسیی حوکم هەلناگرێ تا لە ٢٠١٧/١١/١٩ بە کودەتایەکی سەربازی لایدەبەن.

١٩٨٠/٢/٤

ئەبو لحەسەن بەنی سەدر لە هەلبژاردنێکی سەرۆکایەتیدا دەبێتە سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران.

١٩٨٠/٢/١٨

بۆ یەکەمینجار ئالای ئیسرائیلی لەسەر بالوێزخانەی ئیسرائیل لە قاهیرە هەڵدەدرێ. لە هەمان کاتدا ئەمە دەبێتە یەکەمین دەولەتی عەرەبیش کە ئالای ئیسرائیلی لێ هەڵدرابێ.



١٩٨٠/٣/١٤

شای ئێران بەهۆی راپەرینی خەلکی ئێران بە رابەرایەتی خومەینی، خۆی و خانەوادەی وەکو پەنابەر لە قاهیرە جێگیر دەبێ .

١٩٨٠/٤/٥

هەڵمەتی ڕاگواستنەوەی کوردە فەیلیەکان بۆ دەرەوەی ئێراق . ئەم پرۆسە لەگەڵ هەموو توێژە کوردەکان بەردەوام بوو هەر توێژە و بە بیانویەک لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕادەگواسترانەوە و دەست بەسەر مولکەکانیاندا دەگیراو بە بڕیارێکی دادگایەکی بەعسی بە عەرەبەکان دەفرۆشران یا پێیان دەبەخشران.

١٩٨٠/٤/٩

ڕژێمی بەعس محەمەد باقر ئەلحەکیم زانا و مەرجەعی ئیسلامی مەزهەبی شیعی و ئامینەی خوشکیی لەناو بردن.

١٩٨٠/٤/١٧



بەهۆی بارمتەکردنی ئەندامانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لەلایەن خوێندکارە ئێرانیەکانی سەربە خومەینیەوە پەیوەندیەکانی ئەمریکاو ئێران دەپچڕێن.

١٩٨٠/٤/١٨

سەربەخۆ بوونی دەولەتی ڕۆدیسیا و گۆڕینی ناوەکەی بۆ دەولەتی زیمبابۆی و ڕۆبەرت مۆگابی دەبێتە یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئەو ولاتە کە دواتر دەبێتە دکتاتۆر و لەسەر کورسی دانابەزێ.

١٩٨٠/٤/٢٤

ئەمریکا هەوڵ دەدا بارمتەکانی لە ئێران کە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا کاریان دەکرد ڕزگاریان بکا بەلام هەولەکە سەرکەوتو نابێ و ٨ سەربازی ئەمریکیش لەو هەولە سەرنەکەوتویە گیان لەدەست دەدەن.

١٩٨٠/٤/٢٥

بەهۆی هێرشی بەربلاوی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان، عەبدولرەحمان قاسملۆ سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نامەیەکی ئاراستەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی کرد.

لە نامەکەیدا داوای لە کۆمەلگای نێودەولەتی کرد بەدەم کوردەوە بچن و ڕێگە نەدەن شەڕو کوشتار لەو ناوچەیەدا دروست ببێت.

١٩٨٠/٤/٣٠

شاژن جولیانا پاشای هۆڵەندا بۆ بەرژەوەندی بیاتریکسی کچی دەست لەپۆستی پادشایەتی دەکێشێتەوە ، لەم رۆ بەدواوە بیاتریکس دەبێتە مەلیکە بیاتریکس.

١٩٨٠/٥/٢

جەلال تالەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی، بەسەردانێك گەیشتە کۆماری ئیسلامیی ئێران و دواتریش سەردانی سوریای کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو دوو وڵاتەدا تاووتوێی چەند پرسێکی تایبەت بەشۆڕشی کوردی کرد لەباشوری کوردستان دژی ڕژێمی بەعس.

١٩٨٠/٥/٤

کۆچی دوایی جۆزیف بروز تیتۆ **Josip Broz Tito** ، بە مردنی تیتۆ دەرفەت بۆ هەلوەشانەوەی دەولەتی یۆگسلافیای یەکگرتوو دەرەخسێ و شەڕی ناوەخۆ دەست پێدەکا.

١٩٨٠/٥/١٥

ئیسرائیل رایدەگەیەنێ کە قودس پایتەختی هەتاهەتایی ئیسرائیلە.

١٩٨٠/٥/٢١

چین دووەم موشەکی کشوەربڕ دەتەقێنێتەوە.

١٩٨٠/٦/١

وێستگەی جیهانیی ناسراو بە **CNN** پەخشی خۆی دەستپێدەکا.

١٩٨٠/٦/٣٠

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بریاری ئیسرائیل هەلدەوەشێنێتەوە کە قودسی خستبوە سەر خاکی خۆی.

١٩٨١/٧/١

لەسێدارەدانی هونەرمەندی مەزنی کورد قادر کابان لە بەغدا.

١٩٨٠/٧/٢١

تیرۆر کردنی سەرۆک وەزیرانی پێشوی سوریا سەلاحەدین بیتار لە پاریس بەهۆی ناکۆک بوونی لەگەڵ حافز ئەسەدی سەرۆککۆمار.



١٩٨٠/٧/٢٧

کۆچی دوایی شای دورخراوەی ئێران محەمەد رەزا شا لە قاهیرە دوای ئەوەی خومەینی لە شۆڕشێکدا لە ١٩٧٩ بەسەریدا زاڵ دەبێ ئەوو خێزانەکەی پەنا بۆ میسر دەبەن.



١٩٨٠/٨/٢٧

ئەکتەری ناسراوی میسری روشدی ئەبازە کۆچی دوایی کرد .

١٩٨١/٨/٣٠

هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەرگەوەری رۆژهەلاتی کوردستان هێرش دەکاتە سەر بنکەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

١٩٨٠/٩/٢

کۆکوژی گوندی قارنێ لە ناوچەی نەغەدەی رۆژهەلاتی کوردستان بەدەستی سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە ٦٨ کەسی سڤیلی تیا شەهید بوو .

١٩٨٠/٩/٨

سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد و سەرۆکی لیبیا معەمەر قەزافی لە تەرابلس لەسەر پرسی یەکگرتنی سوریا و لیبیا کۆدەبنەوە.

١٩٨٠/٩/٩

لە شەڕی نێوان ئێراق و ئێران سوپای ئێراق ناوچەی زەین ئەلقەوس داگیر دەکا.

١٩٨٠/٩/١٠

لە جەنگی نێوان ئێراق و ئێران سوپای ئێراق هێرش دەکاتە سەر سەیف سەعد و داگیری دەکا.

١٩٨٠/٩/١٢



کودەتایەکی سەربازیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەویی تورکی کە بریتی دەبن لە سوپاسالار و سەرۆکی جەندرمە کەنعان ئیڤرین لە تورکیا ئەنجام دەدرێ و دەست بەسەر دەسەلاتدا دەگرن و سەرجەم سیاسەتمەدارە سەرۆک حزبەکانیش زیندانی دەکەن، لە نمونەی ئەجەوید و دیمیریل و ئەربەکان و تورکەش و ئەنجومەنی نیشتمانیان هەلوشاندەوە و حوکمی عورفیان راگەیاند، ئامانجی ئەو کودەتایە تەنها گەراندنەوەی رەوتی کەمالیزم بوو کە بە دیدی ئەوان خەریک بوو لێ دەردەچوو.

١٩٨٠/٩/١٧

(سەدام حوسێن)ی سەرۆکی ئێراق فەرمانی بەهەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەی جەزائیری دەرکرد، کە پێشتر لەدژی شۆڕشی کورد لەنێوان ئێراق‌و ئێراندا لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ مۆرکرابوو.

١٩٨٠/٩/٢٢

جەنگی نێوان عێراق‌و ئێران دەستی پێکرد، کە بەجەنگی یەکەمی کەنداو ناسراوە و ماوەی هەشت ساڵی خایاند، تێیدا سەدان هەزار سەربازو هاوڵاتی لەهەردوو وڵات کوژران‌و زیانەکانیشی بەسەدان ملیار دۆلار خەملێنرا، زۆرینەی زیانەکانیش لەکوردستان کەوت، بەهۆی ئەوەی هەردوو وڵات بەرەکانی شەڕیان لەخاکی کوردستاندا لەدژی یەکتر فراوانتر دەکرد و دەیان ملیۆن مینیان لەخاکی کوردستاندا چاند.

١٩٨٠/١٠/٢٨

دامەزراندنی بەرەی (جود) لە باشوری کوردستان ( الجبهە الوطنیه الدیمقراطیه) پێک هاتبوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی ئێراقی و پاسۆک و سۆسیالیست.



١٩٨٠/١٠/٣٠

ئەحمەد بن بلە لە دواى كودەتاى هەوارى بومديەن كە بەسەريدا ئەنجام درا دەست بەسەر كرابوو لەم رۆژە ئازاد دەكرێ.

١٩٨٠/١١/٥

رۆنالد رێگن بە سەرۆكى ئەمريكا دێتە هەڵبژاردن.

١٩٨٠/١١/١٢

دامەزراندنى (بەرەى نيشتمانى نەتەويى ديموكراتى-ئێراقى) بە (جەوقد) دەناسرا پێک هاتبوو لە( يەكێتى نيشتمانيى كوردستان و حزبى سۆسياليستى ئێراقى و بزوتنەوەى عەرەبيى سۆسياليستى و حزبى بەعسى عەرەبى سۆسياليست ( سەربە لايەنى سورى)، رێكخراوى رزگارى گەلى ئێراقى- سەركردايەتى ولاتى ئێراق) لە سوريا دامەزرا ، ئەم بەرە پێكهاتبوو لە لايەنانى عەرەبى و كورديى ئازاديخواز لە پێناو رووخانى رژێمى سەددام يەكيان گرتبوو.

١٩٨٠/١١/١٨

لەناوچەى (پشدەرە ڕەقە)ى سنورى شارۆچكەى ڕانيە، فڕۆكەكانى سوپاى ئێراق هێرشيان كردە سەر پۆلێك پێشمەرگەى كوردستان كە لە سەركردايەتييەوە بەرەو ناوچەكانى خوارتر دەچوون زۆربەيان لە دەستەى نوسەرانى شاخ بوون، لەئەنجامدا ٩ يان شەهيد دەبن لە ناوياندا شاعير مامۆستا (جەميل ڕەنجبەر) هەبوو، ١٢ شيان بريندار دەبن.

١٩٨٠/١١/٢٠

دادگايى كردنى چوار ياخيبوەكەى چين لە نێويياندا چيانگ چينگ هاوسەرى ماو تسى تۆنگ زانگ شون كيا و ووانگ هونگ وين و ياو ون يوان .

١٩٨١/١/٤

لەسەر داگيركردنى يەكێتى سۆڤيەت بۆ ئەفغانستان وەكو نارەزايى ئەمريكا بايكوتى خولى ياريەكانى ئۆلۆمپى دەكا كە لە مۆسكۆ ئەنجام دەدرا.

١٩٨١/١/٢٠

رۆنالد رێگن  Ronald Reagan دوای دەرچونی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەبێتە سەرۆکی چلەمینی دەست بەکار بوو، ئەوکاتە ئێران ٤٤٤ ئەمریکیی بە بارمتە گرتبوو لەکاتی شۆڕشی ئێرانی لە شوباتی ١٩٧٩ بەڵام بە هاتنی جیمی کارتەر  ئەو بارمتانە زوو ئازاد دەکرێن. ئەمەش دوای چەندین هەوڵی سەربازی و دبلۆماسی ئەنجام دەدرێ.

١٩٨١/١/٢٠

ئازاد کردنی بارمتەکانی ئەمریکی لە تاران لە رێگەی دانوستانێکی نهێنی لە نێوان ئێران و ئەمریکا بەم شێوە ماوەی بارمتەییان دەبێتە ٤٤٤ رۆژ.

١٩٨١/١/٢٦

دوای رێککەوتنی میسرو ئیسرائیل ، میسر سینا و  عەریش وەردەگرێتەوە کە ئیسرائیل دەستی بەسەردا گرتبوو.

١٩٨١/٢/٢٣

کودەتایەکی شکست خواردوو لە ئیسپانیا سوپا ئەنجامی دەدا، بە دەستگرتن بەسەر پەرلەمانی ئیسپانیا و بەبارمتە گرتنی سەرجەم ئەندامانی ، بەڵام شکست دێنێ ئەم کودەتایە بە کودەتای  ٢٣ف هاتە ناسین.

١٩٨١/٤/٢١

کۆشکی سپی رایدەگەیەنێ کە رۆنالد ریگانی سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری داوە فرۆکەی  هۆشداریی پێشوەخت (ئەواکس) بە سعودیە بفرۆشێ.

١٩٨١/٤/٢١

بەپێی رێککەوتنی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسرائیل ، میسر ناوچەی شرم ئەلشێخ کە بەشێکە لە سینا بۆ باوەش خۆی دەگێڕێتەوە.

١٩٨١/٤/٢٧

کۆمپانیای زیروکس  **Xerox Alto** ماوسی کۆمپیوتەر دادەهێنێ.  هەرچەندە ئەم داهێنانە لە ١٩٧٣ وە دروست کرابوو بەڵام بۆ یەکەمینجار بەم شێوە ئەم کۆمپانیایە پەرەیێ پێداو بەکاری هێنا

١٩٨١/٥/١

تیرۆرکردنی سەرۆکی کۆمەڵەی نەمسایی ئیسرائیلی و ئەندامی ئەنجومەنی شاری ڤیەننا (هاینتز نیتیل) بەدەستی رێکخراوی ئەبو نیزال( بزوتنەوەی فەتح ئەنجومەنی شۆڕشگێڕ) ئەم کردە هەریەک لە هشام راجح و مەروان حەسەن جێبەجێیان کرد و بەهیچ یونسیش بە رێکخستنی تۆمەتبارکرا.



١٩٨١/٥/١١

گەنجێکی تورک بەناوی محەمەد عەلی ئاغا لە مەیدانی پەتروسی پیرۆز تەقە لە پاپا یوحەنا پولس **Ioannes Paulus PP. II** پاپای فاتیکان دەکا و بریندار دەبێ ، دوای دەستگیر کردنی تیرۆریستەکە و دادگایی کردنی و زیندانیی پاپا لێی خۆش دەبێ وئازاد دەکرێ.

١٩٨١/٥/٢١

تیرۆرکردنی سەرۆک وەزیرانی پێشوی هیند راجیف گاندی لەلایەن کۆمەلێکی سریلانکیی توندڕەو کە سەربە تامیلەکان بوون، ئەوانەی داوای سەربەخۆیی دەکەن ئەم رقەشیان لە هەلوێستەکانی هیندەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو کە دژی خواستەکانیان دەوەستێتەوە.

١٩٨١/٥/٢٥

حوکمرانانی میرنشینی عەرەبیی یەکگرتوو شێخ زاید بن سولتان و میری قەتەر شێخ خەلیفە بن حەمەد و میری بەحرەین شێخ عیسا بن سەلمان و سعودیە مەلیک خالد بن عەبدولعەزیز و عومان سولتان سەعید و شێخ جابر ی کوێت ، دوای کۆبوونەوەیان لە ئەبو زەبی ئەنجومەنی هاریکاری دەولەتانی کەنداوی عەرەبی پێک دێنن.

١٩٨١/٥/٣٠

تیرۆرکردنی زیاء ئەلرەحمان سەرۆکی بەنگلادیش.

١٩٨١/٦/٧


فرۆکەکانی ئیسرائیلی لە جۆری F16 فایتینگ فاکون کارگەی ئەتۆمیی ئێراقی بۆردومان دەکەن تا ئێراق نەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

١٩٨١/٦/٢٥

راگواستنەوەی شاری قەلادزێ لەلایەن رژێمی بەعسی فاشی و ئاوارە بوونی خەلکەکەی و خاپور کردنی شارەکە.

١٩٨١/٦/٢٥

تیرۆرکردنی سەیدا سالح یوسفی ، ساڵح عەبدوڵلا نەجمەددین یوسفی ناسراو بە سەیدا ساڵح یوسفی لە ساڵی ١٩١٨ لە شارۆچکەی بامەڕنێ سەر بە قەزای ئامێدی لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە ناوچەی هەریر بووەتە مامۆستا و دواتر وەکو نووسەر لە دادگای موسڵ دەستبەکار بووە.سەیدا ساڵح یوسفی لە ژیانی خەباتی سیاسیدا بەشداری لە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵە و پارتی سیاسیدا کردووە لەوانە:



- کۆمەڵەی بروسک لە ساڵی ١٩٣٨ لە بادینان.

- لە هەریەک لە کۆمەڵەکانی دارکەران لە سالی ١٩٣٨ و هیوا لە ساڵی ١٩٣٠.

- لە پارتەکانی شۆڕش و رزگاری لە ساڵی ١٩٤٥

- پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦

- حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦

دوا کاری سیاسی سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە. لەرۆژێکی وەکو ئەمرۆ لە شاری بەغدا

لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە و لە ڕێگەی ناردنی نامەیەکی بۆمبڕێژکراوەوە تیرۆرکرا.

١٩٨١/٦/٢٧

هەوڵی تیرۆرکردنی عەلی خامەنەئی دەدرێ بەلام بە خەستی بریندار و کەمئەندام دەبێ.

١٩٨١/٦/٢٧

کەریمی حیسامی و یاسر عەرەفات بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و فەلەستین کۆ دەبنەوە.

١٩٨١/٦/٢٨

تەقینەوەیەکی مەزن لە بارەگای حزبی کۆماری ئیسلامی لە تاران روو دەدا، لەم تەقینەوە ژمارەیەکی زۆری بەرپرسان دەبنە ئامانج کە ٧٤ لە گەورە پیاوانیان لەناو دەبردرێن ،لە ناویاندا قازیی قازیەکان ئایەتو الله محەمەد بەهەشتی بوو.

١٩٨١/٧/٢٤٥



کۆچی دوایی گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد مامۆستا عەلی مەردان. ناوبراو لە ١٩٠٤ لە کەرکوک لە گەرەکی بەرتەکیە لەدایک بووە لە ساڵی ١٩٣٩ چۆتە ئێزگەی بەغدا بۆ گۆرانی ووتن ، عەلی مەردان خوێندنی لە تەکیەی کەرکوک و لە لای ماموستا ساڵەح دەست پێکردوە و هەر لەوێشەوە لە لای مامۆستای دەنگ خۆش مەلا ڕەووف فێری تەجویدی قورئان و هەندێ مەقاماتی کوردی بووە.

١٩٨١/٧/٢٩

شازادەی بەریتانی ولیام چارلز هاوسەرگیری لەگەڵ دایانا دەکا.

١٩٨١/٨/٥

رۆنالد رێگنی سەرۆکی ئەمریکا ١١٣٥٩ بەرپرسی بزوتنەوەی هێلە ئاسمانیەکان لە کارەکانیان دور دەخاتەوە بەهۆی رازی نەبونیان لە کۆتایهێنان بە مانگرتنەکەیان.

١٩٨١/٨/٢٨

سەنتەری نیشتمانی بۆ  دەستبەسەر کردنی نەخۆشی و پەتاکان رایدەگەیەنێ کە نەخۆشیی نەمانی خۆراگری (فقدان المناعه، ئایدز) لای هاورەگەزبازەکان زیاترە.

١٩٨١/٨/٣٠

تەقینەوەی ساختومانی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێرانی لە تاران و کوشتنی سەرۆککۆماری ئێران محەمەد عەلی رەجائی و  سەرۆک وەزیران محەمەد جەواد باهری و ژمارەیەک لە بەبرپرسان.

١٩٨١/١٠/٦

تیرۆرکردنی سەرۆکی میسر ئەنوەر ئەلسادات لە مانۆڕێکی سەربازیی خۆیاندا لە قاهیرە لە سەردەستی (خالید ئیسلامبۆلی) .

١٩٨١/١٠/٧

ئەنجومەنی مللیی میسری ڕەزامەندی دەدا کە حوسنی مبارەک جێگەی ئەنوەر ئەلسادات بگرێتەوە لە پۆستی سەرۆککۆماری، بەهۆی ئەوەی ئەنوەر سادات تیرۆرکرابوو.

١٩٨١/١٠/١٤

دوای ئەوەی ئەنجومەنی میللیی میسری بڕیار دەدا،حسنی مبارەک لە شوێن ئەنوەر ئەلسادات دەست

بەکار دەبێ لە پۆستی سەرۆکۆماری میسر.

١٩٨١/١١/٢٣

سەرۆکی ئەمریکا ڕۆنالد ریگن بڕیارێک واژۆ دەکا کە تا دوایی بە نهێنی دەمێنێتەوە، تیایدا ڕەزامەندی دەدا ئاژانسی هەوالگری ناوەندی CIA مەشق بە شۆڕشگێڕانی کۆنترا بکا لە نیکەراگوا دوای ئاشکەرا بونی پێی ڕسوا دەبێ کە پێی دەوترێ سکاندالی ئێران کۆنترا ( ئابروبەری).

١٩٨١/١٢/١

ڤایرۆسی ئایدز دۆزرایەوە.

١٩٨١/١٢/١١

پالەوانی بۆکسانێی ئەمریکی محەمەدعەلی کلای دوایین یاریەکانی دەکا و واز لە یاری بۆکسانێ دێنێ.

١٩٨١/١٢/١٤

ئیسرائیل بڕیاری گرتنەخۆی گردۆلکەکانی جۆلان دەدا کە لە ١٩٦٧ داگیری کردبوو.

١٩٨١/١٢/١٥

تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو لە بالوێزخانەی ئێراق لە بەیروت ، دەبێتە هۆی لەناوچونی ٦١ کەس، سوریا بەم کردەوە تۆمەتبار دەکرێ.

١٩٨٢/١/٢١

هەڵمەتێکی دیکەی ئەنفالکردنی کوردە فەیلیەکان لە بەغدا و حلە و کوت و عمارە بە بیانوی پاشکۆییان بۆ ئێران.

١٩٨٢/١/٢٧

شەڕی سێکانیان کە دوژم بە ٧ هەلیکۆپتەرو هێزێکی زۆری جاش و سوپا هێرشی کردە سەر مەفرەزەکانی یەکێتی و شیوعی و حزبی سۆسیالیست چونکە شیوعیەکان دوو پسپۆری فرەنسیان رفاندبوو، لەئەنجام ١٣ پێشمەرگە شەهید دەبن و ژمارەیەکی یەکجار زۆریش لە سەرباز و جاش دەکوژرێن کە هەندێکیان لە بەستی شەغرە دا خنکان.

١٩٨٢/٢/٢

کوشتارگەری حەمات لە سوریا . هێزەکانی سوپای سوری و سریەکانی بەرگری بە فەرماندەیی رەفعەت ئەلئەسەد ، لە ئەنجامی راپەڕینی ئیسلامیەکان بۆ ماوەی ٢٧ رۆژ گەمارۆیەکی توند دەخەنە سەر ئەو شارە و کۆکوژیی لێ ئەنجام دەدان.

١٩٨٢/٢/١٠

دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی فەلەستینی لە کەرتی غەزە و بەرەی رۆژئاوا و هەندەران، بەلام دواتر ناوی ئەم حزبە دەگۆردرێت بۆ حزبی گەلی فەلەستینی.

١٩٨٢/٣/٢٩

هیلمۆت کۆل Helmut Kohl دەبێتە راوێژکاری ئەلمانیا.



هیلمۆت کۆل Helmut Kohl بە دەنگی نوێنەرانی کریستیە دیموکراتخوازەکان و کریستیە کۆمەلایەتیەکان و لیبرالیستە دیموکراتخوازەکان دەبێتە راوێژکاری ئەلمانیای فیدرال تا ساڵی ١٩٩٨ لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە.

١٩٨٢/٤/٢

کێشەی فۆکلاند لە نێوان بەریتانیا و ئەرژەنتین سەرهەڵدەداتەوە .

لەسەر ئەو دورگەیە شەڕ لە نێوانیان دەست پێدەکاتەوە، بەریتانیا ئەرژەنتین بە داگیرکردنی ئەو دورگە تاوانبار دەکا.

١٩٨٢/٤/١٥

جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان بەسەر خالد ئیسلامبۆلی و پێنج لە هاورێیانی بە تۆمەتی تیرۆرکردنی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر.



١٩٨٢/٤/١٧

ئێلیزابێت Elizabeth Alexandra Mary شاژنی بەریتانیا سەربەخۆیی کەنەدای لە بەریتانیا راگەیاند.

١٩٨٢/٤/٢٥

راپەڕینی خەلکی کوردستان دژی رژێمی بەعس چەندین شار و شارۆچکەی کوردستانی گرتەوە، بەلام هەمویان سەرکوت کران و خەلکانێکی زۆریش دەستگیرکران و هەندێکیش پەیوەندیان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کرد.

١٩٨٢/٤/٢٥

بەپێی رێککەوتنی کامپ دیڤید تەواوی خاکی سینا دەگەرێتەوە باوەش میسر کە لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیرکرابوو.

١٩٨٢/٥/٣

کەشتیی کاولکەری بەریتانی (شیفیلد) لە جەنگی فۆکلاند لەلایەن هێزەکانی ئەرجەنتینیەوە بە رۆکێت نقوم دەکرێ.

١٩٨٢/٥/٣٠

ئیسپانیا دەبێتە ئەندامی شانزەمین لە هاوپەیمانی ناتۆ NATO .

١٩٨٢/٦/٢

دوای ئەوەی میسر لەگەڵ ئیسرائیل لە ١٩٧٩ ڕێکدەکەوێ بەو هۆیەوەلە کۆمکاری عەرەبی وەدەر دەنرێ.

.

بەلام ئەمرۆ بۆ یەکەمینجار دوبارە ئالای میسر لەسەر بارەگای کۆمکاری عەرەبی لە تونس هەڵدەکرێتەوە و میسر دەگەڕێتەوە ریز ولاتانی عەرەبی.

١٩٨٢/٦/٤

تیرۆرکردنی سکرتێری یەکەمی بالوێزخانەی کوێت لە هیند ( موستەفا محەمەد ئەلمەرزوق) و ڕێکخراوی ئەبو نیزالی فەلەستینی بەم کارە تۆمەتبار دەکرێ.

١٩٨٢/٦/٦

سوپای ئیسرائیل بە فەرماندەیی ئارئیل شارۆن سنوری لوبنان دەبەزێنێ و تا بەیروت دەڕوا.

١٩٨٢/٦/٨

فەرەج فۆدە بیرمەندی عەلمانی لەلایەن ئیسلامیەکانەوە تیرۆر دەکرێ.

١٩٨٢/٦/١١

پاش ئەوەی ئیسرائیل سنورەکانی لوبنان دەبەزێنێ سوریا بەهانایەوە دەچێ دوای شەڕێکی قورسی پێنج رۆژە لەم رۆژەدا ڕێککەوتنی تەقە وەستان لە نێوان سوریا و ئیسرائیل ئەنجام دەدرێ.

١٩٨٢/٦/١٣

لە ولاتی عەرەبی سعودی فەهد کوری عەبدولعەزیز لە دوای مردنی خالد کوری عەبدولعەزیز دەبێتە پادشای سعودیە.

١٩٨٢/٦/١٤

کۆتایی هاتن بە شەڕی نێوان ئەرجەنتین و بەریتانیا لەسەر دورگەی فۆکلاند.

١٩٨٢/٧/٨

لە کاردانەوەی هەولی تیرۆرکردنی سەدام حوسێن لە دجێل، لەسەر دەستی پیاو کوژانی بەعس کۆکوژی دجێل ئەنجام دەدرێ کە ژمارەی ١٤٠ کەسی لەو شارە کۆکوژ کرد. دوای دەستگیر کردنی سەددام لەسەر ئەم کێسە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بەسەریدا جێبەجێ کرا.

١٩٨٢/٧/٨

به فەرمی دان بە حزبی ترۆتسکیی سەنیگالیی دا دەنرێ لە سەنیگال.

١٩٨٢/٨/٢٣

بەشیر ئەلجمەیل دەبێتە سەرۆکی هەڵبژێردراوی لوبنان.

١٩٨٢/٩/٤

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزێک دەنێرێتە دیوی رۆژهەڵات بۆ یارمەتیدان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرگریکردن لە خۆیان لە دژی شالاوو هێرشەکانی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێرانی.



١٩٨٢/٩/١٤

دوای کەمتر لە مانگێک بە بوونی بەسەرۆککۆماری لوبنان ،بەشیر ئەلجمەیل تیرۆر دەکرێ.

١٩٨٢/٩/١٦

بە تۆمەتی ناپاکی و پیلانگێران لەسەر دەسەلات ئێران وەزیری دەرەوەی سادق قوتبزادە لە سێدارە دەدا .



١٩٨٢/٩/٢٢

دوای تیرۆرکردنی بەشیر ئەلجمەیل لە ١٤ی ئەم مانگە ، براکەی ئەمین ئەلجمەیل دێتە هەڵبژاردن بە سەرۆکی لوبنان.

١٩٨٢/١٠/١

هیلمۆت کۆل Helmut Kohl دوای ئەوەی بە راوێژکاری ئەڵمانیا دێتە هەڵبژاردن ئەمرۆ دەست بەکار دەبێت.

١٩٨٢/١٠/٦

کوشتارگەی سەبراو شاتیلا لە باشوری لوبنان کە پەناهەندە فەلەستینیەکانی لێ نیشتەجێ کرابوون لەسەر دەستی ئیسرائیل و سوپای کەتائیب و سوپای لوبنانی باشور بە فەرماندەیی ئاریل شارۆن و سەعد



حەداد ئەنجام درا، هەرچەندە بەتەواوەتی زیانەکان نەزاندراون بەلام مەزندە دەکرێ لە نێوان ٧٥٠ تا ٣٠٠٠ کەس بوبنە قوربانی و کوژرابن.

١٩٨٢/١١/٩



لیونێد بریژنیف Leonid Brezhnev سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی و ئەمینداری گشتیی حزبی کۆمۆمیستی سۆڤیەتی و سەرۆکی

ئەنجومەنی بالای سۆڤیەتیەکان کۆچی دوایی کرد .

١٩٨٢/١١/١٢

یوری ئەندرۆپۆف Yuri Andropov دەبێتە شوێنگرەوەی لیونێد بریژنیف Leonid Brezhnev لە سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی.

١٩٨٢/١٢/٢٠

پاش ئەوەی ئیسرائیل سنوری لوبنانی بەزاند، یاسر عەرەفات خۆی و نزیکەی ٤٠٠٠ جەنگاوەر تەرابلوس جێدەهێلن .

١٩٨٣/١/١٩

دەسەلاتدارانی بۆلیڤیا ئەفسەرێکی نازی بەناوی کلاوس باربی دەستگیر دەکەن.

١٩٨٣/٣/٢٤



پەیوەندیەکانی سوێد و فاتیکان دوای پچرانێکی ٤٥٣ ساڵ دەگەڕێنەوە دۆخی جارانیان.

١٩٨٣/٤/١٨

تەقینەوەی بالوێزخانەی ئەمریکا لە لوبنان و کوژرانی سەرجەم ئەندامانی کە ٦٣ کەس بوون.

١٩٨٣/٥/١

لە میانی شەڕی ناوەخۆی باشوری کوردستان، یەکێتی هێرش دەکاتە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کورددستان و حزبی سۆسیالیست و حزبی شیوعیی ئێراقی لە قرناقا و پشت ئاشان. بارەگاکانیان دەگرێ و زیانێکی زۆریش لە پێشمەرگەکانی هەردوولا دەکەوێ، بەلام زیانە زۆرەکە بەر حزبی شیوعی و پارتی کەوت.

ئەم شەڕە لەلایەن یەکێتییەوە بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا بوو بەناوی شەڕی قڕناقا و پشتئاشان هاتە ناسین.

١٩٨٣/٥/١٧

دوای ئەوەی ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر لوبنان و دەگاتە ناو بەیروت بەو هۆیەوە لەم رۆژەدا لوبنان رێککەوتنێکی لەگەڵ واژۆ دەکا کە پێی دەوترا رێککەوتنی ١٧ی مایس.

١٩٨٣/٦/٣

تلفزیۆنی ئێرانی لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی کوردی نیشاندا کە لە میانی داگیرکردنەوەی رۆژهەلاتی کوردستان لە مەهاباد دەستگیر کرابوون.



١٨٩٣/٦/٦

کۆچی دوایی هونەرمەندی میسریی بەرەگەز کورد (مەحمود ئەلمليجی) ناوبراو لە سیەکانەوە لە بواری هونەر کاری کردوە ئەکتەرێکی سەرکەوتوی بەناوبانگی میسر بوو.



١٩٨٣/٦/١٨

یەکەمین ژنی ئەمریکی سالی راید **Sally Kristen Ride** دەبێ دەچێتە ناو مانگ.

١٩٨٣/٦/٢٤

سوریا و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین پەیوەندیەکانیان دەپچڕێنن.




١٩٨٣/٧/٩

هونەرمەندی کورد حەسەن جزراوی لە دهۆک کۆچی دوایی کرد.

١٩٨٣/٧/٣٠

قۆناغی یەکەمی ئەنفالکردنی بارزانیەکان لە بەغدا، ڕۆژی دواتریش وەکو قۆناغی دووەم لە قوشتەپە و بەحرکە و هەریر دەست پێکرا کە ژمارەی ونبوەکان بە ٨٠٠٠ هەشت هەزار کەس ئەژمار کران.

١٩٨٣/٨/١٠

قۆناغی سێیەمی ئەنفالی بارزانیەکان لە حەریر و دیانا و بەحرکە.

١٩٨٣/٨/٢١

دوای بیست ساڵ لە ژیانی ئاوارەیی و دورخراوەیی سەرکەردەی فلیپینی بینینو ئەکینو لە گەرانەوەیدا لە فرۆکەخانەی مانیلا دەکوژرێ.

١٩٨٣/٨/٣٠

فرۆکەیەکی شەرکەری سۆڤیەتی فرۆکەیەکی نەفەر هەلگری کۆریای باشور دەخاتە خوارەوە کە ٢٦٩ سەرنشینی تێدابوو لەوانە ٦١ یان ئەمریکی بوون.

هۆکاری خستنەخوارەوەکە بۆئەوە دەگەڕێتەوەگوایە فرۆکە کەی کۆریای باشوور سنوری ئاسمانی یەەکێتی سۆڤیەتی بەزاندبوو و لە دورگەی سخالین دەکەوێتە خوارەوە.

١٩٨٣/٩/١

کەشتیی تایتانیك لەئاوەکانی زەریای ئەتڵەنتیکدا دۆزرایەوە و دەرهێنرایەوە، کە ماوەی ٧٣ ساڵ بوو لەڕووداوێکدا ژێر ئاو کەوتبوو بەهۆیەوە نزیکەی ٢ هەزار کەس گیانیان لەدەستدابوو.



١٩٨٣/١٠/١

قۆناغی چوارەمی ئەنفالی بارزانیەکان لە کۆمەڵگای قودس و قادسیە ، لەم قۆناغە ئەو کەسانە دەستگیر کران کە خۆیان حەشاردابوو بە هەمان شێوە بێسەرو شوێن کران.



١٩٨٣/١٠/١٣

سوپای ئێراقی بە هاوکاری سەرباز و جاشەکان هێرشێکی بەربلاو دەکاتە دۆلی بالیسان کە بارەگای مەلبەندی ٤ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی لێبوو لە ئەنجام ژمارەیەکی زۆر لە داگیرکەر و کرێگرتەکانی دەکوژرێن لەگەڵ شەهید بوونی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان .

١٩٨٣/١١/٢

رۆنالد ریگنی سەرۆکی ئەمریکا بریارێک واژۆ دەکا کە رۆژی لەدایک بونی مارتن لۆسەر کینگ دەکاتە رۆژێکی نیشتمانیی سالانەی ئەمریکا بە رۆژی مارتن لۆسەر کینگ ناودەبردریێ.

١٩٨٣/١١/٦

پارتی نیشتمانیی دایک بە سەرۆکایەتی تورگوت ئوزال لە هەلبژاردنەکانی تورکیا سەردەکەوێ و دەتوانێ بە تەنیای حکومەت پێک بێنێ .

١٩٨٣/١٢/٣

گفتوگۆی نێوان بەغدا و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ماوەیەک بوو لە رێگەی د عبدالرحمن قاسملۆوە پەیوەندیەکی نهێنی لە نێوان یەکێتی و حکومەتی ئێراق دروست کرابوو لەم رۆژەشدا یەکەمین سەفەر مام جەلال و دکتۆر قاسملۆ بە یاوەری شاندی دانوساندکار لە گوندی زیخانی دامێن بالیسان بە کۆپتەر بەرەو بەغدا بەرێ دەکەون، بەلام دوای ماوەیەک لە گفتوگۆ ئەنجامەکەی بە بەربەست گەیشت.

١٩٨٤/١/١



سەلتەنەی برۆنای لە ژێر دەسەلات و داگیرکاری بەریتانیا دەردەچێ. برونای کەوتتە باشوری رۆژهەلاتی ئەفریکا . دورگەکانی کە دەوریان داوە مالیزیاو ئەندەنوسیا لە نێوان خۆیاندا بەشیان کردووە.

١٩٨٤/١/٢

مەحمود بوهاری خۆی بە سەرۆکی نیجیریا رادەگەیەنێ.

١٩٨٤/١/٥

سیاسەتمەدار و مێژوونوسی گەورەی کورد، پرۆفیسۆر (تەوفیق وەهبی) لەشاری لەندەن کۆچی دوایی کرد.

تۆفیق وەهبی بەگ کوڕی مەعروف کوڕی محەمەد، لەساڵی ١٨٩١ لەقەزای چوارتا لەدایک بووە، هێشتا تەمەنی منداڵ بووە کە باوکی مردووە.

تۆفیق وەهبی خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٠٤دا چۆتە بەغدا و خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی سەربازی بەزیرەکی تەواو کردووە. ئینجا ڕووی کردۆتە شاری ئەستەنبوڵ بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵاتری، هەر لەوێ لە کۆلێژی ئەرکان وەرگیراوە و بۆتە ئەفسەری روکن لە سوپای عوسمانی.

لە ساڵی ١٩١٨دا گواستراوەتەوە بۆ بەرەی جەنگی فەلستین و پایەی سەرەبازی بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی ڕائید.



مەدالیای قارەمانی لەسەکردەی ئەڵمان وەرگرتووە، چونکە لەو جەنگەدا عوسمانی و ئەڵمانیا هاوپەیمان بوون لە دژی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەمریکا شەڕەیان دەکرد و کاتێکیش کە ئەو جەنگە جیهانییە بەشکانی دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانەکانی کۆتایی هات، تۆفیق وەهبی بەگ گەڕایەوە کوردستان و چووە بەغدا و بووە یەکێک لە ئەفسەرە دیارەکانی کورد لەدامەزراندنی سوپای ئێراقی.

لەساڵی ١٩٢٢ دا پەیوەندی کردووە بە شۆڕشەکەی شێخ مەحمودەوە و دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەش بۆ ماوەی چوار رۆژ دەستگیرکراوە و پاشان گەڕێنراوەتەوە بۆ سووپا.

دواتر بۆتە بەڕێوبەری بزاو (حەرەکات) لەوەزارەتی بەرگری و دواتر ئامری قوتابخانەی لەشکری.

لە نێوان مانگی نیسان بۆ ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ کراوەتە موتەسەڕیفی سلێمانی و بەهۆی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانیەوە لەپۆستەکەی لابراوە.

١٩٨٤/١/٧

شاری سەیدای لوبنانی رووبەرووی هێرشێکی ئیسرائیل دەبێتەوە.

١٩٨٤/١/١٢

شازلی بن جدید دووبارە بە سەرۆکی جەزائیر هەڵدەبژێردرێتەوە.

١٩٨٤/٢/٩



یوری ئەندرۆپۆڤ **Yuri Andropov** سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی دوای دوو ساڵ لە دەسەلات گرتنەدەست وەکو سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت لە تەمەنی ٦٩ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا .

١٩٨٤/٢/١٣

قوستەنتین چیرنینکۆ Konstantin Chernenko بە سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و سەرۆککۆماری دادەنرێ وەکو جێگرەوەی یوری ئەندرۆ پۆف.



١٩٨٤/٢/٢٨

زانای بواری ئاسەوارو مێژووناسی عێراقی (تەها باقر) کۆچی دوایی کردووە.

١٩٨٤/٤/٣٠

یەکەمین ڕێککەوتنی هاوکاری ئابوری لە نێوان ئەمریکا و چین واژۆ دەکرێ.

١٩٨٤/٦/٥

هێزەکانی ئاسمانیی سعودی دوو فرۆکەی ئێرانی دەخەنە خوارەوە سێیەمیشیان دەپێکن ، پاش ئەوەی هەول دەدەن هێلی فەهد ببەزێنن.

١٩٨٤/٦/٦



سوپای هیندی گەمارۆی پەرستگای زێرینی شاری (ئەرمیتسار) Harmandir Sahib Amritsar دەدا کە پیرۆزمەندترین پەرستگای (سیخ)ەکانە، بەمەبەستی پاککردنەوەی لە راپەڕیوان کە خۆیان لەوێ حەشار دابوو، بەلام چوار ساڵ دواتر سیخەکان لە تۆلەی ئەوە ئەندیرا گاندی تیرۆر دەکەن.

١٩٨٤/٧/٢٢

لە میانی شەڕی ئێران و ئێراقدا، سوپای ئێرانی هێرش دەکاتە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران لە باکوری کوردستان و چیای گردمەندیل و کۆدۆ دەگرێ . لەمم شەڕەدا بە هەزاران سەربازی سوپای ئێراقی و ئێرانی دەکوژرێن.

١٩٨٤/٨/٢

چین و بەریتانیا لەسەر ئەوە رێکدەکەون هۆنگ کۆنگ لە ١٩٩٧ بگەرێتەوە بۆ باوەش چین.

١٩٨٤/٨/٤

ڤۆلتای ژووروو دەبێتە کۆماری بورکینا فاسو.

١٩٨٤/٨/١٥



دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری لە باکوری کوردستان بە رابەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان **PKK**

بەسەرۆکایەتی عەبدوللا ئۆجەلان.

١٩٨٤/٩/٩

کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد یەلماز گونەی .

یەڵماز گۆنەی گەورە هونەرمەندی سینەمایی کورد لەڕۆژی ١٩٣٧/٤/١ لە دایک بووە و زۆربەی ژیانی لە لادێیەکی بچوکی باکوری کوردستان بردۆتە سەر، دواتر لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ خوێندنی یاسا و ئابوری تەواوکرد.

لە تەمەنی ٢١ ساڵیەوە دەستی کرد بە کاری سینەما. بەهۆی کەسایەتی و هەڵس و کەوتیەوە بە "پاشای ناشیرین" ناسرابوو.

لە ساڵی ١٩٦١ بۆ ١٨ مانگ زیندانی کرا لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆمانێکی "کۆمۆنیستانە".

لە ساڵی ١٩٦٥دا دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی فیلم، زۆربەی ژیانی لە ئەدەنە بەسەر بردووە و لەسەر فیلمەکانی کە دەربارەی بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەلایەتی بوون. ١١ ساڵی تەمەنی لە زیندان بەسەر بردووە.

ڕۆژی ١٩٨١/١/١٢ بە وەرگرتنی مۆڵەتی جەژن لە زیندانی ئیسپارتە دێتە دەرەوە و بەرەو تاراوگە هەڵدێت و دواتر لە وڵاتی فەڕەنسا نیشتەجێ بوو، تا لەم ڕۆژە و لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کەسە ناودارەکان لە پاریس بە خاک سپێردرا.

شایانی باسە یەڵماز گۆنەی ١١٤ بەرهەمی فیلمی لە دوا جێماوە، سەرەڕای وەرگرتنی چەندین خەڵاتی سینەمایی لەوانە ڤەڵاتی فیستیڤاڵی کان.

بەرهەمی فلیمە دەرهێنراوەکانی:-

ڕێگا (١٩٨٢)دیوار (١٩٨٣)
دوژمن - ئینگلیزی (١٩٧٩) **Sürü**
(١٩٧٨) داماوەکان (١٩٧٥)
ئەندێشە (١٩٧٤) هاوڕێ
(١٩٧٤) شیوەن (١٩٧٢) ئازار
(١٩٧١) سبەی دوا ڕۆژە
(١٩٧١) بکوژەکان (١٩٧١) بێ
هیواکان (١٩٧١) قاچاخەکان
(١٩٧١) عیبرەت (١٩٧١) بابە
(١٩٧١) عوسمان پیادە (١٩٧٠)




هەدەڤی زیندوو (١٩٧٠) هیوا (١٩٧٠) پیاوێکی ناشیرین (١٩٦٩) گورگە برسیەکان (١٩٦٩) سەید خان (١٩٦٨) پیرە نوری (١٩٦٨) ناوم کەریمە (١٩٦٧) فیشەک کارم تێناکا (١٩٦٧) ئەسپ ژن سیلاح (١٩٦٦).

**١٩٨٤/١٠/٢٣**

کۆچی دوایی شاعیری مەزنی کورد جگەر خوێن .

جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٠٣ لە باکووری کوردستان لە گوندی حەسار نزیک بە شاری ماردین لەدایکبووە. بەمنداڵی شوانی و گاوانی کردوو، لەبەر ئەوەی نەداربوە و باوکی کۆچی دواییکردوە، خوشکەکەی گرتوویەتییە خۆی و بەخێوی کردووە و دواتر لەبەر هێندە دەردە نەداری و هەژاری بەناچاری گوندی حەسار جێدەهێڵن و لەساڵی ١٩١٤ بۆ گوندی ئاموودە دەیگوێزنەوە.



جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٤٦ ڕوو دەکاتە شاری قامیشلی و دەست بەکاری ڕامیاری دەکات و دەبێتە ئەندامی پارتی جڤاتا ئازادی و یەکیەتیا کورد (**Civata Azadî û Yekîtiya Kurd**).

لەساڵی ١٩٤٨ دا دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمنیستی سوری .

لەساڵی ١٩٥٤ بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی سوریا دەپاڵێورێت.

لەساڵی ١٩٥٧ واز لەپارتی کۆمۆنیست دێنێت و ڕێکخراوی ئازادی دادەمەزرێنێت. ئەو ڕێکخراوەش پاشتر دەچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاوە.

لەساڵی ١٩٥٩ جگەرخوێن ڕوودەکاتە باشووری کوردستان و تا ساڵی ١٩٦٣ لە زانکۆی بەغدا دەبێتە مامۆستای وانەبێژ لە بەشی زمانی کوردی. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ قامیشلی سەرقاڵی نووسین و کاری ڕامیاری دەبێت.





هەر لەو ساڵەدا و لە شاری دیمەشق دەخرێتە گرتووخانەوە.

دوای ئازاد بوونی دەچێتە سوێد و هەر لەوێش لەم ڕۆژەدا کۆچی دوایی دەکا.



١٩٨٤/١٠/٣١

ئەندیرا گاندی یەکەم سەرۆک وەزیران لە رەگەزی ژن لە هیند ، لەم رۆژە تیرۆر دەکرێ ، گاندی کچی جەواهر لال نەهرۆی یەکەم سەرۆک وەزیرانی هیندە کە دوای داگیرکاری ئینگلیز ببوە سەرۆک وەزیران.

ئەو کچەکەی لەسەر دەستی گاندی پەروەردە دەکرد هەر بۆیە ناوینا ئەندیرا گاندی.

١٩٨٤/١١/٥

تەرمی شاعیر(جگەر خوێن) دەگاتەوە رۆژئاوای کوردستان ( قامشلۆ ) دوای ئەوەی لە ١٩٨٤/١٠/٢٣ لە سوێد کۆچی دوایی دەکا.

١٩٨٤/١١/٢٧

ئەمریکا و ئێراق بالوێز ئالوگۆر دەکەن کە لەوەتەی ١٩٦٧ ەوە بالوێزیان لە ولاتی یەکتری نەبووە.

١٩٨٤/١٢/٣




کارەساتی ناسراو بە بوپال **Bhopal** لە هیند کە گازی ژەهراوی لە کارگەی یونیون کاربایدی ئەمریکی لە بوپال دزەدەکا و دەبێتە هۆی کوشتنی ٢٠٠٠ دوو هەزار کەس و زیان پێگەیاندن بە ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار کەس ئەمەش مەزنترین کارەساتی کارگەی کیمیاویی دونیا دەبێ.

١٩٨٤/١٢/١١

لە مۆریتانیا معاویة ولد سیدي ئەحمەد ئەلتایع کودەتا بەسەر سەرۆکی ولات محەمەد خونە ولد هیدالە دا دەکا و دەسەلات دەگرێتە دەست.

١٩٨٤/١٢/١٣

کۆچی دوایی مامۆستا عەلائەدین ئەلسجادی.



ماموّستای سەجادی ناوی تەواوی عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی حوسامەدین، سەر بە سەیدەکانی (کەلجی)ی و بنەماڵەی سەجادیە، لە ساڵی ۱۹۰۷لەشاری سنە لەدایکبووە ، پاشان بە دوای خوێندندا زۆرێک لەناوچەکانی رۆژهەڵات و باشوری کوردستان گەڕاوە.

لە ساڵی ۱۹۲۷ چووەتە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی شێخ جەلال وانەی خوێندووە و دواتر رۆیشتووەتە شاری بەغدا و لە مزگەوتی نەعیمە خاتون بە پێشنوێژ دامەزراوە.

لە ساڵی ۱۹۳۹ بووەتە بەڕێوبەری نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ و دواتر لەساڵی ۱۹٤۸ گۆڤاری (نزار)ی دەرکردووە.

لە ساڵی ۱۹٥۸ بووەتە ماموّستا لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی زانکۆی بەغدا تا ساڵی ۱۹۷٤و پاشان بووەتە بەڕێوبەری ئەوقافی ناوچەی کوردستان بۆ ماوەی سێ ساڵ و تا لە ساڵی ۱۹۷۷ خانەنشین کراوە.

لە ماوەی ژیانیدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و مێژوویی لەسەر مێژوو و ئەدەبی کوردی نووسیووە، بە جۆرێک بەو هێزەوە لەماوەی سی و یەک ساڵدا بیست و یەک کتێبی چاپکردووە.

١- مێژووی ئەدەبی کوردی، (١٩٥٢) و (چاپی دووەم ١٩٧١.

٢- ناوی کوردی، (١٩٥٣).

٣- ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، و دوەم و تا هەشتەم و چەندین بەرهەمیتر.

**۱۹۸٥/۱/۱٥**

دوای ۲۱ ساڵ لە حوکمرانی سەربازی بەرازیل دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی حوکمی مەدەنی.

**۱۹۸٥/۱/۱٥**

دوای ئەوەی ماوەی زیاتر لە ساڵێک دانوستان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وحکومەتی بەعس هەبوو، لەم رۆژە بەهۆی نەگەیشتن بە هیچ ئەنجام و رێککەوتنێک کۆتایی بە دانوستانەکان هێندرا.

**۱۹۸٥/۱/۲٤**

تیرۆر کردنی مامە ریشە.



مامە ڕیشە فەرماندەیەکی بوێری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەربە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو لە پیلانێکی قێزەوەنی جاش و داگیرکەرانی بەعس لەگەڵ دوو هاوڕێی لە کەمینێکدا لە گوندی قەرە حەسەن تیرۆر دەکرێ.

١٩٨٥/٣/٣

دوای کۆتاتایی هاتن بە ئاگربەست و دانوستانەکانی یەکێتی و بەغدا، هێزەکانی پێشمەرگەی لەنێوان شارەکانی کۆیە و هەولێردا چالاکییەکی گەورەیان ئەنجامداو چەندین ڕەبییەی سوپای بەعسیان گرت و ژمارەیەك سەبازیان بەدیل گرت.

١٩٨٥/٣/٨

هێزەکانی سوپای بەعس هێرشێکی گەورەیان کردە سەر گوندەکانی (ئازیانە و قەشقە و جلبەسەر)، لەو هێرشەدا گوندەکانیان ڕوخاند و زیاتر لە ٤٠ هاوڵاتیو پێشمەرگە کوژران.

١٩٨٥/٣/١١

سەرۆکی سۆڤیەتی چیرنینکۆ **Konstantin Chernenko** دوای ١١ مانگ لە حوکمرانی لە تەمەنی ٧٣ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا.

١٩٨٥/٣/١١







دوای مردنی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت کۆنستانتین چیرنینکۆ **Konstantin Chernenko**، میخائیل گۆرباچۆف دەسەلاتی سەرۆکایەتی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دەگرێتە دەست.


گۆرباچۆف Mikhail Gorbachev دەبێتە دوایین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت کە لەسەر دەستی ئەم بە پرۆسەی پرسترۆیکا ، یەکێتی سۆڤیەت هەڵدەوەشێتەوە .

١٩٨٥/٤/٤

مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر ڕێگەی نێوان هەولێرو کۆیە، چالاکییەکی گەورەیان لەدژی سوپای بەعس ئەنجامدا و دەستیان بەسەر چەندین ڕەبییەدا گرت و سێ پێشمەرگە بوونە قوربانی.

١٩٨٥/٤/٦

دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ئاژاوە و پشێوی لە سودان بەردەوام دەبێ ، جەعفەر نمیریی سەرۆکی ئەو وڵاتە لە کار دوور دەخرێتەوە .




١٩٨٥/٤/١٠

تیرۆر کردنی ڕووناکبیری کورد عبدالخالق مەعروف.

١٩٨٥/٥/١٠

یەکەم ژمارەی گۆڤاری سروە دەرچوو.



١٩٨٥/٦/٩

بۆمباران کردنی کۆمەڵگای زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارێزگای ورمێ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ، ئەم ئۆردوگایە کوردانی باشور لە ١٩٧٥ ەوە لێ نیشتەجێ کرابوون بەو هۆیەوە ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی سڤیل دەکوژرێن.



١٩٨٥/٦/١٣

هێزێکی زۆری سوپای ئێراق هێرشێکی گەورەی بۆ سەر مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

لەناوچەی شاربازێڕ دەستپێکرد، کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە، زۆر بەتوندی وەڵام درایەوە و تێکشکێنرا.

١٩٨٥/٦/٢٣

تەقینەوەی فرۆکەیەکی هیندی لە بەرزایی ٣١٠٠٠ پێ بەرانبەر بە کەنارەکانی ئیرلەندا و سەرجەم نەفەرەکانی کە ٣٢٩ کەس دەبوون گیانیان لەدەستدا.

١٩٨٥/٦/٢٥

شەهید کردنی سەیدا سالح یوسفی لە ڕێگەی نامەیەکی مینرێژکراوەوە کە لە بەغدا لە مالەکەی خۆی پێی درا، ناوبراو سەرەتا ئەندامی بیرۆی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بەلام لە ١٩٧٥ دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

١٩٨٥/٩/١

بەفەرمانی حکومەتی بەعس، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر ، ٢٠٠ دووسەد قوتابخانەی گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر دابخرێن کە گوندەکانیان لەلایەن رژێمی بەعس خاپور کرابوو.

١٩٨٥/٩/٢

هێزێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێرش دەکەنە سەر خالی پشکنین و ڕەبیەکانی بەعس لە ڕێگای نێوان هەولێر و مەخمور و کارگەی قیر، لەم هێرشە ١١٧ لە ئەندامانی یئستخبارات و سیخوری بەعس کە لە خالەکانی پشمنیندا بوون دەکوژرێن.

١٩٨٥/٩/١٧

هێزە ئەمنییەکانی عێراق هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی گەنجانی کورد لە سلێمانی دەست پێدەکەن، هەندێکیان لێ حوکمدران و ئەوانیتر دوای ئەشکەنجەدان ئازاد دەکرێن.

١٩٨٥/٩/٢٢

لیژنەی ئەمنیی دهۆک بە بڕیاری ژمارە ٢٣٦ یان ، ٢٠٨ خوێندنگا دادەخەن کە گوندەکانیان چۆل و خاپور کراوە.

١٩٨٥/١٠/٢٨

میخائیل گۆرباچۆف دەست بەکار دەبێ لە پۆستی سەرۆککۆمار و سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی.

١٩٨٥/١٠/٣١

زانای کورد قەناتی کوردۆ لە لینینگراد کۆچی دوایی دەکا.

١٩٨٦/١/٦

لەم رۆژە سوپای ئێراق بە هێزێکی حەوت هەزار سەرباز و جاش و تانکەوە هێرش دەکاتە سەر بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دۆلی سماقولی و گوندەکانی دەوروبەری زیارەت، دوای کوژرانی ژمارەیەکی بەرچاوی لە هێزەکانی دوژم ٩ پێشمەرگەش شەهید دەبن.

١٩٨٦/١/٢١

هونەرمەندی مەزنی کورد ئەیاس زاخۆلی کۆچی دوایی کرد، بەلام کۆچکردنەوکەی جێی گومان بووە.

١٩٨٦/١/٣١

یەکەم بینا لەسەر رووی مانگ بنیات نرا، کە زۆربەی کەرەستەکانی بیناکە لەخۆڵ و بەردی مانگ بەکار هێنرابوون.

١٩٨٦/٢/٧

سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی فلیپینی کۆرازۆن ئەکینۆ **Corazon Aquino** لە هەڵبژاردنەکاندا بەسەر رکابەرەکەیدا (مەردیناند مارکوس) سەردەکەوێ.

١٩٨٦/٢/١١

لە شەڕی ئێراق و ئێران ، بەندەری فاوی ئێراقی دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئێرانی.

١٩٨٦/٢/١٩

شا حوسێنی ئوردن کۆتایی بە رێککەوتنی هاوکاری ئوردن و فەلەستین هێنا کە لە ١٩٨٥ واژۆیان کردبوو.

١٩٨٦/٢/٢٨

گەرۆکی ئاسمانیی ئەمریکی (شالنجەر) دوای ماوەیەکی کورت لە فرین تێکدەشکێ.

١٩٨٦/٢/٢٨

تیرۆر کردنی سەرۆک وەزیرانی سوێد ئولوف پالمێ **Olof Palme** ، پالمێ دۆستی هەموو گەلانی ژێردەست بوو لە سەرجەم سوچەکانی دونیا لە ناویاندا گەلی کورد چەندین جار لە مەحافلی نێودەولەتی لەسەر سەکۆی



کۆبونەوەکان باسی لە مەغدوریەتی گەلی کورد کردوە ، هەر بۆیە رژێمی رەگەز پەرستی تورک لێی نارەحەت بوە لە پیلانێکدا تیرۆری دەکەن ، کەچی لەلایەن هەندێک دەزگای راگەیاندنی بەکرێگیراو لەلایەن ئەمریکا وتورکیاوە پەنجەی تاوان بۆ گەلی کورد درێژ کرا، بەلام ئەم دۆزە لە ٢٠٢٠ لە رێگەی دادگای سوێدی یەکلایی کرایەوەو کوردی لێ بێگوناه کرا.

١٩٨٦/٣/٧

لە (ئێران) هەریەکە لە (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و (ئیدریس بارزانی) گەورە بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە و لەسەر راگرتنی شەڕی براکوژی نێوانیان رێککەوتن.ئەمەش دەبێتە بەردی بنناغەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە باشوری کوردستان.

١٩٨٦/٣/١٩

لە چالاکیەکی پێشمەرگەی یەکێتیدا لە ناوجەرگەی هەولێر لە پارێزگاری هەولێر ئیبراهیم زەنگەنە دەدرێ. بەلام لە کوشتن رزگاری دەبێ، لە تۆلەی ئەمە رژێم سێ کەس لە گیراوەکانی کە پێشتر لە زیندان بوونە دەریان دەهێنێ و گوایە ئەمان چالاکیەکەیان ئەنجام داوە لەبەر چاوی دایک و باوک و جەماوەر هەولێر گولە بارانیان دەکا .

١٩٨٦/٣/٢٠

جاک شیراک دەبێتە سەرۆکی کۆماری فرەنسا.

١٩٨٦/٣/٢٢


ئیسپانیا بە فەرمی دان بە رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستیندا دەنێ.

١٩٨٦/٤/٢

فەلەستینیەکان بۆمبێکی تەوقیتکراو لە ناو فرۆکەیەکی هێلی ئاسمانی ترانس وارلددا دەنێن کە فرۆکەیەکی بۆینگ ٧٣٧ بوو لە رۆماوە دەچوە ئەسینا لە ئەنجامی تەقینەوەکە ٣ گەشتیار دەکوژرێن و فرۆکەکەش بە سەلامەتی هەڵدەنیشێتەوە.

١٩٨٦/٤/١٤

ئەمریکا، لیبیا بۆمباران دەکا لە تۆڵەی تەقاندنەوەی دیسکۆی لابیل لە بەرلین کە بەهۆیەوە دوو سەربازی ئەمریکی دەکوژرێن.



١٩٨٦/٤/١٧

کۆچی دوایی هێمنی شاعیر ( سەید محەمەد ئەمین سەید حەسەنی شێخ ئەلئیسلام) لە تەمەنی ٦٥ ساڵییدا دوای ئەوەی خزمەتێکی زۆر بە ئەدەب و زمانی کوردی دەکا.

١٩٨٦/٤/٢٦



کارەساتی چێرنۆبڵ (**Chernobyl disaster**) کارەساتێکی ناوکی بوو لە وێستگەی وزەی ناوکی چێرنۆبڵ لە پریپیات، ئوکراینا ڕوویدا. ئەو ڕووداوە بە یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکان لە مێژووی وزەی ناوکی دادەنرێت.

١٩٨٦/٥/٢

سنیان حسانی یەکەمین موسلمانە دەبێتە سەرۆکی یوگسلافیا.

١٩٨٦/٦/٨

کۆرت ڤالد هایم دەبێتە سەرۆکی نەمسا.

١٩٨٦/٧/٧

دوای تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوان مەلیک حوسێن و یاسر عەرەفات سەرجەم نوسینگەکانی فەلەستینی لە ئوردن دادەخرێن.

١٩٨٦/٧/٢١

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بۆ یەکەمین جار سەردانی مەغریب دەکا.

١٩٨٦/٨/٣

یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکاتەوە.

١٩٨٦/٩/١

هێرشێکی سوپای ئێراقی و جاشە بەکرێگیراوەکان بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگە.

سوپای ئێراقی هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدۆڵی جافایەتی دەستپێکرد.

بەڵام لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە زۆر بەتوندی وەڵام درانەوە و هێرشەکە تێکشکێنرا، زیانێکی زۆری گیانیو ماڵیش لەسوپای عێراق کەوت.

١٩٨٦/٩/١١

هێرشێکی بەرفراوانی سوپای ئێراقی بۆ سەر ناوچەکانی (سارتکەو کلکەسماقو قۆپی شەیتان)ی سەر بەدۆڵی خەلەکان .

١٩٨٦/١١/٢

راجیف گاندی سەرۆک وەزیرانی هیند لە هەولێکی تیرۆر رزگاری دەبێ.

١٩٨٦/١١/٧

کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد شەماڵ سائیب کە لە ساڵی ١٩٣١ لە سلێمانی لەدایک ببو.

١٩٨٦/١١/٨

رێککەوتنی نێوان یەکێتی نیشتمانیی وکردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاران بە ناوبژیوانی ئێران ئەنجام درا، شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتی مام جەلال و شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی ئدریس بارزانی بوو.

لەو کۆبوونەوە لەسەر چەند خالێکی دۆستایەتی و پەیوەندیەکانی کاری سیاسی رێککەوتن کە دەبێتە رێخۆشکەر بۆ لەدایکبونی بەرەی کوردستانی.



١٩٨٦/١١/٤

رۆنالد ریگن **Ronald Reagan** لە گوتارێکیدا دان بە ئابڕوبەری ئیرانگێت (سکەندال) دادەنێ، ئەم ئابروبەریە

بریتی بوە لە مامەلەیکی چەک لە نێوان ئێران و ئیسرائیل بە میانگێڕی ئەمریکا.

١٩٨٦/١٢/١٢

بەنداوی مەئرەب لە یەمەن لەلایەن عەلی عەبدولا سالح سەرۆکی یەمەن و میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو شێخ زاید بن سولتان ئالنهەیان دەکرێتەوە.

١٩٨٧/١/٢٩

هەوڵێکی شکستخواردوی کودەتایەکی سەربازی لە فلپین . بەلام لەلایەن سەرۆکی ئەو ولاتە کۆریزۆن ئەکینۆوە بە توندی سەرکوت دەکرێ و بە دڕندانە رووبەرووی کودەتاچیەکان دەبێتەوە.

١٩٨٧/٢/٢٢

دامەزراندنی کۆماری ئەسیوبیای میلیی دیموکراسی.

١٩٨٧/٢/٢٦

کەلیسای ئەنگلۆکانی دوای مشتومڕێک کە دە ساڵ دەخایەنێ رەزامەندی لەسەر رەگەزی ژن دەدا ببێتە قەشە لە دێرەکان.

١٩٨٧/٣/٣

مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەنێوان هەولێر و کەرکوکدا، هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی گەورەی بەعس، پاش شەڕێکی نەبەردانە دەستیان بەسەر بارەگاکە و چەند ڕەبییەیەکدا گرت و دەیان سەربازیان کوشت و دەیانی دیکەشیان بەدیل گرت.

١٩٨٧/٣/٢٩

ئەنجومەنی بەناو شۆڕشی ئێراق کە سەدام سەرۆکایەتیی دەکرد لەم رۆژە بڕیاری ژمارە ٦٠ دەردەکا تایبەت بە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی کۆکوژی کوردەکان و عەلی حەسەن مەجید دەکاتە فەرماندەی ئەو پرۆسە بەدناوە کە بوە مایەی لەناو بردنی ١٨٢٠٠٠ سەد و هەشتا و دوو هەزار هاولاتیی سڤیل لە ژن و مندال و پیر ی کورد و کاولکردنی ٤٥٠٠ چوار هەزار و پێج سەد گوندی باشوری کوردستان. ئەم پرۆسە بەدناوە بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا.

١٩٨٧/٤/٢

هێزی ئاسمانیی بەریتانی فیکەرز ١٠VC پێوانەیەکی بەرزی لە فرین تۆمار کرد، لە گەشتێکیدا لە نێوان بەریتانیا و ئوستڕالیا ١٦ کاتژمێر و یەک خولەک بێوەستان دەفرێ.

١٩٨٧/٤/١٣

داستانی رزگاری.

شەڕێکی سەختی نێوان هێزی ئێراق لە سوپا و جاش لەلایەک و پێشمەرگەکانی یەکێتی لەلایەک، ئەم ئۆپەراسیۆنە لە شەش قۆڵەوە دەستیان پێکرد شەرێکی توند رووبەرووی هێزێکی زەبەلاحی سوپای ئێراقی بوونەوە زیانێکی یەکجار زۆر لە سوپای ئێراق کەوت کە ژمارەی ٧٩٧ سەربازی کوژرا و ١٨٦ دیلیان کەوتە دەست پێشمەرگە دەستکەوتێکی یەکجار زۆری چەک و تەقەمەنی ١١٢ رەبیە دەستی بەسەردا گیرا لەگەڵ ٥ بارەگای سریە و ٧ بارەگای فەوج.

١٩٨٧/٤/١٥

کیمیابارانکردنی بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە سەرگەلو و بەرگەلوو هەروەها بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە زێوەشکا لە دهۆک نزیک بە سنوری تورکیا.

١٩٨٧/٤/٢٥

هێزەکانی سوپای ئێراق هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر زنجیرە چیای گۆجاڕ دەست پێکردو لەلایەن پێشمەرگەوە بەتوندی بەرپەرچ درانەوە.

١٩٨٧/٤/٢٨

رژێمی بەعس بە فڕۆکەی جەنگی گوندی سەرگەڵووی بۆردوومان کرد.

١٩٨٧/٥/٢

لەلایەن تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، تۆپبارانی فڕۆکەخانەیەکی سوپای ئێراقی کرا لەناوچەی تانجەرۆی سەر بەپارێزگای سلێمانی، بەهۆیەوە دوو فڕۆکەی سوپای ئێراق تێکشکێنران.

١٩٨٧/٥/٧

لە درێژەی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا، کیمیا بارانکردنی گوندەکانی بەرگەلوو، هەڵەدەن، یاخسەمەر، سێکانیان و ناوچەکانی دەورو پشت.

١٩٨٧/٥/٩

رێكخراوی توندرەوی ئیتالی لیوا سورەكان لە ١٦ی ئادارەوە سەرۆك وەزیرانی ئەو ولاتەیان بەبارمتە گرت ( ئالدمۆرۆ) دواجار ئیتالیا نەهاتە ژێرباری داخوازیەكانیان لەم رۆژە لەناوی دەبەن.

١٩٨٧/٥/٢١


هێزێكی پێشمەرگەی كوردستان، هێرشی كردە سەر سوپای بەعسو دوای دەستبەسەرداگرتنی ژمارەیەك بنكەو رەبییەی سەربازی، زنجیرە چیای گڵەزەردەی ناوچەی قەرەداغی بۆ ماوەی چەند رۆژێك كۆنترۆڵ كرد.

١٩٨٧/٥/٢٧

كیمیاباران كردنی گوندی بلەو دۆڵی مەلەكان لەلایەن رژێمی بەعسی ئێراقیەوە لە ئەنفالی یەك.

١٩٨٧/٦/١





سەرۆك وەزیرانی لوبنان رەشید كەرامی لە رێگەی تەقاندنەوەی فرۆكەكەیەوە دەكوژرێ.




١٩٨٧/٦/١٩

رێكخراوی ئیتای جوداخواز سەر بە هەرێمی باسكی ئیسپانی بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقاندنەوەی سۆپەر ماركێتێك لە مەدرید رادەگەیەنێ كە بوە مایەی كوژرانی ٢٥ كەس و بریندار بوونی ٨٠ كەس.



١٩٨٧/٦/٢٨

كیمیابارانی سەردەشت، لەم رۆژەدا رژێمی بەعسی فاشی بە بیانوی شەڕی نێوان خۆیان و ئێران شاری سەردەشتی رۆژهەلاتی كوردستان كیمیاباران دەكا و ژمارەی ١١٠ هاولاتیان

شەهید دەکا و ٤٠٠٠ چوار هەزاریش بریندار و کەم ئەندام دەبن و ئەو شارەش خاپور دەکا.

١٩٨٧/٧/١١

بە پێی مەزندەکانی خۆی نەتەوە یەکگرتوەکان دانیشتوانی گۆی زەوی بە ٥ ملیار کەس مەزندە دەکات.

١٩٨٧/٧/١٧

یەکەم کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی و حزبە ئەندامەکانی.



١٩٨٧/٧/٢٦

کۆچی دوایی شانۆنوسی بەناوبانگی عەرەب توفیق ئەلحەکیم.

١٩٨٧/٨/١٣

سەرۆکی ئەمریکا رۆنالد ریگن دان بە بەرپرسیارێتی خۆیدا دەنێ لە پرسی ئیران کۆنترا.

١٩٨٧/٩/٥

داستانی سماقولی.

ئەم داستانە ماوەی ١٢ رۆژ سوپای ئێراق فەیلەقی پێنج بە سوپاو جاشەوە هێرشێکی بەربلاوو سەختیان بە تۆپ و فرۆکەو پیادە کردە سەر بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانلە سمااقولی و بەتەواوەتیش مەلبەندی ٣ کە بارەگای لەوێ بوو، دوای دەستپێکردنی شەرەکان هێزەکانی پێشمەرگە لەو دەوروبەر دەگەنە فریایان تیپەکانی بەرانەتی و دەشتی هەولێر و هەورێ سۆران و سەفین و کۆرەک و قەرەچوغ، شەڕ لە هەموو لوتکەکان بەردەوام دەبێ حکومەت دوای ١٢ رۆژ لە گەمارۆ و تۆپباران وکیمیابارانکردنی ژمارەیەکی زۆری لێ دەکوژرێ . پێشمەرگەکانیش بۆ پاراستنی گیانی هاولاتیان و ناوچەکە شوێنەکان چۆل دەکەن. ئەم داستانە بە خوێنی ١١ پێشمەرگەی قارەمان تۆمار دەکرێ.

١٩٨٧/٩/٦

سوپای ئێراق هێرشێکی بە سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید(عەلی کیمیاوی ) بەرفراوانی کردە سەر بنکە

و بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەناوچە سنوریەکانی هیران، بەڵام بەتوندی لەلایەن پێشمەرگەوە بەرپەرچ درانەوە، هێرشەکانیش ماوەی چەندین ڕۆژ بەردەوام بوون.

١٩٨٧/٩/١٣

هێزێکی هاوبەش لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرش دەکەنە سەر سەربازگەکانی بەعس لە کانی ماسێ لە بادینانی باشوری کوردستان زیانێکی گیانی زۆر لە دوژمن دەدەن.

١٩٨٧/٩/١٤

فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئێراق بەچەکی کیمیایی بۆردومانی دۆڵی (مێرگەپان)ی سەر بەپارێزگای سلێمانییان کرد، بەهۆیەوە ژمارەیەك هاوڵاتی بەرکەوتن.

١٩٨٧/٩/١٥

ڕاپەڕینی خەلکی ڕواندز.

ڕۆژێک بەر لە ڕاپەڕین سوپای ئێراق بە سەرباز و جاش هێرشیان کردبوە سەر دۆڵی فەقیان و ئاکۆیان دوای شەرێکی سەخت زەفەریان بە هێزی پێشمەرگە نەبردبوو بە زیانێکی یەکجار زۆرەوە دەکشێنەوە، ڕۆژی دوایی لە تۆلەی شکستەکانیان تانکێکی سوپا بە فەرماندەیی ئەفسەرێک بەناوی ئەحمەد مەحمود سولتان پەلاماری ریزە خانوێک دەدا لە گەرەکی کانی قوڕی ڕواندز تا بی ڕوخێنێ، بەلام خەلک ڕێگەی لێدەگرن و دەبێتە شەڕ و پێکدادان جاشەکانیش دەچنە پاڵ هاولاتیان هەر لەوێ ئەفسەرەکە و چەند سەربازێک دەکوژن ئیتر ڕاپەرین لە شار دەست پێدەکا و هێزی پێشمەرگە دێتە هاوکاریان هێرش دەکەنە سەر سەرجەم خالەکانی رژێم لە رەبایە و بنکە حزبیەکان زۆربەیان دەستی بەسەردا دەگرن شار لە داگیرکەران خاڵی دەبێ لەم ڕاپەڕینە شەش هاولاتیی ڕاپەریو شەهید دەبن کە یەکیان ژن بوو، زیاتر لە ٧٠ سەرباز و ئەفسەریش دەکوژرێن و جەیش شەعبیەکانی رەبایەکانیش زۆربەیان بە دیل دەگیرێن.

١٩٨٧/٩/١٧

مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچەند چالاکییەکدا لەناوچەکانی (شیوەسورو تەقتەق و کانی ماسی) زیانێکی زۆری گیانی و ماڵییان بەهێزەکانی سوپای ئێراق گەیاند و دەستیشیان بەسەر شارۆچکەی کانی ماسی و بنکەیەکی سوپای ئێراقدا گرت.

١٩٨٧/٩/٢٠

كیمیابارانكردنی شاری سەردەشتی رۆژهەلاتی كوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە كە بوە مایەی شەهید بوونی ١٦٨ هاولاتیی سڤیلی ئەو شارە جگە لە بریندار بوونی ژمارەیەكی یەكجار زۆر.

١٩٨٧/٩/٢٦

فەرماندەی هێزەكانی فیجی **Republic of the Fiji Islands** لە كودەتایەكدا دەسەلات دەگرێتە ددست.

١٩٨٧/١٠/٢

حەبیب بۆرقیبەی سەرۆكی تونس عەلی زەین ئەلعابدینی وەزیری ناوەخۆ بە سەرۆكی حكومەت دادەمەزرێنێ.



١٩٨٧/١٠/٢٠

گۆرانیبێژی كورد مامۆستا تاهیر تۆفیق كۆچی دوایی دەكا.

١٩٨٧/١١/٧

سەرۆك وەزیرانی تونس عەلی بن زەین ئەلعابدین كودەتایەكی سپی بەسەر ئەلحەبیب بورقیبەدا دەكا و خۆی دەبێتە سەرۆكی تونس.


١٩٨٧/١١/١٨

ئاگرێكی مەزن لە میترۆیەكی بەریتانیا دەكەوێتەوە بە سەدان كەس گیان لەدەست دەدەن.

١٩٨٧/١١/٢٣

دەست بەكاری دروست كردنی تونێلی مانش كرا كە بەریتانیا و فرەنسا بەیەك دەبەستێتەوە، ئەم تونێلەش درێژیەكەی ٥٠كم.



١٩٨٧/١٢/٩

ئەندامانی بازاری ئەوروپیی هاوبەش واژۆ لەسەر هاوپەیمانی ماستریخت دەکەن بۆ یەکخستنی دراوی ئەوروپی.

١٩٨٧/١٢/١٤

دامەزرادنی بزوتنەوەی بەرگریی ئیسلامیی فەلەستین (حماس).

١٩٨٨/١/٣

تەرمی ٤٠ گەنجی کورد هێنرانەوە بۆ شاری سلێمانی، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەسێدارە درابوون.

١٩٨٨/١/١٩



هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لەبناری گۆجاڕ، هێرشیان کردە سەر سوپای بەعس و وێڕای کوشتنی چەند سەربازێك،

نزیکەی ١١٠ سەد و دە سەربازیشیان بەدیل گرت.

١٩٨٨/١/٢٨

داستانی گرتنی سەری ڕەش .

هێزی پێشمەرگە لە هەڵمەتێکی توندا دەست دەگرن بەسەر سەیرانگای سەری ڕەش لە مەسیف پیرمام کە بە هێزێکی زۆری جاش و سوپا پاسەوانی لە خانوەکانی سەدام دەکرا و ڕەبیەکانیشیان ناوچەکانی ئەودیو سەفین هەراسان کردبوو .

هێزە بەشداربوەکانی ئەو داستانە تیپی سەفین و بەرانەتی و دەشتی هەولێر و قەرەچوغ و باواجی و کۆیە و مەلبەندی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، ئەم هێزانە توانیان دەست بگرن بەسەر سەرجەم ڕەبیەکان وبارەگای فەوجی حمایەی سەری ڕەش زیانێکی زۆریش بە دوژمن بگەیەنن.

١٩٨٨/١/٣١

حکومەتی ئێراق بەزۆرەملێ چەندین شارۆچکەی لەناوچەی شارباژێڕ بەدانیشتوانی ئەو ناوچەیە چۆڵکرد و هەموویانی ڕووخاند، دواتریش کردنییە زەویی قەدەغەکراو واتە (موحەڕەمە).

١٩٨٨/٢/١٨

لە درێژەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی بەدناودا.

هێزەکانی سوپای ئێراق کیمیابارانی سەرگەلو و بەرگەلوو هەلەدەن وشاخەکانی دەوروبەری دەکەن، ئەم هێرشە کیمیابارانیە تا ٢٢ی مانگ بەردەوام دەبێ .

١٩٨٨/٢/٢١

هێرشی سوپای ئێراق بۆسەر بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و رۆژی دواتریش ئەم ناوچەیەی بۆ جاری دووەم کیمیابارانکرد.

١٩٨٨/٢/٢٣

ئەنفالی بەدناوی یەک به فەرمی و بەگەرمی دەستی پێکرد.



١٩٨٨/٢/٢٨

کیمیابارانکردنی شاناخسێ لە ئەنفالی یەک.

١٩٨٨/٣/٧

ئەنفالی سێ .

ئەم قۆناغە تا ٢٠ی نیسان بەردەوام دەبێ ، ئەم ئەنفالەی سێ لە هەموو ئەنفالەکانیتر گەورەتر و دژوارتر و بەرفراوانتر دەبێ.

هێرشەکان ناوچەکانی کەلار و قادرکەرەم و دوز و سەنگاو کفری و چەمچەماڵ و تیلەکۆ و پێباز و وتەکیە و بەشێک لە ناوچەکانی ئاغجەلەر دەگرێتەوە.

سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچانەش تەخت دەکرێن و خەلکەکەش بەرەو چارەنوسی نادیار دەبردرێن کە هەمویان زیندە بەچال کران.

زیانێکی ئێجگار گەورەی گیانی و ماڵی بە دانیشتوانەکەی گەیاند و نزیکەی (٥٠٠) گوندی ئەم ناوچەیەی گرتەوە، و نزیکەی (٣٠٠٠٠) سی هەزار ژن و منداڵ و پیرو گەنجی بێ سەرو شوێن کرد، لەگەڵ وێرانکردنی چوار ناحیە.

تەنها لەیەک رۆژدا نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار ژن و منداڵ و پیاوی لە هەردوو گوندی کوڵەجۆ و ملە سوورە ی کۆکردەوە و بۆ ناحیەی قۆرەتووی رەوانەکردن پاشانیش شوێنبزری کران.

تا ساڵی ١٩٩١ جل و بەرگ و پاشماوەی ئەو خەڵکە لە قەڵا سەربازیەکەی قۆرەتوو مابوو، لە ئەنجامی شاڵاوی سێ ی ئەنفالدا سەرجەم گوندەکانی گەرمیان تەخت کران و سوتێنران .

زیانەکانی ئەنفالی سێ بریتی دەبێ لە وێرانکردنی ٧٢٨ گوند و شارۆچکە . لەگەڵ راگوازتنی ٤٠ هەزار خێزان، رەوانەکردنی ١٦هەزار کەس بۆ زیندانەکان و ٧٤٠٧ ژنی و منداڵی ناوچەکانی زەنگنە و جەباری و سەنگاو لە گرتوخانەی دوبز بەند کرابوون ، لەگەڵ بەندکردنی ٥٦٠٠ ژن و منداڵی ناوچە جیاجیاکان لە ناحیەی پایچی .

١٩٨٨/٣/١٦



کیمیابارانکردنی هەلەبجە لەلایەن رژێمی بەعس بەهۆیەوە ٥٠٠٠ ژن و منداڵی سڤیل گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەکی بێئەندازەش دەربەدەر بوون کە تا ئێستاش بێسەروشوێنن وێڕای ژمارەیەکی یەکجار زۆری بریندار کە تا ئێستاش ناوە ناوە بەکاریگەری برینەکانیانەوە دەمرن یا دەناڵێنن.



١٩٨٨/٣/١٧

کوردانی ئیسرائیل دژی کیمیابارانی هەلەبجە خۆپیشاندان دەکەن.

١٩٨٨/٣/١٨

لە میانی ئەنفالی یەکەم سەرگەلوو و بەرگەلوی سەرکردایەتی یەکێتی دەگیرێ لەم هێرشەی ئەنفالی یەک ٢٥ تا ٣٠ گوند خاپور دەکرێ و خەلکەکەش ئەوەی دەرنەچوو دەستگیر و لەناو دەبردرێن.

١٩٨٨/٣/٢٢

ئەنفالی دوو :

تا یەکی نیسان بەردەوام دەبێ ناوچەی قەرەداغ و سێو سێنانی گرتەوە. سەرپەرشتیاری هێرشەکە لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بوو هێزە بەشداربووەکان پێکهاتبوون لە (٢٠) لیوا و (٦٠) فەوج جگە لە مانەش ٣٠ فەوجی سەربەخۆی موالیدەکانی ١٩٤٥، هەموو ئەو هێزانە زیاتر لە ١٠٠ هێرش و پەلاماریان بۆ ناوچەکە برد لە ئەنجامدا ئەم گوندو ناوچانەیان داگیر کرد (قەمچوغە، شاخە رەش، دۆڵە رووت، قزلەر، قەرەنگوێ، مەولان، قەرەسەرد، پیرباز، دۆڵی مازەلە، قەڵەم پاشا، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرەمەگروون، زێوێ، گەڕەدێ، دابان، مەرگەو شارستێن، هەروەها ئەم گوندانەش وێرانکران لە هەمان هێرشدا سەرگەڵو، کە ٥٠٠ ماڵ بوو، بەرگەڵوو، کانی توو، چالاوە، یاخیان چوخماخ، یاخسەمەڕ، قەیوانی سەروو، قەیوانی خواروو، سنگر، میولاکە، کاپێلۆن، باڵخ، گوێزلی، هەڵەدن، سێکانیان، چالخ، قۆمەرغان، کوێرەکانی سیدەر و وڵاخ لو لە گەمارۆدانی ئەنفالی یەک دا ٢٠٠-٢٥٠ کەس کوژران نزیکەی ١٦٠ کەس لەرێگادا کە بەرەو ئێران رۆیشتن بە هۆی سەرماو بەفرو باران مردن. ئەم هێرشە لە هەموو لایەکەوە ئابڵوقەی ناوچەکەی دا، کاتەکەی لە دوای نوێژی ئێوارەوە دەستی پێکرد بە بۆردومانکردنی گوندی سێوسێنان، لە ئەنجامدا (٨٠)کەس گیانیان لە دەست دا، خەڵکی قەرەداغ لە کاتی بۆمبارانکردنەکەدا بوون بە دوو بەشەوە هەندێکیان بەرەو سلێمانی رۆیشتن، ژمارەیەکیشیان لە رێگا گیران و ئەنفال کران.

١٩٨٨/٣/٢٣

کیمیابارانکردنی گوندەکانی سێوسێنان ودوکانی قەرەداغ و جافەران و مەسۆیێ و کەژێی زەردە.

١٩٨٨/٣/٢٨

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناوچەکانی کانی ماسیو زاخۆ، هێرشێکی گەورەی کردە سەر سوپای ئێراق و زیانی گیانی زۆریان پێگەیاندن.

١٩٨٨/٤/١٠

کیمیابارانکردنی گوندی تازەشارلە ئەنفالی سێ.

١٩٨٨/٤/١٦

خەلیل ئەلوەزیر ناسراو بە ئەبو جیهاد یەکێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی فەتحی فەلەستینی لە تونس لەلایەن مۆسادەوە تیرۆر دەکرێ.

١٩٨٨/٤/١٧

شەری رزگارکردنی فاو لە جەنگی کەنداو. کە مەزنترین رووداوی ئەو هەشت سالەی نێوان ئێران و ئێراق بوو، ئەم رزگارکردنە دەگوترا کە ئەمریکا هاوکاری ئێراقی کردوە بە پێدانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەولەتی.

١٩٨٨/٤/٢٩

معەمەر قەزافیی سەرۆکی لیبیا خۆی تراکتۆرێک لێدەخورێ و خالە سنوریەکانی نێوان لیبیا و تونس دەروخێنێ.

١٩٨٨/٥/٢

دامەزراندنی بەرەی کوردستانی،لەلایەن هێزو پارتو لایەنەکانی باشوری کوردستانەوە کە لەحەوت لایەن پێکهاتبوون، بەرەیەکی هاوبەش پێکهێنرا بەناوی (بەرەی کوردستانی)، بەمەبەستی کاری پێکەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی رژێمی بەعس لەئێراق. بریتی بوو لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، پارتی دیموکراتی کوردستان،حزبی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی شیوعیی ئێراقی ، پاسۆک، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ، دواتریش زەحمەتکێشان و بزوتنەوەی ئیسلامی ، بزوتنەوەی کلدو ئاشوری بوون بە ئەندام.

١٩٨٨/٥/٣

ئەنفالی چوار:

ئەم ئەنفالە ناوچەکانی زێی بچوک و هەموو گوندەکانی تەقتەق و عەسکەر و گۆپتەپەو دەشتی کۆیە و ئاغجەلەر دەگرێتەوە و تا ٨ی ئایار بەردەوام دەبێ و گوندەکانی ئەو ناوچانە خاپور و خەلکەکەش دەستگیر و بنچاو دەکرێن.

سەرەتاکەی بە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە دەستی پێکرد، لەم رۆژە لە کاتژمێر شەشی ئێوارە کاتی خەڵکی گوندەکە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شکاندنی رۆژووی مانگی رەمەزان ئەم هێرشانە دەستیان پێکرد، لە کاتی بۆمباران کردنەکە نزیکەی ١٥٤ کەس بوونە قوربانی .

هەروەها ٩کەس لە گوندی عەسکەر بە هۆی کیماویگیانیان لەدەستدا.



گوندی دەلۆی ناو شوان موشەک باران کرا چوار پیرەژن و چوار منداڵی کوشت، لە دواییشدا (٢٨) کەسیان دەستگیر کرد و شوێنبزریان کردن کە ٣ ژن و منداڵێکیان تێدابوو.

ئینجا هێرش کرایە سەر گوندەکانی خاڵەکوتیای نزیک دەکۆ و زگیلە تەنها ٦کەسی بە ساڵاچوو دەستگیر کران کە نەیان توانی بوو هەڵبێن و خۆیان رزگار بکەن،

هەروەها لە گوندی ئەسکەندەر بەگ ٣٩کەسیان دەستگیرکراو شوێنبزرکران بە هەموویانەوە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا نزیکەی ٢٣٧گوند لەناو بران و نزیکەی ٥٥٠٠ کەس لەم ئەنفالەی ٤ لەناو چوون و بوونە قوربانی.



١٩٨٨/٥/٣

کیمیابارانکردنی گوندی عەسکەر و گۆپتەپە لە ئەنفالی چوار لەم کیمیابارانە ٢٠٠ دوو سەد کەسی سڤیل کوژراوە.

١٩٨٨/٥/١٥

ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت .

ئەم ئۆپەراسیۆنانە تا ٢٦ی ئاب دەخایەنێ .یەکەم پەلاماری سوپا لەم هێرشەدا کاتژمێر ٦ی ئەم رۆژە بوو لەم کاتەدا چەند فڕۆکەیەک کەوتنە کیمیاباران کردنی گوندەکانی:

(وەرە، نازەنین، کاموسەک، ئەسپێندار، عەلیاوا، سماقولی و بونێ) لەم پەلامارە لە گوندی وەرە ٣٦کەس کوژران، سوپای ئێراق بەهۆی بەرگریی توندی پێشمەرگەکانەوە لەم شالاوە نەیانتوانی مەبەستەکانی خۆیان جیبەجێ بکات ، لەم رقەدا پاش نیوەڕۆی ٢٢ی مایس گوندەکانی (بالیسان و هیران و دۆڵەکانی دەوروبەری بە خەستی درانە بەر بۆمبی کیماوی.

١٩٨٨/٥/٢٢

تۆپبارانکردنی گوندەکانی دۆڵی بالیسان و سوێرە و هیران و سماقولی لە پارێزگای هەولێر.

١٩٨٨/٥/٢٦

کیمیابارانکردنی گوندی فەقیان وئاکۆیان و چیای ڕەشکی لە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال.




١٩٨٨/٦/٣٠

عومەر بەشیر کودەتا لە سودان ئەنجام دەداو خۆی دەبێتە سەرۆککۆماری ئەو ولاتە.

١٩٨٨/٧/٣

کەشتیەکی جەنگیی ئەمریکی لە کەنداوی عەرەبی دوو فرۆکەی ئێرانی دەخاتە خوارەوە کە بەهۆیەوە ٢٩٠ کەس گیان لەدەست دەدەن.

١٩٨٨/٧/١٥

کۆچی دوایی ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کورد عەونی یوسف لە بەغدا لە تەمەنی ٨٠ ساڵییدا.

ناوبراو لە ١٩٠٨ لە شاری هەولێر لەدایک دەبێ سەردەمانێک قازیی هەولێر بووە، لە بواری خەباتی کوردایەتی ڕۆڵی بینیوە هەر لە ساڵی ١٩٤٠ وە تێکەڵ بە دونیای سیاسەت و کوردایەتی دەبێ ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بوو.

١٩٨٨/٧/١٨

ئێران بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی قەبول دەکا کە تایبەتە بە ڕاگرتنی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران کە لە ١٩٨٠ وە دەستی پێکردبوو بە جەنگی کەنداو هاتە ناسین.

١٩٨٨/٧/١٩

شەڕی خواکورک لە نێوان سوپای ئێراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.



ئەم شەڕە بە خوێنی نۆ پێشمەرگەی قارەمان تەواو دەبێ و زیانێکی زۆریش بە هێزی داگیرکەر ی سوپای ئێراقی دەکەوێ.

١٩٨٨/٧/٢١

کیمیابارانکردنی دۆلەکانی مەلەکان و سوێرە و گەرەوان و بالیسان و شێخوەسانان و هیران و سماقولی و بنگرد لە پارێزگای هەولێر لە پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالا .

١٩٨٨/٨/٨

دوای هەشت ساڵ لە توندترین و سەختترین جەنگی نێوان ئێراق و ئێران بە جەنگی کەنداو هاتە ناسین لەم رۆژە بریاری وەستانی لەلایەن هەردووک لایەنی شەڕکەر دەردەچێ.

١٩٨٨/٨/١٧

گیان لەدەستدانی زیاء ئەلحەق سەرۆکی پاکستان و بالوێزی ئەمریکا لە روداوی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەیان.

١٩٨٨/٨/٢٥

ئەنفالی هەشت دەستی پێکرد.

ئەم ئەنفالە تا ٦ی ئەیلول دەخایەنێ . لەم شالاوەدا بەعس ویستی بە بێدەنگی لە ناوچەکانی بادینان بدا چونکە نزیکە لە سنوری تورکیا و بۆ ئەوەی ئەوروپا بەم کردەوە قێزەونەی نەزانێت و سزایی بدا، بەڵام پێشمەرگە خەڵکیان لەو کردەوە دڕندە ئاگادار کردەوە، لە رۆژی ٢٤ی ئابدا هرێشکرایە سەر چیای گارە بە بۆمبی هێشویی، دوای ئەوەش هەر لەو ئێوارەدا هێرش کرایە سەر بارەگای پێشمەرگەکانی پارتی دیموکارتی کوردستان لە زیوەشکانی نزیک سنوری تورکیا و ١٠ پێشمەرگەی شەهید کرد.

لە رۆژی ٢٥ی ئابدا هێرشی کرایە سەر گوندی برجینی ناحیەی زاویتە، گوندی توێکا و تلاکروی، ئەوبەری زێی خاپور و هێسی و خەرابیا و یەکمالەی بەرواری سەروو کیمیاباران کران نزیکەی ٤٠کەس شەهید دەبن، هەر لە هەمان رۆژ گەورەترین و خەستترین هێرشی کیمیاوی کرایە سەر گوندەکانی شێروانە و ردینا و سارتکی و هەر لەو شەوەدا هەردوو گوندی رێکانی و نێروەیی یان کیمیاباران کرد.



هەروەها گوندەکانی برکەڤرێ و وەرمێلی و بلێجانێ و بانێی بە فرۆکە و کوپتەر کیمیاباران کران بە شێوەیەکی گشتی ٥٠ گوندی ناوچەکە بۆمباران کران، بەهۆی ئاگادارکرنەوەی پێشمەرگە ژمارەیەکی کەم خەڵک کوژران لە گوندی هەمزە ٤٨ کەس کوژران.

لە گوندی کربیت تیموریش ١٨ کەس شوێنبزرکرا.

لە ٢٨ ی ئاب هێرشەکان دەست پێدەکەنەوە لە ئەنجامدا دەیان هەزار خەڵکی ئاوارەی تورکیاو ئیران بوون ژمارەیەکیش دەستگیرکرا. لە گوندەکانی سارکێ ٩٣ پیاو و لە مێرگەتوی ١٠٠کەس و لە وەرەخەل ٨٣ پیاو شوێنبزرکران.


ئەمەو لە گوندەکانی یەکمالەی دۆسکی ٧٤ کەس و لە گوێزێ ٩٣ کەس تیاچوون، لە کۆی ٣٦ گوندی ناوچەکە ٦٣٢ پیاو شوێنبزرکران.

١٩٨٨/٨/٢٧

فرۆکە جەنگییەکانی سوپای ئێراق، بەچەکی کیمیایی بۆردومانی ناوچەی (بەرواری سەروو)یان کرد، کە بەهۆیەوە ژمارەیەك هاوڵاتی بەرکەوتن‌و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەش ناچار بوون،ماڵ‌و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن.

١٩٨٨/١٠/١

میخائیل گۆرباچۆڤ Mikhail Gorbachev بە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت دێتە هەڵبژاردن.




١٩٨٨/١٠/١٣

خەلاتکردنی نوسەری عەرەب نەجیب مەحفوز بە خەلاتی نۆبل بۆ ئەدەب.

١٩٨٨/١١/١٥

بەنەزیر بۆتۆ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی پاکستان.




بەنەزیر کچی زولفەقار عەلی بۆتۆیە کە زیاء ئەلحەق لە ١٩٧٧ لە ڕێگەی کودەتاوە لەسەر کاری لابرد و دواتریش لە سێدارەیدا و حزبەکەشیان کە حزبی گەل بوو بە نایاساغ دایە قەلەم بەو هۆیەوە لە ١٩٨٤ەوە ئاوارەی لۆندۆن دەبێت بەلام لە ١٩٨٦ دەگەڕێتەوە پاکستان و درێژە بە کاروانی باوکی دەدات، لە ١٩٩٠ دەسەلات دەگرێتە ەدست بەلام دوای دوو ساڵ بە تۆمەتی گەندەلی لەسەرکاری لادەبەن لە ١٩٩٣ دووبارە دەگەڕێتەوە سەر حوکم، بەدواداچون و چاودێریەکانی لەسەر بوون تا لە ٢٠٠٧ پەرویز مشەڕەف لێبوردنی بۆ دەردەکا و دەگەڕێتەوە ولات بڕیاری بەشداری هەلبژاردنەکان دەدا .

١٩٨٨/١١/٢٨

یەکەم سەردانی سەدام حوسێن بۆ میسر.



١٩٨٨/١١/٣٠

قورئانخوێن عەبدولباست عەبدولسەمەد لە تەمەنی ٦٤ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکا. گوایە ناوبراو بە ڕەگەز کوردە.

١٩٨٨/١٢/١

بەنەزیر بۆتۆی کچی زولفەقار عەلی بۆتۆ دوای دەرچونی لە هەلبژاردنەکانی دوو هەفتە پێش لەم ڕۆژەدا دەست بەکار دەبێ وەکوسەرۆک وەزیرانی پاکستان.

١٩٨٨/١٢/٧




بۆ یەکەمین جار یاسر عەرەفات سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین دان بە مافی ئیسرائیلدا دەنێ لە ئیسرائیل بژین.

١٩٨٨/١٢/٢١

تەقینەوەی فرۆکەی بوینگی سەربە هێلی ئاسمانی پان ئەمریکانی جیهانی لەسەر شاری لۆکەربی لە سکۆتلەندا کە سەرجەم

سەرنشینەکانی کە ٢٦٩ کەس دەبون تیا چون، ئەم پرسە لەسەر لیبیا ساغکرایەوە بەهۆیەوە گەمارۆ خرایە سەر لیبیا .

١٩٨٩/١/٧

برۆنای دەچێتە ریز رێکخراوی رۆژهەلاتی باشوری ئاسیا (ئاسیان) بەم چونە ریزە ژمارەی دەولەتانی دەبنە شەش دەولەت .



١٩٨٩/١/٧

دوای مردنی ئیمپراتۆری ژاپۆن (هیرۆ هیتۆ **Hirohito**)لە تەمەنی ٨٧ ساڵییدا کە ٦٢ ساڵ لە حوکمرانی بردە سەر، ئاکیهیتۆ ی کوڕی شوێنی دەگرێتەوە.

١٩٨٩/١/١٠

هێزەکانی کوبا لەخاکی ئەنگۆلا دەستیان بەپاشەکشە کرد، کە بۆ پشتیوانی لەمارکسیستەکانی ئەنگۆلا چووبونە خاکی ئەو وڵاتەوە.

١٩٨٩/١/١٢

حکومەتی زائیر، عیدی ئەمینی سەرۆکی لەکارکەوتوی ئوگەندا به هۆی ستەمکردن لە هاولاتیانی خۆی، لە ولاتەکەی دەردەکا کە پەنای بۆ بردبوو.

١٩٨٩/١/٢٠

جۆرج بۆشی **George Bush**باوک دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا و لەم رۆژەدا دەست بەکار دەبێ.



١٩٨٩/١/٢٦

دەستگیرکردنی تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات **Frans van anraat** لە میلانۆی ئیتالیا کە لەوێ خۆی حەشاردابوو.

ناوبراو بە فرۆشتنی ماددەی کیمیاوی بە سەدام حوسێن تاوانبارە، دوای دادگایی کردنی بە ١٤ ساڵ حوکم درا لە دادگای دادی نێودەولەتی لە لاهای، (دەنهاخ) لە هۆلەندا .



لەسەر داوای پارێزەرانی داوای تێهەڵچونەوەیان لە بریاری دادگا کرد، دوای تێهەڵچونەوە حوکمەکەی کرا بە ١٥ ساڵ.

١٩٨٩/٢/١٤

خومەینی فەتوا بە حەلال کردنی خوێنی ((سلمان روشدی) دەردەکا. ناوبراو بەهۆی رۆمانەکەی بەناوی (الایات الشیطانیه) وە ئەم کارەی لەگەڵدا کرا بەلام تا ئێستاش ٢٠٢٠ ناوبراو لە ژیاندا ماوەو نەتوانارە بیکوژن.

١٩٨٩/٢/١٥

دوایین داگیرکاری یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان کە لە ١٩٧٩/١٢/٢٥وە داگیری کردبوو. لەم رۆژە لە ژێر فشار سوپاکەی دەکێشێتەوە.

١٩٨٩/٣/١٩

محەمەد مستەفا محیەددین ناسراو بە (ئازاد مستەفا) سەرۆکی پاسۆک لە سوێد بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکا.

١٩٨٩/٣/١٩

دەرکردنی هێزەکانی ئیسرائیلی لە تابە و رادەستکردنی ئەو ناوچە بە میسر دوای ئەوەی ماوەی سێ ساڵی تیا دەمێنێتەوە.

١٩٨٩/٣/٢٤

نقوم بونی کەشتیەکی نەوت گوێزەرەوە (ئیکسون فالدز) لە نزیک کەنارەکانی ئالاسکا کە ٤٠٠٠٠ چل هەزار تۆن نەوتی لێ رژایە ناو دەریا بە درێژایی ١٧٩٩ کیلۆمەتر دەریای پیس کرد ئەمەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر ژینگە دروستکرد.

١٩٨٩/٤/١

ياسر عەرەفات بە سەرۆكی دەولەتی فەلەستین دیاری دەكرێ.

١٩٨٩/٤/٩

هێزەكانی سۆڤیەتی سەركوتی خۆپیشاندانی هاولاتیانی تفلیس دەكەن كە دژی دەسەلاتی سۆڤیەتی بەرێوە دەچوو، لەم میانە ٢٠ كەس دەكوژرێن و دەیانیش بریندار دەبن، لە گورجستان ئەو رۆژە دەبێتە رۆژی نیشتمانی گورجستان.

١٩٨٩/٤/١٥

خۆپیشاندانی خوێندكاران لە مەیدانی تیانانمن لە پكین ،داوای چاكسازی و دیموكراسیان دەكرد.

١٩٨٩/٥/٥

لە پیلانێكی دارێژراو عەدنان خەیرولا وەزیری بەرگری ئێراق و كورەخالی سەدام هەلیكۆپتەرەكەی لە دەشتی هەولێر نزیك بە گوندی مەلاقەرە دەكەوێتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدا. گومانەكانیش هەر لەسەر سەدام دەبێ.



١٠٩٨٩/٥/١٩

ئیسرائیل شێخ ئەحمەد یاسینی دەستگیر كرد. بەلام دواتر بە هەولی دەرەكی ئازاد دەكرێ.

ناوبراو دامەزرێنەری بزوتنەوەی حەماس بوو. خۆی پەككەوتە و لەسەر كورسی بوو بەلام لە ٢٠٠٤/٣/٢٢

هێزی ئاسمانی ئیسرائیل دەیكاتە ئامانج و دەیكوژێ.



١٩٨٩/٥/٢٩

یەكێتی ئەوروپا ئالایەكی نوێ دەكاتە هێمای خۆی كە لە ١٢ ئەستێرەی زێری پێك هاتوەو بە رەنگی شین نەخشێندراوە.

١٩٨٩/٦/٣

مردنی ئایەتوالله خومەینی

١٩٨٩/٦/٤



هێزەکانی سوپای ئازادیخوازی میللی چین خۆپیشاندەرانی مەیدانی تیانانمن Tiananmen سەرکوت دەکەن و ژمارەی ٢٤١ کەسیان لێ دەکوژن.

١٩٨٩/٦/٤

دوای مردنی خومەینی، عەلی خامەنەیی بە سەرۆکی بەرژەوەندیەکانی رژێمی ئێرانی دێتە دەست نیشانکردن.

١٩٨٩/٦/١٣

لەلایەن رژێمی بەعسی داگیرکەرەوە پەنابەرانی کوردی باشور لەکەمپەکانی تورکیا ژەهرخوارد کران.

١٩٨٩/٦/١٤

پادشای بەریتانیا ئێلیزابێتی دووەم Elizabeth II نازناوی (سوارچاک) بە سەرۆکی ئەمریکا رۆنالد رێگن دەبەخشێ ئەمەش بەرزترین نازناوە لە بەریتانیا ، ئەم بەخشینە دوای نیو ساڵ لە دەرچونی رۆنالد رێگن دێت لە کۆشکی سپی .

١٩٨٩/٦/٢٣

پۆستی سەرۆک وەزیران لە ئێران لابرا.

١٩٨٩/٧/١٣



تیرۆرکردنی قاسملۆ و هاورێیانی.

هەوالگری رژێمی ئێرانی لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا عەبدولرەحمان قاسملۆ سکرتێری پارتی دیموکراتی کورستانی ئێران

تیرۆر دەکەن کە بە فێڵ پەلکێشی دانوستانێکی ساختەیان کردبوو لەو ڕێگایەوە توانیان خۆی و چوار لە هاوڕێاینی تیرۆری بکەن. ئەوانەی لەگەڵی تیرۆرکران بریتی بوون لە:

(داریوش فروهەر و هاوسەرەکەی (پەروانە ئەسکەندەری ) و محەمەد موختاری و جەعفەر بوینده) بوون.

١٩٨٩/٧/١٥



کۆچی ودایی زانای کورد شێخ محەمدی خاڵ .

شێخ محەمەدی خاڵ کوڕی شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ ئەمینی خاڵە. لە ساڵی ١٩٠٤ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، لەبەرئەوەی لە تەمەنی منداڵیدا باوکی مردووە، باپیرەی ئەرکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆو لەباوەش ئەودا مەزن بووە.

١٩٨٩/٨/٢

هێزەکانی پاراستنی ئاشتی لە سریلانکا لە کۆکوژیەکدا دژی تامیلەکان ٦٤ کەسی سڤیل دەکوژن.

١٩٨٩/٨/٣١

هەردوو حکومەتی لیبیا و چاد ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتییان مۆرکرد، بەو هۆیەشەوە کۆتایی بەکێشە سنوریەکانی نێوانیان هات، کە ماوەی ١٦ ساڵ بوو لەسەر هەرێمی (ئۆزۆ) سەریهەڵدابوو.

١٩٨٩/٩/٢١

لیژنەی هێزە چەکدارەکانی سەربە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی، ڕەزامەندیی پیشاندا لەسەر دەستنیشانکردنی ژەنراڵ (کۆلن پاوڵColin Powell ) وەکو سوپاسالاری هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا، کە لەلایەن (جۆرج بوش)ی سەرۆکەوە کاندید کرابوو.،

بەوەش پاوڵColin Powell  بووە یەکەم ڕەشپێستی بەڕەچەڵەك ئەفریقی، کە ئەو پۆستە باڵا سەربازییە لەئەمریکادا وەربگرێت.

١٩٨٩/١٠/١٤

بەستنی کۆنگرەیەکی جیهانی لە پاریس بۆ بەرگری کردن لە کورد کە ٢٠٠ نوێنەر بەشداریان لەو کۆنگرەیەدا کرد.



١٩٨٩/١١/٩

دەست بەڕوخاندنی دیواری بەرلین کرا، کە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەرلین کرابوو بەدوو پارچە و هەر پارچەیەکیش سەر بەیەکێك لەبلۆکە زلهێزەکانی جیهان بوو.

١٩٨٩/١١/٢٢

سەرۆکی لوبنان رینیه محوەز بە ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو  لە یەکێک لە شەقامەکانی بەیروت تیرۆر دەکرێ.

١٩٨٩/١٢/٢



میخائیل گۆرباچۆف و جۆرج بوشی سەرۆکانی سۆڤیەت و ئەمریکا واژۆ لەسەر کۆتایی هێنان بە شەڕی سارد دەکەن.

١٩٨٩/١٢/٢

کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لە مەرگەوەری  رۆژهەلاتی کوردستان دەبەسترێ .

١٩٨٩/١٢/٢٠

ئەمریکا لەسەردەمی حوکمرانیی بۆش **George Bush** هێرش دەکاتە سەر پەنەما **República de Panamá** وداگیری دەکا بەمەبەستی دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی مانویل نوریێگا **Manuel Noriega** . بە تۆمەتی بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان و دوای دەستگیرکردنی لە ئەمریکا دادگایی دەکا.



١٩٨٩/١٢/٢٢

دوای هەرەس هێنانی بلۆکی سۆسیالیستی کە یەکێتی سۆڤیەت رابەرایەتیی دەکرد و روخانی دیواری بەرلین و روخانی حوکمی کۆمۆنسیتی لە رۆمانیا و راکردنی نیکۆلای چاوچیسکۆی سەرۆککۆمار. ناوبراو لە دێیەک خۆی و هاوسەری دەگیرێن و رادەستی سوپای راپەڕیویان دەکەن.

١٩٨٩/١٢/٢٤


سەرەتای شەری ناوەخۆ لە **Liberia** لیبیریا.

لیبێریا ئەو دەولەتەی کە بۆ کۆیلە ئازادکراوەکانی ئەمریکا دروست کرابوو هەرگیز نەبۆتە بابەتی داگیرکاری لە نێوان دەولەتانی ئەوروپا و ئەفریکا .لە ١٨٤٧ ئەم دەولەتە دروست دەکرێ لەسەر سیستەمی بەرێوەبردنی ئەمریکیێ.



١٩٨٩/١٢/٢٥

نیکۆلای چاوچیسکۆ و هاوسەری دوای دەستگیرکردنیان لە دادگایەکی نهێنی بە تۆمەتی تاوانی جەنگ گولەباران دەکرێن.



١٩٩٠/١/٣

دواى ئەوەى ئەمريكا هێرشى سەربازى دەكاتە سەر پەنەما بۆ لەسەر حوكملابردنى مانويل نوريێگاى Manuel Noriega فەرماندەى سەربازى و حاكمى پەنەما ئەو ناچار دەبێ خۆى رادەستى هێزەكانى ئەمريكا دەكا .

١٩٩٠/١/١١

رێپێوانێكى مەزن لە ليتوانيا داواى سەربەخۆيى و جودابونەوە لە يەكێتى سۆڤيەتى دەكەن.

١٩٩٠/١/١٢

رۆمانيا وەكو يەكەمين دەولەتى هاوپەيمانى وارسۆ كارى حزبى لە حزبى كۆمۆنيست قەدەغە دەكات.



١٩٩٠/١/١٢

كۆچى دوايى نوسەرو ئەديبى مەزنى ميسرى ئيحسان عەبدولقەدوس.

١٩٩٠/١/١٥

دروست بوونى شەر لەنێوان ئەرمينيا و ئازەربێجان لەسەر كێشەى سنورو خاك، لەوانە ناكۆرنۆ كەرەباغ كە لە بنەرەتدا خاكى كوردانە.

١٩٩٠/١/١٩

هێزەكانى رژێمى بەعس پەلامارى ماسيگرەكانى دەرياچەى دوكانيان دا، بەهۆيەوە نزيكەى ٦٠هاولاتى كە پيشەيان ماسيگرتن بوون، كوژران ياخود سەرنگوم كران.

١٩٩٠/١/٣١

يەكەم لقى ماكدۆناڵدى ئەمريكى لەشارى مۆسكۆى پايتەختى يەكێتى سۆڤێت كرايەوە، كە ئەوەش بەنيشانەيەك دادەنرا بۆ گۆڕانكارى لەمێژووى يەكێتى سۆڤێتو سيستمى حوكمڕانى نوێ لەو ولاتە.

١٩٩٠/٢/٥


ئەمريكا دادگايى سەرۆكى پەنەماى دەسگيركراو دەكا ( مانويل نورييگا) Manuel Noriegaبە تۆمەتى بازرگانى كردن بە مادده هۆشبەر و سپيكردنەوەى سامانەكان . نوريگا لەلايەن ئەمريكاوە پشتگيريى لێدەكرا



تا ئەوکاتە دەبێتە سەرۆکی پەنەما دواتر لێی وەردەگەڕێتەوە، ئیتر ئەویش هەڕەشە لە ئەمریکا دەکا بە دەرکردنی دەیان هەزار ئەمریکی لە ولاتەکەی.

١٩٩٠/٢/٧

کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی رەمامەندی لەسەر هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و قۆرخکردنی دەسەلات دەدا. بەو هۆیەوە یەکێتی سۆڤیەت دابەشی سەر ١٥ دەولەتی سەربەخۆ دەبێ.



١٩٩٠/٢/١١

نیلسۆن ماندیلا دوای بیست و حەوت ساڵ زیندانی لەم رۆژە ئازاد دەکرێ و دواتر لە هەلبژاردنێکی ئازادا بە سەرۆکی کۆماری باشوری ئەفریکا هەلدەبژێردرێ.

١٩٩٠/٢/٢٦

ساندینیەکان لە نیکەراگوا هەلبژاردنەکان دەدۆڕێنن، ساندینیەکان بە لایەنگرانی ساندینیستا دەلێن کە حزبی سۆسیالیستی دیموکراسیی نیکەراگوان FSLN ئەم زاراوەی ساندینیستە لە ناوی سەرکردەکەیانەوە وەرگیراوە (ئوگستۆ سیزار ساندینۆ) کە فەرماندەیەکی نیکەراگوایی بوو دژی داگیرکاری ئەمریکا بۆ ماوەی سی ساڵ بەرگری کردوە.


الجبهة الكردستانية
تصدرها الجبهة الكردستانية العراقية
العدد ٣ آذار ١٩٩٠
في هذا العدد
● عمليات عسكرية في سورين وچكرچ وشلير
● الأكراد في التراث العربي
● بلاغ عن اجتماع القيادة السياسية للجبهة
من وثائق الجبهة الكردستانية
مَجزرة حلبجة .. ذكرى المأساة..ومسؤولية المجتمع الدولي
الجريمة التاريخية الكبرى في حلبجة جسدت مأساة شعبنا المروعة
المجتمع الدولي والقضية الكردية

١٩٩٠/٣/١

رۆژنامەی (الجبهە الكردستانیە) رۆژنامەی بەرەی کوردستانی بە زمانی عەرەبی بە دوو خول دەرچوو خولی یەکەمیان شەش ژمارەی لە دیمەشق لێدەرکرا.

١٩٩٠/٣/١١

پەرلەمانی لیتوانیا سەربەخۆیی خۆیان لە سۆڤیەت رادەگەیەنن.

١١٩٩٠/٣/١٨

ئەنجامدانی یەکەمین هەلبژاردنی ئازاد لە ئەلمانیای رۆژهەلات.

١٩٩٠/٣/٢١

دوای ٧٥ ساڵ لەژێر دەستی باشوری ئەفریکا ئەمرۆ نامیبیا سەربەخۆیی وەردەگرێ.

١٩٩٠/٣/٢٤

دامەزراندنی یەکێتی ئابوریی رۆژئاوای ولاتانی عەرەبی لە تونس و مەغریب و جەزائیر و مۆریتانیا و لیبیا.

١٩٩٠/٤/١١

ئەمریکا و سۆڤیەت لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە ٨٠% ی چەکی داکراوی کیمیاویان لەناو بەرن.

١٩٩٠/٤/١٣

نامیبیا دەبێتە ئەندام لە رەێکخراوی یەکێتی ئەفریکی.

١٩٩٠/٥/٤

سەربەخۆ بوونی لاتفیا لە یەکێتی سۆڤیەت.




١٩٩٠/٥/١٨

دراوی نێوان ئەلمانیای رۆژهەلات و رۆژئاوا یەکخرا. کە مارکی ئەلمانی بوو.

١٩٩٠/٥/٢٢

سەرکردەکانی هەردووک یەمەن (یەمەنی عەرەبی و یەمەنی دیموکراسیی میللی) بریار لەسەر یەکخستن دەدەن لەژێر ناوی کۆماری یەمەن. لەسەر ئەوەش رێککەوتن کە عەلی عەبدوللا سالح یەکەم سەرۆکی ئەو کۆمارە تازەیە بێت کە پێشتر سەرۆکی یەمەنی عەرەبی بوو جێگرەکەشی بۆ یەمەنی دیموکراتیی میلیی بوو کە عەلی سالم ئەلبیز بوو.

١٩٩٠/٦/٧

دامەزراندنی پارتی رەنجدەرانی کورد لە باکوری کوردستان لەلایەن فەهمی شەقیلازەوە.

١٩٩٠/٦/٢٣

مولدافیا لە یەکێتی سۆڤیەت جیا دەبێتەوە و سەربەخۆیی رادەگەیەنێ.

١٩٩٠/٧/٢

لە تونێلی معێسم بەهۆی پالەپەستۆیانێی حاجیەکانەوە ١٤٢٦ کەس دەخنکێن و لە ژێر پێیاندا دەمرن.

١٩٩٠/٧/٢٢

ئەنجومەنی بەناو نیشتمانی ئێراق راسپاردەیەک دەردەکا کە سەدام حوسێن هەتا لە ژیان ماوە سەرۆکی ئێراقە.

١٩٩٩٠/٧/٢٤

سوپای ئێراق لەسەر سنورەکانی کوێت گردبوونەوەی هەیە.




١٩٩٠/٨/٢

هێزەکانی سوپای ئێراق کوێت داگیر دەکەن و ماوەی ٧ مانگ لێی دەمێننەوە تا بە زۆر و لەرێگەی بەکار هێنانی هێز لەلایەن هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لێی دەردەکرێ.

١٩٩٠/٨/٤

دوای داگیر کردنی کوێت لەلایەن ئێراقەوە . کۆماری کوێت بەسەرۆکایەتی عەلاء حوسێن رادەگەیەنێ. بەلام ئەم یارییە سەرناگرێ.

١٩٩٠/٨/٦

لە ئەنجامی داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئێراقەوە ، نەتەوە یەکگرتوەکان گەمارۆیەکی توندی ئابوری دەخاتە سەر ئێراق.

١٩٩٠/٨/٨

دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئێراقەوە و دواتر ڕاگەیاندنی کۆماری کوێت و دانانی عەلاء حوسێن بە سەرۆک کۆماری ئەو ولاتە ، لەم ڕۆژە ڕایدەگەیەنێ کە یەکێتیەکی یەکجارەکی لە نێوان ئێراق و کوێت ئەنجام درا.

١٩٩٠/٨/٩

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە بڕیاری ژمارە ٦٢٢ دا ڕایدەگەیەنێ کە لەخۆگرتنی کوێت بۆ ئێراق بە هەر شێوە و بیانویەک بێ هیچ ئیعتبارێکی یاسایی نیە و ڕەتکراوەیە. داواشی لە سەرجەم دەولەت و دەزگاکانی دونیا کرد کە دانیپێدانەنێن و لەسەر ئەم بنەمایە مامەلەی لەگەڵدا نەکەن.

١٩٩٠/٨/١٠

لەسەر کێشەی داگیرکردنی ئێراق بۆ دەولەتی کوێت کۆنگرەیەکی لوتکەی عەرەبی دەبەسترێ.

١٩٩٠/٩/١٠

ئێران ڕەزامەندی دەردەبڕی لەسەر بەستنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێراق دوای ئەوەی بەهۆی شەڕی کەنداوەوە ماوەی ١٠ ساڵ پەیوەندیان دەپچڕێ.

١٩٩٠/٩/١٢

هەردوو دەولەتی ئەلمانیی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لەگەڵ چواردەولەتە مەزنەکەی دونیا لە مۆسکۆ کۆدەبنەوە ( ئەمریکا و فەرەنسا وبەریتانیا و ڕوسیا) پەیمانێک مۆردەکەن کە دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکەی ئەلمانیا.

١٩٩٠/٩/١٦

دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن بەغداوە و یەکخستنی لەگەڵ ئێراق و کردنی بە پارێزگاری ٢٣ یەمین لەم ڕۆژە عەلی حەسەن ئەلمەجید دەکەنە پارێزگاری کوێت.

١٩٩٠/٩/٢٦

بەهۆی داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئێراقەوە، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بڕیاری ژمارەی ٦٧٠ دەردەکا کە فرینی هەر جۆرە فڕۆکەیەک لەسەر ئاسمانی ئێراق و کوێت قەدەغە دەکات .

١٩٩٠/٩/٢٧

سەرۆكی دورخراوەی جەزائیر ئەحمەد بن بلا دوای ٢٧ ساڵ لە زیندانی و دورخراوەیی ، دەگەڕێتەوە جزائیر.

١٩٩٠/١٠/٣

یەكگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیاكە.



دوای روخانی دیواری بەرلین ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئەڵمانیای رۆژهەلات دوای جیابونەوەی ٤٥ ساڵ بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەم رۆژە دووبارە یەک دەگرنەوە لەژێر ناوی كۆماری ئەڵمانیای فیدرالی Federal Republic of Germany.



١٩٩٠/١٠/٤

یەكەم دانیشتنی پەرلەمانی ئەڵمانیای فیدرال دوای یەكگرتنەوەیان.

١٩٩٠/١٠/١٣

میشێل عۆن خۆی لە كۆشكی بەعبدای كۆماریی لوبنانی قایم كردبوو، هێزەكانی هاوبەشی سوری و لوبنانی هێرشی دەكەنە سەر و بەزۆر دەریدەكەن و ژمارەیەكی لێ دەكوژن.

١٩٩٠/١٠/١٤

خەلاتی نۆبل بۆ ئاشتی بە میخائیل گۆرباچۆف Mikhail Gorbachev درا ئەمەش یەكەم جارە خەلاتی نۆبل بەسەركردەیەكی كۆمۆنیست دەدرێ.

١٩٩٠/١٠/٢٧

میشێل عون فەرماندەی یاخیبوەكانی لوبنان خۆی رادەستی هێزەكانی سوریاو لوبنان دەكات بەم شێوە شەڕی ناوەخۆی لوبنان كۆتایی دێت.



١٩٩٠/١٠/٢٨

کۆچی دوایی شاعیری مەزنی کورد محەمەد سالح دیلان، کە لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایک ببو، دیلانی شاعیر کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا قادرە.

١٩٩٠/١١/٧

ماری رۆبنسون وەکو یەکەمین ژن لەم ولاتە دەبێتە سەرۆکی ئیرلەندا.




١٩٩٠/١١/١٢

ئەکی هیتۆ بە فەرمی دەبێتە ئیمپراتۆری ژاپۆن.

ئەکی هیتۆ لە تەمەنی ٥٥ پەنجاو پێنج ساڵییدا دەبێتە ١٢٥ ەمین ئیمپراتۆری ژاپۆن کە لە باوکی بۆی مابوویەوە،

١٩٩٠/١١/١٨

بەفەرمانی دادگای بەناو شۆڕشی بەعس، هەرسێ شۆڕشگێڕو تێکۆشەری کورد (جەبار حاجی ڕەشید، مامۆستا ئەحمەدی سناعەو وەستا بەکری دارتاش) لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێراقەوە لەسێدارە دران دوای راپەڕین تەرمەکانیان دۆزرایەوە و هێنرایەوە زێدی خۆیان لە کوردستان.

١٩٩٠/١١/١٩

عەلی عزەت بیگۆڤیچ سەرۆکایەتی بۆسنە وهرسک دەکا.

١٩٩٠/١١/٢٢

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا مارگرێت تاتچەر Margaret Thatcher کە بە ژنە ئاسنینەکە ناوبانگی دەرکردبوو دەست لەکار کێشانەوەی خۆی دەداتە ئیلیزابێت ی دووەم پادشای بەریتانیا.

١٩٩٠/١١/٢٨

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بریاری ژمارە ٦٧٧ لەسەر ئێراق دەردەکا تیایدا ئیدانەی ئێراق دەکا بۆ هەولەکانی لەسەر گۆرینی دیموگرافیای کوێت و لەناو بردنی کۆنوسەکانی .



١٩٩٠/١٢/٢

هێزەکانی یاخیبوی چاد بە فەرماندەیی ئدریس دیبی دەست بەسەر ئنجامینادا دەگرن.

١٩٩٠/١٢/٣

پایتەختی سۆمال مەقەدیشۆ دەکەوێتە دەست یاخیبوەکانی دژ بە محەمەد سیاد بەری.

١٩٩٠/١٢/٤

حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت رێگە بە هاولاتیانی دەدا مافی تەمەلوکیان هەبێ.

١٩٩٠/١٢/٤

سەرۆکی یاخیبوەکانی چاد ئدریس دیبی دوای هێنانەخواری حسێن حبری خۆی وەکو سەرۆکی کاتیی چاد دەناسێنێ.

١٩٩٠/١٢/٢٢

لیخ ڤاونسای Lech Wałęsa سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی پۆلۆنیا دوای خۆپیشاندانێکی زۆر بە سەرۆکی پۆلۆنیا دێتە هەلبژاردن.

١٩٩٠/١٢/٢٣

لە سلۆڤینیا راپرسیەک ئەنجام درا بۆ مانەوە یان دەرچون لە یۆگسلافیا. ٨٨% دەنگیان بە دەرچون دا.

١٩٩١/١/٥

سەرەتای شەری ئوسیتیا لە باشوری جورجیا لە پێناو جیا بوونەوە و تا ١٩٩٢/٦/٢٤ درێژەی دەبێ. کێشەی ئوسیتیای باشور لە سەدەی نۆزدەهەم یەک ئۆسیتیا بوو روسیا داگیری کردو کردی بە دوو بەشەوە بەشێکی




بچوکی خستە سەر جۆرجیا ئەویتری خستە سەر خۆی، ئێستا باشوریەکانیش داوای سەربەخۆیی دەکەن دوای ئەوەی کێشەکەیان لەگەڵ گورجستان سەر هەڵدەدا بە پشتیوانی هێزەکانی روسی دەتوانن سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن.

١٩٩١/١/١١

کۆنگرێسی ئەمریکی بە زۆرینەی دەنگ جۆرج بۆش سەرفراز دەکەن لە بەکار هێنانی سوپا بۆ دەرکردنی ئێراق لە کوێت و ناچار کردنی ئێراق بۆسەرنواندن بۆ بڕیارە نێودەولەتیەکان.

١٩٩١/١/١٣

ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەککگرتوەکان(خافیر پیریز دیکویلار) لە بەغدا لەگەڵ سەدام حوسێن کۆدەبێتەوە بۆ رازی کردنی تا لە کوێت بکشێتەوە و ولات لە هێرشی هاوپەیمانان دور بخاتەوە.

بەڵام وادیارە سەدام گوێ بەم میانگیریانەی نەدا.

١٩٩١/١/١٣

هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت هێرش دەکەنە سەر فیلینوس پایتەختی لیتوانیا بۆئەوەی لە راگەیاندنی سەربەخۆییان پەشیمان ببنەوە یا رێگریان لێ بکەن.

١٩٩١/١/١٦

کۆتایی هاتن بەو مۆڵەتەی نەتەوە یەککگرتوەکان بەپێێ بڕیاری ٦٧٨بە ئێراقی دابوو بۆ کشانەوە لە کوێت کە

لە ١٩٩٠/٨/٢ داگیری کردبوو، دیارە دوای نەچونە ژێرباری ئەم بڕیارە لەلایەن سەدامەوە هێزەکانی هاوپەیمانان بە چەند کاتژمێرێک دواتر گورز لە بەغدا دەوەشێنن.

١٩٩١/١/١٦

دەستپێکردن بە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیابان کە هاوپەیمانان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئێراق لە کوێت دەستیان پێکرد، دوای شکست هێنانی هەموو هەولەکانی ئاشتیانە بۆ چونەدەری ئێراق ناچار رێگەی سەربازی گیرایە بەر.



١٩٩١/١/١٧

له گەرمەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی گەردەلولی بیابانە کە هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا پێی هەلدەستن بۆ دەرکردنی ئێراق لە کوێت. لەم رۆژە هێرشەکان بەردەوامن.

١٩٩١/١/١٩

له شەڕی کەنداو ئێراق موشەکی سکۆد دەگرێتە ئیسرائیل و ١٥ قوربانیی لێکەوتەوە ئەمەش وەکو هەولێک بۆ تێوەگلانی ئیسرائیل لەو شەڕە تا دەولەتانی ئیسلامی و عەرەبی بێنە هاریکاریی ، بەلام ئیسرائیل ئاقلانەتر بوو وەلامی نەدایەوە.

١٩٩١/١/٢٥

له جەنگی کەنداو دورگەی قاروەی کوێتی یەکەمین شوێن دەبێ کە لە سوپای ئێراقی ئازاد کرا.

١٩٩١/١/٢٦

دوای چوار هەفتە لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی چەکدار لە مەقادیشۆی پایتەختی سۆمال(محمد سیاد بەری) ی سەرۆکی ئەو ولاتە ناچار دەکرێ دەست لە کار هەلگرێ.

١٩٩١/٢/١٣

بۆردومانکردنی پەناگەی (حەشارگە) ی عامریە لە بەغدا لەلایەن فرۆکەکانی هاوپەیمانان لە میانی جەنگی کەنداو کە بوە مایەی کوژرانی ٤٩٨ کەس.



١٩٩١/٢/٢١

سوپای ئێراقی لەکاتی کشانەوە لە کوێت چەندین بیری نەوتی کوێتی ئاگر تێبەردەدا و دەیان تەقێنێتەوە.

١٩٩١/٢/٢٢

ئێراق بە پێشنیارەکانی سۆڤیەتی رازی دەبێ بۆ پرسی کشانەوە لە کوێت بەلام ئەمریکا رازی نابێ و گفتی ئەوەی پێدەدا ئەگەر لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر بکشێتەوە ئەوا تەقە دەوەستێنێ.


١٩٩١/٢/٢٦

سەدام حوسێن بە فەرمی کشانەوەی لە کوێت رادەگەیەنێ بەلام دوای چی؟ هاوپەیمانانیش گوێ بەو راگەیاندنە نادەن و لە هێرشەکانیان بەردەوام دەبن تا دەگەنە سنوری بەغدا.



١٩٩١/٢/٢٧

جۆرج بۆشی George W. Bush سەرۆکی ئەمریکا بە فەرمی رایدەگەیەنێ کە کوێت بە تەواوەتی لە داگیرکاری ئێراق رزگار کرا.



١٩٩١/٢/٢٨

کۆتایی جەنگی کەنداوی دووەم کە لە ١٩٩٠/٨/٢ ەوە بە داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئێراقەوە دەستی پێکردبوو.

١٩٩١/٢/٢٨

ئێراق بە هەموو ئەو بڕیارانەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر پرسی کەنداوو داگیرکاری کوێت دەری کردون رازییە.

١٩٩١/٣/٣

نەهێشتنی سیستەمی جیاکاری رەگەزی لە باشوری ئەفریکا.

١٩٩١/٣/٤

جێنشینی میری کوێت و سەرۆک وەزیر و حاکمی عورفیی دوای رزگار بوونی کوێت دەگەڕێنەوە ولاتی خاپور بوی خۆیان.



١٩٩١/٣/٥

راپەرینی گەلی کوردستان بەسەر رژێمی بەعس لە کوردستان دەستپێکی راپەرین لە رانیە سەری هەڵدا .

١٩٩١/٣/٧

راپەڕینی شاری سلێمانی و رزگار کردنی.

١٩٩١/٣/٩

راپەڕینی شاری شەقلاوە و رزگار کردنی لەژێر داگیرکاری بەعس.



١٩٩١/٣/١٠

راپەرینی خەلکی مەسیف لە رژێم و دارودەستەی بەعس و ئازادکردنی شار.

١٩٩١١/٣/١١



راپەرینی شاری هەولێر و ئازادکردنی لە چنگ رژێمی بەعسی داگیرکەر.

١٩٩١/٣/١٤

گەرانەوەی شێخ جابر ئەلئەحمد ئەلسەباح میری کوێت بۆ ولاتەکەی کە پەنای بۆ سعودیە بردبوو دوای ئەوەی ولاتەکەی داگیر دەکرێ.

١٩٩١/٣/١٩

خالیدە زیاء ئەلرەحمان وەکو یەکەمین ژن دەبێتە سەرۆک وەزیرانی بەنگلادیش.



١٩٩١/٣/٢٠

رزگار كردنی شاری كەركوك دوای ئەوەی راپەرینەكەیان سەركوت دەكرێ و خەلكێكی زۆر دەستگیر دەكەن هێزی پێشمەرگە بە هانایانەوە دەچێ و ئەو شارە دێرینەی كورد رزگار دەكەن.

١٩٩١/٣/٢٣

لە سیرالیۆن دوای ئەوەی خەلک لە حكومەت هەڵدەگەڕێتەوە ، شەڕی ناوەخۆی دەستی پێكرد.

١٩٩١/٣/٢٧

دوای رزگار كردنی كەركوك لە ٢٠ ئادار لە راپەڕینی خەلكی كوردستان بەعس هێرشێكی فراوانی كرد و پاش بەرگرییەكی بێوێنەی خەڵكی كەركوك‌و هێزی پێشمەرگە، بەعس توانی كەركوك جارێكیتر داگیر كاتەوە .

١٩٩١/٤/١

بەهۆی هێرشە درندانەییەكانی سوپای ئێراق كۆڕەوی گەلی كورد لە باشووری كوردستان دەستی پێكرد. ئەم كۆڕەوە شەپۆلێک بەرەو سنورەكانی ئێران شەپۆلێكیش بنەرەو سنورەكانی توركیا ماڵ و زێدی خۆیان لە ترسی هێرشەكانی سوپای بەعس جێهێشت.

١٩٩١/٤/٣

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بڕیاری ٦٨٧ دەردەكا تایبەت بە وەستانی تەقە لە شەری كەنداوو خاپور كردنی چەكی كۆكوژی ئێراق وكردنەوەی سەندوقێک بۆ قەرەبو كردنەوەی زیانلێكەوتوانی جەنگی كەنداو كە ئێراق بیداتەوە.

١٩٩١/٤/٤

بەهۆی كۆڕەوە مەزنەكەی خەڵكی باشوری كوردستانەوە، لەچەندین وڵاتی جیهان كوردانی پەنابەر خۆپیشاندانیان سازكرد و داوایان لەكۆمەڵی نێودەوڵەتی كرد، هاوكاریی گەلی كورد بكەن لەباشوری كوردستان‌و لەدەست رژێمی بەعس رزگاریان بكەن.

١٩٩١/٤/٥

دوای یەک مانگ لە راپەرینی ١٩٩١ خەلكی كوردستان روو بەروی هێرشی درندانەی بەعس دەبێتەوە بەو هۆیەوە بە لێشاو روو لە سنورەكانی ئێران و توركیا دەكەن ، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی سەربە نەتەوە

یەکگرتوەکان بۆ رێگری لە کۆچڕەوە و دابین کردنی ناوچەیەکی ئارام دور لەدەستی بەعسی خوێنرێژ بڕیاری ٦٨٨ دەردەکا ،هۆکارو مەبەستی سەرەکیی ئەم بڕیارە بریتی دەبێ لە هۆکاری سەرەکییەکانی :

یەکەم/ هۆکاری ناوخۆیی:

کۆڕەوە مەزنەی گەلی کورد، کە زیاتر لە ملیۆنێك کەس لە سنوری ئێران پەڕینەوە ئەودیوو و زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کەسیش چوونە ناو سنوری تورکیاوە.

ئەم کارەساتە مرۆییە و کۆڕەوە بە کۆمەڵەی کە ڕووی کردە سنورەکانی دەوڵەتی تورکیاو ئێران، کاریگەریی گەورەی لەسەر رەوشی نێوخۆی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا دانا، هەردوو وڵات لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٩١ یاداشتنامەیان نارد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاگاداریان کردەوە،، کە ئاوارەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە، هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە کۆبوونەوەی ٢ ی نیساندا ڕایگەیاند کە:

مەبەستی عێراق لە ئاوارەکردنی دانیشتوانەکەی تێکدانی ئاسایشی تورکیایە.

جگە لە لایەنی سیاسی، لایەنی ویژدانی و مرۆیی ئەو دوو وڵاتەش هۆکارێکی گەورە بوون کە شانبەشانی حکومەتی فەرەنسا لەلایەن نوێنەرە هەمیشەییەکانەوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە رۆژانی ٢و٣ی مانگی نیسانی ١٩٩١ دوو نامەیان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، کە داوایان کردبوو سنورێك بۆ بارودۆخی نالەباری پڕ تراژیدیای ئێراق دابنێن، بە تایبەتی دانیشتوانە کوردەکەی کە دەستی بە کۆچرەو کردبوو و لەلایەن رژێمی ئێراقەوە روبەڕوویان بووەتەوە.

دووەم/ هۆکاری دەرەکی:

وروژاندنی ڕای گشتی جیهانی لە پاش ئەوەی دیمەنەکانی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورد لە میدیاکانی جیهانەوە بڵاو کرایەوە.

لە ئەنجامی ئەم هۆکار و هەوڵانەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا، وڵاتانی فرەنسا و پاشان بەریتانیا و ئەمریکا، لە دوای کۆمەڵێک بۆچوون و پرۆژە بۆ پاراستنی ئاوارەکان لە هەڕەشەی برسێتی و ئاوارەیی، بڕیاری ٦٨٨ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، کە لە کۆی ١٤ وڵات، ٩ وڵاتیان بە بەڵێ لەوانە: بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا، نەمسا، بەلجیکا، رۆمانیا، ئەکوادۆر، ساحل العاج و زائیر کە ئەوسا ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بوون دەنگیان بە بڕیارەکەدا و تەنیا کوبا، یەمەن و زیمبابۆی نەبێ کە سێ دەنگی دژ بوون لەدەرکردنی بڕیارەکە. وڵاتانی (چین و هندستان)یش دەنگیان بە بڕیارەکە نەدا.

بڕیاری ٦٨٨ تایبەت بوو بە درووستکردنی ناوچەی دژە فڕین(سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا جۆن مێجەر پێشنیاری: بیرۆکەی ناوچەی پارێزراوی کرد، بەڵام ئەمریکا لە ژێر ناوی ناوچەی دژە فڕین بڕیارەکەی داڕشت)، بە مەبەستی پاراستنی کوردەکان و نەهێشتنی هێرشی سەربازی سووپای عێراق و ڕێگەنەدان بە فڕینی فڕۆکەکانی لە سەروو هێڵی ٣٦ پانییەوە.

هەر لەمیانەی بڕیارەکەدا، فڕۆکەکانی ئەمریکا لە بنکەی سەربازی ئەنچەرلیک لە ناو خاکی تورکیا دا ناوچەکەیان لە فڕۆکە ئێراقییەکان گرت و دواتر ئۆپراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ ئاوارەکان لە لایەن سووپایەکی نێودەوڵەتی فرەڕەگەز، کە ژمارەیان ٩٤٩٣١ سەربازبوون دەستپێکرد بۆ هێنانەدی ناوچەیەکی ئارام تا ئاوارەکان بە دڵنیایی و دوور لە مەترسی سووپای ئێراق بۆ شار و شارۆچکەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، ئەم هێزە پاش بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی پاشەکشەیان کرد بۆ بنکەی ئەنچەرلیک لە ناو خاکی تورکیا و لە قەزای (زاخۆ)ش بە ناوی سەنتەری هەماهەنگی سەربازی - MCC نووسینگەیان کردەوە، کە ئەم هێزە بە چەکوشی ئامادە ناسرابوو.

ئەنجامی بڕیاری ٦٨٨:

١- دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین و پاراستنی گەلی کورد لە هەرچی زیاتری ستەم و قڕکردن لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە.

٢- ناوچەی دژەفڕین زەمینەی خۆشکرد بۆ درووستکردنی پەرلەمان و حکومەت و قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە باشوری کوردستان دا.



٣- دواتریش هەر لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری ٦٨٨، بڕی ١٣٪ بەشی داهاتی نەوت لە بڕیاری (٩٨٦)ی ناسراو بە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەشی هەرێمی کوردستان دانرا.

٤- کێشەی نەتەوەیی کورد چووە قۆناغێکی ترەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەرکەوت، نەک هەر لە باشوری کوردستان، بەڵکو لە پارچەکانی تری (کوردستان)یش.

١٩٩١/٤/٩

رۆژی سەربەخۆبوونی گورجستان و جیابوونەوەی  لە یەکێتی سۆڤیەت.

١٩٩١/٤/٩

هێزەکانی سۆڤیەتی لە پۆلۆنیا دەکشێنەوە.

١٩٩١/٤/١٦

بەهۆی کۆچرەوەکەی دوای راپەڕینەوە هاوپەیمانان ناوچەیەکی دژە فڕینیان بۆ کوردستان تەرخانکرد کە هێلی ٣١ دانرا.

١٩٩١/٤/١٦

سەرۆکی سۆڤیەتی میخائیل گۆرباچۆف Mikhail Gorbachev وەکو یەکەمین سەرۆکی سۆڤیەت سەردانی ژاپۆن دەکا.

١٩٩١/٤/٢٤

بلا وکردنەوەی چاودری نێودەولەتی لەسەر سنورەکانی نێوان کوێت و ئێراق.

١٩٩١/٤/٢٤

دوای ئەوەی ئەسیوبیا دان بە مافی چارەی خۆنوسینی ئەرتێریادا دەنێ لەم رۆژە دوا یەکەی هێزەکانی سوپای ئەسیوبی لە ئەرتێریا دەکێشێتەوە.

١٩٩١/٤/٢٩

دوای بیست رۆژ لە راگەیاندنی سەربەخۆیی گورجستان گەردەلولێکی بەهێز لێی دەدا دەبیتە مایەی گیان لەدەستدانی ٣٦٠ کەس.

١٩٩١/٥/١

حکومەتی بەلژیک بەسەر چێشتخانەکاندا دەکاتە زۆر کە سێیەکی پانتایی چێشتخانەکانیان بۆ جگەرە نەکێشەکان تەرخان بکەن.



١٩٩١/٥/٢

بەپێ بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی ژمارە ٦٨٧ لە ٥ی نیسانی ١٩٩١، خافیر پیریز دیکیولار ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەک پێک دێنێ بۆ دیاری کردنی سنورەکانی نێوان ئێراق و کوێت.



١٩٩١/٥/٤

مۆسیکژەن و گۆرانیبێژی بەناوبانگی عەرەب محەمەد عەبدولوەهاب کۆچی دوایی کرد.

١٩٩١/٥/١٨

باکوری سۆمال سەربەخۆیی رادەگەیەنێ بە ناوی (سۆمالیلاند) هەرچەندە تا ئێستا کەس دانی پێدا نەناوە بەلام ئارامیی بەخۆوە بینیوە.

١٩٩١/٥/٢٠

سەرۆک وەزیرانی پێشوی هیند راجیف گاندی تیرۆر کرا. گاندی وەکو سەرۆکی حزبی کۆنگرەی هیندی لە دووەم رۆژی هەلمەتی هەلبژاردن لە ولایەتی تامیل لە رێگەی مینێکی چێندراوەوە تیرۆر دەکرێ.

١٩٩١/٥/٢٤

ئەریتێریا لە چنگ ئەسیوبیا رزگاری دەبێ و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٥/٢٨

کۆتایی هاتن بە شەڕی نێوان ئەریتێریا و ئەسیوبیا بەدانپێدانانی ئەسیوبیا بە سەربەخۆ ئەریتێریا.

١٩٩١/٦/٣

بڕیاری (٦٨٧)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو کە لەلایەن ئێراقەوە دژی کوێت و کوردستان بەکاری هێناوە بەسەر ئێراقدا سەپێندرا.




١٩٩١/٦/٤

هاوسەری پێشوی ماو تسی تونگ جیانگ کینگ **Jiang Qing** خۆی دەکوژێ.

١٩٩١/٦/٥

پەرلەمانی ئەفریکای باشور یاسای جیاکاری رەگەزی (ئەپارتایت) هەڵدەوەشێنێتەوە.

١٩٩١/٦/١٠



سەرۆکی باشوری ئەفریکا فریدریک ولیام دیکلیرک یاسایەک واژۆ دەکا کۆتایی بە سیاسەتی رەگەز پەرستی دێنێ و هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکرات ئەنجام دەدا.

١٩٩١/٦/٢٠

دوای یەکخستنەوەی هەردوو ئەڵمانیاکە پەرلەمان بە زۆرینەی ٣٣٦ بە ٣٢١ بریار لەسەر دیاری کردنی بەرلین دەدا وەکو پایتەختی ئەڵمانیا.

١٩٩١/٦/٢٥

یوگسلافیا و سلۆڤینیا و کرواتیا سەربەخۆیی خۆیان لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنن.

١٩٩١/٦/٢٧

دوای دوو رۆژ لە راگەیاندنی سەربەخۆیی هێزەکانی یۆگسلافیا هێرش دەکەنە سەر سلۆڤینیا

١٩٩١/٦/٢٨

هەلوەشاندنەوەی رێکخراوی ئەنجومەنی هاریکاری ئابور (کۆمیکۆن) کە لە ساڵی ١٩٤٩ دامەزرابوو لە یەکێتی سۆڤیەت (Comic-Con).




١٩٩١/٧/١

دوای کۆبونەوەی پراگ هاوپەیمانی وارشۆ **Warschauer Pakt** هەڵدەوەشێتەوە کە هاوپەیمانێتیەکی سەربازیی ولاتانی بلۆکی رۆژهەڵات بوو ، لە ١٩٥٥ دامەزرابوو وەکو بەرپەرچدانەوەیەکی هەرِەشەکانی هاوپەیمانی ناتۆ ، ئەم هاوپەیمانێتیە لە هەریەک لە

یەکێتی سۆڤیەت و ئەلبانیا و بولگاریا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و پۆڵەندا و چیکسلۆڤاکیا و ڕۆمانیا و هەنگاریا پێک هاتبوو.

١٩٩١/٧/٧

واژۆکردنی ڕێککەوتنی بریونی بە پێی ئەو ڕێککەوتنە کۆتایی بەو شەڕە هێنرا کە یوگسلاڤیا دژی سلوڤینیی ئەنجام دابوو لە ئەنجام. سەربەخۆیی بە سلۆڤینیا درا.

١٩٩١/٧/٩

گەڕانەوەی باشوری ئەفریکا بۆ لیژنەی ئۆلۆمپیی نێودەولەتی کە بەر لە ٣٠ ساڵ لێی دەرکرابوو.




١٩٩١/٧/١٠

دوای هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بۆریس یەلتسن Boris Yeltsin دەبێتە سەرۆکی روسیا.

١٩٩١/٧/١٨

جەنگی نێوان موریتانیا و سەنیگال لەسەر سنوری نێوانیان کۆتایی هات دوای ئەوەی لە ١٩٨٩ وە دەستی پێکردبوو.




١٩٩١/٧/١٨

کۆچی دوایی گۆرانیبێژی کورد حوسێن عەلی ، ناوبراو لە ١٩٥٢ لەدایک ببو.

١٩٩١/٨/٦



شاپور بەختیار دوایین سەرۆک وەزیرانی ئێرانی سەردەمی شا، لەماڵەکەی خۆیدا لە پاریس دەکوژرێ.

١٩٩١/٨/٩

کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی دەولەتانی ئیسلامی کە لە تورکیا بەسترا جەختیان لەسەر هێشتنەوەی گەمارۆ کرد لەسەر ئێراق.

١٩٩١/٨/١٩

لە مۆسکۆ جێگری سەرۆککۆمار گیاندی یانایيف کودەتا بەسەر میخائیل گوربا‌چۆفدا دەکا و لیژنەیەکی سەرۆکایەتی بەسەرپەرشتی خۆی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دادەمەزرێنێ، بەلام ئەوەندە نابا گۆرباچۆف دەگەرێتەوە سەر پۆستی سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت.

١٩٩١/٨/٢٠

ئستونیا سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٨/٢١

لاتفیا سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٨/٢٣

یەکێتی سۆڤیەت بڕیاری بە هەلوەشاندنەوەی دەزگای هەوالگری روسی **KGB** دەدا، پاش ئەوەی ئاشکەرا دەبێ لە پیلانی کودەتایەک تێوەگلاوە.

١٩٩١/٨/٢٤

ئۆکرانیا سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٨/٢٤

دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی میخائیل گۆرباچۆڤ لە پۆستەکەی.

١٩٩١/٨/٢٦

جەنگی دووەمی چیچانی دەستی پێکردەوە..

١٩٩١/٨/٢٧

مۆلداڤیا جیابوونەوەی خۆیی لەیەکێتی سۆڤێت ڕاگەیاندو وەکو وڵاتێکی خاوەن سەروەری.

١٩٩١/٨/٣٠

ئازەربایجان سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٨/٣١

قرغیستان و ئوزبەکستان سەربەخۆیی خۆیان لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنن.

١٩٩١/٩/٦

یەکێتی سۆڤیەت ناوی شاری لینینگراد **Leningrad** دەکاتەوە سانت پتروسگراد Saint Petersburgکە لە ١٩٢٤ گۆڕیبوی بۆ ئەو ناوە.

پێشتریش لە ١٩١٤ تا ١٩٢٤ پێیان دەووت پیترۆگراد **Saint Petrograd**

١٩٩١/٩/٨

مەکەدۆنیا سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٩/٩

تاجیکستان سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٩/١١

یەکێتی سۆڤیەتی بڕیاری کشاندنەوەی هێزکانی لە خاکی کوبا و وەستاندنی هاوکاریە ئابوریەکانی بۆ ئەو ولاتە دەدا.

١٩٩١/٩/١١

دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان **GKtv** کە کەنالێکی سەتەلایتی سەربە راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە.

١٩٩١/٩/١٦

کازاخستان سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٩/١٧

هەریەک لە کۆریای باکور و کۆریای باشور و ئستونیا و لاتفیا و دورگەی مارشال و ویلایەتەکانی میکرونیسیای یەکگرتوو دەبنە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان.

١٩٩١/٩/١٨

جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی گەیشتە سوریا و لەشاری دیمەشق لەگەڵ چەندین سەرکردەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان کۆبووەوە و بەشداریی لەپرۆسەی بەخاکسپاردنی (حافز ئەسەد)ی سەرۆکی سوریادا کرد.

١٩٩١/٩/٢١

ئەرمینیا سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنێ.

١٩٩١/٩/٢٦

کۆتایی هاتن بە جیابوونەوەی دەولەتان لە یەکێتی سۆڤیەت و لەسەر کەلاکەی ئەو ١٥ دەولەت دروست دەبن.

١٩٩١/١٠/١١




دەزگای هەوالگری سۆڤیەتی ناسراو بە ( KGB) هەلدەوەشێندرێتەوە کە لە ٢٠ی دیسەمبەری ١٩١٧ دامەزرابوو .

١٩٩١/١٠/٢٧

تورکمانستان سەربەخۆیی لە روسیا راگەیاند.

١٩٩١/١١/٦

دوای جێهێشتنی کوێت لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری ئێراقی بیرە نەوتیەکان گر تێبەردەدا، دوایین بیری نەوت لەم رۆژە دەکوژێندرێتەوە.

١٩٩٧/١١/٢١

بتروس بتروس غالی دەبێتە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان.

١٩٩٧/١١/٢٥

دوای هەلوەشانەوەی پەیماننامەی وارشۆ پەیوەندیی سەربازی لە نێوان هاوپەیمانەکانی نامێنێ.

١٩٩١/١٢/٨

دامەزراندنی یەکێتی دەولەتانی سەربەخۆ کە ١٥ دەولەتەکەی لە یەکێتی سۆڤیەتیی کۆن جیا بوونەوە دەیانگرێتەوە.

١٩٩١/١٢/١٦

هەلوەشاندنەوەی بریاری نەتەوە یەکگرتوەکان کە زایۆنیزمی یەکسان کردبوو لەگەڵ رەگەزپەرستی.



١٩٩١/١٢/٢٥

میخائیل گورباچوف وەکو سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە.

١٩٩١/١٢/٢٦

یەکێتی سۆڤیەت یەک رۆژ لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی گۆرباچۆف هەڵدەوەشێتەوە.

١٩٩١/١٢/٢٦

بەرەی ئیسلامی بۆ رزگاری لە هەلبژاردنەکانی جەزائیر زۆرینە بەدەست دێنێ بەلام رێگەی نادەن دەسەلات بگرێتە دەست.

١٩٩١/١٢/٢٧

روسیا لە شوێن یەکێتی سۆڤیەتیی هەلوەشاوە کورسیی ئەندامێتی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بەدەست دێنێ.

١٩٩٢/١/٢



پەتروس پەتروس غالی دەبێتە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەمەش یەکەم عەرەب دەبێ ئەم پۆستە بگرێتە دەست.

١٩٩٢/١/٦

لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازیدا ئەدوارد شیڤەر نادزێ دەبێتە سەرۆککۆماری جۆرجیا و سەرۆکەکۆنەکەش زفیاد جامساخوردیا رادەکاتە دەرەوەی ولات.

١٩٩٢/١/٩

کۆماری سربی بۆسنە جودابوونی خۆی لە بۆسنەو هرسک رادەگەیەنێ، هەرچەندە بۆشناق و کروات و بۆسنەو هرسک نارازی دەبن.



١٩٩٢/١/١١

شازلی بن جدید سەرۆکی جەزائیر دەست لە پۆستەکەی هەلدەگرێ لە سەرۆکایەتی جەزائیر.

١٩٩٢/١/١١

ئەنجومەنی بالآی ئاسایش لە جەزائیر خولی دووەمی هەلبژاردنەکانی گشتی لە جەزائیر رەت دەکاتەوە کە لە خولی یەکەمیدا بەرەی ئیسلامی بۆ رزگاری تیایدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

١٩٩٢/١/١٢

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەلایەن یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە دەردەچێ.

١٩٩٢/١/١٣

ژاپۆن داوای بوردن لە کۆریا دەکا بۆ ئەو دەستدرێژیە سکسیانەی کە سەربازەکانیان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی کردویانەتە سەر ژنەکانیان.

١٩٩٢/١/١٦

کۆتایی هاتن بە شەڕی ناوەخۆی سلفادۆر کە لە ١٩٧٩/١٠/١٥ دەستی پێکردبوو.

١٩٩٢/١/٢٧

بەستنی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە سلێمانی، بەلام لە یەکەمین رۆژی کۆنگرە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی( عومەر دەبابە) لەناو هۆلی کۆنگرە کۆچی دوایی دەکا بەو هۆیەوە دوو رۆژ دوادەخرێ ، بۆ تەواوکردنی هۆلی کۆنگرەکە دەبەنەوە هەولێر، لەو کۆنگرە بڕیار لەسەر یەکخستنی هەرسێ باڵەکەی ناو یەکێتی درا کە بریتی بوون لە ( کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هێلی گشتی) هەرسێکیان لە ناو هەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا توێندرانەوە.

١٩٩٢/١/٢٨

هیند بە فەرمی پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەل ئیسرائیل دەبەستێ.

١٩٩٢/٢/٧

واژۆکردنی پەیمانی ماستریخت تایبەت بە (یەکێتی ئەوروپی).

١٩٩٢/٢/١٣

لەناوچونی دەولەتی مەنگۆلیای میللی کە دەولەتێکی مارکسی بوو لە ١٩٢٤/١١/١٦ دامەزرابوو.

١٩٩٢/٢/٢٥

لە کێشەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیادا لەسەر هەرێمی ناکۆرنۆ کەرەباغ کە لە ئەسلدا ناوچەیەکی کوردیە دەکەوێتە نێوان هەردووکیان و کێشەیان لەسەری دروست کردوە لەم جارەیان ٧٠٠ کەس لە ئازەریەکان دەکوژرێن گوایە لە خەلکی سڤیلی بوون. دواجار ئەم کێشە سەر هەڵدەداتەوە بە پشتگیری و هاندانی دەولەتی تورکی بۆ ئازەربایجان.

١٩٩٢/٢/٢٨

سوپای بەعس هێرشێکی فراوانی بۆ ناوچەکانی خەبات و کەڵەکی سەر بەپارێزگای هەولێر ئەنجامدا، بەڵام هێزی پێشمەرگە بەتوندی بەرپەرچی دایەوە و هێرشەکە تێکشکێنرا.

١٩٩٢/٣/٢

روودانی شەڕی ترانسنیستریا تا ١٩٩٢/٥/٢١ دەخایەنێ ئەم شەڕە لە نێوان حکومەتی مۆلدافیا و شۆڕشگێرانی ترانسنیستریا بوو.

۱۹۹۲/۳/۲

هەریەک لە ولاتانی ئەرمینیا و ئازەربایجان و کازاخستان و قرغیزستان و مولدوفیا و سان مارینۆ و تاجیکستان و تورکمانستان و ئوزبەکستان دوای جیا بوونەوەیان لە یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە بوون بە ئەندام لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.

۱۹۹۲/۳/۱۷

راپرسی لە ئەفریکای باشوور لە نێو توێژی سپی پێستەکان لەسەر حوکمرانی ئەنجامەکانی بەم شێوە هاتنەوە ٦٨% ی سپی پێستەکان لە دژی حوکمی ئەپارتایت دەنگیان دا واتە دەنگیان بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە رەگەزپەرستیەدا کە دواتر لەتشرینی دووەمی ۱۹۹۳ لە دەستور یەکسانی جێبەجێگیر دەکرێ.

۱۹۹۲/۳/۲۸

رۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ یەکەمجار پاشکۆیەکی بەناوی (ئەدەبو هونەر) بڵاوکردەوە، کە تایبەت بوو بەگرنگیدان بەبوارەکانی ئەدەبو هونەر.

۱۹۹۲/٤/٥

یەکگرتنی هەردوو حزبی سۆسیالیست و پاسۆک.

۱۹۹۲/٤/٦

سەرەتای شەڕی بۆسنەو هرسک. لە ١٤ /۱۹۹٥/۱۲ کۆتایی بەم شەڕە دێت.



۱۹۹۲/٤/٦

دەولەتانی یەکێتی ئەوروپی بە فەرمی دان بە سەربەخۆیی بۆسنە وهرسکدا*Bosna i Hercegovina* دەنێن.

۱۹۹۲/٤/۱۷

دوای تەواو بونی شەڕی کەنداوو رزگارکردنی کوێت ، لەم رۆژە سنورەکانی نێوانی ئەم دوو دەولەتە کێشراو جێگیر کرا.

١٩٩٢/٤/٢٥

بەشی کوردی لە رادیۆی دەنگی ئەمریکا کرایەوە.

١٩٩٢/٤/٢٥

هێزەکانی بەعس هێرشیان کردە سەر گوندەکانی (خالّۆ بازیانی و حسێن ئیسلام)و هەردوو گوندەکەیان سوتاند، سەرجەم مەڕومالاّتو پێداویستیەکانیشیان بەتالاّن بردن.

١٩٩٢/٥/١

یەکگرتنی رێکخراوی ئالای شۆڕش بە سەرۆکایەتی مەلا بەختیار و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی قادر عەزیز.

١٩٩٢/٥/١٦

ئەمینداری گشتیی حزباللە عەباس ئەلموسەوی بە فرۆکەیەکی ئیسرائیلی دەکوژرێ.

١٩٩٢/٥/١٩

ئەنجامدانی یەکەمین هەلبژاردنی ئازاد لە هەرێمی کوردستان دوای راپەڕینی خەلکی کوردستان لە ١٩٩١.

١٩٩٢/٥/٢٥

یاریزانێکی (کاراتێ)ی سودانی (هاشم بەدرەدین لە ئۆتاوای کەنەدا دەستدرێژی دەکاتە سەر سیاسەتمەداری سودانی حەسەن ئەلتورابی).

١٩٩٢/٦/٤

دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای راپەڕین ، لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٩٩٢/٦/١٣

نوسەرو خەباتگێڕی کورد خاتوو (ڕەوشەن بەدرخان) کۆچی دوایی کرد.



١٩٩٢/٦/١٩

شەری کروات و بۆسنە دەستی پێکرد ئەم شەڕە تا ١٩٩٤/٢/٢٣ درێژەی دەبێ.

١٩٩٢/٦/٢٩

سەرۆکی جەزائیر محەمەد بوزیاف دوای ١٦٦ رۆژ لە گرتنەدەستی پۆستی سەرۆکی جەزائیر لە عەنابە کە بۆ بۆنەیەکی فەرمی ئامادە دەبێ تیرۆر دەکرێ.

١٩٩٢/٧/٦

هەوڵی تیرۆرکردنی مەدام میتێران لە شارۆچکەی عەربەت لە باشوری کوردستان لە کاتی سەردانیی بۆ کوردستان بۆ پشتگیری کردنی لە دۆزی کورد، هەرچەندە خۆشبەختانە خۆی نەجاتی بوو بەلام لە ئەنجامی ئەو تەقینەوە کە گرووپە توندرەوەکانی ئیسلامی بۆیان دانابۆوە سێ ێشمەرگە بوونە قوربانی (باپیر گۆمەشینی و وەستا عەبدوالله کانەبی شەریف و کاکەسامی خانەقینی) و چواریش بریندار بوون.

١٩٩٢/٧/١٠

حوکمدانی سەرۆکی پەنەما (دانیال نوریێگا) بە ٤٠ ساڵ زیندانیکردن لە (میامیی ) ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بە تۆمەتی گەندەڵی و بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان. ئەمەش یەکەمین دادگایی ئەمریکایە کە دادگای سەرۆکی دەولەتێکی بێگانە لە سەرخاکی ئەمریکا بکا.

١٩٩٢/٧/١٣

ئیسحاق رابین بۆ جاری دووەم دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل.

١٩٩٢/٨/١٤

سەرەتای جەنگی ئەبخازیا، درێژەی دەبێ تا ١٩٩٣/٩/٢٧ ئەم شەڕە لە نێوان حکومەتی جۆرجیا و ئەبخازیە جوداخوازەکان روویدا.

١٩٩٢/٨/٣١


پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ١١ی دەرکرد، بەگوێرەی یاساکەش هەموو یاسا و بڕیارەکانی رژێمی بەعس و حکومەتی ئێراق پووچەڵ کرانەوە، کە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بوون.

١٩٩٢/٩/١

دوای جیابوونەوەی سلۆڤاکیا و چیک ، دەستوری سلۆڤاکیا بە فەرمی دانی پێدانرا و لە ١٩٩٣/١/١ بەدواوە دەکەوێتە بواری کارپێکردنەوە.

١٩٩٢/٩/٣

پەرلەمانی کوردستان پرسی فیدرالیەتی بۆ هەرێمی کوردستانی پەسند کرد.






١٩٩٢/٩/١٧

لەچێشتخانەی میکۆنۆس MyKONOS لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا، لەلایەن دەستێکی ڕەشەوە هێرشکرایە سەر، وەفدێکی باڵای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە بەشداریی کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالیان کردبوو، بەو هۆیەشەوە هەریەکە لە (د. سادق شەرەفکەندی) سکرتێری حزبو (فەتاح عەبدالی)ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و (هومایۆن ئەردەڵان) نوێنەری حزبی دیموکرات لەئەڵمانیا و (حسێن دەهکردی)ی دۆستی گەلی کورد گیانیان لەدەستدا.

١٩٩٢/٩/٢٠

شەهید کردنی رۆژنامەنوسی کورد موسا عەنتەر لە شاری دیار بەکر لەلایەن تورکەکانەوە لەکاتێکا بەرێوەبوو بوو شوێنی چالاکی ڤیستیڤاڵێکی کەلتوری کوردی.

١٩٩٢/١٠/٤

پەرلەمانی کوردستان سیستەمی فیدرالی بۆ هەرێمی کوردستان راگەیاند.

١٩٩٢/١٠/٢٤

دەرچونی ژمارەی یەکی رۆژنامەی (الاتحاد) زمانحالی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە عەرەبی.

١٩٩٢/١٠/٣١

فاتيكان لە هەلوێستی پاشگەز دەبێتەوە کە سەرزەنشتی گالیلۆی کردبوو بەوەی گوتبوی زەوی خرە.

١٩٩٢/١١/٣

بیل کلنتۆن لە هەلبژاردنەکاندا بەسەر جۆرج بۆشدا سەردەکەوێ و دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا.

١٩٩٢/١١/٢١

پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٢ی دەرکرد، کە تایبەت بوو بەوەزارەتی داد.

١٩٩٢/١١/٢٥

دوای راپرسیەکی میللی دەولەتی چیکسلۆڤاکیا بۆ دوو دەولەتی لەیەک جیابوو دابەش دەبێ ئەمانیش چیک و سلۆڤاکیا. کە لە ١٩٩٣/١/١ وە کاری پێبکرێ.

١٩٩٢/١١/٢٦

دەرچونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری( پەرلەمان). لە هەولێر.

١٩٩٢/١٢/٣

دوای ئەوەی حکومەتی سیاد بەری لە سۆمال بونی نامێنێ. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی رەزامەندی دەدات هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بچێتە سۆمال بۆ راگرتنی شەڕی ناوەخۆی ئەو ولاتە .

١٩٩٢/١٢/٢٩

رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعدە یەکەم کردەی تیرۆریستیان لە عەدەن ئەنجام دەدەن لە ئوتێل موفنیک و لە پارکێکی وەستانی ئۆتۆمبێل هی ئوتێل گولد موهر.

١٩٩٣/١/١

لە رێگەی ئەنجام دانی رایفراندۆمێکدا، دەولەتی چیکسلۆڤاکیا هەلدەوەشێتەوە دەبێتە دوو دەولەتی (چیک، سلۆڤاکیا) لەم رۆژەشدا کار بەو بڕیارە دەکرێ کە لە ئەنجامی راپرسیەکەی ١٩٩٢/١١/٢٥ ئەنجام درابوو.



١٩٩٣/١/٣

بۆریس یەلتسن ی Boris Yeltsin سەرۆکی روسیا و بۆشی باوک سەرۆکی ئەمریکا لە مۆسکۆ واژۆ لەسەر رێککەوتنی (ساڵت ٢) دەکەن تایبەت بە سنوردار کردنی چەکی ستارتیژیی هێرشبەر.

١٩٩٣/٢/٥

دامەزراندنی پارتی سەربەخۆیی کوردستان.

١٩٩٣/٣/٢٨

لەنەمسا کۆمیتەی بەرگری مافی مرۆڤ لەکوردستان پێکهێنرا.

١٩٩٣/٤/٨

مەکەدۆنیا دوای سەربەخۆ بوون و جودابونی لە یوگسلافیا دەبێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان.



١٩٩٣/٤/١٧

سەرۆکی تورکیا تۆرگۆت ئوزال بە پیلانێک لەنا وبردرا و بە گوتەی فەرمی ئەو ولاتە بە مردنی خۆی مردوە. دوای ئەو سەرۆکی پەرلەمان پۆلات کینددوروک بە شێوەیەکی کاتی جێگەی دەگرێتەوە.

١٩٩٣/٤/٢٤

کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان دا سوێندی یاسایی خوارد.

١٩٩٣/٤/٢٥

پەرلەمانی کوردستان (باشوری کوردستان) یاسای ژمارە ١٠ی دەرکرد، کە تایبەت بوو بەکاری ڕۆژنامەگەریو چاپەمەنی لەباشوری کوردستان.

١٩٩٣/٤/٢٧

لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەی یاریزانەکانی هەلبژکاردەی زامبیا هەموویان دەمرن، گەشتی فرۆکەکە لە گابۆنەوە دەچووە سەنیگال.

١٩٩٣/٤/٢٨

بۆ یەکەمین جار هێلی ئاسمانی ئەمریکی ڕێگە دەدا ژنێک فرۆکەیان هەلفرێنێ.

١٩٩٣/٥/١٦

سلێمان دیمیرێل بە سەرۆککۆماری تورکیا دێتە هەلبژاردن.



١٩٩٣/٥/٢٦

تیرۆر کردنی رەئوف کامل ئاکرەیی سکرتێری رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەران لە دهۆک لە بەردەرگای مالەکەیان.

١٩٩٣/٥/٢٨

ئەریتێریا دەبێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان.



١٩٩٣/٦/١٣

هاشمی رەفسەنجانی جارێکی دیکەش بە سەرۆکی ئێران دێتە هەڵبژاردن.

۱۹۹۳/٦/۱۸

بەستنی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان-ئێراق لە شاری هەولێر، ئەندامانی لە ئەندامانی جیابوەوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراق بوون.

۱۹۹۳/۷/۲٤

باڵێکی ناو حزبی زەحمەتکێشان بەناوی پەیرەوی یەکگرتن کە گروپەکەی مەلا بەختیار بوون چونەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەم گروپە پێشتر بەناوی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ زەحمەتکێشان یەکیان گرتبوو بەلام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا دووبارە چوونەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ۱۹۸۵ لێی جیا ببوونەوە .

۱۹۹۳/۷/۲٦

راگەیاندنی دامەزراندنی (پارتی یەکگرتووی کوردستان) کە پێک هاتبوو لە یەکگرتنی پارتی گەلی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک.

۱۹۹۳/۸/۹

شازادە ئەلبیر دەبێتە پادشای بەلژیک بەناوی ئەلبیری دووەم.

۱۹۹۳/۸/۱٥

دامەزراندنی پارتی رزگاری کلوردستان.



۱۹۹۳/۹/۱۲

لەم رۆژەدا مۆسیکژەن و ئاوازدانەری عەرەبی بەلیغ حەمدی کۆچی دواییکرد.

۱۹۹۳/۹/۱۳



ئیسحاق رابین ویاسر عەرەفات لە ئۆسلۆ ریکدەکەون لەسەر پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە فەلەستینیەکان. ئەم رێککەوتنە بەناوی رێککەوتنی ئۆسلۆ دێتە ناسین.

١٩٩٣/٩/٣٠

لە بومەلەرزەیەکدا لە باشوری رۆژئاوای هیند لە هەرێمی ماهاراشترا کە بە پلەی ٦.٤ ی بە پێوەری ریختەر بوو ٢٠ هەزار کەس دەبنە قوربانی.

١٩٩٣/١٠/٤

سوپای روسی بە فەرمانی بوریس یەلتسن Boris Yeltsin ، هێرش دەکاتە سەر پەرلەمان و بە هاون لێی دەدا و چەند سەرکردەیەکی دەستگیر دەکا.

١٩٩٣/١١/١

کارکردن بە پەیماننامەی ماستریخت کە چەند دەولەتێکی ئەوروپی بەشدار بوون ئەم پەیماننامەیە دەبێتە ناوکی دامەزراندنی رێکخراوی یەکێتی ئەوروپی.

١٩٩٣/١٢/١٥

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا جۆن میجەر و سەرۆک وەزیرانی ئیرلەندای باکوور ئەلبیرت رینولدز بەیاننامەیەکی هاوبەش دەردەکەن کە هاولاتیانی ئیرلەندای باکوور مافی چارەی خۆنوسینیان هەبێ.

١٩٩٣/١٢/١٧

شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە سەرتاسەری کوردستان دەگرێتەوە و ئەنجامەکەی ئیسلامیەکان لە ئێران دەکرێنەوە پاش لێکەوتنی کوشتارێکی زۆر لە هەردووک لایەن .

١٩٩٣/١٢/٢٢

دوای ئەوەی نیلسون مانديلا **Nilson Mandela** لە زیندان ئازاد دەکرێ و لە هەڵبژاردنێکی ئازادا رەشپێستەکان (پارتی کۆنگرە)ی نیلسون مانديلا دەسەلات دەگرێتە دەست .

لەرۆژەشدایەکەم دەستوری یەکسانی دوور لە رەگەز پەرستی لە باشور ئەفریکا پەسند دەکرێ.

١٩٩٤/١/٢٨

فرۆکە جەنگیەکانی رژێمی تورک ناوچەکانی زەلێ و نۆکان و شێنێ بۆردومان دەکەن بە بیانوی بونی هێزەکانی **PKK** بەو هۆیەوە ٢٢ هاولاتیی ئەو گوندانە شەهید دەکرێن.

١٩٩٤/٢/٢٣

کۆتایی هاتن بە شەڕی کروات و بۆسنەکە لە ١٩٩٢/٦/١٩ دەستی پێکردبوو.

١٩٩٤/٢/٢٦

شاعیری ناوداری کورد (محەمەد عەلی محەمەد حاجی مستەفای قوربانی) ناسراو بە مەدهۆش کۆچی دوایی دەکا و لە سلێمانی دەنێژرێ .

مەدهۆش لە سلێمانی لە ١٩١٩ لەدایک دەبێ خاوەنی زیاتر لە یانزە کتێبی چاپکراوە.

١٩٩٤/٣/١٢

پۆلۆنیا و چیک و هەنگاریا دەبنە ئەندام لە هاوپەیمانی باکوری ئەتلەسی **NATO** .

١٩٩٤/٣/٢٢

تیرۆر کردنی کاندیدی سەرۆکایەتی مەکسیک (لوید دونالدو کولوسیو).

١٩٩٤/٣/٢٦

کوێت ژنی سەرپۆش بە (منقبە) لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل قەدەغە دەکات.

١٩٩٤/٤/٦

روداوەکانی روەندا لە نێوان توتسی و هۆتۆ .



ئەم دوو گەلە لە دەریاچە مەزنەکانی ئەفریکا دەژین لە هەردوو ولاتی روەنداو بۆرۆندی ، توتسیەکان ژمارەیان ٢،٥ دوو ملیۆن و نیو دەبن زۆرینەیان کریستین کاسۆلیکن هەندێکیشیان موسلمانن، رێژەی دانیشتوانی توتسیەکان لە روەندا ١٥٪ دەبن ، بەلام هۆتۆکان ٨٥٪ دەبن ، بەهۆی کەمی ژمارەیان لەلایەن هۆتۆکانەوە لە روەندا رووبەرووی کۆکوژی و هەلمەتێکی لەناوبردن دەبن کە بە سەدان هەزاریان لێدەکوژرێن ، گەرمەی ئەم رووداوانە لەم رۆژەدا دەبێ .



١٩٩٤/٤/١٨

هێزەکانی حکومەتی لوبنانی فەرماندەی هێزەکانی لوبنان ( سەمیر جەعجەع) دەستگیر دەکەن.

١٩٩٤/٤/٢٦

باشوری ئەفریکا هەڵبژاردن ئەنجام دەدا بۆ یەکەمین جار دەبێ رەشپێست و سپیپێستەکان بەیەکەوە دەنگ بدەن.

١٩٩٤/٤/٢٧

شەڕی ناوەخۆی یەمەنی لە ئەنجامی ئەوەی عەلی عەبدولا سالح سەرۆکی یەمەن دژی حزبی سۆسیالیستی یەمەنی شەڕ رادەگەیەنێ دواجار عەلی سالم بیز بەهۆیەوە جودابونەوە لە یەمەنی یەکگرتوو رادەگەیەنێ.

١٩٩٤/٥/٢

بەهۆی ڕوودانی شەڕێك لەنێوان ژمارەیەك هاوڵاتی شارۆچکەی قەڵادزێ لەسەر زەوی و دوکان دەبێتە ١٩ کەس کوژران، ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوەخۆ لەباشوری کوردستان لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دواتر کلپەی شەر سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوەو تا ١٩٩٨ درێژەی دایە ، تا بە میانگێڕی ئەمریکا و بەتەواوەتیش مادلین ئۆلبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەو شەڕە دەوەستێ .

ئەم شەڕە وێرای مالوێرانی و کوشتارێکی زۆری ناوەخۆ زیانێکی ستراتیژیی زۆری لە کورددا لە سەروی هەموویانەوە لەدەست دانی پشتگیری دۆستە دەرەکیەکانمان و ون بوونی ستراتیژیەتی گەلی کورد لە پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆیی کوردی.

وەکو یەکەم هەنگاو و دیاردەی ئەو زیانانە حکومەتی هەرێم کە تازە دامەزرابوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەبێتە دوو حکومەتۆکەی زۆنی سەوز و زەرد.

١٩٩٤/٥/٤

ئیسحاق رابین و یاسر عەرەفات لەسەر پێدانی ئەریحا و کەرتی غەزە بە دەسەلاتی فەلەستینی رێکدەکەون.

١٩٩٤/٥/٥

لە میانی شەڕی براکوژی لە باشوری کوردستان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەسیف کۆمیتەی یەکێتی دەستی بەسەردا دەگیرێ و ژمارەی ١٣ پێشمەرگەی یەکێتی کۆکوژ دەکرێن کە هەموویان خەلکی ئەم شارۆچکەیە بوون.

١٩٩٤/٥/٦

تەواو بوونی تونێلی ئاوی (مانش **Manche**) لە نێوان بەریتانیا و فرەنسا.

تونێلەکە ٥٠،٥ کم درێژ دەبێ کە بە هێلی شەمەندەفەر فرەنسا و بەریتانیای لەیەک بەستۆتەوە، ئەم تونێلە لە مانگی دیسەمبەری ١٩٨٧ دەست پێکراوە و لەم رۆژەدا دوای تەواوبوونی خراوەتە کار.

١٩٩٤/٥/١٠



نیلسۆن ماندێلا **Nlson Mandela**دەبێتە یەکەمین سەرۆککۆماری رەشپێست لە باشوری ئەفریکا.

ماندیلا کە سەرۆکی حزبی کۆنگرە بوو ماوەی ٢٧ ساڵ لە زیندانی سپی پێستەکان ژیان دەباتە سەر دوای ئازاد بوونی دەست بە پرۆژەی پێکەوەژیان و یەکسانی دەکا دژی سیستەمی ئەپارتایدی سپیپێستەکان.

١٩٩٤/٥/١٢

کۆتاییهاتنی شەری ناکۆرنۆ کەرەباغ لە نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان بە شێوەیەکی کاتی.

١٩٩٤/٦/١٣

لە میانی شەڕی براکوژی لە باشوری کوردستان لەنزیك شارۆچکەی پێنجوێنی سەر بەپارێزگای سلێمانی، هێزەکانی یەکێتیو پارتی بەگژ یەکداچوون، بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لەهەردوولا گیانیان لەدەستدا، لەدیارترینیان فەرماندەی پارتی (عوسمانی قالە منەوەر) بوو.

١٩٩٤/٧/٢

کوشتنی یاریزانی کۆلۆمبی بۆ تۆپی پێ (ئەندریس ئسکوبار) لە شاری مەدلینی کۆلۆمبی لەلایەن مافیای کۆلۆمبیەوە چونکە گۆلێکی بەهەلە لە تیپی خۆیانی کردوە و بەو هۆکارە تیپەکەیان لە کاسی جیهانیی ١٩٩٤ دەردەکرێ کە لە ئەمریکا ئەنجام دەدرا.



١٩٩٤/٧/٦

کیم ئیل سۆنگ Kim Il-sung سەرۆکی کۆریای باکور کۆچی دوایی دەکا. ناوبراو سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی کۆریای باکووری دیموکراتی بوو .

خۆی لە ١٥ی نیسانی ١٩١٢ لە باشوری کۆریا دایک ببو لە شاری (مانگیوندا) کە ئەوکات سەربە کۆریای ژاپۆنی بوو.

١٩٩٤/٧/٧

هێزەکانی حکومەتی یەمەن دەچنە ناو عەدەن بۆ شکست پێهێنانی هەولەکانی هەلوەشاندنەوەی یەکگرتنی هەردوو یەمەنی باکور و باشور.

١٩٩٤/٧/١٦

یەکەم دانیشتن بۆ ئەنجامدانی رێککەوتن نامەی پاریس لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە میانگێڕی فرەنسا.

شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی فرەنسا کۆدەبنەوە بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوەخۆ کە ماوەی دوو مانگ بوو هەلگیرسابوو لەوکات ئاگربەست بوو.

کۆبوونەوەکە ٦ رۆژ دەخایەنێ لە ٢٢ی تەموز واژۆ دەکرێ هەرچەندە بڕیاری باش درابوون بەلام بەهۆی ئەوەی تورکیا لە ناوەڕۆکی رێککەوتنەکە ئاگادار کراوەتەوە پرۆسەکە لەلایەن تورکیاوە لە بەینبرا.

١٩٩٤/٧/٢٠

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل شەمعون پیریز سەردانی ئوردن دەکا و ئەمەش یەکەمین سەردانی بەرپرسی بالای یئسرائیلی لەم ئاستەیە بۆ ئوردن.



١٩٩٤/٧/٢١

تۆنی بلێر Tony Blair بە سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیی دێتە هەرلبژاردن.



١٩٩٤/٨/١٣

تیرۆریست کارلوس کە ناوی تەواوی (ئیلییتش رامیریز سانشیز )ە رەگەزنامەی فەنزویلی هەیە لەم رۆژە بەهۆی تاوانەکانیەوە لە سودان دەستگیر دەکرێ. خۆی لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٩ لەدایک دەبێ،بەهۆی ئیسلام بونیەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرسی فەلەستینی بەو ئەگەرەوە دەبێتە ئەندام لە بەرەی میلی رزگاری فەلەستین، ژمارەیەک چالاکی بۆ ئەم بوارە ئەنجام دەدا لەو چالاکیانە لە ساڵی ١٩٧٥ لەکاتی کۆبوونەوەی نوێنەرانی ولاتانی ئەندام لە رێکخراوی ئۆپک لە ڤیەننا بە بارمتە هەمویان دەگرێ کە ٧٠ کەس دەبوون لە نێویاندا ١١ وەزیری نەوت بوون توانیی لەژێر هەرەشەی کۆکوژیاندا هەمویان بگوازێتەوە جەزائیر دوای ئەوەی هەندێکیان دەکوژێ، بۆیە ئەنتەر پۆل بەدوایەوە دەبێ تا لە سودان دەستگیری دەکەن و دەیدەنە دادگا بە سزای هەتاهەتایی حوکم دەدرێ.

١٩٩٤/٨/٢٩



پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی هەریەکە لە (جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی) کۆبووەوە، بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕی براکوژی، کە ماوەیەك بوو لەباشوری کوردستان لەنێوان هێزەکانی یەکێتیو پارتیدا بەرپا ببوو.

١٩٩٤/٨/٣١

سوپای کۆماریی ئیرلەندی کە هەولدەدا بۆ یەکخستنی دورگەی ئیرلەندی لە ماوەی ٢٥ ساڵدا بۆ یەکەمین جار رازی دەبێ لەسەر راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازیی.

١٩٩٤/٩/١١

سەرەتای شەڕی یەکەمی شیشانی ئەم شەڕە لە ١٩٩٦/٨/٣١ کۆتایی دێت.

١٩٩٤/١٠/٢

تونس و ئیسرائیل رێک دەکەون لەسەر کردنەوەی نوسینگەی هەریەکەیان لە ولاتی ئەویتر.

١٩٩٤/١٠/٤

فرۆکەیەکی گواستنەوەی ئیسرائیلی بە بارەوە لە ئایندهۆڤنی **Eindhoven** لە هۆلەندا دەکەوێتە خوارەوە کە مادەی کیمیاویی بارکردبوو .

ئەم مادەیە بۆ دروست کردنی (سارین) ی ژەهراوی بەکار دەهات لەم روداوە ٤٨ کەس گیان لەدەست دەدەن وێرای ئەوەی مشتومرێکی زۆریش لەسەر سەرچاوەی ماددەکە و ئاراستەی دەنرێتەوە کە هەریەک لە ئیسرائیل و هۆلەندا دەستیان لەو کارەدا هەبووە.



١٩٩٤/١٠/١٤

خەلاتی نۆبل بە هەریەک لە یاسر عەرەفات و ئیسحاق رابین و شەمعون پیرس بەخشرا لە بڕی هەولەکانیان بۆ دابین کردنی ئاشتی لە ناوچەکە و چارەسەری پرسی فەلەستین.

١٩٩٤/١٠/٢١

ئەمریکا و کۆریای باکور رێککەوتنێک لە ژنیف واژۆ دەکەن کە رێگە بە کۆریا بدا وزەی ئەتۆمی تەنها بۆ مەبەستەکانی مەدەنی بەکار بێنێ.

١٩٩٤/١٠/٢٦

واژۆکردنی رێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و ئوردن بەناوی رێککەوتنی (وادی عەرەبە).

١٩٩٤/١١/٢٨

ریفراندۆمێکی گشتی لە سوێد لەسەر چونەناوەوەی یەکێتی ئەوروپا ، ئەنجامەکەی بە نەخێر هاتەوە.

١٩٩٤/١٢/٣

ژاپۆن یەکەمین ئامێری (پلای ستێشن) دەخاتە بازار بۆ فرۆشتن.


١٩٩٥/١/١

سوێد و نەمسا و فنلەندا دەبنە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپی.

١٩٩٥/٢/٢٧

تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو لە زاخۆ بوە هۆی کوشتنی ٧٥ هاولاتیی بێگوناه. ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە هەولێر بوو پارتیش تۆمەتەکەی خستە پاڵ یەکێتی بەلام تا ئێستاش ئاشکەرا نەبوە کێ لە پشتیەوە بووە.

١٩٩٥/٣/٢٦



واژۆکردنی رێککەوتننامەی شنگن Schengen Are لە نێوان ولاتانی ئەوروپی . لەم کاتەدا ئەم هاوپەیمانێتیە لە ٢٦ دەولەت پێکهاتوە کە چواریان ئەندام نین لە یەکێتی ئەوروپی دەولەتە ئەندامەکان بریتین لە ( نەمسا، بەلژیک، چیک، ئەلمانیا،دانمارک، ئستونیا ،فرەنسا،یونان، مەجەر، ئایسلەندا،ئیتالیا ، لاتفیا ، لینخشتاین، لیتوانیا، لوکسەمبورگ، مالتا، هولەندا، نەرویژ، پۆلەندا، پۆرتوگال، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوێد، سویسرا)

١٩٩٥/٣/٢٧

لە میانی شەڕی براکوژی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەلاری پەرلەمانی کوردستانیان لەناو شاری هەولێر کۆنترۆڵ کرد.

١٩٩٥/٣/٢٨

پاش وەستاندنی شەڕی براکوژی لە باشوری کوردستان جارێکی دیکە هێزەکانی پارتیو یەکێتی لەچەند شوێنێك پەلاماری یەکتریان دایەوە، بەو شێوەیەش خولی دووەمی شەڕی براکوژی لەباشوری کوردستان دەستی پێکردەوە.

١٩٩٥/٤/٩

تەقینەوەی شاری ئۆکلاهۆما سیتی لە ئەمریکا کە بوە هۆی کوشتنی ١٦٨ کەس و برینداربوونی ٦٨٠ کەس.

١٩٩٥/٤/١٤

نەتەوە یەکگرتوەکان بریاری ژمارە٩٨٦ دەردەکات تایبەت بە نەوت بەرانبەر بە خۆراک بۆ گەلی ئێراق.



١٩٩٥/٤/١٩

روداوەکەی ئۆکلاهۆما سیتی کە بنایەکی حکومەتی ئەمریکی لەو شارە تەقیەوە لە ئەنجام ١٦٨ کەس دەکوژرێن، دوای لێکۆلینەوە تیری نیکونز تۆمەتبار دەکرێ بۆ ئەم کردە تیرۆرستیە و زیندانی هەتاهەتایی دەکرێ و جێبەجێکاری کردەکەش تیموثی ماکفا بە دەرزی دەکوژرێ کە حوکمی لەناوبردنی بەسەردا سەپێندرابوو.

١٩٩٥/٤/٢٤

لە هەولێر بەرەی تورکمانی ئێراق دادەمەزرێ.

١٩٩٥/٥/١٧

جاک شیراک لە شوێن فرانسوا میتێران دەبێتە سەرۆککۆماری فرەسنا.

١٩٩٥/٥/٢٨

وەزیری دەرەوەی بوسنەو هرسک ( عرفان لیوبیانکیچ ) بە خستنەخوارەوەی فرۆکەکەی لەلایەن سربەکانەوە دەکوژرێ.

١٩٩٥/٥/٢٨

کۆچی دوایی گۆرانیبێژی کورد تەحسین تەها لە شاری نایمێخن لە هۆلەندا. کە بۆ وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی روی لە هەندەران کردبوو.

١٩٩٥/٦/٨

رژێمی تورکیای راسیست داوا دەکا فەتوایەك دژی وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی دەربکەن؛ گوایە لەبەرئەوەی زمانی کوردی لەو ولاتەدا قەدەغەیە.

١٩٩٥/٦/٢٦

سەرۆکی میسر حوسنی موبارەک لە ئەدیس ئەبابەی پایتەختی ئەسیوبیا رووبەڕووی هەولێکی تیرۆرکردن دەبێتەوە کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی لوتکەی ئەفریکی چوبوە ئەوێ.



١٩٩٥/٧/١١

كوشتارگەری سربرنیتچا کە دژی موسلمانە بۆسنی و هرسکیەکان لە یۆگسلافیا بە فەرماندەیی راتکۆ میلادیچ ئەنجامدرا بە سەدان هاولاتیی سڤیل لەسەردەستی سوپای یوگسلافیی و میلیشیاکانی سربی کۆکوژ کران.

١٩٩٥/٨/١٢

وەزیری پیشەسازیی سەربازیی ئێراق حوسێن کامل و براکەی سەدام کامل کە هەردووکیان زاوای سەدام بوون لێی جیا دەبنەوە و رادەکەنە ئوردن خۆیان و سەرجەم خانەوادەکانیان بە هەردوو کچەکەی سەدامیشەوە (رەغد و رەنا).

١٩٩٥/٩/٢١

( عەبدوڵلا ئۆجەلان)ی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکلایەنە شەڕی لەدژی دەوڵەتی تورکیا وەستاند، بەڵام حکومەتی ئەنکەرە گوێی بەوە نەداو لەهێرش‌و پەلامارەکانی بۆ سەر کورد بەردەوام بوو.



١٩٩٥/٩/٢٨

واژۆکردنی رێککەوتنی تابا ئوسلۆ وەکو قۆناغی دووەمی رێککەوتنی ئۆسلۆ لە نێوان میسر و ئیسرائیل لە شاری تابای میسر بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکان.


١٩٩٥/١٠/٢٦

تیرۆر کردنی فەتحی ئەلشقاقی یەکێک لە بەرپرسە ناودارەکانی فەلەستینی کە لە سوریاوە چوبوە لیبیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینیە گیرخواردووەکانی سەر سنوری لیبیا و میسر لە گەرانەوەیدا مۆسادی ئیسرائیلی لە مالتا پیلانی بۆ دفادەنێنەوەو دەیکوژن و بکوژەکان بە ماتۆرسکل خۆیان دەگەیەننە ئەو بەلەمەی لە ناو دەریا لە چاوەروانیاندا بووە دەربازیان دەبێ.

١٩٩٥/١٠/٣٠

ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کیبیک ی کەنەدی بۆ مەبەستی مانەوە یا جیابوونەوە لە کەنەدا ئەنجامی دەنگدانەکە بە ٥٠،٦٠% لە بەرژەوەندی مانەوەی دا بوو.

١٩٩٥/١١/٤



ئیسحاق رابینی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە مەیدانی پادشاکان لە ڤیستیڤالێکی گوتار خوێندنەوە لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئاشتی بەدەستی توندرەوێکی جولەکە بەناوی ئیگال عامیر تیرۆر دەکرێ.

١٩٩٥/١١/٢١

کۆتا دانیشتن لەسەر رێککەوتنی دایتون کە کۆتایی بە جەنگی نێوان بوسنەو هرسک دەهێنێ ئەو جەنگەی ماوەی سێ ساڵی خایاند.

١٩٩٥/١٢/١٤

رێککەوتنی دایتون دێتە واژۆکردن لە شاری دایتونی ئەمریکی لە بنکەیەکی سەربازیی ئەمریکی، بە پێی ئەو رێککەوتنە کۆتایی بە شەڕی بۆسنە و هرسک دێت . دانیشتنەکانی رێککەوتن لە ١٩٩٥/١١/١ دەست پێدەکا تا ١٩٩٥/١١/٢١.

١٩٩٥/١٢/٢٠

هێزەکانی ناتۆ لە بۆسنەو هرسک بلاوە دەکەن بۆ دابین کردنی ئاشتی دوای ئەو شەڕە خوێناویەی لە نێوان نەتەوەکانی سربی و کرواتی و موسوڵمانەکاندا روویدا و بە هەزاران هاولاتی بوونە قوربانی.

١٩٩٥/١٢/٢٣

بەهۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆوە لەهەرێمی کوردستان، زیاتر لە ٥٠ پەرلەمانتاری کوردستان لەناو تەلاری پەرلەماندا مانیان گرت و داوای ڕاگرتنی شەڕەکەیان کرد بەلام گوێیان پێنەدرا.



١٩٩٦/١/٨

فرانسوا میتران سەرۆك کۆماری پێشووی فەرەنسا ی هاوسەری (دانیال میتران) دۆستی گەلی کورد، کۆچی دوایی کرد.

١٩٩٦/١/١٧

چیک دوای جیابوونەوەی لە سلۆڤاکیا وەکو ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان وەرگیرا.

١٩٩٦/١/٢٧

لە نیجەر عەقید ئیبراهیم بارع بە کودەتایەکی سەربازی لەسەر میهان عوسمانی سەرۆکی ئەو ولاتە سەردەکەوێ، لەکاتێکا میهان عوسمان بە دیموکراسی و هەلبژاردن دێتە سەر کورسیی سەرۆکایەتی، دەسەلات دەگرێتە دەست.

١٩٩٦/٢/٢٧



یەکەم هەولی کۆپی کردنی بونەوەر بەسەرکەوتوویی ئەنجام درا . تاقیکردنەوەکە لەسەر بەرخێکدا کرا کە لە ٥ی تەموزی ١٩٩٦ ئەنجامەکەی بەرخێکی مەمکدار دەرچوو.



١٩٩٦/٣/٩

هەلبژاردنی جۆرج سامپایو **Jorge Sampaio** بە سەرۆکی پۆرتوگال، ناوبراو سەربە پارتی سۆسیالیستی پۆرتوگالیە.

١٩٩٦/٣/١١

جۆن هاوارد دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئوستراليا.

١٩٩٦/٤/١٢

فرۆکەوانی ئەمریکیی تەمەن حەوت ساڵ جیجیکا دوبروف لە هەولی تێپەرکردنی پێوانەی بچوکترین فرۆکەوان کە لە ئاسمان بمێنێتەوە سەرکەوتو نابێ و دەکەوێتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدا.

١٩٩٦/٧/١٩

(رادۆڤان کارادوڤیچ) دەست لەکار دەکێشێتەوە وەکو سەرۆکی سربی بۆسنە دواتر رادەستی دادگای نێودەولەتیی دەکەن لەلاهای لە هۆلەندا بۆ دادگایی کردنی لەسەر تاوانەکانی ئەنجامی دابوو.

١٩٩٦/٨/١٥




دەرچونی یەکەم ژمارەی بلاوکاروەی بێوار لە تاراوگە ، و دواژمارەشی( ١٢٧ ) لە مانگی / ٩/ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو کۆی ژمارەی دەرچوانی ١٢٧ ژمارە بوو هەر هەمووی لە هۆڵەندا و لە شاری رۆتردام دەرچووە. بەسەرپەرشتی( هیوا سەرهەنگ ).

١٩٩٦/٨/٢٨

جێنشینی پادشای بەریتانیی شازادە چارلس لەگەڵ دایانا سبنسەری هاوسەری جیا دەبێتەوە.

١٩٩٦/٨/٣١

لە ئەنجامی شەڕی ناوەخۆی کوردستان مەسعود بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ سەدام حوسێن داوای هاوکاریی لێدەکا بۆ دەرکردنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە هەولێر، ئەمیش بە پیر داواکەیەوە دێچێ و سوپای ئێراقی جارێکیتر خاکی هەولێر گلاو دەکەن و هەولێر داگیر دەکەن و هێزەکانی یەکێتیش پاشەکشە دەکەنە سولێمانی.




١٩٩٦/٨/٣١

فرۆکەکانی ئێراق بۆ جاری یەکەم سنوری هێلی دیاری کراو لەلایەن هاوپەیمانانەوە (پرۆفاید کۆمفۆرت) هێلی دژە فرێن دەبەزێنی و ئەم بەزاندنە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بە پێشێلی دێتە ئەژمار.

١٩٩٦/٩/١

ئەمریکا و چین و یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا و فرەنسا واژۆ لەسەر راگرتنی تاقیکردنەوەکانی ئەتۆمی دەکەن.

١٩٩٦/٩/٢٧

دوای داگیرکردنی کابولی پایتەختی ئەفغانستان لەلایەن تالیبانەوە، سەرۆکی ئەفغانستان نەجیب الله لە مەیدانێک لە کابول لەسێدارە دەدرێ. ناوبراو ئەندامی حزبی گەلی دیموکراتیی کۆمۆنیستی بوو لە ٣٠ ی



سەپتەمبەری ١٩٨٧ تا ١٦ی نیسانی ١٩٩٢ سەرۆکی ئەفغانستان بووە، لەسەردەمی حوکمرانییدا هەمواری دەستور کراوەتەوە لە بەرژەوەندی گەل و بێلایەن کردنی دادگا و یەکسانی هاولاتیان .

١٩٩٦/١٠/٢٠

دوای ئەوەی شاری هەولێر لەلایەن سوپای ئێراق لە ٣١ی ئاب داگیر دەکرێ ئەمریکا بڕیار دەدا ٥٠٠٠هاولاتی کورد کە هاوکاری رێکخراوە مرۆییەکانی ئەمریکا بون لە کوردستان بیانگوازێتەوە ئەمریکا.

١٩٩٦/١١/١

سەکۆ.

بلاوکراوەیەکی کوردانی تاراوگە یە لە ئەلمانیا بەسەرپەرشتی پێشرەو سەید برایم و عەبدولمومین دەشتی دەردەچوو بە کۆی گشتی پەنجا ژمارەی لێ دەرچوو.

١٩٩٦/١١/١

کەنالی ئەلجەزیرە لە قەتەرەوە دەست بە پەخشەکانی خۆی دەکا.

١٩٩٦/١١/٣



ئیمپراتۆر بوکاسا ئیمپراتۆری ئەفریکای ناوەراست کە بە زەلامە مرۆڤخۆرەکە هاتە ناسین کۆچی دوایی کرد، بوکاسا گۆشتی مرۆڤی دەخوارد. لە ٢١ شوباتی ١٩٢١ لەدایک ببو خۆی کردبوو بە حاکمی سەربازیی ئەفریکای ناوەراست و لە ساڵی ١٩٦٦ ئیمپراتۆریەتی خۆی راگەیاند.


١٩٩٦/١٢/٥

بیل کلنتۆنی سەرۆکی ئەمریکا، نوێنەری ولاتەکەی لە نەتەوە یەکگرتواەکان مادلین ئۆلبرایت دەکاتە وەزیری دەرەوە ، ئەمەش یەکەمین جار دەبێ ژنێک لە ئەمریکا ئەم پۆستە بگرێتە دەست.

١٩٩٦/١٢/١١



لە بەغدا لە شەقامی یەرموک تەقەلە
عودەی کوری سەدام حوسێن دە کرێ
بەخەستی بریندار دەبێ لە
ئەنجام بە ئفلیجی دەژێ تا ئەو رۆژەی بەدەستی هێزەکانی ئەمریکی لە موسل دەکوژرێ.



١٩٩٦/١٢/١٣


دبلۆماتکاری گانی کۆفی ئەنان **Kofi Atta Annan**
دەبێتە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.




١٩٩٦/١٢/١٧

چواردە ئەندامی تۆباک ئەمادۆی چەپڕەو
ی یاخی بە جلی ژن و خزمەتچیەکانەوە بە
نهێنێ خۆیان دەگەیەننە ناو ماڵی بالوێزی
ژاپۆن لە لیمای پایتەختی پیرۆ کە ئەو رۆژە
ئاهەنگی لەدایک بونیان دەگێرا بەم هۆیەوە ٤٩٠ کەس بە بارمتە دەگرن. ئەم قەیرانە چوار مانگ دەخایەنێ
تا هێزێکی کۆماندۆ گەمارۆی ئەو شوێنە دەداو رزگاریان دەکا.

١٩٩٧/١/٥



هێزەکانی روسی لە شیشان دەکشێنەوە.

١٩٩٧/١/١٨

نوسەرو ڕ ۆماننوسی ڕوسی (مەکسیم گۆرکی) کۆچی دوایی کرد.

١٩٩٧/١/٢٦

دواى هەرەس هێنانى نەخشەو پلانى (هەرەم) لە ئەلبانيا شەڕ و ئاشوپ سەرهەڵدەداتەوە.

١٩٩٧/٣/٤

ئەحمەد خواجە مێژوونوسو نوسەرى مێژووى دەسەڵاتى كوردستان لەسەردەمى (شێخ مەحمودى حەفيد)، لەتەمەنى ١٠٢ ساڵيدا لەشارى سلێمانى كۆچى دوايى كردووە.

١٩٩٧/٤/٢٢

دواى ئەوەى دەستەيەك لە چەكدارەكانى تۆپاك ئامارو **Tupac Amaru** گەمارۆى كۆبوونەوەيەكى وەزيرانى نەوت دەدەن كە لە بالوێزخانەى ژاپۆن لە ليماى پايتەختى پيرۆ لە ئەمريكاى لاتينى دەدەن هێزێكى كۆماندۆى ژاپۆنى دەتوانن گەمارۆكە بشكێنن و بارمتەكان ئازاد بكەن و سەرجەم چەكدارەكانيش بكوژن كە چواردەە چەكدار بوون.

١٩٩٧/٥/١٢

روسيا و چيچان ياداشتى ئاشتى واژۆ دەكەن كە ئەمە يەكەمين ياداشتى ئاشتيە دواى ناكۆكى و ململانێيەكى چوارسەد سالى خوێناوى.



١٩٩٧/٦/٢

تيموثى ماك ڤايخ **Timothy Mc Veigh** وەكو تۆمەتبارى يەكەم كارە تيرۆرستيەكەى تەقاندنەوەى ئۆكلاهۆما سيتى **Oklahoma City** دەستنيشان دەكرێ.

١٩٩٧/٦/١٠

پۆل پۆتى سەرۆكى خميرە سورەكانى كەمبۆديا فەرمان بە هێزەكانى دەدا وەزيرى بەرگريى ( سون سين) بكوژن بەر لەوەى خۆى دەرباز بكاو بگاتە ئەو ناوچەى پێگەى لێى بەهێزە لە باكورى ولات.

١٩٩٧/٦/٢٧

جێنيشى دەولەتى قەتەر شێخ حەمەد بن خەليفە ئال ئەلثانى كودەتا بەسەر باوكيدا دەكا (شێخ خەليفە بن حەمەد ئال ئەلثانى).

١٩٩٧/٧/١

هۆنگ کۆنگ دەدرێتەوە بە چین

١٩٩٧/٧/١٣

بۆلیڤیا پاشماوەی ئێسک و پروسکی چێ گیڤارا دەنێرێتەوە کوبا دوای ٣٠ ساڵ لە کوشتنی.





١٩٩٧/٧/١٧

کۆچی دوایی شاعیری ناوداری ئێراقی محەمەد مەهدی ئەلجەواهری ناسراو بە جەواهری لە سوریا، کاتێک دەیانەوێ تەرمەکەی بگەڕێننەوە ئێراق ماوەی سێ رۆژ لەسەر سنوری ئێراق و سوریا راگیر دەکرێ چونکە رژێمی بەعس رێگەی نەدەدا لە ئێراق بنێژرێ.

جەواهری لە ٢٨ی تەموزی ١٨٩٩ لە نەجەف لەدایک ببو. بۆ دۆزی کورد دلسۆزی و مەردایەتیی نواندوە چەندین شیعری لەسەر کورد نوسیوە .




١٩٩٧/٨/٢٦

گۆرانیبێژی عەرەبیی سوری فەهد بەلان کۆچی دوایی کرد، بەلان لە ٢٢ی مارسی ١٩٣٣ لە خانەوادەیەکی هەژاری شاری سویدای سوری لەدایک بووە.

١٩٩٧/٨/٣١

دایانا سبینسەر کۆنە هاوسەری شازادە چارلس لەگەڵ دودیی دۆستی لە تونێلی ئەلما لە فەرەنسا بەهۆی روداوی بەیەکدادانی ئۆتۆمبێلەکەیانەوە گیان لەدەست دەدەن، دەگوترا کە ئەو رۆژە بڕیار وابوو رێورەسمی هاوسەرگیری لەگەڵ دودی ئەنجام بدا.





١٩٩٧/٩/٧

دورگەکانی قەمەری ئیسلامی یەک دەگرنەوە، دوای ئەوەی دوو لەو دورگانە بریاریان دابوو لەگەڵ فرەنسا یەکگرن بەلام لەم رۆژە ئەو دورگانەش یەکیان گرتەوە. ئەم دورگانە دەولەتێکی سەربەخۆی عەرەبین دەکەونە زەریای هیندی لە نزیک کەنارەکانی رۆژهەلاتی ئەفریکا لە کۆتاییەکانی کەنالی مۆزەمبیق .

١٩٩٧/٩/١١

لە چیلی فەرماندە سەربازیەکان بە سەرۆکایەتی ئوگستو بینوچیە Augusto José Ramón Pinochet Ugarte کودەتا بەسەر سلفادور ئەلندیدا دەکەن و لە کۆشکی کۆماری سلفادۆر چارەنوسی دیار نامێنێ.

١٩٩٧/٩/١٧

رێککەوتنی واشنتۆن لەسەر ئاشتەوایی شەڕی ناوەخۆ لە باشوری کوردستان.

١٩٩٧/٩/١٧

لەلایەن هێزەکانی سربیاوە هێرشکرایە سەر فرۆکەی نێردەیەکی دبلۆماتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنزیك شاری سەراییڤۆ، کە بەهۆیەوە ١١دبلۆماتکار گیانیان لەدەستدا، لەنێوانیشیاندا (جبرۆ فانگەر) جێگری سەرۆکی شاندی نێردراوی نێودەوڵەتی هەبوو.

١٩٩٧/٩/١٨

ملیاردێری ئەمریکی تد تیرنر بە ملیارێک دۆلار هاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان دەکا بۆ تەواوکردنی بەرنامەی هاوکاری منداڵ و کۆچبەران.

١٩٩٧/٩/٢٢

پارتی کۆمۆنیستی کۆریای باکور لەمیانی کۆنگرەی ناوخۆیی پارتەکەدا، (کیم جۆنگ ئیل)ی کوڕی (کیم ئیل سۆنگ)ی سەرۆکی کۆچکردووی کۆریای، وەکو سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیست هەڵبژارد.

١٩٩٧/١٠/٢١

یەکێتی یاداشتێکی نارەزایی دەداتە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بۆردومانی بەردەوامی فرۆکەکانی تورک بۆ هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش هێزەکانی یەکیتیی نیشتمانی کوردستان بەبیانوی **PKK** وە.

١٩٩٧/١٢/١٨

بریاردرا سکۆتلەندا پەرلەمانی خۆی هەبێ کە ماوەی سێ سەدەیە نەیبوە.

١٩٩٧/١٢/٢٤

دادگایەکی فرەنسی حوکم لەسەر کارلۆس دەدا بە زیندانی هەتا لە ژیاندا ماوە.

١٩٩٨/١/١٧

رۆژنامەی دروج ریپۆرات رسوایی( سکاندال) کلینتۆن کە بە (مۆنیکا لوینسکی) دێتە ناسین بلاو کردەوە.

١٩٩٨/١/٢٢



دادگای دەستوری تورکیا حزبی رەفاهی تورکی هەلدەوەشێنێتەوە و نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکی ئەو

حزبەش لە کاری سیاسی قەدەغەدەکا، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو.

١٩٩٨/١/٢٦

بیل کلنتۆن Bill Clinton لەسەر سکاندالی(رسوایی) مۆنیکا لوینسکی لەبەردەم دادگا نکۆلی لە بونی هەر پەیوەندیەکی ناتەندروست دەکا کە لەگەڵ مۆنیکا لوینسکی هەیبوبێ، بەلام دواجار دانی پێدا دەنێ.



١٩٩٨/١/٣١

ڕۆشنبیرو نوسەری کورد (محەمەد قازی) کۆچی دوایی کرد.

١٩٩٨/٢/٦

فرۆکەخانەی واشنتۆنی نێودەولەتی ناوەکەی بەفەرمی دەبێتە فرۆکەخانەی رۆنالد ریگن.

١٩٩٨/٤/٦

پاکستان موشەکێک تاقی دەکاتەوە کە موشەکی مامناوەندی هاوێژە مەوداکەی دەگاتە نا وخاکی هیند.

١٩٩٨/٤/١٠

واژۆکردنی رێککەوتنی بلفاست لە نێوان بەریتانیا و ئیرلەندا و حزبە ئیرلەندیە باکوریەکان.

١٩٩٨/٤/٢٠

سوپای سوری ئەلمانی خۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆیان راگەیان.

١٩٩٨/٤/٢٨



مانگی دەستکردی نایل سات دەردەکرێ ، بۆیەکەمین جار لە میسر کارێکی وا پێشکەوتو لە بواری پەیوەندیەکان ئەنجام بدرێ.

١٩٩٨/٥/١١

بێ گوێدانە رای گشتی و بڕیارە نێودەولەتیەکان هیند تاقیکردنەوەیەکی ئەتۆمی لە ژێر زەوی ئەنجام دەدا.

١٩٩٨/٥/٢٠

سەرەۆکی ئەندەنوسیا سوهارتوو لەدوای رووداني کاری پشێویو تێکچونی باری ئارامی وولات، دەست لە کار دەکێشێتەوە.

١٩٩٨/٨/٧

تەقاندنەوەی بالوێزخانەی ئەمریکا لە دارئەلسەلام لە نایرۆبی ، کۆی کوژراوانی ئەم رووداوە ٢٢٤ کوژراوو ٤٥٠٠ بریندار بوو..

١٩٩٨/٨/١٧

بیل کلنتون Bill Clinton دان بەوەدا دەنێ کە پەیوەندیەکی نایاسایی لەگەڵ مۆنیکا لوینسکیدا هەبووە کاتێک لە کۆشکی سپی ستاژێر بوو.

١٩٩٨/٨/٢١

ئەمریکا کارگەیەکی دەرمان لە سودان بۆردومان دەکا بەبیانوی ئەوەی کارگەی چەکی کیمیاوەییە.

١٩٩٨/٩/٤

گەریدەی گوگل لەسەر دەستی سیرجی برین و لاری بایج دروست دەکرێ.

١٩٩٨/٩/١٧



یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، رێکەوتننامەی ئاشتی نێوانیانیان بەناوبژیوانی مادلین ئۆلبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مۆرکرد کە هەریەک لە مام جەلال و مەسعود بارزانی ئامادە بوون.

١٩٩٨/٩/٢٤

لەسەر کتێبی بەناو( ایات الشیطانیه) ی نوسەری بەریتانیی بە رەگەز ئێرانی سەلمان روشدی ، خومەینی جەختی لە فەتوای حەلال کردنی خوێنی دەردەکا.

١٩٩٨/١٠/١٣

یۆگسلافیا بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش رازی دەبێ و جێبەجێی دەکا بە پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە هەرێمی کۆسۆفۆ کە زۆرینەیان ئەلبانین.

١٩٩٨/١٠/١٦

سکۆتلەندیارد دکتاتۆری ئەرژەنتینی ئوگستو پینوچیت Augusto Pinochet دەستگیر دەکا.



١٩٩٨/١٠/١٨

دکتاتۆری چیلی ئۆگستۆ پینوچیت Augusto José Ramón Pinochet Ugarte دوای دەستگیرکردنی لە لۆندۆن دەبردرێتەوە چیلی بۆ دادگایی کردنی.

١٩٩٨/١٠/٢٥

شاعیری ناوداری کورد سەبری بۆتانی کۆچی دوایی کرد.




١٩٩٨/١٠/٢٧

گیرهارد شرۆدەر **Gerhard Schröde** بە راوێژکاری ئەلمانیا دێتە هەلبژاردن.

١٩٩٨/١١/١٧

رێکەوتننامەی (وای ریڤەر) لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیلیەکاندا بەتەواوی مۆرکرا، بەگوێرەی رێکەوتنەکە سوپای ئیسرائیل لەخاکی کەناری خۆرئاوا پاشەکشە دەکات و هەردوولاش کار بۆ نەهێشتنی تیرۆر و کوشتن دەکەن و پەیوەندییە ئابوریەکانی نێوان توندوتۆڵ دەکرێت.



١٩٩٨/١٢/٦

هۆگۆ شافیز **Hugo Rafael Chávez Frías** بە سەرۆکی فەنزویلا دێتە هەلبژاردن.

١٩٩٨/١٢/١٣

کۆچی دوایی هەمزە عەبدوللا سیاسەتمەدار و دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق، ناوبراو لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی ١٩١٥ لە گوندی راژان سەربە هەرێمی ورمێ لە لەدایک بووە.



١٩٩٨/١٢/١٥

كۆچی دوایی مێژوو نوسی کورد زبیر بلال ئیسماعیل ئێلیاس، کۆچکردوو خاوەنی دەیان کتێبە لەسەر مێژوی هەولێر و کورد و کوردستان ، لە قەلای دێرینی شاری هەولێر لە ١٩٣٨ لەدایک بووە . بە ناوبانگترین کتێبە چاپکراوەکانی ( اربیل فی ادوارها التاریخیه.. نەجەف..١٩٧١، تاریخ اللغه الکوردیه ١٩٧٧، ابن خولکان ١٩٧٩، علمائ و مدارس اربیل ١٩٨٤، الشیخ الچولی ١٩٨٨، ثورات بارزان ١٩٩٨، تاریخ اربیل ١٩٩٩، الاکراد فی کتب البلدانیین و الرحاله لامسلمین ٢٠٠٠. تاریخ الکورد الحدیثه، التراث الشعبی فی کوردستان )و دەیان کتێبی دیکەش.

١٩٩٨/١٢/١٦

ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکی بەناوی (ڕێوی بیابان) کە دژی ئێراق ئەنجامی دەدا دەستیان پێکرد بۆ ماوەی سێ ڕۆژیان خایاند لە میانیدا ئامانجەکانی بە ڕۆکێتی کرۆز دەپێکا.

١٩٩٨/١٢/٢٩

سەرکردەکانی خمیرە سورەکانی کەمبۆدیا داوای بوردن دەکەن لەو کوشتارەی لە سالانی حەفتاکان ئەنجامیان دا کە نزیکە یەک ملیۆن و نیو تا دوو ملیۆن کەسیان کۆکوژ کردوە.

١٩٩٩/١/١



لەم ڕۆژە بەدواوە لە سەرتاسەری ئەوروپا لەو ولاتانەی بەشدارن لە یەکێتی ئەوروپی کار بە دراوە نوێکەی ئەوروپا (ئیرۆ یا یۆرۆ) دەکرێ.

١٩٩٩/١/١١

کۆتایی هاتنی جەنگی کۆسۆفۆ کە لە ٢٧ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکردبوو.

١٩٩٩/١/١٣

کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان.



مامۆستا مەلا عوسمان لە ساڵی ١٩٢٢لە گوندی پریسی سەروو لە مەڵەبجە لەدایکبووە.

سەرەتای خوێندنی لە گوندی پریس و لە حوجرەکەی باوکی دەست دەکات. پاشان لە گوندەکەی خۆیانەوە دەڕوات بۆ گوندی تریفە و لای مامۆستا مەلا ساڵح عەبدولکەریم (مەلا ساڵحی گەورە).

مەلا عوسمان تا تەمەنی ١٨ ساڵی هەموو زانستە دینی و زمانییەکانی تەواو کردووە، پاشان لە ساڵی ١٩٣٥ لای مەلا عەبدولعەزیزی باوکی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت.

١٩٩٩/١/١٤

ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی دەستیکرد بە دادگایی کردنی بیل کلنتۆنی Bill Clinton سەرۆکی ئەمریکا لە سەر پرسی مۆنیکا لوینسکی کە بە ئابڕوبەری مۆنیکا (سکاندال)ی هاتە ناسین.



١٩٩٩/١/٢٣

کۆچی دوایی گۆرانیبێژی کورد محەمەدی ماملێ، کوڕی میرزا سەعیدی ماملێ (مام عەلی).

١٩٩٩/١/٢٥

شا حوسێن پاشای ئوردن براکەی ( حەسەن بن تەلال) کە شازادەی بوو دوری دەخاتەوە و عبدللەی کوری لە شوێن ئەو دادەنێ.



١٩٩٩/٢/٤

هۆگۆ شافیزی دکتاتۆر دەبێتەوە بە سەرۆککۆماری فەنزویللا.



١٩٩٩/٢/٧

شای ئوردن شا حوسێن بن تەلال بە نەخۆی کۆچی دوایی کرد.



١٩٩٩/٢/٧

شازادە عەبدوللا وەکو جێنشینی شای ئوردن سوێندی پادشایەتی دەخوا و بە ناوی شا عەبدوللای دووەمی پادشای ئوردنی هاشمی دێتە ناوبردن.

١٩٩٩/٢/١٥



هێزەکانی کۆماندۆی تورکی بە هاوکاری هەواڵگری ئەمریکا و ئیسرائیل و کینیا، بەلکو یۆنانیش لە کینیا

عەبدولا ئوجەلانی سەرکردەی کورد و سەرۆکی PKK دەستگیر دەکەن و دەیبەنە تورکیا زیندانیی دەکەن.



١٩٩٩/٢/٢٣

لەدادگایەکی شەکلیی تورکیدا عبدوللە ئوجەلان بە تۆمەتی ناپاکی مەزن (وەکو خۆیان ناوی دەبەن) تاوانبار کرا و بە لەسێدارەدان حکوم درا دواتر بە فشاری نێو دەولەتی حوکمی گۆڕدرا بۆ هەتاهەتایی.

١٩٩٩/٣/٦

شێخ حمد بن عیسائال خلیفه دوای باوکی شێخ عیسا بن سلمان ئال خەلیفه حوکمرانی بەحرێن دەگرێتە دەست.

١٩٩٩/٣/٧

ئەمریکا هەرەشەی هەلگیرساندنی شەڕ لە ئەوروپا دەکات بەهۆی هاوردەکردنیان مۆز لە ولاتانی کاریبی ئەفریکا کە ولاتە کۆلۆنیەکانی ئەمریکین.

١٩٩٩/٣/١٨

قادر دیلانی گۆرانیبێژ بەهۆی نەخۆشیەوەکۆچی دوایی دەکا.

١٩٩٩/٣/٢٤

فرۆکەکانی هاوپەیمانان یۆگسلافیای یەکگرتویان بۆردوومان کرد.

١٩٩٩/٤/٥

دوای ئەوەی فرۆکەیەکی بان ئەمریکی لە ١٩٨٨ لەسەر لۆکەربی لە سکۆتلەندا دەکەوێتە خوارەوە ئەمریکا گومان دەخاتە ئەستۆی لیبیا و دوو هاولاتیی بەم کارە تۆمەتبار دەکا :

عەبدولباست مقرحی و خلیفه فحێمە .

بەلام معمر قەزافی ئامادە نابێ رادەستی دادگای ئەمریکیان بکات، دوای فشارێکی زۆری زیاتر لە دە ساڵ دواجار ناچار دەبێ هەردوکیان رادەست بکا .



١٩٩٩/٤/٩

سەرۆکی نێیجەر ئیبراهیم باری ماینەسارا **Ibrahim Baré Maïnassara** تیرۆر دەکرێ.

١٩٩٩/٥/١٦

میری کوێت شێخ جابر ئەلئەحمەد ئەلسەباح لە مەرسومنامەیەکدا مافی دەنگدان و خۆکاندید کردن بە ژن دەدا. بەلام دواتر ئەنجومەنی نەتەوەی کوێتی ئەم مەرسومنامەیە هەڵدەوەشێنێتەوە.

١٩٩٩/٦/١١

كۆتایی هاتنی شەڕی كۆسۆڤۆ كە لە ١٩٩٨/٢/٢٧ ەوە دەستی پێكردبوو.

١٩٩٩/٧/١٨



كۆچی دوایی پادشای مەغریب شا حەسەنی دووەم كە لە ساڵی ١٩٦١ ەوە حوكمرانی مەغریبی دەكرد لە

دوای ئەو محەمەدی شەشەم كوری جێی دەگرێتەوە.

١٩٩٩/٧/٢٣



محمدی شەشەم دەبێتە پادشای مەغریب ، دوای ئەوەی پادشا حەسەنی دووەمی باوكی كۆچی دوایی دەكا.

١٩٩٩/٨/٨

پۆریس یەلتسنی **Boris Yeltsin** سەرۆكی روسیا سیرجی ستیبلاشن لە سەرۆكایەتی وەزیران دادەبەزێنێ كە ٣ سێ مانگ بوو ئەم پۆستەی پێدابوو و لە جیات ئەو فلادیمێر پوتن **Vladimir poetin** ی سەرۆكی هەوالگری و سكرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەویی دەكاتە سەرۆك وەزیران بە وەكالەت.



١٩٩٩/٨/٩

دوای ئەوەی كۆماری چیچان وەكو دەولەتانی دیكەی یەكێتی سۆڤیەت سەربەخۆیی خۆی



رادەگەیەنێ، لەگەڵ روسیا لە دوو خول دەکەوێتە جەنگ خولی دووەمی لەم رۆژە دەست پێدەکا کە دەولەتێکی ئیسلامی لەو هەرێمە دادەمەزرێ بەو هۆیەوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان روسیا و کۆماری چیچانەوە.

دیارە چەند گروپێکی ئیسلامیش لە ژێر سێبەری ئەو دەسەولاتە تازە دامەزراوە دەحەوێنەوە و هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی روسی، بۆیە روسیاش بۆ لەناو بردنی ئەو کۆمارە هێرش دەکاتە سەری و سەروەری ولاتەکەیان ژێرپێ دەکاو لەناویان دەبا.

١٩٩٩/٨/١١

رۆژگیران لە ئەوروپا و هەندێک ناوچەی ئاسیای ناوەراست.

١٩٩٩/٩/٩

یەکێتی ئەفریقی لە شاری سرت ی لیبی رادەگەیەندرێ.

١٩٩٩/٩/٢٨

داغستان لەلایەن روسیاوە داگیر دەکرێ.

١٩٩٩/١٠/١٢

فەرماندەی سوپای پاکستانی پەرویز مشەرەف لە کودەتایەکی سەربازیدا نەواز شەریف لەسەر حوکم دادەبەزێنێ.

١٩٩٩/١١/١٦



کۆچی دوایی هونەرمەندی پایەبەرزی کورد ئەحمەد کایە لە هەندەران بەلام تورکی داگیرکەر رێگەی نەدا تەرمی پیرۆزی بگەرێندرێتەوە زێدی باوک و باپیرانی لە باکوری کوردستان.

١٩٩٩/١٢/١٧

بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە ٥٤ و ١٣٤ لەم ڕۆژە درا تایبەت بە پشتگیری کردن لە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بەژن و کردنی ١١/٢٥ ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی ژنان.

ئەم ڕۆژەش لەو ڕووداوە وەرگیراوە کە لە ١٩٦٠/١١/٢٥ لە دۆمنیکا سێ خوشک بەناوەکانی( پاتریا و مینیرڤا وماریا تیریسا )بەدەستی دکتاتۆری ولات (ترۆخیلۆ) لەسەر چالاکیی فیمنیستی و بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکوژرێن. دوای ئەوە لە ١٩٨١ژنانی ئەمریکای لاتین ئەم ڕۆژە زیندوو دەکەنەوە هەروەها لە ١٩٩٥ لە چین کۆنگرەیەک لەم ڕۆژە لە نوێنەری ١٨٩ ڕێکخراوی ژنان دەبەسترێ بۆ هەمان مەبەست بەو هۆیەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم بڕیارە دەردەکاو تاوانی ژن کوشتن دەخاتە ئەستۆی حکومەتەکان.






١٩٩٩/١١/٢٠

چین یەکەم کەشتیی بۆشاییەکانی ناردە ئاسمان بەناوی شنشو.

١٩٩٩/١١/٣٠

ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەی کوێتی دژی بەشداری ژن لە هەڵبژاردنەکان دەنگ دەدەن.

١٩٩٩/١٢/٢٠

دوای ٩٩ ساڵ لە داگیرکاری پۆرتوگالی ، هەرێمی ماکاو بۆ چین دەگەڕێتەوە.

١٩٩٩/١٢/٢١

پاسەوانی مەدەنیی ئیسپانی شەمەندەفەرێک دەوەستێنن و دەست بەسەر ٩٥٠ کم لە تەقەمەنی دا دەگرن کە هی ڕێکخراوی ئیتای جوداخواز بوو.

١٩٩٩/١٢/٢٨

سەپەرمراد نیازوڤ **Saparmurat Niyazov** سەرۆککۆماری تورکمانستان وەکو سەرۆکی تورکمانستان بۆ هەتا لە ژیاندا ماوە دیاری دەکرێ.

بەڵام دوای حەوت ساڵ واتە لە ٢٠٠٦ کۆچی دوایی دەکا.



١٩٩٩/١٢/٣١

پۆریس یەلتسن **Boris Yeltsin** سەرۆککۆماری روسیا دەست لە کار دەکێشێتەوە و فلادیمێر پۆتین **Vladimir poetin** بە شێوەیەکی کاتی دەکرێتە سەرۆککۆمار.

١٩٩٩/١٢/٣١

حکومەتی ئەمریکا دوای دەستگیرکردنی سەرۆکی پەنەما Manuel Antonio Noriega و دادگایی کردنی و حوکمدانی لە میامی ئەمریکا و بە ٤٠ ساڵ زیندانی کردنی بەتۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و سپی کردنەوەی دراوی تایبەتی ، ئیدارەی پەنەما رادەستی حکومەتی تازەی پەنەما دەکاتەوە.

**سەرچاوەکانی کە سودیان لێوەرگیراوە:**


١/حزب و رێکخراوە سیاسیە ئێراقیەکان ... نوسینی محمد فاتح.

٢/ نوری سەعید، پیاوی ئەرکە قورسەکانی بەریتانیا....... حامد ئەلحەمەدانی.

٣/ ستالین ، سەربوردەی سیاسیی....... ئیسحاق دۆیچەر.

٤/ هنری کیسنجەر ، ساڵانی نوێ بوونەوە .

٥/ ویکپیدیا- عەرەبی.

٦/ De 20e eeuw کۆمپانیای AGON لە ئامستردام/ ئامادەو چاپیکردوە ،بە زمانی هۆلەندی.

٧/ Kroniek van de 20e eeuw کۆمپانیای AGON ئامادە و چاپیکردوە ،بەزمانی هۆلەندی.

٨/ کاوەنتی ئەمرۆ لە مێژوودا، لە فیسبوک.

٩/ رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان... نوزاد عەلی ئەحمەد.

١٠/ اخبار مصر.

١١/ شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بەرگی یەکەم.

١٢/ حکومەتی کوردستان: سدیق ساڵح.

١٣/ مێژووی ڕاپەڕینی کورد: عەلائەدین سەجادی.

١٤/ ژێکاف ، ماڵپەر.

١٥/ بلەچ شێرکۆ: کێشەی کورد.

١٦/ محەمەد ڕەسوڵ هاوار: کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم.

١٧/ ڕەفیق حلمی: یادداشت، بەرگی پێنجەم لە کتێبی دووەم.

١٨/ عەبدولخالید سابیر کەریم: بیری نەتەوەی لە پەیڕەو و ئامانجەکانی جەمعیەت و حزبە کوردییەکان ١٩١٩ - ١٩٤٥ز.

١٩/ -د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی.

٢٠/ د. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨.

٢١/ مالپەرو کاونتی **History of kurd , Hadi Azizi Kurdi, Soran Media, Rebwar Ehmedzade**

٢٢/ پانۆرامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد....نوری کەریم.


٢٣/ هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد....هاورێ باخەوان.

٢٤/ لە نوسراوانێکی قاچاغی قۆناغی خۆیان... شێرکۆ هەژار.

٢٥/ ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە..عەلی کندی، بەرگی دووەم و سێیەم چاپی دووەم.

٢٦/ **De complete Geschiedenis van de 20 e eeuw**.

## بیۆگرافی نووسەر:



xalidherki@serben.com

ko.herki@gmail.com

FB: Xalid Herki

-لە پایزی ١٩٥٤ لە هاوینە هەواری سەلاحەدین( مەسیف) لەدایک بووە.

-خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مەسیف تەواو دەکاو ئامادەیی لە هەولێر و بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسیەکان لە دەرەوەی ولات(هۆلەندا).

-لە ١٩٧٤ بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلول دەکا.

- لە ١٩٧٥ لە بانکی کشتووکالی شەقلاوە وەکو فەرمانبەر دادەمەزرێ.

-لە٢٢/٥/١٩٧٧ بەهۆکاری ئاشکەرابوونی کاری ڕێکخستن دەستگیر دەکرێ و بە دەساڵ حوکم دەدرێ.

-لە١٩/٨/ ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ و ئازاد دەکرێ.

-لە ١٩٨١ ڕوو لە شاخ دەکا و بۆ ماوەیەک دەبێتە پێشمەرگە.

- له ١٩٩٦ روو له هەندەران دەكاو له هۆلەندا دەگیرسێتەوە، دوای ئەوە ژیانی لەنێوان كوردستان و هەندەران بەش بەش دەبێ.

=لەرووی زانستییەوە:

-یەكەم نوسینی لە كانونی دووەمی ١٩٧٤ لە رۆژنامەی برایەتی بلاو كردۆتەوە.

-لە دوای سالانی دوو هەزارەوە رووی لە بەچاپ گەیاندنی كتێب و بەرهەمەكانی كردووە، تا ئێستا ئەم كتێبانەی كە لەخوارەوە ئاماژەمان پێیان داوە بە چاپ گەیاندووە.

=لە رووی كۆمەلایەتییەوە،

- له ١٩٨٠/٥/١٦ ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ خاتو حەربیە پێكهێناوە و خوا پێداوی دوو كچ و سێ كورە بە ناوەكانی: **(جوتیار، شەنگار، بژار، پاڵە، هێرۆ)** . شوكور هەموویان هاوسەرگیریان كردووە و خێزانی خۆیان پێكهێناوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

١/ دی گۆل، پیاوی سیاسەت و حوکمڕان. ........................................................ وەرگێڕان.

٢/ مێژووی هاوچەرخ،ئەوروپا لە شۆڕشی فرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی...........وەرگێڕان.

٣/ کورد و ئەرمەن، پەیوەندییە مێژووییەکان.............................................................وەرگێڕان.

٤/ کوردستان و کوردەکان..................................................................................... وەرگێڕان.

٥/ مکیافیللی، سێبەری شەیتان لەسەر زەوی.............................................................وەرگێڕان.

٦/ ترۆتسکی.......................................................................................................... وەرگێڕان.

٧/ گیڤارا.........................................................................................................وەرگێڕان.

٨/ نوری سەعید، پیاوی ئەرکە قورسەکانی ئینگلیز.......................................................وەرگێڕان.

٩/ ستالین ، سەربووردەی سیاسی..........................................................................وەرگێڕان.

١٠/ هنری کیسنجەر، سالآنی نوێ بوونەوە، ( دوو بەرگ) ..............................................وەرگێڕان.

١١/ مێژووی نوێی ئەوروپا، لە رێنسانسەوە تا کۆنگرەی ڤیەننا.........................................وەرگێڕان.

١٢/ مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئەوروپا.........................................................وەرگێڕان.

١٣/ دەولەتداری، دامەزراندن و بەڕێوەبردن........................................................... نوسینی خۆی.

١٤/ ناوداران. ئەوانەێ بە نائاسایی مردوون........................................................... نوسینی خۆی

١٥/ ماکسیم گۆرکی، بیرەوەریی رۆژنامەگەریم ......................................................... وەرگێڕان